زانکۆی سلیمانی

# فەلسەفەی جوانی و هونەر

## ئیستاتیکا

هەواڵنامەی کتێب

کەمال مەحەمەد میراودەلی

1979

بە بڕیارو لەسەر ئەرکی زانکۆی سلیمانی لەچاپ دراوە

زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی ئاداب
بەشی زمانی کوردی

# فەلسەفەی
# جوانی و هونەر

« ئیستاتیکا »

هەواڵنامەی کتێب

کەمال مەمەند میراودەلی

١٩٧٩

---

مافی لە چاپدان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی تەنها بۆ
زانکۆی سلێمانی یە

جامعة السليمانية
كلية الآداب
قسم اللغة الكردية

# علم الجمال

# فلسفة الجمال والفن

كمال ممند ميراودلى

١٩٧٩

حقوق الطبع والنشر والتوزيع محفوظة لجامعة السليمانية

بە نەوەی نوێ

نـــەوەی زانست پـــەروەرو

نوێخــــواز

پێشـــــــکەشە .

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# سەرەتا

نووسینی کتێبێك دەربارەی (ئیستاتیکا) کارێکی ئاسان نیە • بەتایبەتی کە ئەم کارە بۆ یەکەمین‌جار لە زمانێکدا ئەنجام بدرێت، هەڵبەتا لێرەدا جگە لەو گیروگرفتانەی پەیوەندییان بە قوڵی‌و پەلوپۆداری‌و بە گرێ‌وگۆڵی بابەتەکەوە هەیە گیروگرفتێکی لەمانە گەورەتر تووشی نووسەر دێت ، کە ئەویش گیروگرفتی زمانە •

ئەمڕۆ زانست چاوی ووردبین‌و هۆشمەندانەی خۆی بە هەموو کون‌و کەلێنێکی ژیاندا دەگێڕێت • وە ڕووناکی ڕۆحی داهێنەرانەی خۆی دەڕژێنێتە ناو هەموو لکەکانی زانستی ئینسانیەوە • بۆیەکا هیچ کارێك ناشێت سەرکەوتن زامن بکات ، ئەگەر هێزی بوون‌و مانەوەی خۆی لە زانستەوە وەرنەگرتبێت • لێرەدا زمانیش کە فۆرم‌و ئامرازی باسەکە پێك‌دێنێت ، دەبێ ئەو توانست‌و هێزو پێزەی هەبێت‌کە هاوتای ئەو ڕۆحە زانستی‌یە بکات‌و لە باوەش خۆی بگرێت ، بێ‌گومان لە زمانی کوردیدا کە هێشتا ئەو جۆرە باسانەی پێ نەنووسراون ، گیروگرفتەکە قورس ترە • بەڵام ئەو گیروگرفتە وەنەبێت ، بەتایبەتی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی ئیستاتیکی‌و هەڵسەنگاندنی هونەردا ، لە زمانێکی پێشکەوتووی وەکوو زمانی ئینگلیزیشدا بوونی نەبێت • ئەوەتا (ئای ئەی• ریچاردز) لە پێشەکی کتێبەکەیدا سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی دەڵێت :ـ دەبێ ئەوە بزانین کە زۆربەی ئەو زاراوانەی بەکاریان دەهێنین بەتایبەتی لە لێکۆڵینەوەی کارەکانی هونەردا ، ڕێ‌هەڵەکەرن (Misleading) بەڵام بەجۆرێ پێیان ڕاهاتووین تەنانەت کاتێ هەست بە ناتەواویشیان دەکەین چاویان لێ‌دەپۆشین) (١) • هەروەها تێ • ئی • هولم (Hulme) لەکتێبەکەیدا

1. I.A. Richards : The principles of Literary criticism. p. 13.

(Speculations) دەڵێت :ــ زەحمــەتی گەورە ، لە هەر دوانێکدا دەربارەی هونەر لە بێسنووری ئەو ووشانەدایە کە ناچارین بە کاریان بهێنین •

ئەو چەمــکانەی کە تۆ هــەوڵ دەدەیت بەهــۆی ئــەوانەوە هەڵوێستی خۆت بەرامبەر کارێکی هونەری وەسف بکەیت ، گەلێ شل‌وشۆقن (fluid) • ووشەی وەکوو داهێنەرانە (Creative) گوزارشت‌کەر (expressive) زیندوو ، کێش (Rhythm) ، یەکێتی (Unity) وە کەسێتی (Personality) ئەوەندە تەماوین کە هەرگیز ناتوانیت لەوە دڵنیابیت ئەو مانایــەت بە خوێنەر گەیاندووە کە خۆت مەبەستت بووە(٢) • لێرەدا ئەوەی من دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە : کە ئەگەرچی بــوونی زمانێکی پێشــکەوتووی خــاوەن زاراوەو ئیدیــۆمی چەســپاوی جۆراوجــۆر پێداویســتیەکی گــەورەی لێکۆڵینەوەی زانستی‌یە ، بەڵام نەبوونی ــ ڕەسمی ــ ئەو ووشەو زاراوانە ، هەرگیز نابێ ڕێگە لە نووسین‌و هاتنە کایەوەی ئەو جۆرە لێکۆڵینــەوانە بگــرێت • پێشــکەوتوویی زمــان مەرجی (هەوەڵی) نی‌یە ، کە بەبێ ئەو هیچ نەکرێت • زمان ئۆرگانێکی مردوو ، یــان تەنێکی ڕەق‌و تەق‌و بێ‌گیان نی‌یە • زمــان گیان لەبەرێکی زیندووە کە دەتوانێت خۆی لەگەڵ پێداویستی‌و هەل‌و مەرجی دەورو بەرەکەیدا بگونجێنێت وە نەشونما بکات • دەورو بەری ئەو زمانە گیان لەبەرەش کۆمەڵ ئینجا نووسینە • نووسین دەربارەی هەموو شتێك ، دەربارەی هەموو بابەتێك • بۆیەکا من لەپێشەوە دانی پیادەنێم ، کە باوەڕم بەوە نی‌یە کۆمەڵێك زمانەوان بێن‌و بــەر لــە پەیدابــوون‌و بڵاو بوونــەوەی نووســینی بابەتە زانستیەکان، ووشەو زاراوەی (پێویست) بۆئەو بابەتانە بتاشن• داتاشین‌و لــە بۆشپا دروست کــردنی ووشــەو زاراوەی زانستی

2. T. E. Hulme, Speculations. London 1971. P. 143.

لەلایەن کەسانێکەوە کە ئەگەرچی شارەزاییی‌یان لە زماندا هەیە ، بەڵام لەو بابەتانەدا نابەڵەدن ، دەشێ تەنها بەرهەمێکی کاڵو کرچ بەدەستەوە بدات • بۆیەکا باشتر وایە لە جیاتی ئەم کارە بۆ هاندانی نووسینی بابەتە زانستی‌یەکان هەوڵ بدرێ ئەوساکە زمان دەتوانێت لەناو بەرینە باخی ئەو بابەتانەدا نەشونما بکاتو بەری زیاترو زیاتر پێشکەش بکات •

لە نووسینی ئەم کتێبەدا تا ئەو عاستەی دەرەقەت هاتبم هەوڵم داوە زمانێکی کوردەی ڕەسەنو دوور لە داتاشینو زۆرکارییەوە ، بەکار بهێنم • زۆر جار هانام بردۆتە بەر بەکارهێنانی زاراوەی بێگانە بەتایبەتی ئەوانەی باوو پێویستن وەکوو :ــ ئایدیا ، ئایدیالیزم ، ڕۆمانسیزم ، پرۆسێس ، دیالەکتیك ، فۆرم ، ئیمپرێشن ......... هتد •

هەر بەم چەشنەش لە بەکارهێنانی ئەو ووشە عەرەبی‌یانەی لەناو زمانەکەماندا تواونەوە یان ئاشنایەتی تەواوی‌یان بە گوێی خوێنەری کورد پەیدا کردووە دوو دڵیم نەکردووە • وەکوو ووشەی :ــ زەحمەت، خاسیەت، سیفەت ، وەسف، عاتیفە ، عەقڵ، موتڵەق ، ڕەمز ، جەوهەر ، زەوق ، حوکم ، سەلبی ، ئیجابی ، واقیع ....... هتد •

وە لە هەموو حاڵەتێکدا هەوڵم داوە دەربڕینێکی کوردی دروست بە دەستەوە بدەم • دیارە ئەمەش بەتایبەتی لەباس کردنی بابەتە فەلسەفی‌یەکاندا کارێکی ئاسان نیە •

ــ ٢ ــ

لە نووسینی هەر کتێبێکدا بۆ چوونی ئایدیایی دەورێکی گرنگی هەیە • جۆری بۆچوونی نووسەر ئەو هێڵە سەرەکی‌یە پێك دەهێنێت کە یەکێتیو هارمۆنیو بەیەکەوە گونجانی ئایدیایی لە

نێوانی لایەنە جۆراو جۆرەکانی باسەکەیدا دروست دەکات • جا ئەگەر بۆچوونەکانی نووسەر نازانستیانە بوون ئەوا دەشێت ئەو زانیاریانە بشێوێنێت کە کۆی کردوونەوەو بە دەستی هێناون ، لە ئاکامیشدا کارەکەی زرو بێ بەر دەردەچێت • من بەپێی تاقەت پێشکانی خۆم هەوڵم داوە مەسەلەکانی ئیستاتیکا لە ڕوانگەیەکی ئایدیالی زانستییەوە شی بکەمەوە • لەگەڵ ئەوەشدا نەهاتووم یەکسەر ئەو بۆچوونانە بسەپێنم کە خۆم باوەڕم پێیانە بەڵکو لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی مەسەلەکانم خستۆتە ڕوو ـ و ، هەوڵمداوە خوێنەر لە بیروڕا جیاوەزەکان دەربارەی ئەو مەسەلانە ئاگادار بکەم ئینجا چارەسەرییە زانستییەکانی بخەمەبەردەم لێرەوە کتێبەکە کراوە بەسێ بەندەوە : ـ

بەندی یەکەم : مەسەلەکانی ئیستاتیکا دەخاتە ڕوو لە دەرکەوتن و پێگەیشتنیاندا واتە لە ڕێڕەوی مێژوودا لەگەڵ ئەمەشدا ئەم بەندە بریتی نییە لە نووسینی مێژوویەك بۆ ئیستاتیکا • بەڵکو ناساندنی بۆچوونە فەلسەفییە مێژووییە هەرەگرنگەکانە بۆ مەسەلەی جوانی و هونەر : وەکو ( تیئۆری لاسایی کردنەوە )ی ئەفلاتون و ئەرستۆ ، بۆچوونی میتافیزیکی یانەی (کانت) بۆچوونی دیالەکتیکی ـ ئایدیالی (هیگل) وەتیئۆری (زەین روونی) لای برجسۆن و کرۆچێ •

لە بەندەکانی دواییدا بەشێوەیەکی هێمن گیروگرفتە هەرە گرنگەکانی ئیستاتیکا چارەسەر دەکەین • لەبەندی دووەمدا باسی ئەم مەسەلانە دەکەین : جوانی لەسروشتدا : بنەڕەت و پەیدابوونی هەستی ئیستاتیکی، پەیدابوونی هونەر، پەیوەندی نێوان هونەر و سیحر ، هونەرو کار هونەرو ئایین • • • • وەدەگەینە ئەو ئاکامە کە ئەم دیاردانە هەموویان تێك هەڵکێشن و لەڕێڕەوی کارکردنی ئادەمیزادا بۆ دابەش کردنی ئاتاجە ماتریالییەکانی و

هەواڵنامەی کتێب

هەوڵدانی بۆ دابین کردنی پێداویستی یە ڕۆحی یەکانو دەست گرتن بەسەر جیهاندا هاتوونەکایەوە •

ئینجا لە بەشی چوارەمی ئەو بەندانەدا ، خاسیەتە تایبەتی یەکانی هونەر وەکوو شێوەیەکی تایبەتی هوشیاری کۆمەڵایەتی بەهۆی جیاکردنەوەی سنورەکانی لەگەڵ تکنیك و فەلسەفەو زانستدا دەستنیشان دەکەین •

هەڵبەتا گرنگترین و قورسترین مەسەلەی ئیستاتیکا مەسەلەی لێکدانەوەی جۆری پەیوەندی نێوان هونەرو واقیعە • ئایا هونەر کە داهێنانێکی ئینسانی یە ـ ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەو خۆو دەقاو دەقی واقیعە ؟

ئەم مەسەلەیە لەبەندی سێهەمدا بەدرێژی باس کراوە ، وە لە ئەنجامدا ڕوون کراوەتەوە کە هونەر واقیع کۆپی ناکات •••• هونەر واقیع وەکو چۆن هەیە عەکس ناکاتەوە ، بەڵکو واقیع لە پرۆسێسی گۆڕانداو ، لە پەیوەندیەکانی ناوەوەیدا عەکس دەکاتەوە • چونکە هۆشمەندی ئادەمیزاد بەهۆی ئەو مێشکە باڵاو پێشکەوتووە وە کە هەیەتی ، توانستی ئەوەی هەیە کەنەك تەنها ڕواڵەت بەڵکو پەیوەندی یەکانی ناوەوەی شتەکانیش عەکس بکاتەوە ئەمە جگە لەو دەورەی سایکۆلۆژیەتی تایبەتی هەر هونەرمەندێك لەدیاریکردنی چەشنی داهێنانی هونەریدا دەیبینێت بۆ ڕوونکردنەوەی پتری مەسەلەی پەیوەندی هونەر بە واقیعو ژیانو سەردەمەوە سەرنجێکی ڕەخنەگرانە لە ڕێبازە هونەریو ئەدەبییە مێژووییەکان وەکو کلاسیزم، ڕۆمانسیزم، ناتوارالیزم، سریالیزم ••••• هتد دراوە •

لە بەشی دووەمی ئەو بەندەدا لە مەسەلەی پەیوەندی کاری هونەری بەخودی هونەرمەندەوە دەکۆڵینەوە • • • • ئایا هونەر لە سرۆشێکی تایبەتی بەخودی هونەرمەندەوە هەڵدەقوڵێت ؟ ئایا

هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوەی ئیلهام چیە ؟ چ شتێك دەبێتە هۆی دیاری کردنی ڕادەو چۆنێتی عەکس کردنەوەی خود لەهونەردا ؟ سەرنجدانی بابەتی لەم مەسەلانە بۆمان دەردەخات کە ئیلهام هێزێکی میتافیزیکی و غەیبی نی یە ۰ ئیلهام هەستێکی تینوێتی یە بۆ دەربڕین و داهێنان کە لەئەنجامی پەنگ خواردنەوەی گەلێك تاقیکردنەوەی سایکۆلۆژی لەناو دەروونی هونەرمەندا لەدایك دەبێت ۰۰۰۰۰ خودی هونەرمەند شتێك نیە کە خۆچن بێت و هیچ پەیوەندیەکی بەدەوروبەرو ڕووداوەکانی کۆمەڵایەتی یەوە نەبێت ۰ بەڵکو خودی هونەرمەند پێك هاتوویەکی سایکۆلۆژی یە ـ شایانی گۆڕانەو لەلایەن ڕێڕەوی تەمەنی ژیانی ئادەمیزاد لەکۆمەڵدا ، دیاری دەکرێت ، ئەمانەی سەرەوە هەموویان دەربارەی ڕوون کردنەوەی لێکدانەوەی پەیوەندی هونەر بەجیهانی واقیع و جیهانی خودی ئادەمیزادەوە ، بوون ۰

ئەی جیهانە تایبەتی یەکەی هونەر خۆی ؟ ئەمەیان لەبەندی چوارەمدا کەبۆ لێکۆڵینەوەی فۆرم و ناوەڕۆك تەرخان کراوە ، باسدەکەین ۰

ئینجا پەیوەندی دیالەکتیکی یانەی نێوان فورم و ناوەڕۆك ڕوون دەکەینەوە وە لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندی نێوان ناوەڕۆکی فورم و گۆڕانی ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتی یەکان و تەئسیریان لەسەر گۆڕان و تازەبوونەوەی فورمە باوەکان باس دەکەین ۰ ئینجا دێینە سەرشی کردنەوەی کاری هونەری لەسێ پێکهێنەرە سەرەکی یەکانیدا : واتە کەرەسەو بابەت و دەربڕین ، وە دەوری هەریەکێ لەمانە لەدروست کردنی یەکێتی کاری هونەری یان بەواتایەکی تر جیهانی تایبەتی هونەر ڕوون ، دەکەینەوە ۰

هەڵبەتا هێشتا پێداویستی ئەوە دەمێنێتەوە ، ڕاستەو ڕاست بەخوێنەر بڵێین جوانی چیە ؟ یان هونەر چیە ؟ ئایا دەشێت بڵێین:

هەواڵنامەی کتێب

جوانی هەموو شتێکەو هیچیش نیە ؟ گیروگرفتەکە لێرەدایە ...
لەئارەزووی تێماوی ئینسان لەتێوانی : (گشتی کردن) و ( ئەبستراکت کردن )دا ئێمە خاسیەتە هەستییەکان لە شتەکاندا هەموو شتەکاندا بە هۆی حەواسەوە دەرك پێدەکەین ـ . بەلام دێین : ـ (تەجریدی) ئەو خاسیەتانە دەکەین کاتێ (چەمك)یك یان ناوێکی تایبەتیان دەدەینێ ... (جۆرج بێرکلی) فەیلەسوف (George Berklye) دەڵێت : زانراوەکە خاسیەتو حاڵەتی شتەکان جودا لەیەکتری بوونیان نیە . بەڵکو لەگەڵ یەکدیدا تێکەڵن ، وە هەموویان لەیەك بابەتدا ئاوێتە بوون ، بەلام چونکە مێشك توانستی ئەوەی هەیە کە لەهەر خاسیەتێك بەتەنهاو جیا لەوانی تر خورد ببێتەوە ئەوا ئەو توانستەشی هەیە کەبیری ئەبستراکت دروست بکات(٣) ، (ئایدیای جوان)یش یەکێکە لەو بیرە ئەبستراکتانە ...

هەروەکو ( ئینگلز ) دەڵێت : ( ئەمە چیرۆکە کۆنەکەیە .. یەکەمجار پیاو شتە بەرهەستەکان دەکات بە ئەبستراکت ، ئینجا دەیەوێت بە هۆی حەواسەکانیەوە دەرکیان پێ بکات : دەیەوێت کات ببینێتو بۆشایی (Space) بۆن بکات(٤) ، جگە لەمەش واتە جگە لە گۆڕینی بوونە ماتریالیەکان و خاسیەتە هەستی یەکانیان بۆ ئایدیایەکی رووت ، زۆربەی تیئۆرە هونەریەکانیش

3. The Speculative Philosophers. Edited by : Saxe Commins and Robert Lincoft. New York. 1947. P. 235.
4. Problems of Modern Aesthetics. P. 156.

ئەو کتێبانەی کە سەرچاوەنو لە دوایی کتێبەکەدا ناونیشانو شوێنی تەواویان نووسراوە ، لە پەراوێزەکاندا تەنها ناوەکانو لاپەڕەکانیان دەنووسین .

(★) تیماو : ـ واقع في مازق

لە خاسیەتی (ئەبستراکت کردن) بێ بەش نین • زۆر لەو تیئۆریانە سەرچاوەی جوانی خوازی و داهێنانی هونەری دەگێڕنەوە بۆ تاکە هۆیەك یان تاکە پاڵنەرێکی دیاریکراو (بۆ نموونە : ئارەزوو بوون لەشەڕوو دەستدرێژی ، ئارەزووی سێکس ، ئیلهامی خودایی لاسایی کردنەوەی ڕۆحی موتلەق • • • • • • • • هتد ) •

وە بەسە لێکۆڵینەوەی هونەر لەو چوار چێوە واقیعی یە دروستەی خۆی کە بریتی یە لەپەیوەندی مرۆڤ بە جیهانەوە و ئەو پەلو پۆ کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕۆحیانەی لەو پەیوەندی یە دەبنەوە وەدەردەهاون •

جوانی خوازی و داهێنانی هونەری وەکو هەموو دیاردەو چالاکی یەکی دیکەی ژیان تەنها ئەو کاتە مانا پەیدا دەکەن کە لە چوارچێوە ئینسانی یەکەیاندا ، واتە لە پەیوەندیان بە ژیانی ئنیسانی یەوە ، وەریان بگرین و لێیان بکۆڵینەوە • خۆ ئەگەر چالاکی هونەری ئادەمیزاد خاسیەتی تاکانەو تایبەتی خۆی هەیە ، ئەوا بەهەرحاڵ جیاو دوورە پەرێز لە چالاکیەکانی دیکەی جۆراو جۆری ژیانی ئادەمیزاد ناوەستێت • • بەڵکو هەموویان بە یەکەوە خۆیان بۆ یەك ئامانج دەکوتن کە ئەویش : باشترکردن و خۆشتر کردن و جوانتر کردنی ژیانە •

هونەریش لە مەیدانی هەوڵداندا بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە شوێنێکی یەکجار گەورەی هەیە • چونکە هونەر چالاکی یەکە (لە ناوەوەڕا) بە فریای ئادەمیزاد دەکەوێت • • • • بۆیە لە کاتێکدا ڕووخان لە دەرەوەڕا دەست پێدەکات بنیاتنان لە ناوەوەدا ، لە قووڵایی یەکانی دەروونداا دادەمەزرێت • خۆری ناوەوە ئاوانابێت • • • • ژیان نابەزێت • • • ئەمە بانگەوازی هونەرە • • • • لێرەوە دەتوانین بزانین بۆچی هەتاوەکوو تین و تاوی دەرەوەو قفڵەکانی زمان پتربین ، دەنگی خۆڕاگرتن و داهێنان

بەهێزتر دەبێت • چونکە جوانی خــوازی ، چونکە هونەر ، هیچ شتێك نی‌یـە •••••• تینوێتی نەبێت : تینوێتی ئادەمیــزاد بۆ خۆشەویستی • بۆ ئازادی • بۆ ژیان •• بۆ نەمری •• بۆ دەست بەسەرا گرتنی ئەوەی کە هەیەو بەدی‌هێنانی ئەوەی کە نیە •

نووسەرێکی کورد ــ سوارەی ئەحمــەد اغای بۆکانی ــ بەم جۆرەی خــوارەوە وەسفی بەیتی (سوارۆ) دەکا کە بە منــداڵی لە دەمی پیاوێکی پیری کوردی بیستووەو بە گەورەیی لە یادیا دەنگی داوەتەوە :ــ

« هۆ هۆ سوارۆ ،

سوارەکەی لە من بە تەنێ •••••••••

بەکوڵ گوێم لەو دەنگە گرتبوو کە لە گەروویەکی پیر دەهاتە دەرەوە • هەستم کرد دەنگی مامە حەمەد جادووم دەکات • • • • دەنگێك کەخەمی شەست ساڵ چەوسانەوەی تێدا بوو وە پەژارەی تەمەنی پڕ مەینەت ، وەك پریسکەی ڕەبەنی ئەم شارو ئەو دێ چەشنی ناندێنی شــوانی برسی دەکرایەوە • من ئــەو کاتە نەم دەزانی ئەگەر کورد گۆرانی لێ‌بستێنیتەوە ، ئەگەر ماوەی نەدەی ویزەی پالۆرەو بەیتی بێ ژیانی چەندە حەستەمە • • • • • ئەو کاتە نەم دەزانی ئــەو بەیتانەی بەسەر زمانی کــورددا دێن و ئەو فووە سیحراویەی کەلە گەرووی شمشاڵی دەستەوانی کورد دێتە دەرەوە : ــ

برینێکە کە ئەدرێ و ئارامی لەشی سزا کێشیەتی » (٥) •

ئیدی نازانم ئەی خوێندەواری خۆشەویست پێویست دەکات پتر لەمە لەبوون‌و پێداویستی هونەر بۆ بوونی ئادەمیزاد ، باس بکەین ؟

---

(٥) سوارەی ئەحمەد اغا ــ بەیتی سوارۆ • دەست نووس •

ئەم کتێبە لەسەر داوای بەشی دیراساتی کـوردی لە زانکۆی سولێمانی نوسـراوە وەسەرگرتن‌و سـەرکەوتنی ئـەم پرۆژەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئـارەزووی خزمەتکـردن‌و هەوڵی دڵسـۆزانەی لێپرسراوانی زانکۆ بەگشتی‌و بەشی دیراساتی کوردی بەتایبەتی.

لە کۆتاییدا ئەگەر توانیبێتم بەمکارە خزمەتێکی بچووك بە میللەتەکەم بکەم ـــ ...... ئەوا خـۆم زۆر بە بەختەوەر دەزانـم.

کەمـال مەمـەند
١ـ٧ـ١٩٧٦
قەڵادزێ

هەواڵنامەی کتێب

# بابـــــەتی ئیســـــتاتیك

## دەروازەیـــەك

### ئیســـتاتیك :-

ئیستاتیك (Aesthetics) لکیکە لەفەلسەفە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینـــەوەو ڕوون کـــردنەوەی چەمـــکی (جـــوانی) وەکوو ڕوخساریکی جیاکەرەوەی کارەکانی هونەر وەئەو سەرەتا دروست و ساغانە پێشنیاز دەکات کە حـــوکمدانە ئیستاتیکیەکان پشـــتیان پێ دەبەستن (١) ئیستاتیکا خـــەریکی شی کردنەوەی ئـــەو چەمك و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەیە کەلەکاتی لێخورد بوونەوەی بابەتە ئیستاتیکیەکاندا پەیدا دەبن • وەبابەتە ئیستاتیکیەکانیش لەلایەن خـــۆیانەوە هەمـــوو ئەو بابەتانە دەگـــرنە خـــۆیان کـــە کە تاقیکردنەوەیەکی ئیســـتاتیکی دەدەن بەدەستەوە (٢) وەمـــادام تاقیکردنـــەوەی ئیســـتاتیکی جۆرێـــکە لـــە جـــۆرەکانی باوەش کردنی مرۆڤ بەژیاندا ، ئەوا ئیســـتاتیك لەپەیوەندی جوانی - خوازانەی مرۆڤ بەجیهانەوەو لەجەوهەرو یاساکانی پەرەسەندنی هونـــەرو دەوری هـــونەر لەگۆڕانکاریە کـــۆمەڵایەتی یەکانـــدا ، دەکۆڵێتەوە •

فەیلەسوفی ئەڵەمانی (بۆمگارتن) یەکـــەم کەسە کەووشـــەی (ئیستاتیکا)ی لە کتێبێکدا کە لەساڵی ١٧٣٥ی زاینیدا نوسیویەتی بەکار هێناوە • لەو کتێبەدا بـــاسی مەسەلەکانی زەوقی هونەری و پێـــك هێنـــەرەکانی دەکـــات (٣) ئینجا ئەم ووشـــەیە لەلایـــەن

1. Harold Obsborne. Aesthetics and Criticism. P. 24.
2. The Encyclopedia of Philosophy. Volume One. Macmillian Publishers Co. Inc. and the free Press. New York. P. 35.

(٣) فلسفة الجمال ونشاة الفنون الجميلة • ل٣٢ •

فەیلەسوفانو هونەرمەندانو ڕەخنەگرانەوە بەمەبەستی گەیاندنی مانای (فەلسەفەی جوانی) یان بەیەکەوە گرێدانی (جوانیو هونەر) بەکار هێندراوە •

وەمادام ئیستاتیکا فەلسەفەی جوانی دەگەیەنێت ، ئەوا مێژووی ئیستاتیکا بریتییە لە مێژووی فەلسەفە لەو لایەنانەیدا کە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەی هونەرو جوانییەوە هەیە (٤) وە بەم پێیە ئیستاتیکا بە سێ قۆناغی گرنگدا تێپەڕ بووە ، یەکەمجار فەیلەسوفەکان بە لقێك لە لقەکانی زانستە پێوانەییەکانیان داناوە (normative sciences) ئەم زانستیانەش لە بایەخەکانی ــ هەقو چاکەو جوانی ــ دەکۆڵنەوەو لە سێ بەش پێكدێن :ــ لۆژیك (logic) کە باسی هەق دەکات ، ڕەوشت (ethics) کە باسی چاکە دەکاتو ئیستاتیکا کە باسی جوانی دەکات • ئەم زانستیانە ڕوانگەی عەقلی بەکار دەهێننو حوکمی نرخ شوناسیو هەڵسەنگاندن دەردەکەن • ئیستاتیکا بە پێی ئەم زانستیانە ئایدیالو یاساو ڕێو ڕەسمێك بۆهونەرمەند دیاری دەکاتو ئامۆژگاری دەکات پەیڕەوی ئەوان بکات •••• ئەم قۆناغە قۆناغی یا سەردەمی دوگماتیزم ــ اعتقادی پێ دەگوترێ ، کە لە سەردەمی سۆکراتو ئەفلاتونەوە دەست پێدەکات •••• هەتا لەگەڵ (کانت)دا (Kant) قۆناغی دووەم ــ سەردەمی ڕەخنەگری ــ العصر الانتقادي ــ دەست پێدەکات (٥) وە لەم قۆناغەدا هەڵوێستی خۆیی دەورێکی گەورەی لە بڕیاردانی جوانیدا هەیە • وە قۆناغی سێیەم ــ قۆناغی پەزیتیفیزم ــ وضعییە (Positivism) • (پەزیتیڤیزم) فەلسەفەی فەیلەسوفی فەڕەنسی (ئۆگێست کۆمت)ە

(٤) الأصول الجمالية للفن الحديث • ل١٤ •

(٥) دێنی هویسمان • علم الجمال • ل١٨ •

(Auguste Comte) بە پێی ئـەم فەلسەفەیە بیری ئادەمیـزاد لە ڕواڵەتو ڕووداوە هەستیـیـەکانو پەیوەندی یاساکانی تێوانیان بەولاوە هیچ نازانێتو ، تەنها زانستە ئەزموونیەکانن کە دەتوانن مرۆڤ بە (یەقین) بگەیەنن • لەبەر ئەوە زانینی ڕاستی بریتییە لە زانینی ڕووداوەکانو دیاردەکانی سروشتی بە گێڕانەوەیان بۆ ئەو هەلو مەرجانەی دیارییان دەکەن •••••• بە تەئسیری ئەم فەلسەفەیە ئیستاتیکاش لە جوغزی زانستییەکانی پێوانەیی چووە دەرەوەو بـوو بە زانستێکی سەر بە کۆمەڵەی پەزیتیڤیـزم (بەلام هەندێ لە جوانی ناسان وەك شارل لالۆ) هەوڵ دەدەن کە بەیەکەوە گونجانێك لە نێوان ئایدیای پێوانە (norm) یا ئایدیال لەلایەکەوەو بیری (واقیع) لە لایەکی ترەوە پەیدا بـکەن • وە ئیستاتیکایەکی کامڵو تەواو کراو دابمەزرێنن کە پێداویستیەکانی بیرکردنەوەی فەلسەفیو پرۆگـرامی لێکۆڵینەوەی پەزیتیڤیزیـك (وضعی) لە سایکۆلۆژیو سۆشیۆلۆژی (علم الاجتماع) بەیەکەوە بگونجێنێ(٦) •

مێژووی ئیستاتیکا هەمووی بریتییە لە مێژووی زۆرانبازی نێوان ئایدیالیـزمو ماتریالیـزمو ، خەباتی نێوان چینـە کۆنە پەرستەکانو چینە پێشکەوتن خـوازەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی پەرەسەندنی کۆمەلایەتیدا ڕوون دەکاتەوە •

ئیستاتیکا زانستێکی فەلسەفییە • لە سەرەتا گشتییەکانی هەڵوێستی ئیستاتیکی ئادەمیزاد بەرامبەر واقیع دەکۆڵێتەوەو ، هەروەکو فەلسـەفە زانستێکی ئایدیۆلۆژییە هەوڵ دەدات کەچارە سەری گیروگرفتی پەیوەندی هۆشمەندی ئیستاتیکیو هونەرەکان بە بوونی کۆمەلایەتی ، واتە ژیانی ئینسانییەوە بکات •

---

(٦) دکتۆر یوسف مراد • پێشەکی کتێبی (مبادیء علم الجمال) تالیف شارل لالۆ • ترجمة مصطفی ماهر • ل ا ـب •

مێژووی دەرکەوتنی ئیستاتیکا دەگەڕێتەوە بۆنزیکەی ٢٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر کاتێ لە کۆمەڵی کۆیلایەتی‌دا لە بابل‌و میسرو هیندو چیندا بەدەرکەوت، وە تا ڕادەیەکی زۆر لە کۆمەڵی گریکی کۆندا، لە کارەکانی هیراقلیطس‌و دیمۆکراتیس‌و سۆکرات‌و ئەفلاتوندا پەرەی سەند •

## جوان ، جوانی :ـ

(جوان وە جوانی) خۆیان لەخۆیاندا مانایەکی نادیارو بەر بلاویان هەیە • • • • بەڵکو دوو ئایدیای (میتافیزیکی) و (ئەبستراکت)ن لەبەر ئەوە ئیستاتیکا نرخێکی زانستی‌ی نابێت ئەگەر لەتاقیکردنەوەی دیاری کراوەوە ئامادە نەکرێت چونکە جوانی بەپێ‌ی هیچ پێوانەو دەستورێك ناناسرێت ، وەهیچ یاساو خاسیەت‌و ڕێ‌و ڕەسمێك نین کە کاری هونەری بەگوێرەی ئەوان دابهێنرێت • • • • • بەڵکو ئەو دەستورو یاسایانە خۆیان لە تاقیکردنەوەکە ، واتە لەوکارە هونەریانەدا کە بەدی هێنراون وەردەگیرێن • • • • • جوانی بیرێك نیە کە لە دەرەوەی کارە هونەریەکاندا بوونی هەبێت ، یان ئایدیایەك نیە لە ئاسماندا کە دەبێت شوێن پێ‌ی هەڵبگیرێت ، بەڵکو لەناوەوە ، بەهۆی کارە هونەریەکەوە ، هەیەو دەبێت • وە بە هۆی داهێنانی هونەرمەندەوە ڕوخسارەکانی ئاشکرا دەبن‌و ڕەنگاو ڕەنگ دەبێت و زیاد دەکات • بۆیەکا فەلسەفە ناتوانێت وەکوو ئایدیایەکی ڕووت لەجوانی بکۆڵێتەوە یان تووشی هەڵەیەکی گەورە دەبێت گەر ئەم کارەبکات • هەروەکو (جلیسون) دەڵێت :ـ (هەڵەی زۆر لە فەیلەسوفەکانی میتافیزیك ئەوەیە کە (جوان) یان لە (بووە) کە جیاکردۆتەوە وەکوو مەسەلەکە بەلای ئەوانەوە حەقیقەتێك بێت خۆی لە خۆیدا شیاوی جیاکردنەوە بێت (٧) •

---

(٧) بحث في علم الجمال • ل١٠ •



هەولێرنامەی کتێب

کەواتە مەودای لێکۆڵینەوەی جوانی سروشتو هونەرە ...
جوانی سروشتی وەکو لەشی ئادەمیزادو دیمەنەکانی سروشت
گیانلەبەرو شتەکان ..... هتد . بوونێکی بابەتییان
هەیەو (کاردەکەنە سەر ئادەمیزاد کارێك کە دەشێت بەراورد
بکرێت لەگەڵ ئەو کارتێکردنەی مۆسیقا ، وێنە یان شیعر هەیەتی
دەشێت پرۆسێسی گەیاندنی شیعری (Poetic Communication)
بەهۆی ئەو شتانەشەوە ڕوو بدات(٨) بەڵام ئێمە ناتوانین
جوانی سروشتی وەکوو (چەمکێکی مێژوویی) بەدەست بێنینو
لێی بکۆڵینەوە لەمەیدانی هونەردا نەبێت ..... جوانی
سروشت ئەگەرچی بوونێکی بابەتیشی هەبێت، ئەوا تەنها لەمرۆڤ
ڕا ، واتە لەڕێڕەوی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا ،
بەدەردەکەوێتو خۆی ئاشکرا دەکاتو ڕوخسارو فۆرمی دیاری
وەردەگرێت . ئەو چەمکانەی جوانی کە لە ئاکامی پەیوەندی
ئادەمیزاد لەگەڵ سروشتدا لەدایك دەبن ، لەهونەردا ڕەنگ
دەدەنەوە بەمانایەکی تر بڕیاردانی جوانیو دزێوی شتەکان
دەگەڕێتەوە بۆ ئادەمیزاد خۆیو جۆری هەڵسو کەوت کردنی
لەگەڵ بابەتەکەو هەڵوێستی تایبەتی خۆی بەرامبەری لێرەوە زۆر
جار هونەرمەند بابەتی ناشیرینو دزێویش دەکات بەبابەتی
هونەرەکەیو لەبۆتەی جوانیدا دای دەڕێژێت ..... شاعیری
کلاسیکی مەزنی کورد (نالی) سیفەتی خێلی چاوی دڵدارەکەی ـ
کەبەلای خەڵکەوە سیفەتێکی دزێوە ـ بەم جۆرە باس دەکات : ـ

**پێم دەڵێن مەحبووبە خێلو قیچە مەیلی شەڕ دەکا**
**خێلو قیچە یا تەرازووی نازی نەختێ سەردەکا**
**عەکسی چاوی تۆ لەچاویدا : بەخواری تێدەگەی**
**کەچ نەزەرکەی فەرقی خواروو ژوورو خێرو شەڕ دەکا**

---
8. Croce. Aesthetics. Encyclopedia Brittanica. 15th edition.

لێکۆڵینەوەی شاعیر بۆ ( خێڵو قیچی ) مەحبووبە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی بەخۆیەوەیەتی وە لەهەڵوێستی سایکۆلۆژی خۆی بەرامبەر بەدڵدارەکەیەوە هەڵقولاوە ٠ بەڵام دوای خوێندنەوەی ئەم دێڕانە خوێنەر بەناچاری بابەتە سەرەکی یەکە (واتە خێلی و دزێوی چاوی مەحبوبە) لەبیر دەباتەوە و هەموو سەرنجی خۆی دەداتە ئەو بایەخە ئیستاتیکی یە کاریگەرەی شاعیر لەو لێکۆڵینەوە ووردەو دیمەنە هونەری یانە راپێشکەشی کردووە ٠٠٠ ئەوساش دەشێ لەگەڵ شاعیردا بگاتە ئەو قەناعەتەی کە خێڵی ی چاوی مەحبووبە سیفەتێکە لەسیفەتەکانی جوانی و دڵگیری ئەو نەك دزێوی و ناشیرینی ٠٠٠ کەواتە هونەرمەند واقیع وەك خۆی عەکس ناکاتەوە ٠٠٠٠ بەڵکو سەر لەنوێ دروستی دەکاتەوە وەلەم دروست کردنەوەیەدا هەڵوێستی دەروونی و ئایدیانی و کۆمەلایەتی هونەرمەند دەورێکی کاریگەر دەبینێت ، بۆیە جوانی لەهونەردا جیاوازە لەجوانی لە دەرەوەی هونەردا یان دەتوانین بڵێین جوانی لە هونەردا ئینسانی کردنی جوانی یە لەدەرەوەی هونەردا ٠

## هونـــــــەر(٩)

(ئارت) (Art) ــ واتە هونەر وشەیەکە بەکارهێنانی زۆر باوەو لە شوێنی خۆیدا بەکار ناهێنرێت ئەم وشەیە واتای جیاواز دەگەیەنێتو لە کاتی بەکارهێنانیدا ، دەبێ بڕیاردەین کام لەم واتایانە کەڵکی ئێمە دەگرێت ٠

وشەی (ئارس) (Ars) لەلاتینی کۆندا هەروەکوو وشەی (Techne) لەگریکدا ماناى سنعەت یان هەرجۆرە شارەزایی و پسپوریەك لە پیشەدا دەگەیەنێت :ــ وەکوو پیشەی دارتاشی ،

9. Collingwood : The idea of Art.

ئاسنگەری یـــان برین پێچی گریك و رۆمانەكان ئـەو باوەڕەیـان
نەبوو وەك ئێمە هـەمانە كەهونەر (ars) شتێكی جیاواز بێت
لەپیشە (craft) تەنانەت هونەری شیعریشیان (ars poetica)
لەلایەنی سەرەتاگەكەیـەوە تەنها بە پیشەیەكی وەكـو دارتاشیو
پیشەكانی دیكە داناوە ٠

وشەی (ئارت) art لەسەدەی لاتینی ناوەندا (Medieval Latin)
هەروەكو لەئینگلیزی كۆندا كەئەم وشەو ماناكەی لەلاتینی
یەوە وەرگرت ، مانای فێربوونی هەرچەشنە زانیارییەكی كتێبی
دەگەیانـد وەك رێزمان ، لۆژیك یـان ئەستێرە ناسـی ٠ وە لـە
سەردەمی شكسپیریشـدا (Shakespeare) هەر ئـەو مانـایەی
دەبەخشی تالەسەدەی رینایسنس‌دا (Renaissance) یەكەم جار
لەئیتالیادا ، ئینجا لە شوێنەكانی دیـكەدا مانا هەوەڵیەكەی خۆی
(واتە پێشە) بەدەست خستەوە ٠ هونەرمەندەكانی رینایسنیشـ
وەكوو هونەرمەندانی جیهانی كۆن خۆیان بەپیشەزان (craftsmen)
دادەنا ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ لەسەدەی حەڤدەدا دەست كرا بە جیاكردنەوەی
گیروگرفتو چەمكەكانی ئیستاتیكا لەهی تكنیك یـان فەلسەفەی
پیشە ٠ ٠ ٠ لەسەدەی هەژدەهەمدا ئەم لێك جیاكردنەوەیە گەیشتە
رادەی خەت كێشان لەنێوانی هونەرە جوانەكانو (fine arts)
هونەرە بەكەڵكەكاندا (Useful arts) لەسەدەی نۆزدەهەمدا ئەم
گوزارشتەی هونەرە جوانەكان (fine arts) وازی لێ هێنراو
وشە تاكەكەی (ئارتس) (arts) واتە (ئارت) (art) بەكار
هێنرا ٠٠٠٠ لێـرەوە لەلایـەنی تیئۆرییـەوە جیـا كردنەوەی
هونەر لە پیشە بەتەواوەتی بەدەست هات ٠

لە زمـانی عەرەبیشدا وشـەی (فن) لە سەرەتاوە بـە مانای
پیشە (سنعەت) بەكار هاتووەو بەرامبەر وشەی (techne) لـــە
زمانی گریـكی كۆندا بووە(١٠) (ابو الهلال العسـكری) كتێبەكەی

خۆی دەربارەی نووسین‌و شیعر ناوناوە (کتاب الصناعتین) ••••
لای عەرەب سنعەت مانای گونجاندنی سروشتی لەگەڵ
پێداویستی‌یەکانی سایکۆلۆژی‌و عەقلی ئادەمیزاد گەیاندووە(١١) •
ئینجا ئەم وشەیە بۆ دەست نیشان‌کردنی هونەرە جوانەکان یان
جۆرە پیشەکانی‌تر وەك :ـ هونەری ماتماتیك ، پزیشکی ،
دارتاشی •••••••• هتد • بەکارهاتووە •

بنەڕەتی وشەی (هونەر) لە زمانی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ
وشەی (حونەری‌و حونەر) کە لە زمانی قسە کردندا بۆ وەسف
کردنی هەر کارێك کە پەدی‌هێنانی جۆرە زرنگی‌و وریایی‌یەکی
نائاسایی پێویست بێت ، بەکار دەهێنرێت •

ئیستا وشەی (هونەر) لە هەموو زمانەکانی جیهاندا ، تێکڕایی
هونەرە جوانەکان دەگرێتەوەو ، مێژووی هونەر بریتی‌یە لە
مێژووی داهێنانەکانی مرۆڤ لە مەیدانی نیگارکێشی‌و پەیکەر
تاشی‌و مۆسیقاو ئەدەب‌و شانۆگەری‌و چالاکی‌یەکانی‌تر •

---

(١٠) موجز تاریخ النظریات الجمالیة • ل٥٨ •
(١١) زکریا ابراهیم ـ مشکلة الفن • ل٩ـ١٠ •

# بەندی یەکەم

## تیشۆری هونەر
## لە
## ڕوانگەی فەلسەفەوە

١ ــ ئەفلاتون
٢ ــ ئەرستۆ
٣ ــ ئەفلاتونیزمی نوێ
٤ ــ جوانیو سۆفیگەری
٥ ــ سۆفیزم لە ئیسلامدا
٦ ــ کانتیزم
٧ ــ کانت
٨ ــ هیگل
٩ ــ تۆلستۆی
١٠ــ برجسۆن
١١ــ کرۆچی

هەوالنامەی کتێب

# ئەفلاتـــــون

کۆمەڵی (یونان) لە سەردەمی سوکراتو ئەفلاتوندا بە زۆران بازییەکی سـیاسیو ڕۆشنبیری گەورەدا تێپەڕی • ئـەم زۆران بازییە کارێـکی زۆری کردە سەر بزووتنەوەی بـیری فەلسەفیو پەرەسەندنی بەتایبـەتی لە کاتی توندوتۆڵ بوونیا لـە مەیدانی سیاسیدا لە ئەثینـا لـە دەوروبـەری کۆتایی سـەدەی پێنجەمی پـ-زدا[1] • ئەفلاتون لەو سەردەمە ئاڵۆزەدا ژیا کە دیموکراسیەت لە ئەثینیادا هەرەسی هێنا ••••• لەمـاوەی ئـەو زۆرانبـازیە چینایەتی‌یە توندو تیژەدا ئەفلاتون پاڵپشتی چینی ئەرستۆکراتی دەکردو دژی دیموکراسیەتو شێوازی دیمۆکراسی فەرمانڕەوایی دەوەستا •••••• ئەم هەڵوێستە سیاسی‌یەی ئەفلاتون لەجەوهەری تیئۆرە فەلسەفیو ئیستاتیکیەکانیا ڕەنگی‌دایەوە[2] •

تیئۆرە فەلسەفی‌یەکانی ئەفلاتون لە ڕوانگەیەکی ئایدیالیستەوە دەست پێ‌دەکەن •

ئەفلاتون باوەڕی وایە کە بیر ـ ئایدیا (Idea) هـۆی بوونو پەیداکەری شتەکانە • ئەو شتانەی کە دەتوانین هەستیان پێ‌بکەینو دەستیان لێ‌بدەین تیشکدانەوەی ئایدیان ••• ئایدیاش هەستی پێ‌ناکرێو دەستی لێ‌نادرێ •

بەلای ئەفلاتونـەوە گـۆڕان ، یانی مـردنو لەناوچـوونەو (تەواوی)ش مانای نەمانی پەرەسـەندنە •••••• مادام هەموو شتێکی ماتریـالیش لە گـۆڕانو هەڵگەڕانـەوەدایە ، ئـەوا شتی ماتریالی نوێنەری بوون نیە ••• ڕاسـتەقینەی بوون ـ تەنها لە

---

(١) الدكتورة اميرة حلمي • علم الجمال من افلاطون الى سارتر ل٧ •

(٢) موجز تاريخ النظريات الجمالية •

بوونی ڕوحیداو ، لە جیهانی ئایدیاو (ئایدیال)دا حەشار دراوە ٠ بۆ نموونە :ـ گوڵ کە دەپشکوێ لە سەرەتادا جوانی زیاد دەکا ، بەڵام لە مـاوەی ئەم گۆڕانەدا (کە پشـکووتنی گوڵەکەیـە) ئەو جوانی‌یە وردە وردە کەم دەبێتەوە تا لەناودەچێت ٠٠ کەواتە ئەو جوانی‌یە کاتی‌یە ٠٠ دێو تێدەپەڕێ ٠٠ لەبەر ئەوە جوانی‌یەکی ڕاستەقینە نیە ٠

ئەی ئەم جوانی‌یە ڕاستەقینەیە لە کوێدایە ؟

ئەوە لـەم جیهانە زەمیتی‌یـەدا نیە ٠٠٠ بەڵکو لـە جیهانی بیردایە ، جیهـانی ئایدیال ٠ ئەو جیهانـە ئەبەدیەی کـە هەرگیز ناگۆڕێ (نامرێتو لەناو ناچێتو کەموزیاد ناکات ، هەموو کاتێو لە هەمـوو حاڵەتێکدا هەر ڕەنگینـە) ٠ کەواتـە جوانی لـە لای ئەفلاتون : خاسـیەتێکی جیهـانی ئایدیـایەو ٠ جـوانی دنیایی ڕەنگدانەوەی ئەو جوانی‌یە ئایدیالی‌یە هەرگیز نەگۆڕو نەمرەیە ٠ ئەم بۆچوونەی ئەفلاتون هەر لەو کاتەدا ڕەنگدانەوەیەکی باوەڕی سۆکراتی مامۆستای تێدایە ، سۆکرات دەڵێ :

(جوانی خاسیەتێك نیە بە هـەزاران شتەوە بەسترابێتەوە : خەڵك ٠٠ ئەسپ ، جل‌وبەرگ ، کـچ ، گوڵدان ٠٠٠٠٠٠ هتد ، هەموویان جـوانن ٠ بەڵام لە سەرووی هەموو ئەوانـەوە جوانی خۆی هەیە(٣) ) ٠ هەر لەم بـاوەڕەوە ئەفلاتون دەڵێ :ـ دەبێ لە سەرەتای بوونی هەموو جوانی‌یەکەوە جوانی‌یەکی هەوەڵی هەبێ، کە ئەو شتانە جوان دەکا کە پێ‌یان دەڵێین : جوان ٠٠٠٠ وە تەنها بەئامادە بوونی ئەو جوانی‌یە هەوەڵی‌یە ـ بەهەر جۆرێ بێ ئـەم شتانە جوان دەبن (٤) ئەو جوانی‌یە هەوەڵی‌یە ، ئەو جوانی‌یەی کە

---

(٣) علم الجمال ٠ دینی ٠ هویمان

(٤) هس (هەمان سەرچاوە)

لەسەروو هەموو جوانییەکەوەیە : ــ جوانی ئایدیالە ، جوانی موتلەق ، جوانی خودایی ٠

ڕێبازی گەیشتنیش بەو جوانییە موتلەقە : ــ خۆشەویستییە ئەفلاتون لە (داوەت)دا (٥) لەسەر زمانی سوکرات باسی ئەوە دەکات چۆن جوانی دەتوانرێ لە ڕێگای خۆشەویستییەوە بەدی بهێنرێ ٠ خۆشەویستی شتێکی ناکۆکە ٠٠ لە ئارەزووبوون لەو شتانە پەیدا دەبێ کە نیمانن ٠٠ هەوڵدان بۆ بوون بەو شتانەی کە لەڕاستیدا وانین ٠٠ خۆشەویستی بێهومێد پڕە لە هیوا ٠٠ خۆشەویستی مردووش لەناو خاکڕا هەڵدەستێتەوە ٠٠٠ لەواقیعا خۆشەویست هەژارو کەمدەستە بەڵام لەخەیاڵدا زۆر دەوڵەمەندە ، هەمیشە تاسەی ئەوەیەتی سروشتو شێوەی خۆی (تەواو) بکات ٠٠ خۆشەویستی وامان لێدەکات لەخۆمان تێپەڕکەینو بە هەموو ئەو شتانە بگەین کە جوانو خودایین : خۆشەویستی ئەفلاتون ، خۆشەویستییەکی سۆفیگەریانەیە ، مرۆڤ دەبێ خوو بداتە دەروێشیو دێوانەییو لەهەموو هەستو شوێنەوارێکی جیهانیو ماتریالی پاك بێتەوە تابتوانێ بەمرادی خۆی بگات (لەپلەی یەکەمدا کەسێك هەوڵدەدات کە شتێکی جوانی خۆش بوێ ٠٠٠ وردە وردە ئەوین دارەکە هەست دەکا کەتەنها خۆشەویستی ڕوخسارە هەستی یەکە کارێکی بێ هودەیە ٠٠٠ لێرەوە ئەوینێکی ڕۆحی ڕای دەکێشێ ٠٠٠ لەمەوە بێ نرخیو بێ بایەخی ــ لەش تێدەگاتو دەزانێ کەدەبێ لەڕووخسارەکانی هەستی تێپەڕ بکاتو بگاتە جوانیو ڕەنگینی مەشفەلەتە ڕۆحییەکان ٠٠٠ وە بەمە لە خۆشەویستی حیکمەتی ڕەوشتداری ــ ئەخلاقی ــ وازدەهێنێ ، لە

---

(٥) هس ٠ ل ٢٤ (هس = هەمان سەرچاوە) هل = هەمان لاپەڕە) ٠



هەواڵنامەی کتێب

پێناوی ئارەزوو بوون لە حیکمەتێکی موتلەق • هەر لەسەرەتاوە دەستپێکەر (سوفی) ئەو ئێوانە دەرك پێدەکـات کە حیکمەتی ڕەوشـتداری (ئەخـلاق) لە (زانین) جیادەکـاتەوە وە لـەدوای تێپەڕبوون بـەزۆر ئەزمـوونا لەدۆزینەوەی (تاکێتی لەجـۆر بە جۆریدا) بەمرادی خۆی بگات • ئـەو هیچ جوانییەك لە دەرەوەی هەمەلایی (شمولیە) زانیندا ، لەدەرەوەی (زانین خۆی لەخۆیدا) نادۆزێتەوە • • بەلام بەم چەشنە دەسبەرداری تاکانەیی ـ تفرد) وەبوونی ئینسانی خۆی دەبێ • • بەلام هێشتا ڕەنجێکی گەورەی گەرەکە تا پرۆسێسی ئەم پاکژبوونە تەواو بکات تا لەدواییدا ئەم پراوەیە دەگاتە پۆپە ، ئینجا وەکو بەرهەمی گەشتێکی سـۆفی ـ گەرانە : ڕازەکە بەرامبەر ئەویندارەکە دەردەکەوێ • • وەلێرەدا دەتوانێ جـوانی موتلـەق ، جوانی هەمـەلایی ببینێ ، خـۆی بە خۆیەوەو لە خۆیـداو • • بگاتـە ئایـدیالی ئایدیالـەکان • بە مانایەکی تر لەم پرۆسێسەدا ئەویندار توانی :ـ

لە لەشی‌یەوە بگات بە وێنەیی •

لە سروشتی‌یەوە بگات بە ئیستاتیکی •

لە هەستی‌یەوە بگات بە عەقلانی •

لە نیسبی‌یەوە بگات بە موتلەق •

لەمەوە بۆمـان ڕوون‌بۆوە کە [خۆشەویستی ئەفلاتـونی بە تەواوی بریتی‌یە لە گەڕان بە شوێنی جوانی موتلەق‌و گیانی‌دا • • گەڕانیش بە دووی ئەو جوانی‌یـەدا ئارەزووبوونە لە نەمری‌و لە بێ‌گەردێتی‌و • • • بەهۆی ئـەو خۆشەویستی‌یەوە مرۆڤ دەگاتە موتلەق‌و ڕۆحی لە سنوورەکانی خـودی خۆی تێپەڕ دەکات‌و دەگا



هەواڵنامەی کتێب

به : کۆکی‌یه هه‌موویی‌یه‌که‌و یه‌کێتی‌یه بنه‌ڕه‌تی‌یه‌که‌](٥) •

هه‌ر ئه‌م سروشته سوپه‌رنه‌چراڵه‌ی جوانی‌یه‌که به لای ئه‌فلاتونه‌وه سیحری هونه‌رو جادووه په‌ی پێ نه‌براوه‌که‌ی پێك دێنێ •• هونه‌رمه‌ندی گه‌وره ئه‌و که‌سه‌یه هه‌ستێکی خواوه‌ندی هه‌بێ •• هه‌روه‌کو له بڕگه‌یه‌کی خۆشدا له (هه‌ڵبژارده)کاندا ده‌ڵێ :ـ

(یا ئه‌وه‌تا خودا ، ئه‌ی فیدیاس ، له ئاسمانه‌وه دابه‌زیوه تا ڕوخساری خۆیت پیشان‌دات یا ئه‌وه‌تا تۆ چویته ئاسمان تا سه‌رنجی بده‌یت)(٦) •

گه‌رچی ئه‌فلاتون ڕێبازێکی عه‌قلی توندوتۆڵی گرتبووه به‌رو هه‌سته‌کانی به هه‌ڵخه‌ڵه‌تێنه‌ر داده‌نان ، هێشتا به‌لای ئه‌وه‌وه سرۆش‌و هه‌وه‌س‌و خۆشه‌ویستی له هه‌موو زانینێکی عه‌قلی گرنگتر بوو ، چونکه ئه‌و هێزه ناعه‌قلی‌یانه له‌لای ئه‌و هۆیه‌ك بوون بۆ گه‌یشتن به جیهانی خودایی ئه‌و جیهانه‌ی حه‌قیقه‌تی موتڵه‌قی تێدایه(٧) • خۆ ئه‌گه‌ر هونه‌رمه‌ند په‌یوه‌ندی‌یه‌کی ڕاسته‌و خۆشی به سه‌رچاوه‌یه‌کی ئیلهامی خودایی‌یه‌وه نه‌بێت ، ئه‌وا هونه‌ره‌که‌ی دیسانه‌وه له‌بیر هاتنه‌وه‌ی ئه‌زموونه‌کانی ڕابردوویه‌وه له دایك ده‌بێ کاتێ که له جیهانی ئایدیالدا ژیاوه به‌ر له‌وه‌ی بێته ئه‌و جیهانه زه‌مینی‌یه‌وه ئه‌فلاتون به شێوه‌یه‌کی گشتی به چاوێکی نزمه‌وه ده‌ڕوانێته هونه‌ر ••• مادام ڕاستی ته‌نها له جیهانی بیرو ئایدیالدا هه‌یه نه‌ك له جیهانی شتومه‌کی ماتریالیدا ئه‌وا هه‌ر

(٥) ڕیمۆنبایر ، دراسات حول طريقة الاستاتيك (مجلة الثقافة ، ژماره ١ ، ساڵی ١٩٧١) ، وتاری د• سعاد محمد خضر ـ علم الجمال • الاستاتيك •

(٦) اندريه ريشارد ـ النقد الجمالي ل٤٦ـ٤٧ •

(٧) في الجمال من افلاطون الى سارتر ، ل٣٥ •

شتێکی لەم جیهانەدا هەیە ( لاسایی کردنەوە )ی نموونە تەواوەکەیەتی ـ کە لە جیهانی ئایدیادا هەیە ، لێرەوە کاتێ شاعیرێك یا هونەرمەندێك باسی هەر شتێ یان هەر بابەتێ دەکا ، یا هەرشتێ لە دەوروو بەرەکەی وەردەگرێو لە هونەرەکەیدا دروستی دەکاتەوە ، ئەوا لاساییی لاسایی کردنەوەکە دەکاو ، بەم جۆرە دوو پلە لە ڕاستی یان لە واقیع دوور دەکەوێتەوە ٠٠ لە کۆماردا ئەفلاتون نیگارکێش دەچوێنێ بە ئاوێنەیەك کە عەکسی دەورو بەرەکەی دەکاتەوە (ئاوێنەیەك دەتوانێ خۆرو ئاسمانو ئەستێرەکانو هەرچی لە زەویدایە دروستی بکاتەوە ، بەڵام ئەم دروست کردنەوەیە ـ بووە ڕاستەقینەکان نینو ٠٠٠٠ نیگارکێش لەم دەستەیەیە ٠٠٠)(٨) ٠ کەواتە هونەرمەند تەنها کۆپیچی یەکە کە ماناى ڕاستەقینەی (بوون)و (جوانی) تێناگات بەڵکو لاسایی جیهانی هەستی دەکاتەوەو کۆپی دەکا ٠٠ بۆ نموونە : کە دار تاشێك کورسی یەك دروست دەکات ئەو ئایدیای کورسی یەکە واتە جەوهەری کورسی یەکە دروست ناکات، چونکە ئایدیای کورسی یەکە خواکان ئافەریدەیان کردووەو ٠ کاتێ هونەرمەند بۆ جاری سێیەم وێنەی کورسی یەکە دەکێشێ ، ئەوا لاسایی کورسی یەکەی دارتاشەکە دەکاتەوە : واتە لاساییی لاسایی کردنەوەکە دەکات(٩) ٠

کەواتە هونەرمەند نەك تەنها لە واقیع دوور دەکەوێتەوە بەڵکو دەبێتە کۆسپێکیش لە ڕێگەی تێگەیشتنی حەقیقەتی بوون ٠ چونکە زۆرجار هونەرمەند شتی وا دەردەبڕێ کە بە پێچەوانەی چەمکی ـ جوانیو ڕەنگینیەوەیە ٠٠ یان ئەو شتانە دەردەبڕێ کە دزێوو خراپن ٠٠ بۆ نموونە : کاتێ هونەرمەند دیمەنی کەسێکی سەرخۆش یا تاوانکار یا هیچوپووچ دەکێشێ ، ئەوا بەم کارەی

---

(٨) جمهورية افلاطون ، ل٢٤٥_٢٤٦ ٠

(٩) هس ٢٤٦_٢٤٧ ٠

نموونەی مرۆڤی خراپو ناشایستەو ڕواڵەتی شاز دێنێتە گۆڕێ .. هەروەها کاتێ شاعیر باسی کاری ناچیزو هەوەسبازی دەکا ، ئەوا کاری خراپ دەکاتە سەر بینەرانو گوێگرانو ، بۆ ئەم کارە بەدانە پاڵیان پێوەدەنێ .

کەواتە ئەفلاتون باوەڕێکی توندی بەوە هەیە کە هونەر کار دەکاتە سەر کۆمەڵانی خەڵك . هەر بۆیەش لە کۆمارە نموونەییەکەیدا کۆتێکی گەورە دەخاتە پێی هونەرو پەیڕەوێکی توندوتۆڵ دادەنێ کە نابێ هونەرمەندان لێی دەرچن .

ئەفلاتون بە چاوێکی پڕمەترسییەوە دەڕوانێتە شیعر .. شیعر ئەو هەوەسو ئارەزووانە هار دەکا کە پێویستە دابمرکێندرێن ... لەبەرئەمە ئەفلاتون شاعیران شاربەدەر دەکاو لە کۆمارە ئایدیالییەکەی خۆیدا جێیان ناکاتەوە ... لەگەڵ ئەمەشدا شاعیر لەلای ئەفلاتونزۆر خۆشەویستە چونکە سەرچاوەی سرۆشی لای خواکانەوەیە ... شیعری بەرزیش ئەوەیە کە هونەرییەتییەکەی لەگەڵ ئەو سروشە بەرزەدا یەك بگرێ . بەلای ئەفلاتونەوە فەلسەفە بەپێزترینو دەوڵەمەندترین سەرچاوەیە بۆ شیعر .... ئەفلاتون گرنگییەکی زۆر بە مۆسیقا دەدا . بەلای ئەوەوە سێ ڕەگەز مۆسیقا پێك دێنن :ــ وتە ، هارمۆنی ، ئیقاع . مۆسیقا دەورێکی گەورە دەبینێ لە پەروەردەکردنی دروستی لاواندا چونکە کارێکی گەورە لە دەروونی ئادەمیزاد دەکا . (ئیقاعو ئاواز لەناو ناخی دەروونەدا جێگیر دەبنو ئەو جوانییەی پێیانە تێیدا بڵاوئەکەنەوە)(١٠) . مۆسیقا دەبێ جوانیو حەقیقەت لە وێنەیەکی سادەدا دەربڕێ هەتا عەقڵ قەناعەتی پێ بێنێو .. لە ئاکاما بەرەو خۆشەویستی جوانی خۆی بکوتێ . لەگەڵ ئەمەشا ئەفلاتون وەکو ڕەنگدانەوەی فەلسەفە عەقڵانییەکەی چەند

---

(١٠) الجمهورية . ل٧١ .

مەرجێکی توندیش دەخاتە ئەستۆی مۆسیقا ·· دەبێ سادەو ئاوازەکەی ڕەوان بێ · دەبێ بە چەشنێك بێت کە بۆ دیسپلینی سەربازی بگونجێت ·· دەبێ ببێتە پاشکۆی سیاسەت و ڕەوشت ·!

بۆچوونی ڕەخنەیی ئەفلاتون ـ واتە حوکمدان بەسەر کارێکی هونەری‌دا هەر لە بیرە ئایدیالیستەکەیەوە سەر هەڵدەدا · بەڵام لە لایەنی پراکتیکەوە گرنگی‌یەکی تایبەتی هەیە ···· بەلای ئەفلاتونەوە بۆ ئەوەی حوکمی کارێکی هونەری بدەین ، دەبێ لە پێشەوە هەوڵ بدەین ، حەقیقەتە ئایدیالی‌یە نەمرەکە ، یان بنچینە چەسپاوو ئاشکراکە لە عەقڵدا بدۆزینەوە ، نەك لە ڕواڵەتە هەستی‌یەکەیدا ، کە شیاوی گۆڕانە ، ئینجا بێین و حوکم بەسەر وێنەکەیدا بدەین ، بزانین تا چ ڕادەیەك هاوجووتە لەگەڵ ئەو حەقیقەتە بابەتی‌یەدا ، نەك لەگەڵ ئەو بیرەی کە هونەرمەند خۆی هەڵی‌دەبژێرێ و دەیەوێ دەریبخاو بە ئارەزووی خۆی وێنەی بکێشێ · لەبەر ئەمە پێویستە لە ڕەخنەی هونەری‌دا دوو هەنگاوی پێویست ڕەچاوکەین :ـ

یەکەم :ـ ئەو حەقیقەتە بزانین کە هونەرمەند دەیەوێ وێنەی بکێشێ ·

دووەم :ـ بزانین تا چ ڕادەیەك سەرکەوتووە لە وێنەکێشانی ئەو حەقیقەتەدا ·

کەواتە چ لەمۆسیقادا ، چ لەشیعردا ، دەبێ ڕەخنەگر بەشوێن ئەو شتانەدا وێڵ نەبێ کە (خۆش و بەتامن) بەڵکو دەبێ لە (ڕاست و دروست)ی بگەڕێ · ڕاستی و دروستی ئەوەی کە تا چ ڕادەیەك هونەرمەند توانیویتی وێنەی (ئەسڵەکە) بکێشێ لە لایەنی چەندێتی و چۆنێتی‌یەوە ·

## هەڵسەنگاندن :ـ

تێکڕایی فەلسەفەی ئەفلاتون‌و بیرە سۆفیگەریەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمەن کە فەیلەسوفی تیا ژیاوە • ئەفلاتون فەلسەفەکەی لەوکاتەدا گەڵاڵە کردووە کە شارستانێتی ئەثینا داتەپیوە ، بۆیە سەیر نیە کە فەلسەفەکەی ڕەنگدانەوەی ئەو هەرەس‌و داتەپینەبێ • (ئەفلاتون ویستوویەتی خۆ لە واقیعی هەستی بدزێتەوەو دێوانەیی تیا بکاو ، لەبری ئەمە ببێتە هۆگری جیهانێکی دیکە ، خەونەکانی تیا بدۆزێتەوەو خێرو چاکەو جوانی تیا بەدی بێ)(١١) •

ئەفلاتون بەرزترین کەسێکە کەتوانی بێتی هەڵوێستی ئادەمیزاد دەربڕێ کاتێ خۆی لەنێوانی دوو واقیعی دژ بەیەکدا بەلەت‌و پەتی دەبینێ :ـ لەنێوانی بوونە زەمینیەکەیدا لەجیهانی بوونکاری‌و گۆڕانکارییەکاندا( السیرورة والتغیر )و لە نێوانی چاوبڕینی لەجیهانێکی ئایدیالی کەجوانی‌و تەواوی‌و نەمری تیا بەدی هێنرابێ (١٢) •

ئەفلاتون شوێنێکی گەورەی لەمەیدانی تیئۆری هونەردا داگیر کردووە • تەنانەت ئەفلاتونیزم بەڕەگە ڕەسەنەکانی ئیستاتیکا دادەنرێ (١٣) زۆر لەڕایەکانی ئەم فەیلەسوفە لەڕووی مێژووییەوە بایەخێکی گەورەیان هەیە لەکاتێکا ئەفلاتون ئەوە دەردەبڕێ کە هونەرمەند (لاسایی) واقیع دەکاتەوە یا واقیع کۆپی دەکا ، ئەو ڕاستییە دەردەخا کە واقیع سەرچاوەی بیرەکانی هونەرمەندە ••

---

(١١) في فلسفة الجمال ل٣٥ •

(١٢) هس ل ٣٨ •

(١٣) علم الجمال ل ١٩ •

بەڵام بەتەئسیری بۆ چوونە ئایدیالیەکەی دێ ئەم ڕاستی یە لە بناغەدا هەڵدەگێڕێتەوە کاتێ کە جیهانی ماتریالی ، واقیع ، بەتەنها ڕەمزێك و ڕەنگدانەوەیەکی ئایدیاو (ڕۆح) دادەنێ • وە هیچ نرخێکی بۆ ناهێڵێتەوە • • کەواتە دەتوانین بڵێین ڕاستە ئەفلاتون بناغەی تیئۆری ئیستاتیکی دانا ، بەڵام لەجیاتی ئەوەی ئەم بناغەیە لەسەر زەمین دانێ لەئاسماندا دای نا •

ئەفلاتون یەکەم کەسێکە کەدەوری کۆمەڵایەتی هونەر دیاری بکات و ئەرك و خۆبەستنەوەیەکی ئەخلاقی بخاتە ئەستۆی هونەرمەندانەوە : وە وەکو شارەزایەکی چاك تەئسیری سایکۆلۆژی هونەر لەسەر ئادەمیزاد ڕوون بکاتەوە •

ئەفلاتون دوژمنی شیعر نەبووە • گەرچی ئەم باوەڕە بۆتە شتێکی باو ـ خۆ ئەگەر دوژمنایەتیەکیشی بەرامبەر نیشان دابێ ئەوە لەبەر زۆری خۆشەویستی بووە بۆی • • • • ئەو شیعری زۆر خۆش ویستوە وە زانیویشیەتی شیعر بۆی هەیە کارێکی گەورە بکاتە سەر مرۆڤ چونکە خۆی شاعر بووەو نەفەسێکی شیعری ڕەوان لەنووسینەکانیا خۆی دەردەخات بەڵام وەکو دەردەکەوێ دۆستایەتی لەگەڵ سوکراتی مامۆستایاو کەوتنە ژێر تەئسیری هەڵوێستی عەقڵی ئەوەوە ، وای لێ کردووە ئەم هەڵوێستە توندو تیژە بەرامبەر شیعر وەرگرێ تەنانەت دەڵێن کاتێ پەیوەندی لەگەڵ سۆکراتدا بەست ، هەموو شیعرەکانی خۆی سوتاندن (١٤) چونکە ئەفلاتون هەڵبەتە لەتاقیکردنەوەی خۆیەوە دەرکی بەوە کردووە کە شیعر پشت بەسۆزو عاتیفە دەبەستێ وە لەسنورەکانی عەقڵی تێپەڕ دەکاو زۆرتر لایەنە سەلبی یەکان دەخاتەڕوو • لەبەرئەوە ئەفلاتون حوکمی شاربەدەرکردنی شیعر

---

(١٤) في فلسفة الجمال ل ٣٣ •

دەدات بەڵام ئەم حوكمە بنەبڕ (قطعی) نیە بەڵكو دەبێ شیعر ئەوە بسەلمێنێ كە جگە لەخۆشی بەخشی سوود بەخشیشە • بـۆئەوەی بڕیاری نەفی كردنەكەی هەڵبوەشێنینەوە (١٥) •

(١٥) الجمهورية ل٢٥٦ •



هەواڵنامەی كتێب

گرنگترین کتێبێکی ئەرستۆ کە دەربارەی هونەر بدوێ کتێبی (شیعر)ە (Poetics) بەڵام لەو کتێبەدا زیاتر دەربارەی (ڕەخنەی ئیستاتیکی) یا هەڵسەنگاندنی ئیستاتیکی دەدوێ لەوەی کە بێتو پێناساندنی (جوانی) یان شتی جوان خۆی بکاتو خاسیەتەکانی باس بکاتو حەقیقەتو جەوهەرەکەی دەستنیشان بکات(١) •

ئەرستۆ لە تیئوری جوانی ئەفلاتون دەکۆڵێتەوەو لەو لایەنەوە ڕەخنە لە فەلسەفە ئایدیالییەکەی دەگرێ •••••• بەڵام وەکو فەیلەسوفێك خۆیشی لە نێوانی ماتریالیزمو ئایدیالیزمدا هەڵدەسوڕاو لە ئاکامدا پتر بەلای ئایدیالیزمدا شکاندیەوەو ، باوەڕی هێنا بە بوونی ئەو خوایەی نابزوێو هەموو شتێ دەبزوێنێ(٢) ، ئەو کاتەی ئەرستۆ خووی دایە لێکدانەوەی هونەری چارەنووسی ئەثینیەکان کە ئەفلاتون هێندە بەتەنگیوە بوو ، بڕیار درابوو • گیروگرفتە کۆمەلایەتیو سیاسیەکان ئەو تاوو تیژیەیان نەمابوو کە لە کاتی ئەفلاتوندا هەیانبوو ئەمەش وای لە ئەرستۆ کرد کە بە هێمنانەتر لەو پرسیارانە خورد ببێتەوە کە مامۆستاکەی هێنابوونیە پێش(٣) • بلیمەتی ئەرستۆ لەوەدایە کە نەهات وەك ئەفلاتون چەند چەمکێکی تیئۆری گشتی دەربارەی هونەر بێنێتە کایەوە ، بەڵکو دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەیەکی ڕاستەوخۆی ئەدەب خۆی ••••

بۆیە دەبینین لەو بیرو ئاکامە گرنگانەدا کە دەربارەی هونەر

---

(١) د• محمد ابوریان • فلسفة الجمال • ل٢١ •
(٢) موجز تاریخ النظریات الجمالیة • ل٢٣ •
3. Vernan Hall. Ashort History of Literary Criticism.

وەدەستی هێناون پشت بە لێکۆڵینەوەی کاری شاعیرە مەزنەکانی گریك دەبەستێ وەك : هۆمیرۆس و سۆفۆکلیس و ئەوانی تر •

جا بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بیروڕاو تیئورە گرنگەکانی ئەرستۆ بزانین ، گەشتێکی هێمن بە کتێبی (شیعر)دا دەکەین •

**١ ـ لاسایی کردنەوە :ـ**

ئەرستۆ ئەو ڕایەی ئەفلاتون پەسەند دەکا کە هونەر لاسایی کردنەوەیە • بەڵام سێ پرسیاری گرنگ لەم لایەنەوە دێنێتە پێش کە تیئۆرەکەی ئەم لە تیئۆرە ئایدیالیەکەی ئەفلاتون دادەبڕێ •

١ ـ لاسایی کردنەوە لە چدا هەیە ؟

٢ ـ لاسایی چی دەکاتەوە ؟

٣ ـ چۆن لاسایی دەکاتەوە • واتە لاسایی کردنەوە لە ڕووی ئامراز (medium) بابەت و شێوە یان چۆنیەتیەوە (manner)(4)

ئەرستۆ دەڵێ :ـ

لاسایی کردنـەوە شتێکی سـروشتی یە لە مـرۆڤدا ، چونکە هۆیەکانیشی سروشتین •

یەکەم : لاســایی کردنەوە غەریزەیەکە لە مرۆڤدا هــەر لە منداڵییەوە لێی دەردەکەوێ و جیاوازی ئادەمیزاد لەگەڵ گیانداری ترا ئەوەیە کەئامادەییەکی پتری بۆ ئەم کارە هەیە • بەم لاسایی کردنەوەیــە ئادەمیــزاد زانیاری‌یــە سەرەتایی‌یــەکانی بەدەست دێنێ و ، خۆشی و لەزەتی لێ وەردەگرێ(٥) • زانین ـ خۆشی بەخشەـ نەك تەنها بۆ فەیلەسوفەکان بەڵکو بۆ هەموو خەڵك •••• ئێمە دڵخۆش دەبین بەبینینی دیمەنەکان چونکە زانیاریان لێ وەردەگرین ماناو واتاکانیان لێ دەردەهێنین •

---

4. Ascell Abercrombic. Principles of Literary. criticism. P. 82.

(٥) ارسطوطاليس • فن الشعر • ل١٢ •

دووەم : لاسایی کردنەوەش ، هارمۆنیو ئیقاعە (Harmony and Rhythm) ئەرستۆ هارمـۆنیو کێش بە ڕەگـەزی جەوهەری شیعر دادەنێ ... ئەمـەش پەیوەندی نێوان شیعرو مۆسـیقا بە ڕوونی دەردەبـڕێ . چونکە شیعر تەنها لاسایی کردنـەوە نیە ، بەڵکو هارمۆنیو ئیقاعیش لە هۆیـە سروشتییەکانێتی ـ لێرەوە داهێنانی هونەری بە لای ئەرستۆوە بریتییە لە دەربڕینی لاسایی کردنەوەکە بە ڕەنگو دیمەنو ئـاوازو هارمۆنی . ئەم لاسایی کردنەوەیە تەنهـا نیگارکێشیو پەیکەرتاشی ناگرێتـەوە ، بەڵکو شیعرو مۆسـیقاش دەگرێتەوە . واتە خاسیەتێکی گشـتی هەموو هونەرەکانە .

لاسایی کردنەوە بە پێی سێ شت دەگۆڕێ :ـ

ئامرازی لاسایی کردنەوەکە ، بابەتەکەیو ، شێوازەکەی ـ الاسلوب ـ بە لای ئەرستۆوە (ئەرکی ڕاستەقینەی شاعیر لەوەدا نیە کە ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، یـان واقیع کۆپی کا هەروەکو هەیە ، بەڵکو ئەرکی ئەو ، گێڕانەوەی ئەو شتانەیە کە دەشێ یان بەپێی گونجان ـ ئیحتیمال ـ یان بەپێی پێویستی ڕووبدەن)(٦) .

**٢ ـ جیاوازی نێوان شیعرو مێژوو :ـ**

بەلای ئەرستۆوە جیاوازی مێـژوونووسو شاعیر لەوەدا نیە کە یەکێکیـان ڕووداوەکان بە شـیعر دەگێڕێتـەوەو ئەویتر بە پەخشان . (دەتوانرا مێژووی هیرۆدتس بە شیعر دابنرێ لەگەڵ ئەوەشا هەر بە مێژوو دەمایەوە) بەڵام جیاوازییەکەیان لەوەدایە کە مێژوونووس ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە بەڕاستی ڕوویان داوە ، بەڵام شاعیر ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کەدەشێ ڕووبدەن، لەبەر ئەمـە پلەی شیعر لە فەلسـەفەو مێژوو بەرزتـرە . چونکە شیعر : شتی هەموویی ـ کلی ـ دەگێڕێتـەوە ، بەڵام مێژوو شتی

(٦) فن الشعر . ل٢٦ .

پارچەیی ـ جزئی ـ دەگێڕێتەوە(٧) ٠

**٣ ـ شێوەی لاسایی کردنەوە :ـ**

شاعیر وەکو نیگارکێش و هەموو هونەرمەندانی دیکە ، دەبێ یەکێ لەو سێ ڕێیە ڕەچاو بکات ، دەبێ دیمەنی شتەکان بکێشێت هەر وەکو لە واقیعدا هەن ، یـان وەکو خەڵك وەسفیان دەکاو بە دیار دەکەون ، یان وەکو دەبێ ببن ئەم وێنە کێشانەش بە ـوتەیەـ ئەمەش وشـەی نەناسراوو مەجازو زۆر ئاڵوگـۆڕی زمانەوانی دەگرێتەوە کە شاعیران ڕێیان دراوە بیکەن ٠

**٤ ـ هەڵەی هونەری :ـ**

دەشێ لە هونەری شیعردا دوو جۆر هەڵە هەبن :ـ

یەکەم : هەڵەیەك کە پەیوەستە بە هونەری شیعر خۆیەوە ٠

دووەم : هەڵەیەکی لابەلایی ـ عرضی ـ ئەگەر شاعیر ویستی کارێك لاسـایی بکاتەوەو لەبەر بێ دەسەڵاتی سەرنـەکەوت ئەوا خەتایەکە دەگەڕێتــەوە بـۆ سنعەتی شـیعر خـۆی ، بـەڵام کە سەرنەکەوتنەکە لەبەر ئەوەبێ کە وێنەکێشانەکەی خراپە ، وەکو ئەوەی دیمەنی ئەسپێ بکێشێ کە هەردوو لینگی پێشەوەی لە یەك کاتدا بۆ پێشەوە بهاوێ ، یان کە شتی مەحاڵی بەکارهێنا ، بە هەر جۆرێ بێ ، ئەوە خەتایەکە بۆ شاعیر دەگەڕێتەوە نەك بۆ سنعەتی شیعر خۆی ٠٠٠٠ بەڵام ئەرستۆ ڕێگە دەدا کەشاعیر مەحاڵ دەربڕێ بە مەرجێ بتوانێ لەم ڕێگەیەوە ، ئامانجە هونەرییەکەی بەدەست بێنێ (ئەگـەر شیعر مەحـاڵی تیـابێ هەڵەیە ، بـەڵام هەڵەیەکە دەتوانرێ چـاوی لێ بپۆشـرێ ئەگـەر بتوانین بگەیـنە ئامانجە ڕاستەقینەکە ، چونکە ئەم ئامانجـەی تیا بەدەرکەوتووە ٠ بەڵام ئەگەر بتـوانرێ هەر ئەو ئامانجە بە شێوەیەکی باشـتر بەدەست

---

(٧) هس ٠ هل ٠

هەولێرنامەی کتێب

بهێنرێ یان بەدی بهێنرێ لەگەڵ ڕێزگرتنی ڕاستیشا ، ئەوا ئەم خەتایە چاوپۆشی لێ ناکرێ) • لێرەدا ئەرستۆ دەڵێ : دەبێ بزانین هەڵەکە سەر بەکاملایە : ئەو هەڵانەی دەگەڕێنەوە بۆ هونەر ، یان شتێکی لابەلایی•••چونکە ئەو هەڵەیەی لەوەوە دروست دەبێ کە نەزانی بزنە کێوی شاخی هەیە ، زیاتر جێگەی لێبوردنە لەوەی بێی دیمەنێکی خراپی بکێشی •

خۆ ئەگەر هاتو ڕەخنە لەسەر ئەو بنچینەیە داڕێژرا کە هونەرەکە هاوتای واقیعو ڕاستی نیە ، ئەوا بەرپەرچ دانەوەمان بۆ ئەوە ئەوەیە کە دەڵێین : شاعیر وێنەی شتەکانی کێشاوە وەکو دەبێ ببن (چونکە لە شیعردا موستەحیلی قەناعەتبەخش باشترە لە شیاوی موستەحیل) •

هەواڵنامەی کتێب

### ٥ ـ بابەتی شیعر :ـ

بە لای ئەرستۆوە بابەتی شیعرەکە دەورێکی گەورەی هەیە لە دیاریکردنی چەشنی شیعرەکەداو ، پەیوەندییەکی پتەوی هەیە لەگەڵ سایکۆلۆژیەتو کەسایەتی شاعیردا ، شیعر بەگوێرەی سروشتی شاعیرەکان دابەشبووە :ـ

ئەوانەی مێشکێکی بەرزیان هەیە لاسایی کرداری بەرزو ئیشی پیاوچاکانیان کردۆتەوە ، بەڵام خاوەن نەفسیەتە نزمەکان لاسایی کرداری کەسانی بێنرخو هیچوپوچیان کردۆتەوەو ، هەجوویان نووسیوە ••• بەڵام کۆمەڵی یەکەم سروودو ستایشیان بۆ خواکانو پیاوماقوڵەکان نووسیوە(٨) •

### ٦ ـ کۆمیدیو تراژیدی :ـ

ئەرستۆ جیاوازیی نێوان کۆمیدیو تراژیدی ڕووندەکاتەوە، کۆمیدی لاسایی کردنەوەی ئەو کەسانەیە کە پلەیەکی نزمیان

---

(٨) فن الشعر ، ل١٣ •

خەڵك بێنێتە پێکەنین • بەڵام تراژیدی (لاسایی کردنەوەی کارێکی گرنگ‌و تەواو بەرزو بەرێزە • درێژییەکی زانراوی هەیە •• هەیە ، لاسایی کارو هەڵوێستی دزێوو ناشرینە بە مەبەستی ئەوەی زمانی گێڕانەوەکەی بە ئارایشی هونەری ڕازاوەتەوە ، بەپێی جیاوازی بەشەکان ••• ئەو گێڕانەوەیە بەهۆی کەسانێکەوە دەبێ کە خۆیان (کردارەکە ـ نواندنەکە) دەکەن ، نەك بە حیکایەت ، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرپاکردنی ترس‌و سۆزو لەئاکاما دەبێتە هۆی ئەوەی بینەر لەو سیفەتانە پاك‌بکاتەوە ، مەبەست لە زمانی بە ئارایشتیش ئەو زمانەیە (ئیقاع‌و ئاوازو سروودی تیابێ)(٩) •

کەواتە جیاوازی نێوان کۆمیدی‌و تراژیدی لەوەدایە : کە کۆمیدی ئادەمیزاد خراپتر لەوەی هەیە نیشان دەدا ، بەڵام تراژیدیا چاکتر لەوەی هەیە نیشانی دەدا • لێرەدا خاسیەتی هونەر لەلای ئەرستۆ ئەوەیە کە سروشت بگۆڕێ ، لە نرخی مرۆڤ کەم‌کاتەوە یان بەرزی‌کاتەوەو بە پیرۆزی دابنێ ، هونەر تەنها لاسایی کردنەوە نیە ، گۆڕینیشە •

**٧ ـ جوانی‌و سیستم :ـ**

بەلای ئەرستۆوە هیچ گیان‌لەبەرو هیچ شتێکی پێك‌هاتوو لە چەند پارچەیەك ناشێ جوان بێ تا ئەو ڕادەیە نەبێ کە پارچەکانی ڕێك‌خرابن بەپێی سیستمێك‌و ، نابێ قەبارەیەکی ناماقولی هەبێت ، چونکە هەموو شتێ بە ڕێك‌بوون ـ نسق ـ و بە میقدار ڕاست دەبێت (جوان چ گیان‌لەبەر بێ یان شتێ بێ لە چەند پارچەیەك پێك‌هاتبێ ، بە پێداویستی ، سیستمێکی تیایە کە پارچەکانی بەیەکەوە دەگونجێنێ‌و ئێسقانیشی هەن کە بەستراون بە هەلومەرجێکی دیاری کراوەوە ز •• جوانی لەسەر ئێسقان‌و

(٩) فن الشعر ، ل١٨ـ١٩ •

سیستم وەستاوە • لەبەرئەوە ئۆرگانیزمی زیندوو ئەگەر زۆر بچووك بێ ناشێ جوان بێ ، چونکە زانیاری ئێمە دەربارەی شاراوەو نادیار دەبێو ناتوانین پارچەکانی جیاکەینەوەو تەبایی و گونجان لەپێك هاتووەکەیدا تێبگەینو ئەگەر زۆر گەورەش بێ ئەوا چاو دەرکی پێ ناکات بەڵکو یەکێتی یەکەو هەمووەکە لەبەرچاوی بینەر ون دەبن)(١٠) •

بۆیە لە هونەریشا سیستەمو نەخشەکێشان پێویستە تا کاری هونەری سەرکەوتوو بێ (ئەگەر وێنەکێشێك وێنەکەی بەجوانترین ڕەنگ بڕازێنێتەوە بەڵام نەخشەیەکی دیاریکراوی نەبێ کارەکەی پلەی نزمتر دەبێو جوانی کەمتر دەبێ لە نیگارکێشێك کە وێنەیەکی خەتکێشی ـ تخطیطي ـ بکێشێ)(١١) •

**٨ ـ لەنێوانی ئەفلاتونو ئەرستۆدا ، (هەڵسەنگاندن) :ـ**

بەمەبەندەی سەرەوە لە خستنەڕووی تیئۆریەکانی ئەرەستۆ واز دێنینو ، ئێستا دەمانەوێ بزانین : ئەرستۆ تا چ ئاستێك لە ئەفلاتونی مامۆستای تێپەڕیکردو چ زیادانە چین کە خستنیە سەر تیئورەکەی ئەو •

١ ـ لای ئەفلاتون ئایدیال بریتی یە لە جوانی خۆی لە خۆیدا ••لە نموونەیەکی نەمرو وێنەیەکی پەتی لە دەرەوەی عەقڵی ئادەمیزادو دەرك پێ کردنیدا • بەڵام ئایدیال لای ئەرستۆ ڕەمزێکە بەستراوەتەوە بە بیری ئادەمیزادو بابەتەکەی ، لەناو دەروونماندا جێگیر بووەو ، هیچ ئایدیالێك نیە کە لە سەرووی ئادەمیزادو لە سەرووی ئەم جیهانەوە بێ ••• هەموو شتێ لە خۆماندا شاردراوەتەوە • ئایدیال لە ئادەمیزادا خۆی حەشارداوە ،

---

(١٠) فن الشعر ، ل٢٣ـ٢٤ •
(١١) فن الشعر ، ل٢١ •

ئادەمیزاد هیـچ شتێکی پێـویست و بەکەڵك ناخـوازێت لەپێناو جوانیدا نەبێ ... بەڵام ئەم جوانی یـە لەگەڵ عەقڵی ئادەمیزادا (یەکێك)ە ، هونەریش تەنها هەندێکە لە مەلەکەی بەرهەم هێنان کە (عەقڵی هـەق) بەڕێـوەی دەبا . هونـەرمەند لای ئەفلاتـون جەوهەری ئەو شتانە نازانێ کە دەریان‌دەبڕێ بەڵام لای ئەرستۆ هونەرمەند جەوهەری شتەکان دەزانێ و گەنجینەکانی ئەم جیهانە هەستییە دەدۆزێتەوەو بەشێوەیەکی هونەری دەریان‌دەبڕێ .

٢ ـ ئەرستۆ هونـەر بە ڕەنگدانـەوەی واقیـع دادەنێ نەك ئایدیال) . ئـەم پەیوەندییـەی نێـوان هونـەرو واقیـع لەسەر بناغەیەکی ماتریالی چارەسەر دەکات، بەلای ئەرستۆوە هونەرمەند واقیع بە شێوەیەکی میکانیکی دەرنابڕێ و وەك خۆی کۆپی ناکات بەڵکو وەکـو دەبێ ببێ . لێرەدا ئەرستۆ بـە ڕوونی گیروگرفتی ئایدیالی هونەری چارەسەر دەکا . ئێمە نابێ بۆ ئایدیالی هونەری تەنها لە عەکس کردنەوەیەکی کتومتی واقیعدا لە حاڵی حازردا بگەڕێین ، بەڵکو لە پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی واقیعدا (چونکی جوانی لە حەقیقەتی ڕیالیستی بەرزتـرە) و هەروەها لە هەستێکی ئایندەیی دەربـارەی ئەو شتانەی دەشێ ڕوو بدەن . هـەر لێرەوە ئەرستۆ (موستەحیلی گونجاو) لە (گونجاوی موستەحیل) بە باشتر دادەنێ و (موسـتـەحیل) بە شتێکی ڕاست و گونجـاو دادەنێ ئەگەر ئامانجێکی هـەبێ و بەرهـەمی ئـەدەبی جوانتـرو دەربڕینـەکە سەرکەوتووتر بکات .

٣ ـ لەکاتێکدا لاسایی لەلای ئەفلاتون هەموو لکەکانی زانین دەگرێتەوە لای ئەرەستو تەنها هونەرە جوانەکان دەگرێتەوە ... وە لەکاتێکا لای ئەفلاتون لاسایی کردنەوە تەنها لاسایی کردنەوەی (ئایدیال) دەگەیەنێ لەلای ئەم دەشێ لاسایی کردنەوەی هەرشتێ یاهەر بابەتێك بێ . ئەرەستو ژیانی ئادەمیـزادی هەڵبژارد ، بە

بابەتی لاسایی بەتایبەتی لەشیعرو تراژیدیدا •

٤ ــ جوانی لای ئەفلاتون لە (ئایدیال) لەجیهانی ناماتریالی دایە • بەڵام ئەرستۆ بەدوای مەرجە بابەتییەکانی زانیندا گەڕا نەك لەجیهانی ئەودیوی ناسینی هەستییەوە بەڵکو لەو واقیعەدا کە دەوری داوە • ئەرەستو جوانی بەخاسیەتێك دادەنێ کە بەواقیعی لە شتەکاندا هەیە زیاد لەمەش چەند پێوانەیەك بۆ ئەو جوانییە دیاری دەکا وەکو سیستەمو هاوڕێژەیی ـ تناسب ــو ـ ڕوونی ــو جوانترین دەربڕینی جوانی لەگیان لەبەرانا بەتایبەتی لە ئادەمیزادا بەدی دەکرێ • ئادەمیزاد بەهارمۆنی فۆرمەکەی و هاوڕێژەیی ئەندامەکانی خۆی لەخۆیدا دەربڕینی جوانییەو نموونەیەکی سەرەکییە بۆی • کەواتە جوانی لای ئەرەستۆ ئەو شتەیە کە بابەتیو موتلەق بێ • تەواو بێو سنورێکی دیاری کراوی هەبێ ، سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی هەبێو پارچەکانی بەیەکەوە بەسترابنەوەو بەڕێکی، یەك بەدوای یەکدا بێن (١٢) •

٥ ــ سەرچاوەی خۆشی ئیستاتیکی لای ئەفلاتون گەیشتنە جیهانی ئایدیالو بەدەست هێنانی لەزەتی ڕۆحییە • لای ئەرستۆ : خۆشی ئیستاتیکی لەبەدەستهێنانی زانین دروست دەبێ • ئارەزوو بوونی مرۆڤە لەزانین کەپاڵی پێوە دەنێ بۆ لاسایی کردنەوەو بەرهەم هێنانی کاری هونەری • وە لەکاتێکا ئەفلاتون خۆشی ئیستاتیکی بە ویژدانی دەروێشییەوە دەبەستەوە ، لای ئەرستۆ حەقیقەتێك بوو لە خۆیەوە وەستابوو •

٦ ــ ئەرەستۆ جیاوازی لەنێوان هونەرە جوانەکاندا دەکا بە پێی ئامرازی دەربڕینیان • دەنگ ئامرازی مۆسیقاو گۆرانییە ، ڕەنگو وێنە ئامرازی نیگارکێشانو کۆڵینەو بزوتنەوەی

---

(١٢) موجز النظريات الجمالية • ل ٢٤ •



هەواڵنامەی کێلر

ئیقاعیش ئامرازی سەمایەو ، وشەو کێشیش ئامرازی شیعرن ، و ئەم شێوانەی هونەریش دیسانەوە بەش دەکا بۆ هونەری بزووتن : وەکوو شیعرو موسیقاو سەما ، وە هونەری بێ دەنگ : وەکوو نیگارکێشی و پەیکەرتاشی ) •

٧ ــ لای ئەرستۆ پرۆسیسی داهێنانی هونەری و تێگەیشتنی ئەو داهێنانە دوو چالاکی مێشکی تایبەتین بە ئادەمیزادەوە • لە بەر ئەوە ئەم پرۆسیسە شیاوی تێگەیشتنە • وەلێرەوە ئەرەستۆ داوا دەکا کە هونەرمەند تەنها خوو نەداتە لێکۆڵینەوەی داهێنانی هونەری بەڵکو پێویستە گرنگی بدا بە هەڵسەنگاندنیشی وە بۆ ئەوەی بتوانێ کاری هونەری هەڵبسەنگێنێ ، دەبێ ڕۆشنبیریو شارەزاییەکی دیاری کراوی هەبێ • (بۆ ئەوەی بتوانی شتێ هەڵبسەنگێنی دەبێ بتوانی تێی بگەیتو بیکەیت • • • لەبەر ئەوە مرۆڤ دەبێ هەر لەمنداڵیەوە ئەو بابەتانە بخوێنێو گرنگیان پێبدات) (١٣) •

٨ ــ ئەرستۆ لەگەڵ ئەفلاتووندا هاوڕایە کە هونەر کارێکی گەورە دەکاتە سەر ئادەمیزاد • بەڵام ئەرستۆ لە گۆشەیەکی سەلبییەوە بۆ ئەم مەسەلەیە ناڕوانێ • بەڵکو زۆر کارامانە هونەرو چالاکی ڕەوشتی ئادەمیزاد بەیەکەوە دەبەستێتەوە • بەلای ئەوەوە بەرهەمی هونەری ئاستی مرۆڤ بەرزدەکاتەوە ، بۆ وێنە لە تراژیدیادا ترسو موعانات دەبێتە هۆی پاککردنەوەی روح لەو خرۆشانەو گێڕانەوەی ئارامو خۆشی بۆ ئادەمیزاد •

---

(١٣) موجز النظريات الجمالية ل ٢٨ •

## ئەفلاتونیزمی نوێ New Platonism

ئەفلاتونیزمی نوێ فەلسەفەیەکی سۆفی ـ گەرییە لەسەردەمی هەرەس هێنانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانیدا (لە سەدەی سێوە تا سەدەی شەشەم) دەرکەوتو پەرەی سەند ... ئەم فەلسەفەیە پشت بە باوەڕە ئایدیالییەکانی ئەفلاتون دەبەستێ دەربارەی بوون ... یەکەمجار قوتابخانەی ئەفلاتونیزمی نوێ لە (مصر) دامەزرا ئینجا لە ڕۆماو سوریاو ئەثینا هەتا ساڵی ٥٣٩ بەردەوام بوو . گرنگترین نوێنەرێکی ئەم فەلسەفەیە ئەفلۆتینە کە مەبەستی باسەکەی ئێمەیە .

### ئەفلوتین[1] :ـ

فەلسەفەی ئەفلوتین گوزارشت لە بیرەکانی سەردەمی هەرەس هێنانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیو شارستانێتی کۆن دەکا ... ئەفلوتین لەبەر تیشکی فەلسەفە ئایدیالییەکەی لە جوانی دەکۆڵێتەوەو دەیبەستێتەوە بە جیهانی ئایدیا ـ و ـ روحەوە .

جوانی لە گیان یان ڕۆح دایە نەك لە مادەدا ، بۆیە بابەتی جوانی خۆشویستنی ڕۆحەو ، هەتاوەکو ڕۆح زیاتر لە گەردو تۆزی ماتریال پاكبێتەوە زیاتر لە (جوانی) نزیك دەبێتەوە . (کاتێ گیان شتێکی جوانی دێتە ڕێ یەکسەر بەرەوڕووی دەچێ چونکە دەیناسێتەوە مادام هەردووکیان لەیەك تەبیعەتن . بەلام کە شتێکی دزێو دەبینێ لێی دەسڵەمێتەوە چونکە بە پێچەوانەی تەبیاتی ئەوەوەیە ، لەبەر ئەمە ئەفلۆتین باوەڕی وایە هەر شتێك

---

(١) بڕوانە : في فلسفة الجمال ، افلوطين . ل١٠٢ـ١١٢و ئەفلوتین ، تاسوعی یەکەم ، فەسڵی شەشەم ، گۆڕینی د. اميرة حلمي مطر . هەر لەو کتێبەدا ل١١٣ـ١٢١ .

بەپێی ئایدیایەکی ماقول پێك هاتبێ جوان دەبێ ٠ جوانی ئەوەیە
کە وێنەی بۆ کێشرابێ ، دزێو ئەوەیە کە لە وێنەی بەجێ بێبەش
بێ ٠ بۆ سەلماندنی ئەمە ئەگەر ئێمە بەراورد لە نێوان دوو بەردا
بکەین : یەکێکیان لەسەر شێوەی وێنەیەك ، وەك وێنەی خوایەك
یا مرۆڤێـك کێشرابێ و ، دووەمیـان بەبێ هیـچ نەخشاندنێك و
وێنەیەکی بەجێ بێ ، دەبینین کە یەکەمیان بایەخی جوانی زیاترە
لە دووەمیان بەلام مادام چاوگەی جوانی لە ماتریالدا نیە ، بەڵکو
لە وێنە یا ئایدیالییەکەیدا هەیە ، ئـەوا هونەرمەند گەر بیەوێ
بگاتە پلـەی تەواوی نابێ وێنەکەی لە سروشت خـۆی وەرگرێ ،
بەڵکو دەبێ لـە جیهانی هۆشدا بۆ ئەو وێنە عەقڵییە بـگەڕێ کە
سروشتی تێدا داڕێژراوە ٠ ئەو لەش و جەستە جوانانەی لە دنیادا
هـەن ڕاسـتییەکەی ، شوێنـەوارو وێنەو سـێبەری جـوانییە
بەرزەکەن :ـ جـوانی ڕۆح (جوانی یـەکە خۆی لە خۆیـدا پاك و
بێ گەردەو چـڵکی ماتریال و لەشی بەرنەکەوتووە خۆی بەسـە بۆ
خۆی و ٠٠٠٠ نیعمەتی بەسەر ئەوینـدارەکانیا دەڕێژێ و پڕیان
دەکات لە ئەوین ) (ئەفلوتین ـ تاسوعی یەکەم ، فەسڵی شەشەم( ٠
مەڵبەندی ڕۆح ، مەڵبەندی هـەوەڵی و ئەزەلی ئادەمیزادە لەوێوە
هاتووەو دەخوازێت بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە خوداییەکەی ، بەلام
ئەم گەڕانـەوە (نە بە پێ دەبێ نە بە عەرەبانەو نە بـە کەشتی)
بەڵکو لەڕێگەی لێ خوردبونەوەی سۆفی گەریانەو زیندوکردنەوەی
ئەو ڕوانگە ڕۆحی یەی لە ئینساندا هەیە بەدیدەهێنرێ (چاوەکانت
دابخەو نیگات لە بینینی دەرەوەڕا وەرگێڕە بۆ بینینی ناوەوە تا
ـ ئەو ڕوانگە ڕۆحی یە ـ لەناو خۆتا هەڵدەستێنی ، چونکە هەموو
مرۆڤێ هەیەتی ، بەلام ئەوانەی دەتوانن بەکاری بێنن زۆر کەمن)
(تاسوعی یەکەم ، فەسڵی شەشەم) ٠ ئەو جوانیەی کە ئێمە لەدنیادا
لە ڕێـگەی هەستەکانمانەوە وەری دەگرین ، بـەلای ئەفلۆتینەوە

نزمترین‌و بێبایەخ‌ترین جـۆری جوانی‌یە •••• چونکە جوانی حەقیقی وەکو گوتمان لە روح‌و لە سەرووی روحیشەوە لە (خوا) دایەو جوانیش هەمووی نەقڵ نـابێ ، بەڵکو تەنها بەشێکی نەقڵ دەبێ ، چونکە : (ئەسڵ) تا زیاتر دابەزێت کەمتر دەبێتەوە •••• هەروەکو چۆن تیشکی ئاگر تا لە چاوگەکەی پتر دوورکەویتەوە رووناکاییەکەی کەمتر دەبێتەوە •

هەر بەم پێیەش ئەو جوانییەی لە هونەرمەند خۆیدا هەیە ، زیاترە لـەوەی لە کارە هونەرییـەکانیدا هەیە ، چونـکە ئەوەی هەمیشە لە هۆدایە هەیە بەهێزترە لەوەی لە (هۆدار)دا هەیە • هەر وەکو چۆن خواکان هەمیشە بەرزتـرن‌و هونەرەکەیان پیرۆزترە •••••• چونـکە (هۆش) لەوانـدا بەرزترە لەوەی لـە ئێمەدا هەیە •

ئەم باوەڕە ئایدیالی‌یە باڵی بە ئەفلۆتینەوە نا کە گومان لە هەموو شتێکی دنیایی بکاو بـە چاوێکی سووک‌و نزم بڕوانێتە عەقڵ‌و هـەست‌و سۆزی ئادەمیزادو پلەی یەکەمی گرنگی بـدا بە لێخوردبوونەوەی سۆفی‌گەریانە •

## جوانیو سۆفیگەری Beauty and Mysticism

سۆفیگەری بریتییە لە ڕوانینێکی دینی بۆ جیهان ••• بنەڕەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تقوسە نهێنییانەی کۆمەڵە ئاینییەکان لە کۆندا لە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا دەیانکرد • مەبەست لەو تقوسانەش پەیداکردنی پەیوەندی لە نێوان ئادەمیزادو خواداو یەك گرتن لەگەڵ یەزداندا لەڕێگەی ـ وەجد ـو ـ کەشف ـەوەیە(١)

ڕەگەزەکانی سۆفیگەری لە زۆر باوەڕە ئاینییە فەلسەفییە کۆنەکاندا وەکو کۆنفۆشیزم ـ لە چینو براهمانیو ئەفلاتونیزمو ئەفلاتونیزمی نوێدا بەدی دەکرێ • بۆزیەکان جۆرە تقوسێکیان هەبوو ، کە پێیان گوتووە (ئیرڤانا)و مەبەست لێی لەناو چوونی (خودی ئینسان بووە لە ڕێگەی دێوانەییو نەفس کوێرکردنەوەو تێکەڵ بوونی لەگەڵ ـ بوونی هەموویی ـدا ) •

لە ئاینی مەسیحیشدا (لاهوتی سۆفیگەریانە) (mystic theology) شوێنێکی دیاری هەیە • مەبەست لە لاهوتی سۆفیگەریانە (ناسینی خوداو کاروباری خوداییە ، ئاینێکی ـ زەوقی ـ یە ، واتە لە ڕێگەی ئەزموونی هەستییەوە دێتە دی ••• ئەمەش بە بابەتو ئامرازەوە زانستێکە لە سەرووی سروشتەوەیە ••• چونکە مرۆڤ ناتوانێ بەهێزی سروشتی خۆی بگات بە خودا ••• بەڵام خودا خۆی مرۆڤ بەرەو ئەو ڕووناکاییەی خۆی ڕادەکێشێ کە عەقڵ ناتوانێ تێی بگات ، بەڵام (دڵ) هەستی پێدەکاتو خۆشیدەوێو دەیپەرستێ) • بۆ گەیشتن بە یەزدان دەبێ بێوچان لەسەر لێخوردبوونەوەی سۆفیگەریانە پراوە بکرێو ، هەموو حەواسو کردارە عەقڵیەکان بخرێنە لاوەو بە خواستێکی قایمەوە بەرەو ئەو (بووە) بڕۆین کە لە دوای هەموو (چییەتییەك)و (بیرێك)ەوە هەیە •

---

(١) الموسوعة الفلسفية ل١١٧ •

بەڵام ئەوانـەی باوەڕیان بەوە هەیە کە دەتوانن بـە هێزی عەقڵیان ئەم (بووە) کە تاریکایی کردۆتە مەڵبەندی خۆی ، وەك داود پێغەمبەر دەڵێ : بناسن ، ناتوانن لەمە بگەن ... کاتێ گیان لە جیهانی هەستیو عەقڵی دەربازی دەبێ ، دەکەوێتە ناو تاریکایی (نەزانینێکی پیرۆز)ەوە لە هەموو زانینێکی پشکێنەرانە وازدێنێو لەو (بووە) نەبینراوە نەزانراوەدا ون دەبێو لەگەڵیا یەكدەگرێو ... لـەو (نەزانینە موتلـەقە) زانینێـك وەردەگرێ کـە عەقڵ نایگاتێ(٢) . باری سەرنجی سۆفییەکان بەرامبەر جوانی لەو بیرە سۆفیگەریانەوە سەر هەڵدەدا . جـوانی ڕەسەنو ڕاستو ئەزەلی جوانی خودایییە ... مرۆڤ تەنها لـە ڕێگەی نزیك بوونەوەی ڕۆحی لە خوا دەتوانێ پێی بـکات (قەدیس اوگستین Saint Augustin ٣٥١ـ٤٣٠) کـە یەکێکە لە باباکانی کەنیسـەو مامۆسـتاکانی لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتا دەڵێ (یـەزدان ئەو هونەرمەندە گەورەیـە کە فۆرمو جوانیو نیزام بـە پێی یاسا تایبەتیەکانی ، بـە هەموو شتێك دەبەخشێ . یـەزدان حەقیقەتی هەموو جوانییـەکە بەڵکو لـە هەمـوو جوانییەك بـەرزترە)(٣) جیهانیش جوانە چونکە خودا دروستی کردووە .

خوا :ـ جوانی موتڵەق و هەمیشەیی و هەستییە ..... بەڵام جوانی هەستی بەلای ئۆگستینـەوە ڕەمزێکە بۆ یەکێتی ئەودیوی سروشتو دابەشکردنی ئیقاعیی شتەکان و واتاکانیان . جوانی هەستی گوزارشت لەچاکەو لەحەقیقەت دەکا ) ... وە دەتوانین لەڕێگەی هەستەکانمانەوە تێیان بگەین .

---

(٢) یوسف کرم ـ تاریخ الفلسفة الاوربیـة في العصر الوسیط دار المعارف بمصر ل ٥٤ .

(٣) موجز تاریخ النظریات الجمالیة ل ٧٦ .

بەڵام جوانی خۆی لەخۆیدا مانا هەڵناگرێ بەڵکو ئەو مانایە هەڵدەگرێ کە تێیدا چەسپێنراوە(٤) • (Spinoza) (سپینۆزا)ی فەیلەسوفیش (١٦٣٢ ـ ١٦٧٧ ز) جەوهەری خودایی بە هەموو شتێ دادەنێ لەسروشتدا • هەرچی لەگەردووندا هەیە لەگیانداران و بێگیانان ڕواڵەتی ئەو جەوهەرەن •• جەوهەری خوداییش لای سپینۆزا دوو خاسیەتی بنەمایی هەیە : ئایدیا لەلایەکەوەو، بەربڵاوی ـ امتداد ـ لەلایەکی دیکەوە • هەرچی بیرە پارچەییەکان هەن لەو (ئایدیا)یەوە هەڵڕژاون ، وە هەرچی لەشی تاکیش هەیە ئادەمیزادی بێ یان گیان لەبەری ، یا بێگیان ـ لەبەر بڵاوییەوە هەڵڕژاون • زانینی یەقینی لای سپینۆزا زانینی ڕواڵەتە دەرەوەیەکانی جەوهەرو شێوەکانی نیە هەروەکو بۆ هەستەکانمان بەدیار دەکەون ، یان خەیاڵی لێ دەکەینەوە ••• بەڵکو زانینێکی عەقڵی ڕاستەوخۆیە • کەدەشێ بۆمان بسەلمێنێ کە ئەم جەوهەرە هەموو شتێکە لەبووندا ،وە غەیری ئەمە ڕواڵەتی ئەون • لای سپینۆزا ئەو خۆشەویستییە عەقڵییەی نەفسی ئینسان بەرامبەر خوا هەستی پێ دەکا ، بەشێکە لەو خۆشەویستی یە بێکۆتایی یەی خوا خۆی پێ خۆش دەوێ •

## سۆفیزم لە ئیسلامدا

سۆفیزم لەئیسلامدا (Sufism in Islam) سۆفیزم لەئیسلامدا نەخشەیەکی گرنگی داگیر کردووە • تەنانەت (نیکلسنی) ڕۆژهەڵات ناس : ـ سۆفیزم بە فەلسەفەی ئیسلام دادەنێ(٥) لێکۆڵەرەوەکان لەسەر ئەوە تەبان کە پەیدا بوونی سۆفیزم بەو

---

(٤) هسن ـ هل •

(٥) نیکلسون • • التصوف في الاسلام •

(٦) نشأة التصوف ـ عبدالكريم الخطيب ل ٣٠

واتایەی ئێستای دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووەمی کـۆچی (٦) دوای ئەوەی کە پێداویستیەکی بابەتی هاتەکایەوە بـۆ جیاکردنەوەی خواپەرستو پیاوچاکان لەوانەی لەڕێبازی ئایین لایان دابوو ، بە تایبەتی دوای پەرەسەندنی ئیسـلام و داگیر کـردنی ولاتەکانی فارسو ڕۆم ، کە ئـەو وولاتانە گەیشتبـوونە پلەیەکی بـەرزی شارستانێتی و پێشکەوتن ، وە موسڵمانەکان وایان لیٚهات دەست بدەنە ڕابواردنو لەزەتی دنیایی •

بەلاٚم دیارکردنی چیەتی سۆفیزم و شوێنی لەئایندا ، مشتو مڕێکی زۆری لەسەرە • هەندێ کەس سۆفیەکان بەهەرە خواپەرست دادەنێن ، لەکاتێکا گروهێکی تر بەزندیق و لەئاییـن دەرچوویان دەژمێرن •

## ووشـەی ((صۆفی)) لە زمانـدا

دەربارەی ڕەگەزی ووشەکە چەند ڕایـەکی جیاواز هەیە ، هەندێك دەڵێن لە(صف) واتە (ڕیز) وە هەندێك دەڵێن لە(صفوت) وە واتە (ئەو پیاوە چاکانـەی لای خوا هەڵبژێردراون) هاتـووە بەلاٚم ڕاسترینی ڕایەکـان ئەوەیە کە لەووشـەی (صوف) واتـە (خوری) یەوە هاتووە (٧) ،

ئەمەش لەوەوە هاتووە کە دەرویشەکان بەرگی خوریان لەبەر کردووە بۆ جیاکردنەوەیان لەخەڵکی تر ، وە بەڕای نیکلسۆن ئەم عادەتە لە مەسیحیەکانەوە وەرگیراوە • • • • ئاینی مەسیحی و

---

(٧) صۆفی : ناوی نەسەبە ئەگـەر لە (صف)ەوە هـاتبێ دەبێ بگوتـرێ (صفی) وە ئەگـەر لە(صفوة) شەوە هـاتبێ دەبێ بگوترێ (صفوی) کەواتە هەر لە(صوف)ەوە وەرگیراوە • بڕوانە : ابـن تیمیة ـ الصوفیة والفقراء ـ تحقیق محمـد عبدالله السمان ص ٨ ـ ١٢ ١٩٦١ القاهرة •



هەواڵنامەی کتێب

ئەفلاتونیزمی نـوێ دەوریان بینیوە لەڕشتنی ڕەنـگی سوفیـزم بەسەر ئاینی ئیسـلامدا •• بەلام نـابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە قورئان خۆی سەرچاوەیەکی گرنگەو بەپێزی سۆفیزمە بەتایبەتی لەداڕشتنی دووبنچینە سەرەکی‌یەکەیدا : ـ ترسان لەمردن‌و سزای دۆزەخ وە خۆشەویستی یەزدان بەنیازی سەندنی بەهەشت •

## سۆفیزمی ئیسـلامی

چەمکی سۆفیزمی ئیسـلامی جیانیە لـەو چەمکانەی باسـمان کردن : نزیك بوونەوە لەخواو گەیشتن پێی••خوا سەرچاوەیەکی هەمیشەیی هەموو جوانی‌و خۆشەویستیەکە •• جوانی موتلەق‌و خۆشەویستی موتلەق هەر ئەوە •••••

وەمرۆڤ کاتی نزیك بوونەوەی ڕۆحی لەخـوا ، دەتوانێ جوانی جیهانی ماتریالی فەرامۆش بکاو بگا بەجوانی خواوەندی‌و لەزەت‌و خۆشی‌یەك بەدەست بێنێ کە لەسەرووی هەموو لەزەت‌و خۆشی‌یەکی دیکەوەیە • سـۆفیزمی ئیسلامی لەسـەر دوو بناغە دروست بووە : ـ

١ ـ ترس : ـ ترس سەرچاوەیەکی غەیبی ئایینی هەیە •• ترس لەمردن ترس لەدۆزەخ لەسزاو حیسابی ڕۆژی حەشر •••

وە مادام مردن هەیە دنیا هیچ‌و بێ‌بایەخە •• کەواتە گرنگ جیهانی دووەمە لێرەدا مردن دەبێتە مۆتەکەیەك هەموو دەمێ چۆکی لەسەر سنگی مرۆڤ دادەکوتێ و لەهەموو لەحزەیەکدا هەڕەشەی نەمانی لێ‌دەکات •

پێغەمبەر (د•خ) لـەم بارەوە دەڵێ هەمـوو جارێ کەچـاوم هەڵهێنابێ چاوەڕێی ئەوەم کردووە مردنم بگاتێ بەر لەوەی بینوقێنمەوە کە چاویشم نوقاندبێ چاوەڕێی ئەوەم کردووە

مردنم بگاتە سەر پەرلەوەی بیکەمەوە ) (٨) •

٢ ـ خۆشـەویستی : ـ هاوکێشـەی ئـەو قەلـەق و دوو دڵـی و بێ ئارامی یەی لە (ترس) لەدایك دەبێ • • خۆشەویستیە • • صۆفی یەکان هەوڵ دەدەن گڕی ترس بە بیـری خۆشەویستی دامرکێننەوە • • • وە خۆشـەویستی بکەنە ئامرازێـك بـۆ گەیشتن بەجوانی خودایی • رابعەی عەدەویە (لەساڵی ١٨٥ هـ دا کۆچی دوایی کردووە ) دەڵێ : ـ

(خودایە ، ئەگەر لەترسی ئاگر دەت پەرستم ، ئەوە بەئاگری دۆزەخ بمسوتێنە ، وەئەگەر بەتەمای بەهەشـت دەتپەرستم ئەوا بێ بەریم کە لێی، بەڵام ئەگەر لەپێناوی خۆشەویستیدایە دەت پەرستم ئەوا خودای من لەجوانی ئەزەلی خۆت بێ بەشم مەکە ) (٩) •

## خۆشەویستی سۆفی گەریانە

خۆشەویستی سۆفی گەریانـە دەروازەیەکە بۆ جیهانی ڕۆح (جیهانی ڕۆحیش پەیوەندییەکی بە لۆژیکی عەقڵ و زانستەوە نیە • • • ژێر دەستی یاساو دەستورەکانی ئادەمیزاد نیەو بەتەرازوی عەقڵ ناکێشـرێت • • •) (١٠) کەواتـە تاقیکردنەوەی سـۆفی تاقی کردنەوەیەکی بابـەتی نیە • • • تاقیکردنەوەیەك نیـە کە عەقڵ و لۆژیك دەسەڵاتی بەسەردا بڕوا ، بەڵکو ئەزموتێکی زەوقی تاکیەو لە بوونی سۆفی خۆیدا دروست دەبێ و کـار لە ویژدان و هەست و نەستی دەکا • تاقیکردنەوەی سۆفی گەری پرۆسێسێکی دژوارە کە لە پێکەوە بەستنێکی توندی نێوان کردار واتە پراوەی جەستەیی و

(٨) مفهوم التصوف ل٣٨ •

(٩) ابن فارض والحب الالهی ل١٤١ •

(١٠) نشاة التصوف ل٣٩ .



هەواڵنامەی کتێب

ئایدیا واتە پەرەسەندنی لێخوردبوونە ڕۆحیەکاندا خۆی گەڵاڵە دەکات ئەگەر سەرنجی ژیانی سۆفێتی بدەین دەبینین دوو مانای سەرەکیی تێدایە(١١) :ــ

یەکەم : کار : بریتیە لە جۆرەها ڕەنج و وەرزشی جەستەیی کە سۆفی پەیڕەویان دەکات و پێیان دەگوترێ : مەقام(١٢) ·

دووەم : مانایەکی زەوقی و ڕۆحی کە بریتیە لەو گۆڕانانەی لەئاکامی ئەو ڕەنجدان و وەرزشانە لە دەروونـدا ڕوو دەدەن ·

لێخوردبوونەوەی سۆفی سەرەتایەکە بۆ دۆزینەوەو پێگەیشتنەکانی · لێخوردبوونەوە مانای چەق بەستنە لەسەر خاڵێکی دیاریکراوو فەرامۆشکردنی هەموو ڕووداووشوێنەوارو لەزەتەکانی جیهانی هەستی و خەریك کردنی دڵ و زمان بە ناو هێنانی خوداو پیرۆزکردنی ، (مرید) بە تەنیایی و بە دڵێکی ساف و بێگەردەوە لە گۆشەیەکدا دادەنیشێ ·· بیری خۆی بە هیچ شتێکەوە پەرەوازە ناکا ·· تەنها بیری یەزدان لە دڵیدایە · لەبەر خۆیەوە بانگ دەکا : الله ·· بەڵام دڵی هەمیشە وریایە تا دەگاتە حاڵەتێك زمان جولانەوە وازلێدەهێنێ ·· لەزیکرکردنا بەردەوام دەبێ تا شوێنی وشەکە لەسەر زمانی نامێنێ ·· هێشتا دڵی درێژە بە زیکرکردن دەدا ·· هەتا وێنەی وتەکە بە ڕووتی لە دڵیا دەمێنێتەوە ·· لێرەوە دەتوانێ بەر ڕەحمەتی خواوەندی بکەوێ ،

---

(١١) ابن فارض والحب الالهی ل٥٩ ·

(١٢) مەقام : بریتییە لەو (مەرتەب)انەی سۆفیچێتی کە مرید بەهۆی ڕەنج و وەرزشە ڕۆحییەکانی خۆیەوە بەدەستیان دێنێت بەڵام (حاڵ) بەهرەیەکی خودایییە کە سۆفی والێدەکات بتوانێت لە جیهانی ماتریالیدا ببڕێت و پەیوەندی بە جیهانی ڕۆحەوە ببەستێت ·

هەواڵنامەی کتێب

ئەو ڕەحمەتەی خوا دەرگاکەی بۆ پێغەمبەران کردۆتەوە •• لەم قۆناغەدا ئەگەر خواستی سۆفی دروستو پاك بێو هیمەتی ساف بێو هەوەسو ئارەزوو کاری تێنەکردبێ ، تروسکایی (هەق) لە دڵیا پرشنگ دەدات لە پێشدا وەك (بروسکە) بەبەرچاویا دەردەکەوێت ، ئینجا جێگیر دەبێت(۱۳) •

## لەناوچوون ـ فەنا

لە ئاکامی تاقیکردنەوە ڕۆحییەکانیدا سۆفی دەگاتە پلەی لەناوچوون (الفناء) واتە لەناوچوون لە خوادا (الفناء في الله) •

لەناوچوون بریتییە لەو حاڵەتە دەروونییەی کە سۆفی تێیدا ئاگای لەخۆی دەبڕێو هەموو هەستو نەستێکی پەکیان دەکەوێو لەناو (هەق) خۆیدا نقوم دەبێ • واتە دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتێ کە لەسەرەتاوە لەسەری بووە بەر لەوەی دروست ببێ• بەواتایەکی تر هەموو خاسیەتو پێکهێنەرەکانی مرۆڤ ون دەکاتو لەناو (هەق)دا (غەیب) دەبێت •• بەڵام لەناوچوون مانای لەناوچوونی جەوهەری ئینسانیو بوون بە (نەبوون ـ عدم) نییە هەروەها مانای گۆڕانی سیفەتی ئادەمیزادی بە سیفەتی خوایی ناگەیەنێ ، بەڵکو دەرچوونە لە دەسەڵاتی خواستی خۆو مانەوەیە لە دەسەڵاتی ئەبەدی خواییدا •

لە ڕێگای لەناوچوونەوە سۆفی دەتوانێ بگاتەوە بەو خۆشەویستییە خودایییە بێگەردەی کە ڕۆح بەر لەوەی بۆ جیهانی دنیایی دابەزێو هەڵو مەرجی جیهانی ماتریالی دایوەشێنێ هەیبووە • ئارەزۆکانی نەوس شتومەکە ماتریالییەکان ڕێ لە ڕۆح دەگرن کە بە جیهانی ئەودیوی هەستو سەرچاوە سەرەتاییەکەی بگاتەوە •

---

(۱۳) مفهوم التصوف ل٥٤ •

لەبەر ئەوە دەبێ مرۆڤ هەموو گەردەکانی ماتریالی لە خۆی بسڕێتەوەو دڵو دەروونی سافکات هەتاوەکو ژیانی لەم سەر زەمینەدا ببێتەوە بەژیانێکی ڕۆحیەتیو ڕۆحیانەتە هەوەڵییەکەی بەدەست خاتەوەو لەناو خوادا لەناوچێو لەگەڵیا یەك بگرێو بگاتە بەرزترین پلەی بەختەوەری .

پرۆسێسی توانەوە بەم قۆناغانەدا تێدەپەڕێت (١٤) :ـ

١ ـ گۆڕانێکی مانەوی لە ڕۆحدا : بەوەی کە سۆفی هەموو خواستو ئارەزوویەکی نەوسیو جیهانی لەناو دەبات .

٢ ـ ڕووت کردنەوەی عەقڵ ـ تجرید ـ : واتە لە بیر بردنەوەی عەقڵو دوور خستنەوەی لە هەموو شتێکی هەستیو زەینیو کردارو هەستو نەستێكو چەق بەستنی لە بیرکردنەوەی لە خوا ، واتە وردبوونەوە لە سیفاتی خودا .

٣ ـ بەتاڵ کردنەوەی هەموو هێزەکانی عەقڵی هۆشدار (العقل الواعی)و بەرزترین پلە ئەوەیە کە لەناوچوون لە لەناو چووندا (الفناء في الفناء) هەستی پێنەکرێو سۆفییەکان پێی دەڵێن : لەناوچوونی لەناوچوون (فنان الفناء) ئەوساتە سۆفی خوردبوونەوە لە بوونی خودایی دەست پێدەکات .

٤ ـ دوا پلە : لەناوچوونە لە خوادا . کە مانەوەیە لە خوادا .

## جۆرەکانی لەناوچوون

١ ـ چوونە ـ ناو ـ حلولی . کە منصوری حەلاج باوەڕی پێبوو ، خوێنی لەسەر ڕژا . ئەمەش مانای ئاوێتەبوونی دوو کەس نیە کە حەقیقەتو بوونیان جیاوازبێ . بەڵکو بریتییە لە نەمانی (منێتی) مرۆڤ ، بەوەی کە هەموو خاسیەتو سیفاتێکی ئینسانی ون دەکاتو لە بۆنێتی ئینسانی خۆی (غەیب) دەبێت بە

---

(١٤) نیکلسون . الصوفية في الاسلام ل ٦٣ .

جۆرێ کە هیچ کۆسپێ لە ڕێی ئەو (یەكگرتنە لەگەڵ خوادا) ناوەستێ کە گیان هەستی پێ دەکات •

حەللاج دەڵێ :ـ

**انا من اهوی ومن اهوی انا       نحن روحان حللنا بدنا**

حەللاج لە خۆشویستنی دڵدارە حەقیقییەکەیدا لە ( خودی ) خۆی بەولاوە کەسی دی خۆش نەویستووە ••• خودی خۆیی‌و خودی دڵدارەکەشی هەردوو یەكشتن ••• کەواتە لێرەدا هیچ نێوانێك لە بەیندا نامێنێ •

٢ ـ یەکێتی بوون ئەوە دەگەیەنێ کە بوونی خودا بوونێکی موتڵەقەو هەموو بوونەکان‌و مەخلوقاتەکان لە گەردوونداڕەنگدانەوەی ئەو بوونە موتڵەقەن • خودا ذات‌و سیفات‌و ناوو کردارەکانی خۆی لە وێنەی ماتریالی هەستی یازەینیدا بەدەردەخا، بەم چەشنە دەشێ خودا ببێتە گیانلەبەر ، یابێ گیان ، یاشەیتان ، یان بت ، یا هەر واهیمەو خەیاڵو بیرێك ••• سیفات‌و ناوەکانی خودا هەر ئەو سیفات‌و ناوانەن کە ئەو شتانە ، یان مەخلوقاتانە هەیانە •

ئەم بۆچوونە لە ئاکامدا (نەبوونێکی سۆفییانە ـ عدم صوفي) بەسەر خوادا دەسەپێنێ ••• واتە خودا هەموو شتێکەو هیچیش نیە •

٣ ـ یەکێتی ئافەریدەکارو ئافەریدە بوو : (وحدة الخالق والمخلوق ، کە (عطاءالله السکندری) باوەڕی پێ بوو ، و عمری ابن الفارض لەشیعرەکانیا دەری دەبڕێ • سۆفی لەلێ‌خوردبوونەوەکان‌و تاقی‌کردنەوە ڕۆحی‌یەکانیدا دەگاتە ئەو ئاکامەی کە زاتی خۆی‌و زاتی خوا هەر یەکن‌و دەگاتە ئەو پلەیەی کە جیاوازییەك لە نێوان خۆی‌و پەروەردگاردا نەکات •

جلال‌الدین الرومی دەڵێ :ـ

تۆ ئەی ئەوەی بەشوێن خوادا دەگەڕێیو دەپشکنی ، ئاتاجی گەڕان نیت :

چونکە خوا تۆیت ، تۆیت •

ابن الفارض دەڵێ :ــ

فان دعيت كنت المجيب وان اكن
منادى اجابت من دعـانى ولبت

**ئاکامو هەڵسەنگاندنی :ــ**

١ ــ سۆفیزم بیرو ڕێبازێك تیە کە لە هەوادا دروست بوبێ • سۆفیزم هـەرچی چۆنێك بێت بەرهـەمی واقیعو ڕەنـگدانەوەی کارەساتـەکانێتی • سۆفیزمی ئەفلاتونی ڕەنگدانـەوەی هەرەس هێنانی دیموکراسیەتی ئەثینییە ••• هی ئەفلوتین ڕەنگدانەوەی سەردەمی داتەپینی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییە• سۆفیزمی ئیسلامی لە سـەدەی دووەمی کۆچیدا دەرکەوت کە ناکۆکیەکی گـەورە لە نێوانی بیروباوەڕێـکی ئاینیی سەخت پەیڕەو کـراوو واقیعێکی خۆشی پڕ لە ئیمکانیاتی خۆشیو لەزەتی دنیایی هاتە گۆڕێ ••• ئەم ناکۆکییە پاڵی بەو کەسـانەوە نا کە لەبـەر بەهێـزی ڕەگی داکوتراوی ئایین لە مێشکیاندا زۆر دژوار بوو لەلایان ، لەگەڵ ئەو هەمرو ئارەزووەی هەشیان بـوو ••• خوو بدەنە ڕابواردنی دنیایی ••• پاڵی پێوەنان کە لە بری ئەمە بە بیروباوەڕی سۆفی گەریو خەیاڵکردنی جوانیو خۆشەویستییەکی خوایی ، تینوێتی ڕۆحی خۆیان بشکێننو ئەو کەلەبەرە پڕبکەنەوە کە حەرامکردنی خۆشی دنیایی لەژیانیاندا دروستی کردبوو •

٢ ــ هەسـتی دینـیو ڕەوتی سـۆفیگەری بـەزۆری لـەو سەردەمانەدا بەهێز دەبێت کە کارەساتو کوێرەوەریو بەسەرهاتی سروشتی تێـدا زۆر دەبێت(١٥) جگە لەمەش هەڵـوێستو باوەڕی

(١٥) ابن فارض والحب الالهی ل ٣٨ •

ئایدیۆلۆژی چینی فەرمانڕەوا دەورێکی گەورە دەبینێ لە دروست کردنی ئاوو هەوای یاریدەدەر بۆ دروست بوونی ئەو جۆرە ڕێبازانە • بۆ نموونە ئەگەر لە ژیانی شاعیرێکی وەکو (عمری ابن الفارض) کە بە شا عاشقی سۆفیگەری دائەنرێ لە ئەدەبی عەرەبیدا وردبینەوە دەبینین کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانی سەردەمەکەیو باوەڕە سۆفیگەرییەکانیدا هەیە ••• ژیانی ابن الفارض دەکەوێتە دوا چارەکی سەدەی شەشەمو سێیەکی یەکەمی سەدەی حەوتەمی کۆچییەوە ••• ئەم سەردەمەش نرخێکی تایبەتی هەیە لە لایەنی مێژووییەوە چونکە میسرو شام لە حوکمی فاتمییەکان دەرچوون و کەوتنە دەست ئەیوبیەکانەوە ••••
ئەیوبیەکانیش گرنگییەکی زۆریان بە سۆفی گەری دەدا و گەلێ تەکیەو خانەقایان بۆ ئەم مەبەستە کردنەوە •••• جگە لەمەش لەم سەردەمەدا گەلێ کارەساتو کوێرەوەری سەریان هەڵدا لە ساڵی ٥٩٨ی کۆچی (١٢٠١ز) ئاوی نیل دابەزی و ، لەساڵی ١٢٠٢ز بەرووبوومی کشتوکاڵ کەوتە گزیو تاعون بڵاو بۆوە و ئاسایش تێك چوو ••• و قەلەق و دڵە خورپێ بڵاو بۆوە •• کە هەموو ئەم حاڵەتە ئاوو هەوای گونجاوی دروستکرد بۆ نەشو نما کردنی بیروباوەڕی سۆفی گەریانە •
(ابن الفارض)یش لەم سەردەمە قەلیقەدا دەژیا • شەڕی سەلیبییەکانیش لەلایەکی ترەوە ئاڵۆزو بلۆزی پتر تر کرد تەئسیری ئەمەو تەئسیری دەوورو بەرەتایبەتیەکەی (باوکی) بووە هۆی ئەوەی نەفسو دەروونی ابن الفارض بۆ قبوڵ کردنی ڕێبازی سۆفی گەری ئامادە بکات (١٦) •
٣ ــ جگە لەدەوروبەری گشتی هۆی خۆییش دەورێکی گەورە دەبینێ لەچاندنی تۆوی سۆفیزم لەدەروونی کەساندا •

(١٦) بڕوانە هەمان سەرچاوە ل ٣٨ ــ ٤٥ •

تێشکان لەژیانداو ، بەرەو ڕوو بونەوەی واقیعێکی تاڵو ووردو خاش بوونی ئاواتە کەسیەکان ••• زۆر جار لەبۆتەی سۆفیزمدا خەست دەبنەوە •

لێکۆڵینەوەکانی سایکۆلۆژی نوێ ئـەوەیان سـەلماندوە کە دێوانەیی و نەفس دامرکاندن و دوورە پەرێزی لەخۆشی دنیایی پەیوەندیەکی پتەوی بەدەورو بەری ئینسانی و حاڵەتی دەروونی کەسانەوە هەیە • خۆشـەویستی خـودایی (سۆفی) دوور نیـە لە بنچینـەدا خۆشەویسـتی‌یەکی ئینسانی بـێ • چـا لەئەنجـامی سەرنەکەوتن‌و بەمراد نەگەیشتن لەو خۆشـەویستی‌یەدا ، مرۆڤ ڕەوتی سۆزو عاتیفەکەی دەگۆڕێ بۆ خۆشەویستی خوداو سێبوری خۆی لەوەدا دەدۆزێتەوەو دەتوانێ لەم ڕێگەیەوە بەسەر نەخۆشیە ڕەوانیەکانیدا زاڵ بێت • • • یان زۆرجار وەکـو لەبـری گرتنێك ڕەوتی ئـەو خۆشەویسـتی‌یە دەگۆڕێ بـۆ خۆشەویستی مرۆڤ بۆ خۆی وەکو جورێك بەسەر خۆدا شـکانەوە ـ انطواء ـ لـە ئەنجـامی دژواری هەڵو مـەرجەکانی دەرەوەدا • • • ئـەم خۆش‌ویستنە تا ڕادەیەك خەست دەبێتەوە کـە (سۆفی) خـۆی‌و پەروەردگار لەیەك ئاستا دابنێ •

واتە بەم پێیە سۆفیزم بریتی‌یە لەبەرزکردنەوەی (تسامی) (sublimation) عاتیفەکانی ئینسانی بۆ ئاستێکی سەرووی ئینسانی و چەق پێ‌بەستنی لەخۆشـویستنی (جـوانی خودایی) دا کە لەبنەڕەتا هیچ شتێ نیە جگە لەخۆشویستنی ئینسانی بۆ خۆی •

ئەو خۆشـەویستییە ڕۆحییـە لای مامۆسـتاکانی سـۆفیزم هەروا لە فورمێکی میتافیزیکی‌دا نەماوەتەوە • بەڵکو زۆریان لە شیعرو نوسـیندا دەریان بڕیـوە • ئەمەشـ ئەوە دەگـەیەنێ کە هەوڵدانیان بـۆ ماتـریالی کـردنی (materialisation) بیرە ئایدیالی‌یەکان لە فۆرمێکی بەر هەستدا ، کە هۆنراوەیە ، خۆی

لەخۆیدا بەڵگەیە بۆئارەزووی سۆفی یەکان لەدۆزینەوەی فورمێکی ماتریالی بۆ بەخۆگرتنی هەستو ئارەزوە ڕۆحی یەکانیان جا با ئەم فۆرمە تاقە هۆنراوەیەکیش بێ ٠

**لەڕووی هونەریەوە :**

١ ـ سۆفی یەکان عەقڵ دەدەنە دواوەو بە چاوێکی نزم سەیری دەکەن ٠ عەقڵ ناتوانێ حەقیقەتی خودایی دەرك پێبکات غەزالی دەڵێ : ـ (تاقی کردنەوەی سۆفیگەری هەڵسو کەوت لەگەڵ ئەو شتانەدا دەکا کە عەقڵ دەرەقەتیان نایە ٠٠ بەتایبەتی لەگەیشتن بە مەڵبەندەکانی بەدەرکەوتن (تجلی) و پەیوەندی بەستن بەجیهانی ئەو دیوی ماددەوە کەبۆ عەقڵ و سیستمەکان بەدەر ناکەوێ ) (١٧) ٠ لێرەوە سۆفی یەکان گرنگی دەدەن بە دڵ (مەڵبەندی زانین دڵە ٠ ٠ ٠ وە هەموو ئەندامەکانی دیکەی لەش خزمەتو ژێر دەستی دڵ دەکەن ) ٠

دڵ زانایە وە حەقیقەتی شتەکان: زانراوە کەواتە زانیین بریتی یە لەڕووداني شتەکان لەئاوێنەی دڵدا ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

بەم چەشنە ژیانی سۆفیگەری دەبێتە ژیانی ڕوانگەو خەونو تاسەیەکی بێکۆتایی ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

ژیانێك کە عاتیفەو سۆز دەی هەژێنێ و عەقڵ تێیدا نامۆیە ٠ ژیانێك کە بریتی یە لەبەدوا یەکدا هاتنێکی بەردەوامی مەستیو (بێداری) (السکر والصحو) لە ئەنجامی ئەم حاڵەتەدا دڵی سۆفی واناسك دەبێ کە هەرچی لە دەوورو پشتی هەیە بەجۆرێ کاری تێ دەکا کە کار لەخەڵکی تر ناکا ٠ ٠ ٠ ٠ وەتێگەیشتنێکی تایبەتی لەڕووداوەکان بەدەست دێنێو بەچەشنێکی ڕەمزی لێکیان دەداتەوە مانایەکیان لێ بەدەست دێنێ کە گونجاوبێ لەگەڵ ئەو بیرانەی بەسەریا زاڵن یان لەگەڵ ئەو حاڵو جەزبەیەی پێیدا تێدەپەڕێ ٠

---

(١٧) نشأة التصوف ل ٦١ ٠

٢ ـ لەمەوە زمانی شیعری سۆفی زمانێکی تایبەتییە ٠٠٠٠ تایبەتییە لەو ڕووەوە کە لە جوغـزی وشەو واتا تایبەتییەکانی فەرهەنگی سۆفیزمدا دەسوڕێتەوە ٠٠٠٠ تایبەتیشە لەو ڕووەوە کە تاقیکردنـەوەیەکی خۆیی پـەتی سۆفی دەردەبـڕێ ٠٠٠٠ ئەو تاقیکردنەوەی کە زیاتر بێئاگاییو نامۆیی ڕۆحی سۆفی دەگرێتە خۆی ، لەوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ خولیاو نیازە ماتریالیەکانیدا بکا ٠٠ تەنانەت ئەو شتە ماتریالیانەی وەسفیشیان دەکا ، وەکو مەیو پیاڵەو جەستەی ئادەمیزاد ـ بەرزیان دەکاتەوە بۆ ئاستێکی ڕۆحیو سیفاتێکیان پێدەدا کە لە بوونی ماتریالیاندا نیە ٠ ابن الفارض لە وەسفی (مەی)دا دەڵێ :

**شر بنا علی ذکر الحبیب مدامة سکرنا بها من قبل ان یخلق الکرم**

ئەو مەیـەی ابن الفارض لێرەدا باسی دەکا مەیـەکی ڕۆحی پەتییە ، خواردوویەتیەوەو پێی مەست بووە بەر لەوەی کە (دار مێو) دروست ببێ ٠ (تەنانەت هەندێ لە سۆفییەکان هەوڵ دەدەن کە خاسیەتێکی رەمزی پیرۆز بدەنە پاڵ تقومبوونیان لە لەزەتو ئارەزووە سێکسییەکانیانا) ٠

٣ ـ خۆشـەویستیو جـوانی لای سۆفییـەکان دوو چەمکی گشتگرن (شـامل) مەبـەست لێیـان خۆشـەویستیو جوانیی یەزدانییە کە لە هەموو شوێنێکا ئامـادەیی خۆی دەنوێنێت ، بەم چەشنە :ـ

ا ـ خۆشەویستیو جوانی بە هیچ جۆرێ ماتریالی نیە ، بەڵکو ڕۆحییە ٠

ب ـ جوانیی یەزدانی بە کاتو شوێن سنووری بۆ دانانرێ٠ لە ڕۆژی بەرێوە (لە ئەزەلەوە) هەبووەو هەتا هەتایە دەمێنێ ٠٠ لە جیهانێکدا پەیدابووە کە هیچ سنوورو چوارچێوەیەکی شوێنی تێدا نەبـووەو هیچ کۆتو کۆسپێك لە ڕێی نەبـووە ، جیهانێك

تەواو بە پێچەوانەی جیهانی ماتریالی‌و گەردوونەوەیە ٠

ج - جوانی‌و خۆشەویستی‌ی خودایی سەرچاوەیەکی سەرەتایی‌و ڕاستەقینەیە ، هەموو بووەکان لە ڕژاوە (فیض)ی ئەو سەرچاوە یەزدانییە دروست بوون‌و ، خودا ئینسانی لەسەر چاکترین شێوە (في احسن تقويم) دروست کردووە ، لەسەر شێوەی خۆی ٠ لەبەر ئەمە (سۆفییەکان هەموو لەسەر ئەوە ڕێکن کە مرۆڤ بەپیرۆز بگرن‌و بە چاکترین ئافەریدەی خوای دابنێن لە ڕووی ڕوخسارو یان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ، تەنانەت لە پلەیەکی بەرزتر لە پلەی فریشتەکانی دابنێن)(١٨) ٠

٤ - لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە زۆر لە لێکۆڵەرەوەکان پەیوەندیەکی بەتین لەنێوان سۆفیزم‌و سیمبولیزم (مەزەبی ڕەمزی) دا بەدی دەکەن (١٩) بەتایبەتی لەگەڕانیاندا بەدوای ڕۆحداو هەوڵدان بۆ دەربڕینی ئەو شتە نابەرهەستی‌یانەی کە ناتوانرێ دەرببڕدرێن یان پەنا بردنە بەر بێ ئاگایی (لاشعور) وە دەربڕینی حاڵەتەکانی هەر چۆنێك بێت سۆفی‌یەکان ناتوانن بە تەواوی لەجیهانی ماتریالی داببڕێن ٠٠ یان زمانێك بەکار بێنن کەزمانی واقیع نەبێت لەبەرئەوە لە هەوڵدانیاندا بۆ کردنی ئەمە ناچارن تەم‌و مژێکی زۆر بخەنە کارەکانیانەوە ٠ ٠ ٠ یان بگەنە ئاستێك کە توانستی دەربڕینیان نەمێنێت ٠٠٠ جلال‌الدين رومی دەڵێ : -

( توانرا چیرۆکەکە تا ئێرە بگێڕینەوە ،

بەڵام ئەوەی بە پەنهانی ماوەتەوە بەقسە دەرنابڕدرێ ، وە هەرچەندە لە پێناوی دۆزینەوەی دەربڕینێکا تەقەڵا بدەیت

---

(١٨) طراد الكبيسي : مقدمات في الشعر الصوفي ل ٢٠٢ ٠

(١٩) انطوان غطاس كرم : الرمزية والادب العربي الحديث ١٩٤٩ بيروت ٠

بەدەستی بەتاڵ دێیتە دەرێو • • نهێنی‌یەکە لە شاراوەیی خۆیدا دەمێنێتەوە •)

وەهەر لێرەوە دەتوانین ئەو ڕەنجە زۆرە هەست پێ بکەین‌کە سۆفی‌یەکان دەیدەن لەپێناوی دەربڕینی ئەو شتە پەنهانانەدا کە دەرنابڕدرێن ، لەپێناوی دۆزینەوەی پەیوەندی‌یەکی نوێ لەنێوان وشەو وتەکانداو بەکارهێنانی هەموو ئیحتمالاتی مۆسیقی‌و ووتەیی ووشەکان تا بتوانن خولیا ڕۆحی‌یەکانیان دەربڕن •

٥ ـ لەدوایی‌دا سۆفیزم دەربڕینی تینوێتی ئینسانە بۆ تەواو کردنی خۆی لە لایەکەوەو پڕ کردنەوەی ناتەواوی‌یەکانی جیهانی دەرەوەی لەڕێگەی تەواوکردنی ناوەوەی خۆیدا لەلایەکی دیکەوە بەواتایەکی تر : هەڵاتە لەجیهانی دەرەوە بۆ جیهانی ناوەوە وە هەوڵدانێکی خەیاڵی‌یە بۆ داڕشتنی جیهانی ناوەوە بە شێوەیەك کە مرۆڤ بتوانێت ئەو جوانی‌و ڕەنگینی‌و تەواوی‌یەی تیا بەدی بکات کە لەجیهانی دەرەوە لێی بێ‌بەری بووە یان خۆی لێ‌بێ بەری کردووە :

## کانتیزم (١) Kantism

لەسەردەمی کانتیزمدا ئیستاتیکا تا ڕادەیەکی زۆر پەرەی سەند • لەجیاتی ئەوەی جوانی (باوەڕێك) بێ لەسەرووی

(١) بۆ نوسینی ئەم بەشەو خستنە ڕووی بیرو ڕاکانی کانت پشت بەم سەرچاوانە بەستراوە •

١ ـ موجز تاریخ النظریات الجمالیة •

٢ ـ الجمال في تفسیره الماركسي •

٣ ـ في فلسفة الفن من افلاطون ، الی سارتر •

٤ ـ علم الجمال •

٥ ـ مبادیء علم الجمال ـ شارل لالو •

٦ ـ كانت ـ ل ٢٥٠ ـ ٣٠٠ •

تێگەیشتنی ئینسانەوە ، بوو بەچەمکێك کە هەڵوێستێکی ڕەخنەیی ـ انتقادی ـ بەرامبەری وەرگیرا : لەمەوە چەمکی جوانی لەبابەتی یەوە گۆڕا بە ڕێژەیی نیسبی ـ وخۆیی ـ ئیستاتیکا وازی لە زانستی ڕووتکاری ـ مجردات ـ هێناو پشتی بەسایکۆلۆژی بەست .

ئەوەی ڕاستی بێت کانتیزم گەلێ سەرچاوەی هەیە کە لێیانەوە هەڵێنجاوە . . . . بەڵام گرنگترینیان سێن کە لەخوارەوە باسیان دەکەین :

یەکەم : ـ ڕێژەی دیکارتیزم

دووەم : ـ ئایدیایی لیبینیزم

سێیەم : ـ هەستی ئەنگلۆ ـ سەکسۆنیزم

بەڵام لەلایەنی پراتیکی یەوە فەلسەفەی کانت بەتایبەتی تیئۆرە ئیستاتیکی یەکەی پەیوەندیەکی پتەوی بە ئەدەبی ئەڵمانیای دوای سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە هەیە . لەلایەکەوە پشتی بەتاقیکردنەوەی ئەم ئەدەبە بەستو لە لایەکی دیکەشەوە تەئسیری کردە سەر نووسەرە هاوسەردەمەکانی و پێشکەوتنی داهێنەرانەی گوتەو شیلەرو ، ڕۆمانسییەکان .

## دیکارت ١٥٩٦ ـ ١٦٥٠ ـ Decartes

دیکارت تیئۆری ڕێژەیی ـ نیسبی ـ لەجوانیدا هێنایە کایەوە . جوانی چییە ؟ کەس ئەمە نازانێ ، جوانی بە پێی وڵات دەگۆڕێ . لە هیندستان جوانی لێوی ئەستوورو پفدراوو لوتی بەرین و پانەوەبووی هەیە . لە پیرۆ ، گوێی گەورەی هەیە . . . لە وڵاتانی دیکە ددانی سوورو ڕەشی هەیە . . . هتد . واتە جوانی لەهەر وڵاتێ چەمکی تایبەتی خۆی هەیە . . . دیکارت و باسکال و

مونتانی‌و ڤۆلتێر ، چەمکە جوانییان لە بابەتێتی باوەڕی ئەفلاتونەوە گوازتەوە بۆ چەمکێکی بەگومان ••• دیکارت باوەڕی وایە کە (زەوق) بڕیاری جوانی‌و دزێوی شت دەدا ••• بەر لە جوانی زەوق هەیە ••• دەربارەی هونەر دیکارت باوەڕی وایە کە هونەر دەبێ ، بەدوای پەیڕەوێکی توند بکەوێ کە هۆش فەرزی دەکا ••• هونەرمەند دەبێ بەهێزی لۆژیکی فیکری قەناعەت بە خەڵك بکا •

## ب ـ لیبنز ١٦٤٦ـ١٧١٦ Leibniz

دەگوترێ کە ئیستاتیکای کانتی ـ بریتییە لە تەرجومە کردنی ئیستاتیکای لیبنزی بە زاراوەی خۆیی ـ ذاتی ـ لیبنز لەگەڵ دیکارتا تەبا نییە ، بەڵام بەهەرحاڵ تەواوکەرو درێژەپێدەرو قولکەرەوەی دیکارتە • جیهانی لیبنز بریتی نیە لەئالەتێك کە وزەو عەفەویەتی تیا نەبێ‌و بەپێی چەند یاسایەکی ئیستەرەمی بڕوا بە ڕێوە ، بەڵکو بریتییە لە خڕبوونەوەی ئەو بوونانەی زیندوون‌و دەژین‌و کۆمەڵەیەکی تەواو تەباو گونجاو دروست دەکەن • لە لایەکی دیکەوە جیهان تەنها وێنەیەکە لە دەرك پێکردنی ئێمەو لە هەردوو حاڵەتدا یەکێتی‌و زۆرێتی دروست دەبێ ••• ئەو دیمەنە سەرسامکەرەی دەیبینین دیمەنی بەیەکەوە گونجانی سەیری گەردوون، هیچ شتێك نیە تەنها ئاوێنەیەکی هاوگونجانی تایبەتی خۆمان نەبێ • چونکە بەیەکەوە گونجانی گەردوونی لە ئێمەوە بۆ شتەکان پەڵدەهاوێ‌و لەوانیشەوە بۆ ئێمە •••• بەم جۆرە سەرەتاکەی ئەفلاتونی نوێ (یەکێتی لە جۆراوجۆری)دا بە ئاشکرا بوونێکی تەواوەوە بەدەردەکەوێتەوە • ئەمەش ڕێگا بۆ مێشکی ئادەمیزاد خۆشدەکا کە بەهۆی بەیەکەوە گونجانی گەردوونی لە کرداری ئیستاتیکیدا ، شتێك بەرهەم بێنێ هەر نەبێ کەمێك لە کارەکانی خودا بچێ •

ج ـ هەستی ئینگلیزی

(هیوم و لوك و هوتشون) هەندێ گریمانیان دەربارەی جوانی پێشکەش کردن • هوتشون دەڵێ : (ئەگەر ئێمە لەخۆماندا هەستی جوانیناسیمان نەبوایە ئەوا دەشیا خانوو باخ و جل و بەرگ ببینین و بەکەڵکیان بزانین ، بەلام هەرگیز نەماندەتوانی بە جوانیان بزانین) •

(بورك) و (هیوم) یش (David Hume) هەر ئەو بۆچوونە (ئیستیقرائی) یەیان ڕەچاوکردووە •

لە ساڵی ١٧٥٦دا بورك کتێبێکی فەلسەفی دەرکرد بەناوی (باسێکی فەلسەفی لە بنچینەی بیرەکان دەربارەی مەزن و جوان) • بیرەکەی سادەیە : زەوق داوەریکەری هەڵە لێنەوەشاوەی جوانیە • جوانی لە غەریزەی کۆمەڵی دروست دەبێ و مەزنی لە غەریزەی مانەوە •• لە شیکردنەوەیەکی سایکۆفسیۆلۆژی جوانیدا دەڵێ : (هۆی جوانی هەستکردنە بە لەزەتێکی ـ ئیجابی ـ کە خۆشییەکی لێ فەراهەم دەبێت لەگەڵیا دەمارو ماسولکەکانمان خاوەبنەوە ، بەلام مەزنی بەپێچەوانەوە بەستراوەتەوە بە گرژبوونی دەماری ماسولکەییەوە) •• ئەم شیکردنەوەیە کارێکی زۆر دەکاتە سەر کانت •

جۆن لۆك ١٦٣٢ـ١٧٠٤ Johne Lock

جۆن لۆك بە یەکەم دامەزرێنەری بزوتنەوەی ڕۆشنکاری (تنویر) ئینگلیزی دادەنرێ • لۆك هیچ دانراوێکی تایبەتی لەسەر هونەر نیە ، بەڵکو بە چاوێکی سەیرەوە دەیڕوانیە هونەر • لەگەڵ ئەمەشا کۆمەڵێ سەرەتای بیری ئیستاتیکی گرنگی بۆ سەدەی ڕۆشنکاری ئینگلیزی دانا • چەمکە زانکارییەکانی لوك gonsiological بریتین لە تیئۆرێکی فەلسەفی و لەسەر ئەو بناغە داڕێژراون کە مرۆڤ لە توانستیدا هەیە لە واقیع بگات و لەسەرچاوەو شێوەکانی

زانین بتۆژێتــەوەو لەسەر بناغەی ماتریالی سەرەتایی بــگات بە حەقیقەت‌و ، بــاوەڕی وابوو کە هیچ بیرێکی زگمــاکی ڕەسەن لە مرۆڤدا نیــەو ئێمە ناتوانین وێناندنێــك بە دەست بێنــین بەبێ ئینتیباعاتی هەستی •••• پرۆسیسی زانین لە کاتی تاقیکردنەوەدا دەردەکەوێ‌و سەرچاوەی هەموو بیرەکان : تاقیکردنەوەیە • هۆشی ئادەمیزاد لەکاتی لەدایك‌بوونیا کاغەزێکی سپییەو هیچی لەسەر نیە •••• لێــرەوە لۆك گرنگییــەکی زۆر دەدات بــە مەسەلەی پەروەردە کردنی هونەری‌و تیئۆری خوو ڕەوشت‌و بە باوەڕی ئەو تێگەیشتنێکی ڕاســتی ئارەزووە خۆییــەکانی مــرۆڤ گرنگترین پاڵنەری ڕەوشتە •

ئەم بیروڕا تیئۆرییانەی لۆك دەربارەی زانین بوونە بنەڕەتی شی‌کردنەوەی چەمکەکانی ئیستاتیکی‌و زەوق‌و ڕەنگینی •• هتد •

ئەم تیئورەی لۆك کارێکی گەورەی کردە سەر (هیوم)یش کە ڕەوتی هەستی‌ی لە کتێبەکەیدا (ڕەگەزەکانی ڕەخنەگری ـ عناصر الانتقادية) بە ئاشکرایی خۆی دەردەخــا • هیوم دەوری یەکەمی بڕیاردانی جوانی بۆ زەوقی ئادەمیزاد دەگێڕێتەوە نەك بۆ جوانی لە خۆیــداو دەڵێ (شتەکان جوانن ، چونکە هەرچەنــدە جیاوازی زۆریش هــەبن کە کەسان لێك جیــادەکەنەوە ، هەمیشــە شتێك دەمێنێتەوە کە ئادەمیزادییە ، کە گەردوونیە) •

## Kant کـــــانت

له کۆتایی سەدەی هەژدەهەم‌و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا بیری ئیســـتاتیکی ئەڵمانی بەهۆی باسە تیئۆرییـــەکانی (کانت‌و شیلنگ‌و هیگڵ)ەوە گەیشتنە ترۆپـکی پەرەسەندنی • داهێنانی هەرە گەورەی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی لەوەدا بوو کە هەوڵیدا لێکدانەوەیەکی دیالەکتیکی گرنگترین مەسەلەکانی جوانی بکات• ئەگەرچی ئەم هەوڵەش لەسەر بناغەیەکی ئایدیالی بوو •

ئیستاتیکی کانت بە نوختەی وەرگەڕانێکی گرنگ دادەنرێ لە پەرەسەندنی گشتی بیری ئیستاتیکیدا • ئەم فەلسەفە کۆمەڵێك مەسەلەی بنەڕەتی هێنانە پێش گرنگترینیان : مەسەلەی چییەتی‌و جوانی‌و سروشـــتەکەی بـــوو •••• هیگڵ لـــە هەڵســـەنگاندنی فەلسەفەی کانتدا دەڵێ (کانت نوختـــەی سەرەتاگەی پێشکەش کرد بـــۆ تێگەیشتنێکی ڕاســـت هەموو ئـــەو شتانەی جـــوانن لە سروشتدا ••••) کانت دەورێـــکی گەورەشی هەیە لە پێکهێنانی تیئۆرەکانی جوانی لەلای فیختەو شیلنگ‌و هیگڵ بەتایبەتی) •

ئیستاتیکا بەشێکی گرنگە لە فەلسەفەی کانت‌و ناکۆکییەکی قوڵیشی گرتۆتـــە خـــۆی ، ئیســـتاتیکای بـــۆرژوازی ناسـراو بە (کانتیزمی نوێ) لە نیوەی دووەمی ســـەدەی نۆزدەهەمدا گرنگیی داوە بە دیارخستنی لایەنی میتافیزیکی ئیستاتیکای کانت‌و فووی داوە • هەروەها کانتی وەکو پاڵپشـــتی ڕوانگەی فورمالیستی لە هونەراو تەنانەت وەکو دامەزرێنەری تیئۆری هونەر بۆ هونەر نیشانداوە(١) • ئەم بەهەڵەدا چوونەی جوانی‌ناسە بۆرژوازییەکان لەوەوە سەری هەڵداوە کە نەیانتوانیوە ــ هەر وەکو هیگڵ کردی ــ بەچەشنێکی دیالەکتیکی لەفەلسەفەی جوانی لای کانت بکۆڵنەوە•

فەلســـەفەی جـــوانی کـــانت لەگـــەڵ پەرەســـەندنی ژیـــانی

---

(١) موجز تاريخ النظريات الجمالية •

کۆمەڵایەتی‌و هونەری سەردەم پەرەی سەندووە ••• کانت لەگەڵ ڕاپەڕینی میللی بـووەو دژی دەرەبـەگایەتی وەسـتاوەو زۆر لە سەرنجەکانیشی دەربارەی مەسەلـەکانی کۆمەڵایەتی ڕوخسارێکی ماتریالی وەردەگرن •

کانت دوو کتێبی گرنگی دەربارەی (ئیستاتیکا) نووسیوە : یەکەم (تێبینی دەربارەی هەست کـردن بە مەزن‌و جوانی)و ئەم کتێبە ڕەوتێکی ڕۆشنکاری دەگرێتە خۆی بۆ بەستنەوەی هونەر بە گیروگـرفتی ژیـانی کۆمەڵایەتییـەوە • بـەڵام کتێبی دووەم : (ڕەخنەی بەهرەی داوەری کردن ـ نقد ملكة الحكم) کە لە چوار بـەرگا بڵاوی‌کردۆتـەوە کتێبێـکی مەنهـەجی‌ترەو هەمـوو دەستکەوتەکانی ئیستاتیکای ئەڵمانی لە نیوەی سەدەی هەژدەمەوە گرتۆتە خۆی •••• لە کتێبەکەشا بیرەکانی فەیلەسوف ناکۆکن‌و کانت بەرەو ئایدیالیزم دەڕوا •••• ناوەرۆکی ئەم‌کتێبە تەرخان کراوە دژی چەمـکی ـ کەڵك‌داری ـ هونـەرو ، ڕوونکردنەوەی چەمکی هونـەری تێدایە لەگەڵ دەمەتـەقێیەکی شـاراوەو توندو تیژیش دژی هەوڵ‌و تەقەلای کۆنەپەرستی هاوسەردەمی ئەڵمانی بۆ تەرخان‌کردنی هونەر بۆ خزمەتی ئامانجە سیاسییەکان •

**شی‌کردنەوەی جوان :ـ**

سەرەتاگە میتافیزیکییەکانی کانت کارێکی سەلبییان کردۆتە سەر بۆچوونەکانی لە (شی‌کردنەوەی جوان))دا(١) • ئیستاتیکای کانت لـەم قۆناغەدا خاسیەتێکی دیاری هەیە کە بریتییـە لە جیا کردنەوەیەکی توند لە نێوان (زانین‌و ڕەوشت)دا •

کانت جیهانی (هەستی) سروشت بە مەیدانی مەلەکەی زانین

(١) ناونیشانی بەشێکە لە کتێبەکەی کانت • جـوانی لێرەدا سیفەتێك نیە بۆ شی‌کردنەوە ، بەڵکو زیادکراوەو مەبەست (شی‌کردنەوەی شتی جوان)ە •

دادەنێو ناوی دەنێ (عەقڵی پەتی) یان (عەقڵی تیئۆری) •

بەرامبەر ئـەم جیهانە جیهانێـکی دیکە دادەنێ کـە جیهانی ئەودیوی هەستەو لەودیو سنووری زانیندا بوونی هەیە، ئازادییە، ئەم جیهانەش مەیدانی مەلـەکەی ئارەزووە کە کانت ناوی دەنێ [عەقڵی پراتیکی]و بۆ بەستنەوەی ئەم دوو لایەنە بەیەکەوە ، کانت ئەوە دەردەبڕێ کە لە نێوانی بەهرەی زانینو بەهرەی ئارەزوودا [هەست کردن بە خۆشی] هەیـە • کەواتە پەیوەندی نێوان (عەقڵی تیئۆری ـ یـا ـ عەقڵی ڕووت)و (عەقڵی پراتیـکی) پەیوەندیی (بەهرەی داوەریکردنە) • داوەری کردنی هەست کردن بە خۆشی یان بە ناخـۆشی • هونەریش سـەر بـەو بەهرەیەیـە ، بەهرەی دۆزینەوەی تێگەیشتنی گشتی لە تایبەتیدا •

ئەم دابڕینەی کانت لە نێوانی بەهرەکانی زانیندا بوو بەهۆی دارشتنی ئیستاتیکا لە چەند قاڵبێکی تایبەتیداو ، نزیك بوو لەوەی ئیستاتیکا لە تیئۆری زانینو ، هونەر لە شێوەکانی زانینی کۆمەڵایەتی دووربخاتەوەو تەئسیری لەسەر جیهان کەمبکاتەوە • هەر لەم جیاکردنەوەوە کانت گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە لەزەتی جوانی بەستراوە بە خودی سەرنجدەرەوە ـ الذات المتاملة ـ نەك بە بابەت ـ موضوع ـەوە • (چونکە ئەگەر لەزەتەکە بەسترابایە بە بابەتەکەوە ئەوا ئەوساکە دەبـوو ئەو بابەتە بزانین ، ئەمەش نابێ ••• بۆ ؟ چونکە مەیدانی عەقڵی تیئۆری دەگرێتەوە !) بەم چەشـنە ڕەوتی فۆرمـالیستی بەسـەر فەلسـەفەی جـوانی ئەو سەردەمەیدا زاڵبوو •• ئامانجـداری جوانی بابەت لەلای کانت تەنها لەوەدایـە (وێناندنی بابەتەکە یەکسەر بەسـتراوەتەوە بە هەستی خۆشییەوە) ئەم ئامانجەش لە بابەتەکەوە پەیدا نابێ بەڵکو لە خودی سەرنجدەرەوە •

## ماوەکانی شیکردنەوەی جوان :ـ The moments of ana'ysiny Beauty

کانت شیکردنەوەی (جوان) دەکا بە چوار بەشەوە • کە ماوەکانی حوکمی چەشە (زەوق)یان تێدا لێکدەداتەوە :ـ

ماوەی یەکەم : حوکمدان بەسەر چەشەدا لە ڕووی (چەشنەوە) لێرەدا کانت شیکردنەوەیەکی وردی ئەو خۆشیبە دەکات کە هیچ مەبەستێکی پێوە نەلکاوە • جیاوازی لە نێوانی ئەو خۆشییە ئیستاتیکییەو خۆشی (لوتف)و خۆشی چاکە ـ خێر ـدا دەکاتو لەمەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە لەزەتی ئیستاتیکی گوێ ناداتە حەقیقەت یان سروشتی بابەتەکە، بەپێچەوانەی خۆشی ڕەوشتییەوە ـ اخلاقی ـ کە پێداویستی بە وەدەست هێنانی بابەتەکەو بەدی هێنانیەتی • بۆ نموونە: میوەیەك سەرنجی نیگارکێش ڕادەکێشێ بەڵام وەك هونەرمەندێك هەست بە هیچ ئارەزوویەك ناکات لە خواردنی میوەکە یان فرۆشتنی بە مەبەستی قازانج دەسکەوتن • واتە هەست کردن بە جوانی دەبێ دوورەپەرێز بێ لە هەموو ئارەزوو خواستێك هەرچییەك بێ • هەستی ئیستاتیکی هەستێکی پەتییە مرۆڤ ڕادەکێشێ بۆلێخوردبوونەوەیەکی ڕووتی شتەکەو بابەتی لێخوردبوونەوەکەش تەنها ڕوخسارەکەیە • واتە لە ئەنجامدا جوانی بابەتی لێخوردبوونەوەیەکی بێ بەرژەوەندیو بێنیازە • ئەم بۆچوونەی کانت ڕەگەزێکی عەقلانی تێدایە لەوەدا کە ئەو پەیوەندییە جیا دەکاتەوە کە (جوان) بەرپای دەکا لای ئێمە لەو بایەخەی شتی (ڕەنگین)و (چاك) لای ئێمە دەیخولقێنێ •

هیگڵ لە هەڵسەنگاندنی ماوەی یەکەمدا دەڵێ : (چاوگەی حوکمی ئیستاتیکی ئەو خۆشییەیە کە شتەکە دروستی دەکا بەو سانایەی کە شایانی سەرسامیو پێخۆشبوونە خۆی لە خۆیدا ••• ئەو خۆشییە دەرەتانی شتەکە دەدات کە لە خۆیدا ئامانج پەیدا

بکا(٢) •

ماوەی دووەم : حوکمدان بەسەر چەشەدا لە ڕووی چەندێتییەوە : لەم ڕووەوە (جوانی ئەو شتەیە کە هەموومان بە لامانەوە خۆشبێ بەبێ تێگەیشتنی عەقڵی) • لەم ماوەیەدا کانت گرنگی دەخاتە سەر (هەمووان) واتە لایەنی چەندێتی • جوان ، بابەتێکی لەزەتی گشتییەو جیایە لە (ڕەنگینی) لەوەدا کە بایەخی هەیە بۆ هەمووان نەك تەنها بۆیەك کەس • ئەم لایەنە هەموویيەش دەگەڕێتەوە بۆ (خود ••• ذات) بۆ بابەتەکە • بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە دەبێ پشت بە زەوقی کەسی ببەستین ، دەربارەی ـ خۆش ـ دەشێ هەرکەسە بە زەوقی خۆی بکات • من شتێکم پێخۆشە تۆ پێت خۆش نیە، تامی میوەیەك خۆشە یان ناخۆشە ، ئەمە شتێکی خۆییەو ئێمە لەوە ناکۆڵینەوە • بەڵام دەربارەی جوان : ئەوەی من پێم جوانە دەبێ هی تریش پێیان جوان بێ •• واتە هەموو ئەهلی زەوق لەسەر ئەوە ڕێك بکەون کە جوانە •• ناشکرێ پەنا بەرینە بەر بەڵگەی عەقڵی بۆ سەلماندنی ـ جوان ـ چونکە حوکمی چەشە پەیوەندی بە دەستوورو یاسای عەقڵیەوە نیە •

ماوەی دووەم تیئۆرێکی خراوەتە سەر کە هونەر بە (یاری)یەکی بەهرەکانی (زانین) دادەنێ • کانت دەگاتە ئەو قنیاتەی کەهیچ شتێ نیە واتایەك بەهەموو کەس بگەیەنێ (زانین) نەبێو هەروەها (وێناندن) بەو پێیەی کە سەر بەزانینە • بەڵام مادام لەپێشەوە بناغەی حوکمدان بەسەر جوانیدا بە کارێکی (خۆییو بێ تێگەیشتن) دادەنێ ، ئەوا دەگاتە ئەنجامێکی گرنگ کە پەیوەندی بە هەموو تیئۆرە ئیستاتیکییەکەوە هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ ئەو بناغەیە بریتی بێ لە حاڵەتێکی ڕۆحی کە لە

(٢) الجمال في تفسير الماركسي ل١٦ •

ئەنجامی یارییەکی ئازادی خەیاڵو عەقڵەوە پەیدا بووبێ ، چونکە عەقڵو خەیاڵ دەشێ بەیەکەوە بگونجێن ، ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی شتێکی پێویستە بۆ زانین •

ئەم یارییەش یارییەکی سادە نیە • بەڵکو مەبەست یارییەکی ئازادی بەهرەکانی زانینە • ئەم بەهرانە دەکەونە حاڵەتێکی چالاکیو ئیشکردنەوە کە ڕێ بۆ (زانین) خۆشدەکەن ، بەبێ ئەوەی پێویستییەکی ئیستەرەمی هەبێ، تائەو بەهرانە کردەیەکی زانینی دیاریکراو ئەنجام بدەن •

(بلیخانۆف) هەستی بە گرنگیو بەپێزی ئەم هەڵوێستە کردووەو هەوڵیداوە بە شێوەیەکی دیالەکتیکی پەرەی پێبدا • بلیخانۆف دەڵێ : (دەبێ دانی پیابنێین کە هونەر حەتمەن نزیکە لە یارییەوە ••• کە ئەمیشیان ژیان دروستی دەکاو دیاری دەکا) •• بلیخانۆف باوەڕی وایە کە ڕوانین بۆ هونەر وەکو یاری ، بە ڕوانین بۆ یاری وەکو «بەچکەی کار» تەواو دەکرێ ••• لێرەوە ئەم ڕوانینە ئەو ڕێیەمان بۆ تەخت دەکا کە لە ڕوانگەیەکی ماتریالییەوە بڕوانینە ـ هونەرو یاری ـ هەردووکیان)(٣) •

ماوەی سێیەم : حوکمدان بەسەر چەشەدا بەپێی ئامانجە بەرچاوگیراوەکانی :

دارشتنی ماوەی سێیەم بەمجۆرەیە :

(جوانی فۆرمی ئامانجداری بابەتێکە تا ئەو ڕادەیەی کە ئەو فۆرمەی تیا بەدی دەکرێ بەبێ ئەوەی ئامانجەکە بەدەستەوەبدا) •

Beauty is the form of purposiveness of an object so far as this is perceived in it without any representation of purpose.

یاخود کانت ناساندێکی ـ هەڵبەتا ـ ئاسانتر بەکار دێنێ کە ئەویش (ئامانجداری بەبێ ئامانج) Purposiveness without purpose • واتە جوانی فۆرمێکی ئامانجداری هەیە ، چونکە دەتوانرێ ئەمە

---

(٣) الجمال في تفسيره الماركسي ل٢٠ •

بزانرێ بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە وێناندنێکیش دەربارەی ئەم ئامانجە بکەین • بەمانایەکی‌تر دەبێ باوەڕمان وابێ کە ئامانجێک هەیەو هەر لەو کاتەدا باوەڕمان وابێ کە ئەو ئامانجە هیچ نیە ، بۆ نموونە : کاتێ خاوەن ڕەزێ سەرنج لە میوەی ڕەزەکەی دەدا ، یەکسەر بیر لە نرخی میوەکەی لە بازاڕدا دەکاتەوە ، بەم چەشنە ئەو بیر لە بایەخە ئیستاتیکیەکەی ناکاتەوە •

بەلام هونەرمەند بۆ ئەوەی بتوانێ خۆشییەکی ئیستاتیکی لە میوەکە وەرگرێ دەبێ ئەم ئامانجە فەرامۆش کاتو تەنها هەست بە ئامانجێکی دیاری نەکراو بکا لە سروشتا • ئەمەش وێنەیەکی بێگەردی ئامانجدارییەکی لە ناوەرۆك ڕووت‌کراوەیە •

ئەگەر لە باری سەرنجی فۆرمالیستییەوە سەیری ئەم ماوەیە بکەین دەبینین گرنگییەکی ئەوتۆی نیە ، چونکە بریتییە لەئەنجامی دوو ماوەکەی پێشوو •••• کانت بەمجۆرە بیردەکاتەوە :

مادام بەبێ هیچ مەبەستو نیازێك حوکم بەسەر جوانیدا دەدەین (ماوەی یەکەم) ، ئەوا ناشێ هیچ خۆیەتییەك هەبێ • مادام حوکمی ئیستاتیکی حوکمێکی زانین‌گەری نیەو پەیوەندەی بە تێگەیشتنی بابەتەکەوە نیە (ماوەی دووەم) ئەوا ناشێ کە لەو حوکمەدا هیچ مەبەستێکی بابەتی هەبێ ، ئەوسا تەنها ئامانجداری خۆیی فۆرمەکە دەمێنێتەوە ، واتە بابەتەکە لەزەتمان پێدەگەیەنێ بەبێ هیچ مەبەستێك •••• بەم چەشنە بابەتەکە دەبێتە ئامانجدار کاتێ لەزەت پەیدا دەکا واتە کاتێ بەهرەکانی زانین بەرەو یارییەکی بەیەکەوە گونجاوو بەرەو حاڵەتی وێناندنی خۆیو خەریك‌کردنی هێزەکانی زانین دەبات بەبێ بوونی هیچ ئامانجو مەبەستێك •••

بەم جۆرە جوانی ئەو شتەیە کە هەموو کەس لە فۆرمە دیاری کراوەکەیدا پێی خۆشبێ بەبێ ئەوەی کەس بەرژەوەندی لەوەدا

هەبێ • لێرەدا کانت مەودای جوانی لە بواری ڕەوشتیو پێداویستییە پراتیکییەکانی ئادەمیزادو هەموو جۆرە چالاکییەکی کۆمەلایەتی دووردەخاتەوە • ئەم ناساندنە فۆرمالستییەی جوانی، وای لە کانت کرد زەخاریفو نەخشو ئارابیسكو مۆسیقای خەیالی بە بەرجەستەکردنێکی ڕەسەنی ڕەنگین یان (جوانی ئازاد) دابنێ ••• کە لە وجۆرە جوانییەدا هیچ چەمكو مەبەست.و کەلك نیە •

بەلام ئەم ئەنجامە تا ڕادەیەك ناکۆکی تیابوو کە کانت ناچار بوو چەمکێکی تری بداتە پاڵ بەناوی (جوانی هاوەڵ)(٤) •• مادام جوانی ئازاد هیچ چەمکێکی دەربارەی چییەتی شتەکە گەرەك نیە، ئەوا جوانی هاوەڵ ئەو تێگەیشتنەی پێویستەو دەبێ بەدیهێنانی بابەتەکەش هاوجووتی ئەو تێگەیشتنە بێ ••• جوانی مرۆڤو ئەسپو خانووبەرە، پێویستی بە تێگەیشتنی ئەو مەبەستە هەیە کە دیاری دەکا شتەکە دەبێ چۆن بێت واتە: چەمکێك دەربارەی (تەواوی)یەکەی دیاری دەکاو، لە ئەنجامدا ئەو جوانییە، جوانییەکی مەرجدارە ••• کەواتە جوانی هاوەڵ پشت بەبەراورد کردن لەنێوان شتەکەو چەمکە گشتییەکەی، واتە بیرەکەی دەبەستێ • ئینجا کانت باسی (ئایدیال) دەکاتو دەڵێ: ئایدیا تەنها چەمکی عەقڵە (بەلام ئایدیال بریتییە لە وێناندنی بوویەکی تاك کە هاجووتی ئەو ئایدیایە بێت) کەواتە ئایدیال بەرجەستە کردنی ئایدیایە لە گیانلەبەری تاکدا • مادام ئێمە ناتوانین دەربارەی ئایدیالی گوڵی جوانو کەلوپەلی ڕەنگینو دیمەنی ڕازاوە باس بکەین چونکە لەمانەدا ئامانجەکە وەکو پێویست چەسپاو نیە ئەوا تەنها ئادەمیزاد شیاوی ئەوەیە کە ببێتە ئایدیال، واتە: ئەو هۆی بوونی خۆی لەخۆیدا هەیە •

---

(٤) موجز تاريخ النظريات الجمالية • ل٤٥٧ •

ماوەی چوارەم : بڕیاردانی چەشە بەپێی ڕادەی لەزەت بردن لە بابەتـەکە ، لێـرەدا کانت دەڵێ : (جـوانی ئەوەیە کـە بەبێ تێگەیشـتن بەبابـەتی لەزەتێـکی حەتـمی بزانـرێ)و حوکمی ئیستاتیکی ئـەو خاسیەتەی هەیە کە (پێداویستییەکی خـۆیی وا دروست دەکا کە بە شێوەیەکی بابەتی نواندرابێ لەسەر بناغەی گریمانکردنی مانایـەکی هاوبەش) • جوانی ئەوەیە کـە خەڵك بەبێ تێگەیشتنی عەقڵی بابەتی بە خۆشییەکی پێویستی دابنێن و بە واتایەکی تر لـە ڕووی فۆرمەوە جـوانی دەبێتە جـۆرە (بەسەر سەپاندن یان فرمانێکی ئیستاتیکی) (Imperative aesthetics) کە زۆر لە فرمانی ڕەوشتی دەچێ لەوەدا کە بەر لە تاقیکردنەوەکە بوونی هەیـە بەڵام وەك ئەو فرمانێکی بنەبڕو موتڵەق نیـە ، بۆ نموونە : لە بڕیاردانی جوانی میوەیـەکدا هیچ پێداویستییەکی لۆژیکی یـا ڕووتکاری ـ تجریدی ـ نیە ، وەکو ئـەوەی کە لە مەسەلەیـەکی ماتماتیـکی یـا فیـزیکیدا دێتـە پێش ، بەڵـکو پێداویستییەکی کەسییەو فرمانێکە لە هەستی ئیستاتیکیمانەوە ، هەست دەکـەین ئەگـەر بەپێچـەوانەی ئەو فرمانـە بجوڵێینەوە حوکمێکی چەوتمان داوە • لەم ماوەیەدا ، وەکو تێگەیشتین، کانت گرنگی دەدا بە (پێداویستی خۆیی) لە حوکمی چەشەدا بەڵام کانت لەم ڕێککەوتنەدا هیچ بایەخێك بـۆ جیاوازی هەڵوێستو باری سەرنجی جیـاوازی کەسانو زۆرانبازی ڕێبـازەکانی پێشکەوتن خوازو کۆنەپـەرست لە هونەردا دانـانێ • هەروەهـا جیاوازی بۆچوونەکانی جوانی لە سـەردەمە مێژووییە جیاوازەکانو لای گەلانی جیاواز فەرامۆش دەکا ••

ئەمە ئەو چوار مەرجە وێنەییەن کە دەبێ هەرکەسێك بەر لە تاقیکردنەوەی هەر (یارییەکی ئازادی هەستدارییەکەی) بیانخاتە ژێر دەسەڵاتییەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ تێگەیشتنی لە حوکمی چەشەدا

ڕێك بكەوێ •

ئەركی ڕاستەقینەی ئەو چوار ماوانە ئەوەیە كە چوار نەخشەی عەقڵی ڕووت دروست بكا ، بەر لە تاقیكردنەوەی تایبەتی بە ڕەخنەی عەقڵی پەتی •

كانت سەیری‌كرد كە حوكمی زەوقی لەگەڵ یاساكانی لۆژیك ناگونجێ بەڵام لە تێگەیشتن بەدەرنین •

لایەنی لاوازی لەتیئۆری كانتا ئەوەیە كەچوار (ئەنتۆنیمی)(٥) پێشكەش‌كردن گوایە ئەوانە چارەسەرین ، لەكاتێكا ئەوەی ڕاستی بێ تەنها چوار (ڕەفزكردنی) گەورەی چارەسەرین • ئامانجی ڕاستەقینەیان لەوەدایە كە پەنجە بۆ چوار گیروگرفتی سەرەكی ڕابكێشین كە بێ‌چارەسەری ماونەوە لە مەزەبەكەیدا(٦) •

## كانتو
## سروشتی هونەر

جوانی لەسروشتا شتێكی جوانە ، بەڵام جوانی هونەر مانای وێناندنی شتەكانە بەشێوەیەكی جوانەوە بۆ خۆشی وەرگرتن لە جوانی ئەوەندە بەسە كە ئادەمیزاد زەوقی هەبێ • واتە توانستی وێناندنی شتەكە ، داخۆ خۆشی تیایە یا ناخۆشی ، یان هەڵسەنگاندنی شتەكە یا بابەتەكە داخۆ خۆشی بەخشەیان نا ، بەبێ ئەوەی هیچ نیازێكی دیاری كراو لەگۆڕێ بێ ، بەڵام بۆ دووبارە دروست كردنەوەی (جوان) ئەوا تەنها زەوق بەس نیە ، بەڵكو پێویستمان بە توانستێكی دیكە هەیە كە ئەویش : بلیمەتی‌یە ـ عبقریة ـ بەلای (كانت)ەوە هونەری جوان بەرهەمی بلیمەتی‌یە • Beautiful art is the art of genuis

---

(٥) ئەنتۆنیم : (نقیض) ، بەپێچەوانەی (مرادف)ە

(٦) شارل لالۆ ، مبادیء علم الجمال ل١٠١ •

جیاوازە لە سروشت لەوەدا کە بەرهەمێکی ئینسانییە ـ کاتێ مێش هەنگوین شانەکانی دروست دەکا وادەزانێ کارێکی هونەری ئەنجام دەدا ، بەڵام ئەو کارە لە عەقڵو خواستەوە دەرناچێ بەڵکو لە غەریــزەوە دەردەچێو کارێکی یەکسەر تلقائییــەو بەرهەمی سروشتەو لەدایك بووی عەقڵی ئادەمیــزادو خواستی ئازادی ئەو نیە ....

هەروەها کاری هونەری جیــاوازە لە چالاکی تیئوری ....
گەرچی چالاکی تیئوریش چالاکی یەکی ئینسانی یە ، بەڵام هونەری نیە ، چونکە پیاو لەپێشەوە دەزانێ چی دەکا ، بەڵام لە هونەردا ، یا وەکو بش زانێ چی و چــۆن کــاردەکا هێشــتا دەســت بەجــێ ئاکامەکەی دەست گیر نابێ وە دەبێ بەپرۆسێسێکا تێ پــەڕێ کە وورياییو شارەزایی گەرەکە ، لێرەوە کانت ئەو بیــرەی هێنایە پێش کە هونەرمەند لەڕووی سەرەتاگەوە لەزانا جیاوازە ، چونکە زانست زانینێکی تیئوری یە .

هەروەها دەبێ هونەر لەپیشــە جیاکەینەوە . چونکە پیشــە هونەرێکی کرێ گرتەیە لەکاتێکا هونەر خۆی ئازادە هونەر وەك گاڵتەو یاریەکی خۆشــی بەخش سەیری دەکــرێ .... بەڵام پیشە وەك کار یان مەشغەڵەتێکی ناشاد سەیر دەکــرێ کە تەنهــا ئاکامەکەی ، پاداشتەکەی ـ جێگەی خۆشی گەیاندنــە . وە دەشێ کار پێویست بێ بۆ هەندێ کەســ بەڵام هەر لەو کاتــەدا شتێکی ناچاریشە ، دەبێ بیکات . کانت دان بەوەدا دەنێ کە هونەرەکان جەمسەریان لەگەڵ هەندێ سەنعەتو پیشەدا ، تێکەڵ دەبێتەوە . هەروەها ئەوە دەردەخا کە هەموو هونەرە جوانەکان ئاتاجی جۆرە (ڕێکخستن)و (زەبت)ێك بۆ ئەوەی هونەر نــەبێ بە جۆرە گاڵتە بازاڕییەك بۆ ئەمە شیعر بە نموونە دێنێتەوە .... دەبێ شاعیر

شارەزاییەکی لە یاساکانی کێشی شـیعریو مۆسیقادا هەبێ ، بۆ ئەوەی شیعرەکەی پێداویستییە هونەرییەکەی دابین‌کات • لێرەوە بەپێچەوانەی هەموو ئەوانەوە دەوەسـتێ کە داوای ئازادکردنی هونەر لە هەموو جۆرە یاساو پەیڕەوێك دەکەن • ئەم جۆرە ئازاد کردنە بەلای ئەوەوە نابێتە هۆی ئازادکردنی هونەر بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی هونەر ببێتە شتێکی هیچو بێ‌هودە(٧) •

**یاساکانی هونەر بەلای کانتەوە :**

دەبێ هـەر ئەو یاسایانەبن کە لە جوانی سروشـتدا هەن • هەروەکو چـۆن سروشت نـاشێ جـوان بێ ، مەگەر ئێمـە جۆرە ئامانجدارییەکی تیـا نەدۆزینەوە کەوا دەردەکـەوێ ڕوخساری هونەری هەڵگرتووە ، ئەوا هونـەریش ناشێ جوان بێ ئەو ەاتە نەبێ کـە ڕواڵـەتی سروشـتی هەڵگـرتبێو هەر لـەو کاتەشدا ـ هونەر ـ بـە واتایـەکی‌تر ، دەبێ دووربێ لـە هەمـوو یاساو پەیوەندییەکی دەستکرد •••• بەڵام چ دەربارەی جوانی سروشت یا جوانی هونەر قسە بکەین ئـەوا دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بڵێین: جوان ئەوەیە کە لە حوکمدانماندا بەلامانەوە جوان بێ نەك لەڕێگای هەستکردن یان وێناندنی عەقڵییەوە • خۆ ئەگەر ئامانجی هونەر تەنها بەرپاکردنی خرۆشێکی هەستی بووبایە ، ئەوا دەبوو بە لەزەتێکی ئیستاتیکی خۆیی پەتی ، خۆ ئەگەر ئامانجەکەش ئەوە بوایە چەمکێـك یان وێناندنێکی عەقڵیمان پێشکەش بـکا ، ئەوا تەنها وێنەیەك دەبوو لەوێنەکانی زانین • بەڵام سیمای ڕاستەقینەی هونەر لەوەدایە کەلەوێنەیەکی تایبەتیدابێ لەوێنەکانی حوکمدان بەیەکەوە گونجانی هێزی خەیاڵو تێگەیشتن دیاری بکات •••• ئەو ئامانجەی لە هونەردا هەیە ، ئەگەر ئەنقەستیش بێ دەبێ وا دەرنەکەوێ ، چونکە دەبێ هونەر وەکو سروشت خۆی نیشاندا •

---

(٧) كانت او الفلسفة النقدية ، ل٢٧٩ •



هەواڵنامەی کتێب

هونەرمەند لە ڕێگای بەهرەی بلیمەتییەوە دەتوانێ ئەمە بکا • چونکە بلیمەتی بەهرەیەکی زگماکی سروشتەو بەهۆی ئەو بەهرەیەوە دەتوانێ یاسای هونەرەکەی ڕاستەوخۆ لە سروشت وەرگرێ • لێرەوە هونەرمەند خاسیەتی ڕەسەنی بەدەست دێنێ • چونکە بەدوای هیچ یاسایەکی پێشوو ناکەوێ •

**جوانو مەزن :** **The beautiful and the sublime**

لەتەك جوانی ئازادو (جوانی) هاوەلا ، کانت جۆرێکی تر لە کارتێکردنی ئیستاتیکی دادەنێت ، ئەویش ـ مەزن ـە ••• کانت یەکەم کەس نیە کە جوانو مەزن لێك جیابکاتەوە ، ئەم جیا کردنەوەیە وەك دەگوترێ لە سەردەمی لونجینۆسەوە (Longinus) (٢١٢ـ٢٧٣ز) هەیە ••• بەتایبەتی لە سەدەی هەژدەمدا لای زۆر لە فەیلەسوفو شاعیرەکان باوبوو(٨) •ڕوانینی کانت بۆ مەزنی ڕوخسارێکی سایکۆلۆژییانەی هەیە ـ بۆ جیاکردنەوەی واتای جوانو مەزن ، واباشە بەراوردی لە نێوانی ئەو هەستو سۆزە بکەین کە بینینی گوڵێکی جوانو ، ئەوەی سەرنجدانی دەریایەکی هاروهاج بەرپای دەکا ••• لای کانت ئەو جیاوازییە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێ :ـ

١ ـ جوانی سەرچاوە لە وێنەی بابەتەکەوە هەڵدەگرێ ئەو بابەتەش بەسنوورە بەڵام مەزنی تەنها لەبابەتە بێسنوورەکانو بێ وێنەکانەوە پەیدادەبێ ،واتە ئەوبابەتانەی بێ کۆتایین Infinite

٢ ـ خۆشی ئیستاتیکی لەحاڵەتی جواندا بەستراوەتەوە بە وێناندنی چەشن یاچۆنیەتی بابەتەکەوە (quality) بەڵام لە حاڵەتی مەزندا بەستراوەتەوە بە چەندێتییەوە (quantity)

٣ ـ لەناسینی جواندا ،لەخۆماندا هەست بەخرۆشێکی بەهێز دەکەین کە لەختووکەدانی هێزە زیندووەکانو هێزی ئازادی

---

(٨) هس • هل ٢٦٥

خەیاڵمان دروست دەبێ ، بەڵام لەحاڵەتی ناسینی مـەزندا ، ڕوو بەڕووی هیچ جادویەکی هەستی نابینەوە ، چونکە (مەزنی)هەموو هێزەکانمان تاماوەیەك کپ دەکات ئینجا بەتوندو تیژی بەرەڵایان دەکات ، وە مرۆڤ هەست بەهیچ لەزەتێکی ئیجابی ناکات ، بەڵکو هەست بەجۆرە ئارامێکی سەلبی دەکات لە نـاوەڕۆکا نزیکترە لە سەرسام بوون یانڕێزگرتن لەوەی لەهیچ شتێکی ترەوە نزیك بێ •

٤ ـ جوانی سروشتی ئامانجداریەکی وێنەیی تێدایە کە هەر لەسەرەتاوە وا لەبابەتەکە دەکات بەهـرەی حوکم دانمان بتوانێ هەڵسـوکەوتی لەگەڵدا بکـات واتە خـۆی لە خـۆیدا بگۆڕێ بە خۆشیەکی ئیستاتیکی • • • • • •

بەڵام ئەوەی هەستکردن بە مەزنی دروسـت دەکا لەلامـان دەشێ بەگوێرەی وێنەکەی بێتە هۆی پەیدابوونی ناکۆکی لەنێوان بەهرەی حوکمدانو توانستی وێناندنیان نواندنمـان واتە بە نیسبەت هێزی خەیاڵمانەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی زۆریو تین بۆ هێنان • • • ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مەزنی دوورە لەهەموو ئامانجێکەوەو ناتوانین لەهەر وێنەیەکی هەستیدابێ پێی بگەین •

٥ ـ جوانی پشت بەسەرەتاگەیەك دەبەستێ لەدەرەوەی خۆماندایە واتە سروشت • لەکاتێکا ـ مەزنی ـ لەخۆماندایە واتە نابێ بـە دوای مەزنیدا لەشتەکانو بابەتەکانی سروشتدا بگەڕێین ، بەڵکو لە ئەفکارەکانی خۆماندا •

مەزنی تەنها بیرەکانی عەقـڵ دەگرێتەوە و لەهیچ وێنەیەکی هەستیدا پەیدا نابێ وەدەبێ خـۆی لەخۆیدا وەکـو دژی هەمـوو ئامانجداریەك بزانرێ • خۆشی (جوان) لەهاوگونجانی ـ هێـزی خەیاڵو تێگەیشتن دروست دەبێ • وە لەبەر ئەوەی تێگەیشـتن بەهرەی زانینی بابەتەکانی تاقیکردنەوەیە ، ئەوا جوانی وەکـو شتێ لەدەرەوەی ئێمەدا هەیە بەدیـار دەکەوێ • لەسروشتا ئێمـە

خۆمان بەرامبەر (سنعەتێکی) (هاوڕێژە) دەبینین ، ئەمەش وامان لێدەکا وامان بێتە خەیاڵ کە ئێمە بەرامبەر هونەر ) وەستاوین نەك تەنها بەرامبەر (میکانیزمی) بێ ئامانج ۰ ۰ بەڵام لەحاڵەتی (مەزن)دا ئەوە عەقڵ نەك تێگەیشتن ئەم پەیوەندییە لەگەڵ هێزی خەیاڵدا بەئەنجام دەگەیەنێ ۰ ۰ ۰ عەقڵ ناتوانێ جیهانی دەرەوە بناسێ لەگەڵ ئەوەشا دەتوانێ بیرەکانی خۆی لەو دیوی ڕواڵەتەکانەوە تابێ کۆتایی بەڕێکات لەبەر ئەمە بینینی دەریایەکی هاروهاج دەشێ هێزی خەیاڵم ببزوێنێ بەڵام عەقڵ دێتە پێشەوەو دەچێتە ئەودیوی تێگەیشتن و نواندنەکانەوە ، وە ئاسۆیەکی بێ کۆتایی ڕەچاو دەکا کە لەئاستیا هێزی ئەو هێزە گەردوونی یە هێزێکی لاوازو ژمارەیەکی بێ بایەخن ، لەبەر ئەمە مەزنی ڕاستەقینە لەسروشتا نییە ۰ بەڵکو لەمێشکدایە ۰ لێرەوە مەزنی ئەو شتەیە کە بەهۆی بەهرەیەکی زەینی تایبەتی یەوە ، وێنەی دەکێشین وە لەسەرووی هەموو پێوانەکانی حەواسەوە دەوەستێت ۰

بۆ ناسینی مەزن پێویستە مرۆڤ لە دوورەوە سەیری بابەتەکە بکا ۰ تۆ ناتوانی لەنزیکەوە مەزنی ی (ئەهراماتی جیزە) تێ بگەی بەڵام لەدوورا ، کە بەربڵاوی (امتداد) و هێزیان دەدۆزیەوە ، دەتوانێ هەست بەمەزنی یەکەیان بکەیت ۰ ۰ ۰ وەهەروەها کەسێ کە بۆ یەکەمجار دەچێتە ناو (کاتدرائیەی قدیس بورتروس لە روما) هێزی خەیالی ناتوانێ ئەو (هەموو) گەورەییە بێنێتەوە بەر چاو ، لەبەر ئەمە بەربەرەکانی لەنێوانی بەهرەی تێگەیشتنی و ـ (بەهرەی خەیاڵ)دا دروست دەبێ ۰ هەستی ئیستاتیکی (مەزن) لەو بەربەرەکانیە پەیدا دەبێت ۰

لێرەوە کانت جیاوازی لەنێوان دووجۆرە مەزنی دا دەکات ۰

١ ـ مەزنی ماتماتیکی ۰

٢ ـ مەزنی دینامیکی ۰



هەواڵنامەی کتێب

یەکەمیان بەستراوەتەوە بەسیقدارەوە ، دووەم بەستراوەتەوە بە گەورەیی هێزەوە ... یەکەم : لەتێکەڵی‌ی بەهرەی خەیاڵ و زانین درووست دەبێت . دووەم لەهی خەیاڵو (نزوع) .. یەکەم بەراوردکردنو پێوانە هەڵناگرێ .

دووەم : سروشت دەست نیشان دەکا : وەکوو هێزێکی زلی وێنە کراوو لە حوکمی ئیستاتیکیدا جێگەی سامو ترسە لەلایەن ئێمەوە(٩)

نموونەی جوانی ماتماتیکی : ئاسمانێکی پڕ ئەستێرەیە ، نموونەی جوانی دینامیکی گەرداوێکی گەورەیە کە جمینو ئارام نازانێ .

٦ ـ مەزن خرۆش بەرپا دەکا ، لەکاتێکا جوانی ـ هێمنی‌و ئەهوەنی دەخولقێنێ : هێمنی‌و ئەهوەنی لێ‌خوورد بوونەوە . خرۆشی مەزنی وەکوو ـ زەبەرێك ـ وایە ، لەبەیەکدا هاتنی سڵەمینەوەو ڕاکێشانی ـ تناقروجازییە ـ ی یەك بابەت، بەکوتو پڕی پەیدادەبێت .

لەبەر ئەمە مەزنی تەنها لەزەتو خۆشی‌و ئارام دروست ناکات بەڵکو جۆرە ناڕەحەتی‌و ئازارو بێ‌ئارامیەکیش دەخولقێنێ، هەست بەلەزەت دەکەین چونکە هەست بەمەزنیی سروشتو چارەنووسمان دەکەین . هەست بەترسو‌سام هەروەها هەست بەهێزی بەرگری خۆمان دەکەین بەرامبەر ئەو ترسو سامە ، هەروەك لەحاڵەتی بینینی گەرداوا ، یان حاڵەتی جەنگدا ڕوو دەدا .. ئەم هێزە مانەوی‌یە خۆی لە خۆیدا هێزێکی گەورەیە . بەڵام کەسێ کە هەستو سۆزی تۆقان و ترسی بەسەردا زاڵ بووبێ ناتوانێ (مەزنی) تێ‌بگات ، هەروەکو چۆن ئەوەی مەیلو ئارەزووی هەوەسبازی کاری تێکردبێ ناتوانێ (جوانی) تێ‌بگات . لەبەر

---

(٩) لە (کانت او الفلسفة النقدیة ) یەوە وەرگیراوە لاپەڕە ٢٦٩
(Critique du Judge ment)

ئەمە هەستکردن بەئەهوەنی و دڵ نیایی ـ مەرجێکی پێویستە بۆ ناسیتی مەزن • لەو حاڵەتەدا ئێمە دەتوانین هەست بە سەرکەوتوویی خۆمان بەسەر هێزە مەزنەکانی سروشتدا بکەین ، بۆیە کانت مەزنی بە بابەتێکی دەروونی دادەنێ کە لە خۆماندا هەیە • تەنانەت (جەنگ)یش لەڕەنگینیو مەزنی بێ بەری نیە • چونکە بەڕادەی ئەو مەترسییەی هەڕەشە لەگەلێك دەکا ووڕەو ، هێزی مانەوی ئەو گەلەش بەرزدەبێتەوە ، تا لە ڕێی سەرکەوتندا بەختی بکات • • وە لەڕێگەی زاڵ بوون بەسەر مەترسیدا ،جوانی بەرگری سایکۆلۆژی بەدەردەکەوێ •

## جوانیو کەڵکداریو ڕەوشت

وەك لە شیکردنەوەی ماوەکانی حوکمی ئیستاتیکیدا بۆمان ڕوون بۆوە • ئەم حوکمە خۆی لەخۆیدا هیچ مەبەستو کەڵکدارییەکی تێدانیە • بەڵام کانت لەدواییدا فەلسەفەکەی پەرە پێ دەداو دەڵێ حوکمی ئیستاتیکی پەتی دەشێ (دوای دەرکردنی) کەڵکێکی ئەزموونی یا پراتیکی بدەینە پاڵ • وەکانت ، لێرەدا ، ئەو بڕیارە دەدا کە جوان خۆی لەخۆیدا هیچ کەڵکێکی نیە ، بەڵام کۆمەڵ ئەو کەڵکەی پێ دەبەخشێ • • • مادام ئادەمیزاد گیان لەبەرێکی کۆمەڵایەتییە ئەوا زەوق (چەشە) وەکوو بەهرەی حوکم دانی شتەکان ئەرکێکی کۆمەڵایەتی پراتیکی هەیە •••• بەمە مەودای ئەوەمان دەبێ کەسۆزو هەستی خۆمان بەخەڵکی بگەیەنین ، وە مەیلی زگماکی بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ مەردووم دابینکەین • خۆ گەر کەسێ لەناو دورگەیەکدا بژیا کەسی تێدا نەبێ ، ئەوا یەك تۆز بەخەیاڵی دانایە کە کوختەکەی ئارایشت بداو ڕواڵەتەکەی بڕازێنێتەوە ، یان تەنها لەبەر دابین کردنی خۆشەویستی جوانی لەلای خۆی گوڵو ریحانەی لێ بڕوێنێ • کەواتە ئەگەر بوونی ئادەمیزاد لەناو کۆمەڵدا نەبووایە ، بیری جوان کردنو

ڕازاندنەوەش لەلای دروست نەدەبوو وەکەس بەتەمای ئەوە نەدەبوو کەخۆی بکاتە مرۆڤێکی نموونەییو دیار لەناو خەڵکی دیکەدا • گەلێ کەس هەن لەو حەلانەدا کە تەنیا دەبن هیچ هەست بەجوانی ناکەن ، بەڵام هەر کە دەچنە ناو کۆڕو کۆمەڵانەوە ، لەزەتێکی گەورە لەوە دەبەن کە هەستو سۆزی خۆیان بەخەڵکی بگەیەنن ، یان گوێ بۆ هەستو سۆزی ئەوان شل بکەن • بە پێشکەوتنی شارستانیەت ــ واتە بە پێشکەوتنی جۆری پەیوەندی یەکانی کۆمەڵایەتی ، ئادەمیزاد توانی نرخو بایەخ بۆ ڕەنگو بۆیەو گوڵو گەوهەرو قاقلە جندۆکەو پەڕی باڵندەو، بیچمەکانی دیکەی جوانی زیاد بکات ••• ئەگەر کۆمەڵ خۆی ئەو نرخانەی بۆ زیاد نەکردبانایە ئەوا هیچ بایەخێکیان نەدەبوو •

به پێشکەوتنی پتری شارستانیەت ، بایەخ دانی مرۆڤ بە فۆرمە جوانەکان خۆی لە خۆیدا بوو بە بایەخێکی ئادەمیزادی پێشکەوتوو ••••• وە خەڵك وایان لێهات لەزەت لەگۆڕینەوەی هەستو سۆزە ئیستاتیکی‌یە ناسکەکانیان ، دەربارەی ئەو بابەتانەی ئیستاتیکی لەتاقی‌کردنەوەکانی ژیانیاندا تووشیان دێت ، وەرگرن • گەرچی ئەو لەزەتەی مرۆڤ لەو بابەتانە بەدەستی دێنێ خۆی لەخۆیدا بێ بایەخەو گرنگی‌یەکی ئەوتۆی نیە ، ئەوا ئەو بیرەی دەتوانێ دەربارەیان بەخەڵکی تری بگەیەنێ دەبێتە هۆی ئەوەی بایەخێکی گەورە بۆ ئەو لەزەتە ئیستاتیکی‌یە زیاد بکات • کەواتە مەیلی کۆمەڵایەتی‌یە وامان لێدەکا بایەخێکی پراتیکی یا سودێکی ئەزموونی بدەینە پاڵ جوانی •

## جوانی‌و ڕەوشت

بەلای‌کانتەوە هیچ پەیوەندی‌یەکی ئەوتۆ نیە کە جوانی‌وڕەوشت بەیەکەوە گرێ بدات • گرنگی دان بەجوانی هونەر ئەوە ناسەلمێنێ



هەواڵنامەی کتێب

کە خاوەن مەیلی نیازێکی چاک، یان ڕەوشتێکی بەرزی هەیە. لەگەڵ ئەمەشا، گرنگی دان بەجوانی سروشت، خۆی لەخۆیدا خاسیەتێکی ڕۆحی چاکە. کاتێ مرۆڤ لەسەر ژیانی لێخوردبوونەوەو تقوم بوون لەجوانی سروشتدا ڕادێت، ئەم جۆرە ژیانە دەبێتە هۆی ئەوەی هەستی ڕەوشت بەرزی لەلای مرۆڤ پەرەبستێنێت ـ بەڵام مەبەست لەجوانی سروشت ئەو جوانییە ڕواڵەتییە نیە کە تەنها لێ خورد بوونەوەیەکی هەستی ئەزمونی لەلای ئێمە بەرپا دەکات بەڵکو جوانی ئەو فۆرم و دیمەنانەی سرووشتە کە جۆرە بایەخێکی عەقلی و ڕەوشتی پەتیی بەرپا بکەن. کاتێ مرۆڤ لە جوانی گوڵێکی کێوی یا پەلەوەرێکی کێوی یا زیندەوەرێکی وێڵ خوورد دەبێتەوە ئەوساتە گرنگییەکی عەقلی ڕاستەوخۆ بەجوانی سروشت دەدا بەبێ ئەوەی هیچ ڕاکێشانێکی هەستی یان ئامانجێکی کەڵکدار کاری تێبکات .... مرۆڤێك کە تامەزرۆی جوانی سروشت بێ ئەو جوانییە لەهیچ بەرهەمێکی سنعەتی لاسایی کراوەدا بەدی ناکات.

واتە دەبێ لە لێخوردبوونەوەی جوانی سروشتدا ئەو تێگەیشتنەمان هەبێت کە سروشت خۆی دروستکەری ئەو جوانییەیە جگە لەمەش جوانی سروشتی ئەو خاسیەتەی هەیە کە جوانی سنعەتی نیسەتی. یەکەمیان دەبێتە هۆی ناسك کردنی هەست و سۆز و پەروەردەکردنی هەستی ڕەوشتی. لێرەوە جوانی لای کانت ڕەمزی ڕەوشتە، چونکە ئامانجی حوکمی چەشەش وەکو کرداری ڕەوشتی گەیشتن بە شتی ماقولەو (intelligible) هەردووکیان بەرزمان دەکەنەوە بۆ سەرووی لێکدانەوەکانی لەزەت و کەڵکداری. کەسێ کە بایەخ بە جوانی سروشت بدا، دەبێ لەوەبەر لەسەر ژیانی لێخوردبوونەوە ڕاهاتبێ و چاکەی ڕەوشتی لە دەروونیدا ڕەگی داکوتابێ، چونکە بایەخدان بە جوانی ڕواڵەتیکە لە

ڕواڵەتەکانی خواستنی چاکەی ڕەوشتی یان ئاکامێکی پەروەردەی ڕەوشتییە • خۆ ئەگەر نزیکییەك لە نێوانی حوکمەکانی ئیستاتیکی‌و هەستی ڕەوشتیدا هەبێ لەبەر ئەوەیە کە سروشت بە زمانێکی ڕەمزی لە ڕێگای ئەو فۆرمە جوانانەی تێیدان قسەمان لەگەڵدا دەکات‌و کاتێ مرۆڤ سەری خۆی لە کردنەوەی ئەو ڕەمزانەدا دەردەکات ، ئەوا لە مەبەستەکانی سروشت سەرسام دەبێ ، پەی بە یاساو سیستەمەکەیان دەباو دەزانێ کە ئامانجدارییەکی تایبەتییان تێدا هەیە کە لە ناوەرۆکا بە ئامانجی بوون ـ مان‌و چارەنووسی ڕەوشتیی مانەوە بەندە •

زەوق ڕێگای گواستنەوەی بەرە بەرە ، لە ڕاکێشانی هەستییەوە بۆ ڕەوشتی ، خۆش دەکات • چونکە بە شێوەیەکی ئازادو ڕێك خەیاڵ لەگەڵ زەینا دەخاتە ڕووو ڕامان دەهێنێ ، ئارامێکی ئازاد لە ڕواڵەتی هەستیی بەدەستخەین •••• خەیاڵ لە سروشتدا بێ یان لە هونەردا ڕەمزێکە حەقیقەتێکی ڕۆحی ئەودیو دەردەبڕێ‌و ، بەمە ڕێککەوتنێك لە نێوانی سروشت‌و خواستی ئینسانیدا کە هەردووکیان بەشدارن لە تاقیکردنەوەی ئیستاتیکیدا پەیدا دەکات ، ئەمەش وامان لێدەکات بڵێین ئادەمیزاد لەوەدا کەبوویەکی ڕەوشتدارە لەجیهانێکدا دەژیا کەتەبایە لەگەڵ پێویستییە ڕۆحییەکانیدا •

## دابەشکردنی هونەرە جوانەکان

کانت هونەرە جوانەکان بەپێی ئەو ئامرازانە دابەش دەکا کە لە دەربڕینیاندا بەکاردێن •••• بەمچەشنە دابەشیان دەکا بە سێ بەشەوە :ـ

١ ـ هونەری قسە •

٢ ـ هونەری بزووتنەوە •

٣ ـ هونەری دەنگ یا ساز •

ڕایەکی تریش دەردەبڕێ کە دەشێ هونەرەکان بکرێن بە دوو بەشەوە :ـ

١ ـ ئەو هونەرەی گوزارشت لەبیر دەکا •

٢ ـ ئەو هونەرەی گوزارشت لە زەین ڕوونیو بینیاری زەین ڕوونی دەکا • ئەمەش لای خۆیەوە دەبێتە دوو بەشەوە :

١ ـ هونەرێك کە دیمەن یا وێنە دەردەبڕێ •

٢ ـ هونەرێك کە ماتریالی دەردەبڕێ •

لە ئەنجامدا کانت دابەشکردنی یەکەم بەکار دێنێ بەم چەشنەی خوارەوە :ـ

١ ـ هونەری قسە : ئەمەش ڕەوانبێژیو شیعر دەگرێتەوە •••• ڕەوانبێژی لای کانت بریتییە لەو هونەرەی مەسەلەکانی تێگەیشتن چارەسەری دەکا هەروەکو یارییەکی ئازادی هێزی خەیاڵبن •

بەلام شیعر ئەوەیە کە یارییەکی ئازاد لە وێنەی مەسەلەیەك لە مەسەلەکانی تێگەیشتن بۆ هێزی خەیاڵ بەدی بهێنێ • لەهەردوو حاڵەتا دەبێ هەردوو بەهرەی زانین : هەستداریو تێگەیشتن بە شێوەیەکی خۆکردو بێ زۆرکاری بەیەکەوە بگونجێنێ •

٢ ـ هونەری پلاستیکی ئەوانەن کە بیرەکان بەهۆی زەین ڕوونی هەستییەوە دەردەبڕن • ئەمیش دوو بەشن :ـ

یەکەم : هونەری بەرجەستەکراو ـ کە حەقیقەتێکی هەستی دەردەبڕن وەك پەیکەرتاشیو ئارکیتیکچەرو ، هونەری دیمەن کێشی کە ڕواڵەتی هەستی دەردەبڕن وەك هونەری وێنە گرتنو بیستان خۆشکردن •

جۆری یەکەم بەهۆی حاسەی بینینو پێست لێدانەوە دەناسین بەلام جۆری دووەم تەنها بەهۆی حاسەی بینینەوە دەناسین •

٣ ـ هونەری یاریکردنی ئازاد بە هەستو نەست (التلاعب

الحس بالاحاسيس) ئەمەش هونەری مۆسیقاو هونەری تێکەڵکردنی ڕەنگەکان دەگرێتەوە. مۆسیقا ئەو هونەرەیە کەیاری بە هەستی بیستنمان دەکات، چونکە پشت بە پێکهێنانی هەندێ پەیوەندی ماتماتیکی نێوان سازەکان دەبەستێ، لەکاتێکا هونەری [ڕەنگ تێکەڵکردن] یاری بە هەستەکانی بینینمان دەکاتو، کاتێ مۆسیقا بۆ شیعر زیاد دەکرێ هونەری گۆرانی دروست دەبێ. بەڵام کاتێ هەموو ئەو هونەرانە پاڵ لەیەك دەدەن هونەری دراما بەتایبەت، ئۆپێرا، دروست دەبێ. بە لای کانتەوە گرنگترینی هونەرەکان شیعرە، ئینجا مۆسیقا، ئینجا نیگارکێشی. ئەم حوکم دانەی لەسەر بناغەی فۆرم بنیات دەنێ نەك ناوەرۆك گەرچی لەم بارەوە ناکۆکییەك لە ڕایەکانیدا هەیە.

لەلایەکەوە دەبینین بڕیار دەدا: شیعر هێزی خەیاڵ پەروەردە دەکاتو ئاسۆکانی مێشك فراوان دەکاتو ژمارەیەکی زۆر بیرو ئایدیامان پێشکەش دەکات. لەلایەکی دیکەشەوە دەڵێت ئەگەر ئێمە حوکم بەسەر بایەخی هونەرەکاندا بدەین لەو ڕۆشنبیرییەوە کە پێمانی دەدەن یان لەو پێشکەوتنە دەروونییەوە کە بەسەر بەهرەکانماندا دەیهێنن، ئەوا دەبێ مۆسیقا لە دوای هەموویانەوە دابنێین، چونکە تەنها ویژدانمان دەخرۆشێنێو یاری بە هەستمان دەکاو هیچی تر. لەم بارەوە دەشێ هونەرەکانی پلاستیکی لە مۆسیقا بەبایەخ‌تربن چونکە کاری جددیمان پێشکەش دەکەن، نەك تەنها هێزی خەیاڵمان دەخرۆشێنن، بەڵکو چالاکییەکی زەینی گونجاویشمان تێدا بەرپا دەکەن.

مۆسیقا لە هەستو سۆزەوە دەست پێدەکاو بە ئایدیای نادیار دوایی دێ، هونەری پلاستیکی بە ئایدیای دیاریکراو دەست پێ دەکاو بە هەستو سۆز دوایی دێ، ئەو هەستو سۆزانەی هونەری پلاستیکی دەیانخولقێنن ئینتباعاتێکی هەموو دەمیین ـ ئەو

ئینتیباعاتانەی مۆسیقا دروستیان دەکا لامسەرلاپین ـ •

کانت دەستنیشاتی هەندێ هونەری دی دەکا وەك یاری گاڵتەو توکتەو ، هونـەرەکانی کۆمیدیو گاڵتەجاڕی •••• ئەمانـە بە هونەری جوان داتانێ • بەڵکو دەیانخاتە پاڵ ئەو هونەرانەی ( بە هونەری گونجاو) ناویان دەبا چونکی جدیەتو ڕێزیان تێدا نیە •

**دوا وشـە :ـ**

کانت بـەبێ ئەوەی پێبزانێ کارێکی پێشکەوتنخوازانەی ئەنجامـدا • کانت دژی ژێردەستەکـردنی هونـەر بـۆ قازانجی سیاسەتو ڕەوشتی دەرەبەگایـەتیو بـۆرژوازی وەسـتا • لە ساڵەکانی هەشتای سەدەی هەژدەهەمـدا ، تیئۆری عەقلانیەت لە هونەردا ، لە لایەن هەندێ ڕۆشنکارانەوەو ، زۆر لە دوژمنە کۆنە پەرستەکانیـان بەتایبەتی باڵی کۆنەخواز ـ محـافظ ـی ڕۆشن کارەکانی ئەڵمان ، بڵاوکرایەوە • ئەم تیئۆرەش ئامانجی ئەوەبوو کە هونەر بەپێی مەبەستی دەرەوەی هەڵبسەنگێندرێ ، بەبێ ئەوەی هیچ گوێ بدرێتە چییەتی هونـەریو یاسا تایبەتییەکانی ، بەپێی ئەم تیئۆرە هونەر دەبێ تەنها هەوڵی ئەوە بدات شتێك بە شێوەی لۆژیکی بسەلمێنێت ••• نابێ گوێ بدرێتە ئاستە هونەرییەکەی • کانتیش کە دۆستی بزووتنەوەی دژ بە دەرەبەگایەتی بوو ـ و ، لە نووسراوە فەلسـەفییەکانیدا دژی دەجەنگا ، هەسـتا دژی تیئۆری هەڵسەنگاندنی هونـەر بەپێی مەبەستەکەی وەستا بـەبێ ئەوەی هەلو مەرجی هێنانەکایەوەی ئەو مەبەست خوازییەو مانایەکەی لە چوارچێوەی ئـەو هەلو مەرجـەدا بگرێتە پێش چـاو • کانت نەیتوانی ئـەوە دەرك پێبکات کە ئامانجخـوازی ڕۆشنکاران لە لایەکەوەو، دوژمنە دەرەبەگەکانیان لەلایەکی دیکەوە بەتەواوەتی بـە پێچەوانـەی یەکتـرەوە بـوون • • • جەنـگی دژ بـە دەرەبەگایەتی بوو کە پاڵی بـە ڕۆشنکارەکانەوە ناو ئیلهامی پێ

هەواڵنامەی کتێب

بەخشین کاری هونەری وەها دروست بکەن لە عەقلانیەت و سنوور تەسکی بیری بۆرژوازی میتافیزیك لە سەدەی هەژدەهەمدا تێپەڕ بکەن • لە لایەکی تریشەوە دەبێ ئێمـە ڕەگەزە دیالەکتیکیەکانی چارەسەری کانت بۆ مەسەلەی ئامانجداری لە هونەردا فەرامۆش نەکەین •• کانت وای دادەنـا کـە هەرچەندە ئامانجـدارییەکی هەوەڵی لەوەپێش لـە بەرهەمەکانی هونەرە جوانەکانـدا هەیە ، بەڵام ئەم ئامانجدارییە نابێ وەکو شتێکی ئەنقەست بەدەربکەوێ • واتە دەبێ ئێمە هەر وەکو چـۆن سەیری سروشت دەکەین ئاواش سەیری هونەرە جوانەکان بکەین ، بەڵام هەر لەو کاتەشدا دەبێ ئەو هوشیارییەمان هەبێت کە ئێمە بەرامبەر هونەر وەستاوین • ئەمەش ئـەوە دەگەیەنێت کە هەرچەنـدە کانت ئامانجـداری لە هونەردا بە شـتێکی (فۆرمی) ناودەبرد هێشتاکە ئەگـەر زمانی فەلسەفە بەکار بهێنین ، بەلایەوە پێویست بوو کە ئامانجدارییەکی ناوەوەیی ــ غایـة داخلیة ــ تێدابێت واتـە بەپێی لێکدانـەوەی ــ هیگل ــ بۆ ئەم مەسەلەیە : کانت دژی ئەوەبوو ئامانج و ئامراز لە هونەردا لە یەکدی داببڕدرێن ••• دژی نەبوونی ئامانج بوو لە هەر پەیوەندییەکی ناوەوەیی جەوهەریدا ، بەو ماتریالەی ئەو ئامانجەی تێـدا بەرجەستە بوو • واتە جوان وەکـو ئامانجداری خۆی لە خۆیدا بە چەشنێکی وا دەردەکەوێت کە ئامرازو ئامانج وەکو دوو لایەنی جودا بەدەرناکەون •

## هیـــــگل Hegel

ئیستاتیکای کلاسیکی ئەڵمانی لـە تیئۆرەکانی جۆرج ولیام فریدریـك هیگـلدا ( ١٧٧٠ـ١٨٣١ ) گەیشـتە لوتـکەی پەرە ئەستاندنی • شیکردنـەوەی جـوان لای هیگـل ، پەیوەندییەکی پتـەوی لەگـەڵ ڕوانگـە فەلسـەفی و سیاسی و کـۆمەلایـەتیە گشتیەکانیدا هەیە •

هیگل لە سەرەتاوە لایەنگری شۆڕشی فەرەنسا بوو ••• بەلام لەدواییدا بوو بەلایەنگری حوکمی موتلەق و کۆنەپەرستی بروسیا ••• لەگەڵ ئەمەشـا ئەو هەمیشە شۆڕشی بە (هەتـاو هەلاتنێکی مەزن) دادەنا • گەرچی دژی دیکتاتۆریەتی یەعقوبییەکان بوو ، هێشتا هەموو قۆناغەکانی شۆڕشی فەرەنسی بەقۆناغێکی سروشتی دەدانە قەڵەم لەگەڵ ئەو ـ تیرۆڕ ـ ارهاب ـەی لەناویشیا هەبوو ••• ئەمە وای لـە بۆرژوازییـەلیبرالییـەکان کـرد دژی ئـەم هەڵوێستەی هیگل بوەستن •

هیگل لە گەنجێتیدا خەونی بە ژیانەوەی سیستمی دیموکراتی کۆنەوە دەبینی و ، هەڵوێسـتێکی سەلبی بەرامبـەر سیستمەکانی کۆمەلایەتی سـەردەمەکەی هەبـوو ••• ئەو باوەڕی وابـوو کە بنیاتنانی شارستانیەتی نوێ بە ژیاندنەوەی سەرەتاکانی سەدەی پاڵەوانێتی دیمـوکراسی کۆن ئەنجـام دەدرێت ••• هیگـل دژی مەسیحیەت وەستا ، چونکی پاڵەوانی کارو ڕاپەڕین دروست ناکا، بەلکو پاڵـەوانی سەبرو ئارام گرتن ، واتـە دینی کۆیلایەتییەو جیهانی مەسیحی بەلای ئەوەوە وەستاوە چونکی دەست پێشخەری کەسی و چالاکی خۆیی دەکوژێ • ئەدەب لەژێر سـێبەری ئازادیدا دەبوژێتەوە • هیگل بەردەوام ئەم بـیرە لە کارەکانیا دەردەبڕێ و هەر لەم ڕوانگەوە ، بایەخێکی گەورە بۆ هونەری ئەرکیتیکچەرو

نیگارکێشی‌و شیعری سەدەکانی ناوەڕاست دادەنێ ••• لە کاتێکا ڕەخنە لە مەسیحیەت لە ئەوروپادا دەگرێت بەر لـە هەموو شتێك مەبەستی لە حوکمی موتڵەقی هاوسەردەمێتی لە ئەڵمانیادا •• لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم‌و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ، هیگل باوەڕی بە ئایدیالە دیموکراتیکەکانی ئامێنێت‌و تووشی ڕەشبینی ڕۆمانسی دەبێت‌و (مردنی ئایدیالە ڕەوشتییە ڕەنگینەکان) وەکو (ڕۆحی تراژیدی سەردەم) نیشان دەدات •

**سەرەتاگەی بۆچوونی ( جوان ) :**

هیگل لە کتێبە زلەکەیدا (چەنـد وانەیەك لە ئیستاتیکا) کە بریتییە لەو لیکچەرانەی لە سـاڵی ۱۸۲۳دا بڵاو کرانەوە ، ئەوە بڕیار دەدا کــە چـار نیــە دەبێ بــۆ لێکۆڵینـەوەی جــوانی لەو سەرەتاگەیەوە دەست پێبکەین کە : جوانی بە ئایدیا (Idea) یان (حەقیقەتێکی هەمووی)دابنێین • چونکە تەنها ئەم ڕێگەیە بۆمان دەلوێنێ لە زۆر تەنگ‌و چەڵەمە دوورکەوینەوە کە زۆری بابەتەکانی جوانی‌و بەربڵاوی ڕواڵەتەکانی چ لە سروشتداو چ لە هونەردا پەیدای دەکەن(۱) •

لێرەوە هیگل هەر لە سەرەتاوە هونەریشی خستە پاڵ ئایین‌و فەلسەفە بەو پێیــەی کە ئەمانە هەموویــان ڕواڵەتی ئایدیـا یان ڕۆحی موتڵـەقن‌و ، ڕۆحی موتڵەق لەو سێ سیستمــە فیکریانەدا خۆی دەردەخـات • هــەرچی لە گەردوونــدا هەیە لـە دیاردەی سروشتی‌و ماتــریالی‌و یاساو پەیــڕەوی ئادەمیــزادی‌و ئایدیایی هەموویان لە ئاکامدا ڕواڵەتێکن لە ڕواڵەتەکانی پێکهاتووەکانی بیری موتڵەق •

یاســای ئـەم پێکهاتوانـەش دیالەکتیــکە ـ بنچینـــەی دیالەکتیکیش بزوتنـەوە یان ئاڵوگــۆڕی بەردەوامــە • جوانیش

(۱) زکریا ابراهیم : فلسفة الفن في الفكر المعاصر • ل٦ •

بڕێتییە لە ئایدیا لە قۆناغێکی دیاریکراوی پەرە سەندنیدا •

ئامانجی ڕۆحیش لە ئەنجامدا ئەوەیە کە خۆی بناسێ : (خۆی بکاتە بابەتێك بۆ خۆیو خۆی چییەتی خۆی دەردەبڕێ) • (هونەر سەر بە ڕۆحی موتڵەقە ، بەڵام بابەتەکەی ئەو ڕۆحە لە ئێستاو ئایندەدا نییە ، بەڵکو لە ڕابوردوودایە • لێرەوە هیگل ئاوڕ دەداتەوە بۆ ڕابردووو هەموو قۆناغەکانی پێشووی ڕۆح دەژێنێتەوە ••• دان بەوەدا دەنێ کە مەبەستی ئەو ژیاندنەوەی هونەر نیە ، بەڵکو مەبەستی ناسینی هونەرە) • ڕۆحی موتڵەق لە ڕێگای دینو هونەرو فەلسەفەوە دەتوانێ خۆی بناسێنێ :

١ ــ ڕۆحی موتڵەق لەهونەردا لە فۆرمیولای زانیندا خۆی دەردەخا • هونەر دەتوانێ حەقیقەتی خودایی یا ڕۆحی موتڵەق ــ لە وێنەیەکی هەستیدا پێشکەش بکات •

٢ ــ ڕۆحی موتڵەق لە دیندا ، لە فۆرمیولای لێخوردبوونەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە • لێخوردبوونەوەو چەقبەستنی لەسەر ناوەوەو گرمۆڵەبوونی گیان بەسەر خۆیدا بووە هۆی ئەوەی دین لە ڕەگەزە هەستییەکانی داببڕێو حەقیقەتی خودایی بەرەو ڕووتکاری ــ تجرید ــ ڕابکێشێ •

٣ ــ ڕۆحی موتڵەق لە فەلسەفەدا لە فۆرمیلای تێگەیشتنو بیردا خۆی دەدۆزێتەوە • فەلسەفە پێزێکی زیاتر دەدا بە دینو هونەر • بابەتێتی هونەرو خۆیەتی دین هەردووکیان لە فەلسەفەدا یەك دەگرن چونکە بابەتێتی لە هونەردا کاتێ موتڵەق دەردەبڕێ هەڵسو کەوت لەگەڵ وێناندنی ڕووتدا ناکات بەڵکو ماتریالی هەستیی بۆ زیاد دەکات ••• لێرەوە هیگل جوانی بە (بەدیار کەوتنی ئایدیا لە فۆرمێکی هەستیدا) دەناسێنێ •



هەواڵنامەی کتێب

هونەر بەلای هیگلەوە ئەو ڕۆحەیە کە بە ئازادییەکی تەواوەوە لە خۆی خورد دەبێتەوە •

دین ئەو ڕۆحەیە کە بە مل کەچی یەوە خۆی دەنوێنێ ••• بەڵام ئەو ڕۆحەی بیر لە چییەتی خۆی لە چەمکەکاندا دەکاتەوەو چییەتی خۆی دەزانێ : فەلسەفەیە •

هەرسێکیان یەك ناوەڕۆکیان هەیە ، جیاوازی تەنها لە فۆرمی دۆزینەوەی ئەو ناوەڕۆکە و زانینی دایە ••• وە هونەر ناتەواو ترین شێوەیەکە کە ئایدیا خۆی پێ دەدۆزێتەوە •

## بابەتی ئیستاتیکا

بابەتی ئیستاتیکا :جوانی سروشتی نیە بەڵکو جوانی هونەری یە هیگل جوانی سروشتی دەداتە دواوە • چونکی بەبۆچوونی ئەو کار داهێنانێکی خۆیی ئادەمیزادەو جوانی تەنها لەو شتانەدا هەیە کە ئادەمیزاد دروستیان دەکاو بەتەواوەتی بەستراوەتەوە بە چالاکییەکانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە • جوانی لە هونەردا داهێنانی ڕۆحە ، ئافەریدەی هوشیارییەو بەرهەمی ئازادییە • دیارە هەر شتێکیش بەرهەمی ڕۆح بێت ڕوخساری ئەو وەردەگرێت و لە سروشت بالاتر دەبێت بەڵام هیگل بۆ دیارکردنی جۆری پەیوەندی ئیستاتیکی ئادەمیزاد بەواقیعەوە بۆچوونێکی ئایدیالی دەگرێتەبەر بەلای ئەوەوە (دەربڕینی هونەرییانەی واقیع) چالاکییەکی چەشن تایبەتی یەو جیایە لە پراتیك و چالاکی تیئۆری • هیگل دەڵێ : ـ چالاکی هونەر جیایە لە چالاکییەکانی دیکەی ئادەمیزاد لەوەدا کە بابەتەکەی لەچوارچێوەی ئازادی یەکی تەواودا دادەنێ لەکاتێکا جۆرە چالاکی یەکانی تر هەوڵ دەدەن سودێك بەدەست بێنن ئەمەش بەرەو داوەشانیان دەبات ••• چالاکی هونەری جیاوازە لەوەدا کە گرنگی بە بابەتەکان دەدات لە پێناوی خۆیانداو بەس ، وەهیچ

مەبەستێکی نیە ئەو بابەتانە بگۆڕێ بەئایدیا یان چەمکی گشتی (٢)

## هونەرو ئایدیال

ناوەرۆکی هونەر لای هیگل تەنها ئایدیایەو، فۆرم برێتییە لە پۆشینێکی هەستی وێنەیی ئایدیا .

ئایدیای جوانی بیرێکی لۆژیکی نیە، بەڵکو بیرێکە لە واقیعدا جێگیر بووە، دوای ئەوەی یەکێتییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵدا پێك هێناوە بەڵام ئایدیال، بریتییە لە واقیعێك کە بەشێوەیەکی هاوجووت لەگەڵ چەمکەکەیدا داڕێژرابێت .

لای هیگل ئایدیال چەمکی سەرەکی جوانییە وە بەرزترین پلە لە ژیانی ئایدیالیدا ئەو پلەیە کە ناوی دەنێ : زەینی موتڵەق . لەم ئاستەدا زەین ئایدیالیزمی واقیعو بەردەوامی ئایدیال لە هەموو شتەکاندا تێ‌دەگات . ئەوساتە هوشیاری‌و ویژدانی خۆیی یەك دەگرن . هیگل پەرەسەندن‌و ڕەنگاوڕەنگی هونەری جیهانی‌ی دەگێڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی ئایدیالی . وە کتێبی (لێکچەرەکانی ئیستاتیکا) بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم مەسەلەیە تەرخان دەکات .

هیگل بۆ لێکۆڵینەوەی پەرەسەندنی ئایدیا ڕێگەیەکی دیالەکتیکی پەیڕەوکرد ... بەم جۆرە لای ئەو ــ ئەفکار ــ هەمیشە لەسەر شێوەی سێ گۆشەیی بەدەردەکەوێت .

کێشە، ئەنتینۆزم‌و، بەدیهاتوو . کە ئەمەی دواییان بەرهەمی کۆبوونەوەی کێشە لەلایەکەوەو، دژەکەیەتی لەلایەکی دیکەوە . هیگل ئەم دیالکتیکە لە ئیستاتیکادا بەکار دێنێ‌و لەبەشی دووەمی کتێبەکەیدا ــ کە گرنگترین بەشێتی ــ ڕوونی دەکاتەوە چۆن هونەر لە ڕەمزییەوە بەرەو کلاسیکی وە ڕۆمانتیکی لەسەر ئەساسی پەرەسەندنی ئایدیال، هەنگاوی هەڵێناوە .

---

(٢) موجز تاريخ النظريات الجمالية ل ٢٩ .

**یەکەم ـ هونەری ڕەمزی :**

هیگل ئەم ناوە بەسەر ئەو جۆرە هونەرەدا دادەبڕێت کە تێیدا پەیوەندی لەنێوان ئایدیاو ـ فۆرمدا لەقۆناغی سەرەتایی دایەو نەگەیوەتە پلەی هاوتایی ـ التوازن ـ کاتێ کە ئایدیا ڕووت ـ کراوە دەبێ فۆرمێکی دەرەوەیی هاوجووتی خۆی بەدەست ناهێنێ هەروەکوو لە هونەری ڕۆژهەلاتدا بەدی دەکەین • هیگل ئەم هونەرە بە نموونەیەکی تەواوی هونەری ڕەمزی دادەنێ (ئایدیا لە دەربڕینێك دەگەڕێ بەلام نایدۆزێتەوە ، لێرەوە فۆرمەکانی جیهانی حەقیقی هەڵە دەکات) وە تەنها بەشێوەیەکی شوێندار وەریان دەگرێ) • هونەری تەلار ـ ئارکیتیکچەر ـ ئەو هونەرەیە کە شێوەی ڕەمزی تیا دەردەکەوێ • وە سەرەتای ڕاستەقینەی هونەرە چونکی ماتریالی هەستی تێیدا بەسەر ئایدیادا زاڵ دەبێت لەبەر ئەوە هاووجووتی لە نێوانفۆرمو ناوەڕۆکدا بەدی نایەت•

**دووەم ـ هونەری کلاسیکی :**

لێرەدا هونەری ئایدیا گوزارشتێك ئایا فۆرمێکی هاوجووتی خۆی وەردەگرێو فۆرمو ناوەڕۆك بەتەواوی پەیەکەوە دەگونجێنێ و هارمۆنی تەواو لەنێوانیاندا بەدی دێت ••• ئەم تەواو بوونەی فۆرمو ناوەڕۆکیش بۆ یەکەمجار لە هونەری کلاسیکیدا ئەنجام درا • هونەری کلاسیکی خۆی دەکوتا بۆ ئایدیای جوانی • وە گونجاو ترین فۆرم بۆی ، فۆرمی ئینسانی بوو کە تێیدا لایەنی زیندەوەری ـ حیوانیو ـ ڕۆحانی بەیەك دەگەنو هارمۆنی تەواو لە نێوانیاندا دروست دەبێ •

ئەو گوزارشتەی ڕۆحی کلاسیکی بەکاری دەهێنا ـمیثولوژیـ بوو ئینجا گیانداران • هونەری پەیکەرتاشی زمانی حاڵی هونەری کلاسیکی بوو • هونەری پەیکەرتاشی فۆرمێکی بەرزترە لە فۆرمەکانی دیکەو (ڕۆحانیەتی ئازاد) لە پەیکەرەکانی لەشی

مرۆڤدا بەدەردەکەوێت • ئایدیاکە لە لەشی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدا بە شێوەیەکی تەباو هاوتا ، لەگـەڵ ڕۆحدا خۆی دەردەبڕێو ، لێرەدا هەست بـە هارمۆنییەکی تەواو لە نێوان ئایدیـاو فۆرمە هەستییەکەیدا دەکرێت •

لە میتۆلۆژیادا ــ زۆرانبازی بـووە ڕووداوی سەرەکی ئەم زۆرانبازییەشی لە نێوان سروشتو ڕۆحدا بوو •••• سەرکەوتنی خواکانی بەسەر هێزەکانی سروشـتدا دەردەبڕی • واتە خواکان لێرەدا هەرچەنـد وەکو هێزێـك لە سروشـتدا مابوونـەوە بەڵام بووبوون بە چاکەخواز ــ مرۆڤ خۆی لە خواکاندا دەناسیو وەك خۆی سەیری دەکـردن ، لەگەڵ ئەمەشـدا هێشتا ئـەم فۆرمەش ناتوانێ گوزارشتی تەواو لە ڕۆح بکات ــ بۆ نموونە : ئایدیایەك (با بڵێین دەربڕینێـکی هونەریێ خـواکانی گـریك) گوزارشتی دەرەوەیی گونجـاوی خۆی لە پەیکەرتاشیدا ، واتە لـەو پەیکەرە مەزنانەدا کە بۆ خواکان دروست دەکران ، دەدۆزێتەوە •••• بەڵام ئەم پەیـکەرانە بە شێوەی ئایدیایەکی ڕۆحی بـەرز بەدیار ناکەون چونـکە خـواکانی گریك خۆشـیان سادەنو هێشـتا لە هێزەکانی سروشت دەربازیان نەبـووە ، کەواتە ئایدیای جوانی وەکو ڕۆح ــ هێشتا لە هونەری گریکدا لە قۆناغی بێشکەییدایەو فۆرمی ڕاستەقینەی خۆی بەدەست نەهێناوە •

سێیەم : هونەری ڕۆمانتیکی :ــ

ئەم هونەرەش لە هونەری سـەدەکانی ناوەڕاستو هونەری نوێدا خـۆی دەنـوێنێ • ئـەو دوو فۆرمـەی پێشـوو ، هیچیان نەیانتوانیوە گوزارشتی تەواوو گشت ــ گر لە ڕۆح بکەن چونکە ڕۆح حەقیقەتی هاوجووتی خۆی لە جیهانی تایبەتی خۆیدا نەبێ نادۆزێتەوە ، لـەو جیهانـەدا ڕۆح دەتـوانێ کەڵك لـە سروشتی بێ کۆتاییو ئازادی موتڵەقی خۆی وەرگرێو ، ئەو پەرەسەندنەی

تێیدا بەدی دێت‌و (کە بریتییە لە بەرزبوونەوەی ڕۆح تا ئەو ئاستەی بەخۆی دەگات‌و لە خۆیدا ئەو شتە بەدی دەکات کە پێش‌تر لە جیهانی هەستیدا ئاواتەخواز بووە بۆی) چەمکی سەرەکی هونەری ڕۆمانسی پێک‌دەهێنێت •

لێرەدا مەبەست لەو سنوورەدا نەماوەتەوە کە هاوگونجانێکی تاکی لە نێوانی ڕۆح‌و لەشدا پێک‌دێت ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە : لە دوای نەمانی ئەو شتانەی کۆتاییدارو کەسی‌و تاکن ، موتڵەق بەدی بێت • باشترین نموونەش بۆ ئەمە (دیاردەی ئینسانی بوونە) •••• خودا فۆرمی ئینسانی وەردەگرێ ــ لە مرۆڤدا خۆی دەنوێنێ •••• لێرەوە مرۆڤ بۆی دەلوێ خۆی بە خوا بچوێنێ بە عەزاب پاک ببێتەوەو مردن قبوڵ بکات ••• چونکی مردن پێویستە بۆ ژیانەوەی لەوەدوای ، ئەو ژیانە ڕۆحییەی کە لە دواییدا پرشنگی خۆی بەسەر بوونی‌گشتی هاوبەشی هەموو گەردووندا بڵاو دەکاتەوە •

جا چ فۆرمێک باشترینە بۆ دەربڕینی ئەم ئایدیالە نوێیە ؟ بێ‌گومان باشترینیان ئەوەیانە کە نزیکترینیانە لە ڕۆحەوە : وەکو شیعری لیریک‌و مۆسیقا (ئاواز برای گیانە) • بەڵام ئەمە ڕێ لەوە ناگرێ کە هونەری پلاستیکیش موغامەرەی خۆی بکات • دەشێ درێژە بدرێ بە (ئینسانی‌بوون) بەتایبەتی لە لووتکەی هەرە بەرزی حاڵەتەکانیدا، واتە : عەزاب• لێرەدا (مرۆڤەــخوا) لەیەک کاتدا هەست بە عەزابێکی بێ‌کۆتایی‌و هێمنییەکی ئینسانی بەرز دەکات ، لەکاتێکا کە دەربڕینی قیامەت‌و بەرزبوونەوە بۆ ئاسمان ــ کە دوو ڕەمزن بۆ بەردەوامی‌ی گیان ــ دەربڕینیان ئەستەمە •

بۆ دەربڕینی خۆشەویستییش کە جەوهەرەکەی دێوانەیی‌و نەوسە ، هیچ وێنەیەکی ئینسانی‌تر لە خۆشەویستی دایکی نیە ،

ئەمەش لە دیمەنی ھەزراو یەسوعی منالدا خۆی دەنوێنێ ، بەلام قورسترو سامناکتر لە ھەموو ئەمانە دەربڕینی شەھید بوونو تۆبەو موعجیزاتە، چونکە ئەوەی دەبێ لەم حالەتانەدا دەرببڕدرێن رواڵەتەکە نیە بەلکو چەمکە ناوەوەییەکانن ، بەم جۆرە سەیر دەکەین لەم قۆناغەدا ـ وەك ھیگل وەسفی دەکا ـ بێکۆتایی بوونی ئایدیا لە بێکۆتایی بوونی زەینڕوونیدا خۆی دەدۆزێتەوەو ، ھونەر لە ھونەرێکی کلاسیکی ماتریالییەوە دەبێتە ھونەرێکی رۆمانسیی رۆحیو شیعرو مۆسیقاو نیگارکێشی ریزی پێشەوە لەم ھونەرەدا دەگرن • روخسارە وردەکاریەکانی ژیانی رۆحی ناتوانرێ لە پەیکەرتاشیدا گوزارشتیان لێوە بکرێ • ئەمە لە رێگای ھونەری رۆمانسی نیگارو مۆسیقاو ئەدەبەوە ئەنجام دەدرێت • نیگار نزیکترین ھونەرە لە پەیکەرتاشی چونکە ئامرازی دەربڕینەکەی شتێکی ماتریالی وشك نیە ، وەك بەردو دارو شتی تر ، بەلکو رەنگو روو تێکەڵ کردنێکی زیندووی رووناکیو سێبەرە • نیگار لە بۆشاییداریو قەوارەداری (فراغیة وحجمیة) جەستەی ماتریالی خۆ ئازاد دەکاتو ، دەتوانێ لە ھەموو شێوەکانی ھەستو نەستدا حالاتی دەروونی دەرببڕێو بەسەرھاتی پڕ لە جموجۆڵی دراماتیکی وێنە بکێشێ •

بەلام دوورکەوتنەوەی تەواو لە بۆشاییداری ، لە شێوەی دواتری ھونەری رۆمانسیدا پەدی دێت کە مۆسیقایە •• کەرەسەی مۆسیقاش دەنگو ئاوازو ھەلبژاردنی دەنگەکانە •• مۆسیقا بە شێوەیەکی بۆشاییدار دەرناکەوێ بەلکو وەکو ئایدیالیزمێکی کاتی بەدەردەکەوێ ، لە سنووری تێگەیشتنی ھەستی دەچێتە دەرەوە بە یەکجاری دەچێتە ناو سەودای ژیانی عاتیفی ناوەوەییەوە بەلام شیعر دەتوانێ ئەو شتە وێنە بکێشێ •کەرەسەی شیعر پەیوەندی نێوان ووتەکانە ، ئەم پەیوەندیەش ئازادو لە

خۆوە پەیدا بوو نیە ، بەڵکو مل کەچی چەند یاسایەکی کێشی مۆسیقی‌یە ••••• وا دەردەکەوێ کە هەموو هونەرەکان سەر لەنوێ لەشیعردا کۆبنەوە ••• شیعری مەلحەمی باربەهای هونەری پلاستیکی‌یەو مێژووی گەلان بە شێوەیەکی هێمن دەگێڕێتەوە ، شیعری عاتیفی وەکو مۆسیقا حاڵەتی ناوەوەیی ڕۆح دەردەبڕێ • لە دوایشدا شیعری دراماتیکی لێکدەری ئەم دوو جۆرەیە ••• هەروەها شیعر قۆناغی گواستنەوە بۆ ئایین پێك دەهێنێ چونکی لە شیعردا ئایدیا لەسەر شێوەی وێناندن دەردەکەوێ •

بەڵام ئەو هاوجووتییە تەواوەی لەهونەری کلاسیکیدا لەنێوان ئایدیاو فۆرمدا ، هەبوو سەر لەنوێ لەهونەری ڕۆمانسی‌دا تێك دەچێت • چونکە فۆرمی‌ی هەستی کیفایەت ناکات بۆ بەرجەستە کردنی ئەو ئایدیا پێشکەوتووەی توانیویێتی بەسەر سروشتدا زاڵ بێت ، لێرەوە ماتریالی دیوی دەرەوە لە هونەری ڕۆمانسی‌دا تەنها دەبێتە هێمایەکی ڕووت بۆ ئایدیاکە ، هیگل کارەکانی شکسپیرو ڕامبراندت‌و شیلەرو گۆتەو ••• هتد بۆفۆرمی ڕۆمانسی دەگێڕێتەوە •

بەڵام ئایا قۆناغی سێیەم لەپەرەسەندنی هونەردا لەکوێ کۆتایی دێت ؟

## مردنی هونەر (٤)

هیگل بە ووردی دوژمنایەتی کۆمەڵی بورژوازی بۆ هونەرو داهێنانی هونەری دەردەبڕێ • حاڵەتی ئێستای جیهان بەڕای‌هیگل ڕێگەی ئەوە نادات کە داهێنانو بەرهەمەکانی هونەری پێداویستەکانی ڕۆحیمان دابین کەن جیهانی سەردەم جیهانی

(٤) بۆ شیکردنەوەی تەواوی ڕای هیگل لەم بارەیەوە ، بڕوانە موجز النظریات الجمالیة ، ل٢٩٢ـ٣٤٠ •

چالاکی پراتیکی و بەرهەم هێنانو ڕۆتینی یە لەبیر کردنەوەدا وە پەرەسەندنی زانست وا لەگەلان دەکا هەست بکەن هونەر بایەخێکی نەماوە • هەروەها پێشکەوتنی زانستی نوێ گەیشتۆتە پلەیەك کە (پێداویستی گشتی) بە هونەر بکاتە شتێکی بەسەرچوو جارێکی دی هۆمیروس و سۆفوکلیس و دانتیو ئەرستۆو شکسپیر ناگەڕێنەوە ، تا لەجیهانی سەردەممساندا دەربکەون • ئاکامەکە ئەوەیە هونەر بەرەو هەرەس‌هێنانو لەناوچوون دەچێ ، ئەمەش لە دوو ڕێگەوە دێتەدی :

یەکەم : لە ڕەوتی لۆژیکی کلاسیکییەکاندا ، ڕەوتی ئەکادیمی •

دووەم : ڕەوتی ڕۆمانسی لە تەپاندنی ناوەرۆکی هونەردا •

هیگل پەیڕەوکارێکانی* ئەکادیمی بە شتێکی سارد وەك مردن بەلای ئەوەوە هەموو هەوڵێك بۆ ژیاندنەوەی فۆرمیلا هونەرییە کۆنەکان لە هەلو مەرجی ئێستادا هەوڵێکی خەیاڵی‌یە •• هونەری کلاسیکی جارێك بووەو ئیتر نابێتەوە •

هیگل پەیڕەوکارێکانی ئەکادیمی بە شتێکی سارد وەك مردن دادەنێت • ئەم پەیڕەوکارییە تەنها لە ڕووی ڕواڵەتەوە هەوڵ دەدات بابەتەکانی ئەفسانەیی‌و پاڵەوانانی کۆنو بەسەرهاتەکانی مێژوویی گرنگ بپارێزێت تاکو ئەمانە هەموویان بکاتە بابەتی هونەر ، بەلام بەلای هیگلەوە دروست کردنەوەی کۆن لە جیهانی تازەدا شتێکی (نەبوو ـ نەکراوە)* چونکە تەنها شێوەیەکی کلاسیکی نەبووە ، بەلکو ناوەرۆکێکی کلاسیکیشی هەبووە •••• جیهانی ئەم سەردەمە ناتوانێ ناوەرۆکێکی کلاسیکی بەدەستەوە بدات •••• بۆیە گرنگی‌دانی زیاد بەکۆن دەبێتە هۆی ڕوو لە

---

★ پەیڕەوکارییەکان = تعلیمات •

★ نەبوو ـ نەکراو = مستحیل •

ئەکادیمیەت کردن • ئەکادیمیەتی بۆشیش ڕوویەکە لە ڕووەکانی داوەشانی هونەری کلاسیکی • لە فۆرمیلای ڕۆمانسی هونەریشدا کەرەسەی تاوەڕۆك لەناو دەچێت •• واتە مرۆڤ حەماسی دەربارەی مەسەلەکانی گرنگی سەردەم نامێنێت • هونەرمەندی ڕۆمانسی بێموبالاتانە لە ماتریالی ژیان وەردەگرێت •

ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی کارامەیی خۆیی‌و هونەری نیگارکێشان‌و لە ئاکامدا هونەرمەند خۆیەتی ڕەچاو دەکا •

هیگل ڕوونی دەکاتەوە چۆن مرۆڤ لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا ئازادیخواست لە دەست دەدا ••• لە نیزامی دابەشکردنی کاری بۆرژوازیدا مرۆڤی تاك تەنها وەك شتێکی بچووك دەردەکەوێ بە بەراوورد کردنی لەگەڵ بزوتنەوەی گشتی کۆمەڵ •••• مرۆڤ هەست بە بەختەوەری ناکا لەیەك گرتنی لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا •• چونکی کۆمەڵ وەکوو هێزێکی گەورەو توند دژی خواست‌و ئارەزووەکانی دەوەستێ • وە تەنها خاسیەتی بەرهەم هێنان نیە کە لە کۆمەڵی سەرمایەداری سەردەمدا، مرۆڤ دەکا بە مرۆڤێکی بێ خواست‌و شوێن ـ کەوتوو بەڵکو ئەم خاسیەتە لە پەیوەندییەکانی یاسایی‌و ڕەوشتی‌و سیاسیشدا هەیە• مرۆڤ وەکو کەسێکی سیاسی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵدا دەبڕێ بۆ ئەوەی خەریکی کاروباری خۆی بێت • هەروەها فەرمانڕەواکانیش سیفەتی خۆیی خۆیان لەدەست دەدەن • بەم چەشنە هەموو پەیوەندێکان ڕوخسارێکی ڕووتکراوەو ناکەسی‌ی وەردەگرن • مرۆڤ لەتاکە کەسی‌یەوە ، لەناو کۆمەڵدا،دەبێ بە کەسایەتی‌یەکی دابڕاو لەڕووی یاساوە •

وەمادام هەموو پەیوەندێکانی مرۆڤایەتی سیفەتی ڕووت کاری وەردەگرن ، ئەوا هونەریش ماتریالی ژیانی گونجاو بۆی لەدەست دەدات •••• چونکی هونەر پێویستی بە کەسایەتی

سەربەخۆو بە مرۆڤێکە کە زیندوێتیو چالاکی ئەوەی هەبێ بەهرەکانی خۆی بەدەرخات • لەبەر ئەوە مرۆڤی سەردەم کە لە دەوڵەتی (ئاتاجو لۆژیك)دا دەژیا بێبەشە لە شاعیرێتی حەماسی سەربەخۆ • لێرەوە تەنها یەك ڕێگەی بۆ دەمێنێتەوە بەرەو ئازادی بەرێ ئەویش ئەو ڕێگەیەیە کە بۆ(خودی خۆی) دەچێ •لەخاسیەتی خۆیەتی‌ڕا تاکە کەسی سەردەم مانای نەمریی بەنیسبەت خۆیەوە بەدەست دێنێ •

ئەم سیفاتەش لەڕێگای پرۆسیسی لێخوردبوونەوە ڕۆحی‌یەکانەوە ، کاتی لەکاردایەو چالاکی دەنوێنێو ئارەزوو ئازارەکانی دەپشکنێ ، دەدۆزێتەوە •••• هەر ئەو ڕێبازە بۆ مرۆڤ ماوەتەوەو بەس کە پەنایەك لەناو خۆیو ئازادی خۆیدا بدۆزێتەوە • ڕۆمانیەکان ئەم ڕێگەیان ڕەچاو کردو ویستیان لە ڕێگەی(قووڵ کردنەوەی خود)دا لە(دوولایەنی‌ی جیهان)ڕزگاریان بێ • لێرەوە تیئۆرەکانی فەلسەفە چەشنی ـ ڕەواقیو ئەبیقوریو سۆفی‌گەری ـ هاتنەکایەوە وە گەرچێ جیاوازی ئایدیایشیان لە تێودا هەیە ، بەڵام یەك خاسیەت کۆیان دەکاتەوە ، ئەویش ئەوەیە کە ڕۆح دەکاتە ئامانجێکی سەربەخۆ ، واتە گوێ ناداتە هیچ شتێك •

ئازادی تەنها لەخۆکردی ژیانی ناوەوەدا بەدی دێت • تەنها لەوێدا ڕۆح دەتوانێ ئازادی بێکۆتایی بەدەست بێنێت • لەبەر ئەمە هونەری ڕۆمانسی تا دەتوانێ ژیانی ناوەوەی ڕووتکراوە دەکاتە تاکە بابەتی خۆی چونکی مرۆڤی سەردەم ئازادی ڕاستەقینە تەنها لەپێك هاتنی ئایدیولوژیو خۆیەتی ناوەوەو ڕەوشتداریدا دەدۆزێتەوە • وە تەنها لەم بوارەدا دەشێ بەئایدیال بگات ، بەڵام مادام هونەر بەتەواوی پشت بە جیهانی موتڵەقی ناوەوە دەبەستێ ئەوا هەموو پەیوەندێکی بەناوەڕۆکی بابەتی‌یەوە دەپچڕێت •••

وە بەم شێوەیە هونەری ڕۆمانسی لەسنووری هونەر دەچێتە دەرەوەو دەبێتە (هونەرێکی بەسەر خۆدا بەرز بۆوە ، بەم چەشنە داوەشانی فۆرمەکانی هونەری لەقۆناغی ڕۆمانسیدا لە ئەنجامی نەبوونی توانستی دەربڕینی هەموو پەیوەندێکانی ژیانی سەردەم بەشێوەیەکی خۆیی پەیدادەبێت • بەڵام هیگل غەم بۆ مردنی هونەر ناخوات چونکی هونەر بەباوەڕی ئەو پرۆسیسی گەیشتن و پێکهاتنی خۆی تەواو کردووەو دەبێ جێگا بۆ جۆرێکی دی کە فەلسەفەیە ، چۆڵ بکات • هیگل لەبەر تەسکیی ڕوانگە بۆرژوازیانەکەی مردنی هونەر ناگێڕێتەوە بۆ هۆیەکانی بابەتی بەڵکو بۆ بزوتنەوەی پەرەسەندنی هونەر خۆی • لێرەدا بیرکردنەوەی هیگل لەبناغە مێژوویییەکەی دوور دەکەوێتەوە و لە(کات ـ نەداری) ـدا دەبزروێتەوە تا ناکۆکییەکانی کۆمەڵی سەرمایەداری لەلای ئەو دەبنە تراژیدیایەکی ڕۆحی ئەزەلی • وە بە سنووری و تەسکی مەودای هونەر لەکۆمەڵی بورژوازیدا بە شتێکی موتڵەق دادەنێت • وە وەرزیوبێ مەیلی مرۆڤ لە کۆمەڵی سەرمایەداری دا لەلای ئەو دەبێتە واقیعێکی میتافیزیکی •••••

ئەم بیرکردنەوەش لەوەوە سەری هەڵداوە کە هیگل کۆمەڵی سەرمایەداری بە کۆتایی مێژووی ئادەمیزاد دادەنێ و ناتوانێ سروشتی سەرمایەداریی وەکو قۆناغێکی کاتی لە ڕووی مێژووییەوە تێبگات •

( کروچێ ) لە هەڵسەنگاندنی تیئۆری ئیستاتیکی هیگلدا دەڵێت : ئەو تیئۆرە بریتییە لە لاواندنەوەیەکی ماتەمینانەی هونەر • بەڵام گومانی نیە کە بلیمەتی هیگل گەلێ پێشکەوتنی مەزنی لە مەیدانی ئیستاتیکاو هونەرناسیدا هێنایە کایەوە •

بەلای مارکسەوە بەرزترین بەدی هێنانی هیگل لەو مەیدانەدا ئەوەیە کە (کار)ی بەداهێنانێکی خۆیی مرۆڤ داناو لەبەر تیشکی

ئەم ڕوانینە هونـەر دەبێتە ڕەنگ‌کـردنی جیهـانی دەرەوە ، بە بۆیەیەکی ئینسانیو خۆ دروست کـردنەوەی مرۆڤ لە شتەکانی دەرەوەیدا وەکو جۆرێك لە جۆرەکانی پەیوەندی ڕۆحی پراتیکی بە جیهانـەوە ۰۰۰۰ هەر لەبـەر ئەمەشە کـە هیگل جـوانی لە سروشتدا دەداتە دواوەو باوەڕی وایە کە جوانی تەنها لەو شتانەدا هەیە کە مرۆڤ دروستیان دەکاتو بە تەواوەتی بەستراوەتەوە بە چالاکیەکانی کۆمەڵایەتیو ئینسانییەوە ۰

پێوانەی مێژوویەتیش (واتە کـردنی شتەکان بە مێژوویيو گێڕانەوەی هـۆکان بۆ مێژوو) بەدیهێنـانێکی دیـکەی گەورەی هیگلە ۰ بـەلای هیگلـەوە هەر شێوازێـکی هونەری بریتییـە لە دەربڕینێکی تەواوی لەحزەیەك لەهونەرداو لەحزەیەك لەمێژوودا، لێرەوە بەرهەمهێنانی هونەری لکاوە بە مێژووەوە ۰۰۰ کارەکانی هونەری مانـای تەواوی خۆیان تەنها لەو (سەردەمو شوێنـەدا بە دەست دەهێنن کـە تێیدا لەدایك بوون ۰۰۰۰) بەڵام ئەمـە ئەوە ناگەیەنێ کە مێژوو هونەر لێك دەداتەوە بەڵکو هونەر کە هاوڕازی ئەو بیرەیـە بەدوای خۆیدا دەگـەڕێ بۆ دروست کـردنی خۆی ، مانایەك بۆ مێـژوو زیاد دەکات ۰ هیگل یەکەمین کەسێ بـوو کە پێوانەی ئایدیۆلۆژی لە هونەردا بـەکار هێنا کاتێ کە پەیوەندی پتەوی نێـوان ناوەرۆکی ئایدیاییو فۆرمو وێنـەکاری هونەری نیشانداو ، ڕوونی کردەوە کە چۆن لەپێشەوە ناوەرۆك دروست دەبێو ئینجا بە پێداویستی فۆرمیش دەردەکەوێ ۰ هیگلیش وەکو گریکەکان یەکێتی ئۆرگانی لە کارەکانی هونەریدا پەیڕەو کردو بانگەوازی بۆ نیشاندانی (یەکێتی لە جۆراوجۆری)دا دەکرد ۰

---

١ ـ موجز تاريخ النظريات الجمالية ۰ ٢ ـ النقد الجمالي
٣ ـ في فلسفة الجمال من افلاطون الى سارتر ٤ ـ علم الجمال
٥ ـ الجمال في تفسيره الماركسي ۰

## تۆلسـتۆی Tolstoy
## ١٨٢٨ – ١٩١٠

کتێبی (هونەر) چیە ؟

بریتییە لە پوختەی بیروڕاکانی تۆلستۆی دەربارەی هونەر ٠ تۆلستۆی ئەو کتێبەی لە ساڵی ١٨٩٦دا واتە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا نووسی ٠٠٠ بیروڕاکانی تۆلستۆی گەلاڵەی بیروڕای (سۆشیال دیموکراتەکانی) روسیای قەیسەری بوو دژی هونەری داتەپیوی چینی سەرمایەدار ، ئەو چینەی هونەری کردبووە تەنها هۆیەك بۆ ڕابواردنو کات بەسەربردنو پڕکردنەوەی بە تاڵایی ژیانو لابردنی وەڕزییو بێتاقەتی ئیشنەکردنو خۆلستنەوە ٠

تۆلستۆی ئەو کتێبەی لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدا نووسی واتە سی ساڵ دوای بلاوکردنەوەی داستانی (شەڕو ئاشتی)و نۆزدە ساڵ دوای بلاوکردنەوەی (ئاناکارنینا) ٠٠٠٠ (هونەر چیە ؟) بریتییە لە تۆمارێکی مێژوویی و ڕەنگدانەوەی ئەو زۆرانبازییە توندو تیژەی تێدایە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لە نێوانی چینی کرێکارو چینی ئەرستۆکراتی ڕوسیای قەیسەریدا گەلاڵە بوو بوو ، لە لایەکی کەشەوە گرنگترین تەقەلایەکە لە مەیدانی ئیستاتیکای کۆمەڵناسیدا بۆ میللی کردنی ڕۆشنبیری ٠ هەروەها پێشبینییەکی ئەو شۆڕشانەش بوو کە لە دواییدا ڕوویانداو بەهۆیانەوە سۆشیالیزمی مارکسیزم لە شۆڕشی (١٩٠٥–١٩١٧)دا بەدیهاتو لە پێناوی ئەو کەسانەدا کە ئەو شۆڕشەیان بەرپاکرد ، تۆلستۆی کتێبی (هونەر چیە)ی نووسی ٠

لەلاپەڕەکانی یەکەمی ئەو کتێبەدا تۆلستۆی واقوڕمانی خۆی دەربارەی ئەوهەموو پارەو کاتەی لە پێناوی هونەردا سەرفدەکرێ دەردەبڕێ ٠٠٠ هونەرێك کە تەنها دەبێتە هۆی کۆسپنانەوە لە ڕێگەی ژیانی ئادەمیزاد داو فەوتاندنی خۆشەویستی ئادەمیزاد ٠

تۆلستۆی بەسەرسامییەوە سەیری ئەو نێوانە گەورەیەی کرد کە هونەری ئەوروپی، هونەری چینی خۆلێسەرەوەی ڕوسیاو، زەوقی کۆمەڵانی خەڵکی لێك جیادەکردەوە ... زۆربەی خەڵك لەو هونەرە نەدەگەیشتن‌و پێیان قوت نەدەدرا ... لەمەوە تۆلستۆی گەیشتە ئەو قنیاتەی کە هونەری ئەوروپی گەیشتۆتە ئاستێك لە ئەرکی سەرەکی خۆی ، ئەرکی بڵاوکردنەوەی بایەخی ئینسانی‌و بەرزکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی گەلان لایداوە ... هەزاران هەزار کەس کاردەکەن‌و باجدەدەن لە پێناوی کارێکی هونەریدا کەهیچ کەڵکێکی ڕاستەوخۆی لێ‌نابینن‌و تەنانەت زیان‌بەخشیشە. لێرەوە تۆلستۆی هەر لە سەرەتاوە هەموو ئەو پێناسانەی هونەر دەداتە دواوە کە لەسەر ئەو بناغە داڕێژراون گوایە ئامانجی هونەر : لەزەت‌و خۆشی‌بەخشینە ، واتە ئەو پێناسانەی لەگەڵ تیازی چینی ئەرستۆکراتیدا ڕێك دەوەستن .

هونەر بەلای ئەوەوە چالاکییەکی ئادەمیزادە بەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانێ هەست‌و سۆزی خۆی بە کەسانی‌تر بگەیەنێ ... ئەو کەسانەش دەکەونە ژێر هەر ئەو هەست‌و سۆزەوە کە نووسەر لە تاقی‌کردنەوەیەکدا هەیبووە ... کەواتە هونەر گەیەنەری خرۆشەکانەو ، ئەرکی وەك ئەرکی زمان وایە . بەڵام لە کاتێکا زمان ئایدیاکان دەردەبڕێ ، هونەر خرۆش‌و سۆزی نێوان کەسانی کۆمەڵ بەهۆی وشەو ڕەنگەوە دەردەبڕێ . هەرکاتێ توانرا زمان وای‌لێ‌بکرێ هەست‌و سۆزی قسەکەر یا نووسەر دەرببڕێ بە شێوەیەك هەر ئەو هەست‌و سۆزە لای گوێگر یا خوێنەر بەرپا بکات ئەوا بە هونەر دەژمێررێت ، بۆ نموونە منداڵێك تووشی گورگێك دەبێت ، زۆری لێ‌دەترسێ .... ئەگەر توانی لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەدا کار لە هەستی گوێگرەکانی بکات یان هەر کە خۆشی ئەو ڕووداوەی دروست کردو بەڵام توانی لە گێڕانەوەکەیدا

هەستو سۆزە خەیاڵییەکەی خۆی بـە گوێگرانی بگەیەنێ ، ئەوا ئەم کارە بە هونەر دادەنرێ ·

هونەر لەپێناوی لەزەتا دروست نەبووە · ئەم بیرە لەسەدەی ڕێنایسانسەوە سەری هەڵدا چینی ئەرستۆکراتی ئەوسـا هیچ بڕوایەکی ئایینی نەمابوو تـا بەپێی ئەو بڕوایە باشوخراپی هونەر هەڵسەنگێنێ ، تاقە پێودانگیان بۆ ئەمە : لەزەتو خۆشـی وەرگرتنی خۆیان بوو · بۆیە بەرە بەرە هونەر لە زۆربەی خەڵك دوورکەوتەوەو بوو بە هونەرێکی ئەرستۆکراتی مەودا تەسك · تا وای لێهات هونەری چاك ئەوەبێ کەمرۆڤ نەتوانێ تێیبگات ·

هونەر نابێ بە لەزەت وەرگرتن دابنرێ · هونەر هۆیەکە بۆ پەیدا کردنی پەیوەندی لە نێوان خەڵکاو پێویستە بۆ پێشکەوتنی کەسانو کۆمەڵان · هونەر نەك تەنها کەسـانی کۆمەڵ بەڵکـو نەوەکانو شارستانیەتەکانی ڕابردوویان بە ئێستاو وە ئێستایان بە داهاتووەوە دەبەستێتەوە ··· بۆیە هونەری ڕەسەن : هونەرێك کە ئەم ئەرکانەی لێ بوەشـێتەوە ، دەبێ لە ئاسـتی تێگەیشتنی خەڵك دابێ · کاتـێ دەڵێین : ئەو کـارە هونەرییە چاکـە بەڵام زۆربەی خەڵك تێی ناگەن وەك ئەوە وایە بڵێین : ئەم خواردنە زۆر خۆشە ، بەڵام زۆربەی خەڵك دەرەتانی ئەوەیان نیە کەبیخۆن کاری هونەری وەکـوو ماتماتیك پێویـستی بە پـەروەردەیەکی عەقڵی نیە ، بەڵکو جوتیاری سادە دەتوانێ بەباشی لەکاری هونەری بگات لەکاتێکا ڕوناکبیرێکی لە دیـن دەرچوو دەشێ تێی نەگات · جگە لەمەش کاری هونەری شیاوی لێکدانەوە نیە · چونکە ئەگەر بتوانرایە بەزمانی ئاسایی لێك بدرابایەوە ئـەوا هونەرمەند بە ووشە دەری دەبڕی · بەڵام پێشکەش کردنی هونەر وەکو ئامرازێك بـۆ لەزەت بەخشـین بەکەمـایەتی لەنـاو کۆمەڵـدا ، کارێکی ناڕەوشتییە · هەروەکو ئـەوە وایە کە بەرگری لـە کۆیلایەتی

بەی چونکە ئاغاکان مانەوەی ئەو سیستمەیان پێ خۆشە •

تەرخان کردنی هونەر بۆ دەستەیەکی هەڵبژاردە نەك تەنها کارێکی ناڕەوشتییە بەڵکو کارێکیشە بۆتە هۆی لادانی هونەر لەئەرکە ڕاستەقینەکانی •• هونەری ڕاستەقینە دەبێ هەستو سۆزی تازەو زیندوو بگەیەنێ بەڵام مەودای ئەو هەستو سۆزەی دەوڵەمەندانو خواپێداوان هەیانە زۆر تەسك ترە لەوەی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵك هەیانە •

هونەری چینی ساماندار لەسێ هەستو سۆزی بێ بایەخدا کۆ دەبێتەوە : ــ فیزو خۆ بەزل گرتن ، وەرزی ژیان ، وە لە سەرووی ئەمانەشەوە ئارەزووی سێکس •

وە شان بەشانی ئەو بابەتە هیچو پوچانە تەمو مژو ئاڵۆزیش لەهونەری نوێدا زیاتر دەبێ، هونەری مەزن ئەوەیە هەموو کەس تێی بگات • لەکاتێکا هونەرمەندانی گریكو ڕۆمان کاری هونەریان پێشکەش دەکرد ، ئەوان کارەکانیان بۆ هەموان پێشکەش دەکرد • بەڵام ئەمڕۆ ئاڵۆزیو تەمو مژو نامۆییو دوور خستنەوەی جەماوەر لەهونەرو تاوانبارکردنی بەتێنەگەیشتنو بێ زەوقی گەیشتۆتە ڕادەیەك کە هونەرمەندان تەنها بۆ دەستەیەکی زۆر بچووك دەنووسن ، بەڵام ئێمە ناتوانین ئەم کارانە بە هونەر ناوبەرین ناچار ناویان دەنێین هونەری ساختە • گەرچی ئەم ناوەش هەندێ سەیریو دژایەتی تێدایە ، ئەگینا چۆن دەشێ شتی ساختە ناوی هونەری بەسەرا ببڕدرێت ؟ هونەری ڕەسەن زمانێکی هاوبەشی هەیە کە بە ئاسانی دەگاتە ناوناخی جەماوەرەوە،لەمەوە دەتوانین پێی بڵێین : هونەری گشت • جیاکردنەوەی هونەری چینی ئەرستۆکراتی لەهونەری گشت مانای جیاکردنەوەی هونەری ساختەیە لەهونەری ڕەسەنو ڕاستەقینە ، بەڵام جێی داخە هەڵو

مەرجی کۆمەڵی ئێستا ڕێ خۆش دەکا بۆ بەرهەم هێنانی هونەری ساختە وە هەموو هەوڵێکی تەموژ خوازەکان بۆ ئەوەیە کڕیارەکانیان ڕازی کەن ٠

بەڵام ئایا ئەو هونەرمەندانە چۆن دەتوانن لەو هونەرەی کەس تێ ی ناگات دەستکەوتو قازانجیان هەبێ : ؟ ٠

لێرەدا تولستۆی هێرشێکی توند دەباتە سەر ڕەخنەگرەکان ئەوان خۆیان بە پسپۆرو دەمڕاست دەزانن‌و زەوقی خەڵکیان تێك داوە ٠ ئەمڕۆ هونەر لەلایەن جەماوەری سادەوە هەڵناسەنگێندرێ بەڵکو لەلایەن‌ئەو ڕەخنەگرە گومڕایانەوە کە خۆیان بەشت دەزانن وە لە لێ‌خوردبوونەوە سەیرو سەمەرەکانیاندا فەلسەفە بازی دەکەن ٠ ئەوان بە لێکۆڵینەوەی هونەر : زەوق بە هەڵەدا دەبەن چونکی هونەرمەندی ڕاستەقینە ئەوەیە بتوانێ خرۆشەکانی بە خەڵك بگەیەنێ‌و کە ئەمەی کرد جەماوەر خۆی دەتوانێ تێ ی‌بگات‌و پێویستی بە ڕەخنەگران نیە ٠٠٠ جگە لەمەش ڕەخنەگران کەمتر هەست بە هونەر دەکەن چونکی ئەوان خۆیان بە چەند پێوانەیەکی دەرەوەیی‌و یاسایەکی باوەوە هەڵواسیوەو هونەرمەندە تازە پێگەیشتووەکان دادەڕمێنن کاتێ ناچاریان دەکەن خۆیان بە ڕێبازێکی تایبەتییەوە ببەستنەوە ٠

ئەمانە پوختەی بیروڕاکانی تۆلستۆی بوون هەر وەکو لە کتێبی (هونەر چیە ؟)دا بەرچاوی خستوون(١) ٠٠٠ گرنگیدانی لە ڕادەبەدەری تۆلستۆی بە ئەرکی کۆمەڵایەتی هونەرو پێویستی دابەزینی بۆ ئاستی جەماوەر ، وای‌لێکرد کە نەك تەنها هونەری

---

(١) ئەم کورتەی ڕایەکانی لە
(A Short History of Literary Criticism)
تەرجەمە کراوە ٠٠لێکۆڵینەوەکەشی لە کتێبی [في فلسفة الجمال من افلاطون الى سارتر] وەرگیراوە ٠

داتەپیوی بۆرژوازی بەڵکو هونەرە بەرزەکانی ئەورووپاش ، هەر لەڕێنایسانەوە تا سەردەمی خۆی ، بداتە دواوە ، بەم چەشنە هێرشێکی توندی بردە سەر مۆسیقای ئۆپرا ـ بەتایبەتی مۆسیقای (ڤاگنەر) چونکی لە گرێو گۆڵی درامیدا نقووم بوو •• تەنانەت سیمفۆنیەی نۆیەمی (بیتهۆڤن)یشی دایە دواوە ، گەرچی ئەو سیمفۆنیە ناوەرۆکێکی ئینسانی بەرزیشی هەیەو ، بەتایبەتی لە سروودە کۆتاییەکەیدا کە گۆرانی بۆ خۆشەویستنی ئادەمیزاد دەڵێ ••• هەروەها (کۆمیدیای خودایی)و زۆربەی کارەکانی شکسپیرو گۆتەشی ڕەتکردنەوە •

تۆلستۆی مەسەلەکەی لەیەك لاوە سەیرکرد دابەزینی هونەر بۆ ئاستی خەڵك و ، لایەنەکەی دیکەی فەرامۆش کرد کە وەکو لینین دەڵێ :

فێرکردنی جمهوورو بەرز کردنەوەی ئاستی زەوق و تێگەیشتنیەتی تا بتوانێ کارەکانی هونەر تێ بگا • تۆلستۆی پێوانەی (ئەژمار) بۆ هەڵسەنگاندنی هونەر بەکار دێنێ • هونەری چاك ئەوەیە کە زۆربەی خەلکی تێی بگاو پێی خۆشبێ و ئاستی هونەری کارەکەش هەر بەم بۆچوونە دیاری دەکا ، بەم پێیە بێ ، دەبێ گۆرانیە فۆلکلۆریەکان لە ئۆپرای مۆزارت و تراژیدیەکانی شکسپیر بەرزتر بن • هەڵبەتا ئەم بۆچوونەی تۆلستۆی لەوەوە سەری هەڵداوە کە هونەری بەستۆتەوە بە ئایینەوە • ئەو هونەری داناوە بەئامرازێك بۆ بەدی هێنانی بایەخی ئایین کە لەلای ئەو لە پەیرەوکارەکانی (تعلیمات) مەسیح و خۆشەویستن و لێبووردندا خۆی دەنوێنێ • ئەگەر ئەو هەست و سۆزانەی هونەر دەیان خرۆشێنێ ببنە هۆی بەدی هێنانی ئەو ئایدیالانە ئەوا شتی چاکن ئەگینا ئەو هەست و سۆزانەی خراپ و بێ کەڵکن - لێرەوە تۆلستۆی ئەو ڕایە ئایدیالیە دێنێتە گۆڕێ گوایە هەمیشە هەستێکی ئاینی

باو لەنێو کەسانی کۆمەڵدا هەیە وە ئەو هەستەیە کەنرخی ئەو خرۆشانە دیاری دەکات کە هونەر دەیان گەیەنێت • بەلام ئەمە ڕاست نیە • چونکی هونەر دیاردەیەکی کۆمەلایەتی یەو شێوەیەکە لەشێوەکانی هوشیاری کۆمەلایەتی و زۆر دوورە لەو لێکدانەوە ئایدیالیانەی مێژوو ـ کە بوونی بیرێکی لەوە پێش بەمەرج دادەنێ لایەنی چاکی تیئۆری هونەری تۆلستۆی لەوەدایە کە هونەر تەنها بە لێخوردبوونەوەیەکی ڕووت دانانێ بەو مەبەستەی لەزەت پەیداکات بەلکو هونەر لای ئەو ئامرازێکە بۆ بەدی هێنانی بایەخی دیموکراسی لەنێوانی کەسانی کۆمەڵدا وە دژی دابڕینی هونەر لە بنکە جەماوەری یەکەی دەوەستێ ئەم بانگەوازەی تولستۆی بۆ دیمۆکراسییەتی هونەر ژیانێکی نەمری لەدوای خۆی بەدەست هێناو دوای شۆڕشی سۆشیالیزم لە ڕوسیا لەلایەن ڕوناکبیرو هونەرمەندە دیمۆکراتیەکانی وەك ( ئەلکساندەر بلۆك ) و (مایکۆفسکی)و (بلیخانۆف) گرنگی یەکی زۆری پێدرا •

لینین لەووتارەکانیدا دەربارەی تۆلستۆی بەووردی ناکۆکی ڕایەکانی بەتێکڕایی شیدەکاتەوەو(٢) دەڵێ (دەبینین تۆلستۆی لە لایەکەوە ڕەخنەیەکی بێ بەزەییانە لە ئیستغلالی سەرمایەداری دەگرێو قوڵی ناکۆکیەکانی نێوان سامان زۆربوونو بەدی هاتووەکانی شارستانیو ئازارو ژانی ڕوو لەزیاد بووی کرێکارەکان ئاشکرا دەکا کەچی لەلایەکی دیکەوە بانگەوازێکی شێتانە بۆ بەکار نەهێنانی توندو تیژی لەڕووی شەڕو خراپەکاری دەکات لە لایەکەوە ریالیزمێکی بەرچاوڕوون دەخاتە ڕوو وە هەموو ڕوپۆشەکانی کۆمەڵی سەرمایەداری ڕادەماڵێ لەلایەکی دیکەشەوە داوای چاندنی ڕۆحی (کەهنوتی)و خواپەرستی لەناو

(٢) بڕوانە ف لینین • في الادب والفن ، الجزء الاول ـ ترجمة یوسف الحلاق ووتاری في تولستوی) ل ٢٠٥ ـ ٢٢٨ •

دەروونی کەساندا دەکا بۆ چاك کردنیان لەناوەوەڕا ••• کەواتە شتێکی سروشتی‌یە کە ئەو جۆرە ناکۆکیانە لای تۆلستۆی بە ڕێکەوت درووست نەبوون بەڵکو دەربڕینی ئەو هەلومەرجە پڕ لە دژایەتیانەن کە ژیانی ڕوس لەدوای سێ یەکە بەشی سەدەی نۆزدەهەم گرتبوە خۆی • تولستۆی ڕەسەنە چونکی بیروڕاکانی بە تێکڕایی وەریان گرین کتومت خاسیەتی شۆڕشەکەمان وەکوو شۆڕشێکی جوتیاری بورژوازی دەردەبڕن ••• (٣) بیرەکانی تۆلستۆی ئاوینەی لاوازی شۆڕشی جوتیاریمانو کەمو کوڕیکانێتی ) •

## برجسون (Bergson)

## ١٨٥٩ – ١٩٤١

هێنری برجسون فەیلەسوفەو کتێبی دەربارەی فیزیكو بایۆلۆژیو سایکۆلۆژیو میتافیزیکا نوسیوە ، بەڵام هیچ کتێبێکی تایبەتی دەربارەی جوانی یان هونەر نەنووسیوە • لەگەڵ ئەمەشدا تەئسیرێکی دیاری لەسەر هونەرو ئیستاتیکا هەیە •

برجسۆن نوێنەری ڕەوتێکە لە فەلسەفەی هونەردا دەورێکی گەورەی بینیوەو (کرۆچێ)و (هوبرت رید)یش شوێن پێی ئەویان هەڵگرتووە • بەپێی مەزەبی برجسۆن هونەر جۆرێکە لەزانین ، بەڵام زانینێکی وانا کە پەیوەندی بە هەمووەوە یا بە یاسا گشتی‌یەکانەوە هەبێ ، بەڵکو زانینێك کە تەنها شتی کەرتی و تاکی دەگرێتە خۆی • ئەم ڕەوتە وەکو بزووتنەوەیەکی ناڕازی بەرامبەر بە ڕاشنالیزم ، کە بەسەر فەلسەفەی سەدەی هەژدەمدا دوای ڕووداتی شۆڕشی زانستی لەو سەدەیەدا زاڵ بووە ، بە دەرکەوت : برجسۆن جیاوازی لە نێوان عەقڵو زەین ڕوونی‌دا

---

(٣) مەبەست لەشۆڕشی (١٩٢٥)ی ڕوسیایە •

دەکات : عەقل (intellect) ئامرازی مرۆڤە بۆ زاڵ بوون بە سەر دەوورو بەرەکەیدا ، پشت بە وەسف دەبەستێ‌و پاڵ بەو وێناندنە گشتیانەوە دەدا کە لە هەڵس‌و کەوتی پراتیکی‌دا بەهانای مرۆڤەوە دێن ! •

بەڵام زەین‌ڕوونی (intuition) حەقیقەتەکانی هەست‌و نەستی ناوەوەو ئەو جۆرە زانیاریانەیان پێ‌دەزانین کە مەبەستیان کارو کەڵك بەخشین نیە ، بەڵکو خۆ بۆ موتڵەق دەکوتن ، ئەو موتڵەقەی وێناندنە عەقڵێکان پێی ناگەن •

برجسۆن دەڵێ : دوو بۆچوونی جیاواز هەیە بۆ شتەکان :

١ - بۆچوونێك کەوا پێویست دەکا بە دەوری شتەکاندا بخولێینەوە •

٢ - بۆچوونێك کەوا پێویست دەکا بچینە ناو ناخی شتەکانەوە •

لەیەکەمیاندا بەگوێرەی ئەو بیروباوەڕە هەڵسوکەوت دەکەین کە پشتی پێ‌دەبەستین‌و بەپێی ئەوڕەمزانەی گوزارشتیان پێ لەخۆمان دەکەین ، بەڵام دووەمیان : پشت بە هیچ ڕەمزێك نابەستێ • یەکەمیان ئەو زانینەیە کە شتی نیسبی پێ‌دەناسین ، دووەمیان ئەو زانینەیە کە بە موتڵەق دەگات •

زەین‌ڕوونی لای برجسۆن جۆرێکە لە هاوسۆزی عەقلی : (intellectual sympathy) دەتوانین بەهۆیەوە شتەکە لەناوەوەڕا بناسین، تائەو خاسیەتەی تیادەدۆزینەوە کە گوزارشتی لێ‌ناکرێ‌و وەسف ناکرێ •

بەڵام زانینی شیکردنەوەیی (analysis knowledge) بەپێچەوانەی ئەوەوەیە ، چونکی شتەکان دەگێڕێتەوە بۆ ئەو خاسیەتانەی هاوبەشن لەنێوان ئەوان‌و هی دیکەدا ، وەکو تەرجەمە کردنی

شتەکان یەکسەری و سادەیەو یەکێتی و تاکێتی ڕەسەنیی شتەکان دەپارێزێ ٠

## هونەرو زەینڕوونی

برجسۆن بەپێی تیئۆری زەینڕوونی ، هونەر بە چاوێکی میتافیزیکی پشکنەر دادەنێ کە بۆ خاوەنەکەی دەلوێنێ بچێتە ناو ناخی ژیان و واقیعەوەو پەردە لە ڕووی ئەو حەقیقەتانە ڕامالێت کە لەودیو پێداویستەکانی ژیانی پراتیکییەوە حەشاردراون ، لێرەوە هونەر لای برجسۆن بەڵگەیەکە بۆ ئیمکانیەتی درێژ کردنەوەی بەهرەکانی دەرك‌کردنی هەستیی تا دوورترین ئاست ، بۆ بینینی ئەو شتانەی ئێمە عادەتەن ناتوانین بیانبینین ٠

حەقیقەت پاڵنەرێکی زیندووە کە داهێنان ئەنجام دەدات و هەمیشە ڕوو لە پەرەسەندنێکی بەردەوامە ٠ حەقیقەت لە دژی ماتریالی دەجەنگێت ، بەڵام هونەرمەندەکە بەهۆی زەین ڕوونییەکەیەوە ، توانستی ئەوەی هەیە کە لە ماتریالی تێپەڕ بکاو بگا بە حەقیقەت ٠

هونەرمەند چۆن دەتوانێ ئەمە بکات ؟ ئەی بۆ خەڵکی دی ئەم کارەیان لەدەست نایەت ؟

بینینی ئێمە لە شتەکانی دەرەوەیی و لە خۆشمان بینینێکی بەسنوورە ٠ خۆ هەڵواسینمان بە جیهانی دەرەوەو پێویستیمان بە بەرامبەری‌کردنی ژیان و وەرگرتنی هەڵویستی پراتیکی ، دەبنە هۆی گرژبوونەوەو تەسك‌بوونەوەی مەودای بینینمان ٠ مرۆڤ زۆر جار تەنها ئەو شتانە لە واقیعدا بەدی دەکات کە یاریدەی دەدەن بۆ بەرامبەر وەستانی ئەو هەڵوێستانەی تووشی دەبن یان دابین‌کردنی ئاتاجەکانی ژیانی پراتیکی ٠ کەواتە زانینی هەستیی شتەکانمان وەکو خۆیان نیشان نادات ، تەنها ئەو لایەنە پراگماتیکیانەمان نیشان‌دەدات کەخزمەتی مەبەست و نیازەکانمان

دەکەن دەبێ بژین ‥ ژیانیش وامان بەسەرا دەسەپێنێ کە شتەکان تێبگەین بەپێی پەیوەندییان بە پێداویستەکانمانەوە
Life demands that we grasp things in their relation to our needs.

ژیان کارەو ، مادام لە جیهانێکی کەڵکداریدا دەژین کە لەسەر چەند ڕەمزو نیشانەیەکی گشتی ڕاوەستاوە ، ئەوا ئەو ناوچەیەی کە بوونی ئێمەی تیا تەواو دەبێ ـ ئەوی ڕاستی بێ ـ ناوچەیەکی تایبەتییە نە ـ خود ـ و نە جیهانی دەرەوەیە ‥ بەڵکو ناوچەیەکی ناوەندییە لەنێوان ئێمەو شتەکاندا ئەویش ناوچەی هەڵس‌وکەوت کردنە لەگەڵ واقیعدا ·

ئێمە بە ئەنقەست جیاوازی نێوان شتەکان دەسڕینەوە بۆ ئەوەی لایەنە لێکچووە بە کەڵکەکانیان بەدەرخەین · تاکێتی شتەکان فەرامۆش دەکەین زۆربەی ووشەکانمان دەستنیشانی دەستەو ، تاقم و جۆری شتەکان دەکەن‌و شتە تاکەکەمان لەبەرچاو بزر دەکەن · تەنانەت ئێمە لە تاکێتی (individuality) خۆشمان خەبەردار نین ·

بەڵام ناوبەناو لە سروشتدا ئەوگیانانە پەیدا دەبن کە لە ژیان بەهەر جۆرێك بێ دابڕاون ··· ئەوانە هونەرمەندەکانن خۆ ئەگەر کەسێك (ڕۆحێك) بەتەواوەتی لە (action) ـ کردار دابڕابێ ، ئەوا هونەرمەندێکی بێ وێنەی لێ دەردەچێت چونکی ئەوسا دەتوانێ فۆرمەکان‌و ڕەنگەکان‌و دەنگەکانی جیهانی فیزیکی لە پاکێتی و ڕوونی‌یە پەتی‌یە هەوەڵیەکەیاندا ببینێ · بەڵام سروشت وە نەبێ ئەوەندە سەخی بێ ، ئەو تەنها ئەوەندە بەهرەیە بە هونەرمەندان دەدات کە لە تەنها لایەنێکەوە ، لە یەکێك لە هەواسەکانەوە ـ لە واقیع جیا ببنەوە ، هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی پەیدا بوونی جۆراو جۆری هونەرەکان ·

پرۆسێسی داهێنانی هونەری (artistic creation) لەلای

برجسۆن داهێنان نیە ، بەڵکو دۆزینەوەیە (discovery) داهێنانی هونەرمەند تەنها لەوەدایە کە بەهۆی ئەو بەهرەی دابڕان لە کردارەوە ، کە سروشت پێی بەخشیوە ، دەتوانێ لەسەر ڕووی ئاسایی شتەکان نەگیرسێتەوەو خۆ نقووم بکا بۆ ناوەوەو فۆرمێکی نوێ بێنێتە دەرەوە ... ئەگەر هونەرمەند (دیوی ناوەوەی شتەکانی وەکوو لەفۆرمو ڕەنگەکانیان ڕا دەردەکەون ببینێت) ئەوا پێی دەگوترێ نیگارکێشی ..... نیگار کێشە گەورەکان ئەوانەن کەجۆرە ڕوانگەیەکیان بۆ شتەکان هەیە بۆتە ڕوانگەی هەموو کەسێك چونکە دوای ئەوەی کە ئەو شتە دەبینێ بەلای هەموومانەوە ئاسان دەبێ کە بیبینین بەڵام چالاکییە داهێنەرانەکەی هونەرمەند ، پێویست بوو بۆ هەڵێنجانی ئەم جۆرە ببینێت) ئەوا پێی دەگوترێ نیگارکێش ..... نیگار کێشە گەورەکان ئەوانەن کە جۆرە ڕوانگەیەکیان بۆ شتەکان هەیە بۆتە ڕوانگەی هەموو کەسێك چونکە دوای ئەوەی کە ئەو شتە دەبینێ بەلای هەموومانەوە ئاسان دەبێ کە بیبینین بەڵام چالاکییە داهێنەرانەکەی هونەرمەند ، پێویست بوو بۆ هەڵێنجانی ئەمجۆرە بینینە تایبەتییە لەناو تەمومژە گشتییەکەدا ، یان بۆ شکاندنی قاڵبە ئاساییەکانو دروست کردنی قاڵبێکی نوێ (new mould) واتە هونەرمەند توانیویێتی ڕوانینی ئاساییو چاولێکەری بۆ شتەکان بداتە دواوەو ئەو ڕەگەزانە بێنێتە دەرەوە کە ڕاستیەکەی لەهەر یەکێك لە ئێمەدا هەن ، بەڵام بەر لەوەی ئەو بیان دۆزێتەوە نەماندەتوانی بەدییان بکەین بۆ نموونە : تەئسیری هونەرمەندی ئینگلیزی (کونستابل) (Constable) لەسەر هونەرمەندانی قوتابخانەکانی ئینگلیزو فەرەنسا .. پێش ئەو هیچ نیگارکێشێك شتەکانی بەو چەشنەی ئەو نەدیتبوونو ڕەنگی نەکردبوون . ئەو ڕێگەیەکی تاکی بۆ سەرنجدانی شتەکان دۆزیەوە .. واتە هونەر

تەنها دۆزینەوەیەو داهێنان نیە[1]
(Art merely reveals; it never creates)

ئەگەر هونەرمەند توانی بگاتە ئەو خرۆشە ئەسڵییەی لەژێر ڕواڵەتی باوی شتەکاندا هەیەو تـوانی لەو دەربڕینە تەقلیدییە تێپەڕکات کە حاڵەتی تاکیی عەقڵ دەشارێتەوە ئەوا پێی دەگوترێ شاعیر ... بـەدانی ژیانێکی تایبەتی بە خۆیان‌و بـە وشەکان ، شاعیر ئـەو شـتانە پێشـنیاز دەکات بۆمـان کە قسـە توانستی دەربڕینیانی نیـە ، بەڵام ئەگەر هونەرمەند هێشتا پتر بـە ناخی واقیعدا بچێتە خوارێ‌و هەندێ ئاهەنگی (ئیقاعی) دیاریکراوی ژیانمان بـۆ بپچڕێت ـ کە تەنانـەت ناتوانرێ بۆ زمـانی شیعر تەرجەمە بکـرێت ـ ئەوا ئەو کاتە هونەرمەنـدەکە مۆسیقییە . کەواتە هونەر چ نیگارکێشی یا پەیکەرتاشی ، چ شیعر یا مۆسیقابێ چ مەبەستێکی دیکەی نیە لەوە بـەولاوە کە ڕەمزە کەڵکدارەکان‌و گشت ـ کاری ـیە تەقلیدی‌و کۆمەڵایەتییە باوەکان‌و ، بە کورتی هەموو ئەو شتانەی واقیع لە ئێمـە دەشارنەوە ، بەلاوە بنێ ، بۆ ئەوەی ئێمـە یەکسـەر ڕووبـەڕووی واقیع بوەسـتین ... ئەم ڕوانگەیە یەکسەرییە بۆ واقیع ڕوانگەیەکی نا ماتریالی‌و نا کەڵک دارە کە دەتوانرێ بە ڕاستی پێی بگـوترێ ئایدیالیزم . لێرەوە برجسۆن دەڵێ : تەنهـا لە ڕێـگەی ئایدیالـەوە ئێمـە دەتوانین پەیوەندی لەگەڵ واقیعدا ببەستینەوە

It is only through ideality that we can resume contact with reality.

بە کورتی ئەوەی هونەرمەند لە مرۆڤی ئاسایی جیا دەکاتەوە ئەو بەهرەیەیـە کە هەیەتی ، بەهرەی زەیـن‌ڕوونی ئیستاتیکی ناوەوەیی کە بەهۆیەوە دەتوانێ بگاتە تاك (Individual) ئەگـــەر

(١) لەمەودوا کـە وشەی داهێنان‌ـیش بەکاردێنین ، هـەر ئەو مەبەستە دەگرێتەوە ، واتە : دۆزینەوە .

بڕۆڤێکی ئاسایی سەیری دەموچاوی ئادەمیزادێك بکات ، وا هەست دەکات کە دەموچاوەکە بەیەکەوە نووساوە بەبێ ئەوەی زەینی بۆ ئەو (ڕێکخستنە ئۆرگانییە) بچێ کە تێیدا هەیە یان ئەو بڕووتنەوەیە سادەیە دەرك پێ بکات کە لە نێو خەتەکانی دەموچاوو ڕوخساریا دەڕواو بە یەکیانەوە دەبەستێ ... ئەم نهێنییەیە کە هونەرمەند دەیەوێ بیزانێ ، لێرەوە لە ڕێگەی جۆرە هاوهەستییەکەوە خۆی دەهاوێتە ناو بابەتەکەیەوە ، بەو هیوایەی کە بتوانێ لە ڕێگەی ڕەنجە زەینڕووتیەکەیەوە ، ئەو پەردەیە لابدات کە شوێن دەیخاتە نێوان ئەوو ئایدیالەکەیەوە .

کەواتە هەروەکو چۆن ئەرکی فەیلەسوف ئەوەیە واقیع وەکو حەقیقەتێکی بێوێنە بدۆزێتەوە ، ئەرکی هونەرمەندیش ئەوەیە ڕوخساری تاکێتی بابەتی جوانی دەربخات .

## پاشەڕۆژی هونەر

بەلای برجسۆنەوە موستەحیلە پێشبینی لە پاشەڕۆژی هونەر بکەین . هونەر کۆرپەی داهێنانە ، لەبەر ئەوە ناتوانین ڕوخسارەکانی دیاری بکەین ، چونکە بۆی هەیە لە دەست هەموو حیسابێك دەربازبێ ، کاری هونەری تازەیی‌و ڕەسەنی‌و ڕەنگی داهێنانی وای هەیە کە هیچ عەقڵێك ناتوانێ لەوەپێش بڕیاردات چۆن دەبێت .. هونەرمەند شتێك بەدی ناهێنێت کە لەوەپێش (مومکین (potential) بوو بێت‌و ، ئەو کردبێتی بە واقیعی (real) بەڵکو هونەرمەند کاتێ کارە هونەرییەکەی دادەهێنێ (مومکین‌و واقیعی) لە یەك کاتدا دروست دەکات . واتە کاری هونەری شتێکی تەواو تازەیەو بریتی نیە لە ڕێکخستنەوەی ئەو شتانەی

هەواڵنامەی کتێب

لەوەپێش بوونیان هەبووە • کاری هونەری شتێکی تاکانەیەو ناتوانین تەواو تێی بگەین یان ماوەکەی (duration) دیاری بکەین • لێرەدا برجسۆن گرنگییەکی زۆر بە دراما، بەتایبەتی تراژیدی دەدات • هونەری دراماش وەك هەر هونەرێکی دی خۆ بۆ (تاکێتی) دەکوتێ ••• (هاملێت) کەسایەتیکی تاکەو ڕاستییەکی گەردوونی بەدەست هێناوە بەوەی کە لە هەموو شوێنێکدا وەکو کەسێکی زیندوو سەیری دەکرێ ــ ئەمەش دڵسۆزیی هونەرمەندە کە وا لە کەسانی دراماکەی دەکات قەناعەت بەخش و بێوێنە بن • لە شکسپیر بەولاوە ئەگەر ئەو هەلومەرجە سایکۆلۆژیانە بگرینە بەرچاو کە پاڵی ناوە بۆ نووسینیان، کەسێکی دی نەیدەتووانی دراماکانی ئەو بنووسێ •

## هونەرمەندو کات

کاری هونەری وەکو گیانلەبەر کاتی تایبەتی خۆی هەیە • هونەرمەند هەست دەکات کارەکەی بەستراوەتەوە بە کاتێکی تایبەتییەوە، لێرەوە هەوڵدەدات کە کارە هونەرییەکەی لەگێژاوی کات بپچڕێتەوە تا لەسەر بەرد یا کاغەز یا قوماش یا شتی تر تۆماری بکات ••• بەمە بتوانێ ئەو شتانەمان بۆ دەربڕێ کە لە ناخیا شیاوی دەربڕین نین، (inexpressible) کەواتە هەر ئەوەندە بەس نیە بڵێین کاری هونەری بەرهەمی داهێنان و هەڵبژاردنە، بەڵکو دەبێ بشڵێین بەرهەمی کات و بەردەوامییە • هونەرمەند ــ عادەتەن ــ قوڵایی زەمینێکی ون دەپشکنێ کە زەمینی ئێستایە (instant) بە هەموو خاسیەتێکی، لە تاکێتی و بەرینایی و نەشیاوی دووپاتە بوونەوە • لێرەوە هەموو توانستێکی خۆی دەبەخشێت تا ئەزموونە دەروونیە لامسەرلاییەکانی و ڕووداوە ڕۆحییە بەرێکەوتەکانی دەربڕێ، تا ئەو شتانەمان لەبەرچاو بچەسپێنێ کە لە سروشتی خۆیاندا شایانی گۆڕان و لەناوچوونن •

ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە داهێنانی هونەری لە دەرەوەی سنووری کاتدایە (کات لای برجسۆن بەردەوامییە (duration) بەردەوامی مانای ئەوەیە ڕابردوو بەردەوامەو هیچی یەتەواوەتی لێ بەسەرنەچووە ... بێگومان ئێمە بە کەرتێکی بچووك لە ڕابردوومان بیردەکەینەوە ، بەڵام بەتێکڕایی ڕابردوومانەوە حەز دەکەین و دەخوازین و ئیش دەکەین . مادام کات بەسەریەکدا گردکردنەوەیە (accumulation) ئەوا ئاییندە هەرگیز وەکو ڕابردوو نابێت ، چونکە لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا گردبوونەوەیەکی نوێ دروست دەبێ .. هەموو لەحزەیەك نەك تەنها شتێکی نوێیە بەڵکو شتێکیشە کە پێشبینی لێ ناکرێ و ، (unforseeable) بۆ بوویەکی هوشیار (بوون مانای ئەوەیە کە بگۆڕێی ، گۆڕانیش مانای پێگەیشتنە (mature) پێگەیشتنیش مانای بەردەوام بوونە لە ئافەریدە کردنی خۆ بەبێ کۆتایی) کەواتە واقیع هەمووی کات و بەردەوامی و بوون و گۆڕانە .

ئەو قۆناغانەی برجسۆن بۆ کات دیارییان دەکات ، هەر ئەو قۆناغانەن کە هونەرمەند لە بەدیهێنانی کاری هونەریدا پێیاندا تێپەڕ دەبێت .

## هونەرمەندی مەزن

هونەرمەندی مەزن لای برجسۆن ئەوەیە کە خرۆشێکی نوێ لە کارەکەیدا هەڵقوڵێت بە چەشنێك کە هەستێکی نوێ لە دەروونماندا بخولقێنێ ، یان خرۆشێکی وەها ئافەریدە بکات کە لەوەپێش بە خەیاڵماندا نەهاتبێ .

خرۆش لای برجسۆن ئەو کارتێکردنە ویژدانییە پەتییە نیە کە لە ڕۆح زیاتر تێپەڕ ناکات ... بەڵکو جۆرێکە لە کودەتای دەروونی کە لەناو ناخی دەروونندا ڕوودەداو هەڵی دەتەکێنێ ، ئەم

خرۆشەش لە سنووری کارتێکــردنی دەروونی نامێنێتەوە بەڵکو پەڵدەهاوێت بــۆ ئاستی بیرکردنــەوە ، بۆ ئەوەی بــیری تازە لە دەروونداا بخرۆشێنێت • لێرەوە برجسۆن ئەو بڕیارە دەدات کە هونەر بەر لە هەموو شتێ : خرۆشانە • بەلآم لێرەوە خرۆشان بیر کردنەوە ڕەتناکاتەوەو ، مانــای بێکەڵکیی لێخوردبوونەوەش ناگەیەنێ بەڵکو مانای هەڵگیرســانی لەناکاوی ئاگری ویژدانە لە سووتەمەنی بیردا ، بە چەشنێ کە لە برووسکەی زەین ڕوونییەوە داهێنانی ڕەسەن لە دایك دەبێو هونــەرمەند دەتوانێ گوزارشت لەو شتانە بکات کە وایدەزانی شیاوی دەربڕین نین •

## هێزی خەیاڵو داهێنانی هونەری

برجسۆن جارێــکیتر کاری هونەری لەسەر بناغــەی هێزی خەیاڵ ڕووندەکاتەوە ••• مۆسیقار کە سیمفۆنیەك دادەنێ ، شاعیر کە هۆنــراوەیەك دەنــووسێ ، یــان ڕۆماننووسێك کە کەسایەتیو هەڵوێستەکان دروست دەکات ، هەموویان لە پێشەوە شتێکی سادەی ڕووتکراوە لە هەموو جۆرە وێنەیەکی ماتریالی لە مێشکیاندا دروست دەبێ •• ئەم شتەش سەبارەت بە مۆسیقاژەن یا شاعیر لەسەر شێوەی (هەستێکی نوێ) بەدیار دەکەوێ کە دەبێ لەسەر شێوەی (ئاواز) یان (وێنە)دا بەرجەستەی بکات ، بەلآم لای ڕۆماننووسو درامانووس ئەم شتە شێوەی کێشە یا مەسەلەیەك وەردەگرێ کە دەبێ لە ڕێگەی هەندێ ڕووداوەوە لێکی بداتەوەو ڕوونی بکاتــەوە یان شێوەی عاتیفەو سۆزێکی تاکی یــا کۆمەڵی وەردەگــرێ کــە هونەرمــەند دەبێ لــە کەســایەتی زینــدوودا بەرجەستە یان کات• لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا هونەرمەند پراوەی چالاکێکەی دەکات لەسەر نەخشــەیەکی گشتیو بیری (هەمو) یان (سەرجەم) دەنوێنێ • یا ئەگەر گەیشتە دیمەنێکی دیاری وەها کە

ڕەگەزەکانی ئەم (هەموو)ەی تێدا دیاربێت ئەمە نیشانەی گەیشتنێتی بە دوا پلە ••• لێرەوە دەتوانین بڵێین کە داهێنانی ئەدەبی و شیعری هەموو دەمێ لە ڕووتکارییەوە بۆ بەرجەستە کراوو ، لەهەمووەوە بۆپارچەو ، لەنەخشەی گشتییەوە بۆ وێنەی ئاشکراو دیار دەڕوات •

بەڵام نەخشە گشتییەکە ، یا ئایدیا سەرەتاییە گشتگرەکە زەحمەتە لە ماوەی داهێنانی هونەریدا هەروەکو خۆی بمێنێتەوە • چونکە هەر ئەو وێنانەی بۆ ئەو نەخشەیە دروست دەبن هەوڵی وەرگێڕو داگیرکردنی دەدەن • زۆر جار وێنە ئاکامییەکە تەواو بە پێچەوانەی ئەو بیرە بنەڕەتییەوە دەبێت کە هونەرمەند سەرەتاکەی خۆی لێ وەرگرتبوو ، بە چەشنێك کە هیچ شتێکی ئەوتۆ لە نەخشە گشتییەکە نامێنێتەوە ، هەر وەکو لە حاڵەتی ڕۆماننووس یان شاعیردا ڕوودەدات • کاتێ ئەو کەسایەتییانەی دروستی کردوون پەرچەکردار دژی ئەو بیرو سۆزە بەرپا دەکەن کە هونەرمەند لە بنەڕەتدا دەیویست ئەو کەسایەتییانە گوزارشتیان لێوە بکەن • لێرەوە بە ئاشکرایی ئەوری کوتوپڕی لە کاری هونەریدا بەدەردەکەوێ ، وێنەکە (image) دژی پلانەکەیان ، نەخشەکە (scheme) هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تەبایییەکەیان لەناو بەرێت • بۆیە هونەرمەند کاری هونەری بە خێرایی و زەینڕوونی دانانێ ••• بەڵکو هونەرمەند دەبێتە کەسێك کە ڕەنجێکی عەقڵی قورس بەخت دەکات لەپێناوی گۆڕینی نەخشەکە یان بیرە گشتییەکە ، بۆ وێنە یان بۆ یەکێتییەکی دیارو کۆك •

چاوی هونەرمەند کامیرایەك نیە کە وێنەیەکی تەواوی ئەو دیمەنە بگرێ کە دەیەوێ وێنەی بکێشێ ••• بەڵکو هونەرمەند ڕوانینێکی تایبەتی سەبارەت بابەتەکەی هەیە • لەو بابەتە تەنها کۆمەڵێك پەیوەندی هەڵدەبژێرێ تا لەسەر شێوەی بابەتێکی

ئیستاتیکی خاوەن بوویەکی سەربەخۆ بەدەریان بخات ...
هوونەرمەندێك کە وێنەی خانوویەك دەکێشێ نایەت وێنەی خانۆکە وەکو هەیە بە هەموو دوورییەکانیەوە بکێشێ ، بەڵکو تەنها وێنەی تێڕوانینی تایبەتی خۆی بۆ بابەتەکە بەپێی میتۆدی تایبەتی خۆی لە وێنە کێشاندا دەکێشێت .

تیئۆری هونەری برجسون بەتێکڕایی تیئۆرێکی فەلسەفی یە لەسەر ئەساسی (میتافیزیکەل ڕیالیزم) ڕاوەستاوە ــ وەپشت بە ڕوانگەیەکی زەین ڕوونی دەبەستێ کە دینامیەتێکی زیندوو ــ ڕەسەنو هەمیشە تازە بۆوە لە واقیعدا بەدی دەکات ... کاتێ برجسۆن دەڵێ (جیهان کارێکی هونەری دەوڵەمەند ترو بەپێزترە لە هەموو کارێکی هونەری تر .. چونکی هیچ بوارێکی بەراوورد کردن لەنێوان ئەوو بەرهەمی هیچ هونەرمەندێکی تردا هەرچەند مەزن بێ ــ نیە ــ ) مەبەستی لەمە ئەوەیە کە واقیع هەندێ سیمای عەبقەریانەی هەیە وە هونەر خۆی لەو واقیعە بەپێزو داهێنەرانەوە پەیدا دەبێت .... بەڵام هونەر تەنها زانینێکی هەستیی واقیع نیە ، بەڵکو بەپلەی یەکەم دەیەوێ زانینێکی قوڵتر لە واقیع بە بەدەست بێنێ . وەمەسەلەی ئیستاتیکاش هیچی کە نیە جگە لە دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ گەیشتنی بەم جۆرە بەرزە لە زانین .

بینیاری جوان لای برجسون مانای هەستکردنە بە تەبایییەکی نوێ لەگەڵ شتەکاندا ...وە هەست کردنە بەجۆرێ لەهاوگونجان لەنێوان بیرو بووندا بەمەرجێ بزانیین چۆن لەئاستی کردار (action) تێپەڕ دەکەین ، یان لە پێداویستەکانی ژیانی پراتیکی دوور دەکەوینەوە . کاتێ دەروون بۆ حاڵەتی بێگەردێتی ، یەکەم جاری دەگەڕێتەوە ئەوسا مرۆڤ دەتوانێ لەشتەکاندا ئەو لایەنانە بدۆزێتەوە کە بە تەنها بۆ غەریزە دەرناکەون ، ئەم بێگەردیو پاکیتییەش لەژیانی هەستیی‌دا وا لەدەروون دەکات بگاتە ئاستی

ناماتریالیزم یاخـود ئایدیالیـزم هونەر بەم مانـایە جۆرێکـە لە جۆرەکانی دەست‌گرتن بەسەر واقیع یان جیهاندا ، وە هەر لێرەوە فەلسەفەی ئیستاتیکی برجسۆن لەگەڵ سیمبۆلیزم لەهونەری نوێدا یەك‌دەگرێت ....

جوانی لای برجسون هیچ شتێ بۆ بوونی بابەتەکە خۆی زیاد ناکات ، بەڵام دەشێ بەدیار بکەوێ کاتێ بیری ئادەمیزاد . لەدەست بەسەرا گرتنی ئەو بووەدا ئەو جوانی‌یە بەدی دەهێنێت .

ئەم ڕەوتە ریالیستە میتافیزیکی‌یە وای لە برجسـۆن کردوە هونەر بکاتە پاشکۆی‌فەلسـەفەو بەو پێ‌یەی کەهونەر بینیارییەکی ڕاسـتەوخۆیەو حەقیقەتمـان بـۆ دەدۆزێتـەوە . هـونەر لەو پێداویستیانەی کار کە سنوور بۆ بینینی بوون لەلامان دادەنێن ، تێپەڕدەکات هەروەکو بزوتنەوەیەك بێ لە ڕەمزەوە بمان بات بۆ حەقیقەت .

## هەڵسەنگاندنی تیئۆری برجسون دەربارەی هونەر (١)

١ ـ برجسون دەوری هونەرمەند تەنها لەئاستی لێ‌خـووردبوونەوە و بینین‌دا دەهێڵێتەوە و دەوری سـنعەت‌و سازکردنی لە کاری هونەری‌دا فەرامۆش دەکات . وە کاتێ ئـەوە دەردەبڕێ کە چاوی هونەرمەند جۆرە زەیـن ڕوونی‌یەکی ئیستاتیکی هەیـە ، دەتوانێ بە هۆیەوە جۆرە یەك‌گرتنێك لەگەڵ بابەتەکەیدا پەیـدا بکات، ئەوا لێرەدا ئەوی ڕاستی‌بێ جۆرە توانستێکی سۆفی‌گەرانە دەداتە پاڵ هونەرمەند کە زۆر بەکەڵکمان نایەت بـۆ تێگەیشتنی جەوهەری پرۆسێسی داهێنانی هونەری. لەمێژووی هونەردا کەمتر بەرچاومان دەکـەوێ کە هونەرمەنـد هاوجووت بـووبێ لەگەڵ کەرەسەکەیدا بەڵکو هەمیشە لە بەربەرەکانی دابـووە لەگەڵیدا و

(١) لەکتێبی فلسفة الفن في الفكر المعاصر ـ د. زكريا ابراهيم وەرگیراوە .

گرنگی بە گیروگرفتی سازکردنو بەجێهێنان داوە •

٢ ـ دانانی هونەر بەچاوێکی میتافیزیکی کە بەناخی ژیاندا دەچێتە خوارێ وە واقیع بــە قولی تێ دەگات لەجــێی خۆیدا نیە هونەرمەند کۆپی واقیعمان پێشکەش ناکات • بەڵکــو ئاڵوگۆڕ لە جیهانی دەرەوەدا دەکــات لەبــەر ئەمە کــاری هونەری هەمیشــە ڕوخساری خاوەنەکەی هەڵ گرتووە و زۆرجار پارچەیی‌و ناتەواو بووە و ڕوانگەی بەســنووری دەربڕیوە • خــۆ ئەگەر برجســون گومانی وابێ‌کە هونەرمەند کارەکەی بەبێ هیچ ڕەمزو نێوانچیەك دادەهێنێ ئەوا گومانی نیە کە هونەر ڕوخســارێکی ڕەمزی هەیە وای لێ‌دەکات هەمیشە هانا بەرێتە بەرزمان‌و وێنەو هەندێ فێڵی تیکنیکی •

٣ ـ برجسون هەوڵ دەدات لێ‌خوورد بوونەوەی جوانی بکاتە وێنەیەك لەوێنەکانی ئەزموونگەری میتافیزیکی Metaphysical empiricism هەروەکو ناسینی جوانی تەنها ئامرازێك بێ لە ئامرازەکانی زانینی موتڵەق •••وە لەڕوانگەی زەین‌ڕوونی‌یەوە لەهونەر دەکۆڵێتەوە بەبێ ئەوەی گرنگی‌بدا بەمێژووی کۆمەڵایەتی هونەر یان بە پەیوەندی هونەرمەند لەگەڵ میراتی هونەریدا •• واتە برجسون هونەرمەندی بەدیاردەیەکی لەیاسا بەدەر داناوە کە پەیوەندی بەم جیهــانەوە نیە کە ئێمەی تێــدا دەژین ، هەروەکو هونەرمەند زەلامێکی گۆشەنشین بێ‌و هەموو ئەرکەکەی ئەوەبێ جۆرە هاووجووتی‌یەك لەنێوان خۆی‌و بابەتەکەیدا بەدەست بێنێت بەبێ ئەوەی هیچ پەیــوەندیەکی بەواقیعە کــۆمەڵایەتی‌یەکەیەوە هەبێت یان ئەزمــوونە هونەریەکەی بــە ئەزموونەکــانی دیکەی ئادەمیزادەوە ببەستێتەوە •

هەواڵنامەی کتێب

٤ ـ تیئۆری هونەری برجسۆن تەنها دەروازەیەکە بۆ واقیعی‌یە میتافیزیکیەکەی کە زەین ڕوونی ئیستاتیکی تێیدا تەنها وەکوو دیمەنێکی سەرەتایی لە دیمەنەکانی زەین‌ڕوونی فەلسەفی دەردەکەوێ .

## سەرچاوەکان

– دەربارەی برجسۆن –


١ ـ فلسفة الفن في الفكر المعاصر ـ ذكريا ابراهيم
٢ ـ في فلسفة الجمال من افلاطون الى سارتر

3 — A short History of Literary Criticism
4 — T. E. Hulme. Speculations London. 1971.

# گــرۆچــێ Croce

بندیتۆکرۆچێ ـ Bendetto Croce) ـ ١٨٦٦ ـ ١٩٥٢

گەورەترین تەئسیری کردۆتە سەر ئیسـتاتیکاو تیئۆری ڕەخنەی ئەم سەردەمە • کرۆچێ لە لێکۆلینەوەی ئەدەبی‌و ئیستاتیکی‌یەوە بەرەو فەلسەفە ڕۆیشت لەبەر ئەوە شتێکی سـروشتی‌یە کە خولیا فەلسەفیەکەی ڕەنگدانەوەیەکی قوولی گیروگـرفتەکانی ڕەخنەو ئیستاتیکای پێوە بێت • مەزنترین‌و بەناوبانگ ترین کتێبی ئەو کتێبـی ئیسـتاتیکایە (Aesthetics) کـە لـەسـالی ١٩٠٢ دا نووسـیویەتی • ئیسـتاتیکا لای کرۆچی زانسـتیەکی وەسـفی نابێوانەیی‌یە چـونکی شی‌کردنەوەیەکی سـایکۆلۆژی یەکەمیـن ئەرکی ڕۆحی ئادەمیـزادمان‌دەداتێ ، کە ئەویش ئـەرکی زەین ڕوونی‌یە •• لێرەوە کـرۆچی ئیسـتاتیکا بە زانسـتی دەربڕین (Science of expression) ناودەبات • کرۆچی هونەر لە میتافیزیکاو لەزانست زیاتر پەسەند دەکات • زانسـت ئێمە لەتاکی‌و حەقیقی دوور دەخاتەوە بۆ جیهانێکی پڕ لەڕووتکاری ماتماتیکی ـ بەلام هونەر ڕاستەوخۆ دەمان باتە سەر کەسە تایبەتی‌یەکەو حەقیقەتە بێ وێنەکە (unique fact) واتە ڕۆح •

زانین دوو فۆرمی هەیە : یا ئەوەتا زانینێکی زەین ڕوونی‌یە (Intuitive knowledge) یا زانینێکی لۆژیکی‌یە (logical knowledge) زانین لەڕێی خەیالەوە ، یامێشك ، زانینی تـاك ، یا هەمـوویی (گەردوونی) • زانینی شـتەکان یـا پەیوەندیکـانی نێوانیان ، زانینێکی وێنە (Image) درووست کەرانە یا زانینێکی چەمك (concepts) پێك هێنەرانە • ئەگەر هەمـوو چالاکیکانی ڕۆح بخەینـە ڕوو دەبینین هـونەر ئەو بنکـەیە کە بینـای هەرەمی‌ی گەورەی ڕۆحی لەسەر ڕادەوەستێ •

هونەر یەکەم پلەی گوزارشت کردنە لەچالاکی ڕۆح وە بەبێ

ئەو چالاکێکانی دیکە ناشێ ببێ • هونەر هەر وەکوو هیگل پێشتر ڕوونی کردەوە یەکەم هەنگاوی دەربڕینی ڕۆحە ، چونکی زەین ڕوونی کەرەسەی هونەرە ، وە هەمیشە پێش وێناندنەکانی لۆژیکی ــ فەلسەفەو زانست دەکەوێ •

## زەین ڕوونی و هونەر

بەلای کرۆچێوە زەین ڕوونی هەستێك نیە لەلایەن شتەکانەوە لەسەر مێشکمان چاپ بکرێت ••• بەڵکو چالاکی و بەکاری یە کە لە مێشکی مرۆڤدا بەرپا دەبێت وە وێنەکان بەرهەم دەهێنێ ، واتە زەین ڕوونی تەنها تۆمارکردن نیە ، بەڵکو لەهوشیاری ئادەمیزاددا وەکو بەری خرۆشەکان و وێنەی خەیالی پێك دێت •

وە لەسایەی هەستەکانەوە وێنەکان دەگۆڕدرێن بەدەربڕینی لیریکی (Typical expression) واتە بنەڕەتی هونەر لە هێزی پێك هێنانی وێنەکاندایە •
(The origin of art lies in the power of forming images.

تەنها هونەرەکە لەلایەن خەیاڵەوە (imagination) حوکمی دەکرێت و ، تاقە سامانێك کە هەیبێ وێنەیە • هونەر بابەتەکان ڕیز ناکات ، وەسفیان ناکات ، بەخەیاڵی یان بە حەقیقی یان ناداتە قەڵەم ، پێ ناسەیان ناکات ، تەنها هەستیان پێ دەکات • پێشکەشیان دەکاو هیچی تر • چونکە وێناندن بەر لەبیرکردنەوە دێت ، وە ئەمە شتێکی پێویستە بۆ چالاکی داهێنەرانە (artistic activity) یا وێنە دروست کەرانەی مێشك کە بەر لە چالاکی لۆژیکی واتە چالاکی چەمك پێك هێنەرانەوە concept forming دێت •

مرۆڤ هەرکاتێ خەیاڵ بکاتەوە هونەرمەندە •• هونەرمەندە بە ماوەیەکی درێژ بەر لەوەی دەستیش بەکار بکات ••••

هونەرمەندە هەرە مەزنەکان مەسەلەکە هەربەم شێوە تێ گەیشتوون میکائیل انجلۆ دەڵێ : (مرۆڤ بەدەست نیگـار ناکێشێ بەڵکـو بە مێشك)• لیونـارد داڤنشی دەنووسێت (مێشکی پیـاوانی خاوەن عەبقەریەتێکی مەزن زۆر چالاکترن لە داهێناندا کاتێ کە کەمتر ئیشی دەرەوەیی دەکەن ) •

جەوهەری چالاکی ئیستاتیکی لە هەوڵو تەقەلای هونەرمەندایە بۆ هەڵێنجانی ئەو دیمەنە تـەواو کامڵەی گوزارشـت لەو بابەتە دەکات کە لە مێشکدا هەیە ، وە لە جۆرێك لە زەین ڕوونیدایە کە سروشێکی سیحری (mystic insight) ناگرێتە خۆی بەڵکو تەنها ڕوانگەیەکی تەواوو خەیاڵێکی پڕ بە پێست بۆ بابەتەکە فەراهەم دەکات •

سیحری هونەر تەنها لە دەرەوەیی کردنی (externalization) بیرەکەدا نیە ، بەڵکو لەچەمکی بیرەکەشدایە • دەرەوەیی کردن مەسەلەی تکنیكو شارەزایی دەستی یە • کە ئەمـە بەلای کرۆچی وە گرنگی یەکی ئەوتۆی لە پرۆسێسی داهێنانی هونەریدا ، نیە •

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە کرۆچی جیاوازی لەنێوان زەین و ناسین [ادراك]دا دەکات • هەموو زەین ڕوونی یەك فراوانترە لە ناسین چونکە زەین ڕوونی لەو شتانەی کە دەزانرێت تێپەڕدەکات بۆ ئەو شتانەی کە شیاوی زانینن (ممکنات) (potentials) هەروەها زەین ڕوونی لە هەستیاری ـ احساس ـ بەرزترە •

چونکە هەستیاری گوتەی کاتو شوێن سنووری بۆ دادەنێن • دەشێ ڕەنگی ئاسمان یا ڕەنگێکی هەستی دیاریکراو یا هاوارێك یا ئازارێك ••• بابەتێك بێ زەین ڕوونیو دەربڕین بکات بەیەك چونکی گرنگترین خاسیەتی زەین ڕوونی لای کرۆچی ئەوەیە کە شیاوی داڕشـتنە لە گوزارشـێکدا ••• وە ئـەوەی لەبابەتێکی لەرەوەییدا بەرجەستە نەکرێت لەئاستی هەستیاریدا دەمێنێتەوە•

چونکە ڕۆح کـاتی زەین ڕوون دەبێـت کاری وێنەکێشان و دەربڕین ئەنجام دەدات • ئەو دەربڕینەی ئێمـە مەبەستمانە زۆر فراوان ترە لە دەربڕین بە ووشە ••• چونکە دەربڕینێك هەیە کە لە ووشە تێدەپەڕێ دەربڕین بەخەت و ڕەنگ و دەنگ• تەنها هەر ئەوەندە بتوانین بەهۆی زەینڕوونی یەوە وێنەیـەکی ئەندازەیی بێنینە بەرچاوی خـۆمان ئـەوا دەتوانین لەسـەر کـاغەز یا لە تابلۆیەکدا وێنەی بکێشین•شتێکی نابەجێ یە کە بڵێین:هەموومان دەتوانین کـە (عەزرای روفائیـل) بێنینە پێش چاو بـەڵام تەنها (رۆفائیل) بەهـۆی کارامەیی و شارەزاییەوە توانیـوێتی وێنەی بکێشێ • ئەم گومانە لە ڕاستییەوە دوورە ، چونکە هونەرمەند کاتێ سەرنج دەگرێتە بابەتەکەی ، ئەو شتانەی تیا بەدی دەکات کە خەڵکی تر تیا بەدی ناکەن• زەینڕوونی مانای ئاشکرا کردنی دیمەنە خەیاڵییەکانـە لەگەڵ گۆڕینیان بەبابەت یا وێنـە لەیەك کاتدا ••• واتە زەینڕوونی لە مێشکدا پەیدا نابێت بەبێ ئەوەی توانستی دەربڕین و سازکردنیشی لەگەڵدا لەدایك بێت ، کاتێ ئێمە دیوی ناوەوەی وشەکەمان زەبتکرد•• کاتێ کە بەڕوونی و بەئاشکرایی دیمـەنێك یا پەیکەرێکمـان گرتە بەرچـاوی مێشك (conceived) کاتێ کە ناوەرۆکێکی مۆسیقامان دۆزیەوە ، ئەو کاتە یەکسەر گوزارشت یا دەربڕین لەدایك دەبێ و تەواو دەبێت و هیچ شتێ لەمە پتر پێویست نیە •• ئەوەی ئەنجامی دەدەین تەنها ئەوەیە کە بـە دەنگێکی بەرز ئـەو شتانە بڵێینەوە کە لـە دیوی ناوەوەدا ـ بە ڕاستی ـ گوتومـانن •• بە دەنگێکی بـەرز ئەو گۆرانییە بڵێین کە بەڕاستی لە ناوەوەماندا گوتومانە

What we do is to say aloud what we have already said within, to sing aloud what we have alveady suny within.

کە دەستمان لە لەوحەی مۆسیقیی پیانۆدا ، یان قەڵەممان بە

دەستەوە گرت ، ئەوە ئێمە کارێکی قەستی (ارادی) ئەنجام دەدەین کە سەر بە پراتیکە ، نەك بە چالاکیی ئیستاتیکی و ئەوەی لە دوای ئەمەوە دەیکەین ئەوەیە کە بزووتنەوەیەکی چوست ئەو شتە بەدی بهێنێ کە لەناوەوەدا بەخێرایی جێ بەجێمان کردووە ٠

ئایا ئەوە یارمەتیی ئەوەمـــان دەدات ئەم پرسیارە ئالۆزە : جوانی چیـــە ؟ وەڵام بدەینەوە ٠٠ وەڵام زۆرن ، هێنـــدەی کەللە سەری ئادەمیزاد لەم جیهانەدا ٠ کرۆچی دەڵێ : جوانی پێکهێنانی عـــەقڵیی وێنـــەیەك (یـــان زنجیـــرە وێنـــەیەکە) کە جـــەوهەری شتە سەرنجدراوەکان بگرێت

Beauty is the mental formation of an image or a series of images that catches the essence of the things perceived.

لێرەدا جوانییەکە زیاتر بۆ وێنە ناوەوەییەکە دەگەڕێتەوە ، لەوەی بۆ ئەو فۆرمە دەرەوەییەی تێیدا بەرجەستەکراوە ٠ حەز دەکەین وا بیربکەینەوە کە ئێمەش وەك شکسپیر بیرو ئایدیای چاك و قووڵمان هـــەن ، بەڵام وشەی دروستمان بۆ دەربڕینیـــان دەستگیر نابن ، واتە جیاوازی ئێمەو شکسپیر جیاوازی تەکنیکی دەربڕینی دەرەوەییە external expression بەڵام ئەمە واهیمەیە ٠ جیاوازی لە هێزی دەرەوەیی کردنی دیمەنەکەدا نیە ، بەڵکو لە هێزی پێکهێنانی ناوەوەی ئەو وێنانەدایە کە گوزارشت لە بابەتەکە دەکەن ٠

## جوانی و دزێوی و ــ هونەر

بەلای کرۆچێوە ، ئەو شتەی کە لەسروشتدا جوانە مانای ئەوە نیە کە لە هونەریشدا جوان بێ و ، هەروەها شتێ کە لە سروشتدا دزێو بێت مانای ئەوە نیە کە لە هونەردا ناشێ جوان بێت ٠ لێرەوە کرۆچێ جوانی و دزێوی لەسەر بناغەی تیۆرەکەی لە دەربڕیندا لێك دەداتەوە ٠ جوانی لای ئەو دەربڕینێکی سەرکەوتووە ٠ بەڵام دزێوی دەربڕینێکی سەرنەکەوتووە ٠ جوانی یەکایەتی پێشکەش دەکا ، بەڵام دزێوی جۆراوجۆری ٠٠٠ ئـــەوی ڕاستی بێ هەموو

(دەربـــڕین)ێك ـ وەكو دەربـــڕین ـ جوانە چونـــكە دەربڕین كە سەركەوتوو نەبوو بە دەربڕین ناژمێردرێ ٠

كرۆچێ بەرپەرچی ئەو لەزەت پەروەرانە دەداتەوە hedonists كە دەڵێن : شتی جوان ئەوەیە كە خۆشیو لەزەت بۆ چاوو گوێو هەستە باڵاكان دروستكات ، كرۆچێ دەڵێ ئاشكرایە كە حەقیقەتی ئیستاتیكی پشت بە ئیمپرێشنەكان (impressions) نابەستێ چونكە ئەگەر وابوایە ، ئەوا دەبوو جوانی لە دەرەوەی كاری هونەریدا هەبوایەو ، دەبوو لە كاتی گواستنەوەشیدا بۆ كاری هونەری هەر بە جوان مابایەوەو ، لەلایەكی دیكەشەوە ، جوانیو دزێوی بەپێی زەوقو میزاجی كەسان دەگۆڕا ٠ ئەوەی لەبەرچاوی كەسێك جوان خۆی دەنواند ، لەبەرچاوی كەسێكی دی وەكو شتێكی بلەو دزێو خۆی نیشان دەدا ٠ جگە لەمەش ئەگەر جوانی لە ماتریالو كەرەسە خاوەكاندا بوایـــە ، ئەوا زەمان دەرەقەت نەدەهـــاتو وێنەكانی ئیستاتیكی سەدەیەكی بەسەر پەیدابوونی هونەردا پێ نەدەچوو ، كە لە بەریان دەبڕا ٠٠٠ گەر بەم پێیە بوایە دەبوو وشەی جوان هەر بە جوانی مابایەوەو لە شوێنێكی تایبەتی دابنرابایەوو وشەی دزێویش هـــەروەها ٠ بەڵام مەســـەلەكە بەم چەشنە نیە ٠ دەشـــێ وشەیەك لەكارێكی هونەرییدا جوانو خاوەن هێزی دەربڕین بێت بەڵام لەكارێكی تردا ناشرین بێت ، چونكی كاری هونەری خۆی ئەم خاسیەتانە بە بەشو پارچەكانی دەبەخشێتو ٠٠٠ لە دەرەوەی كاری هونەریدا بابەتی جوانو دەنگو وشەی شیعریو مۆسیقیی ٠٠٠٠ بوونی نیە ٠

ماتریالو وشـــەو دەنگ تەنها ئەو كاتە لـــە كاری هونەریدا دەنوێندرێن كە دەتوانن ئەم خاسیەتانە بەدەست بێنن ٠

خۆ ئەگەر جوانیو دزێوی بەو شـــتانەوە ببەســـتینەوە كە لە دەرەوەی كاری هونەریدا هەن ئەوا ناچار دەبین كە بە شێوەیەكی

ناڕاستەو خۆ جوانی بەبایەخی ڕەوشتی‌یەوە ببەستینەوە ، من لە جیهانی ڕیالیستا ناتوانم هیچ کارێ بە جوان دابنێم کە بە پێچەوانەی بایەخە ڕەوشتیەکانی خۆمەوە بێت ... وە ئەگەر جوانی هونەریش بە جوانی واقیعەوە گرێ دەین ئەوا دەبێ هەر ئەو پێودانگە بەکار بێنین . لێرەوە توشی هەڵەیەکی گەورە دەبین چونکە هونەر ناتوانێ خۆی بە بەدی هێنانی هیچ کەڵکێك یا لەزەتێکی دیاری کراوەوە ببەستێتەوە . تینوێتی شکاندن و هەوای پاك هەڵمژین هونەر نیە . هونەر جۆرێکە لە زانینی زەین ڕوونی و کارێکی سروشتی نیە . دەشێ لەڕووی ڕەوشتی‌یەوە گوزارشت لە کارێکی باش یان خراپ بکات . بەڵام وێنە هونەری‌یە کە وەکو وێنە ، ناشێ ستایش یان زەمب بکرێت ... خۆ ئەگەر بتوانین بڵێین : چوارگۆشە ڕەوشتی باش دەردەبڕێت و سێ گۆشە ڕەوشتی خراپ دەردەبڕێت ئەوا ئەو ساتە دەشتوانین کە حوکم بەسەر (فرنشیسکا)ی (دانتی)دا بدەین و بڵێین بە پێچەوانەی ڕەوشتەوە ڕەفتار دەکات یان بڵێین (کوردالیبا)ی شکسپیر بەتەنگ ڕەوشتەوە دێت . بەڵام ئەمانە وەك نۆتەی مۆسیقی وەهان و لەئەرکی هونەری بەولاوە نیانە وە تا ئێستا هیچ یاسایەك دەرنەچووە کە حوکمی خنکاندن یان حەپس کردن بەسەر وێنەی هونەریدا بدات .

کرۆچی زانینی زەین‌ڕوونی وێناندکاری (conceptual) یا چەمك دروست کردن جیادەکاتەوە . لێرەوە جیاوازی لە نێوان هونەر و فەلسەفەدا دەکات .. فەلسەفە بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی‌یە لەگوتە گەردوونی‌یەکانی بوون . وە مەبەستی ئەوەیە واقیع وەکو خۆی نیشان بدات بەڵام زەین ڕوونی هونەریی ئامانجەکەی پێشکەش کردنی وێنەیەکی ئایدیالی‌یە ، بەبێ جیاوازی کردن لە نێوانی واقیع و نا واقیعدا ، ئێمە بۆمان نیە پرس و جۆ لەگەڵ هونەرمەند بکەین داخۆ ئەوەی دەریدەبڕێ لەڕووی مێژوویی‌یەوە

یان لە گۆشەی بوونو میتافیزیکەوە ڕاستە یان درۆیە هەروەها هونەر ئەوەی مەبەست نیە وەکوو زانستەکانی ماتماتیکی ڕووتکاریو بنیاتی فۆرمی دابنێت ، .... چونکە هونەر بەبێ وێنەی خەیاڵی ناژێت . بەکورتی جیاوازییەکی گەورە لە نێوانی زەین ڕوونی هونەریو زانیاری پراتیکیدا هەیە . چونکە هونەر پشت بە زەین ڕوونی دەبەستێ کە خوو دەداتە جیهانی بینراو و ڕواڵەتەکان (phenomena) بەلام زانینی پراتیکی پشت بە وێناندنی کرداری ی دەبەستێ کە خوو دەداتە حەقیقەت(nomena) تێکەڵ کردنی ئەم دووانە بنەڕەتی ئەو هەڵەیە کە ئیستاتیکا تێی کەوتووە .

## هونەرو سۆز

بەلای کرۆچێوە بەرهەم هێنانی تەواوی کاری ئیستاتیکی بە چوار قۆناغدا بەم جۆرەی خوارەوە ، تێپەڕ دەبێت :

١ ـ ئیمپرێشنەکان (impressions)

٢ ـ دەربڕین یا پێک هێنانی ئیستاتیکی دەروونی .

٣ ـ خۆشی هیدۆنی یا ئیستاتیکی .

٤ ـ گۆڕینی حەقیقەتە ئیستاتیکی یەکە بۆ دیاردەیەکی سروشتی (دەنگ ، ئاواز ، بزوتنەوە ، پێک هێنانەکانی ڕەنگی و دیمەنی ی ... هتد بڕبڕەی پشتی هەرچوار قۆناغەکە : قۆناغی دووەمە : واتە دەربڕین و پێک هێنانی ئیستاتیکیو دەروونی . وە پلەی نزمترینیان هی چوارەمە : واتە دەربڕینی سروشتی .

کرۆچی کە هونەر بە زانینێکی زەین ڕوونی یا دەربڕین دادەنێ مەبەستی ئەوە نیە کە دیاردەی جوانی تەنها ڕووداوێکی دەروونیو دیاردەیەکی ویژدانی یە ، بەڵکو لە پێش هەموو شتێکدا دیمەنو فۆرمە ... بەلام ئەو شتەی کە یەک گرتوویی و یەکێتی بە زەین ڕوونی دەدات عاتیفەو سۆزە ، زەین ڕوونی ئەو ساتە



هەواڵنامەی کتێب

دەبێتە زەین ڕوونیەك لە قووڵایی ویژدانەوە هەڵدەقوڵێت ...
وە بەهۆی ڕەمز لە هونەردا دەتوانێت ئەو (ناسكییە هەواییەیە)
بەدەست بێنێت کە هەیەتی بۆیە کرۆچی خاسیەتێکی دراماتیکی بە
هونەر دەدات وە دەری دەبڕێت کە هونەر مەلحەمەی سۆزو
دراماکەیەتی • سۆز لەزەین ڕوونی جیاناکرێتەوە • وەمادام سۆز
و عاتیفە بەهێزن ئەوادەبێ بنیاتێکی ڕەنگینی بۆخۆیان بدۆزنەوە
جیاوازی زۆرە لەنێوان کەسێك خەمو خەفەتەکەی بە فرمێسك
دەربڕێو کەسێکی تر دانیشێ گۆرانیەك بنووسێ یان پارچە
سیمفۆنیەك دابنێ ، بۆ ئەوەی ئەم خەمو خەفەتە دەربڕێ ....
حاڵەتی یەکەمیان دەربڕینی سروشتی‌یە • بەڵام هی دووەمیان
دەربڕینی دەروونی‌یە ـ کە تێیدا سۆز وێنەیەکی هونەری بۆ
بەرجەستەکردنی خۆی : بەدەست هێناوە ... هەندێ کەس دەڵێن
هەموو جۆرە هونەرەکان جۆرێکن لە مۆسیقا بەلای کرۆچییەوە ،
ڕاسترە کە بڵێین : هەموو هونەرەکان جۆرێکن لە مۆسیقا ، بە
مەرجێ وێنە هونەریەکان لەعاتیفەو سۆزەوە سەریان هەڵ دابێتو
ئەو وێنانە دوورخەینەوە کە بەشێوەیەکی میکانیکی پەتی دروست
بوونیان کەوتۆتە ژێرباری قورسی ڕیالیزمەوە •

کرۆچی لاری لەوە نیە لەگەڵ فەیلەسوفێکی دیدا بڵێت :
هەموو وێنەیەك حاڵەتێکی دەروونی‌یە • بەڵام نەك لەبەر ئەوەی
وێنەکە وێنەیە (واتە دیاردەیەکی سروشتی‌یە) بەڵکو چونکە ئەو
وێنە سەر بە هونەرە ـ واتە دیاردەیەکی ڕۆحی‌یە ـ بەکورتی
هونەر لای کرۆچی زەین ڕوونی‌یەکی لیریکی‌یە بینیاریو سۆزو
زانینی نواندنیو نەوەی ویژدانی دەگرێتە خۆی •

## هەموومان شاعیرین : ئەفسانەی عەبقەریەت

بەم چەشنە حاڵی بووین هەموو چالاکی هونەری لای کرۆچی
لە دەربڕینی ئیمپرێشینەکاندا کۆ دەبێتەوە ، ئەم کارەش

دیاردەیەکی ئاسایی‌یەو هەموو کەسێك چ هونەرمەند و چ خەڵکی تر پراوەی دەکات ــ جیاوازی‌یەکە تەنها لە پلەدایە (degree) نەك لەچەشندا (quality) بەڵام گــۆڕینی ئەم جیاوازی‌یە لە لایەنی چــەندێتی‌یەوە بــۆ لایەنی چۆنێتی ، بــۆتە هــۆی ئەوەی ئەفسانەی بلیمەتی عەبقەریەت ــ دروســت بێت ئەوەی ڕاستی بێت وەك کرۆچێ دەڵێت : ئێمە هەموومان شاعیرین :مادام هونەر زەین ڕوونی‌یە ، زەین ڕوونیش : دەربڕینە : دەربڕینیش : زمانە وە زمانیش بەماتا فراوانەکەی : شیعرە • کرۆچێ شیعرو زمان بە یەکەوە گرێ دەدات ، مــادام مرۆڤ هەمــوو دەمێ گوزارشــت لە ئیمپرێشن‌و سۆزەکانی بەقسە دەکات ئەوە ماناى وایە هەموو دەمێ (قسەی شیعر دەکات) نزیك خســتنەوەی نێوانی شــاعیرو مرۆڤی ئاسایی هیچ کــەم کردنەوەیەك لەنرخی شــیعر ناگەیەنێت • خۆ ئەگەر شــیعر زمانێکی تایبــەتی بایە ، یــان وەك دەڵێیــن زمانی خواکان بوایە ، ئەوا مرۆڤ لەبارێنیدا نەدەبوو تێی بگات• •خەڵك هەست بەمە بکەن یان نەکەن ــ شــیعر دەڵێن ، ئەگینا شــیعر ئەم کارە گەورەی نەدەکردە سەر دەروونی هەموان • کرۆچێ لەمەش زیاتر دەڕواو دەڵێ : شیعر زمانی ڕەســەنی توخمی ئادەمیزادە ، چونکە شیعر دەربڕی عاتیفەیە لە کاتێکدا پەخشان زمانی عەقڵە • بە واتایەکی دی ، دەربڕین یەکەم شــێوەیە لە شێوەکانی چالاکی ئادەمیزاد وە زمانە کە لە سەرەتاوە وای لە ئادەمیــزاد کردووە لە قۆناغی هەستداری حەیوانی‌یەوە بچێتە قۆناغی چالاکی ئینسانی•

مادام شیعر زمانی عاتیفەیــە وە مادام ئێمە هەموو لە قســە کردنماندا ئەو زمانە بەکار دەهێنین ئەوا هەمووومان زۆریان کەم شاعیرو هــونەرمەندین • وە هەر لێــرەوە کرۆچێ ئیســتاتیکاو زمــانەوانی (linguistics) ، یاخــود فەلســەی هــونەرو فەلســەفەی زمان ، بەیــەك شــت دادەنێ چــونکی هەردووکیان

هەواڵنامەی کێبر

دەگەڕێنەوە بۆ زانستی دەربڕین ٠

## هونەرمەندو خەڵك ٠

ئایا هونەرمەند هیچ پەیامێك بە خەڵك دەگەیەنێت ؟

کرۆچێ لایوایە کاتێ هونەرمەند هەستو ئیمپرێشنەکانی دەردەبڕێو ڕوخسارێکی تایبەتییان دەداتێ، ئەوا لەو ئیمپرێشنانە ڕزگار دەبێو لە ـ خۆیی ـیان جیا دەکاتەوە ، بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەك بێت لە سەرووی ئەوانەوە بوەستێت ٠

ئەگەر هونەر ئەرکێکی ئازادکەرانە یان پاکژکەرانەی هەبێت ئەو لەبەر ئەوەیە کە چالاکیی ئیجابی هونەرمەند بۆ دەربازبوون لە سۆزو ئیمپرێشنەکانی دەنوێنێت ٠ ئەو هێمنییەی هونەرمەندە گەورەکان هەستی پێدەکەن ، لە زاڵبوونیاندا بەسەر ئاژاوەی ناوەوەو زەبتکردنی سۆزەکانیاندا پەیدا دەبێت ، بە جۆرێ کە کارەکانیان دەبنە بەدیارخەرێکی دەرەوەیی ئەو سەرکەوتنەی ناوەوەیان ٠

بە کورتی هونەرمەند ئەم کارە بۆخۆی دەکات نەك بۆ خەڵکی دی ٠ لێرەوە ڕوخساری تاكڕەوی فەلسەفەی کرۆچێ دەردەکەوێ لەم لایەنەوە هونەرمەندو کۆمەڵ جیادەکاتەوەو چالاکییە هونەرییەکەی دەکات بە دەربڕینی حاڵەتی دەروونیی تاکیی یان زەینڕونییەکی خۆیی پەتی ، لەبەر ئەوەیە کە هەر کارێکی هونەری ڕەسەن دەبێ دەربڕینێکی تاکیی تیابێت ٠ ئەمەیە کە هەموو کارەکانی هونەری یەك دەخاتو ، وایان لێدەکات ڕیز کردنیان بەپێی توخمو چەشن ، شتێکی نەگونجاوو نادروست بێت ٠

کاری هونەری گیانلەبەرێکی زیندووی تاکە، یاسای تایبەتی خۆی لە ناوەوەیدا هەڵگرتووەو بە هیچ جۆرێ ناتوانرێ لەگەڵ کارێکی دیکەدا ئاڵشت بکرێ ، یان لە لیستەی چەشنێکدا تۆمار بکرێت ٠

بەلاٚم کرۆچێ تەنها گرنگی ناخاتە سەر لایەنی خۆیی چالاکی هونەری بەڵکو بڕیار دەدا لەو کارە هونەریانەڕا جۆرە گەیاندنێك (Communication) لەنێوان خەڵكو هونەرمەنداندا دێتە دی ، ڕاستە هونەرمەند کاری تەکــردووەو نەخرۆشاوە لە پێناوی ئەو وێنە هونەریــەدا نەبێت کە بە شێوەیەکی لیریــکی دەربیڕیوەو لە ڕێگای ئەو دەربڕینەوە لــە پەشۆکاوی‌و tensions خــرۆشی خۆی ئازاد بووە• بەلاٚم ئاشکرایە ئەو وێنەیەی هونەرمەند بەسەرکەوتن لە داهێنانیا شــاد بووە ، خەڵکی تریش بە بینینی شــاد دەبن ••• هەروەکو خرۆشــەکانی هونەرمەند بووبنە خرۆشی ئــەوان یان شادی داهێنانەکە گۆڕابێ بەشادی چەشەکردن !•• ئێمە کە کاری هونەرمەند تێدەگــەین‌و چەشەی لێ‌وەردەگرین لەبــەر ئەوەیە کە یەکێتییەکی بنەڕەتی هەست‌و تەست هەیە کە هەموو ئادەمیزاد بە یەکەوە کۆدەکاتەوە بەجۆرێ کە خرۆشی کەسانی‌تر دەبنە خرۆشی ئێمە ، هــەر وەکو چۆن ژیــانی تاکیی ئێمە گونجــاوە ، چونکە پەیوەندییەکی هەموو دەمیمان بە ڕابوردوومانەوە هەیە ، ئەوا ژیانی‌کۆمەلاٚیەتیش گونجاوە چونکە پەیوەندییەکی هەمووددەمیمان بە کەسانی دیــکەوە هەیــە ••• ئێمــە تــام‌و لــەزەت لــە کاری هونەرمەندێکی گەورە دەکەین چونکە دەتوانین خەیالاٚتی لێچووی ئەو خەیالاٚنەی بە مێشکی هونەرمەندا تێپەڕبوون بێنینەوە یادمان، ئەگینا گەر وا نەبوایە ، هونەر مێژوویی نەدەبوو • نەدەشیا باس لە میراتی هونــەرییەوە بــکەین ، گــەرچی زۆرجــار قورسایی‌و زەحمەتمان لە تێگەیشتنی هونەری گەلانی‌تر یا پێشینان تووش دێت ، بەلاٚم پەرەسەندنی ئەتنۆگرافیا (Ethnography) زامــــنی سەرکەوتنە بەسەر ئەم قۆناغــەدا ••• لێرەوە کــرۆچێ ڕوونی دەکاتەوە کە ئێمە پەیوەندییەکی هەموو دەمیمان بە براکانمانەوە لەمرۆڤایەتی‌دا ـ لەکۆن‌و ئێستادا ـ هەیە• گەرچی هەندێ کەڕەتیش

هەندێکمان خراپ لەوانی ترمان حاڵی دەبین یان حوکمی ناداد بە سەر ئەوانی تردا ئەدەین • بەڵام دەبێ بزانین ئێمە هەرچی یەك لە تێوانمانندا هەبێت هەرگیز پەنا نابەینە بەر مۆنۆلۆگ[1] (monologue) بەڵکو هەمیشە لەدایەلۆگ[2] diulogue) داین • لێرەوە کرۆچێ دەگاتە ئەو ڕاستی یەی کە هونەر ڕوخسارێکی مێژوویی هەیە بەتایبەتی هەر گۆڕانێك لەهەڵوێستی ڕۆحی ئادەمیزادا ڕوودەدات بە پێداویستی لەچالاکی هونەری ئەو سەردەمەدا ڕەنگ دەداتەوە بەڵام ڕەوتی تاکی فەیلەسوف لە حوکم دان بەسەرکاری هونەری‌دا ڕێی ئەوەی لێ گرت کە خاسیەتی کۆمەڵایەتی‌و مێژوویی چالاکی هونەری تێ بگات ، هونەر لای ئەو بەدیاردەیەکی مونادی (monadistic) مایەوە وە هونەرمەندیش تەنها لێ‌خوردبۆوەیەکی پەتی یە، •

## پێشکەوتنی هونەری

هونەر سەرەتایە ••• چونکە هیچ شتێکی کەی لەپێشەوە نیە بەڵام قۆناغەکانی زانیین پشت بەو دەبەستن • زانست چالاکی یەکی بەردەوامەو پێشکەوتنی تیایە • هەروەها زانست ڕوخسارێکی هونەری هەیەو بریتی‌یە لەکارێکی هونەری کە ئادەمیزادان هەموویان لەدروست کردنیا بەشدارن • بەڵام هیچ پێشکەوتنێکی ئیستاتیکی لە مێژووی هونەری‌دا نیە هەر کارێکی هونەری لە خۆیدا نوێنەری جوغزێکی تایبەتی یەو گیروگرفتی تایبەتی خۆی هەیە هونەر (زەین‌ڕوونی‌یە) زەین ڕوونی تاکێتی‌یە : تاکێتیش دووبارە نابێتەوە گەرچی زیادبوونی زانیاری هونەری‌و

(١) مۆنۆلۆگ [قسەکردن لەگەڵ خۆدا ـ قسەکردن لەناو مێشکا دوور لەخەڵکی تر] •
(٢) دایەلۆگ • [گفت‌وگۆو قسەکردن لەگەڵ کەسانی تردا]•
(٣) مۆنادی : تاكڕەوی •

کۆبوونەوەی ئاساری هونەری نەوە دوای نەوە ، بۆتە هۆی زیاد کردنی هوشیاری ئیستاتیکیمان لەسەردەمی نوێدا • بەهەرحاڵ هەرسەدەو سەردەمێك هونەرو زانستو دینو ئابووریو ڕەوشتیاری خۆی هەبووە ؛ بەجۆرێ کە ناتوانین باسی سەدەی خەیاڵی یائاینی یائایدیایی بکەین بەبێ ئەوەی ئەو یەکێتییەی ئەو جیاوازییانە کۆدەکاتەوە دەرك پێ بکەین • لە نێوان هەموو جیاوازێکانی هونەرمەندو فەیلەسوفو مێژوووناسو ••• هتد هوشیارییەکی ئینسانی یەکگرتوو هەیە کە زیاد دەکاتو پەرە دەسێنێتو جۆرێك لە پێشکەوتنی مێژوویی دروست دەکات • لە هەر کاتێکیشدا پێشکەوتنێکی ڕۆحیو عەقڵیشەو هیچ سەردەمێك نیە کە بتوانێ بەبێ فەلسەفەو هونەر بژی •

## یەکێتی ئاری هونەری

بەلای کرۆچێوە هەموو دەربڕینێکی هونەری خۆی لە خۆیدا کامڵو تەواوە ••• واتە هەر کارێکی هونەری دەبێ یەکێتییەکی هەبێت ، یان وەك دەگوترێ ، بوونی یەکێتی لە جۆراوجۆریدا (unity in variety) چونکە هەموو دەربڕینێك پێکەوەنانی شتە جیاوازەکانو کۆکردنەوەی زۆرە لەیەك شتدا • بەلای کرۆچییەوە دەربڕین شتێ نیە کە بۆ تەئسیراتی هەستیو دەروونی زیادبکرێت بەڵکو ئەو تەئسیراتانە خۆیان بەهۆی دەربڕینەوە دادەڕێژدرێن • کەواتە هونەر پێکهاتنێکی ئیستاتیکی سەرەتاییە بەو مانایەی پێکهاتووە ، لەسۆزو وێنە کرۆچێ گوزارشتێکی زانراوی کانت وەردەگرێو دەڵێ : (سۆز بێ وێنە کوێرە ، وێنەش بەبێ سۆز بۆشە) ، بە واتایەکی تر ڕۆحی هونەری وێنە بەجیاو سۆز بە جیا دانانێت بەڵکو هەردووکیان لە یەکێتییەکی هونەری ڕێكوپێك کراودا تێکەڵ دەکات پێی دەگوترێت (کاری هونەری) • لێرەوە دەشێ بڵێین : هونەر ناوەرۆکە یا هونەر وێنەیە ، مادام کاری

هونەری ئەوە بەدەستەوە دەدات کە ناوەرۆك وێنەی وەرگرتووە یان وێنە بە ناوەرۆك پڕبووە ·

کەواتە هەر کارێکی هونەری خۆی لەخۆیدا کامڵو تەواوەو ئەگەر شتێکی لێ کەم یا زیادکەین ، ئەوا یا کارەکە دەشێوێو تێك دەچێت یان کارێکی تری نوێی لێ فەراهەم دەبێت · مادام کاری هونەری زەینڕوونییەو تاکێتی کەسی هونەرمەند دەنوێنێو ئەو کەسایەتییەی ناشێ جارێکی تر دووبارە بێتەوە ، ئەوا ناشێ هونەرمەند کاری هونەرمەندێکی تر بگرێتە ئەستۆی خۆیو هەوڵدا دەسکاری بکات بە نیازی چاككردنی ، تەنانەت دەتوانین بڵێین کە هونەرمەند خۆیشی ناتوانێ دەستکاری کارێکی هونەری خۆی بکات کە لەپێشتر بەرهەمی هێنابێ، چونکە ئەوسا دووکاری هونەریمان بۆ دێتە کایەوە نەك یەك کار ··· لەبەرئەوەی هەر تاکە کەسێ تەنانەت هەر لەحزەیەك لە ژیانی دەروونی تاکە کەسیدا ، جیهانی هونەری تایبەتی خۆی هەیە · هەر بەم پێودانگەش ناتوانین تەرجەمەی کاری هونەری بکەین چونکە تەرجەمەکردنی مانای هەڵوەشاندنەوەو داڕشتنییەتی لە قاڵبێکی تردا ، ئێمە کارە تەرجەمەکراوەکە دەبێ بە کارێکی تازەو جیا لە کارە ئەسڵییەکە تێبگەین ، چونکی هیچ پەیوەندییەکی بە دووەمەوە نامێنێت ، مەگەر بابەتەکە نەبێت کە ناشێ ئەویش لە بەشەکانی دیکە جیا بکەینەوە ·

هەروەها ناشێ بەراوردو پەسندکاری لە نێوان کارێکی هونەریو کارێکی دیکەدا بکەین ··· چونکی هەر کارێکی هونەری خۆی لەخۆیدا تەواوەو خاسیەتی موتلەقی بەدەست هێناوە ···· ئەوەیکە بۆمان هەیە لەملایەنەوە بیکەین تەنها ئەوەیە کەڕەوڕەوە پێشکەوتووەکانی (progressive cycles) مێژووی بەرهەم هێنانی

ئیستاتیکی نیشـــان بدەین هەر جوغزە گیروگرفتی تایبـــەتی خۆی چارەسەر دەکـــاتو ، سەبارەت بـــەو گیروگرفتە بـــەرەو کاملیو پێگەیشتن دەچێ ، لەکاتێکدا زیاتر لەیەك نووسەر باسی بابەتێکی دیاریکراو دەکـــەن ، بەبێ ئـــەوەی بتوانن فۆرمێـــکی گونجاوی بدەنێ ، لەگەڵ ئەوەشدا لەو فۆرمە نزیك دەبنەوە ، ئەوا دەتوانین بلێین کـــە پێشکەوتنێك لەو کارانەدا هەیەو کاتێ ئـــەو نووسەرە دەردەکەوێ کە فۆرمی دروستو دیاریکراوی خـــۆی بە بابەتەکە دەدات ، ئەوسا دەتوانین بلێین جوغزەکە تەواو بووەو پێشکەوتن کۆتایی هاتووە ٠

دیسانەوە ناتـــوانین بـــەراورد بـــکەین لەنێـــوان دوو کاری هونەریداو یەکێکیان زیاتر پەسند بکەین لەسەر بناغەی مێژوویی ٠٠٠ کرداری مێژوویی بەهیچ جۆرێ خۆی لەهەڵسەنگاندنی ئێمە بۆ کارەکانی هونـــەری ناگەیەنێ هەر وەکو چـــۆن کارکردەکانی توخمو بـــاوەڕو شوێنگە دەخلێکیـــان بەسەر ئەمەوە نیـــە ٠ کۆنی سەردەمی هۆمیرۆس بۆ نموونە هیچ پێوەندییەکی بە گەورەییو مەزنی هۆمیرۆسەوە وەکو نووســـەری گەورەترین دوو مەلحەمەی مێژوویی ئەدەبییەوە نیە ٠٠٠ هەروەهـــا ناشێ کاری هونەری بە پێوانەو تـــرازووی واقیع هەڵسەنگێنین ، ڕاستە واقیـــع یا ژیان چاوگەی کاری هونەرییە بەڵام کاری هونەری واقیع یان ژیان نیە ٠ ئێمە کـــە دەڵێـــین دراما باسی ژیـــان دەگێـــڕێتەوە مەبەســـتمان گێڕانەوەیەکی کتومتو پیت بەپیت بە هەموو وردو مەزنێکییەوە نیە ، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە دراما کەرەستەی لە واقیعەوە هەڵدێنجێت دوای ئەوەی بۆ پێداویستەکانی هونەری ڕایدەهێنێت ئەم ڕاهێنانەیە کە گرنگی سەربەخۆیی بە هونەر دەدات بە جۆرێ کە ناتوانین تەنانـــەت کەرەستەکەش بـــۆ واقیعێـــکی دیاریکراو بگێڕینەوە ٠٠٠ ئەگەر بۆ نموونە (ئۆدیب) وەربگرین ئەوا بایەخ

هەواڵنامەی کتێب

دانی ئێمه بەم کارە چ پەیوەندییەکی بەوەوەنیە داخۆ ڕووداوەکان لە مێژووی گریکدا بەڕاستی ڕوویانداوە یان نا ، ئەم پرسیارە بە هیچ جـۆرێ لەکاتی خوێندنەوەی ئۆدیبدا خۆی ناخاتـە بەردەم خوێندەوار •

لە دوایشدا کرۆچێ دژی ئەوە دەوەستێ کارەکانی هونەری بە هیچ یاساو دەستورێکەوە ببەسترێنەوە یان بە پێی جۆرو چەشن ڕیزبکرێن ، بەلای کرۆچییەوە شتێ نیە کە پێی بگوترێ کۆمیدی یا تراژیدی یا مەلحەمە یا شیعری لیریکی ••• چونکە ئەگەر ئێمە بیر لەو چەشنانە بکەینەوەو بەپێی یاسای تایبەتی بەو چەشنانەوە کارەکە حوکمدەین، ئەوا کارە هونەریەکە خۆیفەرامۆش دەکەین و لەبیری دەبەینەوە •

## سەرچاوەکان دەربارەی (کرۆچی) :


١ ـ د• زکریا ابراهیم • فلسفة الفن في الفکر المعاصر •
٢ ـ عبدالعزیز حمودة • علم الجمال والنقد الحدیث •
٣ ـ د• امیرة حلمی مطر • في فلسفة الجمال من افلاطون الی سارتر •
4—Will Durant The Story of Philosophy. 1943 U. S. A. PP. 354 - 357.
5 — A short History of Literary criticism.


هەواڵنامەی کتێب

## بەندی دووەم

## جوانیو هونەر

## گەڕان بە شوێن پێناسەدا

بەشی یەکەم :

١ ـ جوانیخوازی (هەستی ئیستاتیکی)
٢ ـ ئایدیای جوانی ، جوانی لە سروشتدا
٣ ـ پەیوەندی ئیستاتیکی
٤ ـ هەستی ئیستاتیکیو کار
٥ ـ خۆشی ئیستاتیکیو چەشنی کار

هەواڵنامەی کیلر

بەشی دووەم :

١ ـ هونەرو کار
٢ ـ بیروڕای هربرت رید ـ تیئۆری گاڵتەو یاری ـ تیئۆری پەرەسەندنی داروین ـ تیئۆری سیحر
٣ ـ کاری هەرەوەزیو هونەر

بەشی سێیەم :

١ ـ هونەرو ئاین
٢ ـ هونەرو نەسری

بەشی چوارەم :

خاسیەتە تایبەتییەکانی هونەر :

١ ـ هونەرو سنعەت
٢ ـ هونەرو زانین
٣ ـ هونەرو فەلسەفە

هەوالنامەی کتێب

# جوانی‌خوازی یا هەستی ئیستاتیکی

حەزدەکەین گوێ لە گۆرانییەکی خۆش بگرین ؟
حەزدەکەین کتێبێکی شیعر بکڕین‌و بیخوێنینەوە ٠
حەزدەکەین لە بێستان‌و کەنارو ڕووبارەکاندا گەشت‌وگوزار بکەین ٠
حەزدەکەین گوڵێکی جوان لێ بکەینەوەو بەدەستیەوە بگرین ٠
سەدەها نموونەی دی ٠

ئەو پاڵنەرە یان ئەو هێزەی بۆ ئەو جۆرە پراوانە ڕامان دەکێشێت ، پێی دەگوترێ جوانی خوازی، یان هەستی ئیستاتیکی ٠ مرۆڤ هەر لە چاخەکانی بەر لە مێژووەوە ئەم هەستەی هەبووەو تامەزرۆی جوانی بووە ٠ هونەر لەوساتەوە لەدایك بووە کە ئادەمیزاد هێشتا لە هەوەڵین لانکەی بوونی ئینسانیدا بووە ٠ خۆ ئەگەر لەژیانی ئادەمیزادی بەر لەمێژوو وردبینەوە دەبینین لەگەڵ ئەوەشدا ڕوخسارێکی دڕندانەو ڕەق‌و زبرو پڕ لە توندوتیژی هەبووە ، دەبینین کاری هونەری ئەوتۆی تیا بەدیهاتوون کە شایانی سەرسام کردنن ٠٠٠ ناچارین کە بیر لەوە بکەینەوە ئەم داهێنانانە (گوزارشت‌کردنن لە جۆرە پێداویستی‌و ئاتاجێك جا هەرچییەك بێ ٠٠٠ یان وەڵامن بۆ بانگەوازێکی خاوەن تین‌و هێزو شێلگیریەکی زۆر گەورە)(١) ٠

دەسا هەستی ئیستاتیکی چیە ؟ چۆن پەیدا بووە ؟ ئەم بانگەوازە گەرمە چیە کە لە دەروونی مرۆڤەوە دەرچووەو هونەر وەڵامی داوەتەوە ؟

شاعیر بۆ شیعر دادەنێ ؟ تۆ بۆ بە خوێندنەوەی شیعرەکە شاد دەبیت ؟

---

(١) الجمالية عبر العصور ـ ل٣٠ ٠

## ئایدیای جوانی

دەربارەی ئایدیای جوانی دوو جۆرە هەڵوێستمان هەیە :

**یەکەم : هەڵوێستی بابەتی :**

کە ئایدیای جوانی دەگێڕێتەوە بۆ سروشت یا بۆ بیرێك لە سەرووی تێگەیشتنی مرۆڤەوە ، بە پێی بیروڕای خاوەنانی ئەم هەڵوێستە جوانی سیفەتێکی لکاو بە شتە (جوانەکانەوەیە)و تێیاندا چەسپ بووەو بڵاو بۆتەوە ، بەبێ گوێدانە بوونی عەقڵێك کە ئەم جوانییە دەرك پێ بکات ، یان چەشەی لێ وەربگرێت ، واتە جوانی بوونێکی بابەتی سەربەخۆیەو پەیوەندی بەو مێشکەوە نیە کە دەرکی پێ دەکات ، بەڵکو لە دەرەوەی مێشکدا بوونی خۆی دەسەلمێنێت ، بە جۆرێ کە شایانی دەسکاری کردن‌و گۆڕین نیە ، ئایدیالیستەکان‌و هەندێ لە ماتریالیستەکانیش لەم هەڵوێستەدا بەشدارن ـ ئایدیالیستەکان لەسەرووی هەموویانەوە ـ ئەفلاتون‌و هیگل ـ جوانی دەگێڕنەوە بۆ بوونێکی موتڵەق یا ئایدیایەکی موتڵەق کە لە سەرووی بیرکردنەوەی ئادەمیزادەوە دەوەستێت ، بەڵام ماتریالیستەکان جوانی وەك سیفەتێکی ماتریالی شتەکان‌و بابەتەکان لێك دەدەنەوە .

**دووەم : هەڵوێستی خۆیی :**

بە پێی ئەم هەڵوێستەش بڕیاردانی جوانی دەگەڕێتەوە بۆ عەقڵی ئادەمیزاد واتە جوانی خۆی بوونی نیە ، بەڵام لێکدانەوەی عەقڵی مرۆڤەکە ئەم خاسیەتە بەشتەکان دەدات ـ بڕوانە کانتیزم .

ئەوی ڕاستی بێت هەوڵدان بۆ گەیشتن بە (چییەتی جوانی) یا (هەستی ئیستاتیکی) هەوڵدانە بۆ لێکداتێکی سەرکەوتووی ئەم دوو هەڵوێستە ، کە هیچیان بە جیا ڕاست نین ، بە واتایەکی دی بۆ لێکدانەوەی جوانی پێویستە ئێمە سروشتی پەیوەندی ئیستاتیکی مرۆڤ لەگەڵ شتەکاندا تێ بگەین .

## جوانی لە سروشتدا

زۆر هەن باوەڕیان وایە کە زیندەوەرانی دیکەی جگە لە ئادەمیزادیش هەستی ئیستاتیکیان هەیەو جوانی تێدەگەن ۰ (اتیان سوریو) لە کاتێکا هونەری پلاستیکی بە هونەرێکی یەدیارخەری بوونی ئینسانی دادەنێ ، تێبینیەکی خێرا دەردەبڕێو دەڵێ : ئێمە دەزانین کە هەندێ گیانلەبەر بە ئاشکرایی ئاتاجی جوانیان هەیە بە تایبەتی لەو دەمانەدا کە خەریکی زاوزێن ۰ هەروەها هەندێ گیانلەبەر هەندێ چالاکی پراتیکییان هەیە وەکو سەماکردنو بنیاتنانو گۆرانیگوتن ـ کە گومان لە پێناسەی هونەریان ناکرێ بەلام هیچ کام لەوگیان لەبەرانە توانستی وێنەکێشانیان هەتا بەشێوەی دەربڕینیش ـ نیە (۲) ئەگەرچی ئەم تێبینیە بۆیە پێشکەش دەکات هەتا ئەوە بسەلمێنێ کە هونەری پلاستیکی چالاکییەکی تایبەتی ئادەمیزادە ، بەلام هێشتا لەسەر ئەو ڕایەیە کە گیان لەبەرانیش ئاتاجی ئیستاتیکیو تەنانەت چالاکی هونەریشیان هەیە ۰۰۰ دیارە سوریۆ لەم بۆچوونەیدا کەوتۆتە ژێر کار تێکردنی داروینیستەکانەوە یان ڕایەکەی لەگەڵ هی ئەواندا یەکدەگرێتەوە ۰ داروین کە تیئۆری بایۆلۆژی دەربارەی جوانی هێنایە کایەوە لەو باوەڕادایە کە هەستی ئیستاتیکی لە سروشتی بایۆلۆژی گیان لەبەرەکاندا ڕەگی داکوتاوەو لە هەموو گیانلەبەراندا ئەم هەستە هەیە ۰ داروین باوەڕی وایە کە جوانی خوازی تایبەتی نیە بە ئادەمیزادەوە ۰۰۰ جۆرە دەنگو ڕەنگێك هەن کەخۆشی چ بەمرۆڤ چ بەگیانلەبەرانی دیکەش دەبەخشن ۰ کلامیدو ساریا ، (chlamydosauria) دەتوانێ

---

(۲) هەمان سەرچاوە ل ۳۱ ۰

تامی جوانی بکاو بۆی بچێ ••• جۆرە باڵندەیەکی مێ هەن زەوقیان بەڕەنگی درەخشانو شتی جوانو دەنگی خۆشی نێرەکان دێت لە (بنچینەی توخمەکاندا داروین ڕوونی دەکاتەوە (٣) چۆن هەر لە سەردەمە زووەکانەوە جوان لە سروشتدا هەبووەو ئەم جوانی‌یە بۆدابین کردنی هەستەکانی ئادەمیزاد ئافەریدە نەبووە• زۆر بابەتی جوانی بە ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ بەر لە بوونی ئادەمیزادا بەدەرکەوتوون•سروشت گوڵی بۆئەوە نەخوڵقاندوون تا دیمەنێکی جوان بەمرۆڤ ببەخشن • بەڵکو تا ئەو مێشو مەگەزانە ڕاکێشن کە بە یاریدەی ئەوان دەتوانن بەر بدەنو خۆیان بەرهەم بێننەوە • یان بە واتایەکی دیکە گوڵ بەر لە پەیدابوونی چاوی ئادەمیزاد لەسەر ڕووی زەوی پەیدا بوون ـ کەواتە سروشت بەرهەمەکانی لە پێناوی مرۆڤدا پێ ناگەیەنێت• بەڵکو لە پێش هەموو شتێکی کەدا بەتەنگ دروست کردنەوەو مانەوەو بەرهەم هێنانەوەی خۆیەتی • دروست بوونی ڕواڵەتو بابەتە جوانەکانی سروشت ئاکامی زۆران‌بازی بەردەوامی سروشتە لە پێناو مانەوەدا •

لەلایەکی ترەوە کۆمەڵێکی تر لە جوانی ناسان ـ بەتایبەتی ماتریالیستە میتافیزیکییەکان ـ سروشتی جوانی‌و چییەتییەکەی لە خاسیەتەکانی فیزیکی شتەکاندا وەکو نەرمی‌و هارمۆنی‌و ئیقاعو سیمیتری ••• هتد بەدی دەکەن (٤) • هەروەکوو جوانی سیفەتێکی ڕووت بێ‌و لەو شتانەدا خۆی مات دابێ • ئەم بیرانەی سەرەوە هەموویان گرنگی دەخەنە سەر بابەتی بوونی objectivity جوانی لەسروشتدا وە بەرپەرچ دانەوەیەکی ڕاستەوخۆی خاوەنانی هەڵوێستی خۆیی‌و بابەتی پەتییە

---

3. The Problems of Modern Aesthetics. P. 158.

(٤) الجمال في تفسيره الماركسي ل ٢٧٢ •

کە بەپێی ئەوان جوانی لە سروشتدا نیە ، بەڵکو مەودای جوانی یا ئایدیایەکی پیرۆزی موتلەق یا خۆیەتییەکی پەتییە • بەڵام هەڵەی ئاشکرای ئەم ڕایانە لەوەدایە کە بۆچوونێکی ناڕاستیان لە لێکدانەوەی جوانیدا گرتۆتەبەر •••• ئێمە گەر لەبەر تیشکی زانستا بۆ تیئۆری داروین بڕوانین ، دەتوانین ناڕاستی ڕایەکانی تێ بگەین • داروین خەبەرداری ئەو ڕاستییە نەبووە کە شان بە شانی یاساکانی سروشت یاسا کۆمەڵایەتییە مێژووییەکانیش Socio - historical laws • وەشان بەشانی هەستەکانی حەیوانی هەستی ئینسانی پەتییش هەیە •

تەنانەت داروین لەڕایەکانیا شێلگیرتر بەدەردەکەوێ کاتێ بڕیار ئەدات: (ئەگەر لەو ئارایشتە دزێوو مۆسیقا ناسازەوە حوکم بدەین کە زۆر لە مرۆڤە کێوییەکان خۆشیان پێ دێت ئەوا دەتوانین بڕیار بدەین کە بەهرەی ئیستاتیکییان aesthetic faculty ئەوەندە پەرەی نەسەندووە وەکوو لە هەندێ باڵندەدا پەرەی سەندووە)(٥)

دیارە ئەم قسەیە نە لەگەڵ سەرەتاکانی بۆ چوونی مێژوویی وە نە لەگەڵ تیئۆری پەرەسەندنی داروین خۆیدا ڕێك دەکەوێ •• خۆ ئەگەر داروین مۆسیقای سەدەی بەردینی بەلاوە ناساز یان ناخۆش بێت ئەوە لەبەر ئەوە نیە کە هەستی ئیستاتیکی مرۆڤی کۆن لەهی گیانداران دواکەوتووتر بووە • بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە هەستی ئیستاتیکی ئینسانی کۆن بەڕاستی وەك داروین دەڵێ پێش نەکەوتووەو پەرەی نەسەندووە لە کاتێکا گیانلەبەرانی دیکە ئەو هەستەیان هەر لەبنڕا نیە(٦) •

هەستی ئیستاتیکی وەك لەمەودوا ڕوونی دەکەینەوە هەستێکە تایبەتییە بە ئادەمیزادەوەو بەرهەمی پەرەسەندنی بایۆلۆژیو

5. The Problems of modern Aesthetics. p. 59.
6. Ibid. P. 160.

مێژوویی و کۆمەڵایەتی مرۆڤەو هەڵەی خاوەن هەڵوێستەکانی بابەتی لەوەدایە کە چەمکی جوانی لەچوارچێوە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکەی دادەبڕن ٠

گیانداران ناشێ هەستی ئیستاتیکییان هەبێت چونکە ئەوان ئەو هوشیارییەیان نیە کە جوانی دەرك پێ بکەن یان لەهونەر بگەن بەڵکو هەندێ پراوە بە پاڵنانی غەریزە دەکەن و لە بنەڕەتا پێویستییەکی سەرەکی بایولوژی ژیانیان بەجێ دەگەیەنن، نەك کارێکی هونەری ٠ کاری ئادەمیزاد جیاوازە لەوەدا کە کارێکی هۆشیارانەیەو مرۆڤ خواستی خۆی پێ دەهێنێتە دی ٠ لێرەوە ئادەمیزاد هەمیشە گۆڕان و ڕەنگاو ڕەنگی لەکارەکەیدا دەکات و پەرەی پێ دەستێنێت ٠

لەکاتێکا گیانلەبەرانی دیکە ناتوانن جگە لەو کردارە غەریزەییەی خۆیان هیچ گۆڕان و پێشکەوتنێك ئەنجام بدەن ٠٠٠

کانت دەڵێ : مێش هەنگوین کە شانەکانی دروست دەکات وا دەزانین کارێکی هونەری ئەنجام دەدات ، بەڵام ئەم کارە لە عەقڵ و خواستەوە دەرناچێت ، بەڵکو لە غەریزەوە ٠٠ بەرهەمی یەکسەری و ڕاستەوخۆیی سروشتەو لەدایك بووی هۆش و توانستی ئازادی ئادەمیزاد نیە ، بەڵام ئێمە کە سەرسامییەك لە مێشکماندا گەڵاڵە دەبێ و بەکارێکی هونەری هەڵدەسەنگێنین ، ئەوە لەبەر ئەوە نیە کە مێش هەنگوین خۆی ئەو هۆشیارییەی هەیە کارێکی هونەری بەدیهێناوە ، بەڵکو ئێمە خۆمان ، وەکو ئادەمیزاد ، کە توانستی هەڵسەنگاندنی هونەرو جوانیمان هەیە ، ئەم لێکدانەوە دەکەین لەکاتێکا گیانلەبەرانی دیکە هیچ کامێکیان توانستی تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی هونەریان نیە ٠

ئەو زانایانەی ئیستاتیك کە جوانی دەگێڕنەوە بۆ بابەتەکە یا شتەکە ، دیسانەوە کەوتوونەتە هەڵەی بۆ چوونەوە ٠ ئەوان

لەو سەرەتاگەیە هەنگاو هەڵدەگرن گوایە جوانی : شتە یا خاسیەتێکی فیزیکیی شتەکانە ••• وە جوانی لەیاساکانی بزوتنەوەی ماتریالی خۆیدا هەیە •• بەڵام گەڕان بۆ دۆزینەوەی جوانی لەخاسیەتی فیزیکی شتەکاندا هەروەکوو ئەوە وایە ئابووریزان بۆ دۆزیتەوەی نرخ لە سروشتو خاسیەتی فیزیکی شتەکاندا بگەڕێت •

لەکاتێکدا شتێکی ڕوونە کە (شتی بەنرخ) خۆی لە سروشتدا نیە بەڵکو پێداویستیو کارەکە ئەو کەڵکەیان دەداتێ(٧) •

ئەگەر جوانی سیفەتی شتەکان بوایە وەك هارمۆنی و سیمیتریو نەرمیی ••• هتد وە لە یاساکانی بزوتنەوەی ماتریال خۆیدا هەبوایە ئەوا دەبوو شتێکی شایانی پێوانو کێشان بێو زاناکانی فیزیك و ماتماتیك نەك جوانی ناسان و هونەرمەندان خەریکی دۆزینەوەی بن (٨) •

خاوەنانی هەڵوێستی خۆیی جوانییان لە مەودای بابەتییەوە بۆ مەودای خۆییو ـ موعاناتی کەسیی گواستەوە ••• ئەوەتا بەلای کانتەوە جوانی لەبیری ئادەمیزاد خۆی بەولاوە هیچ شتێکی دیکە نیە • لای (برجسون)یش زەینڕوونیو بەهرەی ئیستاتیکییە کە وا لە هونەرمەند دەکا جوانی لەشێوە هەوەڵییە بێگەردەکەیدا تێبگات• لەلای (سانتیانا)ش، بنەڕەتی هەستی ئیستاتیکی لەزەتە بۆ ئەوەی شتێك لەلایەنی ئیستاتیکییەوە بناسین دەبێ (بایەخێك) بۆ (حەقیقەتی شتەکە) زیاد کەین کە سەرچاوەکەی لەواقیعەوە هەڵنەگیرابێت ، بەڵکو لەزەتو خۆشی لەناو دەروونندا دروستی کردبێت ••• بۆ ئەوەی شتی جوان تێبگەیت دەبێ هەست بە

7. Croce. Aesthetics. Encyclopedia Britannica. 5th edition.

(٨) الجمال في تفسيره الماركسي ل ٢٧٥ •

لەزەتێکی پەتیو درووست بکەیت (٩) بەڵام بەستنەوەی جوانی بە موعاناتی ئیستاتیکییەوەو بەلەزەتەوە ـ وەکوو ئەنجامی دەرك پێ کردنێکی ڕاستەوخۆی بابەتەکە ئەو ڕاستییە فەرامۆش دەکات کە هەتاوەکو بەرزترین کاری هونەریش مەرج نیە لەلای هەموو کەس پەرچە کردارێکی خرۆشیی یا هەستیی ئیجابی بخولقێنێ (واتە خۆشی یان لەزەت بەرپابکات) بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕەنگە لای زۆر کەس پەرچە کردارێکی سەلبی (پێناخۆشحاڵی ، غەم پەشۆکان) دروست بکات ، وەلای کۆمەڵێکی دی هیچ خرۆشانێ دروست نەکات (واتە بە لاموبالاتەوە وەری بگرن) ئایا ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو تابلۆوکارە ئەدەبیانەی بەلاموبالاتێکەوە وەردەگیرێن هیچ جوانی یەکیان نیە ؟ مادام ناشێ وەڵامەکەمان بە (بەڵێ) بێ ئەوا دەبێ (لاموبالاتیەکە) خۆشی بەجۆرە هەڵسەنگاندنێکی جوانی دابنێین ٠

ڕاستە هەڵسەنگاندنی جوانی پەرچە کردارێکی هەستی یە ، بەڵام پەرچە کرداری هەستی تەنها (موعانات) نیە بەڵکو نەبوونی موعانات ، واتە فەرامۆش کردنیشە ٠ لێرەوە نەبوونی خرۆشانی هەستیی ئەوە دەرناخات کە ئێمە بەرامبەر شتێکی جوان نین و ، کە شتێکیشمان ناسی مانای ئەوە نیە کە ئێمە بەناچاری دەی چێژین وە خرۆشانی ئیستاتیکیمان لەلا بەرپا دەبێت ٠

لەزەت وەرگرتن لەجوانی تەنها زانینێکی هەستی نیە وەك (سانتیانا) بۆی چووە ، بەڵکو زانینی بایەخی ناوەوەی شتەکەو بەڵگەو نیشانەکانی جوانێتی بابەتەکەن ٠٠٠ ئەمەش بەهۆی ناسینی هەستی یەوە ئەنجام نادرێت (ئایا ناساندنی هونەر بەپێی

---

(٩) جورج سانتیانا ٠ الاحساس بالجمال ٠ ترجمة الدكتور محمد مصطفى بدوى ل ٨ ٠

ئەو لەزەتەوە کە لێی دەستگیر دەبێت وەکو ئەوە نیە کە خواردنێك بناسین بەپێی ئەو لەزەتەی لێیمان دەست دەکەوێت ، وەکو (تۆلستۆی) دەڵێ)(١٠) •

## پەیوەندی ئیستاتیکی

ئێمە ئەو قەناعەتەمان هەیە کە جوانی بوونێکی بابەتی هەیە• واتە جوانی لەسروشتو لەشتەکاندا هەیە ، بەڵام ئەو بوونە بابەتییە مەرجدارە •• واتە تەنها لە تێکەڵبوونیدا لەگەڵ هەستو نیازی دەروونی ئادەمیزاددا بەدەردەکەوێت ••• ئێستا مەسەلە گرنگەکە دارشتنی ئەو موعادەلەیەی نێوان خودو بابەت (الذات والموضوع)ە کە جوانی لێ دێتە بەرهەم •

بۆ ئەم مەبەستە دەگەڕێینەوە بۆ لێکدانەوەکەی جوانی ناسی سۆڤێتی [ف• د• کوندرانیکو] دەربارەی پەیوەندیداری جوانی(١١) کوندرانیکو لەشی کردنەوەکانیدا دەربارەی جوانو خاسیەتی شتەکان دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە (نەشتی جوانی سەربەخۆ هەیە، وە نە هەستپێکردنی جوانی تایبەتیش هەیە •••• هەموو شتو دیاردەیەکی دیاریکراو تەنانەت ئایدیاو هەستو نەستیشو موعاناتیش کە بەهۆی کرداری مەرجی ڕەنگدانەوەیی یەکەمو دووەمەوە) دەناسرێن دەتوانن پەیوەندی جوانی پەیداکەنو پەیدایدەکەن •• هیچ ناسینێکی جوانی پەتی نییە ••••وە هیچ ئامرازێکی تایبەتیش بۆ ئەم ناسینە نیە کە هەندێ کەس هەیانبێ هەندێ کەسی دی نا هەرچی ئادەمیزاد دەیزانێو دەرکی پێ دەکا بەهۆی حەواسو بیرکردنەوەوە دەیزانێت وە ئەو شتانەی

---

(١٠) فلسفة الفن في الفكر المعاصر ل٧٦ •

(١١) الجمال في تفسيره الماركسي ، ل٢١٠وە بەرەودوا •

دەیانزانێت لە ڕوانگەی پێداویستیو ئاتاجە کۆمەڵایەتیەکانیەوە هەڵیان دەسەنگێنێو نرخیان بـۆ دادەنێو پەیوەندیو هەڵوێستی ئەو لەگەڵ ئەو شتانەدا بەگوێـرەی ئەو پێداویسـتیو ئاتاجانە دەگۆڕێت • هیچ چالاکییەکی جوانی پەتی بوونی نیە ••• مرۆڤ هەمیشە بەشێوەیەکی پراتیکی داهێنانو هەڵسوکەوت دەکات وە دەتوانێ بەرهەمی کارو داهێنانەکانی لەهەر مەیدانێك لەمەیدانی چالاکییەکانیدا ــ لە زۆر ڕوانگەی جیاوازەوە ــ هەڵسەنگێندرێ• وە هەڵسەنگاندنو بەنرخ گرتن بنچینەو سەرەتاگەیەکی پێویستی هەر پەیوەندییەکی تاکەو لەوانە پەیوەندی ئیستاتیکی •

لەم ئاکامەی (کوندرانکۆ) ئەم شتانە تێدەگەین :ــ

١ ــ لەلایەنی بابەتییەوە هیچ شـتێکی تایبەتی نیـە کە لە خۆیەوە جوان بێت •

٢ ــ لەلایەنی خۆییەوە هیچ زانینێکی تایبەتی جوانی نیە • هیچ ئامرازێـکی تایبەتیش نیەوەکـو بەهرەیەکی هەسـتیی یا زەیـن ــ ڕوونی کە هەندێ کەس هەیانێو بتوانن جوانی پیدەرك بکەن •

٣ ــ هەر شـتێ ئادەمیـزاد لەڕێی هەسـتەکانیەوە دەرکی پێ بکات بۆی هەیە پەیوەندی جوانی لەلای درووست بکات •

٤ ــ جۆری ئەو پەیوەندیەو ڕادەی تەئسیرکردنی لەکەسێكو خولقاندنی هەستو نەستی جیا جیا لەلای بەستراوەتەوە بەڕادەی توانستی شتو بابەتـەکان لە دابینکردنی پێداویسـتیو ئاتاجە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کەسەی سەرنجیان لێدەدات •

٥ ــ حەز دەکەین خاڵێکی تـری پێویستیش بخەینە سەر ئەو چوار خاڵانەی سەرەوە کە لـە ئاکامەکەی کونـدرانیکۆ وەرمان گرتن : ئەویش ئاستی هوشیاریو ڕۆشنبیریو ڕادەی شارەزاییو تاقیکردنەوەکانی تایبەتی مرۆڤی تاکە ، بەتـایبەتی لەمەیدانی

هونەردا • چونکی هونەر لە پێش هەموو شتێکدا پێویستی بە ئاستێکی دیاریکراوی ڕۆشن بیری و شارەزایی هەیە بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی واتە ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر جۆری پەیوەندی ئیستاتیکی دیاری دەکات • ئینجا دوای ئەمە (کۆندرانیکۆ) بە شێوەیەکی هێمن و زیرەکانە موعادەلەکە حەل دەکات •••• واتە موعادەلەی پەیوەندی نێوان جوانی (وەکو خاسیەتێکی بابەتی) وە خود (وەکو حاڵەتێکی هوشیاری ئینسانی) کە ئەوی ڕاستی بێت ئەو شتەی پێی دەڵێین : جوان ، یان سیفەتەکە خۆی ، هیچ شتی نیە ئەم پەیوەندییە نەبێت •

کۆندرانیکۆ بەرهەڵستی ئەوە دەکات کە پەیوەندی جوانی وەکو دیاردەیەك دابنرێ ، شیاوی ئەوە بێت بۆ چەند بەشێك و ڕەگەزێك دابەش بکرێت •

چونکە بەو دابەشکردنە جوانی لەناودەچێت ، هەرچەندە ئێمە لەو ڕەگەزانە بکۆڵینەوە کە ئاویان لێ پێك دێت وەکو ئۆکسجین و هیدرۆجین ، ئەوا ناتوانین لەم ڕێگایەوە سیفات و خاسیەتەکانی ئاودەستنیشان بکەین و ، تێیان بگەین هەر بەو مەرەدەش ناتوانین چییەتی پەیوەندی ئیستاتیکی و خاسیەتەکانی بەهۆی لێکۆڵینەوەی ئەو ڕەگەزو بەشانەی پێکیدەهێنن ، بزانین • چونکە ئەم دیاردە پێك هاتووە دیاردەیەکی چەشنی ی نوێیەو کەسایەتی سەربەخۆی خۆی هەیە •

ئاو بە تەئسیری گەرمی دەبێ بەهەڵم • بەڵام ئاوەکە یا هەڵمەکە ، یا گەرمی هیچ کامیان (بەهەڵم بوون)ەکە نین ، بەهەڵم بوونەکە لەڕووی چەشنەوە quality دیاردەیەکی نوێیە ئەگەرچی ئەم پرۆسێسە بەهۆی لەش و دیاردەی ماتریالی یەوە ئەنجام دەدرێت ، بەڵام هیچ ماتریالیزمێکی دەست لێدراوی تێدا نیە وە گومانیشی لە بابەتی یەکەی ناکرێت •••• پەیوەندی

ئیستاتیکیش هەروەها بریتی یە لە پرۆسیسێك ، بەڵام پرۆسێسێکی فیزیکی ، یا بایولوژی نیە ، زۆر لەمانە بەگرێ و گۆڵ ترە .... پرۆسێسێکی کۆمەڵایەتی یە ، پرۆسێسی ئاوێتە بوونە لە نێوان هوشیاری مرۆڤ و هەستداری یەکەی وە لە نێوانی شتەکان و دیاردەکانی ئەو جیهانەی دەوری داوە . ئەم پرۆسێسەش هێندەی تۆزقاڵێکیش ، ماتریالیزمی بەردەستی ی تیا نیە گەرچی بە یاریدەی دیاردەی ماتریالی و بابەتی ، تەواو بابەتی ، ئەنجام دەدرێت .

کەواتە بابەتی بوونی پەیوەندی ئیستاتیکی ، وەکوو بابەتی بوونی هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ، لەوەدا نیە کە ماتریالی یە بەڵکو لە حەقیقەتی ئەرك و بوونی لەناو کۆمەڵدایە ......

پەیوەندی ئیستاتیکی وەکوو پەیوەندی یەکی کۆمەڵایەتی ــ گوتەیەکی خۆیی نیە ، بەڵکو گوتەیەکی بابەتی و دیاردەیەکی سەربەخۆیە ، جا چ هەست بە بوونی بکرێ یا نەکرێ . خۆ ئەگەر مرۆڤێك هەست بە بابەتێتی پەیوەندی ئیستاتیکی نەکات ، یان دانی پیادا نەنێت، ئەوە هەرگیز مانای ئەوە نیە کە ئەو کەسە لەژیانی ڕۆژانەیدا پەیوەندی یەکی ئیستاتیکی پراتیکی بە دیاردەکانی سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتی یەوە نیە . پەیوەندی ئیستاتیکی لە ڕووی مێژوویی یەوە دیاری کراوەو سنووری بۆ داندراوەو لە ڕووی بابەتی یەوە بەستراوەتەوە بە ئاستی گشتی ژیان و هوشیاری کۆمەڵایەتی یەوە .

کەواتە ئێمە نابێ بۆ دۆزینەوەی یاساکانی پەیوەندی ئیستاتیکی لە سیفاتی شتەکاندا بگەڕێین یا بەدوای ئامرازێکدا ــ ئامرازی زانین ــ بگەڕێین بۆ ناسینی ئەو سیفاتانەو هەڵسەنگاندنیان .... بەڵکو دەبێ لە ئاتاجەکانی مرۆڤ و لە پێداویستی یەکانی پەرەسەندنی پێشکەوتن ــ خوازانەی کۆمەڵدا

بەو یاسایانە بگەین •

لێرەوە تەنها ناسینی بابەتەکە لەلایەن تاکە کەسەوە پەیوەندی ئیستاتیکی یان ناسینی ئیستاتیکی دروست ناکات بەڵکو هەڵسەنگاندنی تاکە کەس بۆ بابەتەکەش بەشێکە لە پرۆسێسی ناسینە ئیستاتیکی یەکە • شتێکی بێ هودەیە باسی خاسیەتی کەڵکدارانەی بابەتیی لە شتەکاندا بکەین بەبێ بەستنەوەی ئەو خاسیەتانە بەو مرۆڤەی دەیان زانێ و هەڵیان دەسەنگێنێ •••هەر بەم چەشنەش زۆرکەس هەوڵیان داوە سیفاتی جوانی شتەکان بدۆزنەوە • وە زۆرکەس گرنگیان خستۆتە سەر بابەتێتی ئەو سیفاتانە بەبێ ئەوەی هیچ کەس بتوانێ بیان بینێت • لێرەوە پێداویستی بوونی (بەهرەیەکی تایبەتی) یان (هەستی ئیستاتیکی) هاتۆتەکایەوە •••• کە هەرکەسێ ئەو جۆرە بەهرەو هەستەی هەبێ ، دەتوانێ ئەم سیفەتانە درك پێ بکات • هەڵبەتا ئەو هەستە ئیستاتیکی یە لەبری پێداویستی هەڵسەنگاندنی بابەتەکە هێنراوەتە کایەوە • چونکە ناسین ـ ادراك ـ بێ لایەنە : ئەو تەنها جیاوازی یە جەوهەری یەکانی شتەکە فەرامۆش ناکات وە لێیان دوور ناکەوێتەوە ، بەڵکو جیاوازی تەئسیری خرۆشـ ـ دروستکەرانەی خاسیەتە زانراوەکانیش لەسەر کەسانی جیاواز فەرامۆش دەکات • بەلام هەڵسەنگاندن تەنها ناسین و دیاری کردنی بابەتەکە نیە ، بەڵکو خرۆشێکیشی لەگەلا دروست دەبێت کە لەگەڵ ئارەزوو و پێداویستییەکانی کەسە کەهاوگونجاوەو بەستراوەتەوە بەتاقی کردنەوەی هەستی ی کەسەکەوە ، وەکو خاوەن تاکێتی ـ یەکی جیاواز کە لە لای هیچ کەسی تر دووبارە نابێتەوە وە هەروەها بە ئایدیال و تەما بەرزەکانیەوە ••• لەبەر ئەوە ناسین ، وەکو بناغەیەك بۆ هەڵسەنگاندن دەست نادا • بناغەی هەڵسەنگاندن هەست پێ کردنە نەك ناسین •••

گیروگرفتەکەش لێرەدا ئەوەیە کە حەواسەکانمان شتەکان دەناسن‌و ، هەر لەو کاتەشدا هەستیشیان پێ دەکەن • لەبەر ئەوە ناچارین کە شتێ دەناسین ، هەڵیشی بسەنگێنین ئەگەرچی شتە ناسراوەکەش خۆی لە خۆیدا پێویستی بە لێکدانەوە هەیە ، نەك هەڵسەنگاندن • لەحاڵەتی ناسیندا ــ ادراك ــ تەنها خاسیەتی بابەتی شتەکان‌و دیاردەکانی واقیع لە ئەنجامی پەیوەندی‌و هاوتێکەڵییان لەگەڵ یەکتردا عەکس دەبنەوە ، بەڵام لەحاڵەتی هەست پێ‌کردندا ــ احساس ــ تەئسیری ئەو خاسیەتانە لەحەواسماندا عەکس دەبێتەوە لە ئەنجامی هاوتێکەڵی ئەو شتانەو دیاردانە لەگەڵ لەشماندا • ئێمە هەموو کاتێ دەتوانین ئەو شتانە بلێین کە دەرکیان پێ‌دەکەین ، بەڵام زۆرجار ناتوانین ئەو شتانە دەربڕین کە هەستیان پێ‌دەکەین • هەست‌کردن دەوڵەمەندترو بە گرێ‌و گۆڵترە لەدەرك پێ‌کردن ، دەوڵەمەندترە نەك تەنها لە لایەنی چەشنەوە بەڵکو لە لایەنی چەندێتییشەوە • ئێمە هەموو دەمێ ئەو شتانە دەرك ناکەین کە هەستیان پێ‌دەکەین ، بۆنموونە : ناتوانین بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شێدارێ یا گەرمی هەوا دەرك بکەین ••• بەڵام زۆرجار بە توندی هەست بە تەئسیری ئەم دیاردانە دەکەین • سەبارەت بە جوانی : ناسینێکی جوانی تایبەتی نیە ••• ناسین خۆی بناغەی زانینە نەك هەڵسەنگاندن • تەنها دوو ڕێگەش هەیە لە زانیندا : ڕێگەی زانستی‌و ڕێگەی هونەری ، هەردوو ڕێگەکە یارمەتی ئادەمیزاد دەدەن بۆ دەست‌گرتن بەسەر واقیعدا •• جیاوازی ئادەمیزاد لەگەڵ گیانلەبەرانی‌تردا ئەوەیە کە زانینی ئەو بەرامبەر بە واقیع بێ‌لایەن ناوەستێ • مرۆڤ هەمیشە ئەو شتانە هەڵدەسەنگێنێ کە دەیانناسێت ، ئەو هەڵسەنگاندنەش دۆزینەوەی جیاوازیی‌چەشنیی‌شتەکان نیە،(ئەوە داربەڕووە بەڵام ئەوە سنەوبەرە) کە بەهۆی (دەرك پێکردنەوە) بە

دیاردەکەوێ ، بەڵکو هەڵسەنگاندنی خاسیەتی تاکیی شتەکانە کاتێ لە ڕێـگای هەستکردنەوە ـ احساس ـ تەئسیرمان تێدەکـەن کە دەڵێین : ئاو ساردە ، ئەمەش هەستکردنە بەڵام (ئەم ئاوە ساردە وەك بەفراو) ئەوە هەڵسەنگاندنە• وێنەیەکی هەڵسەنگاندنە •ئەم حوکمانەش لـە ئەنجامی پەیوەنـدی زانینی مرۆڤ بـە جیهانەوە دروست دەبن •• ئـەو پەیوەندییـەی کە پێداویستی مـرۆڤ بۆ دۆزینەوەی ڕێبازی خۆی لەناو ئەو دیاردەو ڕواڵەتو شتە دیاری کراوە جۆربەجـۆرانەداو ، دیاریکـردنی هەڵوێـستی کاریگەری خۆی بەرامبەریان دروستی دەکات ••• هەڵسەنگاندنی ئیستاتیکی برێتییە لـە هەڵسـەنگاندنی ئیمکانیـاتی ڕۆحیو فیزیـکی وەکو بوویەکی سەر بە توخمێکی تایبەتی ••• پەیوەندی ئیستاتیکی کە هەر لەگەڵ بوونی ئادەمیزادەوە دروست بووە ، بەڵگەیەکی مەزنی هوشیاری ڕۆحی ئادەمیـزادە ، ئـەو ئادەمیزادەی کە لـە ڕێڕەوی زۆرانبازی سـەختیدا لەگەڵ سروشتدا هوشیارانە ئامـانجی خۆی دیاری کردووە • واتـە ئامانجی تەواوکردنی دەوڵەمەندیی ڕۆحی توخمی ئادەمیزادو کۆمەڵو هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی •

## هەسـتی ئیستاتیـکیو کار

زۆر لـە نووسەرانی بـۆرژوازی هەوڵ دەدەن کـە (هەستی ئیستاتیکی)وەکو شتێکی ڕووتو دابڕاو لە چالاکییە کۆمەڵایەتیو زانینییـەکانی ئادەمیـزاد نیشان بـدەن ••• بەم پێیـە هەستی ئیستاتیکی لای ئەوان شتێکی تایبەتییەو ئامانجی تەنها ئەوەیە کە (خۆشی) بە مرۆڤ ببەخشێ ••• بەڵام تەنانەت لێخوردبوونەوەی ئیستاتیکی ڕووتیش مادام ئەو ئامانجەی هەبێ کە (خۆشی) ببەخشێ ئەوا لێخوردبوونەوەیەکی ڕووت نیـە بەهەرحاڵ ئەوان لێخورد بوونەوەی ئیستاتیکی ڕووت بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەبڕن :

**هەستی ئیستاتیکی :**

لێخوردبوونەوەو سەرنجدانی سروشتو بابەتەکانە لەپێناو خۆیاندا نەك بۆ دەسکەوتنی کەڵكو ئامانج بەم پێیە :

یەکەم : هەستی ئیستاتیکی (زانین) نیە ، تۆ بۆ بابەتەکە دەڕوانی لە پێناو خۆیدا ، نەك بۆ ئەوەی زانیاریت زیادکەیت • تۆ سەیری ساختومانێك ناکەیت تا بزانی لە چ سەدەیەك بنیات نراوەو چۆن بنیات نراوە •

دووەم : نابێ لەڕوانگەیەکی خۆییەوە سەیری شتەکان بکەیت، واتە پەیوەندی شتەکە بە خۆتەوە لێك بدەیتەوە • کە بچی بۆ سەیری شانۆیەك یان فلیمێكو تەنها گرنگی بەوە بدەیت تا چ ڕادەیەك پاڵەوانەکە لە خۆت دەچێو بیرو هیواکانی تۆ دەنوێنێ ، ئەوا تاقی کردنەوەکەت بە تاقی کردنەوەیەکی ئیستاتیکی نازمێردرێت •

سێیەم : دابڕینی لە پەیوەندی کۆمەلایەتی ، کە تۆ گۆرانییەکت پێ خۆشبێو بیلێیتەوە کاتێ خەلکت لە دەوروپشتەوە بێتو، لات خۆش نەبێ کاتێ بەتەنها دەبێت ئەوا پێخۆش بونەکەت ئیستاتیکی نیە •

چوارەم : کارتێکردنی کۆنو مێژوویی ، کە لێپرسراوی موزەخانەیەك ئەو نموونانە بۆ موزەخانەکەی هەلبژێرێ کە نرخێکی مێژوویی ، یان بەپێی سەردەمەکانی ، ئیمتیازێکیان هەیە ، ئەوا هەلسەنگاندنەکەی ئیستاتیکی نیە • هەروەها کە تۆ ڕۆمانێك بخوێنێتەوە لەبەر ئەوەی زانیاری دەربارەی ئەو کاتو شوێنە تێدایە کە دەتەوێ ڕاپۆرتێك دەربارەیان بنووسی ، ئەوا تۆ خۆشیی ئیستاتیکی لەو ڕۆمانە بەدەست ناهێنیت بەلکو زانیاریی لێوەردەگریت •

پێنجەم : جیاکردنەوەی لە ئایدیۆلۆژی ، کە تۆ کارێکی

هونەریت بەلاوە پەسەند بێت ، چونکە پاڵپشتی کێشەیەکی ڕەوا دەکات ئـەوا تـۆ هەڵوێـستێکی ڕەوشـتی بەرامبەر بـە کارەکە وەردەگریتو هەڵسەنگاندنێکی ئیستاتیکی ناکەیت ٠

جا با بپرسین : دەشێ شتی وا هەبێت ؟ ئایا ئەگەر مرۆڤ خۆی لە هەموو هەڵوێستێکی ڕەوشتیو کۆمەڵایەتیو خۆییو ئایدیۆلۆژی دابڕێ چی لێدەمێنێتەوە ؟ بە چ جۆرێ دەتوانێ پەیوەندی لەگەڵ هونەرو شتەکاندا ببەستێت ؟

ئایا هونەر ـ خۆشی ـ لەدایك بووی ئەو جۆرە هەڵوێستانە نیە کە هونەرمەند هەیبوون ؟

ئێستا بۆ ئـەوەی لە حەقیقـەتی هەستی ئیسـتاتیکی بگەین سەرنجێکی خێرای پەیوەندی هەستی ئیستاتیکیو کار دەدەینو لە دوایشدا بەدرێژی پەیوەندی هونەرو کار باس دەکەین ٠

هەستی ئیستاتیکی ئادەمیزاد لە پرۆسێسی ئیش کردندا دروست بووە ، مەبەستمان ئیش کردنی ئادەمیزادە بۆ پێك هێنانو دروست کردنی ماتریال لە پێناوی دابین کردنی ئاتاجەکانی ژیانیدا ٠٠

ئەوەی ڕاستی بێت خۆشی ئیستاتیکی خۆیو ، (گوێی مۆسیقی)و (چاوی فۆرم ناس) ، کە شانبەشانی دەڕۆن لە ڕێڕەوی کاردا ، بە ماوەیەکی درێژ بەر لەوەی هونەر وەکو شێوەیەکی تایبەتی چالاکی ئینسانی پەیدا ببێ ، بە دەرکـەوتنو پەرەیان سـەندووە ٠ جیا بوونەوەی ئادەمیزاد لە جیهانی گیاندارانی دیکە ، تەنها ئەو کاتە پێك هات کـە مرۆڤ خووی دایە کـاری کۆمەکیو هـەر لەمەشەوە (هەست کردن بەجوانی) لەلای ئەو دروست بوو ٠ چونکە لەڕێڕەوی دروست کردنی هەڵو مەرجی ماتریالیدا بۆ بوونو ژیانی ، لە لەبار کردنو ئینسـانی کردنی سروشتداو ، لە بەربڵاوکـردنی چوار چێوەکانی ژیانداو گۆڕینی فۆرمەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا مرۆڤ بۆخۆی زیاتـر دەبێ بە ئینسـانو خاسیەتە ئینسانییـەکانی پەرە

پێ دەدات ، بەمانایەکی تر پەیوەندی ئادەمیزاد لە ڕێگەی ئیش کردنەوە لەگەڵ توخمی خۆیداو ، لەگەڵ جۆراوجۆرێکی بێ ئەژمارە لە شتومەکی هەستی ماتریالیدا ، بووە هۆی ئەوەی هەر پێنج حەواسە فیزیۆلۆژییەکانیو بنەما بیرییەکانی تیژ بکاتو لەباریان بکات ... تەنها لەم ڕێیەوە توانی (هەستی ئیستاتیکی) دروست بکات . ئەم خاسیەتو ڕوخسارە تایبەتیو بایەخانەی ئێمە ناومان ناون (ئیستاتیکی) دەبێ بەر لە بوونی ئادەمیزادو سەربەخۆ لەو هەبووبن ، بەر لەوەی مرۆڤ فێری ئەوە بێت تێیان بگاتو پێوانەیەکی کۆمەڵایەتییان بەسەردا بسەپێنیو ناویان بنێو بە هوشیارانەو بە ئەنقەست لە پێناوی ئامانجێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراودا دروستیان بکاتەوە . جوانی سروشت بەشێوەیەکی تایبەتی سەربەخۆو بەر لە ئادەمیزاد هەبووە ـ سروشت سەرچاوەیەکی ئەزەلی جوانییە لە مەکرۆکۆزم (گەردوون)و مایکرۆکۆزمدا (ئادەمیزاد)Macrocosm Microcosm لە سروشتدا سیمیترییەکی زۆر جوان هەیە ... هەندێ لێکۆڵینەوەی زانستی سەلماندوویانە کە هەر گەردیلەیەك Particle هاووێنەیەکی خۆی هەیە ... گەوهەرو مرواریو بەردە بەنرخەکانی سروشت جوانییەکی بێهاوتایان هەیە . مارکس نیشانی دەدات کە بەڕێکەوت نییە ، بەڵکو لەبەر خاسیەتی سروشتی خۆیانە کە زێڕوزیو بوونەتە ڕەمزی سامان .

بەڵام هەر ئەو (سروشتە جوانە) لە سەردەمێکدا خرۆشی سەلبی نەك ئیجابی بەرپا کردووە . سروشت وەکو شتێکی بەسامو ترسناك هاتۆتە بەرچاوی ئادەمیزادو نەك تەنها (دایکێکی میهرەبان) نەبووە (وەك ڕۆمانسیەکان ناویان ناوە) بەڵکو (باوەژنێکی دڵڕەقیش) بووە ... ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەست کردنی ئادەمیزاد بە جوانیو تامەزرۆ بوون بۆیو ، هەروەها حەواسەکانی سروشتی مرۆڤ ، هێشتا لەلایەن ئادەمیزاد خۆیەوە

بەرهەم نەهێنرابوون • خاسیەتە ئیستاتیکییەکانی سروشت هەر وەکو خاسیەتەکانی دیکەی بەرەبەرە لەگەڵ هەست کردنی ئادەمیزادو ئاگابوونی لە یەکگرتنی لەگەڵ سروشتدا بەدەرکەوتن •

سروشت بەشدارە لە پراوەکانی کۆمەڵایەتیدا ـ جوانی سروشت لە مێشکی ئادەمیزادا کەسایەتی پێداویستیەکانی مرۆڤ‌و خاسیەتەکانی وەردەگرێت ئەوسا دەبێتە دیاردەیەکی هونەری‌و نرخێکی کۆمەڵایەتی دیار بەدەست دەهێنێت ••• هەموو کارو هەوڵێکی مرۆڤی سەرەتایی بۆ زاڵبوون بەسەر کۆسپ‌و تەگەرەی سروشت‌و ڕێبازی ژیانیدا جۆرە خۆشییەکی نوێی داوەتێ کە وای لێ‌کردووە هەست بە کەرامەت‌و هێزی تایبەتی خۆی بکات‌و ناوەرۆکی ڕۆحی لە ژیانیدا پەرە بستێنێت ••• ئیشی دەست هەمیشە هێزێکی فیزیکی‌و عەقلی گەورەی بە ئادەمیزاد بەخشیوە ••• پیشەزان لەکۆندا پەیوەندییەکی دەروونی‌و فیزیکی ڕاستەو خۆی بەکارەکەیەوە هەبووە • ئەو شیعری ڕاستەقینەی لە کارەکەیدا بەدی کردووە • بڕینەوەی دار ، پارچە پارچە کردنی ، تاشینی‌و ڕێکخستنی ، چەکوش وەشاندن ••• ئەمانە هەموویان خۆشییەکیان پێ بەخشیوە کە سەرچاوەکەی دەست‌و ئەنگوستەکان بوون ••• لەگەڵ هەموو سەرکەوتنێکدا لە کارەکەیدا ئارامێکی بەلەزەت لەگیانیا تەشەنەی کردووە • خۆ ئەگەر ئەو هەست‌و سۆزانەی پیشەزان بە (هەستی ئیستاتیکی)ش دانەنێین ، ئەوا ئەو خۆشیەی لە پرۆسیسی کارەکەیدا بەدەستی هێناوە هیچ نیە ڕواڵەتێك نەبێت لە ڕواڵەتەکانی (هەستی ئیستاتیکی) •

## خۆشی ئیستاتیکی‌و چەشنی کار

ئایا هەموو چەشنە کارێك دەبێتە چاوگەی خۆشی ئیستاتیکی؟ مارکس چەند ڕایەکی گرنگ لەم بارەیەوە پێشکەش دەکات •

ناوەرۆکی ئیستاتیکی کار بەتەواوی لەسەر ئەوە وەستاوە کە کارەکە ئازادو داهێنەرانە بێت ·· ئیش لە فۆرمە مێژووییەکانیدا وەکو ئیش‌و ڕەنجی کۆیلەکان‌و بێگار چییەکان‌و خزمەتچییەکان ، هەمیشە مایەی بێزاری‌و وەڕزی بووە چونکە لەژێر زۆرو ستەمدا کراوە ··· لەکاتێکا ئیش نەکردن بەپێچەوانەوە ئازادی‌و بەختەوەری گەیاندووە ··· مارکس ڕوونی دەکاتەوە ئەم حاڵە شتێکی دروست‌و واقیعی بووە لەبەر دوو هۆ :

یەکەم : چونکە کارەکە ناحەزانە antagonistic بووە ·

دووەم : ئەو کارە هیچ جۆرە هەل‌و مەرجێکی خۆیی یا بابەتی بۆ خۆی نەخولقاندووە کە بیکاتە کارێکی خۆش‌و سەرنج ڕاکێش‌و بیکاتە ئامرازێك بەدەست ئیشکەرەکەوە بۆ سەلماندنی (خۆ) ، کەواتە بۆ ئەوەی خۆشی ئیستاتیکی لە کارێکدا بەدی‌بێت ، پێویستە ئەو کارە هەل‌و مەرجێکی خۆیی‌و بابەتی لەباری بۆ بخولقێندرێ ··· بۆ نموونە پیشەزان لە سەدەکانی ناوەندا خۆشی‌و لەزەتێکی ئەوتۆی لە کارەکەیداو لە شارەزابوون تێیدا وەردەگرت ، کە خۆی لە ئاستی هەستی هونەری دەدا ·

بەڵام لەژێر سایەی ڕژێمی سەرمایەداریدا هەل‌و مەرجەکانی بەرهەم‌هێنان بە چەشنێکی ئەوتۆن ، کە هەموو خۆشییەکی ئیستاتیکی لەکاردا وەدەردەهاون · مارکس ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن بەرهەم هێنانی سەرمایەداری هەستی نامۆیی alienation لای کرێکار پەیدا دەکات‌و ئینسانیەت لە مرۆڤ دادەڕنێت ، چونکە لە سیستمی بەرهەم‌هێنانی سەرمایەداریدا :ـ

١ ـ مرۆڤ نامۆ دەبێت لە سروشت ، کرێکار دەبێتە ئامرازی بەرهەم هێنان‌و بەپێی یاساکانی بەڕێوە دەڕوات ·

٢ ـ مرۆڤ نامۆ دەبێ لە ئامرازەکانی بەرهەم هێنان ، لەو کەرەسەو ماشێنانەی بەکاریان دەهێنێت ·

٣ ـ مرۆڤ نامۆ دەبێ لە بەرهەمی کارەکەی ، ئەوەی بەرهەمی دەهێنێت ، ئاڵتوون بێ ، کۆشك بێ ، یا حەریر بێ ••• هتد بۆ خەڵکیترەو ئەو بەشی پێوەی نیە ••• کرێکار دەبێتە پاشکۆیەکی میکانیکی مەکینەکە ، لەکاتێکدا کارەکە خۆی وەکو کەلوپەل ، بەسەرمایەدار دەفرۆشێت •••

لێرەدا کرێکارانی (بابڵێین هی کارگەی چنین) لەجیاتی ئەوەی لەو هەلومەرجە دەرەقەت نەهاتووەدا لەلایەنی ڕۆحییەوە دەوڵەمەندتربنو هەستی ئیستاتیکیان پەرەبستێنێ ، دەبێ وەك (مارکس) دەڵێ :

(هەر پێنج حەواسی خۆیان لەدەست بدەن) •

هەستی نامۆیی لە ڕژێمی سەرمایەداریدا زۆر بەهێزترە لەوەی لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا هەیە ••• لەو سیستمەدا مرۆڤ ژێر دەستی دەرەبەگە ، بەلام بەو شێوەیە پارچە پارچە نەبووە وەك لەسەرمایەداریدا هەیە • کرێکار لەژێر سایەی سەرمایەداریدا ، هەموو هێزی لەشی خۆی دەفرۆشێت ، بەلام بە شێوەیەکی بەش بەش لەبەر ئەوە زیاتر تووشی نامۆیی دێ ، لە کۆیلەو بێگارچییەکانی قۆناغەکانی زوتری مێژوو ••• لەبەر ئەوە کارکردن نابێتە هۆی خۆشحاڵی ، بەڵکو دەبێتە لەعنەتێك تووشی مرۆڤ دێت ، هەروەکو ئەو پەندەی دەڵێت (بە ئارەقی ناوچەوانت ئیش دەکەیت ، ئەمە ئەو لەعنەتەیە کە (یهوە) لە ئادەمی کرد (ئادەم سمیث) ئایووریناسی بۆرژوازیش کار هەربەم لەعنەتە دادەنێ وە ووچان یا ئیش نەکردن بە حاڵەتی گونجاوی ئازادیو بەختەوەری دادەنێت • کۆمەڵ ناسە بۆرژوازییەکان لە کاتێکدا دان بەوەدا دەنێن کە کۆمەڵی بەرهەم هێنانی زل Mass society بەشێوەیەکی ئیستەرەمی نامۆیی مرۆڤ دروست دەکاتو دەبێتە هۆی نائینسانی کردنی کارو

دارِنانی هەموو ئاماتجێکی ئینسانی ، هەوڵ دەدەن کە ئەم دیاردەیە بە جەوهەری ڕژێمی سەرمایەداری یەوە نەبەستنەوە ، بەڵکو بەلای ئەوانەوە ئەم حاڵەتە تەنها لە پەرەسەندنی تیکنۆلۆژیا و بەگرێو گۆڵی پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و خێرابوونی ئاستی پێشکەوتنی ژیان پەیدا بووە • لە کۆمەڵی پیشەسازی سەرمایەداری دا نامۆیی دەبێتە گشت گرو هەموو لایەك دەگرێتـەوە : هەر لەپەیوەندی مرۆڤ بەکارەکەیەوەو بەو کەرەسـەو ئامـرازانەی بەکاریـان دەهێنێت تا دەوڵەتو دامەزراوەکانی و ئەو خـەڵکانەی دەوریان داون ، بەڵام لەمەش نەگبەتی تر نامۆیی لەناو ناخی مرۆڤ خۆیدا تەشەنە دەکاتو دەبێتە نامۆییـەکی خۆیی • کاتێ مرۆڤ خۆی لە خۆی دادەبڕێو دوور دەکەوێتەوە ئەو ساتە مرۆڤ نابێتە ناوەندی چالاکی کۆمەڵایەتی و خاوەن کاروبارو چارەنووسی خۆی ، بەڵکو کردارەکانو ئاکامەکانیان بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەبنو دەیخەنە ژێر هێزی خۆیانەوە • تاوەرۆکی نامۆیی لە کۆمەڵی سەرمایەداری دا بریتی یە لە پەرەسەندنو زیادبوونی ئیستغلالی ئابوری و بەهێز بوونی تینو زەفتی سیاسەتو کۆیلەکردنی ڕۆحی تاکە کەس •• وە هەروەهـا دوورەپەرێزی ئادەمیزادو گۆشەنشـینیو دارمانی کەسایەتی (١) •

جا لە کۆمەڵێکی ئـاوادا دەبێ هەستی ئیسـتاتیکی مرۆڤ چ بێتو تاکوێ بڕ بکات ؟ •

---

(١) س • ی • بوبوف • نقد علم الاجتماع البرجوازی المعاصر ترجمة نزارعیون السود • دار دمشق ١٩٧٣ •

# بەشی دووەم

## هونەرو کار

کارل مارکس ـ کار ـ بەم جۆرە دەناسێنێ (١) ٠

کار لە پلەی یەکەمدا پرۆسێسێکە مرۆڤو سروشت بەیەکەوە بەشداری تێدا دەکەن لەو پرۆسێسەدا ئادەمیزاد لە خۆیەوە دەست دەکات بەرێك خستنو دەسەڵات پەیداکردن بەسەر پەرچە کردارەکانی ماتریالی نێوان سروشتو خۆیدا مرۆڤ بەرامبەر سروشت خۆی وەکو هێزێك لەهێزەکانی دادەنێتو قاچو سەرو هێزەکانی لەشی دەخاتە کار بۆ ئەوەی بتوانێ بەرهەمەکانی سروشت بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ئاتاجەکانیدا دەستگیر بکات بەم جۆرە مرۆڤ کار لە جیهانی دەرەوە دەکاتو دەیگۆڕێت وە هەر لەو کاتەشدا سروشتی خۆشی دەگۆڕێتو هێزەکانی خۆی پەرە پێ دەداتو ناچاریان دەکات بەپێی خواستی ئەو بڕۆن بەڕێوە) ٠

کار مەرجێکی هەموو دەمێیەکە سروشت بەسەر ژیانی مرۆڤایەتیدا دەسەپێنێت ٠٠ لەبەر ئەوە سەربەخۆیە لە شێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی یان بە ووتەیەکی ڕاستتر : هاوبەشە لە نێوان شێوە کۆمەڵایەتییە جۆراو جۆرەکانا ) ٠

بەهۆی کارەوە ئادەمیزاد دەتوانێ دەسەڵاتی بەسەر شتەکاندا پەیدا بکاتو ئاڵو گۆڕیان تێدا درووست بکات ٠٠٠٠ دەتوانێ ئامرازو کەرەستەی پێویست بۆ ژیانی بەرهەم بهێنێت ٠٠٠٠٠٠ دەتوانێ سروشت بگۆڕێت ٠٠٠ بەڵام مرۆڤ لە ڕێڕەوی ئیش کردندا ، وە هەر لە درووست کردنی یەکەم ئامرازی کارەوە ، خۆشی درووست کرد لەبەر ئەوە دەشێ بڵێین : کە ئامرازو ئادەمیزاد بەیەکەوە درووست بوون ٠ کار لەشێوە سەرەتاییەکاندا

---

(١) الواقعية في الفن ل ١٧ ٠

وەکوو ڕاوکردن‌و زراعەت‌و درووست‌کردنی ئامرازە سادەکان ـ بوو بە هۆی گۆڕینی مرۆڤ لە ڕێگەی پەرەپێدانی هێزە شاراوەکانی‌و درووست بوون‌و پەرەسەندنی حەواسەکانی •

حەواسەکانی مرۆڤ تەنها چەند ئەندامێك نین لە لەشدا بەڵکو بەر لە هەموو شتێك بریتیین لەکارکردنی سروشت لەسەر لەشی ئادەمیزادو هەروەها ڕوویەکن لە چالاکیی لەش خۆی ••• چالاکی چاوو گوێ‌و پێست‌و دەست‌و بەکارهێنانی شتەکان‌و گۆڕینیان • ئێمە ناتوانین ببینین ئەگەر نەڕوانین ، ناتوانین هەست بکەین ئەگەر دەستمان نەگێڕین هەتا وەکو زیاتر کار بکەین‌و بجوڵێینەوە چ لە مەیدانی سروشتدا بێ یا لە مەیدانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا حەواسەکانمان بەهێزتر دەبن‌و شارەزایی زیاتر بە دەست دەهێنن •

دەست گرنگترین ئەندامی لەشی مرۆڤە کە بۆی لواند لە قۆناغی (حەیوانییەوە) بازبداتە قۆناغی (ئادەمیزادی) چونکی دەست دەتوانێ شتەکان بگرێ‌و بیانگۆڕێ ••• هەر بۆیەشە بە بناغەی شارستانیەت دادەنرێ •

(تۆماس ئەکوینی) Saint Thomas Aquinai گرنگیی دەستی زانیوە ، بۆیە ناوی ناوە (ئەندامی ئەندامەکان)و دەڵێ : (ئادەمیزاد تەنها عەقڵ‌و دەستە) • ئەمەش ئەم ڕاستییە دەردەبڕێ کە دەست بووە هۆی بەرەلاکردنی وزەی عەقڵی ئادەمیزادو دروست کردنی هوشیاری لەلای • بەهۆی دەستەوە ئادەمیزاد توانی ئامرازەکانی دروست بکات‌و هەنگاوی یەکەم بەرەو شارستانیەت بنێت •

بەکارهێنانی دەست‌و دروست کردنی ئامرازەکان بوو بە هۆی پەرەسەندنی سروشتی کارو گەیاندنی بە قۆناغی ئینسانی مرۆڤ توانی ئەنجامی کارەکەی وەکو ئامانجێك ڕەچاو بکات ••

هەواڵنامەی کتێب

بەسەرێکی دیکەشەوە توانی بەپێی ئەو ئامانجە ڕەچاوکراوە گۆڕان لە ئامرازەکانی ئیشکردندا پەیدا بکاتو پەرەیان پێ بدات • بە لەدایکبوونی عەقڵ یان هوشیاری ، مرۆڤ لەوە دەرچوو کەبەپێی (کرداری ڕەنگدانەوەی مەرجیی) واتە غەریزەی حەیوانی هەڵسوکەوت بکات • بەڵکو مرۆڤ گەیشتە ئەو ئاستەی سروشت وەکو ئامرازێك بۆ بەدیهێناتی ئامانجەکانی بەکار بهێنێت •

هەموو پێکهاتوویەکی بیۆلۆژی لە حاڵەتی هاوتێکەڵییەکی ئۆرگانیدایە لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا، دەیداتێو لێیوەردەگرێت بەڵام ئەم پێدانو لێوەرگرتنە بە شێوەیەکی یەکسەرێو بێ میانچی تەواو دەبێت • تەنها کاری ئادەمیزادە کە هاوتێکەڵییەکی ئۆرگانی ڕابەری کراوە ••• لێرەدا ئامراز بەر لە ئامانج هاتە کایەوە چونکە ئامانجەکە بەبێ بەکارهێنانی ئامراز خۆی ئاشکرا نەکرد •

ئەندامەکانی لەش ئەگەر چی لەماوەیەکی دوورو درێژدا بە پێی پێداویستەکانی جیهانی دەرەوە دروست دەبن ، بەڵام شیاوی ئاڵوگۆڕ کردن نین • زیندەوەر ناچارە هەر بەو ئەندامانە بژی کە هەیەتیو تا ئەوپەڕی کەڵکیان لێوەربگرێت ••• بەڵام ئامرازەکانی ئیش لە دەرەوەی ئادەمیزادا ، لە دەرەوەی بوونی بیۆلۆژیدا هەنو ، شتێکن دەشێ بگۆڕدرێنو لە جێگەی ئامرازێکی خراپ یەکێکی باشتر دابنرێت •

ئەم دۆزینەوەیە مرۆڤی ڕاکێشا بۆ دۆزینەوەیەکی دیکە ، ئەو ئامرازانەی هەن دەشێ چاکتر بکرێن ••• نابێ ئامرازەکان چۆن لە سروشتدا هەن ئاوا وەربگیرێن ، بەڵکو دەبێ دروست بکرێن • بەڵام دۆزینەوەش پێویستی بە سەرنجدانێکی تایبەتی سروشت هەیە ••• گیانلەبەران جگە لە ئادەمیزادیش سەرنجی



هەواڵنامەی کلیک

سروشت دەدەن • بەڵام (هۆو هۆدارەکانی) سروشت لەبەرچاوی ئەوان حەقیقەتێکی زەقو چەسپاونو بە هیچ هەوڵو خواستێك ناگۆڕدرێن • بۆ نموونە میوەیەك بە درەختێکەوەیەو پێویستی بە لێکردنەوە هەیە ••• (گیانداری بەر لەئادەمیزاد) دەستی بۆ درێژ دەکات بەڵام قۆڵی نایگاتێ ، هەرچی تەقەلایەك دەدا بەڵام بێهودەیە ••• دوای چەند تاقیکردنەوەی سەرنەکەوتو ناچار دەبێ وازیلێبهێنێو خوو بداتە شتێکی دی ••• بەڵام کە توانی دارێك بەدەستەوە بگرێت ئەوا قۆڵی درێژتر دەبێتو ئەگەر دارەکە تەواو درێژ نەبوو یەکێکی دی پەیدا دەکات ، ئەم کارە دووبارە دەکاتەوە تا دەتوانێ دارێکی لەبارو گونجاو بە دەست بخات ••• لێرەدا مرۆڤ (لە ئاکامی سەرنجدانی سروشتدا) توانی ئیحتیماله جیاجیاکان بدۆزێتەوەو باشترینیان هەڵبژێرێتو ، لەمەوە توانی بەراورد لەنێوان شتەکاندا بکاتو کەڵکی هەر یەکێکیان دیاری بکات • دووبارە کردنەوەی ئەم جۆرە تاقی کردنەوانە بوو بەهۆی ئەوەی پەیوەندییەکی تازە لە مێشکی ئادەمیزادا دروست بکات ••• لەپێشدا تەنها مەرکەزی هەست کردن بەبرسێتی لە مێشکدا نیشانەکانی خۆی دەناردنو مەرکەزی وەڵامدانەوەی ئەم هەستە وەڵامی دەدایەوە • بەڵام ئیستا شتێکی تریش بۆ پەیوەندی ئەو دووانە لە مێشکدا زیاد بوو کە ئەویش ئامرازەکەیە (دارەکەیە) هەر کە مرۆڤی سەرەتایی میوەکە دەبینێ ئارەزووی دەچێتێ یەکسەر بە دوای دارەکەدا دەگەڕێت • بەڵام لەم حاڵەتەشدا زەحمەتە بتوانین ئەم پرۆسێسە ناوتێین بیرکردنەوە چونکە خاسیەتی ئامانجداری ، کە خاسیەتی جیاکەرەوەی پرۆسێسی کارە ، تێدا نیە •• تا ئەم قۆناغەش دارەکە ئامانجێکی نیە کە : خستنە خوارەوەی میوەکە بێ ، بەڵکو تەنها ئامرازێکە بۆ ئەم مەبەستە ••• بەڵام دەشێ ئەم تێکەڵکارییەی ناو مێشك لە

ئەنجامی زۆر دووپاتە بوونەوەی ئەم تاقیکردنەوەیەدا عەکس بێتەوە ، واتە پرۆسێسەکە بەم چەشنەی لێ بێت : ئەمە دارەکەیە ئەی ئەو میوەیە کوا کە دەتوانم پێی بەردەمەوە ؟

بەم چەشنە ئامرازەکە دەبێ بە ئامانج ... ئامرازەکە تەنها ئامراز نیە بەڵکو بەڕێگەیەکی سیحری هێزێکی دیکەی بۆزیادکرا، ئامانجێکی بۆ پەیدا بوو کە ئێستا ناوەڕۆکە بنەڕەتیەکەی پێك دەهێنێت ... لێرەوە گرنگی دان بە ئامرازەکە پتر دەبێت و ئەو مەسەلەیە خۆی دێنێتە پێش : داخۆ دەکرێت وای لێ بکرێت چاکترو کاریگەرترو خێراتر مەبەست بەدەستەوە بدات ؟ واتە تاقیکردنەوەی خۆکرد یان (بیرکردنەوە بەدەست) ، کە بەر لە بیر کردنەوە ـ بە مانای وشە دروست دەبێت ، دەگۆڕێت بە (بیر کردنەوەیەکی ئامانجدار) ئەم ئاڵوگۆڕەی لەناو ئەو پرۆسیسەی مێشکدا ڕوو دەدات ناوی دەنێین : بوونی هوشیارانەو کرداری هوشیارانە .

بیرکردنەوە لەوە زیاتر نیە کە پوختەی ئەزموون بێ و لە جیاتی دەست لە ڕێگەی عەقڵەوە ئەنجام بدرێت ... ئەزموونە جۆربەجۆرەکانی پێشوو تەنها وەك ـ یاد ـ نامێننەوە بەڵکو دەگۆڕێن بە تاقیکردنەوە experience بۆ نموونە مرۆڤ لە سەرەتاوە بەردو تاوێری سروشتی لەجیاتی تەور بەکار دەبردن بەڵام دوایی لە ڕێگای دەستەوە ئەوە فێربوو کە ئەو بەردو تاوێرانە دەشێ بشکێندرێن و کەرت بکرێن و تیژ بکرێن و لەسەر شێوەی جۆراوجۆر دروست بکرێن . بەم چەشنە مرۆڤ بیری (تەوری دەستی) لە سروشتەوە وەرگرت ، نەك لە (بیرێکی داهێنەرانەوە) ئەو تەنها لاساییکەرەوەیەکی سروشت بوو .... ئامرازە نوێکانی بەپێی تاقی کردنەوەکانی لەگەڵ سروشتدا دروست کردن نەك بەپێی ئەو بیرەی لە مێشکیدا هەیە . ئەو

نەدەهات (پڕۆژەیەك) جێ بەجێ بكات ، بەڵكو تەورێكی ڕاستەقینەی لەبەرچاوی خۆی دەبینێو دەهات لاسایی دەكردەوە بەڵام چاوەڕێكردنی ئەنجامێكی دیاریكراوو دانانی ئامانجێك بۆ كارەكە ئەوە تەنها لەدوای تاقیكردنەوەیەكی دەستیی خەست وە لە ڕێگای سەرنجدانێكی بەردەوام لە بەرهەمی سروشتیو تاقی كردنەوە زۆرەكان ، بە سەركەوتوو سەرنەكەوتوویانەوە،دروست بوون ، مرۆڤ دەمێكی دوورو درێژی گەرەك بوو تا بەسەر سروشتدا سەربكەوێتو هێزی داهێنەری خۆی بەرامبەر ڕابگرێت•

لەم قۆناغەدا گۆڕانێكی گەورە بەدیهات ـ مێشك شتەكانی تەنها بەشێوەیەكی میكانیكی عەكس نەدەكردنەوە • بەڵكو لە ئەنجامی ئەزموونەكانی كاردا وای لێهات بتوانێت هەندێ لە یاساكانی سروشت دەرك پێ بكاتو پەیوەندییە هۆدارییەكان بزانێت(وەكو زانینی ئەوەی كەلێك خشاندن دەبێتە هۆی پەیدا كردنی گەرمی) ••• لێرەوە مرۆڤ توانی خۆی جێی سروشت بگرێتەوە ••• بەم جۆرە چاوەڕێی ئەوەی نەدەكرد سروشت بەخشیشەكانی خۆی بداتێ ••• بەڵكو بەسەریا دەسەپاند كە ئەوەی پێویستێتی بۆی فەراهەم بكات ••• بەرە بەرە سروشتی كردە خزمەتكارێكی خۆی ، بەڵام مرۆڤ لە هەوڵدانیدا بۆ ڕامكردنی سروشتو زاڵبوون بەسەریدا تەنها كار ناكات بەڵكو خەیاڵیش بەكار دەهێنێت ••• چونكە لە دوای ڕواڵەتە بینراوو هەست پێكراوەكانی گەردوونەوە هێزی شاراوەو پەنهان هەن كە تەنها لە ڕێگەی خەیاڵ كردنەوە دەتوانێ بیانناسێت ، ئەم خەیاڵ كردنەش وا لە مرۆڤ دەكات هێزێكی سیحری بداتە پاڵ ئەو شتو دیاردانەی دەرەقەتیان نایەتو لە ئاستیاندا بێدەسەلات دەكەوێتە گۆڕێ • ماركس خەیاڵ بە ڕەگەزێكی سەرەكی تایبەتی بە كاری ئادەمیزادەوە دادەنێت ••• لەم بارەیەوە دەڵێت :

دەبێ ئێمە لە کار بکۆڵینەوە لـەو شێوەیدا کە تایبەتییە بە چەشنی ئادەمیزادەوە •• مێش هەنگوین شانەکانی بە شارەزایی و وردەکارییەکی وەها دروست دەکات کە کاری ئەندازیارەکان خۆی لە قەرە نادەن ••• بەڵام ئەوەی کە کاری نابەڵەدترین ئەندازیار لە هەنگ جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەندازیار شانەکە لە مێشکیدا بنیات دەنێ بەر لەوەی لە مۆم دروستی بکات • پرۆسیسی کار بە دروست کردنی شتێك کۆتایی دێت کە ئەو شتە هەر لە سەرەتاوە لە مێشکی کرێکارەکەدا هەبووە • هەبووە لە وێنەیەکی ئایدیالیدا ••• لێرەوە کرێکار تەنها گۆڕانێك لە وێنەی شتەکانی سروشتدا بەرپا ناکات بەڵکو هەندێ لەو شتانەی لەناو مێشکیدا هەن دەخاتە سەر ئەو جیهانەی لە دەرەوەیدا هەیە) • ئەم ناساندنەی مارکس بۆ کاری ئادەمیزاد تا ڕادەیەکی زۆر سروشتی هونەریش ــ کە ئەویش کۆرپەیەکی کارە ڕوون دەکاتەوە ••• بەو پێیەی هونەر لای سۆڤی سەرەتایی گواستنەوەی کارە لە مەودای دەست بە سەرا گرتنی ئەو شتانەی لەودیوی واقیعەوە هەن ، یان بە مانایەکی تر دروست کردنەوەی واقیعە بە گوێرەی ئەو ئایدیال و وێناندنەی دەربارەی گەردوون لە مێشکیدا دروستیان دەکات • هربرت رید Herbert Read دەڵێ :

خەیاڵکردن کلیلی هونەری ڕۆحی گەلان پێك‌دەهێنێت چونکە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕۆحانیەتەی لە دوای بینراوەکانەوە هەیە • لەبەرئەوە هونەرمەند هەوڵ دەدات بەهۆی ڕووت‌کردنەوەی شتەکە لەحاڵەتە واقیعییەکەی و پشکنینی بنیاتە سەرەکییەکەی و هەیکەلەکەی بگاتە ئەودیوی واقیع ، ئەو وێنەکەی بە شێوەیەکی ئەندازەیی دادەڕێژێ و ئینجا ڕەمزی حەقیقەتێکی ڕۆحی تیا بەدی دەکات •

---

(١) وەرگیراوە لە : The Problems of Modern Aesthetics

شوێنەوارە هەوەڵییەکانی هونـەری سـەرەتایی دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی بالیولیت ـی دوایی ، واتە ٤٠ـ٢٠ هەزار ساڵ بەر لە زایین ... ئەم سەردەمەش کاتی پێگەیشتنی نیسبی سیستمی کۆمۆنیزمی سەرەتایی بوو .

مرۆڤی ئـەو سەردەمە لە ڕووی فیزیکییـەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ مرۆڤی ئەمڕۆ نیە ، دەیتوانی تا ڕادەیەکی دوور ئامرازو تـەدارەکی پێشکەوتوو لە بەردو ئێسقانو شـاخە بزن دروسـت بکات ، زمانەکەی بە وشە دەردەبڕی ، بـە شێوەیەکی کۆمەڵی ڕاوی دڕنـدە گەورەکانی دەکـرد ... پەیوەندییەکانی کۆمەڵی دایکێتی هاتبوونە پێکهاتن ، سەرەتای دابەشکردنی کار لە نێوان پیاوو ژندا بەدەرکـەوتبوو : (ڕاوکردنو چنینەوە) . لەو سەردەمەوە نووسینی ناو ئەشکەوتەکانو وێنەی هەڵکەندراو لەسەر شـاخی حەیوانـاتو پارچە بـەردو پەیکەری بچـووك لە ئێسقان بەجێماون ... زۆربەی ئەو کارانە وێنەی حەیوانن . هەروەها لە سەردەمی بالیوتدا هونەری شانۆگەری پەیدا بوو .. ئەو هونەرە بریتی بوو لە پرۆڤەی بە کۆمەڵی بۆ مەبەسـتی ڕاو کردنو تقوسی سیحری پەیوەندیدار پێیەوە . دەتوانین گریمان بکەین کە لە هاوارو هورەی جەنگ ئیقاعی شتێکی وەها دروست بوو کە لە شیعرو مۆسیقا بچێت .

دەسا چی وای لە مرۆڤی سەرەتایی کرد لەتەك دروستکردنی ئامرازو کەرەستەی بەکەڵك بۆژیانی وێنەو نیگاری (بێ‌کەڵکیش) دروست بکات ؟ بۆچی مرۆڤی سەرەتایی کە وەکو (لینین) دەڵێ : (قورسیو زەحمـەتی ژیـانی ، زەحمـەتی زۆرانبـازی لەگەڵ سروشـتدا ، هاریبووی ، تـوانی ڕێی خۆی بدات ئـەو زێدە مەسرەفییە بەکـار بێنێتو خۆ بە پەیکەرتاشیو نیگارکێشـانەوە

خەریك بكات ؟) ٠

چەند لێكدانـەوەیەك بۆ ئـەم دیاردەیـە هەیە كە لـە پێش هەموویانەوە ئەوەیانە كە هونەرو سیحر بە یەكەوە دەبەستێتەوە ٠٠٠ گێڕانەوەی هونەر بۆ سیحر بەسـتراوەتەوە بەو لێكدانەوە رۆحیو خەیاڵییـەوە كە لەپێشەوە باسمان كرد ٠٠٠ بـەڵام بەر لەوەی بە درێژی باسی تیئۆری سیحری بكەین ٠٠٠سەرنج دەدەینە هەندێ بۆ چوونی دیكە :

**یەكەم : هربرت رید لە كتێبەكەیدا هونەرو كۆمەڵ[1] :**

(Art and society) ئەو ڕایە دەردەبڕێ كە هونەری سەرەتایی سەربەخۆو دوور لە سیحر پەیدا بـووە بەڵام بە تێپەڕبوونی كات پەیوەندی لەگەڵ كارەكانی سیحری پەیدا كردووە ٠٠٠ بۆ پشت گیری ئەو ڕایـەی بەراوردی لە نێوان سەرەتای وێنـە كێشان لای منداڵانو هونەری مرۆڤی سەرەتایی دەكات ٠ یەكەم جار منداڵ هەر كە دەستی قەڵەم دەگرێت هەندێ خەتی ڕەشكەو پێشكە دروست دەكات بەبێ ئەوەی هیچ مەبەستو خواستێكیان تێدا بێت ٠ ئینجا گرنگی بەو شوێنەوارانە دەدا كە قەڵەمەكەی لەسەر كاغەز بە جێی هێشتوون ــ لە قۆناغی دووەمدا هەندێ ڕەشكەو پێشكەی ڕێكخراو لەسەر شێوەی هێڵو بازنە دروست دەكاتو وردە وردە ئەو خەتو بازنانە تێكەڵو پێكەڵو گرێیاوی تر دەبن هەتـا هەموو وێنەكە دەبێتە كۆمەڵەیەكی بێ جێو ڕێ ٠٠٠ بەڵام لەم كۆمەڵە ڕەشكەو پێشكانەدا منداڵ بازنەیەك یان خەتێك بەدی دەكات كە دەشێ لە دایكی بچێ ، یان دوو خەت لە دیـواری خانووەكەیان دەچنو بە زیاد كردنی چەند خەتێكی دی دەبن بـە خانوو ٠٠٠ بەم چەشنە

(١) بڕوانە : هربرت رید ــ الفن والمجتمع ٠ ترجمة فتح الباب عبدالحليم ٠ قاهرة ل ٢٤ ــ ٢٦ ٠

منداڵ توانی لە ڕێگای ڕێکەوتەوە شـتێك درووسـت بکات ئەمە ئارەزوو یا ئاتاج لەلای ئەو درووست دەکات بۆدووبارەکردنەوەی سەرکەوتنەکەی ئینجا بە دیقەت و سەرنج دانەوە ئەو شتانە ڕەسم دەکاتەوە کە لە پێشدا بە ڕێکەوت و سەرپێیی کردبوونی ٠

ئەشکەوتنشینیش وەك لە زۆر شوێنەوارو بەڵگەی ناو ئەشکەوتەکاندا دەردەکەوێت لەپێشەوە ڕەسمەکانی بەبێ ئامانج درووستکردوون ٠٠٠ کاتێ کە لەناو ئەشکەوتدا لەسەر دەست و پێ ڕۆیشتووە ، ڕەنگەکانی پەنجەی کەوتوونەتە سەر ڕووی ئەشکەوتەکەو هەندێ شتیان لێ درووست بووە کە سەرنجی ڕاکێشاوە ٠ ئینجا بە پەنجەکانی هەندێ وێنەی لەسەرقوڕ درووست کردوون کە لە حەیوان چوون ٠٠٠ دوای ئەمە توانیویتی کەڵك لە وێنەکانی ناومێشکی وەربگرێت و ئەو وێنەخۆکردانە پەرەپێبدات بەڵگەیەکی دیکە بۆ ئەمە ئەوەیە کە زۆر وێنەی زیندەوەرەکان لەو شوێنانە درووست کراون کە لوتکە وە ملە شاخی هەیە ٠ وە لەبەر ئەوەی مێشکی مرۆڤی سەرەتایی پڕ بووە لە وێنەی حەیوانەکان ٠٠٠ چونکە ژیانی لەسەر ئەوان بووە ئەوا ئەو وێنانە سرۆشی ئەوەیان داوەتێ کە دەسکاری ئەو پارچە شاخانە بکات و وێنەی حەیوانیان لێ پێك بێنێت ئینجا بەپێی زیاد بوونی تاقیکردنەوەکەی ، لەبەکارهێنانی فۆرم و ڕەنگدا ، پەرەی بە وێنەکان داوە ٠ لەلایەکی کەشەوە لەوێنەکانی منداڵ و ئەشکەوت نشینەکانەوە تێ دەگەین کە هەردوولایان لە ڕووتکاری ـ تجرید ـ واقیعەوە دەستیان پێکردووەو هاتوون هێڵێکی گشتیان بۆ وێنە کێشاوە واتە ڕەسمی شتەکەیان کردووە نەك کۆپییەك لەشتەکان ٠

بێ گومان مەبەستی (هیربرت رید) لەپێشکەشکردنی ئەم تیئۆرەدا ئەوە نیە کە هونەری مرۆڤی سەرەتایی بە پراوەیەکی ئیستاتیکی ڕووت دابنێت ئەو باوەڕی وایە (لە هەموو حاڵەتێکدا

مرۆڤی سەرەتایی ئامانجێکی لە هونەرەکەیدا هەبووە جا یا کەڵکداری یا کۆمەڵایەتی یا سیحری یا ئایینی بووە)٠٠ لەلایەکی کەشەوە ئەم تیئۆرە تارادەیەکی زۆر ڕێی تێ دەچێت چونکە پەیدا بوونی هونەر لە پرۆسیسی کار جیا ناکاتەوە ٠٠٠ بەڵکو بە پێچەوانەوە هونەر وەکوو ڕێکەوتێك کە مرۆڤ لە ڕێڕەوی کاردا پێی گەیشتبێ‌و دەستی بەسەراگرتبێت ، نیشان دەدات ٠ ئەمەش تەواو لەگەڵ بۆچوونی زانستیدا دەگونجێت ٠٠٠٠ مرۆڤی سەرەتایی ڕۆژ بەڕۆژ لەتاقیکردنەوەکانی خۆی لەگەڵ سروشتدا شتی نوێ فێر بووە تا توانیویەتی زۆر لەو دیاردانەی وەکوو ڕێکەوت‌و سەیرو شاراوە دەهاتنە ڕێی ، لەگەڵ سروشتی خۆیدا ڕام بکات‌و دەستیان بەسەرا بگرێ‌و بیان کاتە پراوەیەك بۆ خزمەتی خۆی‌و بەدیهێنانی ئامانجەکانی لەژیاندا ٠ بەڵام خۆ ئەگەر بتوانین ئەم تیئۆرە بۆلێکدانەوەی پەیدا بوونی هونەری پلاستیکی بەکاربێنین ، ئەوا ناتوانین سەبارەت بە شیعرو مۆسیقاو شانۆگەرییەوە کەڵکێکی زۆری لێ وەرگرین ٠

## دووەم : تیئۆری (یاری) (گاڵتە) ٠٠٠٠

ئەمەش تیئۆرێکی تری باوە لە ئیستاتیکای بورژوازیدا بنچینەی ئەم ڕایە دەگەڕێتەوە بۆ (کانت) کاتێ هونەری بە یارییەکی ئازادی خەیاڵ‌و عەقڵ دانا ئینجا (شاعیری ئەڵمانی فردریك شیلەر) (Fredrich Schiller) (١٧٥٩ ـ ١٨٠٩)ئەم تیئۆرەی پەرەپێداو ڕوونیکردەوە ٠٠٠٠ وە گەیشتە ئەو ئاکامەی کە جەوهەری هونەر (یاری)یە وە هونەرمەند بەتەنگ حەقیقەتەکانی ماتریالییەوە نایەت بەڵکو بەدوای ڕواڵەتدا دەگەڕێت‌و لەسەر ڕواڵەت دەگیرسێتەوە ٠ بەرزترین هونەر لای (شیلەر) ئەوەیە کە یاری تێدا بگاتە ئاستێك لە ناخەوە بمان هەژێنێ چونکە یاری ئازاد لە هەموو ئامانجێکی پراتیکی‌و

ئاتاجێکی ڕەوشتیو جەستەیی بە دەرەو پاڵنەری سەرەکی داهێنانە سپێنسەر (Spenser) ، زانای ئینگلیزی ، ئەم تیئۆرەی پەرە پێداو بەستیەوە بە تیئۆری پەرەسەندنەوە[1] بەپێی باوەڕی ئەو ، ئەو گیانداراناەی کە خواردنی باشیان هەیە چالاکی عەسابیان زیاد لە پێویست دەبێتو ناچارن ئەو زیادەیە لە ڕێگای یاریو کایەوە سەرف بکەن •

بۆ نموونە : مشك هەندێ شت دەکرۆژێت ، نەك لەبەر ئەوەی دەتوانێ بیخوات بەڵکو بۆ پراوەکردن بە ددانەکانی یان پشیلە زۆر بە قوڵی ئارەزووی بەکارهێنانی چەنگو نینۆکەکانی هەیە هەمیشە حەز دەکات پارچە دارێك یا بەردێك،کورسی یەك •• هتد بدۆزێتەوە بە چڕنوکەکانی بیان ڕنێتو لاسایی نێچیرگرتنی پێ بکاتەوە ••• بەکورتی هەر ئەندامێکی گیانلەبەر لەزەتو خۆشی لەچالاکی نواندن وەردەگرێ ئەگەرچی ئەو چالاکی یەش هیچ سودێکی ئەبێتو تەنها گاڵتەی ڕووت بێ •• بەلای (سپێنسەر)ەوە یاری حەیوان لاسایی کردنەوەی ئەو کارانەیە کە پێویستن بۆ ژیان ، بۆ مانەوەی چەشنەکەی • دەبینین شێرو پشیلە خۆ لە تۆپێك مات دەدەن دوایی پامالی دەکەنە سەرێ یان دەبینین سەگ بە شوێن نێچیرێکی خەیاڵیدا هەڵمەت دەبات ••• کەواتە یاری لاسایی کردنەوەی ئەو کارانەیە کە (زۆران بازیمانەوە) پێویستی پێیان هەیە ••(سپێنسەر)لەسەر ڕوونکردنەوەی ڕایەکانی دەڕواو دەری دەبڕێ کە یاری ئادەمیزادیش هەر بەم چەشنەیە •••••• خۆشترین لەزەت کە لە یاری هەستی پێ دەکەین لەزەتی زاڵبوونە بەسەر بەرامبەرەکەماندا ••• وە خۆشویستنی زاڵ بوون بەسەر کەسانی کەدا مەرجێکە لە مەرجەکانی مانەوەی هەموو گیان

---

(١) بڕوانە جان ماری جویو : مسائل فلسفة الفن المعاصر • ترجمة الدكتور سامی الدوری • دمشق ١٩٦٠ ل ٢٨ـ٣٤•

لەبەرێك ••• ئێمە هەمووومان حەز لەشەڕو جەنگان دەکەین ••• جا چ ئەم حەزە لە شەترنجا ، یان لە شەڕە قسەو شەڕە نوکتەدا ، یان لەشەڕە دەستو یاریکردندا دەربپڕین ••• جەنگان چاوگەیەکە لە قوڵترین چاوگەکانی یاری ••• لە کۆمەڵگاکانی سەرەتاییدا یاری بە ئاشکرایی شێوەی جەنگ وەردەگرێ ••••

وە سەماو هەڵپەڕکێو گۆرانییەکانیشیان هەموویان نواندنی شەڕن ••• کەواتە دەتوانین بڵێین کە هونەریش ئەو یارییە ناسکە لە بنەڕەتا ، یان لە ڕواڵەتە سەرەتاییەکانیدا،دەگەڕێتەوە بۆ فەریزەی خەبات کردنی سروشت ، خەبات کردنی ئینسان لێرەوە لەسەر دەمی ئەمڕۆشماندا هونەر یاریدەمان دەدات بۆ دەربڕینو سەرفکردنی ئەو هێزو ووزەیەی بەهۆی باری هێمنیو ئاسایشەوە لە لەشماندا پەنگی خواردۆتەوە ••• وە ئەو لەزەتەی لەهونەریش دەیکەین تەنها لەزەتی سەرفکردنی ئەو ووزە زیادانەیە نەك هی هیچ سوودو کەڵکێکی دیاری کراو •••

گومان نیە ڕەگەزەکانی یاریو گاڵتە لە هونەردا هەن ••• هونەرمەند پاڵەوانو دیاردەی خەیاڵی لە کارەکانیدا بەرهەم دەهێنێ ••• ئەکتەر مردنێکی ڕاستەقینە لەسەر شانۆ نامرێت بەڵکو (لاسایی)مردن دەکاتەوە ••• بەڵام ئەو مانا فەلسەفییەی ئیستاتیکای کانت دەربارەی یاری ــ هێناویەتە کایەوە ، جیاوازە کانت یاری بە دەربازبوون لە چوارچێوەکانی (وڵاتی یاساکانی بابەتی)و پێویستی هەڵاتن لە دەست واقیعو درووست کردنی پەنایەك لەناو جیهانی حەقیقیدا دادەنێت [1] تامەزرۆ بوون بۆ یاری وەك یاریو هیچی تر شتێکی دوورە لە ژیانی مرۆڤی سەرەتاییەوە ••• هەروەها گۆرانیو سەمای مرۆڤی سەرەتایی

(١) علم الجمال الماركسي اللينيني ج ٢ ل ٨٧ •

گەلێك ئامانجی سیحریو کۆمەلایەتیو کەلکداری هەبووە • لەبەر ئەوە ناشێ بیانگێڕینەوە بۆ غەریزەی شەڕو جەنگان ••خۆ ئەگەر هەموو هونەرێکیش یاریبێ ئەوا دەبێ هەموو یارییەکیش هونەر بێ ••• لێرەدا هونەر سیفاتە تایبەتیو تاکییەکانی خۆی لەدەست دەدات ••• لەلایەکی کەشەوە مەرج نیە • کە لەزەت وەرگرتن لە هونەر هەموو دەمێ پێویستی بەسەرفکردنی ووزەی زیادەی لەش بێت لەزۆربەی کاتدا تەنها لێخووردبوونەوە یاسەیرکردنی کاری هونەری بەسە بۆ ئەوەی لەزەت لای مرۆڤ بەرپا بکات •

سێیەم تیئوری پەرەسەندنی داروین : ئەم تیئورە پەیدا بوونی چالاکی هونەری دەباتەوە بۆ سەر تەئسیرکردنی غەریزەی سێکس لەسەر بێئاگایی مرۆڤ لێرەوە هونەر دەربڕینی ئەو ئەفکارو بیرانەیە کە بەهۆی غەریزەی سیکسەوە لە بێئاگاییدا خڕبوونەوە ••• کە سەیری گیانلەبەران بکەین دەبینین زۆر حەیوان شێوازی هونەری تایبەتی خۆیان هەیە کە یاریدەیان دەدات بۆ هەلبژاردنی سێکس • وەکوو ئەوەی حەیوانی نێر زۆر شێواز بەکار دەهێنێت تا سەرنجی مێ ڕابکێشێو ڕامی بکات • وە لای ئادەمیزادیش گەرچی بە پێچەوانەی گیانداڕانی ترەوە جوانیی نێر لە مێ کەمترە ئەوا چالاکی هونەریوبەهرەی هونەر لەگەل چالاکی (گەدەی تناسلی)دا بەیەکەوە بەدەردەکەون ••• هەرزەکار دەبێتە شاعیرو دەیەوێ لە ڕێگەی داهێنانی هونەرییەوە کچ ڕابهێنێت •

لەبەر ئەوە جوانیو خۆشەویستیو سێکس لای داروین سێ ڕوون بۆ یەك دیاردە : ئەویش بەردەوامیو پەرەسەندنی ژیانە ••لای مرۆڤی سەرەتایی ڕقە بەرایەتی سێکس هۆو پالنەری پەیدابوونی شێوەکانی هونەری سەرەتاییە • ئەو شێوانەی کە لای هەندێ حەیوانیش هەستیان پێدەکەین ، وەکوو سەماو قیژوهوڕو گۆرانی و لاسایی کردنەوە ، دەربڕینی ئەو ڕقەبەرایەتییەیە •

لەباسی (ئایدیای جوانی) دابڕێ لەم تیئۆرە لە ڕووی کۆمەڵایەتیو مێژوویی یەوە دواین ••• وە ئێستا گەر لە ڕووی هونەریشەوە سەرنجی بەدەینێ دەبینین تا مەودایەکی زۆر کورت پێ دەکات ••• خۆ ئەگەر ئەم تیئۆرە ڕاست بایەو غەریزەی سێکس هۆی پەیدابوونی هونەر بایە ، ئەوا دەبوو هەموو کەسێك بەبێ جیاوازی هونەرمەندو شاعیر ببایە ••• بەڵام گومانی نیە کە هونەر تا ڕادەیەکی زۆر سنعەتو داهێنانە و مرۆڤ هەرچەندە غەریزەی سێکسیشی بەهێز بێت گەر شارەزاییو بەهرەی هونەری نەبێت ناتوانێت هیچ کارێکی هونەری ئەنجام بدات •

چوارەم : (سیحر شێوەیەکە لە شێوەکانی ئایینی سەرەتایی پێك هاتووە لە کۆمەڵە تقوسێك بە مەبەستی کارکردن لە خەڵك یا زیندەوەران یان ئەو ئەرواحانەی لە خەیاڵی مرۆڤدان ، وە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو • سیحر لەسەر ئەو بناغەیە دروست بووە کە گوایە پەیوەندییەکی (سوپەر ناتورالی) (supernatural) لەنێوان ئادەمیزادو جیهانی دەورو بەریدا هەیە [1] لەباسی پێشودا بۆمان ڕوون بۆوە کە کارـواتە پەیوەندی مرۆڤ بە دەوورو بەرەکەیەوە ـ سەرچاوەو مەرجی پێشەکی بیرە ••• بیرەکانی مرۆڤ لەئاکامی تاقیکردنەوەی جۆر بەجۆر لەگەڵ سروشتدا هاتونەتە کایەوە ••• وە یەکێ لە گرنگترینو سەرەکی ترین ئەو شێوازانەی مرۆڤی سەرەتایی توانیویەتی لە ڕێگایەوە بیرەکانی پێك بێنێو دەوڵەمەندیان بکات ، ڕێگەی لێك چوونو بەراووردکردن بوون ـ هەروەکوو لە نموونەی داردەستەکەو میوەکەدا بۆمان ڕوون بۆوە • ئەمە ڕێگەی بۆمرۆڤ خۆش کردووە تاقیکردنەوەو ئەزمونێکی زۆر کۆبکاتەوەو بیکاتە

---

(١) الموسوعة الفلسفية • ل ٢٢٤[سوپەر ناتورال = واتە لە سەرووی سروشتەوە ـ غەیبی] •

سەرەتاگە بۆ تاقی‌کردنەوەی تازەترو پێش‌کەوتووترو داهێنانی کاریگەرتر کە بتوانێ بە سایەی ئەوانەوە بەسەر سروشت و کۆسپ‌و قۆرتەکانی ژیانیدا زاڵ بێت یان بە واتایەکی تر واقیع بۆ ئاستی خەیاڵ‌و تەماکانی خۆی بەرزکاتەوە ، ئەم دیاردەیە بنەرەتی هونەرو سیحرو ئایین لە یەك کاتدا پێك دەهێنێت ...

شارل لالو دەڵێت : سیحر کۆمەڵە تقوسێکە ئامانج لێی ئەوەیە هێزێکی ئەوتۆ بدا بە مرۆڤ بتوانێ بەهۆی هەندێ هێزی شاراوەوە کە لە پەراوێزی ئاینێکی ڕێك‌وپێك‌دا سەر هەڵدەدەن تەئسیر لە سروشت بکات (١) وە زۆربەی جوانی ناسان بناغەی سیحر دەگێڕنەوە بۆ لێکدانەوەی شتەکان لە لایەن مرۆڤی سەرەتایی‌یەوە لەسەر ئەساسی لێك‌چوون‌و بەراوردەوە • قوتابخانەی ئەزموونی ئینگلیزی (المدرسة المختبرية الانگليزية) پرۆسێسەکانی سیحری بەهۆی چەسپاندنی یاساکانی سایکۆلۆژی لە مەیدانی بەدوایەکدا هاتنی بیرەکاندا (تداعی الافكار) لێك دەداتەوە ... ئەم تیئۆرە بەدوا یەکداهاتنی بیرەکان لە ڕێگەی بەیەکەوەبەستنەوە ـ اقتران بەرامبەر بە (سیحری هاوسۆزی) دادەنێ:واتە باوەڕهێنان بەوەی کە ئەو تەئسیرەی لەسەر بابەتێك ڕوو دەدات دەشێ لەسەر ئەو شتەش ڕووبدات کەپەیوەندی پێوە هەیە وەکو ئەوەی تووشی باوك دێ دەشێ تووشی کوڕەکەو ژنەکەشی بێت •

واتە بنەڕەتی سیحر لێرەدا باوەڕ هێنانە بە ڕێك‌کەوتنێکی نائەنقەست ـ ڕووداوێك پەیوەست دەبێت بە ڕوداوێکی کەوە ، هەموو شتێك بەپێی ( هاوسۆزی ویژدانیی ) کار دەکات بەو گریمانە کە شتەکان هەرچەندە لەیەکتریشەوە دووربن بەهۆی ئەڵقەیەکی سیحری‌یەوە کار لە یەکتری دەکەن لەبەر یەکێ لەم هۆیانە :

---

(١) شارل لالو ـ الفن والحياة الاجتماعية ل ٨٣ •

١ ـ بوونی لێك چوون لەنێوانیان •
٢ ـ کاتێ لەکاتەکانی زوو پەیوەست بوون •
٣ ـ یەکێکیان بەشێکی ئەوی تری پێك دەهێنا •

بەلاَم ئەوەی لای مرۆڤی سەرەتایی زیاتر پەیـڕەوی کراوە سیحری لاساییە ••• واتە ئەو شتە یا ئـەو ڕووداوەی کـار لە شتێك بکات کە لە شتێکی تر بچێت ، ئەوا کار لەو شتەی دووەمیش دەکات • وە تەعزیم (envoutement) پراوەیەکی چەشنی ئەم جۆرە سیحرەیە : بۆ ئەوەی کەسێك لە دڵیـەوە بریندار بکەیت ، ئەوەندە بەسە کە دەرزییەك لە دڵی بووکە شووشەیەك بچەقێنیو وای دابنێی کە لـەو دەچێت ••• تقووسی ئاینی لـەم چەشنە لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا بە زۆری بەرچاو دەکەون ، ئەم جۆرە پراوە سیحرییانە لەو کۆمەڵگایەدا بریتی بوون لە هەوڵدانی ئادەمیـزاد بۆ زاڵ بوون بەسەر هێزەکانی سروشتدا لەو باوەڕەوە کە لاسایی کردنەوەی ئەو هێزاتە ئەو توانستە دەدا بە مرۆڤ کە بەسەریاندا زاڵ بێت •••• کۆنترینی ئەم نەریتە سیحریانە جۆرە تقوسێکی تایبەتی بە ناشتنی مردووەکانەوەیە [1] لە زۆربـەی نەریتەکانی کۆنی ناشتندا سەرنج دەدەین کە قاچەکانی مـردوو بەشێوەیەك چەمێندراونەتەوە کە لاسایی کاتی لەدایـك بوون بکەنەوە ••• یان ئێسـقانەکانیان بە بـۆیەی سوور بۆیە دەکران بۆ لاسـایی کردنەوەی خوێنو ژیان •••• وە لە کۆتایی سـەدەی بەردیندا لاشەی مردووەکان لە قوماشەوە دەپێچرانو قاپو قاچاغیان لەگەڵ دەنێژران ••• ئەم تقوسانەی تایبـەتی بە ناشتنەوە سەرەتاکانی بنیات نانی ئەهرامە مەزنەکانو گۆڕستانو پەرستگاکان لەمیسری کۆن وە چینو کۆریادا دەستنیشـان دەکات ••• وە هـەروەها لە ژیانی سـەرەتاییدا هەنـدێ تقـوسی تایبەتی بـە ڕاوکردنەوە

(١) بڕوانە سیدنی فنکلشتین ـ الواقعیة فی الفن ل ٢٠ •



هەواڵنامەی کتێب

هەبوون کە تێیاندا لاسایی بزوتنەوەو چالاکی ئەو حەیواناتە دەکرایەوە کە ڕاو دەکران وە هەروەها لاسایی پرۆسیسی ڕاوکردنەکە دەکرایەوە ، وەکوو بەشێك لەم جۆرە تقوسانە لە سەردەمی بەر لە مێژوودا : هەڵکەندن‌و کێشانی وێنەی گیانداران لە ئەشکەوتەکاندا پەیدابوو .... ئەم وێنانەش لاسایی نێچیرەکان‌و شێوەی ڕاوکردنیان دەکەنەوە . لەگەڵ پەیدابوون‌و پەرەسەندنی کشت‌وکاڵیشدا (سەماو هەڵپەڕکێ‌و گۆرانی) تایبەتی بە تقوسی سیحریەوە درووست بوون ، هەندێ جار بۆ لاسایی کردنەوەی کرداری سێکس یان لاسایی مردن‌و لەدایك بوون . لەو باوەڕەوە کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانی لەدایك بوونی ئادەمیزادو تازە بوونەوەی پیت‌و بەرەکەتی خاکدا هەیە .

تیئۆری سیحری دەتوانێ تا ڕادەیەك ئەو مانایە ڕوونبکاتەوە کە مرۆڤی سەرەتایی خۆی لە کارەکانی هونەرییدا بەدی دەکرد ، بەڵام ئەم تیئۆرە ناتوانێ مانای واقیعی و مێژوویی‌و پێویستی ئەو کارانە ڕوونبکاتەوە .... ئەو مانایەی کە لە پێداویستی تێیگەیشتن‌و ناسینی جیهاندا خۆی حەشارداوە ... کاتێ کاری ئادەمیزاد قۆناغی سەرەتایی غەریزەی جێهێشت ، تاسەو توانستی سیفاتە یاسایی‌و گەردوونی‌یەکانی کار لەلای درووست‌بوو ، ئادەمیزاد توانی دیاردەو شتە لێك‌چووەکان لە سروشتدا بدۆزێتەوەو بەمە توانی هەنگاوێکی گەورە لە ڕێگای ناسینی سروشت‌و جیهانی دەووروبەریدا بنێت . چونکە لەم ڕێگایەوە توانی شتە لەیەك چووەکان بەیەکەوە ڕیزبکات‌و پەیوەندی نێوانیان بدۆزیتەوە .... وە بۆ هەر کۆمەڵێکی لەیەك‌چوو ـ چ گیانلەبەر بن‌و چ بێ‌گیان ، ڕەمزێك دابنێت ... بەم چەشنە شتەکان‌و بابەتەکان کردران بە ڕەمزو ـ ناوو ـ چەمك ..... وای‌لێهات ناسینی ڕەمزەکە یان بەدەست‌کەوتنی شتە ڕەمز

بۆدانراوەکە ، یان ناونراوەکە بگەیەنێت ••• لەکاتێکدا مرۆڤی سەرەتایی پەیکەرێك یاوێنەیەکی حەیوانی دڕندەی دروستدەکرد وای دەزانی کە لـە ڕێگەی ئەو پەیـکەرەوە یان ئـەو وێنەیەوە دەتوانێت بەسەر دڕندەکەدا زاڵ بێتو بە ئاسانی ڕاوی بکات ، واتە هەبوونی (وێنەکە) هەبوونی (شتە ئەسڵییەکە) دەگەیەنێت ، وە بەم جۆرە لەو کەرەسەو ماتریالانەی شـیاوی شت لێدروست کردنن ئەو (ڕەمز)انەی درووست دەکردن کە پێویسـت بوون بۆ دەربڕینی باوەڕو ئایدیاکانی ••• وە زۆر جار پەنای دەبردە بەر فریودانوهەڵخەڵەتاندنی سروشت بەڕێگەساکارە سەرەتاییەکەی خۆی : وەکو پەرستنی (تەوتەم) ـ حەیوان ـ و قوربانی پێشکەش کردن بۆی •• بۆ ئەوەی کە بەفێڵو فرتو خۆبەدەستەوەدان ئەو شتانە بەدەست بێنێ کە نەیدەتوانی لەڕێگەی هێزەوە دەستگیریان کات یان بە واتایەکی تر لەواقیع هەڵبێت وە جێگرێك بۆحەقیقەت بدۆزێتەوە •

کۆلینگ وود ـ هێزی سیحر لەخۆیدا نابینێت بەڵکو بەلای ئەوەوە هێزی سیحر لەو خرۆشەدایە کەلای ئەو کەسانە بەرپای دەکا کە پراوەی دەکەن • کردنی سەمای شەڕ یا لاسایی کردنەوەی ڕاو مانای ئەوە نیە کە دوژمنەکە دەشـکێنێت ، یا نێچیـرەکە بە ئاسانی دەسـتگیر دەبێت ، بەڵکو مانای ئەوەیە کە لە شـەڕو ڕاو کردندا هیچشتێ بەبێ ڕۆحی مانەوی تەواو نابێتو ئەرکی سیحر ئەوەیە ڕۆحی (مانەوی) بپارێزێو پەرەی پێبداو یان ئەو ڕۆحە لەلای دوژمن نەهێڵێت (١) •

ئێمە تا ئێسـتا ووشەی هـونەرمان بۆ وەسـف کردنی ئەم داهێنانەی مرۆڤی سەرەتایی بەکار هێنا ••• بەڵام ئاشکرایە کە

(١) کولینگوود ••• مبادیء الفن ل ٨٧ •

وشەی هونەر لێرەدا (مەرجدارە) چونکە ئەو کارانە ئەوەندەی کە هونەر بوون ـ زانستیش بوون ، واتە شێوەی یەکەمی دابەش نەبوونی زانیین بوون (٢) .

چونکە وەك هربرتريد دەڵێ هونەرمەندی سەرەتایی مەودایەکی نەدۆزیوەتەوە کە پێی بڵێین : سروشت ، بەڵکو جیهانی ئەو جیهانێکی تەواو بووە کە تێیدا ماتریال لە ڕۆح جیا نەبۆتەوە ... لەبەر ئەوە چالاکیەکانی مرۆڤی سەرەتایی چالاکییەکی تاكو تەرا یان جیا جیا نەبووە ، بەڵکو بەشێك بوون لە چالاکی ژیانی : ئەو چالاکی یە بەگرێو گۆڵەی کە هەموو توانستەکانی دەگرێتەوە لە جیهانێکدا کە بە شێوەیەکی : سۆفی گەریانە ناسراوە . واتە زانینی جیهان لە یەکایەتی یەکەیدا ... لەو قۆناغەدا پاڵنەری جوانی بەشێك بووە لە عەقڵی ئادەمیزاد (هەقمانە گەر بڵێین کۆنترین شێوەکانی زانین نزیکن لەوەوە کە ئێمە بە شێوەکانی ئیستاتیکی ناویان دەبەین چونکە ڕەگەزەکانی هەستی ئەبستراکت تێیاندا بەسەر شێوەی زانینی لۆژیکیو شیکردنەوەدا زاڵە)(٣) .

کەواتە هونەر لەبەر زێدە مەسرەفی یەکی ڕۆحی یان زێدە ووزەیەکی لەشی درووست نەبووە ... بەڵکو پێداویستی یەکی شێلگیری زانیینو گشتی کردن ، کە هەلو مەرجی چالاکی کار خۆی درووستی کردووە ، هێناویەتیە کایەوە ... وە تەنها لەم ڕێگەیەوە دەتوانین دەرکەوتنی هونەر لە هەلو مەرجی پەرەسەندنی لاوازی ئابووری سەرەتایی دا لێك بدەینەوە .... لەو هەلو مەرجەدا زۆر گرنگتر بوو بەلای ئادەمیزادەوە کە

---

(٢) علم الجمال الماركسي اللينيني ل ٩٠ .
(٣) هس ، ل٨٩ .

بابەتی بنەڕەتی چالاکییە پراتیکییەی بزانێ لەوەی خۆی وەکو بوویەکی کۆمەڵایەتی بناسێ . پەیوەندی کۆمەڵایەتی هێشتا گەلێك سەرەتایی بوو و ئەو زەمینە پەیدا نەبوو بوو کە کەسایەتی تاكو سەربەخۆی تێدا هەڵبکەوێ بەڵام بە تێپەڕبوونی کات پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی جیابوونەوەو گرێو گۆڵیان تێکەوت لەبەر ئەمە وێنەی ئادەمیزاد لەسەردەمی (نیولیت)و سەدەکانی برۆنزیدا شوێنێکی گەورەتری داگیر کردووە .

## کاری هەرەوەزیو هونەر

ئەو ژیانە سەختو پڕمەترسییەی بەردەوام مرۆڤی سەرەتایی تیادا دەژیا بەسەریا دەسەپاند کە هەستی کۆمەکی بە شێوەیەکی سروشتیو خۆکرد ببێتە بەهێزترین هەستێك کە تاکە کەسی بە ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگایەوە دەبەستێتەوە ... سەماو گۆرانی تقووسی کۆمەڵگای سەرەتایی هەستی سەربەکۆمەڵ بوونو تەبایی لەلای مرۆڤی سەرەتایی بەهێز دەکرد ... ئەو هەستە ئارامو خۆشیو سوکناتی دەخستە دڵو دەروونییەوە ... ئەوەی گومانی لێ ناکرێت ئەوەیە کە ڕوخساری کۆمەڵی لێرەدا گرنگییەکی زۆری هەیە ... چونکە ئەو تقووسانە تەنها لەگەڵو لەناو کۆمەڵدا دەکران ... لە ڕێگەی ئەوانەوە مرۆڤ هاووێنەیی خۆی لەگەڵ هەموو ئەندامانی دیکەی تیرەکەیدا دەسەلماند ... چونکە نەمانی ئەو هاووێنەییە دەیخستە بەردەم مەترسییەکی گەورەوە ، مەترسی لە کۆمەڵەکە خۆی ، مەترسی دەرەوە کاتێ مرۆڤ بە تاقوتەنها دەکەوێتە گۆڕێ . لەگەڵ ئینسانیبوونی کارو پەرەسەندنی توانستی مرۆڤ لەبەکارهێنانی هەندێ ئامرازی پێشکەوتوو لە ئیشوکاریدا ، کاری هەرەوەزی کۆمەڵی لای مرۆڤ گەیشتە قۆناغێکی وەها کە پێویستی بە شێوەی هونەری پێشکەوتوتر بێت

بۆ ئەوەی (هێزی سیحری یا مانەوی) یەکسەر لە ماوەی پرۆسیسی کارکردنـەکەدا بە مـرۆڤ ببەخشێت ... لـە کاتێـکا تقووسە سیحرییەکانی پێشـووتر ـ وەکو هی ڕاوکردن ، بەر لـە دەست پێکردنی کارەکە ئەنجام دەدران . کاری بەرهەم هێنان کارێکی هەرەوەزی بوو ... کۆمەڵە دەستێك بەیەکەوە کاریان دەکرد .. لێرەوە بەکارهێنانی ئامرازەکانیش بناغەی پەیوەندییەکی تازەی دارشت ... نمـرەی دەنگی گیانـداران بە توندوتیـژی درێژ دەبێتەوە .. بەڵام دەنگەکان لای ئادەمیزاد بوون بەوتەی ڕوون‌و ئاشکرا ... مـرۆڤ تواتی ئەو وتانە فێربێت‌و بـۆ ڕێکخستنی بزووتنەوەی کۆمەڵە ئیشکەرەکە لـە کاتی کارکردندا بەکاریان بهێنێت ... بـەم چەشنە مرۆڤ لەگەڵ داهێنـانی ئامرازەکاندا (قسە)شی داهێنا ... جارێکی‌تر پەیوەندی نێوان دەست‌و مێشك خۆی دەرخستەوە ... ئەگەر ئێمە سەرنج بدەینە منداڵێك کاتێ چەکوشێکی بچـووك بـەکار دەهێنێ ، ئـەو ڕەنجـە دەروونییە گەورەیەمان بـۆ ڕوون دەبێتەوە کە مرۆڤ کاتێ ئامرازێـك بۆ یەکەمجار بەکـار دەهێنێ بەختی دەکات . کۆمـەڵی ئادەمیزادی سەرەتایی بەیەکەوە ئیشیان دەکرد . هەر بزووتنەوەیەکی دەست یا قاچ‌و هـەر زەبر وەشاندنێك لەبەرد یان دار ، ئیقاعـەکەی بە شێوەیـەکی نادیـار ڕاگـیرابوو و وادەردەکـەوت کـە هەمـوو ئیش‌کەرەکان بەیـەکەوە گـۆرانی دەڵێـن . بەبێ ئـەم (دەنگێ هاوەڵییە ـ المصاحبة الصوتية) نەدەکرا کارەکە تەواو بێت . بەم پێیە قسە وەکو ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی تەکنیکی بەرهەم هێنان ـ بە هەموو مانای وشە ـ بەدەرکەوت ... ئێستاش گەر سەرنج بدەینە پرۆسـیسی خانوو دروست کردن لە کوردسـتاندا دەبینین کۆمەڵێك کرێـکار خشت بۆ وەستا هەڵدەدەن‌و وەسـتاش لەسەر دیوارەکە وەستاوەو خشتەکان دەگرێتەوەو ڕیزیان دەکات ...

کرێکارەکان لەگەڵ فڕێدانی خشتەکە دەنگی (ها) یان (هانێ)یان لێوە دێت ، لەکاتێکا وەستاکە بەردەوام لەبەر خۆیەوە بانگ دەکات : بابێ دەی ... بابم دەی ، چ ئەو دەنگەی لە کرێکارەکانەوە دەردەچێ‌و چ بانگەکەی وەستا ، دەوری ڕاگرتنی ئیقاعی بزووتنەوەی فڕێدانی خشتەکان دەبینن . ئیقاع بە مانا فراوانەکەی کۆمەڵە دەنگ‌و سازێکە کە بە شێوەیەکی ڕێك‌وپێك لە لایەنی کات‌و ئاوازەکاندا بەدوا یەکدا دێن . بێگومان ئیقاع ئەسڵێکی فیزیۆلۆژی هەیەو دەشێ پەیوەندی بە لێدانی دڵەوە هەبێت ، لەمەدا مرۆڤ لەگەڵ گیاندارانی‌تردا هاوبەشە . بەڵام ئیقاع لای ئادەمیزاد ـ ئینسانی کراوە . واتە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی خراوەتە ئەستۆ ... ئەویش ئەرکی ڕێکخستنی هەست‌و سۆزەکانی ئەندامانی کۆمەڵە بە مەبەستی یەکخستنیان لەسەر بناغەی هاوسۆزی ئێوانیان ... لێرەوە بزووتنەوەی ئیقاعی لەش بوو بە سەرچاوەی سەماو هەڵپەڕکێ‌و ئیقاع‌و بزووتنی زار بوو بەسەرچاوەی زمان . بۆ نموونە سەیر دەکەین (هەڵپەڕکێ‌و سێ‌پێیی کوردی) لە پێمەڕەکارییەوە سەری هەڵداوە ... چونکە هەمان جووڵەو قاچ پێش‌و پاش خستن‌و هەنگاو بەرەو پێش‌و بەرەو دوابردنی تێدا هەیە . لە پێمەڕەکردندا سێ پێ بەیەکەوە کۆدەبنەوە دوویان هی کابرای پێمەڕە بەدەست یەکێکیشیان پێمەڕەکە خۆی[1] ، لەکاتێکدا ئەم کارە بە شێوەیەکی هەرەوەزی کراوە ژمارەیەکی زۆر لە قاچ‌و پێمەڕە لەیەك کاتدا هەڵسووڕو داسووڕیان کردوە ... خۆ ئەگەر قسەکەی پێشوومان بخەینەوە بیر (کە هیچ کارێك بێ هاوەڵە دەنگێك تەواو نابێت )

(١) مەسعوود محەممەد . فۆلکلۆر ، گۆڤاری بەیان . ژمارە ٣٥ی ١٩٧٦ .

... ئەوا بە ئاشکرایی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە نەك هەڵپەڕکێ‌و سێ پێی خۆی بەڵکو ئەو ئیقاعــە دەنگییەش کە لە دەهۆڵ لێداندا یان گۆرانیی تایبەتی بەم پراوەدا خۆی دەنوێنێ لەپێمەڕەکارییەوە وەرگیراوە • چونکە ئیقاعی دەنگی وەکو گوتمان ـ لە پرۆسیسی ئیشکردندا بــوو بە سەرچاوەی زمان ... زمان یەکەمجــار بە هاوارو بانگی ڕێك‌وپێك بۆ ڕێکخستنی ئیقاعی بزوتنەوە دەستی پێ‌کرد ئینجا پەرەی سەندو بوو بە قسەی شیعری‌و قسەی ئاسایی• لە دوایدا بە دروست بوونی ئامراز ئــەو دەنگە دەنگ‌و هاوارەی دەنگی مرۆڤ دروستی دەکرد لەلایەن ئامرازی ئیش‌کردنەوە بە هۆی بەیەك کێشان‌و بەیەکدی دادانیاندا دروست دەکران ئەمەش بوو بە ناوەرۆکی مۆسیقای ئالی ... هەنگاوی یەکەم بەرەو پەیدا بوونی شیعر ئەو ساتە بەدی‌هات کە(هەڵپەڕکێ)ی لێ‌سەندرایەوە، ئەوسا (گۆرانی) پەیدا بوو ... لــە گۆرانیشدا شیعر دەبێت بە کەرەسەی مۆســیقا ... مۆسیقاش دەبێ بە فــۆرمی شیعر ... ئینجا شیعرو مۆسیقا لە یەکدی جیابوونەوە ... فۆرمی شیعر هێشتا لەو پێکهاتنە ئیقاعییەدایە کە لــە مۆسیقاوە بە میرات بۆی بەجێ‌ماوە ... بەڵام پێکهاتنێکی سادەیە ... بەجۆرێ دەتوانین گرنگی بە ماتریالییە عەقلییەکەی بدەین‌و تێی بگەین •

دەوری گۆرانی‌و مۆسیقا لە ڕێڕەوی ئیش‌کردنی هەرەوەزیدا هەر ئەو دەورە سیحرییە کۆمەڵایەتییە بووە کە مرۆڤ لە هونەری ڕەچاو کــردووە •• لەپێش هەموو شتێکەوە ڕاگرتــنی ئیقاعی بزووتنەوەکــەو دانی هێزێــکی مانــەوی‌و ڕۆحی بە مــرۆڤ بۆ سەرکەوتن لە کارەکەیدا • لێــرەوە هەر جۆرە کارێك گۆرانیی تایبەتی خۆی هەبووە : گۆرانیی دروێنە ، گۆرانیی سەوڵ لێدان‌و گۆرانیی مازو چنینەوە... هتد• مرۆڤ هەمیشە لە گۆرانییەکانی کاردا ئــەو بیرانەی هەڵبژاردووە کــە لکاون بە ژیــان‌و پراوەی

ڕۆژانەیەوە بەڵام خستوونیەتە ژێر ڕکێفی خەون و خەیاڵ و ئاواتەکانیەوە و گۆرانیی کار جگە لەوەی مرۆڤی لە ڕوتینی و وەڕزی کارەکە دوور خستۆتەوە بۆتە بۆتەیەکیش کە ئازار و ئاواتەکانی هەڵڕشتوون و ڕەنگی ئاسۆیەکی تازەی بۆ داڕشتووە. هێشتا لە ئەوروپادا گۆرانیی کار باون ... واتە گۆرانیی دروێنەو سەوڵ لێدان ... کە دەوری ئاسان کردنی ئیش و بەرهەمهێنان دەبینن بەهۆی زیاد کردنی ڕەگەزێکی موگناتیسی ئیقاعییەوە .. ئەم بەستەیە مۆزەدەرێکی سوێدی لەدەم منالێکەوە لە (ئونکا) دەیگێڕێتەوە ، ئەو منالە ئەم بەستەیەی لە کاتێکا گوتووە کە ئیشی بەرد شکاندنی بۆ بەکرێگرتە ئەوروپییەکانی کردووە :

به خرابی لەگەڵمان دەجووڵێنەوە ..... ئاهی
زۆر دڵ ڕەقن لەگەڵمان ........ ئاهی
قاوەکەیان دەخۆنەوە ...... ئاهی
هیچ بەشی ئێمە نادەن ..... ئاهی[1]

وتەی ئاهی کە لێرەدا دووبارە بۆتەوە : سەرە بەندێکە لەگەڵ لێدانی چەکوشەکەدا ڕێك دەکەوێت .... ئەمەش گۆرانییەکی ترە لە ئەفەریقیای ناوەڕاستەوە کۆمەڵە حەمباڵێکی پێست ڕەش کە بەشێك بوون لە کاروانی پیاوێکی پێست سپی گوتوویانە :

پیاوە پێست سپییە بەدەکە کەنار بەجێ دەهێڵێ – بۆتێ = بۆتێ
ئێمەش بەدوای پیاوە سپییە بەدەکە دەکەوین – بۆتێ – بۆتێ
مارەیەکی درێژ بەدوای دەکەوین چونکە نانمان دەداتێ – بۆتێ – بۆتێ
گردۆڵکەو ڕووبارەکان تەی دەکەین – بۆتێ – بۆتێ .
لەگەڵ کاروانی ئەم بازرگانە پێست سپییەدا – بۆتێ – بۆتێ[2]

(۱) جورج طوسون . الماركسية والشعر ل ۲۳ .
(۲) هسس هل .



هەواڵنامەی کتێب

ئەمەش بەستەیەکە کە ژنێکی مەشکەژەنی کورد لە موکریاندا لە کوردستانی ئێران گوتوویەتی :

مەشکەم مەشکەی مانگایە
لولەپ لە دار خورمایە
لەبەر ڕۆنی هەڵنایە
هەی ماڵە بابم مەشکێ
هەی عەمرو چاوم مەشکێ
هەتیوە دەست مەبزێوە
بازنەی لە قۆڵم دەشکێ
مەشکەم مەشکەی گامێشێ
ئاوی سیروان دەکێشێ
هەی ماڵە بابی من بێ
هەی عەمرو چاوی من بێ
مەشکێ دەژێنین بە چواران
لەبن سێبەری داران
ڕۆنی دەگرین بە باران
هەی ماڵە بابم مەشکێ
هەی عەمرو چاوم مەشکێ
چەندم کردووە مەشکە ژێنی
سەرم بۆتە تەپڵە گوێنی
عەزاب نەبێ پێم نامێنی
هەی ماڵە بابی من بێ
هەی عەمرو چاوی من بێ (1)

ئەمەش لاواندنەوەیەکە کە کابانی کوردستان لەگەڵ مانگادۆشین‌دا دەیڵێ :

تــوێ تــوێی دایــە تــوێی دایــە
ڕەبی بەخێــر بێتەوە لە ڕانە مانگــایە
توێ توێی دایــە تــوێ توێی دایــە
بەقەت حەوت مانگایانت شیر تێ‌دایە
ڕەبی بــەرەکەت بێ لە عــومرو ماڵی
ڕەبــی ســاحەبــەت نــەنــاڵی
تــوێ تــوێ نــەنێ دایــە(٢)

کە سەرنجێك لەم چەند نموونانەی سەرەوە بدەین دەبینین لە هەموویاندا سەرە بەندێك هەیە کە دووبــارە دەبێتەوەو ئیقاعی بزوتنەوەی کارەکە ڕادەگرێت ... هەروەها لە هەمووشــیاندا گۆرانی‌یەکان بوونەتە ئامرازێکی ســیحری بۆ دەربڕین‌و سووك کردنی ئازارو خەفەتەکانی گۆرانی چڕەکانی . یــان دەربڕینی نیازو تەماو ئاواتەکانیان ... هەر ئەم وەزیفە سیحرییەشە کە تا ئێستاش شیعری کردۆتە پێویستییەکی چاولێنەپۆشراوی ئادەمیزاد بەڵام گەر شاعیری ئەمڕۆ ئەم کارە لە هۆشیاری‌یەوە بکات واتــە بە ئەرکێکی ئایدیۆلۆژی خۆی بزانێ کە وێنەی جیهانێکی تــازەی ڕەنگین بخاتە بەردەمی مرۆڤ‌و لە واقیع تێپەڕ بکات ، ئەوا مرۆڤ لە قۆناغە سەرەتاییەکانیداو لە پرۆسێسی کاری بە کۆمەڵدا ئەم کارەی بــەبێ ئاگاییەوە کردووە ... لێرەوە هەمــوو گۆرانی‌و بەستە فۆلکلۆریــەکان‌و پەندە بەنرخــەکانی پێشــینان‌و ڕشتەی مرواریەکانی داستان‌و سەرگوزەشــتەکان ، دەربڕینی دروست‌و

---

[(١)و (٢)]سەعید . گۆشەیەك لە ئەدەب‌و فۆلکلۆری ژن / بەیان ژمارە ٣٣ ساڵی ١٩٧٥ .



هەواڵنامەی کتێب

ساغن لە بێ ئاگایی بەکۆمەڵی ـ اللاشعور الجماعی) مرۆڤ ، ئەو مرۆڤەی هەمیشەو لە هەموو لەحزەیەکی مێژوودا تامەزرۆی ژیانێکی تازەو خۆش و بێ وەی و پڕ لە ئۆخەی بووە ... بیر کردنەوەیەکی سەرپێی لەومانا بەرزو بەهێزانەی پەندی پێشینانی (کورد) هەیانە ، بۆمان دەردەخات کە ئەو پەندانە بەرهەمی گەلاڵە کراوی سەدەها تاقی کردنەوەی ڕۆژانەی ژیانی بە کۆمەڵیی ئادەمیزادی کوردن ، لە ڕێڕەوی خەبات کردن لە پێناوی مانەوەو زاڵ بوون بەسەر سروشتداو دابین کردنی ژیانێکی ئەهوەن و ئەقڵانیدا ... هەروەها میثولۆژیای گریك کە بنچینەی هونەری یۆنانی پێك دێنێ برێتییە لە داڕشتنی سروشت و فۆرمەکانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی بێ ئاگا لە خەیاڵی میللەتدا ... جگە لەمەش گۆرانی و بەستەو چیرۆك و داستانەکانی فۆلکلۆری گەلان پڕن لە واتاو مانای کۆمەڵایەتی قووڵ و مەزن ... چونکە نەك تەنها ڕەنگدانەوەی خەباتی چینایەتین بەڵکو چەکێکی کاریگەریشن لە بەرینە مەیدانی ئەو خەباتەدا ... فۆلکلۆر بە ئاشکرایی مۆرکی چینایەتی خۆی پێوەیە . هەر چینە گۆرانی و داستانی خۆی هەیە ... چینە فەرمانڕەواو دەسەڵاتدارەکانیش هەمیشە ویستوویانە ئەو جۆرە هونەرانە دالدە بدەن کە لە چەسپاندن و سەقام گیربوونی دەسەڵات و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان پاڵپشتی دەکەن .

بەلام جەماوەری ڕەش و ڕووتی گەل ـ لە ڕێڕەوی کارو ڕەنجی بێ پایاندا سامانێکی فۆلکلۆری گەورەی بۆ خۆی دروست کردووە کە نەوەکان دەماودەم بۆ یەکتریان گێڕاوەتەوەو پاراستوویانە . دیارە تاکە کەس لەم کارەدا دەورێکی دیاریی بینیوە ... زۆر جار کەسانیوا بەدیار کەوتوون کە بەهرەیەکی

باشیان لە گێڕانەوەدا هەبووە ، ئەو کەسە خاوەن بەهرانە کە بە (شایەر) ناسراون نەك تەنها ئەو شتانەیان گێڕاوەتەوە کە بیستوویانەو لەبەریان کردووە ، بەڵکو شتی تریشیان لە بیری خۆیان خستۆتە سەریان‌و لێیان زیادکردوون • لەبەر ئەوە فۆلکلۆر بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا هاتووەو دەوڵەمەند بووە ••• هەروەها شێوەیەکی هونەری جوانیشی وەرگرتووە بەتایبەتی کاتێ تاکەکەس بەهرەو زیرەکی‌و هێزی داهێنانی خۆی بۆ لەبەرکردن‌و داڕشتنی سەرکەوتووانەی کارەکانی فۆلکلۆری بەکار هێناوە •

وێنە هونەرییەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری بە سادەیی‌و جوانی‌و ڕوونییان ناسراون • ئەو وێنانە گەلێ ماناو واتای ئینسانی بەرزیان بەخۆگرتووەو (گشتی) لە (تایبەتی)دا و (هەموویی) لە (تاك)دا دەردەبڕن • سادەیی‌و ڕوونی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر نیشانەی ساکاری‌و تەنگێتی نیە ، بەڵکو ڕاستگۆیی مرۆڤ لە عەکس کردنەوەی جیهانی دەرەوەیدا دەردەبڕێت‌و هەر ئەم ڕاستگۆییەشە کە واتای قوڵ‌و گشتی بە ئەدەبەکە دەدات !

## بەشی سێیەم

# هونـــــەرو ئایـــــین

مرۆڤ لـە هەوڵدانیدا بـۆ لێکدانـەوەی سـروشتو دەست بەسەرداگرتنیدا پەنای بردە بـەر ئەفسانە • هەموو ئەو دیاردەو ڕووداوانەی لـە توانستیدا نەبـوو تێیان بـگاتو نهێنییەکانیان بدۆزێتەوە بە هێزێکی غەیبیو سـوپەرناتورالی دادەنان ••• بۆ نموونە : هەستی ئاینی لە میسری کۆندا بەسترابۆوە بە ترسان لە نهێنیو نەناسراوەوە ، ئەگەرچی ژیـان لەسەر هەردوو کەناری دۆڵی نیلدا بە زۆری هێمنو ئەهوەن بوو ، هەموو ترسێکی مرۆڤی میسری کۆن لە ڕووباری نیل بوو کە سـەرچاوەی هەمـوو خێرو خۆشییەکی بوو •• ئەو ڕووبارە هێمنە هەموو ساڵێك هەڵدەستاو دەیکردە لاقاوو زەوی ژێر خۆی دەداو ماڵو خانووی لەقوڕ دروست کراوی ڕادەمـالی ••• لە لایەکی کەشـەوە دیاردەکـانی دیکەی سروشتیش پێویستیان بە لێکدانەوە هەبـوو : خۆر هەموو ڕۆژێ هەڵدێتو ئـاوا دەبێت بەڵام میوە دەگەیەنێـتو گەرمو گـوڕی دەبەخشێت ••• مانگو ئەستێرە هاودەمی شەون ••• هتد لەو خرۆشانەی لەمانەوە دروست بوون ، ئەو جۆرە لێکدانەوەی لە دڵا ئافەریدە بوون کە ڕێگەیان بۆ دەرکەوتنی ئایین خۆش کرد ••• هەموو ئەمانـە سرۆشێ بوون (خودا)یان خـستە مێشکەوە ••• پاڵیان پێوە نا بیر لە بوونو خەلیقـەت بکاتەوە • یەکەم جار ئەم بیرانەی بە شـێوەی وێنـاندنی ساکارانەی هەڵقـوڵاو لە واقیعی ژیانییەوە دارشتن ••• مرۆڤی میسری کۆن هات دنیای وەکوو (مانگایەکی بێ ئەندازە زل) وێناندو نـاوی نا (متحور) ••• هەزاران ئەستێرە لەسەر زگی ئەو مانگایە دەدرەوشێنەوە ! بەڵام زەوی فەرشێکە لەژێر پێیداو خەڵكو گیانلەبەران لەبەری دەژینو

ڕووەکی تێدا دەڕوێ ، هەندێ جاری تریش ئاسماتیان بەگیان لەبەرێکی زەلام دادەنا ، کە لەگەڵ گیان لەبەرێکی تر کە زەوییە ژن‌و مێردن‌و هەموو شتەکان لەوانەوە لەدایك بوون . هەندێ جاریش مانگ دەپەرستن‌و ئینجا وازی لێ‌دێنن‌و ڕۆژ دەپەرستن چونکە سەرچاوەی گەرمی‌و ڕووناکی‌یە ، پاشان هاتن هەست‌و سۆزی خۆیان دەربارەی خۆر دەبڕی‌و بە (گۆلکێك)یان دانا کە هەموو ڕۆژێ جارێك لە دایك دەبێت‌و بەکاروان بە ئاسماندا دەڕواو لە ئاسۆ ئاوا دەبێت تا پشوویەك بدات ... کە بیرکردنەوەی مرۆڤ پتر پێش دەکەوێ‌و دەزانێ گوێلك نافڕێت ، ئەم بیرە دەداتە دواوەو خۆر دادەنێ بە تەیری (باشق) ... بەم چەشنە خوایەکانی بە پێی بۆ چوونی جیاواز وە بەپێی پەرەسەندنی ڕادەی هۆشمەندی عەقلی ئادەمیزاد زیاد دەکەن‌و زۆر دەبن‌و لە هەموو لایەکەوە دەپەرستڕێن‌و پەرستگایان بۆ درووست دەکرێت‌و قوربانیان پێشکەش دەکرێت .

دەرکەوتنی بۆ چوونی ئایینی قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی ئادەمیزادو هونەردا ، چونکە لەم بۆ چوونە ئایینی‌یانە ئەفسانە درووست بوو ... کە کۆنترین فۆرمێکی چیرۆکە ئادەمیزاد زانیبێتی . ئینجا هونەری پلاستیکی هاتە کایەوە تا ئەو ئەفسانانە لە وێنەو پەیکەردا بەرجەستە بکات .. زۆر کەس سەرەتای دیاردەی ئیستاتیکی دەگێڕنەوە بۆ پەیدابوونی ئایین‌و درووست کردنی پەرستگاکان وە هونەری ئەرکتیکچەر بە کۆنترین هونەری ئادەمیزاد دادەنێن . ئینجا پێویستی پەیدا بوو دیواری بەنەخش‌و پەیکەرو فۆرمی دیار بڕازێندرێتەوە ... وە لەمەوە هونەری پەیکەرتاشی بەدەرکەوت . ئینجا پەیکەرتاشەکان شارەزایی‌یان لەهونەری پەیکەری ڕەنگاو ڕەنگدا پەیدا کردو لەمەوە نیگارکێشی پەیدا بوو کە لە سەرەتاوە تەنها بۆ ڕازاندنەوە و ئارایشتی

دیوارەکانی پەرستگاکان بەکار دەبرا ، وە مادام پەرستن پێویستی بە ئاهەنگی ئاینیش هەیە ئەوا بە پێداویستی سەماو هەڵپەڕکێی پیرۆزو مۆسیقاو گۆرانیو شیعری لیریك پەیدابوون .

گومانی نیە ئەو ڕایە پێوەناتێکی زۆری تێدایە . چونکە هەروەکوو لە پێشەوە باسمان کرد مرۆڤ ڕاستەوخۆ لە پرۆسیسی کارکردندا وە بەر لەوەی ئاینیش دەورێکی گەورەو کاریگەر لە ژیانیدا ببینێت هونەری هەڵپەڕکێو گۆرانی درووست کرد . واتە ئێمە ناتوانین هونەری پلاستیکی بەسەرەتایی ترینو هەوەڵی ترین جۆری هونەر دابنێین ئەگەرچی ئەو هونەرە لەبەر پاراستراویو خۆڕاگرتنی بەڵگەی بوونی زۆر لەمێژینەی هەیە .

## هونــــەرو نەمـــــری

(ئەتیان سوریو) لە لێکۆڵینەوەی پاڵنەرەکانی جوانی خوازی لە هونەری میسری کۆندا گەڕانی بەشوێن نەمـــریدا بە یەکێ لەو پاڵنەرە هــەرە گرنــگانە دادەنێتو دەڵێت ( ئــەو پێداویســتییە وردانەی هونەری میسری دابینیان دەکات ، بەر لەو هەموو شتێك پێداویستی زاڵبوون بەسەر نەمانو سەرکەوتنە بەسەر مردندا ، واتــە پێداویســتی نەمــری . ئــەم هــونەرە لە بنــەڕەتدا ، وە بە شێوەیەکی جەوهەری ئامانجی ئەوەیە ئەو بابەتە نەمر کات کە هەڵسو کەوتی لە گەڵدا دەکات) (١) .

تامەزرۆ بوونی ئادەمیزاد بۆنەمری وەکوو (دژە ئەنجامێکی (*) کارەساتی مردن ـ کە بەردەوام لە واقیعەکــەیدا بەدی کردووە ، هاتۆتە کایەوە .. مردنیش نهێنیەکە وەکوو هەمــوو نهێنیەکانی سروشت ، بەلام لە هەموویان سەخت تــرو جەرگ بــڕتــرە ..

---

(١) الجمالية عبر العصور ، ل٦٥ .

(*) دژەئەنجام = النتيجة ـ النقيض .

چوونکە یەکسەر پەیوەندی بەژیانی مرۆڤ خۆیەوە هەیە • ترسان لەم نهێنییە مەزنە هۆیەکی بنچینەیی پەیدا بوونی ئایینە (برتراند راسل (Bertrand Rusel) )دەڵێت : (باوەڕم وایە کە لە مردن نەترسابایینایە ئایدیای نەمری هەرگیز بەدەرنەدەکەوت • ترس بنچینەی باوەڕە ئایینییەکانە ـ ترس لە سرووشت : دین دێنێتە کایەوە •• • بەڵام هەر کاتێ زانین هەنگاوی بۆ پێشەوە چوو ئەو شتانە زیاد دەبن کە مرۆڤ دەسەڵاتی بەسەریاندا دەڕواو مەترسی لێیان نامێنێت • لەگەڵ ئەوەشدا ، زۆرێکی زۆر لە هێزەکانی ماتریالی هێشتا لە دەسەڵاتی ئادەمیزاد بەدوورن ، لەمانە ڕازەکانی گەردوون واتە ئەو شتانەی زانستی ئەستێرەناسی چارەسەری نەکردوون • زیاد لەمەش ئێمە ناتوانین مردن لەخۆمان دوورخەینەوە گەرچی هەندێجار دەتوانین بەدوای‌خەین • ئاین هیچ شتێك نیە هەوڵێك نەبێ بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم ناکۆکیەدا (٢) • بیری مردن‌و نەمری شوێنێکی گەورەی لە ئەفسانە کۆنەکانی بابل‌و سۆمەریدا داگیر کردووە • مادام ئادەمیزاد توانستی نەمری‌و وەستاندنی مردنی نیە ، ئەوا ئەم هێزو توانستە سوپەرناتۆرالیە ، بە خواکان دراوە • لە (مەلحەمەی گلگامش)دا ئەم بیرە بە توندی‌و خەست‌وخۆڵی ڕوون کراوەتەوە ، (گلگامش) دوای ئەوەی (ئەنکیدۆ)ی هاوەڵی دەمرێت ، باسی مردنەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ ژنە خاوەن مەیخانەکە دەگێڕێتەوە :

شەش ڕۆژو حەوت شەو لاواندمەوە ،
دڵی خۆم بەوە دەدایەوە کە لە زۆری قریادو ڕۆڕۆی من

---

(٢) بین المادیة الجدلیة والمثالیة البرجوازیة • ترجمة یوسف عبدالمسیح ثروت • مکتبة النهضة بغداد ١٩٥٩ ل١٠ـ١١ •

هەڵدەستێتەوە لە ناشتنی خودداریم کرد ،
شەش ڕۆژو حەوت شەو هێشتمەوە تا کرم لە دەموچاوی‌دا ،
ئەوسا مردن تۆقاندمی ۰۰۰۰ سەری خۆم هەڵگرتو بەرەو
چۆڵەوانیەکان ڕۆیشتم ،
ئەو کارەساتەی بەسەر هاوڕێکەم هات جێگەم پێ لەق دەکات،
ئاە ۰ ئەو هاوەڵەی خۆشم دەویست بوو بە خۆڵ ،
منیش ڕۆژێ وەك ئەو دەکەومو هەتا هەتایە هەڵناستمەوە ،
ئەی خاوەنی مەیخانە ۰
دەشێ من ئەو مردنە نەبینم کە لێی دەترسمو دەتۆقم ؟!
کچە خاوەن مەیخانەکەش (سدوری)وەڵامی دەداتەوە دەڵێت :
ئەو ژیانەی بۆی عەوداڵێت نایبینیت ،
کاتێ خواکان ئادەمیزادیان دروست کرد مردنیان بۆ ئەو
داناو ۰۰۰ ژیانیان بۆ خۆیان هەڵبژارد ۰

بەڵام هەر لەو مەلحەمەدا (گلگامش) ڕێگایەك ، هەڵبەتا تاقە ڕێگایەکی بە دەستەوەبوو ـ بۆ نەمری دەدۆزێتەوە ، ئەویش ئیش‌کردنو دروست کردنو داهێنانە ۰۰۰ ! بۆ ئەم مەبەستەش گلگامش ناوی خۆی لە دارستانی (مازوو ـ ارز) هەڵدەکەنێو قەلاّتو پەرژینە مەزنەکانی (ئورك) بنیات دەنێو تا دەتوانێ یارمەتی خەڵکی شارەکەی دەدات(۳) ۰

کەواتە سەیر نیە کە هونەر هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە گەورەیە لە ژیانی ئادەمیزاد بداو بۆ نەمری‌کردنی ژیان ـ بە مانا ئینسانییەکەی ـ تێبکۆشێت ۰۰۰ ئەراگۆن دەڵێت : (هەرچییەك

---

(۳) ملحمة جلجامش ۰ ترجمة طه باقر ۰ وزارة الاعلام ۰ بغداد

بلّێین هەموو مرۆڤێك لەناو ناخی خۆیدا ئارەزوویەكی شاراوەی حەشار داوە ، ئەویش ئەوەیە كە حەز دەكات شتێك بەجێ بێلّێت دوای مردنی خۆی بژێتو شوێنەوارێكی ئەو بپارێزێت • چەند زۆرن ئەوكەسانەی ناوی خۆیان لەسەر درەختوبەرد هەڵدەكەنن! تراژیدیای من لە تراژیدیای ئەوان جیا نیە)(٤) •

هەوڵدانی هونەر بۆ بەدەستهێنانی نەمریو زاڵبوون بەسەر دڵە ترسێنی مردندا ، هۆیەكە بۆ پتەوكردنی باوەڕی مرۆڤ بە ژیانو سەركەوتن تێیدا ، بەلاّم بۆچوونێكی ڕەشبینانەو بێهومێدانە بۆ ئەم مەسەلەیە ، وەك لەهوتەری سەردەمی سەرمایەداریدا بەرچاو دەكەوێت،خزمەتی بوونی ئینسانی لەسەر زەمین ناكاتو بەپێچەوانەی ئەوڕاستییەوە كەمرۆڤ دەبێ بژێتو تا لە ژیانیدا هەیە لەمردن بەهێزتر بێت •

(براتراند راسل) لە تەمەنی پیریدا نووسیوێتی :

(من گاڵتە بە خۆم دەكەم ئەگەرێلّە بیری مردن بترسم • من گەنج نیم بەلاّم ژیانم خۆشدەوێ • بەختیاری هەر بەختیارییە گەرچی كۆتاییو دواییشی هەبێت • • هەروەها بیروخۆشەویستیش هەروایە • زۆر كەس ئەركی ژیانبەختكردنیان بە هەموو ڕوح بەرزیو شانازییەكەوە بەدی هێناوە ، ئێمەش دەبێ لەوانەوە دەرس وەرگرین) •

---

(٤) ئەراگۆن • پێشەكی كتێبی (واقعیة بلاضعاف)ی (روجیه گارودی) ترجمة: حلیم طوسون، دار الكاتب العربی بالقاهرة ١٩٦٨ ل٩ •

## بەشی چوارەم

## خاسیەتە تایبەتییەکانی هونەر

هەڵبەتا لە زۆر ڕووەوە هونەر لەگەڵ سنعەتو زانینو فەلسەفەو شێوەکانی دیکەی هوشیاری کۆمەڵایەتیدا تێکەڵ دەبێت .. باشترین ڕێگە بۆ ناسینی جەوهەری هونەر ، دەشێ ، جیا کردنەوەی سنوورەکانی بێت ، لەو شوێنانەدا ، کە لەگەڵ سنووری شێوەکانی دیدا تێکەڵکێش دەبێت .. لەم چەند لاپەڕەی داهاتوودا هەوڵ دەدەین ئەم مەبەستە بهێنینە دی .

## هونەرو سەنعەت :

لە سەرەتای ئەم کتێبەدا باسمان کرد کە وشەی (Ars) لـە لاتینی کۆندا مانای «سنعەت»ی دەگەیاندو هەروەها ئەفلاتونو ئەرستۆش هونەریان (بەتایبەتی هونەری شیعر کە زیاتر دەربارە یەوە دواوون) بەجۆرە سنعەتێک داناوە . ئەفلاتون باسی هونەر وەك پیشە دەکات . کەلك بەخشینیش دەکاتە ئامانجی ئەو (هونەرە پیشەیە)(١) . تائێستاش گەلێ لەهونەرناسانو ڕەخنەگران هونەر بە سنعەت دادەنێن ، یان گرنگییەکی زۆر دەخەنە سەر ئەم لایەنە ... بۆیە هەوڵ دەدەین لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەراوردێکی نێوان سنعەتو هونەر بکەینو جیاوازییەکانیان بخەینە ڕوو :ـ

یەکەم : لە سنعەتا هەموو دەمێ جیاوازی لە نێوانی (ئامراز)و (ئامانج)دا هەیە . هەر یەکەیان شتێکی جیایە لە ئەوی تر .. هەر کاتێ ئامانجەکە بەدی هات ، ئەوا ئامرازەکەو ئەو دەورەی لە پرۆسێسی کارەکەدا هەیبووە ، تەئسیری نامێنێت . بەڵام لە هونەردا ، بۆ نموونە لە شیعردا ئامرازەکە ، کە بڵێین قەڵەمو کاغەزو مەرەکەبە هیچ دەورێکی نیە . ئەمانە ئامرازی نووسینن

---

(١) بڕوانە (افلاتون الجمهورية . ترجمة حنا خباز) ل٧١ .

تەك هی هونەرەكە واتە : هۆنراوەكە • ئەگەر بە وردی تێبفكرین دەبینین تــاكە ئامرازێك كە بەشــداری پێكهێنــانی بەرهەمەكەی شاعیر دەكات ، هــەوڵی عەقڵیی شاعیر خۆیەتی ••• بــەڵام هیچ ئاسنگەرێك بۆ نموونە ، ناتوانێت تەنها بە هەوڵی عەقڵی ، بەبێ بەكار هێنــانی چەكوشو بزمــارو كوورەو سندان هیــچ شتێك دروست بكات •

دووەم : لە سنعەتدا بەرهەمەكە ، پێوانەیەكی دیارو ئاشكرای هەیە كــە بەپێی ئەو پێوانەیــە ، هەڵدەسەنگێنــدرێتو زۆربەی خەڵكی بەبێ دوو دڵی ، لەسەر باشی یان خراپی بەرهەمەكە رێك دەكەون • بــەڵام گــەر بێتو هۆنراوەیــەك بۆ چەنــد كەسێك بخوێنیەوە ، دەبینین هەر یەكەیان هەڵوێستێكی جیاوازی دەربارە وەردەگرێت ••• هەندێ بەباشی دادەنێنو هەندێ بە خراپ ••• خۆ ئەگەر شیعریش سنعەت بوایە ئەوا دەبووخەڵك هەڵوێستێكی چوونیەكیان دەربارەی هەبێت •

سێیەم : لە سنعەتدا جیاوازی لە نێوانی پلان (نەخشە)و ساز كردن (بەدیهێنــان)دا نیە • ســنعەتكار نەخشەی ئەو شــتەی لە مێشكدایە كە دەیەوێ دروستی بكات ، شتەكە دەقاودەق ، بە پێی ئەو نەخشــەیە دەردەهێنێــت • بــەڵام لە هــونەردا مــەرج نیە نەخشەیەكی لــەوەپێشی هەبێت كــە هونەرمەند بە گوێــرەی ئەو بەرهەمەكانی بەدیبهێنێت • ئەو شاعیرەی بیرێكی لە چوارچێوەی هۆنراوەیەكدا بۆ دێت ، هیچ پلان یا پرۆژەیەكی لەوبەری نەبووە تا بەپێی ئەو پلانە بیرەكەی لە هۆنراوەكەدا دابرێژێت ، خۆ ئەگەر بشڵێین شاعیر بیرو ئەفكارەكانی لــە پێش نووسینی هۆنراوەكەدا گەڵاڵە كردوونو زانیویتی هۆنراوەكەی دەربارەی چی دادەنێت ، ئەوا هیــچ جۆرە بیرێكی دەربارەی كێشو ئاهــەنگو مۆسیقای شیعرەكانی نەبــووە •• تــا تەواوبــوونی شــیعرەكە نەیزانیوە

شیعرەکە لە چ فۆرمێکدا لەدایك دەبێت • تەنانەت لەکاتێکدا نەخشەیەکی لەوە پێشیش هەبێت ، وەکو لە حاڵەتی پەیکەر تاشیو ڕۆمان نووسیندا تێبینی دەکرێت ، ئەوا مەرج نیە هونەرمەند کتومت بەدوای نەخشەکە بکەوێت ، بەڵکو زۆر جار ئاڵو گۆڕ لە پلانەکەیدا دەکاتو تەنانەت دژیشی دەوەستێت(٢) • بەڵام نابێت ئەمە وا لێك بدرێتەوە کە هونەر هیچ سنعەتکاریو شارەزاییەکی گەرەك نیە • یان ئەمە بکرێتە بەهانە بۆ سەپاندنی تیۆری (ئیلهام)و(چاوگەکانی بێ ئاگایی) لە هونەردا ••• زۆر جۆری هونەری ، بەتایبەتی پەیکەرتاشیو نیگارکێشان ، پێویستییان بە نەخشەو پلانو شارەزایی سنعەتی هەیە • وە ئەگەر هونەرمەند دەست ڕەنگین نەبێتو توانستی پێك هێنانو سازکردنی نەبێت ، ناتوانێت کارەکەی بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدات •

چوارەم : جۆری هەڵسوکەوت کردنی سنعەتکار لەگەڵ کەرەسە خاوەکەیدا جیاوازە لە جۆری هەڵسوکەوت کردنی هونەرمەند لەگەڵ کەرەسە خاوەکەیدا • کاتێ سنعەتکار شتێك درووست دەکات دەزانێت چ کەرەسەیەکی تایبەتی بۆ درووست کردنی ئەو شتە بەکار دەهێنێت •• ناڵبەند ناڵی ئەسپ لە هەموو ئەو ئاسنەی لەبەر دەمیایەتی درووست ناکات ، بەڵکو پارچە ئاسنێکی دیاری کراو بۆ ئەم مەبەستە هەڵ دەبژێرێت بەڵام ئایا شیعر چ کەرەسەیەك بەکار دەهێنێت ؟ خۆ ئەگەر کەرەسەی خاوی شاعیر ووشە بێت ، ئەوا هیچ شاعیرێك نایەت پێشەکی چەند ووشەیەکی تایبەتی ڕیز بکاتو بڵێ : من هۆنراوەکەم لەم ووشانە دادەڕێژم ••• ••• خۆ ئەگەر کەرەسە خاوەکەش هەستو سۆزو خرۆشەکانی شاعیر بن ، ئەوا بێگومان ، جۆری گۆڕینی ئەو

(٢) بڕوانە : باسی (برجسون) لەم کتێبەدا •

هەست و سۆزو خرۆشانە بۆ شیعر ، زۆر جیاوازە لەجۆری گۆڕینی ئاسن بە ناڵ لەلایەن ناڵبەندەوە • ئەگـەر هەردوو جۆرەکە وەك یەك بوونایە ئەوا دەبوو ناڵبەندیش بتوانێ دەسبەرداری پارچە ئاسنەکە بێت و ناڵەکەی ــ (لە ئارەزووی دانی کرێ دووکانەکەی) بۆ نموونە دروست بکات • لەکاری هونەریدا لایەنی فۆرم هەیە کە شێوەی ئیقاع یا چەشن (نمط) یا سیستم وەردەگرێت ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە جیاوازی لە نێوان فۆرم و کەرەسەکەدا هەیە • لە هونەردا فـۆرم ، وەکـوو نەخشـەیەك کە لەوەبەر بیـری لێ کرابێتەوەو ، بەسەر کەرەسەکەدا سەپێندرابێت ، بوونی نیە •• بۆیە جیـاوازی کردن لە نێـوان فۆرم و نـاوەڕۆکدا هەڵەیەکی گەورەیە (۳) •

پێنجەم : سـنعەت بەزۆری بریتی‌یە لە کارێکی دەسـتی کە تەنها پێویستی بە دووبـارە کردنەوە هەیە • وە شـاگردەکان لە ڕێگەی پراوەو چاولێکـردنی وەستاکانیانەوە فێـری دەبن • بۆ نموونە بۆ ئەوەی بەڕەچنێك فێری ئەم پیشەیە بێت دەبێت پشت بە ئامرازەکانی تایبەتی بەو پیشەوە ببەستێت و چاو لە ڕێ‌وشوێنی باو لـەو مەیدانـەدا بکات ، بەڵام ناتـوانێ بیـر لە داهێنـان و پەرەپێدانی کارەکەی بکاتەوە ،مەگەر ئەو کاتە نەبێت کەبتوانێت بە تەواوی دەسەڵات بەسەر سنعەتەکەیدا پەیدا بکات •

{ بەڵام داهێنانی هونەری پشت بەلاسایی کردنەوە یان فێربوون لەسەردەسـتی وەستا نابەستێت ••• ئەو شـارەزاییەش کە لە خوێندنەوە یا سەرنج دانی هونەری ڕابردووەوە بە دەسـت دێت نابێتە هۆی ئەوەی هونەرمەنـد دروست بکات چونکە هونەرمەند خۆی لەدایك دەبێت ، لەکاتێکدا سنعەتکار دروست‌دەکرێت •• بەڵام

---

(۳) بڕوانـە • کولنگـوود • مبادیء الفن • ل۳٤ـ۳٦ • وە هەروەها باسی [فۆرم و ناوەڕۆك] لە دوابەشی ئەم کتێبەدا •

گومانی نیە بەهرەی هونەری بۆ ئەوەی لەجوانترین‌و قەشەنگترین شێوەدا دەربکەوێت پێویستی بە تەکنیکێکی سەرکەوتووە ••• تەکنیکێك کە خۆیەتی هونەرمەند دەربخات‌و پێناسەی تایبەتی خۆی دیاری بکات •

## هونەرو زانین :

مرۆڤ هەوڵ دەدات جیهان بناسێت ، ڕازەکانی تێ بگات‌و یاساکانی بدۆزێتەوە ، بۆ ئەوەی بتوانێت بیخاتە ژێر دەستی خۆیەوە •

هونەر هەر لە سەرەتای پەیدا بوونیەوە نەك تەنها ئامرازێك بووە بەدەست ئینسانەوە بۆ دۆزینەوەو ناسینی جیهان‌و ناسینی خۆشی وەکو بەشێك لەو جیهانە ، بەڵکو ئامرازێك بووە بۆ درووست کردنەوەی سەرلەنوێی جیهان‌و خۆی ••• زانیمان کە لە قۆناغەکانی ژیانی سەرەتاییدا دەوری سیحریی هونەر لەناسین‌و دەست بەسەرا گرتنی دەوروبەریدا خۆی حەشاردابوو ، ئەوسا هونەر لەگەڵ زانین‌دا ئاوێتە بوو وە پێناسەی تایبەتی خۆی بە دەست نەهێنابوو •

ئەوەی کە هونەر لە چالاکییەکانی هەستی دیکەی ئادەمیزاد جیا دەکاتەوە ، ئەوەیە کە بەرهەمی هونەری هەمیشە ئاکامی چالاکی ئایدیایی ئادەمیزادە ، ئاکامی هوشیاری ئادەمیزادە دەربارەی ڕواڵەتەکانی واقیعەکەی‌و دەربڕینی هەڵوێستی فیکری ئەوو هەست‌و سۆزەکانێتی • ئامانجی هونەر لێرەدا ئەوەیە کە کار لە هەڵوێست‌و خواست‌و بیری ئادەمیزاد بکاو دەورو بەرەکەی پێ بناسێنێ‌و ڕواڵەتەکانی واقیع هەڵبسەنگێنێت • چ هونەر ، وە چ زانست ، مەبەستیانە جیهان بگۆڕن‌و پەرەی پێ بدەن • بەڵام گۆڕینی جیهان بەبێ ناسین‌و شارەزابوون لێی شتێکی نەشیاوە •

خۆ ئەگەر زانست هەوڵ بدات یاساکانی سروشت بدۆزێتەوە ، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت دەستیان بەسەردا بگرێت‌و لە پێناوی خۆش‌کردن‌و ڕازاندنەوەی جیهان بەپێی مرازو نیازەکانی خۆی بەکاریان بێنێت ، ئەوا هونەریش تێ‌دەکۆشێت تا جەوهەری پەیوەندییەکانی ئیستاتیکی مرۆڤ بەدەوروبەرو بەرهەم هێنان‌و سروشت‌و ژیانی کۆمەلایەتی ڕۆژانەوە دەربخات •• هونەر ئەو هۆشمەندی‌یە ئیستاتیکی‌یە درووست دەکات کە دەبێتە پاڵنەر بۆ گۆڕینی کۆمەڵ‌و جیهان بەپێی ئایدیالە ئیستاتیکییە کۆمەلایەتیە دیاری کراوەکان • ئەو ئایدیالانەش لە کۆمەڵدا گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی چینە جۆر بەجۆرەکانی دەکەن •

بەهەر حاڵ ، لێرەشدا هونەر ڕوخساری تایبەتی خۆی دەنوێنێت •• ئەو پەنجەرانەی کەهونەرمەند لێیانەوە دەڕوانێت‌و ئەو دەرگایانەی دەیان خاتە سەرپشت ،لەوانەی زاناکان جیاوازن (بوریس بۆرسۆڤ) لەکتێبە بەنرخەکەیدا [ڕیالیزم ئەمڕۆو هەتا هەتایە] ، چەند جیاوازییەکی وردو زێرەکانە لە نێوان هونەرو زانین‌دا دەکات کە لەم سێ خاڵەی خوارەوەدا کۆیان دەکەینەوە :(١)

یەکەم : بۆ ئەوەی زانا بە ئامانجەکانی بگات ، جیهان لەخۆی دادەبڕێت‌و هەموو پەیوەندێکانی ژیانی دوور دەخاتەوەو خەم‌و سۆزو خرۆشەکانی بەلاوە دەنێت : واتە ـ لەچوارچێوەی ژیانی خۆی دەچێتە دەرەوەو ڕوخسارێکی ناوخۆیی بەتاقی‌کردنەوە زانستێکانی دەدات ••• هەروەها زانست یاساکانی پەرەسەندنی سروشت‌و کۆمەڵ بەشێوەیەکی جیاو دابڕاو لەکەسایەتی ئینسانی دەدۆزێتەوە • لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە زانست کەسایەتی نیە •• ئێمە دەتوانین لە داهێنانی زاناکانی وەکو (نیوتن‌و

(١) بڕوانە : بوریس بورسوف • الواقعية اليوم وابدا • ترجمة کامەران قرەداغی • ل١٧ ـ بەرەودوا •

ئینشتاین‌و لۆمۆسۆف) عەبقەریەتی ئەوان تێ بگەین ، بەڵام هیچ شتێ دەربارەی ژیانیان‌و حاڵەتی دەروونییان شارەزا نابین ... بەڵام هونەرمەند وانیە . ئەو لە کارەکانیشیدا ، خۆی چۆنە لە واقیعدا ئاوا دەمێنێتەوە . کەسایەتی هونەرمەند ڕەگەزێکە هەرگیز لە کارەکەی جیا نابێتەوە .. ئێمە لە کارەکانی هونەریدا ، دەتوانین بە قووڵی هەست بە سۆزو هەست‌و نەستی هونەرمەند بکەین ، هەروەکو کەسایەتییەکی زیندوو ، حاڵەتەکانی دەروونی حاڵی ببین .. بەڵام هاوتا کردنی کەسایەتی هونەرمەند لە داهێنراوی هونەریدا ، لەگەڵ کەسایەتی هونەرمەند لە ژیانی ڕۆژانەیدا ، لێکدانەوەیەکی ساکارانەیە . چونکە لە کاری هونەریدا هەموو شتێ بەپێی هەڵوێستەکانی ئایدیا ـ ئیستاتیکی هونەرمەند دەگۆڕێت . هونەرمەند کەسەکانی کت‌ومت وەك خۆی دروست ناکات ، بەڵکو وەکو دەیەوێ ببن . مرۆڤ بێ هێزە . ئەم خاسیەتەش لای هەموو کەس هەیە .. بەڵام هونەرمەند لە زانا زیاتر بەتەنگ ئەم (بێ هێزی)یەوە دێت‌و ، داهێنانە هونەرییەکانی هەوڵێکی بەردەوامن بۆ پێشخستن‌و تەواوکردنی کەسایەتییەکەی .

دووەم : ئەو حەقیقەتانەی هونەر دەیاندۆزێتەوە ، هەموو کەس دەتوانێت دەرکیان پێ بکات‌و تێیان بگات . هونەرمەند ئەو شتانەو ئەو ڕواڵەتە بەربڵاوانە دەردەبڕێت کە لە ژیانیدا بەرەنگاریان دەبێت . شکسپیرو تۆلستۆی دەشێ هەموو کەس بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری خۆی تێیان بگات . بەڵام بە نیسبەت حەقیقەتەکانی زانستەوە مەسەلەکە جیاوازە . ئینشتاین بۆ نمونە تەنها پسپۆڕەکان‌و ئەوانەی خۆیانی بۆ تەرخان دەکەن ، دەتوانن تێی بگەن . بەڵام لێرەدا جیاوازی دیکەش هەیە . هونەرمەند ژیان بەهەموو قوڵایی‌و بەرینی‌و ڕەنگاو ڕەنگییەکیەوە دەردەبڕێت لەبەر ئەوە بەرهەمەکان‌و داهێنراوەکانی قەوارەیەکی سەربەخۆو

زیندوویان هەیەو هەمیشە لە دووبارە خوێندنەوەیاندا ماناو ئاسۆی تازە بەدەستەوە دەدەن • بەڵام ئەوەی یەکجار تیئۆری ڕێژەیی ئینشتاین تێبگات و زەبتی بکات ، هەرچەندە لەداهاتوودا بچێتەوە سەری ، ، ناتوانێت هیچ شتێکی تازەی لێ هەڵبکڕێنێت •

حەقیقەت لەزانستدا حەقیقەتێکە وەکوو لەواقیعدا هاوکێشەی خۆیەتی • بەڵام حەقیقەت لەهونەردا زۆر واتاو مانای جۆراوجۆر دەگەیەنێت • وە لە هەموو شتێکداو لە هەموو کاتێکدا ، تەنانەت بە نیسبەت داهێنەرەکەشەوە ،ڕوون و ئاشکرا نیە چونکە لەکاتێکدا زانا دەیەوێت بگاتە ئەنجامێکی تایبەتی کە پوختەی تاقیکردنەوەکانی پێك دێنێت و چارەسەری ئەو مەسەلەیە دەکات کە مێشکی پێوە خەریك کردووە ، هونەرمەند زیاتر بە تەنگ بەرچاوخستن و دەرخستنی مەسەلەکانەوە دێت لەوەی بە تەنگ ئەوەوە بێت چارەسەریان بۆبدۆزێتەوە • جگە لەمەش کاری هونەری ڕاستەقینەی باوەش بە ژیاندا کردوو ، هەمیشە لە ئایدیا هەوەڵییەکەی نوسەر فراوانترە • هونەرمەند تەنها ڕواڵەتە کاتییەکانی ژیان ناچنێتەوە، بەڵکو ئەو ڕواڵەتانەش دەچنێتەوە کە ئەمرو ئەبەدیین • چونکە ژیان ئەمرو ئەبەدییەو هونەریش ڕەنگدانەوەی ژیانە •

سێیەم : بابەتی زانست واقیع خۆیەتی ، واقیعێکی زانراوە لە لایەن مرۆڤەوە • ئەمەش وا دەگەیەنێت کەمرۆڤ خۆشی وەکوو خودێکی هۆشمەند ، بەشێك لەم بابەتە پێك دێنێت • بەڵام بابەتی هونەر ئەو ئینسانەیە کە دەست بە سەر واقیعدا دەگرێت واتە بابەتی هونەریش هەر ئەو واقیعەیە کە دەوری مرۆڤی داوە ••• دەشێ کە تاقیگەیەکی ئەتۆمی ببێتە شوێنگەی ڕووداوەکانی ڕۆمانێك ، یان درامایەکی سەردەم • یاخود نووسەری ڕۆمان یان شانۆگەری بۆی دەلوێ زۆر جار تێبینی نوێی وەها لە زانستدا

بکات کە هێشتا زاناکان خۆیان دەرکیان پێ نەکردوون • هونەرمەندو زانا هەردووکیان بەرەو حەقیقەتمان دەبەن • بەڵام بە ڕێگەی جیاوازدا • وە مەسەلەکە لێرەدا تەنها لەجیاوازی ئامرازەکانی دەربڕینی ئەم حەقیقەتەدا نیە • وە تەنها لەوەشدا نیە کە زانست ئەو شتانەی کە گشتین لە فۆرمی ئەنجامی عەقلیو فۆرمیولای جۆراو جۆردا پێشکەش دەکات ، لە کاتێکدا هونەر مانایەکی گشتی ئەو شتانەمان دەداتێ کە تاكو تایبەتین • مەسەلەکە لەم ڕادەیە بەدەرترە • زاناکان لەدوا وشەی زانستەوە دەست پێدەکەن • وە دوا وشەی زانست ڕاستترین وشەیە •• هەر داهێنانێکی زانستی نوێ بۆی هەیە داهێنانەکانی پێشوو ڕەت کاتەوە • ڕاستە ئینشتاین نەبووە هۆی ئەوەی (نیوتن) بداتە دواوە • بەڵام دۆزینەوەکانی نیوتن لەم سەردەمەدا تەنها وەکوو چەندان هەنگاوێکی ڕێ خۆشکەرانە بۆ داهێنانەکانی (ئینشتاین) سەیریان دەکرێت ••وە بە هاتنی ئنشتاین نیوتن دابەزی بۆ پلەی دووەم • لە هونەرو ئەدەبدا شتی وانیە •• حەقیقەت لە هونەردا هەمیشە سەختو خۆ ڕاگرە •• لە ئەدەبدا دوا وشە ڕاستترین وشە نیە • دانتی هەر دانتی‌یەو بەهاتنی شکسپیر شوێنو بایەخو هێزی خۆی گوم ناکات •

چوارەم : لەکاتێکدا زانست بە درێژی مێژوو هەوڵی داوە تا دەتوانێت کەمترین وێنەی خۆیی جیهانی بابەتیمان پێشکەش بکات هونەر هەوڵی داوەو هەوڵ دەدات تا دەتوانێت کەمترین وێنەی بابەتی‌ی جیهانی خۆیی‌مان پێشکەش بکات •، خۆیی بەمانا سایکۆلۆژییە دەروونییەکەی نا ، بەڵکو جیهانی خۆیی بەو مانایەی کە (لینین) مەبەستێتی ، وە کە بریتی‌یە لەو جیهانە ڕۆحییەی ئادەمیزاد کە هەموو ئینسان بەشدارن تێیداو بە شێوەیەکی مێژوویی ، بە درێژایی چەندەها سەدە ، دروست بووە • ناسیتی

ئەم جیهانە ڕۆحییە ناوەوەییەی ئادەمیزادیش بەبێ هونەر کارێکی نەشیاوە (٢) • هونەر لەدایك بووی کۆمەڵو بەرژەوەندێکانی کۆمەلایەتییەو هەوڵ دەدات سیماو ڕوخسارە ڕۆحییەکانی ئینسان بە پێی ئەو بەرژەوەندیانە پێك بهێنێتو ، کار لە هەستو نەستی بکات • لە هونەردا هەموو ئەو شتانەی ئادەمیزاد بەتەنگیانەوە دێت ڕەنگ دەدەنەوە ، بەلام مادام مرۆڤ گیانلەبەرێکی کۆمەلایەتییەو تەنهالەکۆمەڵداو بەهۆی کۆمەڵەوە دەتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت ، ئەوا پەیوەندیەکانی کۆمەلایەتی هەمیشە کار لە ناخی دەکەنو تووشی مشوور خواردنو دڵە ترسێی دەکەن • لەبەر ئەوە هونەر بەر لە هەموو شتێك گرنگی بە ئادەمیزاد لەژیانی واقیعیداو لە پەیوەندییە واقیعێکانی لەگەڵ خەڵکی ترو سروشتدا دەدات •

هونەری ڕاستەقینە هەمیشە لە ژیانی ناوەوەی ئادەمیزادەوە هەڵدەقوڵێت ، لەبیرو هەستو سۆزو لێکدانەوەو موعاناتییەوە ، ژیانی گەلو ئاواتو ئازارو خەمو خواستەکانی عەکس دەکاتەوە، هونەر بەپێچەوانەی ئەو زانستییە کۆمەلایەتییانەی گرنگی دەدەن بە زانینی یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵو ناسینی هەندێ لە لایەنەکانیو ، وەسف کردنی بە شێوەیەکی بابەتی ، بەپێچەوانەی ئەمەوە ، هونەر تەنها وەکو پرۆسیسێکی بابەتی، گرنگی بەکۆمەڵ نادات ، بەڵکو هەڵسوکەوت لەگەڵ مرۆڤی کۆمەڵخواز ، لە هەموو پەیوەندێکانو کارەکانی ژیاندا دەکات •

---

(٢) گۆڤاری (Soviet Literature) ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٦٨ ل١٤٢•

پێنجەم : وەکو ئەنجامێکی خاڵی چوارەم ، دەتوانین بڵێین کە لە هونـەردا نیشانەو بەڵگەو شوێنی ئایدیۆلـۆژی چینایەتیو ، سیمای نەتـەوایەتی گـەلان بە ئاشـکرایی بەدەردەکەوێت ••• هونەری ڕاستەقینە هەمیشە هونـەرێکی نەتەوەییەو شوێنەواری پێکهاتنی سایکۆلۆژی گەلی پێوە دیارە • بەڵام زانست وانیە • هیچ جیاوازییەك لە نێوانی ماتماتیکی ڕووسیو ئینگلیزیدا نیە ، بەڵام ئەدەبێکی ڕووسی تایبەتیو ئەدەبێکی ئینگلیزی ، یا ئەڵمانی یا فەرەنسی تایبەتی هەیە •

هەولنامەی کتێب

# هونـــــــەرو فەلســــــەفە

خاسیەتی فەلسەفە ، وەکو شێوەیەك لە شێوەکانی هۆشمەندی کۆمەڵایەتی ، ئەوەیە کە لە جەوهەردا بریتییە لە تێڕوانینی جیهان ‥ لێرەوە فەلسەفە بۆتە سیستمێك بۆ بەخۆگرتنی چەمكو تێگەیشتنە هەرە گەردوونییەکان دەربارەی جیهانو پەیوەندی ئادەمیزاد بەم جیهانەوە ‥ فەلسەفە لە گۆشەی سیماو یاسا گشتییەکانەوە ، لە گۆشەی ئەو یەکێتییەی لە جۆراو جۆری ڕواڵەتو شتەکاندا هەیەو ، ئەو پرۆسیسانەی دەوری مرۆڤیان داوە ، لە جیهان دەکۆڵێتەوە ٠

لەو کاتانەدا کە هێشتا زانستەکان لاواز بوونو پەرەیان نەستاندبوو ، فەلسەفە زانستە جۆربەجۆرەکانی لەناوخۆیدا هەڵگرتبوو ، لەبەرئەوە بابەتی فەلسەفە لەقۆناغە هەوەڵینیەکانیدا لە ئێستا فراوانتر بوو ٠ بەهەرحاڵ ، دەتوانین بڵێین کە فەلسەفەش لە سەرەتادا ، هەر وەکو هونەر ، جۆرێك بووە لە زانینو لێکدانەوەو ، هەڵوێستی ئادەمیزادی بەرامبەر گەردون لە چەمكو وێناندنی گشتیدا نواندووە ٠

فەلسەفە لە سەردەمی پەیدابوونی کۆمەڵی چینایەتیو ، جیا بوونەوەی کاری ئایدیایی لە کاری جەستەییو ڕسکانی زانستەکاندا هاتە کایەوە ٠ لەو سەردەمەدا مرۆڤ وای لێهات بە شێوەیەکی تیئوری جیهان بناسێتو تێی بگات ٠ خاسیەتی بیر کردنەوەی تیئۆریش ، کە هەمیشە لە خزمەتی پراتیکی پەرە ئەستاندوودا بوو ، ئەوەبوو کە هەرساتێ قنیاتی بە ڕواڵەتەکان نەهاتبایە ، تێدەکۆشا بۆ شۆڕبوونەوە بۆ جەوهەری شتەکانو عەکس کردنەوەیان لە چەمکەکاندا ‥ بەم چەشنە مرۆڤ بەرە بەرە دەستی کرد بە بیرکردنەوە لە مەسەلەکانی جەوهەری جیهان



هەواڵنامەی کتێب

بە تێکڕاییی و لە بنەڕەتەکانی جۆراوجۆری و یەکیەتیەکەی ، واتە ئادەمیزاد خـووی دایە لێکدانـەوەی جیهانو ، لەمـەوە وێناندنە فەلسەفییە سەرەتاییـەکان وەکـو شێوەیەك لـە شێوەکانی زانین بەدەرکەوتن •• بۆیە هیچ سەیر نیە کە لەسەرەتاوە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانی فەلسەفەو هونەردا ، بەتایبەتی لەنێوانی فەلسەفەو ئەدەبدا ، لەدایك بووبێت •

هونەر ، وەکو عەکس‌کەرەوەی پەیوەندی ئیستاتیکی مرۆڤ بە جیهانەوە ، هەمیشە هەڵسەنگاندنو هەڵوێستی مرۆڤی بەرامبەر جیهانو بوون دەربڕیوە •• هەوەڵـین هەوڵو تەقەلا ساکارەکانی ئادەمیزاد بـۆ لێکدانەوەو ناسـینێکی فەلسـەفیانەی جیهـان لە ئەفسانەو داستانەکانو هونـەرەکانی دیکەی فۆلکلۆریدا ، خۆی دەرخستووە •• فەیلەسوفەکانیش لە زۆر کاتدا پەنایان بردۆتە بەر ئـەدەب ، یان بەلای کەمەوە زمانێکی ئەدەبیی پاراویـان بۆ دەربڕینی ئایدیاکانیان بەکار هێنـاوە بۆ نموونە : (ئەفلاتون ، دیکارت ، نیتشـە ، برجسـون •••هتد) • ئێمە ناتوانـین ئەو دەربڕینـە بەناوبانـگەی هـیراقلیطس کـاتێ دەڵێ : «جیهـان بڵێسەیەکی هەمیشە زیندووە ، بەپێی چەند یاسایەك هەڵدەبێتو دەکوژێتەوە» بە دەربڕینێکی هونەری دانەنێین ، چونکە جەوهەری میتۆدی هونـەری ، واتە دەربـڕینی بیرەکانی واقیع لـە وێنەی بەرهەستدا لەمڕستەیەدا خۆی دەنوێنێت• فەیلەسوف ڕوانگەیەکی تەواو لە ژیـانو بوون پێك‌دێنێت کـە برێتییە لە تابلـۆی تاقی کردنەوەکانی • بۆیە هەرچەندە زمانی پەخشانیش بەکار بێنێت، لە زۆربەی کاتـدا ، سیمفۆنییەکی فیکری ، یـان هۆنراوەیەکی شیعری دروست دەکات • ئەفلاتون لە زمانی سوقراتەوە دەڵێت : «فەلسەفە جۆرێکی ناسکە لە مۆسیقا» •

بەهەر حاڵ ئێستا فەلسەفە وەکو لکێکی سەربەخۆ لە زانین ،

میتۆدو سروشتی تایبەتی خۆی هەیە • سەبارەت بە جیاوازیێکانی لەگەڵ هونەردا دەتوانین ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە بەرچاو :

یەکەم : لە هەڵسو کەوت کردنیدا لەگەڵ کەرەسەو بابەتەکانیدا هونەرمەند زیاتر گرنگی بە لایەنەکانی وروژاندنی هەستیی، واتە ئەو خۆشییانەی لەڕواڵەتی دەرەوە بەرپا دەبنو ئەو خرۆشانەی ئاهەنگێکی عاتیفییان هەیە، دەدات • بەڵام فەیلەسوف، بە ئەنقەست ، بەبێ هەڵچوون ، خوو دەداتە لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتانەی بە شێوەیەکی لۆژیکی بەستراون بەیەکەوە •••وەلە ئەنجامیشدا ئایدیای گشتیو ڕووتمان پێشکەش دەکات ••ڕاستە هونەرمەندیش لۆژیکی خۆی هەیە • بەڵام لۆژیکی ئەو بریێتییە لە ڕێکخستنەوەی کەرەسەکانو پێکەوە گونجاندنی بیرەکانی ، نەك ئەو لۆژیکە دیالکتیکییە ئەبستراکتە ناوەوەییەی فەیلەسوف پەیڕەوی دەکات •

دووەم : فەلسەفە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی حەقیقەت وەکو ئایدیایەکی ڕووت ، لەبەر ئەوە پەنا دەباتە بەر زمانێکی ئیدیۆمی وشكو لەئەنجامیشدا وەرزشێکی مێشکی گەورە بۆ خوێنەوار دروست دەکات • ڕاستە فەیلەسوفیش هەر وەکو شاعیر ـ وتە بەکار دەهێنێت ، بەڵام هونەرمەند وتە بە شێوەیەکی ڕەنگاوڕەنگ بۆ کێشانی وێنەکانی بەرهەستی ژیان بەکار دەهێنێت ، لەبەرئەوە ئەو وێنانە نەك تەنها هێزی زیندوویەتی خۆیان دەپارێزن بگرە نەمریش بەدەست دەهێنن •

سێیەم : چ هونەرمەند ، وە چ فەیلەسوف ، هەوڵ ئەدەن جیهانێکی ئایدیالی بەرامبەر ئەو جیهانە واقیعیە دابنێن • بەڵام لە کاتێکا فەیلەسوف هەوڵ دەدات ، لە ڕێگەی ڕەوتی ئایدیالی لۆژیکییەوە ، ئەم جیهانە لە یاساکانو لێکدانەوەکانی گەردوون خۆیدا دەرك پێبکات ، هونەرمەند خۆی ئەم جیهانە ، ئەگەر چی

لە شێوەیەکی نمونەیی بچووکیشدا بێت ، دادەهێنێت لێرەوە ، هونەرەکان هەمیشە سەرنجی فەیلەسوفەکانیان ڕاکێشاوە ، چونکە ئەو جیهانەی ئەوان بەدوایدا دەگەڕێن و دەیانەوێ بە دەری بخەن دەشێ ، زۆرجار لە پارچەیەکی ئەدەبی یا هونەریی بەرزدا نواندرابێت ٠

چوارەم : لەلایەکی دیکەشەوە هونەر مەودایەکی فراوانە بۆ سەرنجدان و لێکۆڵینەوەکە فەیلەسوفەکان ناتوانن دەسبەرداری ببن ٠ لە هونەردا ، ژیان لە وێنەیەکی ڕوون و ڕەنگاوڕەنگ و خەستدا دەخرێتە ڕوو ٠ بابەتەکانی وەکوو ڕەوشت و زانین و حەقیقەت و چاکە ، کە فەیلەسوفەکان هێندە بەتەنگ شی کردنەوەو لێکدانەوەیان دێن ، شوێنێکی گەورەیان لە مەیدانی هونەردا داگیر کردووە ٠ بۆیە دەبینین فەیلەسوفەکان لە لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەکانیاندا بەزۆری پشت بە ئەدەب دەبەستن بۆ نمونە : مارکس لە لێکۆڵینەوە ئابورییە فەلسەفییەکەیدا ، لە کتێبی ـ سەرمایە ـ دا ، گەلێ پارچەی ئەدەبی نوسەرە مەزنەکانی وەکوو: شکسپیرو فرجیل و دانتی بە بەڵگەو نیشاندەری ڕایەکان هێناوەتەوە ٠ تەنانەت هەندێ فەیلەسوف ، ئەدەبیان کردۆتە ئامرازێك بۆ بڵاوکردنەوەو چەسپاندنی باوەڕە فەلسەفیەکانیان ، هەروەکو چۆن (سارتر) بۆ دەربڕینی ئەفکارە وجودییەکانی ئەمەی ڕەچاو کردووە ٠

پێنجەم : فەلسەفە ، وەکوو دەربڕینێکی ڕووت و ڕاستەوخۆی هەڵوێستی ئادەمیزاد بەرامبەر گەردوون و ژیان،زیاتر هەڵوێستی چینایەتی و سیاسی خاوەنەکەی ڕوون دەکاتەوە لەبەرئەوە فەلسەفە هەر لەکاتی پەیدابوونیەوە ، لەسەردەمی دابەش بوونی کۆمەڵ بۆ چەند چینێکی خاوەن بەرژەوەندی جیاواز ، بۆتە دەربڕینی بیروڕای چینە جۆر بەجۆرەکان دەربارەی جیهان و ژیان و کۆمەڵ و

ئایندە ·· وەکوو چەکێکی تیئۆری بۆ پاڵپشتی کردنی ئەو بەرژەوەندیانەو پاکانە کردن بۆیان ، بەکاربردراوە چینە چەوسێنەرەکان هەوڵیان داوە فەلسەفە بۆ ئەم مەبەستە بەکار بێنن: لەڕێگای نیشاندانی بەرژەوەندیەکانی خۆیان وەکوو بەرژەوەندی گشتی هەموو چینو دەستەکانی گەل ، لەلایەکەوەو ، بەستنەوەیان بەتێڕوانینێکی تایبەتیەوە لە جیهانو بوون ، وە پیشاندانیان بە چەشنێك کە شتێکی خۆکرد یا خواکردنو لە جەوهەرو سرووشتی شتەکان خۆیانەوە درووست بوون · لێرەوە زۆرانبازی چینایەتی لەمەیدانی فەلسەفەدا فورمیولایەکی ڕوونو ئاشکرای وەرگرتووە لە زۆرانبازی مێژوویی و ئەبەدی نێوان ڕێبازی ماتریالیزمو ئایدیالیزمدا خۆی نواندووە ·

دیارە لە هونەریشدا ، هەڵوێستی چینایەتی و سیاسی هونەرمەند یان نووسەر تارادەیەکی دوور ڕەنگ دەداتەوە· بەڵام زۆرانبازی چینایەتی و سیاسی لەمەیدانی ئەدەبو هونەردا ، بەم چڕی و ڕاستەو خۆیی یە نیە کە لە فەلسەفەدا هەیە · دەشێ کارێکی هونەری لێکدانەوەی جۆراو جۆر هەڵبگرێ ، یان دوور نیە لە کارێکی ئەدەبیدا بەرژەوەندی و ئاواتی چەند چینێك بەیەکەوە کۆ ببنەوە ·

شەشەم : هەریەکێ لەو دوو ڕێبازە سەرەکییانەی فەلسەفە ، واتە ئایدیالیزمو ماتریالیزم ، پشت بە زانست دەبەستێ بۆ سەلماندنی ڕاستی و درووستی بۆ چوونو لێکدانەوەکانیان · پێشکەوتنو پەرەسەندنی زانست لەم سەدەیەدا بۆتە هۆی دانە دواوەو پەككەوتنی زۆر لە بۆ چوونەکانی ئایدیالیزم دەربارەی جیهانو گەردوون ··· بەڵام هونەر قەوارەیەکی سەربەخۆیەو زانست چ تەئسیرێکی سەلبی ناکاتە سەری · هونەر توانستی پێشکەوتنو پەرەسەندنی هەیەو خۆی پاکانەی بوونو پێویستی

هەواڵنامەی کتێب

خۆیەتی • جگە لەوەی کە هونەر دەتوانێت پێشکەوتنەکانی زانست، بە تایبەتی تەئسیریان بۆ سەر ئادەمیزاد، وەکوو بابەتێك بۆخۆی بەکار بهێنێت و هەڵس وکەوتی لە گەڵدا بکات •

فەیلەسوفەکان گرنگییەکی زۆریان بە فەلسەفەی هونەرو ئیستاتیکا داوەو گەلێ لێکۆڵینەوەی گرنگ و سوود بەخشیان لەو مەیدانەدا هێناوەتەوە کایەوە گیروگرفتەکانی هونەریان یەکالا کردونەتەوەو بە باسی ووردو بە پێز هەوڵی چارەسەرکردنیان داوون • بەڵام سەرنەکەوتنی فەیلەسوفەکان لە لێکدانەوەیەکی درووستی هونەر بۆ ئەو ڕاستی یە دەگەڕێتەوە کە هەریەکێ لەوان هونەری خستۆتە ژێر ڕکێفی لێکدانەوە فەلسەفییە هاوەڵییەکەی، (زۆرجار میتافیزیکییەکەی) خۆیەوە (١) یان بەواتایەکی تر ویستویەتی فەلسەفەی هونەریش لەگەڵ ڕوانینە تێکڕایی یەکەی خۆیدا بۆ جیهان بگونجێنێ بێ گوێدانە سروشت و خاسیەتە تایبەتیەکانی هونەر •

کولینگوود : ( R. G. Colling Wood ) •• دەڵێ ئەوانەی لە هونەر دەکۆڵنەوە دوو دەستەن :

دەستەی یەکەم : جوانیناسی هونەرمەند : ئەو دەزانێ باسی چی دەکات دەزانێ هونەری ڕاست و ساختە لێك جیاکاتەوە •• وە دەزانێ ئەو شتانە چین کە کارێکی دیاری کراو لە هونەر دوور دەخەنەوە •

ئەمەیان (هونەری ڕەخنەیە) و جیایە لە (فەلسەفەی هونەر) • بەڵام ئەم هونەرمەندانەی ئەم توانستەیان هەیە ، ناتوانن قۆناغی دووەم واتە ــ فەلسەفەی هونەر ــ ببڕن و پێناسێك بۆ هونەر دیاری بکەن • ئەمەش لەبەر ئەوە کە قەناعەتێکی ئالۆزیان بە

---

(١) هەروەکو لە تیئۆرەکانی ئەفلاتون ، کانت ، هیگل ، برجسوندا بۆمان دەرکەوت •

پەیوەندی هونەر بەو شتانەی ترەوە کە هونەر نین ، وەکوو زانست‌و فەلسەفە ، هێناوە • ئەم پەیوەندییەش تەنها بەجیاوازی دادەنێن ، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین هونەر بناسین دەبێ ئەم جیاوازیانە بە ووردی دەستنیشان کەین •

دەستەی دووەم : فەیلەسوفە جوانی ناسەکانن •• ئەمانە باش پراوەیان کردووە • خۆیان لە قسەی بۆش دەپارێزن • بەڵام گومان لەوە دەکرێ بزانین باسی چی دەکەن ! وە پاکانەی ئەمە بۆمان دەرکەوت •

بەوە دەکەن کە ئەوان ڕەخنەگرنین‌و نایانەوێ کارەکان هەڵسەنگێنن •• بەڵام ئەم قسانە جێگەی ڕەخنەو گومانن • چونکە ئەگەر لایەنی پراتیکی شتێکی پارچەیی - جزئی - بێ ، ئەوا لێکۆڵینەوەی تیئۆری شتێکی گەردوونی - گشتگرە • وە مەبەست لێی گەیشتنە بەحەقیقەتێکی هەمەلایی تەواو (٣) •

3 - R.G. Collingwood. The principles of Art. pp.3 - 4.

## بەندی سێیەم

# هونەرو واقیع
# یان
# هونەرو ژیان

کاتێ بایەکی خێرخوا دێت بۆ لای یەکمان ڕادەدات ، با گەشتێ بە ئەستێرەکاندا بکەین، جارێکی تر دەگەڕێینەوە تا لەسەر زەوی هاتو چۆکەین ، چونکە چار نیە ، ئێمە ڕۆڵەی ژیانین .

«جۆرج صاند»

هەولنامەی کتێب

بەشی یەکەم :

## ١ ـ پەیوەندی نێوان هونەرو واقیع

میتۆدی سروشتی هاپیولایت تین ـ تیئۆری جواناس فەرەنسی (M.J.Guyau) ـ ڕای هربرت رید ـ ڕای ئنگلزو مارکس ـ موعجیزەی گریك ـ ئەنجامەکان •

## ٢ ـ ڕووەکانی پەیوەندی هونەر بە واقیعەوە •

هونەرمەند کەرەسەی هونەرەکەی لە ژیانەوە وەردەگرێت دەوری واقیع لەدیاریکردنو سەپاندنی جۆرێکی هونەری تایبەتیدا •

## ٣ ـ ڕێبازە هونەرییەکان

کلاسیزم ، ڕۆمانسیزم ، پەرناسییەکان ، ناتورالیزم ، ڕەمزییەت ، ئیمپریشینیزم ، تەعبیریەت ، کوبیزم ، دادایزم ، سریالیزم ، تەجریدی •

بەشی دووەم :

سایکۆلۆژیەتی هونەر ، تیئۆری فرۆید ، تیئۆری یونگ ، سروشو ئیلهام ، هونەرو خودی هونەرمەندو کۆمەڵ •



هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم
## پەیوەندی نێوان هونەرو واقیع

ئایا هونەر ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی واقیعە ؟ ئایا هونەر تا چ ئاستێك بەدوای یاساکانی واقیع دەکەوێتو ، تا چ ڕادەیەك لێیان دوور دەکەوێتەوە ؟ ئایا هەر ئەو هۆو هەلو مەرجانەی ڕواڵەتەکانی ژیانی ئادەمیزاد دیاری دەکەن، هونەریش دیاری دەکەن ؟ ۰۰۰۰ زۆر پرسیاری دیکەی لەم چەشنە دەربارەی پەیوەندی نێوان هونەرو واقیع یا هونەرو ژیان دێنەگۆڕێ ۰۰۰ وەلام دانەوەی ئەم پرسیارانە یەکێك لە قورسترینو ئاڵۆزترین گیروگرفتەکانی فەلسەفەی هونەر پێك‌دێنێت ۰۰ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بەشی یەکەمی ئەم کتێبەو چاوێك بە بیروڕای فەیلەسوفەکاندا بگێڕینەوە ، دەبینین ـ بەزۆری ـ دوو جۆرە باوەڕ خۆیان دەردەخەن :

١ ـ مەزەبی لاسایی کردنەوە : واتە دانانی هونەر بە لاسایی کردنەوەو کۆپی‌کردنی سروشت یا واقیع •

٢ ـ مەزەبی سرۆش ، یا زەین‌ڕوونی : واتە گێڕانەوەی سەرچاوەی هونەر بۆ هێزەکانی سەرووی واقیعو ، نکوولی کردن لە دەوری واقیع لە کاری هونەریدا •

## میتۆدی سروشتی

هایپولایت تین (Hyppolite Taine) ١٨٢٨ ـ ١٨٩٣ گرنگترین فەیلەسوفێکە کە نوێنەرایەتی میتۆدی سروشتی لە لێکدانەوەی هونەردا دەکات •

تین هەوڵ دەدات ئیستاتیکا بکات بەلێکۆڵینەوەیەکی زانستیو هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ حوکمەکانی (بایەخ) داببڕێت • بۆیە سەیر نیە کە ببینین وەکو زانایەکی سروشت لەهونەر دەکۆڵێتەوەو

دەیەوێ بۆچـوونی شیکردنـەوە بەسـەر دیـاردەکانی جوانیدا بگونجێنێ ، بـۆ ئـەوەی بتـوانێ بگاتە یاسـایەکی زانسـتی بۆ لێکدانەوەی ڕێڕەوی بەرەوپێشچوونی هونەر ، لە جیاتی ئەوەی ئەمە بەهـۆی عەبقەریەتو داهێنانو ڕەسـەنێتیو تاکێتیو شتی وەهاوە لێك بداتـەوە • لێرەوە تێن میتۆدی سروشتی بەسـەر سێ گیروگرفتی ئیسـتاتیکی گەورەدا دەچەسپێنێت : چییـەتی کاری هونەری ، پێك هاتنیو بایەخەکەی • سەرەتاگەی ئەم بۆچوونەش دان‌نانە بەوەدا کە کاری هونەری ڕووداوێکی تاکە کەسی دابڕاو نیە ، بەڵکو دیاردەیەکە بە کۆمەڵـە دیاردەیەکی کەوە بەستراوەو بەهۆی ئەوانەوە لێك‌دەدرێتەوە • ڕەخنەی ئەدەبی نابێ ژمارەیەك حوکمی کەسـییو ئیمپرێشنی خـۆییو یاسـای ڕاپۆرتیی‌مان پێشکەش بکات •• بەڵکو دەبێ بگۆڕدرێت بەزانستێکی سروشتیو عەقلیەتی ئادەمیـزادمان لە ناخی ئاڵوگۆڕیدا بـۆ شی‌بکاتەوە • ڕەنگە وامان زەین بۆبچێت کە کاری هونەری داهێنانێکی ڕەسەنەو ناتوانین لە پێشـەوە پێش‌بینی بکەین ، وەکو لە دایـك بوونێکی خۆکرد یان هەڵقولانێکی نیمچە جادوویی بێت ، بەڵام ڕاستییەکەی کاری هونـەری دیاردەیەکی سروشتییە ، بەهۆی حاڵـەتی گشتی عەقلییەتی بـە کۆمەڵیو عادەتـەکانی ڕەوشتیی بـاوەوە دیاری دەکرێت • ئـەو هەڵو مەرجـانەش کـە حـوکمی پەرەسەندنی ڕووداوەکانی جوانیو پێشـکەوتنی کارەکانی هونەری دەکەن ، هەر ئـەو هەڵو مەرجانەن کە دیاردە ئینسانییـەکانی دی لە ژێر فرمانیان دەوەستن ، ئەوانەش : توخمو دەوروبەرو سەردەمن •

**یەکەم ـ توخم :**

ئەمەش کۆمەڵێ ئامادەیی زگماکی میراتییە ، کە کار لە هەر گەلێك دەکات بەو پێیەی کە لە توخمێکی تایبەتییەوە داکەوتووە •

دووەم ـ دەورووبەر : (Milieu)

ئەمەش ناوەندە سروشتییەکەیە ، بەو پێیەی کە ئەو ناوەندە سروشتییە بۆی هەیە ، خۆی ، ناوەندێکی ڕەوشتی ، یان دەورو بەرێکی ئەدەبی ، لە ڕێگەی جۆری ئەو کارەوە کە کۆمەڵ دەیکەن، یان پلەی بەختییان لە دەوڵەمەندیو هەژاریو دەست ڕۆیشتوویی دروست بکات • بەگوێرەی ئەمە گەر بمانەوێ هەر کارێکی هونەری ، یان هەر هونەرمەندێ ، یان هەر کۆمەڵە هونەرمەندێ ، تێبگەین دەبێ یەکەم جارو بەر لە هەموو شتێك حاڵەتی گشتی ڕۆحی کۆمەڵایەتیو نەریتەکانی ڕەوشتی ئەو دەورووبەرەی مەبەستمانە شارەزابین • چونکە هونەرەکان لەگەڵ حاڵەتەکانی ڕۆحی سەردەمو نەریتەکانیدا دەردەکەونو بەسەر دەچن • بۆ نموونە هونەری تراژیدیایی (شانۆگەری) گریك لەگەڵ سەربەخۆ بوونی شارەکانی یۆنان بەدەرکەوتو ، لەگەڵ نەمانی ئەو سەربەخۆییە ئەویش نەما • هونەری نیگارکێشی هۆڵەندی گەیشتە ئەوپەڕی بووژێنیو پەرەئەستاندن کاتێ هۆڵەندا لە ڕیزی پێشەوەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەورووپا بوو ، بەڵام لە سەدەی هەژدەمدا ، کاتێ ئینگلتەرا پلەی یەکەمی بەدەست هێنا ، هونەری هۆڵەندی پوکایەوە • هەروەها تراژیدیای فەرەنسایی لە کۆمەڵی پاشایەتیدا لەدایك بوو ، لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسادا لەناوچوو • کەواتە حاڵەتی کۆمەڵ هەستێکی گشتی دەخولقێنێ کە کارەکانی هونەری بریتین لە دەربڕینی ئەو هەستە • بەکورتی دەتوانین دەربارەی هۆی سێیەم ـ سەردەم ـ بڵێین کە : هونەرو شارستانێتی هاوسەردەمی ، دوو دیاردەی کۆکن، لەیەك کاتدا پێدەگەنو نەشو نما دەکەنو پەرە دەستێننو دەمرن • ڕاستە دەشێ کارێکی هونەری شاز بێ یان وێنەی نەبێ ، یان کارێکی لە یاسا بەدەرو خۆچن بێت ، بەڵام ـ تین ـ دەڵێ ئەگەر بۆ مێژووی هونەر

بگەڕێینەوە ، ئەوا دەبینین کە شکسپیر تاقە کەسێکی بلیمەت و مەزن نەبووە لە سەردەمەکەی خۆیدا ، بەڵکو لەتەك ئەودا گەلێ شاعیری ڕۆمان نووس و دراما نووسی وەکو (مالرۆ) و (بێن جۆنسون) و هی تر هەبوون ، ئەو شانۆگەرییانەی ئەوان نووسیویانن هەر ئەو خاسیەتانەیان هەن کە شانۆگەرییەکانی شکسپیر هەیانن . یاخود ڕۆبنس (Rubens) (١٥٧٧ ـ ١٦٤٠) تاقە نیگارکێشێکی مەزن نەبووە کە هاووێنەی نەبێ ، بەڵکو زۆر هاووێنەی ئەو لە بەلچیکا هەبوون وەکو گرایەر Grayer و ڤان‌دیك Van Duck و جۆردانس Jordaens ئەوانە هەموویان باری سەرنجێکی مەیلەو وەك یەکیان دەربارەی هونەری نیگار کێشان هەبووە .. تا ئەو ڕادەیەی کە دەشێ بەیەك خێزانیان بدەینە قەڵەم . کەواتە ـ کاتـ ـکارکردەیەکی ئیستاتیکی گرنگە ، چونکی میقداری (خێرایی بەدەست هاتوو) تەرجەمە دەکات و ، تەئسیری هەر نەوەیەکی هونەریمان لەسەر نەوەکانی داهاتووی بۆ دەردەخات .

(تین) دەگاتە ئەو ئاکامەی : ئەو سێ کارکردە بە کۆمەڵییە (توخم و دەوروبەرو سەردەم) بەرپرسیارن لە دروست کردنی پلەی ئەو گەرماییە ئەخلاقییە یا ئەدەبییەی لەگەڵ ئەم کار یان ئەو کاری هونەریدا دەگونجێت ، هەر وەکو ئەو پلە گەرمییە ماتریالییەی بەرپرسیارە لەڕوودانی ئەم ڕووەك یان ئەو ڕووەك، لە دەورو بەرێکی دیاری‌کراودا .. کەواتە عەبقەرییەت تەنها بەرهەمێکی کۆمەڵە هێزێکە دەوروبەر دیاریان دەکات ، مادام گیرو گرفتی داهێنانی هونەری گیروگرفتێکی میکانیکییە و یاساکانی میکانیکا دەرەقەتی دێن .

جوانی‌ناسی فەرانسەیی جیو (M.J. Guyau) (١٨٥١ ـ ١٨٨٨)

هەروەکو (تین) هونەر بە ژیانو بەواقیعەوە دەبەستێتەوە(١) •
بەڵام (جیو) گرنگی دەخاتە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی هونەر • بە لای (جیو)ەوە هونەر لە ناخی ژیانەوە هەڵدەقوڵێو ، جوانی هەست کردنێکی بەپێزو پڕ لەژیانە • ژیانی تێروتەسەل ژیانێکی ئیستاتیکییەو ، هونەر لەوە دەرناچێ کە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی بێو ئامانجەکەی لە ژیان ، لە واقیع خۆی تێپەڕ ناکات • (جیو) دەڵێ : هونەر ژیان خۆیەتی بەخەستبوویی • هونەر چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە ، لە دروست بوونیدا ، لە ئامانجیدا ، لەچییەتیدا •

هونەر کۆمەڵایەتییە لە پەیدابوونیدا ، چونکە خرۆشی ئیستاتیکی وەکو فراوان کردنی ژیانی تاکە کەس وایە لە هەوڵ دانیا بۆتێکەڵبوون لەگەڵ ژیانی هەموویی‌و گەردوونیدا • هونەر کۆمەڵایەتییە لە ئامانجیدا چونکە دەتوانێ وەکو ڕەوشت ، تاکە کەس لە ناخی خۆی بپچڕێتەوەو لەگەڵ خەلکی کەدا یەکی پێ بگرێت • هونەر ئامرازی هاوگونجانو هارمۆنییە چونکە لەڕێگەی ئەوەوە بەشدار بوونی ویژدانی‌و هاوسۆزی لەنێوان تاکە کەساندا بەدی دێتو مادام ئەم سیماو ڕوخسارە هاوسۆزییە جەوهەری چالاکی ئیستاتیکی پێك دێنێت ، ئەوا هونەر کۆمەڵایەتییە لە چییەتیەکەیدا • لێرەوە ئیستاتیکاش ، وەکو ڕەوشت ، بەوەلانانی خۆپەرستی دەست پێ ئەکاتو ، ژیانی کۆمەڵایەتیش هیچی کە نیە لە ڕواڵەتی یەکەمی ئەو وەلانانە بەولاوە • خرۆشی ئیستاتیکی لە ناووکدا خرۆشێکی کۆمەڵایەتییەو ، ژیانێکی وێچووی ژیانی خۆمان ، کە هونەرمەند لە کارەکەیدا پێشکەشمانی دەکات ، لە لامان دەخرۆشێنێت •• ئەمەش لە سێ ڕێگەوە پێك دێت :

١ ــ بەدەست هێنانی لەزەتێکی عەقلی کاتێ بابەتەکان لە ڕێگەی بیرەوەرییەوە دەناسین •

---

(١) بڕوانە د• زکریا ابراهیم • مشکلة الفن • ل١٣٢ـ١٣٦ •

هەواڵنامەی کتێب

٢ ـ لەزەتی بەشداری کردنی ویژدانی لەگەڵ هونەرمەندا ،

٣ ـ لەزەتی هاوسۆزی لەگەڵ ئەو بووانەی هونەرمەند لە کارەکەیدا وێنەیان دەکێشێت ، بۆ نموونە : مرۆڤێك کە مانای ئەوین نەزانێت ، هەر ئەوەندە هونەرمەندێك وێنەی مرۆڤێکی عاشقی بۆ بکێشێت ، تەزووی خۆشەویستی ڕەگ‌و ڕیشەی دادەگرێت ! بەم جۆرە هونەر دایەرەی ژیان لە ڕێگەی سۆزو ویژدانەوە فراوان دەکات ، هەتاکو ئەم دایەرەیە لە کۆمەڵ تێپەڕ دەکات‌و بووەکانی سروشت ، بووەکانی سەرووی سروشت‌و ، بووە داهێنراوەکانی خەیاڵ‌و واهیمەمان دەگرێتەوە •• واتە ژیان (گەردوونی ـ شمولی) دەکات ، لێرەوە هونەر وەك دین وایە چونکە چاومان پێ دەبڕێتە جیهانێکی نوێ •

بەلای ( جیو )ەوە بلیمەتی ـ عەبقەریەت ـ توانستی هاوسۆزی‌و تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتییە کە مرۆڤ ناچار دەکات جیهانێکی تر بخوڵقێنێ، جیهانی بووە زیندووەکان، واتە بلیمەتی توانستی خۆشویستنە کە مرۆڤ بەرەو هێزو چالاکی‌و بەپیتی‌و ژیان دروست کردن ڕادەکێشێت • بەڵام کۆمەڵ بەر لە بلیمەتییەوە دێت‌و ، ئەو دەرکەوتنی بلیمەت دیاری دەکات‌و ڕایدەکێشێت بۆ کارکردن ، لەگەڵ ئەمەشدا بلیمەت ، لەلایەنی خۆیەوە ، دەتوانێت کۆمەڵێکی ئایدیالی لە مێشکیدا بنەخشێنێت ، واتە بەشداری دەکات لە باشکردن‌و لەبارکردنی ئەو کۆمەڵەدا کە هەیە بەهۆی ئەو بیرانەوە کە دەربارەی کۆمەڵی ئایدیالی لە مێشکیدا پەروەردەی کردوون • لێرەوە بلیمەتی دەبێتە هۆی تازە کردنەوەو داهێنان (innovation) ، واتە کۆمەڵی نوێ لە حەزکردنی کۆمەڵ لە بلیمەت‌و شوێن هەڵگرتنی هەنگاوەکانی ئەو پەیدا دەبێت •

نهێنی حەزکردنی خەڵك لە بلیمەت ئەوەیە کە تا ئەوپەڕی مەخلوقێکی کۆمەڵایەتییە ، لە خودی خۆی دەچێتە دەرەوەو

بەشداریی ژیانی خەڵکی دی دەکات ، توانستی (دوولایی بوونی) هەیە ، هەرکاتێ حەزیکرد ، دەتوانێت لە کەسێتی خۆی دەسبەردار بێتو کەسێتی خەڵکیتر بپۆشێت • ئەگەر زۆر لە بلیمەتان تووشی شێتی دێن ، لەبەر ئەوەیە کە هێزێکی گەورە یان بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ خەڵکیو دوولایی بوونو چوونە ناو خودەکانیترەوە هەیە •

لە ئاکامدا (جیو) دەگاتە ئەوەی کە بلیمەتی توانستێکی نائاسایی هاوسۆزیو هارمۆنی کۆمەڵایەتییە ، بە پلەی یەکەم تێدەکۆشێت بۆدروستکردنی کۆمەڵێکی نوێو چاککردنی کۆمەڵی ئێستا • بلیمەتی هێزی پڵاوبوونەوەو درێژبوونەوەیە ، لەخۆیدا هێزێکی زیندووەو بەرلە ئێستا دێتو پێشبینیی کۆمەڵی داهاتوو دەکات ، هێزێکە وەکو شەپۆلی سرۆش ، بڵاودەبێتەوەو ڕێگا بۆ دامەزراندنی ئەو کۆمەڵە ئایدیالییە خۆش دەکات کە لە سەرەتاوە تەنها بیرێك ، یا خەیاڵێك بووە لە مێشکی تاکە کەسێکدا •

لەم دوو ڕایەی سەرەوەدا دوو جۆرە بۆچوونمان بۆ دەردەکەوێت :

١ ــ بۆچوونەکەی (تین) ــ کە هونەر دەبەستێتەوە بە مێژووەوە •

٢ ــ بۆچوونەکەی (جیو) ــ کە هونەر دەبەستێتەوە بە هاوسۆزی کۆمەڵایەتییەوە •

بۆچوونەکەی (تین) لەهەوڵێکی سەختدا بۆ دەرخستنی حەتمیەتی پەیدابوونی کاری هونەری لە هەلو مەرجێکی دیاری کراودا خۆی کۆدەکاتەوە • (تین) ، هەروەکو هیگل ، هەوڵدەدات هونەر لەناو چوارچێوە مێژووییەکەیدا دابنێت • • بەڵام لەکاتێکدا هیگل بەشێوەیەکی دیالکتیکی لە مێژووی هونەرو بیر دەکۆڵێتەوە ، (تین) وەکو کاتێکی وەستاو سەیری مێژوو دەکات • هەروەها (تین)



هەواڵنامەی کتێب

ئەوەی لەبیرچووە کە (حاڵەتی گشتی ڕۆحی سەردەم‌و نەریتەکانی) واقیعێك نیە کە لە خۆیەوە هەبێت بەڵکو ئەنجامی ڕووداوو ئاڵ‌و گۆڕی جۆراوجۆرە · دیسان ناشێ حوکمێکی گشتی بەسەر کۆمەڵێکی تەواودا بدەین · کۆمەڵێك کە لە حاڵەتی ناخۆشی‌و کوێرەوەریدا بێت مانای وانیە کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵەکە بەم چەشنەن ·· بەڵام (تین) لێرەوە گوێ ناداتە جیاوازیی چینایەتی‌و شوێنی کۆمەڵایەتی خەڵك لەناو یەك کۆمەڵدا ·

دەورووبەرو سەردەم ، ڕاستە ، دەتوانێت ڕەوت‌و ڕوخسارو خاسییەتەکانی گشتی هونەرمان لەکۆمەڵێکی دیاریکراوو کاتێکی دیاریکراودا بۆ ڕوون بکاتەوە کە مەسەلە گرنگەکە لە هونەردا ، ئەمەیانە · هەروەها (تین) ئەوەش حاڵی نەبووە ، کە هەر سەردەمێکی تازە ، هەستێکی تازە دەربارەی ڕابردوو دروست دەکات · ئێمە حوکمی کارەکانی هونەری کۆن ، بەپێی هەست کردنی ئێستامان بە بایەخەکان دەدەین · لێرەوە تەنها ئەو کارە مەزنانە دەمێننەوە کە لێکدانەوەیەکی نەمریان تێدایەو کات دەرەقەتیان نایەت · کارەکانی هونەری — هەروەکو (ارنۆلد هوسر) دەڵێ : وەکو لووتکە چیای بەرز وەهان‌و پێگەیشتنیان ئەستەمە · ئێمە یەکسەر بەرەوڕوویان ناڕۆین ، بەڵکو بە دەوریاندا دەخولێینەوە · هەر ئەوەیەك لە ئەوەکان ، لە ڕوانگەیەکی نوێ‌و گۆشەیەکی جیاوازەوە دەیانبینێت(٢) ·

ئایا دەتوانین لێکدانەوەیەکی کۆمەڵایەتی — هونەر بکەین ؟

ڕاستە — وەك جیو دەڵێ — پاڵنەری کۆمەڵایەتی‌و پێداویستی تێکەڵ بوون‌و هاوسۆزی لەگەڵ خەڵکدا ، هۆیەکی گرنگی پەیدا بوون‌و مانەوەی هونەرە بەڵام بۆچوونەکەی (جیو) لەو ئاکامەدا

---

(٢) ارنولد هوسر · فلسفة تاریخ الفن · ل٧ ·

خۆی دەنوێنێت کە هەر کارێکی خەڵك بەیەکەوە کۆبکاتەوەو یەکدی‌گیریان بکات جوانە ، هەرچی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کزکات دزێوە ! لێرەدا جیو ، چەمکی پەیوەندی‌و هاوسۆزی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گشتی‌و بەربڵاو وەرگرتووە ، دیارە ناشێ هاوسۆزی کۆمەڵایەتی لەلایەن هەموو ئەندامانی سەر بە چین‌و دەستە جیاوازەکانی کۆمەڵەوە بەیەك چاو سەیری بکرێت • لەبەر ئەوە لە هەندێ حاڵەتدا تەنانەت هەستی دژ بە کۆمەڵیش anti - social دەشێ لەبەرهەندێ هۆی‌کۆمەڵایەتی‌و چینایەتی خرۆشی ئیستاتیکی بەرپا بکات •

بەڵام جیو لە لێکدانەوەی تیئۆری (عەبقەریەت)دا ، خۆی لە باوەڕی (تین) دوور دەخاتەوە کە هونەر بە ڕەنگدانەوەیەکی میکانیکی دەوروبەرو سەردەم دادەنێت • هونەر تەنها ئێستاو ، ئەوەی هەیەو واقیع دەرنابڕێ بەڵکو خۆدەکوتێ بۆجیهانی خەیاڵ‌و واهیمەش ، جیهانێکی نوێ • زۆربەی زانایانی ئیستاتیکا ئەم بۆچوونەی (تێکەڵ‌کردنی خەیاڵ‌و واقیع)یان کردۆتە کلیلی چارەسەرکردنی گیروگرفتە هەرە ئاڵۆزەکانی هونەر • (هربرت رید) پەنا دەباتە بەر ئەم لێکدانەوەیە بۆ چارەسەرکردنی قورسترین کێشەی هونەر ، کێشەی فۆرم(٣) • هربرت رید باوەڕی وایە کە هونەر هەر لەسەرەتاوە دوو لایەنی لەژیانی کۆمەڵایەتی ئادەمیزاد دەربڕیوە :

١ ـ لایەنی کەڵك‌داری ـ ئابووری ـ ئەمەش ئەو شت‌ومەك‌و ئامرازانە دەری‌دەخەن کە مرۆڤ بۆ پێداویستییە پراتیکییەکانی بەکاری هێناون •

٢ ـ ئەو هونەرەی گوزارشت لە ئایدیاڵ‌و ئاواتی ڕۆحی‌و ئەفسانە دەکات • ئەمەش لایەنی ئایدیۆلۆژی هونەر پێك‌دێنێت •

---

(٣) هربرت رید • الفن والمجتمع • ل٧ـ٩ •

گەرچی هونەر ڕەنگدانەوەی شێوەکانی بەرهەمهێنانی ئابوورییە ، مەرج نیە ئەو هۆیانەی پاڵیان بەمرۆڤەوە ناوە لە سەدەکانی ناوەڕاستا (کاتدرائیات) دروستکات ، هەر ئەو هۆیانەش بن کە ئەو فۆرمە تایبەتییانەیان خوڵقاندبێو دیاری کردبێ کە ئەو کاتدرائیانەی لەسەر دروست کراون .. لێرەوە (هربرت رید) دەڵێ : سەرچاوەی سەرەکی هونەر بەرهەم هێنانی شتومەك بۆ ئاتاجی پراتیکی نیەو ، نەدەربڕینی ئەفکاری ئاینیو فەلسەفیشە ، بەڵکو توانستی هونەرمەندە لە دروست کردنی جیهانێکی تێکەڵو هاوگونجاو لە خۆیدا ... دروست کردنی جیهانێك ! بەلام نە جیهانی ئاتاجو ئارەزووی پراتیکی ، نە جیهانی خەونو خەیاڵ ، بەڵکو جیهانێکی لێکدراو لەم دوو دژانە ، کە برێتییە لە وێنەکێشانی کۆمەڵە ئەزموونەکانی لە وێنەیەکی قەناعەت بەخشو سەرنج ڕاکێشدا . کەواتە هونەر چالاکییەکی دیالێکتیکییە بەرەوڕووی یەك مەسەلە دەبێتەوە : عەقڵو دژەکەی، خەیاڵ ، لەو دووانە یەکێتییەکی نوێ دروست دەکات کە ئەو دژانەی تێدا دەگونجێت ... بەم چەشنە هونەر چالاکییەکی سەربەخۆیە وەکو هەموو چالاکییەکانی دی ، مەسەلەکانی ماتریالی بوونمان کاری تێدەکات ، بەلام ڕێگایەکیشە بۆ زانین ، حەقیقەتی تایبەتیو ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە ، پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ سیاسەتو ئایینو ڕێگەکانیتردا هەیە ، کە هەموویان لەگەڵ ڕەوتی ئینسانیماندا یەك دەگرنو بەشداری لە پرۆسیسی تەواو کردنو کامڵکردنی ــ کەلتوور ــدا دەکەن .. بە هەر حاڵ ئێمە دەتوانین لەم لێکدانەوەیەی (رید) ئەو ئاکامە بەدەستخەین ، کە ڕووی ئایدیۆلۆژی (خەیاڵ) بەرپرسیارە لەو ناڕێکییەی لە نێوان دەوروبەرو هونەردا ، لە زۆر حاڵەتدا ، هەستی پێدەکرێت

•• دیاره ئەم لێکدانەوەیە ، بە ماوەیەکی درێژ بەر لە (رید) لە لایەن مارکس‌و ئینگلزەوە پێشکەش کراوە • مارکس‌و ئینگلز گرنگییەکی زۆریان داوە بە لێکۆڵینەوەی ئەو دیالێکتیکە بە گرێ‌و گۆڵەی لەنێوان بەرهەمی هونەری‌و ، ژیانی ئینسانیدا هەیە • بەپێی تیئۆری مارکسیزم بنیاتە ئەساسییەکانی ژیانی ئادەمیزاد لەلایەن ئابووری‌و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانەوە دیاری دەکرێت • واتە هەر ژێرخانێك (بنیاتێکی ژێرەوە) سەرخانێکی (بنیاتێکی سەرەوە)ی خۆی هەیە •• ئەم سەرخانە لە ڕەوتە ئایدیالۆژییە ـ سیاسی‌و دینی‌و فەلسەفی‌و هونەری ـیەکەیدا خۆی دەنوێنێت •

بەڵام ئەوی ڕاستی بێت ، بنیاتەکانی سەرەوە ، تەنها لەلایەن بناغەی ئابوورییەوە دیاری ناکرێن • بەڵکو ئەوانیش لەلای خۆیانەوە دوور لەو تەئسیرە هاوبەشەی بناغە ئابوورییە هاوبەشەکەیان دەیکاتە سەریان ، یەکدیگیر دەبن‌و ، تەنانەت کار دەکەنە سەر بنیاتی ئابووری خۆیشی • کەواتە مارکسیزم تەنها لەوە ئاگادارمان ناکاتەوە کە جیاوازی نێوان سەرخان‌و ژێرخان بزانین ، بەڵکو داوامان لێدەکات کە وریای ئەو لێکدانەوە گومرایانەش بین کە پەیوەندی دیالەکتیکی نێوان ژێرخان‌و سەرخان لەلایەکەوەو ، نێوانی سەرخانە جیاجیاکان خۆیان ، لە لایەکی دیکەوە ، فەرامۆش دەکات ••

ئەو نامەیەی (فردریك ئنگلز) بە بەرواری ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٨٩٤ بۆ (هاینتس گیتر کنبۆرگك)ی نووسیوە ، تەواو ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە : «پەرەئەستاندنی سیاسی‌و یاسایی‌و فەلسەفی‌و ئاینی‌و ئەدەبی‌و هونەری •• هتد لەسەر پەرە ئەستاندنی ئابووری ڕاوەستاوە • کەچی هەموو ئەو بنیاتانەش لەناو خۆیاندا یەکدیگیردەبن‌و بەرەنگاری بناغە ئابوورییەکە

دەکەن • وەزعی ئابووری خۆی (هۆ) نیە، تەنها ئەو (چالاك) نیەو ئەوانی دیش ئەنجامێکی (بەدوادا ڕۆیشتووی) ئەوان بن، بەڵکو ئاڵوگۆڕی کارتێکردن لە نێوانیاندا لەسەر بناغەی پێداویستی ئابووری هەیە(٤) •

مارکسیش لەلایەکی ترەوە، لە کتێبی (ڕەخنە لە ئابووری زانی سیاسی)دا دەریدەبڕێ کە شێوەکانی کەلتوور وەکو یەك پەرە ناستێنن • ئەوە دەردەخات کە زۆرجار لە هەڵو مەرجێکی ئابووری دواکەوتوو ـ و پەیوەندی ئابووری دواکەوتوودا، داهێنانی هونەری و ڕۆشنبیری هێندە بەپێزو بەهێز سەرهەڵدەدەن کەتەنانەت کار لەسەدەکانی داهاتووی پەرەسەندنی کۆمەڵ دەکەن • (سەبارەت بە هونەر، زانراوە کە ئەو قۆناغەی پەرەسەندنە گەورەکانی هونەر دیاری دەکەن نەبەستراونەتەوە بە پەرەسەندنی گشتی کۆمەڵەوە، واتە بە پەرەسەندنی بناغە ماتریالییەکانیەوە)(٥) •

لێرەوە مارکس ئەو ناکۆکییە دەسەلمێنێت کە لە نێوانی هونەری بەرزی سەردەمێکی دیاریکراوداو ئاستی مەیلەو نزمی پەرەسەندنی کۆمەلایەتی ئەو سەردەمەدا هەیە • مارکس ئەم ناکۆکییانە ڕوون دەکاتەوەو دەڵێ: (ئەگەر ئەم ناکۆکییە لە مەیدانی هونەردا، لە پەیوەندی نێوان فۆرمەکانی هونەر لەگەڵ یەکتردا ڕوو بدات، ئەوە بەلامانەوە سەیر نیە کە ئەمە لە نێوان مەیدانی هونەر بە تێکڕایی و پەرەئەستاندنی گشتی کۆمەلایەتیدا ڕوو بدات • قورساییەکە لێرەدا تەنها لە فۆرمی گشتی ئەو ناکۆکیانەدا هەیە، بۆیە دەبێ هەر یەکێکیان بە جیا وەرگرین تا بتوانین لێکی بدەینەوە •• بۆ نموونە: با پەیوەندی هونەری گریك و، ئینجا شکسپیر بە سەردەمەکەیانەوە وەرگرین • باش

(٤) هنری ارڤون ـ الجمالیة المارکسیة • ل٣٤ •
(٥) یوری سوکولوف، الفولکلور، قضایله وتاریخه • ل ٣٨ •

دەزانین کە میتۆلۆژیای گریك تەنها کۆگای هونەری یۆنانی نەبوو بەڵکو ئەو خاکەش بوو کە تێیدا ڕووا ، دەسا ئایا دەشیا ، ئەو ئیتتیجاهە بەرەو سروشتو پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی ، کە بناغەی خەیاڵی گریكو ئینجا هونەری گریك پێكدەهێنن ، لەگەڵ بوونی ئامرازی میکانیکیو هێڵی ئاسنو شەمەندەفەری هەڵمیو تەلەگرافی کارەباییدا ، هەبن ؟! • میتۆلۆژیای یۆنانی بناغەی هونەری یۆنانییە •• سروشتو شێوەکانی کۆمەڵایەتی ، بە شێوەیەکی بێ-ئاگا-لاشعوری-و بەڕێگەیەکی هونەری، لەخەیاڵی میللیدا داڕێژراون ••• ئەمەش کەرەسەی هونەرەکەی درووست کردووە • ئەم پەرەسەندنە لە کۆمەڵێکدا ڕوونادات کە هەموو پەیوەندییەکانی ئەفسانەیی بە سروشتەوە ، بەلاوە بنێتو لە هونەرمەند داوای خەیاڵێك بکات پشت بە ئەفسانە نەبەستێت) • لەلایەکی دیکەشەوە ئایا دەشێت (ئەخیل) لەسەردەمی باروتو گوللەدا هەبێت ؟ بە شێوەیەکی گشتی ، دەشێ (ئەلیازە) لە تەك ڕۆژنامەگەریو مەکینەکانی چاپدا هەبێت : ؟ (٦) •

کەواتە قورساییەکە لەوەدا نیە کە تێ بگەین هونەری گریك لە هەلو مەرجێکی کۆمەڵایەتیو لەژێر سایەی سیستمێکی کۆمەڵایەتیدا ، کە پێویست بووە بۆ پەیدابوونی ، لەدایك بووە • بەڵام تەنها ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییە (بەس) نەبووە بۆ پەیدا بوونی ، بەڵکو دەبوو ئەو (ئەفسانانە)ش هەبن کە خەیاڵی میللی بە (شێوەیەکی هونەری)و بە(بێ ئاگایی) دایان بڕێژێت •• کەواتە

(٦) مارکس • (ڕەخنە لە ئابووری زانی سیاسی) • هەمان سەرچاوە • ل٣٩ •

(شێوەی هونەری)ش پێویستە بۆ ئەوەی شتێك ببێتە ئەفسانە یان هونەر ، وە ئاشکرایە کە ئەو فۆرمە شتێك نییە (سیستمە کۆمەڵایەتییەکە) عەکس بکاتەوە ، بەڵکو شتێکی زیادەیە دەخرێتە سەر ئەو سیستمە(٧) • ئەفسانەکانی گریك هەر دەبوو لەو کۆمەڵە باوەش بە ئەفسانەو خەیاڵ داکردووەدا لەدایك ببن و ، نەدەشیا لەسەدەی شەمەندەفەرو تەلەگرافی کارەبایی و • هتد بێنەکایەوە • ئەمە ئاشکرایەو لەجێی خۆیەتی • بەڵام ئەو پرسیارەی گیروگرفتە هەرە ئاڵۆزەکە دروست دەکات ئەوەیە :

چ شتێك بۆتە هۆی ئەوەی تائێستا هونەری گریك تەئسیرێکی سیحری بکاتە سەر ئێمە؟

هەواڵنامەی کتێب

پرسیارێکی ترە کە لە دیالیکتیك دەخوازێت ، یەکێتییەکی ـ بە زەحمەت ـ یان نەکراو ـ لە نێوان شتی کاتی و ئەزەلی ، وە بایەخی مێژوویی و بایەخی موتڵەق ، وە حەقیقەتی نیسبی و حەقیقەتی هەموویی دا بکات ؟ ئەگەر ڕاستە ، هەموو شتێك بەپێی کات و سەردەم و قۆناغی مێژوویی و هەل و مەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت ، بۆچی هونەر ، بایەخێکی «ئەزەلی» بە دەست دێنێت و لە هیچ کات و سەردەمێکدا نرخی خۆی ون ناکات ؟

بە ڕاست «چ شتێکە بایەخێکی نەمر دەدات بە هونەر ، لەگەڵ ئەوەشدا کە هونەر مێژووییە ؟»(٨) ئەمە ئەو پرسیارەیە کە مارکس

---

(٧) اوجين كامنكا • الاسس الاخلاقية للماركسية • ل١٨٣ • ترجمة مجاهد عبدالمنعم مجاهد • منشورات دار الاداب • ... ط ١ ، ١٩٧٢ ...

(٨) مەبەست ئەوەیە لەکات و قۆناغێکی دیاریکراو لە مێژوودا پەیدا دەبێت •

له پێشەکیی کتێبی (ڕەخنە لە ئابووریزانی سیاسی)دا کردوێتی(٩)
•• بەتایبەتی دەربارەی هونەری گریك یان موعجیزەی گریك • چونکە لەکاتێکدا سەیر دەکەین هونــەری میسری ، بۆ نموونە : ئەگەر لــە دەرەوەی چوارچێوەی کۆمەڵە کشتوکاڵییــە ئیدارییە تیوکراتیەکەیدا وەریبگرین ، زۆر لەو بایەخانەی گومدەکات کە پێداویستی ئەو کۆمەڵە دیاریکراوەیان دابین کردووە (لەگەڵ ئەو خاسیەتە هونەریانەشدا کە شکیان دەبات) • بەڵام هونەری گریك ، بەتایبەتی هونــەری ئەثینی لــە سەدەی پێنجــەمی پ•ز ، تەنها پێداویستیەکانی دەوروبەرو هەڵومەرجێکی ئینسانیی دیاریکراو دابین ناکات ، بەڵکو وادەردەکەوێ کــە ـ ئامانجێکی ـ تەواوی ئاتاجەکانی کۆمەڵگاکانی ئادەمیزاد بێت گەرچی لە هەڵو مەرجی وەختیو ئاینیو ڕۆحیو ماتریالی زۆر جیاوازیشدابن • ئەمەش نهێنی موعجیزەی گریك پێكدێنێت(١٠) •

مارکس دەربارەی ئەم دیاردەیە ئەم لێکدانەوەیەی خوارەوە پێشکەش دەکات :

[مرۆڤ ناتــوانێ ببێتەوە بە منداڵ ، بەڵام ئایا خــۆشی لە سادەییو ساوێلکەیی منداڵێتی وەرناگرێت؟ ئایا هۆشی ناچار نیە هەوڵ بــدات کە سروشتی خۆی لە ئاستێکی بەرزتــردا پەروەردە بکات ؟ ئایــا لە سروشــتی هەر منداڵێکدا ، ئێمە سروشــتی ئەو سەردەمەمان لە ڕاستییە ساکارەکەیدا بۆ ناژێتەوە ؟ کەواتە بۆچی دەبێ سەردەمی منداڵێتی کۆمەڵی ئادەمیزادیش ، کاتێ لە جوانترین قۆناغەکانی پەرەســەندنیا بووە ، کارێکی سیحری نەمــر نەکاتە سەر ئێمــە ؟! وەکو قۆناغێك کە هەرگیز ناگەڕێتــەوە ؟! منالی نەشارەزا هەیەو ، منالی واش هەیە هێندەی پیرە پیاوێك دانایە •

---

(٩) الجمالية الماركسية • ل٥ •

(١٠) الجمالية عبر العصور • ل٧٦ •



هەواڵنامەی کتێب

زۆربەی گەلانی کۆن سەر بە ئەم دەستەی دوایین • گریکەکان منالێکی ئاسایی بوون • ئەو دڵگیرییەی هونەرەکەیان هەیەتی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە ئەو هونەرە ناکۆکە لەگەڵ ئەو قۆناغە دواکەوتووەی پێشکەوتنی کۆمەڵەکە ، کە تێیدا سەری هەڵداوە ، بەڵکو ، بەپێچەوانەوە ، ئەو هونەرە وەکو بەرهەمی ئەو قۆناغەی کۆمەڵ دیار دەکەوێو ، بە توندی بەستراوەتەوە بەو ڕاستییەوە کە ئەوپەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ناکامڵانەی لەژێر سایەیاندا پەیدا بووەو ، تەنها لەژێر سایەیاندا دەشیا پەیدابێت ، هەرگیز ناشێ جارێکی تر دووبارە ببنەوە] •

(( A man can not be transformed again into a child, or he becomes childish. But does he not take delight ina child's naivete, and is not he himself obliged to strive toward this end, that he may produce his own true nature at a higher stage ? In the nature of a child, in every era, does there not come to life again the character of this era, in its artless truth? And why should not the childhood of human society, there, where it has the most beautiful development of all, possess for us an external charm, as a stage which never repeats itself ?

There are uneducated children, and there are children who have the wisdom of old age. Many of the ancient peoples belong to this category The Greeks were normal children. The fascination which their art possesses for us does not lie in its contradiction to the undeveloped stage of society, up on which it grew up. On the contrary, that art appears to be the result of that stage of society and to be indissolubly linked with the fact that the immature social relation under which it arose, and under which alone it could arise, can never be repeated again)).

بەم چەشنە مارکس هەوڵ دەدات کە «موعجیزەی گریك» بە پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتییەوە ببەستێتەوە • هەرچۆنێ بێت مارکس لێرەدا باسی مەسەلە گرنگەکانی وەکو خاسیەتەکانی فۆرمی هونەریو سروشتی جوانیی نەکردووە (مارکس نایەوێ بڵێت

سیحری هونـەر لە فۆرمەکەیدایە • ئەو بۆچوونێـکی ئابووریی دەوێت •

بەراورد کردنی هونەر لەگەڵ منداڵێتیدا شتێکە ناشێ قبوڵ بکرێت .• ئەو حەقیقەتە جەوهەرییەی گریکەکان ئاشکرای دەکەن هێشتا بـەلای ئێمەوە شاراوەیـە • بەلام ، بەهەرحـاڵ ، بۆمان دەردەکەوێت کە جازیبیەتی منداڵیو حەقیقەتی جەوهەری ، وەکو حەقیقەتێکی نەمر خۆیان دەنوێنن ، وەکو حەقیقەتی سایکۆلۆژیای ئینسانی کە بە هیچ یەکێ لەو سیستمە ئابووریانەی ئێمە لەژێر سایەیاندا دەژین نەبەستراوەتـەوە •• جارێکیتر زۆر بە چاکی بۆمان ڕوون‌دەبێتەوە کە سیستمی ئابووری وڵاتی یۆنان مەرجێکی پێویستە بۆ دروست کردنی ئەو تەئسیرە سیحرییەی هونەرەکەیان هەیەتی ، بـەلام «بەس» نیە ، چونـکە ئەمە (بایـەخ پێدان)یشی دەوێت ، ئـەم بایەخ پێدانـەش بـە هیچ جۆرێك پەیـوەندیی بە هۆیەکانی ئابوورییەوە نیە(١١) •• هەرچۆنێ بێت ، مارکس کلیلی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی داوە بەدەستەوە کاتێ دەریدەبڕێ شتێکی ئینسانی نەمر لە هونەردا هەیە کە وایلێ‌دەکات لەلایەن مرۆڤەوە ــ لەو هەموو سەردەمێکدا دلگیرو بەبایەخ بێت • واتە هونەر بە دابڕینی لە هەلومەرجو هـۆو پاڵنەرە کۆمەڵایەتییانەی دروستیان کردووە ، نرخی خۆی گوم‌ناکات • لەم بارەیەوە (جان کاسۆ Jean Cassou ) دەڵێت :

(هەلو مەرجی کۆمەڵایەتی دروستکەری کاری هونەری سەر بە ڕابـردوون ، بەلام کاری هونـەری خۆی سـەر بەئێستایە •• ڕووداوێکە بەرامبەرمانە ، کارمان تێدەکاتو سۆزمان دەجولێنێو حەقیقەتی ئادەمیزاد لە دەروونماندا دەدوێنێو وامانلێ‌دەکات بۆ

---

(١١) اوجن کامنکا • الاسس الاخلاقیة للمارکسیة ل ١٨٣ •

سەرووی خۆمان بەرزبینەوە• خۆئەگەر ئێستاش چەشە لە(ئەلیازە) وەربگرین یان حەز بەبینینی کاتدرائیەکی قوطی بکەین ، ئەوە لەبەر ئەوەیە لەکاری هونەریدا شتێکی ئینسانی هەیە کە لەدەست هەموو هەڵو مەرجێکی کۆمەلایەتیو تینو تەگەرەیەکی مێژوویی کە لە کاتی درووستبوونیدا دەوری داوە ، دەرباز دەبێت ، بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە ناوەرۆکە کۆمەلایەتییەکەی ئەو کارە هونەرییانە ، بە تەواوی بە نیسبەت ئێمەوە پەکیان کەوتووە ، ئەو هەڵو مەرجە کۆمەلایەتیو مانا ئاینییانەی تێیدا دەربڕدراون ، بەلای ئێمەوە بێمانا ماونەتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا بایەخێکی هونەری لەو کارانەدا شك دەبەین چونکە شتێکی ئینسانیان تێدا بەدی دەکەین ، کە بۆتە هۆی درووستکردنیانو لەهەموو مانایەکی ئاینیو پێوانەیەکی کۆمەلایەتی تێپەڕدەکات • ئەم ڕەنگە ئینسانییەی توخمە هونەرییە نایابەکان هەیانە ، وا لە هونەر دەکات ببێتە زمانێکی بەشەری گشتی ، مرۆڤ لەڕێگایەوە هەوڵ بدات ، هەمیشەو لە هەموو کاتێکدا ، بەسەر سروشتدا بەرز بێتەوەو تەختی حەقیقەت بەدەست بێنێتو (بوعدی) ئینسانی لە بوعدەکانی واقیعدا دەرببڕێت (١٢) •

هەڵبەتا، ئێستا دەتوانین ئەم ئاکامانەی خوارەوە تۆمارکەین:

١ ـ هونەر پەیوەندییەکی پتەوی بە واقیعەوە هەیە • هونەرێکی دیاریکراو لە سەردەمو قۆناغێکی تایبەتیدا ، دەشێ تەنها لەو هەڵومەرجە کۆمەلایەتیو دەوروبەرە مێژووییەدا پەیدا ببێت کە تێیدا پەیدا بووە •

٢ ـ مەرج نیە هونەر ڕەنگدانەوەیەکی ڕووتو ڕاستەوخۆو کتو متی واقیع بێت • کۆمەڵێکی دواکەوتوو لە ڕووی

12. Situation de le Art Moderne. Paris.

لەکتێبی (مشکلة الفن) لاپەڕە (١٤٤) وە کۆپی کراوە •

شارستانیەت و سیستمی ئابوورییەوە ، بۆی هەیە هونەرێکی نەمرو پێشکەوتوو دابهێنێ .

٣ ـ هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە هونەر تەنها هەل و مەرجی ماتریالی ژیانی ئادەمیزاد دەرنابڕێ ، بەڵکو هونەر بە پلەی یەکەم ئارەزوو خواستە ڕۆحییەکانی مرۆڤ دەردەبڕێ . ئەو ئارەزووو خواستانەی کە سەرچاوەکەیان لەهێزی خەیاڵەوە وەردەگرن ، یاخود ڕاستتر بڵێین ، ئەو هێزە لە مێشکی ئادەمیزاددا درووست دەکەن ، بۆ ئەوەی بتوانێ بەرز بێتەوە بۆ سەرووی واقیع و چاو لە جیهانێکی نوێ ببڕێت کە هەموو ئاوات و نیازە ئینسانییە نەمرەکانی تێدا بەدی بێن .

٤ ـ لەبەرئەوە هونەر گەرچی لە هەل و مەرجێکی مێژوویی تایبەتیدا لەدایك دەبێت ، بایەخێکی ئینسانی نەمری لەناو خۆیدا حەشار داوە کە نهێنی ئەو سیحرە نەمرە پێك دێنێت کە گرتویەتیە خۆی . هونەر هەموو دەمێ دووجۆرە بایەخی تێدا هەیە : بایەخێکی بگۆڕ کە بەستراوەتەوە بەو مەبەستە کاتیانەی هونەرەکە بەپێی پێداویستی کۆمەڵ و سەردەمەکەی دەریان دەبڕێ . ئەم بایەخەش دەشێ بە نەمانی هەل و مەرجە کۆمەلایەتییەکە لەناو بچێت . دووەم : بایەخێکی ئینسانی نەمر کە دەستنیشانی هێزی بلیمەتی و داهێنانی ئادەمیزاد دەکات و تینوێتی ئەبەدی ئەو بۆ جیهانێکی خۆش و ڕۆشن و شادو نەمر دەردەبڕێت . ئەم بایەخەش لە هەمیشە بەهاردایەو شایانی لەناوچوون نیە .

٥ ـ باشترین هەل و مەرجی کۆمەلایەتی بۆ پێشکەوتن و بوژاندنەوەی هونەر لە کۆمەڵێکدا پەرەسەندنی ئابووری یا پیشەسازی ئەو کۆمەڵە دیاری ناکات ، بەڵکو ئەو هەل و مەرجە دیموکراتیك و پەیوەندییە مرۆڤایەتییە ساغانە دیاری دەکەن ، کە

دەبنە هۆی زامن کردنی ئازادی تاکە کەس‌و بەرەڵا کردنی ڕێگەی دەرکەوتن‌و پێشکەوتنی ووزەو توانستە ڕۆحییەکانی ، بەتایبەتی ئەوسەردەمانەی کە لەدوای ماوەیەکی دوورو درێژی پڕکارەسات‌و ستەمکاری، یان بەندیەتی‌و ژێردەستی‌دێن‌و چینە پێشکەوتووەکانی گەل دەتوانن بەئازادی بیروڕای خۆیان دەرببڕن‌و بۆدامەزراندنی کۆمەڵێکی تـازە پێشـکەوتووو سەربەسـت تێ بکـۆشن ٠٠ لەو سەردەمانەدا بەهـرەو وزەکانی مرۆڤی تاك بە خواسـتن‌و خۆش ویستنی پێشکەوتن‌و کۆمەڵ‌و ئایندە پڕ دەبن بۆ درووست کردنی جوانترین‌و دڵگیرترین کارەکانی هـونەر دەکەونە کار ٠٠٠ بۆ نموونە : بەپێزترین سەردەمی بووژانـەوەو ڕازانەوەی ئەدەبی کوردی لـە سـەردەمی هـاتنی ئیسـلامەوە بـۆ کوردسـتان تـا ئێستا سەردەمی بابانیـەکان بووە ٠ لەو دەمەدا هونەری شـیعر بەتایبەتی‌و ڕۆشنبیری بە شێوەیـەکی گشتی تا ڕادەیەکی ئەوتۆ پێشکەوت بۆگەلی کوردی لواند، بناغەیەکی پتەو بۆ زمانی ئەدەبی یەکگرتوو دابنێت ٠٠٠ دیارە ئەو پێشکەوتنە ئەدەبییە گەورەیە ، کە لە کارە شیعرییەکانی شاعیرانی مەزن نالی‌و سالم‌و کوردی‌دا خۆی دەنـوێنێت ، هاوتـایەکی تەواوی لـە ڕووی پێشـکەوتنی کۆمەڵایـەتی‌و ئابوورییـەوە نەبـووە ٠٠ بەڵام فرمـان ڕەوایی بابانێکان دەوروبـەرێکی کۆمەڵایەتی‌و ئینسانی وەهـا دروست‌و ڕەوان‌و کامەرانی خوڵقاندووە ، کە نەك تەنها بەهرەی هونەری شاعیران‌و ئەدیبانی تەقاندۆتـەوە ، بەڵکو جوانی‌و ڕەنگینییەکی نوێی بە هەمـوو ڕواڵەتـەکانی سـروشت‌و ژیـانی کۆمەڵایەتی بەخشیوە بـەو چەشنەی کە «نالی» لە نامەکەیدا بـۆ «سالم» باسی دەکات ٠ بـەڵام بەدەرکرانی بابانێکان‌و نەمـانی خودموختاریی کورد ، ئەو دەوروبەرە هونەرییەش بەسەرچو ٠ سالم لە وەڵامی نامەکەیدا بۆ نالی دەڵێت :

## لەوســـانەوە کـــە حاکـــمی بابـــان بەدەرکـــران
## نەیدیوە کەس لە چەهرەی کەس جەوهەری هونەر[13]

دەتوانین بــە هەمان پێــودانگیش ئەو پێشــکەوتنە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە گەورەیــە هەڵسەنگێنین کە گەلی کورد لە عێــراقدا لە دوای یازدەی ئازاری ١٩٧٠دا بەخۆیەوە بینی ٠

بابگەڕێینەوە بۆ «موعجیزەی گریك» ٠٠٠ [ئەثینیەکان لەو کاتەدا کە لە ترۆپکی مەزنیدابوون کۆمەڵێکی بچووك بوون و لە چوارسەد هەزار کەس زیاتر نەبــوون ، نیوەیان لە خودی شاری «ئەثینا»دا دادەنیشتن ٠٠٠ لەگەڵ ئەمەشدا لە ماوەی کەمتر لە دوو سەد ساڵدا گەورەترین و بەرزترین و دڵگیرترین جۆرەکانی هونەری تیا هاتە بوون و پێگەیشتن](14) ، جوانتــرین توخمەکانی هونەری ـ وەکو پەیــکەری ئەپوللو ـ لــەو ماوەیەدا کە دەکەوێتــە نێوان سەردەمی شەڕی فارسەکان و بەرپابوونی دیموکراسی دوای نەمانی شەڕەکە داهێنران ٠ کە (بریکلس) هاتــە سەر حوکم دەسەڵاتی لە (کیمۆن) و حیــزبە ئەرستۆکراتیــەکەی سەندەوە ، ئــەم کۆدیتا سیاسییە گەورەیە پێشکەوتنێکی گەورەی لەهونەردا بەرپاکرد(15) ٠ دیسان سەرکەوتنی یۆنانیەکان بەســەر فارسەکاندا دوای وێران کردنی ئەثینا بــە دەست فارســەکان لــە ســاڵی ٤٨٠ی ز٠دا ، گرنگییەکی گەورەی لەم ڕووەوە هەیە ٠ هاتنی سەرکەوتن بەدوای وێرانییەکی ئــاوادا ، بوو بەهۆی ئەوەی یۆنانییــەکان هەست بە

---

(١٣) دیوانی نالی ٠ چاپخانەی کوردستان ٠ هەولێر ، ١٩٦٢ ٠ ل٩٥ ، بڕوانــە هەردوو شــیعرەکەی نالی و سالم هــەر لەو دیوانەدا ٠

(١٤) الجمالية عبر العصور ٠ ل٧٧ ٠

(١٥) هـ ٠ ب ٠ والتــرز ٠ تــاريخ الفنون الجميلــة اليونانية ٠ تعريب ٠ شكري صادق ٠ القاهرة ١٩١١ ٠ ل٤٦ ٠

شانازیی نەتەوەیی خۆیان بکەنو ئەمەش پاڵی پێوەنان بۆ ڕەنج بەختکردن تابنیاتی شارە تازەکەیان ببێتە نموونەیەکی هونەریی دڵگیر(١٦) • دیارە ئێمە ناتوانین ئەم فاکتەرە بە تاقە هۆیەك بۆ پێشکەوتنی هونەری ئەو سەردەمەی گریك دابنێین ، بەڵام ناشتوانین بە هۆیەکی سەرەکیی و گرنگی نەژمێرین • ئەمڕۆ سەیر دەکەین لە جیهانی سەرمایەداریدا ، لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە ئابووریی و پیشەسازیی و تەکنۆلۆژییە مەزنەشدا ، هونەر لە کزی دایەو بەڵکو لەلایەن تیئۆرچییە بۆرژوازییەکانەوە مەترسی لەناو چوونیشی لێ‌دەکرێت ؟! ئایا ئەمە لەبەر ئەمەیە کە هونەر وەکو شتێکی پێویست دەوری لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا نەماوە؟ بێگومان نەء • ئەو ڕەواجە گەورەیەی تا ئێستاش ئەدەبو هونەری کلاسیکیی و کارە کلاسیکەکان هەیانە ، بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەو ڕاستییەیە ، کە هونەر ئاتاجێکی گەورەی ڕۆحی ئادەمیزاد لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا دابین دەکات ، واتە ئاتاجی دروستبوونی کۆمەڵێکی نوێ کەپەیوەندی ئینسانی ساغو دوور لەچەوساندنەوەو پارە پەرستی تێدا فەراهەم بێت •• کەواتە تەنها گۆڕانکارییە ئابوورییەکان ، یان کۆمەڵایەتییەکان بەس نین بۆ داهێنانی هونەرێکی بەرز ، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك ئەو گۆڕانکارییانە لەگەڵ هەستو نەستی دەروونی ئادەمیزادی ناو کۆمەڵەکەدا یەکدیگیر دەبنو بەشێوەیەکی ئیجابی لە ناو زەینو مێشکیا ڕەنگ دەدەنەوەو بۆ ئەم مەبەستەش ـ لەپێش هەموو شتێکدا ـ مارکس گوتەنی ـ ئینسانی کردنی دەوروبەر ـ واتە پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی ـ پێویستییەکی گەورەیە •

٦ ـ ئێمە لەکاتێکدا دەڵێین (واقیعێکی موتڵەق) لە هونەردا

---

(١٦) الجمالية عبر العصور • ل٨٣ •

هەیە کە لەگەڵ نەمانی واقیعە مێژووییەکەشدا هەر دەمێنێت‌و بایەخی خۆی دەپارێزێت ، مەبەست ئەوە نیە کە بەهانە بۆدابڕانی هونەر لەواقیع بدۆزینەوە • تەنانەت دەبێ زۆر ئاگاداری ئەو تیئۆرە ئایدیالی‌و بۆرژوازییانە بین کە ئەم خاسیەتەی هونەر دەکەن بە بیانوویەك بۆ دوورخستنەوەی هونەر لەبینینی ئەرکە کۆمەڵایەتی‌و دەورە مێژوویی‌یە گەورەکەی لە ڕێبازی بنیاتنانی کۆمەڵی نوێ‌و بەرگری کردن لە ئادەمیزاددا ••• هونەر ئاوات‌و هیوای مرۆڤ لە کۆمەڵێکی تایبەتی‌و قۆناغێکی تایبەتیدا دەردەبڕێ ، لەبەر ئەوە،گەر ڕاستەو خۆش نەبێ مۆرکی چینایەتی پێوەیەو خزمەتی بەرەیەکی سیاسی یا ئایدولۆژی دیارکراو دەکات زۆرجار لە قۆناغەکانی مێژوودا هونەر بۆتە عەکس کەرەوەیەکی ساغ‌و بێ خەوشی ئاواتی چینە ماف خوراوەکان‌و گەلە زۆر لێکراوەکان • لەلایەکی دیشەوە چینە چەوسێنەرەکان‌و دەسەڵاتدارەکان هەمیشە هەوڵیان داوە ناوەرۆکە سیاسییەکەی هونەر دابماڵن‌و بیکەنە ئامرازێك بۆ ڕابواردن‌و کات بەسەربردن ، یان بیبەستنەوە بە تێگەیشتنە کەلکدارییەکەی خۆیانەوە دەربارەی جیهان‌و گەردوون‌و پاراستنی ڕژێمەکەیان •

## ڕووەکانی پەیوەندی هونەر بە واقیعەوە

پەیوەندی هونەر بەواقیعو بەژیانەوە، شتێکی بەڵگەنەویستە• هونەری دابــڕاو ، لە واقیعو ژیانو ســەردەم تەنها واهیمەو خۆ هەڵخەڵەتاندنــە • تیئــۆری هــونەر ــ بــۆ ــ هــونەریش تەنها سەرەتایەکی ئیســتاتیکی ئایدیالی‌یە کە دەیەوێ هونەر لەکۆمەڵ دابڕێتو پەیامە کۆمەڵایەتییەکەی لە ئەستۆ داڕنێت •

بانگ‌ڕایەڵان بۆ تیئۆری (هونەر بۆ هونەر) گرنگی بە فۆرم دەدەن ، وە وای دادەنێن کە هــونەر تەنها فــۆرمە " وە فۆرمیش خۆی لە خۆیدا ــ شتە ــ و جوانییەکی سەربەخۆی هەیەو ئامانجی خۆی لە خۆیدایە • بەم پێیە ــ هونەر ــ گێڕانەوەی هیچ شتێك نیــە لە سروشــتدا ، یان دەربڕینی ژیــان نیە ، وە هەمــوو ئەو بایەخانەی کە کاری هونەری شکیان دەبات لەناو کارەکە خۆیدان•

لەلایەکی دیکەشەوە فۆرم خۆی لە خۆیدا یاسای پەرەسەندنو دیالەکتیکی خۆی هەیە کە دوورە لەهەموو وەزیفەیەکی دەربڕینو گەیاندن • شێوازی سەردەمو شێوازی هەرتاکە هونەرمەندێك لەو سەردەمەدا ، لە کەســایەتی سەربەخۆی فۆرما بەدیــار دەکەوێ • جۆری فــۆرم لە نەوەیەکــەوە بۆ نەوەیــەکی دی بەپــێی چەند یاسایەکی پەرەســەندن کە بەرگریان نــاکرێتو لە هەموو هەلو مەرجێکی کۆمەڵایەتییەوە بەدوورن ، دەگۆڕێت •

لێرەوە ، هونەر بۆ هونەر خوازەکان ، ئەوە دەدەنە دواوە کە هونەر هیــچ دەورو پەیامێــکی کۆمــەڵایەتی ڕەوشتی یــان هیچ مەبەستێکی کەڵکــداریی پراتیــکی هەبێت • بــەلای ئەوانەوە ، هەرچی جوان بێت ناشێ کەڵکی هــەبێت ، هەرچی کەڵکی هەبێت ناشێ جوان بێت • (تیوفیل جوتیسیە) دەڵێ : ( هەرشتێکی جوان بێت کەڵکی نیــەو ، هەرشتێ کەڵکی هەبێت دزێــوە) • (فلوبێر)

دەڵێ : (کاتێ تۆ دەتەوێ ڕاستیی شتێك بسەلمێنیت ، درۆدەکەیت) (مرۆڤ‌و ژیان لەیەك جیان‌و زۆر لایەنیـان هەیە • هەردووکیان نادیارن • لەبـەرئەوە ئێمە هەمیشە حەقیقەت تێـك‌دەدەین کاتێ دەمانەوێ بەرەو بێ‌کۆتاییـەك ڕایکێشین کە تەنها بۆ خوا دەس دەدات‌و بەس)(١٧) •

هەر لە سەرەتاکەی گرنگی‌دان بە فۆرمەوە ، فۆرمالیستەکان هەوڵ دەدەن هونـەر لە کۆمەڵانی خەڵك دوورخـەنەوە •• بەلای ئەوانەوە کـاری هونەری بوویـەکی سەربەخۆو خۆچنـە دەبێ ، ڕەگەزەکانی بە دۆزینەوەی پەیوەنـدی نێوانیان لێك‌بدرێنەوە ، نەك بەگەڕانەوە بۆ هەل‌و مەرجی پەیدابوون‌و تەفسیری ئەو هەل‌و مەرجانە •• چونکە کاری هونـەری لۆژیکی تایبەتی‌و ڕوخساری تایبەتی خـۆی هەیە ، کە بەڕوونترین شێوە لـە پەیوەندییەکانی دارشتنی ناوەوەیدا دەردەکەون • لێـرەوە ، فۆرمالیستەکان ئەو بەهانەیە بـۆ داب‌ڕینی هونەر لە جمهور دەدۆزنەوە ، کـە گوایە ئەوان گوزارشت لە ڕواڵەتی شتەکان ناکەن ، بەڵکو گوزارشت لە جەوهـەری شـتەکان‌و لـە مانـای ئەمری ئـەوان دەکـەن ، وە ڕواڵەتە بگۆڕەکان دەدەنە دواوە ، ئەم (جەوهەر)ەی هونەر یا ئەم حەقیقەتە ـ جمهور ـ ناتوانێت لە ڕێگەی عاتیفەو سۆزەوە تێی بگات ، بەڵکو تەنها لە ڕێی (خوردبونەوە)وە دەتوانێ پێی بگات چونکە تەعبیـر لەو وێنە زەین ڕوونییـە دەکات کە لە قوڵایی بێ ئاگاییەوە دەردەچێت •

فۆرمالیسـتەکان تەنها بـەوە واز نـاهێنن کە بڵێن : کاری هونەری (جیهانێکی بچووکە)و دەسەڵاتێکی موتلەقی بەسەرمرۆڤدا هەیە ، بەڵکـو بەلای ئەوانەوە دەستنیشـان کردنی هەر ڕووداوو

---

(٧١) بحث في الجمال • ل٤٦٢ •

پەیوەندییەك لە دەرەوەی كارە هونەرییەكە خۆیدا ، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو كارە بە تەواوتی جوانی خۆی بدۆڕێنێت(١٨) •

هەر بەم پێیە ، هونەر ـ بۆ ـ هونەر خوازەكان ، مرۆڤی هونەرمەندیش بە كەسێكی تاكو تەرا لە كۆمەڵ دادەنێن كە وەكو سۆفی یەك لە ـ پەرستگای جوانیدا لە سەرووی ژیانو ڕووداوەكانییەوە وەستاوەو هونەرەكەی پاكانە بۆهەموو ڕەوشتو هەڵوێستێكی دەكات •• بۆیە هونەرمەند ناتوانێو ناشێ ئەفكاری سیاسیو فەلسەفیو ڕەوشتیو ئەفكاری دیكەی سەردەمەكەی دەربڕێت ،چونكە ناوەڕۆكی بەرهەمەكانی هونەرمەند ،وێنەكانی هۆنراوەكانی ، وە دیمەنە هونەریەكانی تەنها جوانی ڕووت دەردەبڕنو بەس ، جوانی خۆی لەخۆیدا (كلایف بل) دەڵێت بۆ ئەوەی كارێكی هونەری هەڵسەنگێنین ئاتاجی هیچ شتێ نین ، كە لە ژیانەوە وەرگیرابێتو نە پێویستیمان بەزانینی هیچ ئەفكارو هەستێك نیە )••

مەسەلەی فۆرمو پەیوەندی بە ناوەڕۆكو دەوری هونەری ڕیالیزم لە دەربڕینی جەوهەری واقیعدا ـ لە شوێنێكی تر لەم كتێبەدا باس دەكەین •• بەلام ئێستا تەنها دەمانەوێ سەرنجێكی ـ مەیدانی ـ دەربارەی لایەنەكانی پەیوەندی هونەر بە واقیعو ژیانو سەردەمەوە بخەینە ڕوو :

**(١) هونەرمەند كەرەسەی هونەرەكەی لە ژیانو واقیعەوە وەردەگرێت :**

لەباسی پەیوەندی نێوان هونەرو كاردا زانیمان كە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا لە ڕێگەی ـ كارـەوە هەوەڵین چاوگەی هونەر لەلای ئادەمیزاد پێك دێنێت • مرۆڤ چ كەرەسەی كارە

---

(١٨) ارنولد هوسر • فلسفة تاريخ الفن ل ٩ •

دەوروبەر دەورێـکی گەورە دەبینێت لە دیاری کـردنی ئەو هونەرییـەکەی ، وە چ بیرەکانی ، لەسروشـتو دەوروبەرەکەی وەردەگرێت • تەنانـەت کاتێ ئادەمیزاد هەندێ شـت لە خەیالّیا پەروەردە دەکاتو وا دەزانێت کە لەودیو سنووری ڕوالّەتەکانی واقیعـەوەن ، ئـەوا ڕاستیێکەی جگە لە ڕێکخسـتنەوەو بەرهـەم هێنانەوەی بەشو پارچەکانی واقیع هیچ کارێکیتر ئەنجام نادات لەکاتێکـدا (هیـرونیموس بوسـخ) (Hyronym Bosch) تابلـۆی (فریودانی قەدیس ئەنتونی) کێشاوە (Temptation of St. Anthony) لە وەسف کردنی ئەو جانەوەرانەدا کە لە دۆزەخەوە هەڵدەقوڵێنو هێرش دەبەنە سەر (دەروێش)ەکە ، ئەو کەرەسانەی بەکارهێناون کە واقیـع بەو زۆرو زەبەندییە پێشکەشـیان دەکـات •• لەگەڵ ڕوالّەتە نائاساییەکەشیاندا ، ئەو شەیتـانو جندۆکانەی سەبرو خۆڕاگرتنو باوەڕی (دەروێش)ەکە تاقی دەکەنەوە ئەوی ڕاستی بێت ، لە کەرەسەیەکی تەواو ئاسایی دروست کراون • (بۆسخ) تەنها ڕەگـەزە بەرچـاوەکانی بوونەکانی سـروشتیو دروسـت کراوەکانی ئادەمیزادی تێیاندا بەیەکەوە گرێ داوە •• وە تەنها هاتووە ڕیزە سروشتیەکانیانی تێك داون ، پارچەو ئەندامی گیان لەبەرەکانی لە پێکەوە بەستنێکی سەیردا کۆ کردوونەوە شتەکانی بەرچاوی ڕۆژانەی وەکو قاپوقاچاغو ئەسکوێو چەقۆو خودەی سەری بە کلکی مێشـوولەو مەگەزەوە بەستوون ، لـەشی کوللەو جالّجالّۆکەی بە زیندەوەرەکان داوە ، بەرگی گوللەبەندی (armour) لەبەر هەمـوویان کردووە • جگە لەمەش هاتووە هـەستو سۆزی ئادەمیزادی بـەو جڕو جانەوەرانەی خەیالّە فراوانـەکەی داوەو وای لە جندۆکەکان کردووە کە وەك گالّتەبازێکی بەدخوو ڕەفتار بکەن • بەم جۆرە هەرچەندە وێنەکانی لە سەرەتاوە وادەردەکەون کەوا بە ئاشـکرایی لە تاقی کردنـەوەی ڕۆژانـەوە بەدوورن ،

ڕاستییەکەی ، بەتەواوی لەگەڵ سیستمی بایەخەکانی ڕۆژانەو چەمکەکانی سەردەمەکەیدا دەگونجێن(١) • تەنانەت کاتێ مرۆڤی سەرەتاییش هەوڵی داوە کە خاسیەتی خوایەتی بۆ بەرهەمە خەیاڵیەکانی زیاد بکاتو بیری ــ ڕۆحانیەت ــ بەهۆی هونەرەوە دەربڕێت ، نەیتوانیوە لە دارشتنی خەیاڵەکەیدا ، لە سنوورەکانی واقیعو دەورو بەرەکەی دووربکەوێتەوە فۆرمی هونەرەکەی هەر بەو ئیمکانیەتەو بەپێی ئەو ئیمکانیاتە دارشتووە کە دەورو بەرەکەی بۆی ڕەخساندووە • کێویەکانی (وەحشیەکانی) سەدەی بەردین لە ئەوروپا چەقۆو چەکوشو ئامرازە بەردینیەکانیان هەر بەو شێوەیە دروست کردوون ، کە خەڵکە ئەسڵییەکەی ئوستراليا دروستیان کردوون ، دیارە شتێکی نەگونجاوە ئەو ڕێکەوتە بە ئەنجامی خواستنو لەیەکەوەرگرتن بدەینە قەڵەم • بەڵکو لەیەك چوونی کەرەسە خاوەکە بۆتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لەهەردووشوێندا ئاتاجەکانی لەسەر یەك شێوە دروست بکات(٢) • هەر بەم چەشنەش زانراوە کە فۆلکلۆری گەلان ، گۆرانیو ئەفسانەکانیان ، تا ڕادەیەکی زۆر لەیەك دەچێ ، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە گەلان هەموویان ئەو بیرو ئیمپرێشنانەیان لە فۆلکلۆرەکەیاندا عەکس کردۆتەوە کە لە ئەنجامی پەیوەندی لەگەڵ سروشتو هەوڵدان بۆ دەس بەسەرا گرتنیدا بەدەستیان هێناون(٣) وەکو ئەو نموونانەی لە بەشی (هونەرو کار)دا پێشکەشمان کردن •

## (٢) دەوری واقیع لە دیاری کردنو سەپاندنی (جۆرێکی هونەری) تایبەتیدا :

1. Boris Suchkov : A History of Realism. pp. 5—6.

(٢) یوری سوکولوف • الفلکلور • قضایاه وتاریخه • ل٤٤ •

(٣) هس • هل •

جۆرە هونەرەی لەکۆمەڵێکی تایبەتیو قوناغێکی تایبەتیدا دەبێتە باو .. هونەری شارستانیەتیی کۆنی گەلانی هیندو چینو گریكو ڕۆمان شارستانێتیی (مێسـەپەتـەیمیا) لـەلایەن ئەو باوەڕو ئایدیایانەوە دیاری کراون کە مرۆڤ باوەڕی پێ بوونو پەیڕەوی کردون ئەو باوەڕو ئایدیایانەش ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵ بوون لە قۆناغێـکی تایبەتی پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتیـدا . دەرکەوتنو سەقام گیربوونی هونەری پلاستیکی پەیوەندییەکی گەورەی هەیە بە دەرکەوتنی باوەڕە ڕۆحییـەکانی ئادەمیزادەوە .. بەتایبەتی بە دروست کردنی پەرستگاکانەوە . دەسا با بپرسین ، بۆچی هونەری پلاستیکی لای عەرەبەکان بەر لە ئیسلام بەرچاو نـاکەوێتو شیعر وەکوو تاکە هونەرێك خۆی سەپاندووە ؟!

د . عزالدین اسماعیل ئەم مەسەلەیە بە ووردی لێك داتەوە(٤) .. ئێمەش لێکدانەوەکانی ئەو لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆدەکەینەوە :

یەکەم : عەرەبەکان بەر لە ئیسلام لە نیوە دوورگەی عەرەبدا پەرت بووبوونو سیستمی تیرەگەری حوکمی دەکردن . ئەگەرچی باوەڕی ئاینیو ــ خوا ــ یان هەبوون ، بـەڵام ئەم خوایـانە ڕەمز نەبـوون بـۆ باوەڕێکی ئـاینی فراوانو تەنها دامـرکێنەرەوەی هەستێکی ئایینی بوون لەژیانیاندا . ئەوبتانەی دروستیان دەکردن بەلای ئەوانەوە نواندنی ڕاستـەقینەی خواکان نەبـوون ، بەڵکو هۆیەك بـوون بۆ نـزیك بوونەوە لە خوا . هەسـتی ئـاینی لای عەرەبەکانی سەدەی جاهیلی بابەتی ڕاستەقینەی خۆی نەدۆزیبووەوە، بەلکو هەستێکی بزێوو دوو دڵو نەجمیو بوو، تەواویو سەقام گیری بەدەست نەهێنابوو .. بۆیەکا سەیردەکەین عەرەبەکانی سەردەمی جاهیلی هیچ جۆرە پەرستگایەکیان بـۆ خۆیان دروست نەکردووە تاقە پەرستگایەك کە هەموو ساڵێ کۆچیان بۆ دەکرد (کەعبە) بو

---

(٤) بڕوانە د . عزالدین اسماعیل . الفن والانسان ل ٦٣ــ٦٨ .

بەلام عەرەبەکان تەنها بۆ پەرستنی نەدەچوون بەڵکو مۆناسەبەتێکیش بوو بۆ کۆبوونەوەیەکی بازرگانیی و کۆمەلیی و سیاسی (هەم زیارەت و هەم توجارەت) .. لەبەر ئەمە شتێکی سەیر نیە کە ببینین پاشماوە هونەرییەکانی ئەو سەردەمە هیچ شتێکی رایان تێدا نیە ، کە (باوەڕو عەقیدەیەك) عەکس کاتەوەو نیشانەی کارتێکردنی ئەو بێت .

دووەم : ژیانی عەرەبەکان بەر لە ئیسلام بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر مالات بەخێوکردن و بازرگانی ڕاوەستابوو . ئەمانەش دوو شێوەی ژیانن کە بزووتنەوەو ئەم شوێن و ئەو شوێن کردنێکی بەردەوامیان گەرەکە . هونەرەکانی پلاستیکیش بەشێوەیەکی سەرەکی - بەستراون بە شوێنەوە ، واتە پێویستیان بەجێ نیشتە بوون و حەوانەوە هەیە . جگە لەمەش لە ئەنجامی پەیوەندێکانی چینایەتی و زالبوونی ئایدیۆلۆژیەتی دەرەبەگایەتی دا ، عەرەبەکان ڕقیان لەپیشەو سنعەتە دەستیەکانی وەکوو چەك درووستکردن و زین درووون و قوماش و بەرەچنین و شتی وەها دەبۆوەو ، ئەوەندە بەلایانەوە پەس بوو کە ئەم شتانە بە جۆرێ بن مەبەستە پراتیکیەکان بەدی بێنن . بۆیە دیسانەوە سەیر نیە کە عەرەبەکان لەپراوەکردنی کارەکانی پلاستیکی لالووت بووبن .

سێیەم : ئەوەی لەم ناوەدا سەرنج ڕادەکێشێت : شیعرە ، کە بەر لە هاتنی پێغەمبەر ، گەیشتبووە پلەیەکی بالای پێگەیشتنی و گەیینی . ئەم شێوە ئەدەبییە بە تەواوەتی خۆی کوتابووە ناخی ژیانی عەرەبەوەو ، وێنەی ئەو ژیانەی بە هەموو هەست و سۆزو بایەخ و ئەفکارەکانییەوە ، عەکس دەکردەوە . ئەوەی ڕاستی بێت هونەری شیعر جێگەی هەموو هونەرەکانی دیکەی گرتبۆوە . بۆ لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە باشتر وایە بگەڕێینەوە بۆ سەرنجدانی سروشتی ژیانی عەرەبەکان لەو ماوەیەدا .. وەکوو باسمان کرد

هەستو سۆزی شـوێن پەرستی لە دەروونی عـەرەبەکاندا بەهێز نەبوو ، وە دەشێ هەر نەش بوو بێت • نە زراعەت هەبوو تا خۆی پێوە خەریـك بکات وە نە خانوو بـەرەیەکیش هەبـوو تا تێیدا دابنیشـێت ، بەڵکو هەمیشـە لـە جـوڵانو بـزووتنەوەدابوو • بـزووتنەوەش لە بنـاغەدا هاتوچۆکردنە لە (کـات)دا •• کات سەرەتاو کۆتاییەکەی دیاری دەکات) • لێرەوە دەتوانین بڵێین : کە هەسـت کردن بە کات ، زیاتر خۆی بەسـەر سـۆزو ویژدانی عەرەبدا سەپاندبوو •• کات حەقیقەتێکی چەسـپاو بوو لە لای ، شوێن لە گۆڕاندا بوو • کات موتڵەقە ، شوێن بە سنوورە • دەشێ ئەم مانایە لەم دوو دێڕە هۆنراوەی نەعمانی کوڕی منذردا هەست پێ بکەین :

فانك كالليل الذی هو مدركی

وان خلت ان المنتأ عنك واسع

شیعریش وەکو دەزانین ــ هونەرێکی کات ــ دارە (۱) • شیعر ئەو دەنگانەن کە دادەڕێژرێن تا کەلینێك لە کاتدا پڕ بکەنەوە • ئەو هونەرەیە کە دەشێ لەگەڵ مرۆڤدا بەهەر لایەکدا بڕوات بەبێ ئەوەی زەحمەتی هەڵگرتنی بکێشێت • هەروەها تاکە نموونەیەك لێی بۆی هەیە زۆر بەزوویی زۆر بێتو بڵاوببێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ قورسـاییەك بخاتە سەر شانی کەس ، جگە لـەوەی کە دەبێ مرۆڤ لە(یاد) (۲) یاهەڵی بگرێت • بەمجۆرە یەك هۆنراوە هەزاران کۆپی لێ بڵاودەبێتـەوە ••• زیـاد لەمانـەش ، هونـەری شیعر گونجاوترین جـۆرەکانی هونـەرە بۆ سروشتی ژیـانی عەرەبو

(۱) کاتدار : مەبـەست ، زمنی • بۆ جیاکردنەوەی لـە وشەی کاتیی کە بۆ واتای : وقتی یا مؤقت بەکار دەهێنرێت •

(۲) یاد : ذاکرە •

نزیکترین جۆری دەربڕینە لـە هەستو سۆزو ویژدانی •• لەبەر ئەمهۆیانە ، هیچ پێداویستییەك بۆپراوەکردنی جۆرەکانی دیکەی هونەر ، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بەشوێنەوە نەهاتە گۆڕێ•

چوارەم : بەڵام کاتێ ئیسـلام ، هاتوو ، بناغەکانی کۆمەڵی جاهیلی لەبنڕا هەڵتەکاندو باوەڕێکی نوێی هێنایە کایەوە ، دەستی کرد بەهـاندانی خەڵکی بۆ دروستکردنی مزگـەوت (انما یعمر مساجد الله من آمن بالله والیوم الآخر وعمل صالحا) ، وەکو بنکەی ماتریالی بۆچەسپاندنی ئایینەکە، جگە لەپەیوەندی ئەو مزگەوتانە بیروباوەڕی ئاینەکەوە ، وەکو شوێنێك بۆ نوێژکردن • لە سەرنج دانی هونـەری (ئارکیتیکچەر) لە مزگەوتەکاندا ، دەتوانـین بە ئاسانی ئەو ڕاستییە حاڵیببین کە پێویستییەکانی (شعائر)ی نوێژ کردن ، وەکو بوونی میحراب یان قیبلە ، بوونی مەنبەر ، جێگەی وەستانی نوێژکەرەکان بە بەڕیز، بوونی شوێنێك بۆ بانگدان ، هەموویان کارێکی گەورەیان کردۆتەسەرشێوازی ئەرکیتیکچەری ئیسلامی • بـە دەرکەوتنی مزگەوت ، هونـەری ئەرکیتیکچەرو زەخرەفەی ئیسلامی گەشایەوەو پەرەیسەند • لەلایەکی کەشەوە ـ هونەری تجـریدی ـ وەکو ڕێبـازێکی دەربڕینی ئـەو بایەخە ڕوحییانەی ئیسلام هێنابوونیە کایـەوە (بوونی خوایەکی تاقو تەنها ، بالا ، بەهێز ، ئەزەلی ، لـە هیچ شتێ ناچێو ناشێ وێنەی بکێشرێ) ، وەکو جێگرێکی هونەری پەیکەرتاشیو نیگار کێشی کە ئیسلام قەدەغەی کردبوون ، هاتە کایەوە •

لەم نموونەیەدا ، بۆمان دەردەکەوێت ، تا چڕادەیەك ، دەورو بەرو واقیع لە لایەکەوەو ، ئایدیۆلـۆژی ، لەلایەکی دیکەوە ، لە دیاریکردنی چەشنی هونەردا دەورێکی بالا دەبینن •

## ٣ ـ حەقیقەت لە هونەردا : مەسەلەی ڕەنگدانەوەی واقیع لە فۆرمێکی هونەری دیاریکراودا بەپێی ڕێبازە هونەرییە مێژووییەکان :

جیاوازی نێوان ڕێبازە جۆربەجۆرەکانی هونەر ، لە قۆناغەکانی مێژووییدا ، لە بنەڕەتدا بریتییە لە جیاوازی دەربارەی چۆنیەتی عەکس‌کردنەوەی واقیع لە هونەردا ، یان وردتر بڵێین لە فۆرمی هونەرییدا •• هەڵبەتا ، ڕێبازە فۆرمالیستی‌و تەجریبییەکانیش لە چوارچێوەی ئەم مەسەلەیە دەرناچن ، چونکە تەنانەت ئەو ڕێبازانەش کە داوای تێکدان‌و نەهێشتنی واقیع لە هونەردا دەکەن ، ئەوانیش هەر یەخەی واقیع خۆی دەگرن‌و سەرو گوێلاکی دادەپەلۆسن بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانیان ، بە هەرحاڵ ، مەسەلەکە : گواستنەوەی واقیعە ، چ ڕواڵەتی بێ ، یا جەوهەری ، یا پێوەندییەکانی دەرەوەو ناوەوەی ، بۆ ناو بۆتەی هونەر • ئایا ئەمە چۆن ئەنجام دەدرێت ؟!

لەم پشکنینە خێرایییەی ڕەنگدانەوەی واقیع لە ڕێبازە ئەدەبی‌و هونەرییە مێژووییە جۆراوجۆرەکاندا ، بۆمان ڕوون دەبێتەوە تا چ ڕادەیەك ، هونەر لەگەڵ ژیان‌و مێژوو ، خواست‌و هەست‌و نەستی ئادەمیزادی سەردەمەکەیدا ، یەکدیگیرە •• تا چ ڕادەیەك پەیوەندی پتەو لەنێوان گۆڕانەسیاسی‌و کۆمەلایەتیەکانی سەردەم‌و ناوەڕۆکی ڕێبازە هونەرییەکان‌و ، لە ئاکامیشدا ، فۆرمەکانیاندا ، هەیە •

### أ ـ کلاسیزم : Classism

پەیدابوونی ئەم مەزەبە دەگەڕێتەوە بۆ ئیتالیا •••
ئیتالییەکان لە سەدەی شانزەهەمدا چەند جارێك تەرجەمەی کتێبی «هونەری شیعر»ی ئەرستۆو «هونەری شیعر»ی هۆراس‌یان کرد•



هەواڵنامەی کتێب

ئینجا هەر بەو ناونیشانە زۆر کتێبی تر دانران کە چاویان لەو دوو کتێبە دەکرد ، بەڵام هەندێ لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەیان بۆ زیاد دەکران کە کەم یان زۆر لەو دوو کتێبە هەوەڵییانەیان دوور دەخستنەوە • لە هەموو ئەم دانراوانەدا سەرەتاکانی هەوەڵی یاسای کلاسیزم پەیدا بوون •• ئامانجی شیعر بە پێی ئەو یاسایانە ، بەدەست هێنانی سوودی ڕەوشتییە بەهۆی (خۆشی هونەری)یەوە ••• شیعر پێداویستی بە فێربوونو سنعەت هەیە کە زیاتر لەسرۆشو بەهرەوەری ، پشتیان پێدەبەستێت•• شەرح کردنی یاساکانی ـ جۆرە ئەدەبییەکان ـ بەتایبەتی تراژیدیاو کۆمیدیا ، بەپێی لاسایی کردنەوەی پێشینان بوو •• بەڵام کلاسیزم لەگەڵ ئەو هەوڵەشدا کە ئیتالییەکان بەختیانکرد ، پێ نەگەیشتو نوسەرانی بەپێی یاسا دیاریکراوەکانی شتیان نەنووسی ، هەتا سەدەی حەقدەهەم کە لە زمانی فەرەنساییدا ئەمە بەدیهات •

بویلو (Boilod) ـ ١٦٣٦ـ١٧١١ـ لە ساڵی ١٦٧٤دا کتێبێکی بەناونیشانی ـ هونەری شیعر ـ نووسیو ، لەو کتێبەدا بناغەکانی کلاسیزمی چەسپاندو توانی کە ڕۆحی سەردەمو ڕەوتەکانی بەپێی سەرەتاکانی بنوێنێت • ئینجا کلاسیزم لە ئەدەبی ئینگلیزیشدا شوێنی خۆی گرت • شاعیری ئینگلیزی جۆن ئۆلدهام (John Uldham) (١٦٥٣ـ١٦٧٣) ئەم کتێبەی تەرجەمە کرد • ئەم کتێبە ، کارێکی گەورەشی کردە سەر درایدن (Dryden) (١٦٣١ـ١٧٠٠)و (ئەلکساندەر پۆپ) (١٦٨٨ـ١٧٤٤) لەو ڕێڕەوە ڕەخنەییەدا کە گرتیان ، هەر وەکو دەبینین پۆپ لەو پەیامەدا کە دەربارەی ڕەخنە نووسیوێتی گرنگییەکی زۆر بە لاسایی کردنەوەی سروشت دەدات ••• دوای ئەمە یاساکانی کلاسیزمی فەرەنسی لە ئەڵمانیاشدا جێگیر بوون •

## ٢ ـ فەلسەفەی کلاسیزم :

عەقلانیەت ، لای کلاسیزم ، بناغەی فەلسەفەی جوانییە لە ئەدەبدا ، چونکە ئەدەب لای ئەوان ، تیشکدانەوەی حەقیقەتە • حەقیقەتیش لە هەموو کات و شوێن و سەردەمێکدا هەر ئەوەیە کە هەیە !! عەقڵ پەیامی کۆمەڵایەتی شاعیر دیاری دەکات و یاساکانی هونەر دەچەسپێنێت • عەقڵ وا لە مرۆڤ دەکات ، پەیڕەوی یاساکانی گشتی بکات و خۆشی و کەڵك بەیەکەوە ببەستێتەوە ••• لاسایی کردنەوەی پێشینانیش دەبێ تا ئەو سنوورە بێت کە بە دوای عەقڵ دەکەوین • هەڵبەتا فەلسەفەی دیکارت یارمەتی چەسپاندنی بناغەی عەقڵیی لای کلاسییەکاندا • بەڵام کارتێکردنە سەرەکییەکە دەگەڕێتەوە بۆ شەرح کردنی ئەرستۆ لەلایەن ئیتالییەکانەوە •• خەیاڵ ، وەك لە ئەرستۆیان وەرگرتووە ••• غەریزەیەکی کوێرە ، چ مرۆڤ و چ گیانلەبەر تێیدا بەشدارن • شیعری شانۆگەریش زمانی حاڵی عەقڵە تەنانەت (سایت ئیڤریمۆند Sait Evremond ) بە ناوی عەقڵەوە ڕەخنەی لە شیعریش گرت و پەخشانی بە پەسندتر دانا ، چونکە پەخشان بڕێکی ئاشکرای تێدایە • لە ئەنجامی ئەمەدا ، شیعر کزی و بێ هێزی تووش هات ـ بەتایبەتی لە ئەدەبی فەڕەنسیدا ـ و ئەم بارە تا ڕۆمانسیەت مایەوە •

عەقڵ لای کلاسیکییەکان مانای زەوقی (ساغ) و حوکمدانی (ساغ) دەگەیەنێ ـ لەبەر ئەمە ئەم تیئۆرەیان وەکو ئامرازێك بۆ چەسپاندن و هێشتنەوەی بناغەکانی یاساو دەستووری بڕیاردراو بەکار دەهێنا •• چونکە عەقڵ (چەسپاو و نەگۆڕە) بەڵام زەوقی تاك ڕوو لە گۆڕانە • بناغەی جوانی ئەدەبی کلاسیکی و عەقڵیی ئەوەیە کە بۆ هەموو کات و شوێنێك بەکار بێت و چاك بێت •

هەڵبەتا ئەم ئایدیولۆژیەی کلاسیکییەکان پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ باری چینایەتی‌و سیاسی کۆمەڵەکەیاندا هەبوو •• گرنگی دانی ئەوان بە عەقڵ ، بە مەبەستی کەڵك وەرگرتن لەو توانستە گەورەیەی ئادەمیزاد بۆ ئامانجی پێشکەوتن‌و خۆشکردنی ژیان نەبوو ، بەڵکو بە پلەی یەکەم بۆ ئامانجی هێشتنەوەی ڕژێمە ئەرستۆکراتی‌و پەتریارکییەکان بوو • چینە فەرمانڕەواکان لە هەموو جۆرە گۆڕانێك‌و ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی دەترسان •لەبەر ئەوەی پێویستیان بە چەند یاساو دەستورێکی توندو تۆڵ بوو تا ببێ بە شورەیەکی قایم لەچوار دەوری بەرژەوەندییە چینایەتێکانیان • وە لێرەوە تیئۆری عەقلانیەت بەو مانایەی سەرەوە ، لە پەیوەندێکانی کۆمەڵایەتی‌دا بە گشتی‌و لە ئایدۆلۆژیەت‌و ڕۆشنبیری‌دا بە تایبەتی ، هاتە کایەوە •

ئەدەبی کلاسیکیەکان لە خزمەتی چینی ئەرستۆکراتی دابوو جمهوری ئەدەبەکە جمهورێکی بەسنوورو دیاریکراوبوو •لەسەدەی ریناسانس‌دا کۆمەڵی چل‌چرا (کە حەوت شاعیری فەرەنسی بوون لە سەردەمی هینری دووەمدا ١٥٤٧ـ١٥٥٩) ئاشکراتر لە کلاسیکییەکان داوای بە سووك سەیر کردنی عامەی خەڵکیان دەکردو ، هونەریان تەنها بە دەستەی هەڵبژاردە دادەنا • تەنانەت لە ـ کۆمیدی ـ شدا کلاسیکیەکان تەنها بەتەنگ ئەوەوە دەهاتن ئەریستۆکراتییەکان‌و نەجیب‌زادەکان بەر لە بۆرژواکان‌و ڕەش‌و ڕووتی خەڵك ، ڕازی بکەن • وە دەیان گوت کە ئەوان تەنها بۆ ئەوانە دەنووسن کە شارەزاییان لەپیشەی (خواکانی هونەر) دا هەیە چونکە شیعر جوانییەکی هەیە هەموو چاوێك نایبینێت • بەڵام ڕەش‌وڕووتی خەڵك ـ نوێنەری گەل نین بەڵکو ـ خڵتەـن !•• ڕەخنەگری کلاسیکی (چاپلن (J. Chapelain لەم بارەوە دەڵێ: مەبەستم لە(گەل)

(ئەندامانی کۆمیتەکانی هەڵبـژێردراون • (المجالس النیابیة) لە ئەرسـتۆ ـ کراتیو سـوارچاك ئەوانەی کە ڕۆشن بیری و زەوقی ساغ بە یەکـەوە کۆ دەکەنـەوە) •• بـۆیە ئەدەبی کلاسـیکی بە شێوەیەکی گشـتی ئەدەبی ـ شار ـ بوو ، خـۆی لەلادێو ژیانی سادەی هەژاران بەدووردەگرت ، ئەدەبێکی وشك بوو ،دۆزینەوەو موغامەراتی تێدا نەبوو چونکە هیچ شتێکی لە ژیاندا نەدەبینی کە تازەو سـەیرو شـاراوە بێو عەقڵ دەستی بەسـەرا نەگرتبێت ، ئەدەبێك بوو ڕواڵەتی سنعەتکاریو قەبەییو وشەبازی بەسەردا زاڵبوو چونکە دەیویست وەك ئەرسـتۆکراتیە وورگ ـ زلەکان خۆی پفدات و فیز بەسەر ڕەش و ڕووتدا بکات ،ئەدەبێکی (گشتی) بوو چونکـە دەیویسـت هـتێکی گشـتی نێوان خەڵـك بە پێی باوەڕەکانی سەردەم دەربڕێت و خۆی لەژیانی تاکەکەسو هەستو سۆزی دوورخـاتەوە • لەدوایشدا ئەدەبی لاسـایی کردنەوە بوو چونکە باوەڕی بەوە هەبوو کە هەیە، نەك ئەوەی کە دەشێ یادەبێ ببێت •

## ڕۆمانسیزم :[1] Romanticism

بـزوتنەوەی ڕۆمانسـیزم لە کـۆتایی سەدەی هـەژدەهەمو سەرەتای نۆزدەهەمدا ، سەری هەڵدا • یەکەمجـار لە ئینگلتەرادا درووست بوو • ئینجا لە ئەڵمانیاو فەرەنساو دوایش لە ئەسپانیاو ئیتالیادا تەشەنەی کرد •

ڕۆمانسیزم وەکوو بزوتنەوەیەکی نـاڕەزایی لەلایەن چینی بۆرژواوە ، بەرامبەر بە کلاسیزمی (نەجیبزادەکان) وە دەستورو

---

(١) وشەی (ڕۆمانسیزم) و (ڕۆمـانسی) بەکار دەهێنین چونکە لەسەرزار سووکترن ، ئەگینـا وشەکە خۆی (ڕۆمانتسیزم)ە (Romanticism) و ئاوەڵناوەکەشی (ڕۆمانتیك)ە (Romantic)

یاساو فۆرمی (ئەرستوکراتی) و ئەو ناوەڕۆکە وشکەی هەموو مەسەلەکانی عامەی خەڵکی بەلاوە نابوو ، بەدەرکەوت •• بە واتایەکی‌تر ڕۆمانسیزم گوزارشتی لە تەنگ‌و چەڵەمەی ڕۆحیی ئینسان لەسەردەمی سەرمایەداریدا دەکرد • ژیانی ڕۆژاوا بەر لە دەرکەوتنی ڕۆمانسیزم لە بنچینەدا (ڕاوەستاو) یان (مات) بوو • خۆراوا فاکتەرەکانی شارستانیەتی ئادەمیزادو ، سیستمی سروشتی‌و ئەو دیو سروشتی‌و ، یاساکانی ڕەوشت‌و لۆژیك‌و ئایدیالی چاکەو خێرو ، چارەنووسی ڕەوشت‌و لۆژیك‌و سیستمەکانی ، هەموو ، بە ئەفکاری زگماکی نەشیاوی گۆڕان دادەنا ، یان بەو نموونە تەواوانەی دادەنان کە دەخلێکیان بەسەر کات‌و سەردەمەوە نیە!! بەڵام مێژوو وای نەدەووت مێژوو بەردەوام لە بزوتنەوەی بێ‌پەروای خۆیدا بوو تا بەتەواوی بیسەلمێنێت کە هەموو بیرو ئایدیاو مەزەب‌و یاسایەك ، (هەموو ئایدیۆلۆژیەتیك) ڕەنگدانەوەی ژێرخانە • وە گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵ ــ ئیستەرەم ــ دەبنە هۆی بەرپاکردنی ڕوودان‌و ئاڵو گۆڕ لە (سەرخان)یشدا •• ڕۆمانسیزم زۆر بە ڕوونی ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەو گۆڕانە مەزنانە بوو کە لە سەدەی هەژدەهەمدا بەرپابوون‌و لە پێش هەموویانەوە زیاد بوونی ژمارەی چینی بۆرژواو بەدەرکەوتنی چینێکی خاوەن سەنگی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری گەورە • ئەم چینە گۆڕانی دەویست بۆ ئەوەی بتوانێ مافە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لەسەر حیسابی چینی ئۆرۆستوکراتی بەدەست بێنێت • بەڵام هاوارو فریادی ڕۆمانسییەکان بۆ گۆڕان لەچاو بەهێزی‌و چەسپاوی باوەڕو ئایدیا عەقلی‌و میتافیزیکییەکانی چینی ئورۆستۆکراتی ، وەکو دەنگێکی کزو بەرێکەوت دەهاتە بەرچاو •• بەڵام هەرچۆنێ بێت توانی یەکەم سەرەتاگەیەکی هەرە گرنگ بێنێتە کایەوە ، هیچ

شتێ نیه که چەسپاوو نەگۆڕ بێت ، چەسپاوی موتڵەق نیه ، بەڵکو گۆڕانی بەردەوام هەیە • ئەم باوەڕە لەم ڕایەدا ڕەنگی دایەوە که دەڵێ : «زەوقی نەگۆڕ نیه ، زەوق دەگۆڕێت» لێرەوە ڕۆمانسیەکان لە گێژەنی بوونو تاسەی گۆڕیندا ، کەوتنە گەڕان بە شوێن خۆیاندا •• دەیانەویست شوێن پێی خۆیان لەناو کۆمەڵێکدا که هەموو شتێك تێیدا بوو بە کەلوپەل ، بدۆزنەوە •• لێرەوە بانگەواز کردن بۆ شۆڕشو هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەری ، یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی ڕۆمانسیزم • بەڵام ڕۆمانسیێکان بیرێکی ڕاستو ڕەوانیان دەربارەی شۆڕش نەبوو •• لە هەر قۆناغێکی گرنگو هەڵوێستخوازدا دەبوون بە دوو بەشەوە : دەستەیەکی کۆنە پەرستو ، دەستەیەکی پێشکەوتنخواز • ڕاستە ئەوان لە ناخەوە تامەزرۆی گۆڕان بوون بەڵام نەیاندەزانی چۆن، بە چ ڕێگەیەك ئەم گۆڕانە بەدی بهێنین • بۆیە پەنایان دەبردە بەر خەیاڵ • خەیاڵ دەبوو بە باڵدارێکی ئەفسانەییو دەفڕی ، دەفڕی بۆ ڕابردوو و فڕێی دەدانە سەدەکانی ناوەڕاستەوە ، یان هەڵیدەگرتن بۆ ئاینده ، بۆ جیهانی خەونو هیوای ناخی ناخ ! سەیرکەن «فیکتۆر هۆگۆ Hugo چۆن بیری شۆڕش دەردەبڕێ :

[خواکانی شیعر لەنوێ بەدەردەکەونەوە بۆئەوەی دەسەڵاتمان بە سەردا بگرنو ڕێ نوێنیمان بکەن • شین بۆ ئەو کوێرەوەرییە دەکەن که تووشی مرۆڤایەتی هاتووە • لە هەرە بەرزاییەکاندا دەس دەکەن بە فڕین • دێنە ناو ناخی قوڵاییەکانەوە ، بانگەواز ڕادێڵن یان پرسە دەکەن ، بە فڕینو بەرز بوونەوەیان سەرلەنوێ ژیان ڕۆشنو درەخشان دەکەنەوە • بەهۆی ئەو پێشکەوتنە پیرۆزەوە شۆڕشی ئەمڕۆ لە هەواو ، گەرووی نانو کتێبەکاندا پەنگ دەخواتەوە • شۆڕش دەستی (ئازادیی) دەستە خوشکی دەگرێتو وای لێدەکات لە هەموو کونە پێستێکی ئادەمیزادەوە

سەر دەردەکات][٢] ٠٠٠ لەگەڵ ئەو بەرچاو تاریکییەشدا ڕۆمانسیێکان هەموویان لەوەدا بەشدار بوون کە ڕقیان لە «سەرمایەداری» دەبۆوە ٠٠ ڕقیان لە «شۆڕشی پیشەسازی» دەبۆوە بە نواندنی (دزێوی)یان دادەنا ، چونکە بەلای ئەوانەوە ، هەڵپەو ئارەزووی ماڵکۆکردنەوە لەگەڵ مەیلی ( گیانی نەمر ) نەدەگونجا ٠٠ بەزیاد بوونی مەیلی سەرمایەداری بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی بەرهەم هێنانی ماددیو ڕێز گرتنو ستایش کردنی جیهانی کاروباری ئابووریو بازرگانی ، هونەرمەندو نووسەرەکان پتر خوویان دایە تێکۆشان بۆ کەشف کردنی دڵو دەروونی ئادەمیزادو تەقاندنەوەی دینامێتی تاسەو خەونو ئارەزوو بە ڕووی جیهانی بە ڕواڵەت ڕێكو بە تەرتیبی سەرمایەداریدا ٠

لێرەوە ڕەوتی فەلسەفەی ڕۆمانسیزم ڕەوتێکی عاتیفی‌یە ٠٠ ڕەوتی تاسەو دڵە ، بەرامبەر فرمانو یاسای عەقڵ ٠ لەبەر ئەوە ڕەوتی عەقلانی گەورەترین زەبری لەو سەردەمەدا بەرکەوت ٠ عەقڵ بووە جێگەی گاڵتەپێکردنو تەوس تێگرتنو ، لەلایەن هەستو سۆزەوە جێگەی پێ لەق کرا ٠

مرۆڤی ڕۆمانسی ، کە ئاواتو ئامرازی چینە بۆرژواکەی دەردەبڕێ ، هەستی دەکرد کە غەریبە لەو کۆمەڵەی تێیدا دەژی ٠٠ هیچ پەیوەندییەکی ڕۆحیو فیکریو هونەری لەگەڵدا نەماوە هەستی دەکرد کە ژیانی کۆمەڵایەتی ، لە ئەنجامی دابەشکردنی کارو پەیدابوونی پسپۆڕیدا ، دابەش بووە بە چەند کەرتو پارچەیەکی لەیەك دابڕاوەوە ٠٠ لە ڕژێمی کۆندا ، شوێنی

---

(٢) لە کتێبی (الادب المقارن) نوسینی د ٠ محمد غنیمی هلال ٠ ل ٣٥٤ وەرگیراوە ٠

کۆمەڵایەتی دەوری نێوانچی لە نێوان ئەوو خەڵکی دیکەدا دەبینی، واتە لەنێوان ئەوو کۆمەڵدا ٠٠ بەڵام لەجیهانی سەرمایەداریدا مرۆڤ بەتاقی تەنها، وە بەبێ نێوانچی، بەرەو ڕووی کۆمەڵ دەبێتەوە ٠ غەریبێکە لە نێو خەڵکی نەناسیاو نائاشنادا (من)ێکی تاكو تەرایە بەرامبەر بە (من نا)یەکی مەزن بۆیە هەستی خۆخوازیو شانازی کردن بە خۆوە بەهێز بوو ٠٠ بەڵام، هەر لەو کاتەشدا، هەستی غەریبایەتیو دەرك کردن بە (وون بوون)تاوی سەند ٠ (من)ی (ناپلیونی) شان بەشانی (من)ێك کە لەبەردامێنی وێنەو پەیکەری قەدیسەکاندا دەگریا، بەیەکەوە بەدەرکەوتن ٠ ئەو (خود)ەی کە خولیای دەست بەسەرا گرتنی جیهانی هەڵگرتووە هەر خۆشی ئەو (خود)ەیە کە لە ترسو سامی هەست بەبێ‌کەسیو تەنیایی کردن ـ هەڵدەلەرزێت ٠٠٠(من)ی هونەرمەندو نووسەر کە گۆشەنشینو بەسەرخۆدا کرمۆڵە بووەو لە پێناوی (مانەوە)دا خۆی لەبازارەکاندا دەفرۆشێت، هەر ئەو (من)ەیە کە بە عەبقەریەتی خۆی تەحەددای کۆمەڵی سەرمایەداری دەکات ٠٠٠٠ ئاواتە خوازی ژیانی بە کۆمەڵی‌یە، ئەو ژیانەی بە خەیاڵ، لە ڕابردوویان لە ئایندەدا بەرجەستەی دەکات ٠

ڕۆمانسیەت، بە توندی ڕێگای بۆ خۆی کردەوە ٠٠ بەرەو هەرێمەکانی ئاشناو دوور ملی نا ٠ تینوی کیشوەرێك بوو کە نەی دەزانی کۆێیە : هەڵبەتا لە خەوندایە، هەڵبەتا لەژیانی سەرەتاییدا، یان لە ساتێك لەساتەکانی ئایندەدا حەشاردراوە ٠٠ شتەکانو ڕواڵەتەکانی ئاسایی تینوێتی ڕۆح دابین ناکەن، بۆیە شیلی (Shelly) دەڵێ : شیعر ئەو شتانەی ئاساییین، وایان لێ دەکات هەروەکو ئاسایی نەبن ) ٠٠ لێرەوە چەمکی (غوربەت) پەیدا بوو ٠٠ نۆڤالیس (شاعیری ئەڵمانی گەورەو لە ڕابەرانی گەورەی ڕۆمانسیزم (١٧٧٢ـ١٨٠١) دەڵێ : فەلسەفە سۆزو

تاسەی هەبوونی نیشتمانەو داستانی ئەفسانەییش بەلای ئەوەوە خەون بینینە بەو نیشتمانەوە کە لـە هەموو شوێنێکدایەو لە هیچ شوێنێکیشدا نیە) • (شیلر Schiller )یش دەڵێ : ڕۆمانسییەکان ئەو ئادەمیـــزادە نـەفی کراوانـەن کـە تامـــەزرۆی بینینی نیشتمانەکەیانن) • دیسان هەر لەم بارەیەوە (نۆڤالیس) دەڵێ : (دەبێ ڕۆمانسییەت بدەینە پاڵ هەموو جیهان ، بەمە ، جارێکی‌تر، واتای بنـەڕەتی کائینات دەدۆزینـەوە : بە زیاد کـردنی واتاو مانایەکی بـەرز بۆ شتە ئاساییەکان ، بە زیادکـردنی ڕواڵەتێکی نادیار بۆ شتە عادیەکان ، بەزیادکردنی لە خۆ بایی‌بوونی نهێنی بۆ زانراوو بێ‌سنووری بەسنوور • خـۆ ئەگەر ئێمە خۆمان لەو جیهانی خەونەدا نەبینین کەتێیدا دەژین ئەوە لەبەر کزیو لاوازیی حەواسەکانمانە)(٣) • ڕۆمانسیەکان ، چـۆن دەشێ ، بەو جیهانی خەونە بگەن ؟ لە ڕێگایەکی تێژیك لە ڕێگای (سۆفی)یەکانەوە •• لە ڕێـگای وازهێنان لە عەقڵی هۆشـمەندو بەرەڵا کـردنی باڵی خەیاڵ •• لێـرەوە نۆڤـالیس تیشـۆرێکی‌تر پێشـنیاز دەکات کە «چیرۆکی بێ گـرێ بنووسـین ، چـیرۆکێ کە پشت بـە (تداعی) ببەستێت هەر وەکو چۆن لە خەوندا ڕوو دەداتو پڕ بێت لە وتەی ئاهەنگ‌دارو ئیقاع‌دار ، بەڵام دوور بێت لە ماناو لۆژیك» ••

خەیاڵ لای ڕۆمانسییەکان ـ وێنە ـ دروست دەکات ، وێنەش نوێنەری هـەستو سۆزو بیری شاعیرە •• فەیلەسـوفی ئەڵمانی (کانت Kant ) گەورەترین فەیلەسوفێکە کە تەئسیری کردبێتە

---

(٣) بۆ زانینی تەواوی هەڵوێستی هونەری نۆڤالیس ، بڕوانە : (نوفالیس ورایه في مستقبل الشعر) لە کتێبی (ثورة الشعر الحديث من بودلير الى العصر الحاضر ـ تاليف عبدالغفار مكاوى • ل٤٥ـ٥٢) •

Coleridge ) یەکێ لە پێشڕەوە هەرە گەورەکانی شیعری ڕۆمانسیی ئینگلیزیو خاوەنی کتێبی (Biographia Literaria) خەیاڵ دەکات بە دوو بەشەوە :

یەکەم : ئەو جۆرەیە کە (کانت) ناوی دەنێت خەیاڵی بەرهەم هێنەر • کە پێویستە بۆ ناسینی زانستی •

دووهەم : خەیاڵی ئیستاتیکییە • ئەمەش کەرەسەی کارەکەی لە شتە زانراوەکانی جۆری یەکەم وەردەگرێتو دەیانکات بە گوزارشتو بیری ئەبستراکت بۆ نواندنی سۆزو خاتیراتی دەروون •

گرنگیدان بە سۆزو عاتیفەو خەیاڵ ، بووە هۆی ئەوەی شیعری لیریك (Lyrical Poetry) نەخشەی شیعری ڕۆمانسی داگیر بکاتو شیعری ستایشو ڕەوشتو فێرکاری بداتە دواوە • (هێردار Herder ) دەڵێ : شیعری لیریك تەواوترین دەربڕینی خرۆشو وێناندنە لەبەرزترین پلەی ئیقاعە زمانییەکەیدا •• بەم چەشنەو هەتا وەکو شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری زیاتر ئەو ڕاستییەی دەسەلماند کە هەموو بایەخەکان نیسبین ئارەزووی ڕۆمانسیەکان بۆ دانانی ــ قووڵی هەست کردن بە تاقی کردنەوەی خۆیی ــ بە بایەخێکی موتڵەق پتر بوو •• دۆزینەوەی باشترینو گونجاوترین فۆرمی لیریك بۆ دەربڕینی ئەو تاقی کردنەوەیە ، بوو بە مەسەلەیەکی هونەری گرنگی تیئۆری شیعری ڕۆمانسیزم •

لەتاقیکردنەوەی شیعری ڕۆمانسییدا هەروێنەیەك ــ کە بەرهەمی خەیاڵە ــ ئۆرگانێکی زیندوو لە بنیاتە هونەرییەکەی پێك دەهێنێت • ئەمەش ــ ئۆرگانیزم ــی(٤) وێنەی شیعری پێدەگوترێت • هۆنراوە لیریکەکە یەکێتییەکی ئۆرگانیی هەیە کە

---

(٤) ئۆرگانیزم (Organism) مەبەست (الوحدة العضوية)یە •

سەر ڕۆمانسییەکان لە ڕوون کردنەوەی بایەخی خەیاڵدا • (کولێرج بنیاتێکی زیندووی دەداتێ‌و، لەناوەوەڕا نەش‌و نمای پێ‌دەکات‌و، بەڕێکی‌و کۆکی دەیگەیەنێتە کۆتاییەکەی •• ئەمە خاسیەتێکی دیاری شیعرە کە لەهونەری پلاستیکی جیادەکاتەوە• یەکەم کەسێ کە ئەم خاسیەتەی بڕیاردا (لیسینگ Lessng)ی ئەڵمانی بوو ١٧٢٩ـ١٧٨١ لە کتێبەکەیدا (لاوکوون Laokoon) کە ساڵی ١٧٦٦ دەرچوو • بەلای ئەوەوە نیگارکێشی‌و پەیکەرتاشی ـشوێن دارو کات نەدارن ـ لە کاتێکدا شیعر کات‌دارەو شوێنی نیە، چونکە شیعر ـ ئەفکارەکانمان ـ لە بزووتنەوەی هۆنراوەکەڕا بۆ دەردەخات • لەشیعری ڕۆمانسیدا، وێنە هەستی‌و وێنە گرتووییە نەك عەقلی‌و ئایدیایی• لە سەردەمی ڕۆمانسییەکانەوە ئەو ڕایە بڕیاردراوە کە تەواویی شیعر لە زمانە وێنەدارییەکەیدایە، نەك لەتەقریریەتە عەقلییەکەیدا• لەبەرئەمە عەیبی شیعری کلاسیکی لای کولرج (Coleridge) ئەوەیە کە عاتیفەو سۆزی هەڵقوڵاوی دەروون، لە ڕێگەی لەحزەی مێشکی‌و بازدانی ئایدیاییدا، قوربانی پێ‌دەدات • بنیاتگەی وێنەش ئەو لەیەکچوونە جەوهەریانەن کە هەست‌و سۆز دەشلەقێنن، نەك ڕواڵەتە لامسەرلاییەکان • شاعیری ڕۆمانسی لە وێنەکانیدا خۆییە، سروشت‌و شتەکان‌و دیاردەکان لەخۆڕا دەبینێت‌و •• خۆی ئاوێنەی دەوروبەرەکەیەتی • لەبەرئەمە هەست‌و سۆزی خۆی لەگەڵ دیمەنەکانی سروشتدا تێکەڵ دەکات‌و بەزۆری ـ کەسێتی پێدان یا کەساندن (Personification) بەکار دەهێنێت • شاعیری ڕۆمانسی لە وێنەکانیدا بەدووی ڕەسەنیدا دەگەڕێت • فیکتۆر هۆگۆ (Hugo) دەڵێت : دەبێ شاعیر زۆر وریابێت تا لە هیچ زەلامێکی کلاسیکی یا ڕۆمانسی شت وەرنەگرێت، جا با شکسپیرو مۆلیێر بن، یان

شیلەرو کۆرنی (Corneille) • عەملاقێکی مشەخۆر «توفەیلی» لە کورتەبالآیەك بەولاوە هیچی کە نیـە ••• ! بابەتەکانی ئەدەبی ڕۆمانسی تـا بلێی هەراوو بەربلآو بوون • هەموو شـتێك بەلای ئەوانەوە دەشـیا ببێتە بابەتێك بۆ شیعر یا چـیرۆك • (گۆتە) کە یەکێکە لـە باوکی ڕۆمانسـیەکان ، لـە ١٤ی مـارتی ١٨٣٠دا نووسیویێتی دەڵێ : لەتـەك دۆزینـەوەی فۆرمێـکی ئـازاددا ، توانیویشمانە بگەینە بابەتی بەپێزترو ڕەنگاوڕەنگتر •• لەمڕۆ بەدواوە لـەم جیهانە بەرینەداو لـەم ژیانە بەپەلوپـۆیەدا هیچ بابەتێك وەکو بابەتێکی نا هونەری ، نادرێتە دواوە • بەتایبەتی ڕۆمانسیەکان خوویان‌دایە هەڵبژاردنی بابەتەکانیان لەناو قەدی ژیانی سادەی کۆمەلآنی‌خەڵکی لادێو چینەکانی خوارەوە •• وە بۆ دەربڕینی ئـەو بابەتانەش تا بلێی زمـانێکی سـافو سادەو ڕەوانیان بەکاردێنا ، ئەو زمـانەی کە عامەی خەڵك قسـەیان پێ دەکرد ، وە کە بە تەواوەتی بە پێچەوانەی ئـەو زمانە قەبەو پف دراوە بـوو کە کلاسیکی‌یەکان بەکـاریان دەهێنـا گرنگی‌دانی ڕۆمانسییەکان بەمرۆڤی ــ ئاسایی ــو هەڵبژاردنی ئەو مرۆڤە بە بابەتو مەبەسـتی هونەری ــ لەجیـاتی هەڵبژاردنی شـازادەو خانەدانەکان لەئەنجامی ئەو باوەڕە تازانەدا بوو کە بە هۆی بەرپا بـوونی شـۆڕشـی فەرەنسـا ــ ١٧٨٩ ــ و گـۆڕانکـاری‌یـە کۆمەلآیەتییـەکانەوە ، هاتـنە کایەوە سـالآنی ١٧٩٣ ــ ١٨١٥ بریتی بوون لە ساڵەکانی کارەسـاتەکانی شـۆڕشی فەرەنسـاو شەڕەکانی ناپلیون •لە ساڵی ١٨٠٨دا یاسای هەڵگرتنی بازرگانی کردن بە کوێلەکانەوە لەئینگلتەرادا دەرچوو •لە ١٨١٤ــ١٨١٥دا کۆنگرەی ڤینـا بەسـترا لەساڵی ١٨٣٣دا یاسـای ئازادکـردنی

کۆیلەکانی (کۆلۆنی یەکانی) (*) بەریتانیا دەرچوو • لەسالی ١٨٣٤ دا ـ هەروەها ـ یاسای چاككردنی یاسای هەژارەکان (Reform of the Poor Law) دەرچوو • (٥) بۆیە لەرێپەوی ئەم گۆڕانانەو زۆر گۆڕانی دیکەشدا ، سەیر نیە کە وردزوێرث (Words Worth) لەو پێشەکیی یەیدا کە بۆ کۆمەڵە شیعری (Lyrical Bauads - 1800) لەسالی ١٨٠٠ دا نووسیویەتی ،(ئەو کۆمەڵە شیعرەی کە لەگەڵ کولرەجا بەیەکەوە بڵاویان کردەوە) دەسپێشخەری بکاو بڵێ : (مەبەستی سەرەکیمان لەم هۆنراوانە ئەوەیە کە ڕووداوو هەڵوێستەکان لە ژیانی عادی هەڵبژێرین ، وە تا بۆمان بلوێ ، بەزمانێك وەسفیان بکەین ، کە بەڕاستی ئەو زمانە بێت لەلایەن خەڵکەوە بەکار دەهێنرێت ، بەڵام هەر لەو کاتەیشدا دەمانەوێ هەندێ ڕەنگی خەیاڵ بخەینە سەرشتە ئاسایی یەکان بەچەشنێك کە لەمێشکدا وەکوو ڕواڵەتێکی نائاسایی خۆیان بنوێنن ••) وە هەروەها لە ناساندنی شاعیردا دەڵێت : شاعیر مرۆڤێکە بۆ مرۆڤی تر قسە دەکات ) • لێرەوە ، شاعیرانی ڕۆمانسی بایەخێکی گەورەیان دا بەڕوخساری میللی شانۆگەری و چیرۆك و شیعری لیریك ، وە کەسایەتی یەکانیان لە عامەی خەڵك، یان لە گەلانی سەرەتایی ، هەڵدەبژاردن • گاڵتەو قەشمەری یان بە کەسانی ئەرستۆکراتی دەکرد ، وە ئۆبالی دواکەوتوویی میللەتیان دەخستنە ئەستۆ •

ڕژێمی کۆمەلایەتی یان بە تاوانباری یەکەم دادەناو ، تاوانکاریان بەبێ گوناح دەدایە قەڵەم • سەدەی ڕۆمانسیەت هەر

---

(٥) ئەم سالانە لە کتێبی (Adventures in English Literature. P. 639. وەرگیراون

(*) کۆلۆنی یەکان = مستعمرات

لەو کاتیشدا ، سەدەی دروست بوونی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەریتی بوو لە ئەوروپادا •• ئەم بارە سیاسییەش لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی دایەوە ••دەستیان کرد بەژیاندنەوەی میراتی کۆنی باووباپیرانیان و بە بانگەواز کردن بۆ ئازادی گەلەکەیان •• وە لە چیرۆك و شانۆگەرییەکانیاندا گرنگییەکی زۆریان بەوەسف کردنی ڕەنگی میللی و خۆماڵی تێیاندا دەدا تەنانەت هەوڵی ئەوەیان دەدا کە لە چەمکی (گەل)دا ئەو کەلێنە پڕکەنەوە کە لە نێوانی کۆمەڵ و تاکە کەسدا هەبوو •• لەم هەڵوێستەشیاندا بەرچاو تاریك بوون و گەل ـ یان هەموو بە یەکێتییەکی تۆرگانی هاوگونجاو دادەنا •• نەیان دەتوانی زۆران بازی چینایەتی دەرك پێ بکەن •• هەرچۆنێ بێت لە خۆبەستنەوەیاندا بە بزووتنەوەکانی ڕزگاری خوازی گەلان ئەوان بوون بە دوو بەشەوە تاقمێکی شۆڕشگێڕ و تاقمێکی کۆنەپەرست • لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا کە هێشتا سەرمایەداری سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابوو وە گەلان لەژێر نیری ڕژێمی دەرەبەگایەتیدا دەتلانەوە • ڕۆمانسیەت تەواو شۆڕشگێڕ بوو •• هاوارێك بوو بۆ ڕاپەڕاندنی گەلان بۆ خەباتکردن دژی زۆردارەکانی بێگانە و ناوخۆ بانگەوازێك بوو بۆ هوشیاری نیشتمانی و تێکۆشان دژی دەرەبەگایەتی و ستەم و فرمانڕەوایی بێگانە• شیعرەکانی (بایرۆن) هەر وەکو گەردەلوول ئەو وڵاتانەی ڕاپێچ کردن • وە بایەخ دانی ڕۆمانسییەکان بە ئەدەب و هونەری میللی وەکوو چەکێك بۆ ڕاپەڕاندنی میللەتان دژی باری برسێتی وە دواکەوتوویییان بەکاردەبرا •شۆڕشی بۆرژوازی دیمۆکراسی کە تا ئەوسا لە ڕۆژهەڵاتدا بەدی نەهاتبوو وەکوو تیشکی هەورە تریشقەیەکی دوور لە بەرهەمی هونەرمەندە ڕۆمانسییەکانی

هەواڵنامەی کتێب

ڕوسیاو مەجەرو پۆڵەندادا بریقەی دەدایەوە لە کاتێکدا سەرنج دەدەین ڕۆمانسیزمی ئەڵمانی زیاتر بەرەو کۆنەپەرستی ڕۆیشت‌و لایەنەکانی سەلبی تیئۆرەکەی پەرەپێدا • زۆر لە نووسەرە ڕۆمانسییەکان بوون بەکاتۆلییەکی دەمارگیرو کۆنەپەرستێکی بەد خوو • بۆ نموونە (فریدریك شلێگل (Schlegel) )بانگەوازی بۆ هونەرێك دەکرد کە (جوانی هەستی پەتی مەسیحیەتی تیا بێت) وە دژی ئەو (فیتنە ساختەیە بوەستێ کە شان بەشانی حەماسەتی توندوتیژ دەڕواو دژی ئەو چاڵەی کە لۆرد بایرۆن پترو پتر دەکەوێتە ناوی) • بەم جۆرە لە کاتێکدا لۆرد بایرۆن بە گرانەتای زەلکاوەکان مرد کاتێ لە پێناوی ئازادی یۆناندا دەجەنگا وە لە کاتێکدا (ستاندال (Standhal)) پشتگیری بزووتنەوەی (دیسەمبەرییەکانی) (ڕوسیا)ی دەکرد ، زۆر لە ڕۆمانسییەکانی ئاڵمانیا هەڵوێستی کۆنەپەرستانەیان نواندو بوون بەداردەستی (موترنیخ) • ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە ئەو ڕۆمانسی‌یانە نەیان دەتوانی پارسەنگی ئەو دوو لایەنە دەروونی‌یە دژ بەیەکە ڕاگرن: ڕق بوونەوە لە سەرمایەداری‌و زاڵبوونی ئامێر وە ترسان لە ئەنجامەکانی شۆڕش •• لە ئەنجامدا کەوتنە ناو چاڵگەی کۆنەپەرستییەوە •

لەنیزیکی نیوەی سەدەی نۆزدەهەمدا بزووتنەوەی ڕۆمانسیزم لە ئەوروپادا کۆتایی هات‌و دوو مەزەبی تری لێ لەدایك بوو : هونەر بۆ هونەرو ناتۆرالیزم •

## هونەر بۆ هونەر

پەرناسییەکان :

قوتابخانەی «پەرناسی» بەناوی شاخی (پارناس La Parnasse لە یۆناندا ناونراوە • ئەم شاخە لە ئەفسانەکانی کۆنی گریکدا

نیشتمانی ئەپۆلۆو خواکانی هونەرە • قوتابخانەی پەرناسی لەسەر دوو بناغەی فەلسەفی دامەزراوە ، لەلایەکەوە پشت دەبەستێت بە فەلسەفەی ئیستاتیکی ئایدیـالی کانتو لەلایەکی دیکەشەوە بەو فەلسەفە ریالیزمیو ئەزموونییەی لە ئەورووپادا تا نیوەی سەدەی نۆزدەهەم باوبوو •

جیاوازی کردنی ـکانتـ لە نێوان جوانی پەتیی هونەر کە لە فۆرمـەکەیدایەو لە نێـوان کەڵکداریەتی هونـەردا ، وای لە پەرناسییەکان کـرد کە شیعر لە هەموو ئامانجێـکی کۆمەڵایەتیو ڕەوشتی دابـبـڕنو سەربەخۆییەکی تەواوی بـدەنێ • سەردەمی زێڕینی شیعر بەلای ئەوانەوە سەردەمی گریکە کە شیعر هەرگیز ناتوانێ پێی بگاتەوە •

لەوانەی ئەم فەلسەفەیەیان وەرگرت لەفەرەنسادا: (بنجیامین کونستان) ١٧٦٧ـ١٨٣٠ ئـەم بـاوەڕانەی لـە (یاداشـتـەکانی ڕۆژانە)یدا کە لەساڵی ١٧١٥دا چاپکرا دەربڕین، ئینجا زاراوەی (هونەر بـۆ هونەر) لە لێکچـەرەکانی (ڤیکتۆر کوزان) لـە ساڵی ١٨١٨دا بەدەرکەوت لەو گوزارشتەدا کە دەڵێ :

«شەریعەت بۆ دین ، ڕەوشت بۆ ڕەوشت ، هونەر بۆ هونەر» • هونەر ناشێت ڕێگایەك بێت بـەرەو چاکە یا کەڵكو ، نە بەرەو هیچ کاروبارێکی پیرۆز بەڵکو هونەر تەنها بەرەو خۆی دەڕوات •

دەنگدانەوەی ئەم ڕایانە لەلای (تیوفیل گوتییە Theophile Gautier ١٨١١ـ١٨٧٢) کە لـە گەورەترینی پێشـڕەوانی پەرناسـیەتە بەدەرکەوت ، گوتییـە دەڵێت : «ئێمـە باوەڕمـان بەسەربەخۆیی هونەر هەیـە ، هونەر لای ئێمە ئامرازێك نیـە بەڵکو ئامانجە • هەر هونەرمەنـدێك کە لـە گەیشـتن بـە جوانی بـەولاوە هیچ ئامانجێکی دیکەی هەبێت بە هونەرمەند ناژمێررێت •• هەرگیز



هەواڵنامەی کتێب

ناتوانین ئایـــدیاو فۆرم لێك جیاکەینەوە هەموو فۆرمێـــکی جوان ئایدیایەکی جوانە» • (لوکونت دی لیسل La Contede Lisle

سەرۆکی قوتابخانەی ناوبراو دەڵێت «دنیای جوانی تاقە بوارێکی هونەرە •• لە خۆیدا ئامانجە ، بێ کۆتاییە •• ناشێ پەیوەندیی بە هیچ زانینێـــکی جـــگە لەخۆیـــەوە هەبێت • جـــوانی خزمەتکاری حەقیقەت نیـــە ، چونکە جوانی هیـــچ حەقیقەتێکی ئینســـانی یان یەزدانیی تێدا نیە ، بەڵکو ئەو لوتکە هاوبەشەیە کە ڕێبازەکانی ئایدیا لەوێـــدا یەك دەگرن» •• پەرناسیەکان کەوتبـــوونە ژێر تەئسیری فەلسەفەی پەزیتیڤیزم‌و ئەزمـــوونییەوە ، چونکە ڕەخنە گرانی ئەدەب دەیانەویست خواستەکانی زانست‌و هونەر بەیەکەوە بگونجێنن‌و جگە لە گرنگیدان بە حەقیقەت گرنگییان بەخاسیەتی ئیستاتیکی هونەریش دەداو ، باوەڕیـــان وابوو کە زانست بۆی هەیە هەموو گیروگرفتێکی ئادەمیزاد چارەسەر بکات •

فەلسەفەی هونـــەر بۆ هونـــەر پەیوەندییەکی پتـــەوی لەگەڵ ڕۆمانسیزما هەبوو و لەناو منداڵدانی ئەوڕا سەری هەڵدا • یاخی بوون لە دەستوورو ڕێ‌و شوێنی کلاســـیکی بوو بە یاخی‌بوون لە هەموو پەیوەندییـــەکانی دەرەوەو هەمـــوو بایەخێـــکی ڕەوشتی‌و عەقلی‌و ــناهونەری‌ــ بەتایبەتی دوای ئەوەی قۆناغی شۆڕشگێڕی سەرمایەداری بەسەرچوو • ئەم فەلسەفەیە هەر لەو کاتەدا لەدایك بوو کە بزووتنەوەی ڕیالیزم ــ یش هاتە کایەوە بـــۆ دۆزینەوەی پەیوەندییەکانی کۆمەڵ‌و ڕەخنەگـــرتن لە هەڵەو ناتەواوییەکانی فەلسەفەی هونەر بۆ هونەر ، هەر لەو کاتەیشـــدا ناڕەزاییەکی توندە بەرەوڕووی هەڵوێستی کەڵك‌ـــخوازانەی سەرمایەداری ••
ئازادی لـــە ڕوانگەی (گوتییە)ی شاعیرەوە مانای ئازادبـــوونە لە

پیلانەکانی چینی نـاوەندو فرامـۆش کردنی ئایدیالـە کەڵك ـ خوازەکانێتی • وە هەڵوێستی هونەری (بۆدلیر)(١) هەڵگەڕانەوەیە لە هەڵوێستی کەڵکداری بەگرنگگیراوی سەرمایەداری • بۆدلیر هەوڵی دەدا هـونەر لەوە دوور بخاتەوە کە ببێتـە کـەل‌وپەل لە جیهانێکدا کە هەموو شتێك تێیدا بۆ کڕین‌و فرۆشـتنە • بۆ دلێر شیعرەکانی خۆی بۆ جمهورێکی دیـکەو بازاڕێکی وون دەگوتن • سەرەتاگەی هونەر بۆهونەر لەلای ئەو ڕەنگدانەوەی‌ڕق بوونەوەی زۆری ئەو لەو جمهـورە بازرگانی‌یە بوو کە بۆ دلێر دەیویسـت شیعری وا دابنێت ڕقیان هەڵبسێنێت ، وە بەم چەشنە تۆڵەیان لێ بکاتەوە • ئەم هەڵوێستەی بۆدلێر ڕەگەزی یاخی بوونی ڕۆمانسی پێك‌دەهێنێت • بـەلام تەنها (گوتییە)و (بۆدلیر) ئەم ڕێڕەوەیان ڕەچاو نەکردبوو • بەڵکو (مالارمیە)(٢) (Mallarme) ش لەو شاعیرانە بوو کە بە توندی بەرگری لە (هونەر بۆ هونەر) دەکرد وە گوێ ڕایەڵی فێرکاری‌یەکەی (نۆڤالیس) بوو لەوەدا کە شـیعر دەبێ (پڕ بێ لەوشـەی ئاهەنگدارو لەرزودار •• وە تەنهـا چەند بەیتێکی کەمی تیا بێ کە شایانی تێگەیشتن بن) وە شـیعرەکانی دووربوون لـە عاتیفەی واقیـع‌و هەموو پەیـڕەوەکان‌و سیستمە لۆژیکی‌و بەخرۆشەکانی تێدا ووردوخاش دەکران ، تا ئەوپەڕی ووزەی مۆسیقی بەکار دەبرد وە مەبەستی تەنها ئەوەبوو (ئیحا) بەخوێندەوار بدات نەك تێگەیشتن • لێرەوە شـیعرەکانی قووڵ‌و بەگرێ‌و گۆڵ‌و زیاتر لەیەك لێکدانەوە هەڵ دەگـرن • هەروەها ـ مالارمێ ـ ئەو هەستەی هەیە کە سەر بە سەدەیەکی شارستانی

(١) بۆ زانینی هەڵوێستی هونەری بۆدلێر بڕوانە کتێبی (ثورة الشعر الحدیث) بەشی دووەم •

(٢) بڕوانە : ثورة الشعر الحدیث • بەشی چوارەم •

دانراوە وە هەموو جۆرە پەیوەندی‌یەك لەگەڵ میراتی مەسیحی‌و ئینسانی‌دا دەبڕێت ، خۆ بەدەستەوە نادات ، هەموو كاتێ ماوەیەك لەنێوان خوێ‌و خوێنەردا دەهێڵێتەوەو ڕێگەی ئەوە نادات هیومانیزم بەسەریا زاڵ‌بێت ٠

بەهەرحاڵ دروشمی (هونەر بۆ هونەر) هەوڵدانێكی خەیاڵی یە بۆ دەرباز بوونی تاكە كەس لە جیهانی بۆرژوازیەتی سەرمایەداری وە هەر لەو كاتیشدا سەلماندنی ئەو سەرەتاگەیەیە كە لەو جیهانەدا خۆی سەپاندووە : واتە (بەرهەم هێنان لەپێناوی بەرهەم هێناندا) جمهوری ئەم فەلسەفەیە بریتی بوون لە (هەڵبژاردە) ی كۆمەڵ ٠٠ ڕقیان لەڕەش‌و ڕووت دەبۆوەو لەهەموو ئامانجێكی كەڵكدار دوور دەكەوتنەوە ٠٠ ڕقیان لەو بابەتانەی ڕۆمانسیەكان دەبۆوە كە ئامانجی زۆربەی گەلیان تێدا دەردەبڕی ٠٠٠ بەڵام هەر وەكو ڕۆمانسیەكان خەیاڵیان بۆ دوور ، بۆ كیشوەرە دوورەكان‌و سەدەكانی كۆن ڕەوانە دەكرد ٠٠ لەدەست واقیع هەڵدەهاتن ٠ نامۆیی ئەوان نامۆیی‌یەكی مێژوویی بوو ٠٠٠ مێژوویان دەپشكنی لە عەوداڵی زانینی نەژادەكانی ئادەمیزادو دین‌و ئەفسانەو شارستانێتی‌یەكانی ٠٠لە وێنەكێشانی دیمەنی سروشتی‌و زیندەوەری جیهانە دوورەكان وێنەی بابەتی‌یان دەكێشاو خودی خۆیان دەشاردەوە ٠ وێنە شیعری‌یەكانیان ـ بە پێچەوانەی ڕۆمانسی‌یەكانەوە بابەتی بوون٠ باوەڕیان بە ئیلهام نەبوو ٠ شاعیر لای ئەوان دەبێ هەست‌و سۆزی‌خۆی لەدیمەنی بابەتی‌دا داڕێژێت‌و خۆی‌بێ‌لایەن بوەستێت٠ ئەم ڕێبازە تەمەنی زۆر نەبوو ٠ لە شیعردا ـ ڕەمزیەت ـ (سیمبۆلیزم) جێگەی گرتەوە ٠وە لە سەردەمی پەرناسی‌دا مەزەبی

ڕیالیزم کە پێشی دەگوترێ ڕیالیزمی ئەوروپی ـ یا نەچرالیزم ـ نەش و نمای کرد •

## ناتورالیزم ـ یا ـ ڕیالیزم ـ Naturalism, Realism

ناتورالیزم بنـاغەی تیئۆریی خۆی لە ڕاپەڕینی زانسـتیو فەلسـەفەی (پـوزیتیڤیـزم)و (ئەزمـوونی) وەردەگـرێـت • ناتورالیسـتەکان کـەرەسـەکانیان لـە دەورو بـەرەکەیـان لە ڕواڵەتەکانی سروشتییو ئینسانی دوایدەرس کردنیان وەردەگرت کەسێتییەکانی ـ چیرۆك ـ ئەندامانی چینی بۆرژوا ، یان ئەو کرێکارانە بوون کە چەوساندنەوە هێزی لێ بڕی بوونو داوای ـ ویژدانیان ـ دەکرد •• ئەوان بە توندی هێرشـیان دەبردە سەر چینی بۆرژوا ـ کە ڕۆمانسییەکان بەرگریان لێ دەکردن ـ چونکە دوای ئەوەی هاتنە سەر خوانی گلاویو دەردو مەینەتەکەیان بۆ ریالیستەکان بە دەرکەوتن •• لێرەوە زەنگی مەترسیان لێدا • داوای بایەخی مرۆڤـایەتی نوێیـان دەکرد • لەسـەر دەسـتی ڕیالیســتەکان کرێکـاران وەکـو چینێکـی سـاف خـوراوی سـەردەمەکەیان هاتنـە ناو ئـەدەبو هـونەرەوە ڕیالیسـتەکان کەرەسەی تاقی کردنەوەکانیان ـ لە چیرۆكو شانۆگەرییەکاندا • لە واقیعی چینەکانی ڕەشورووت وەردەگـرێت • وە لە قـوڵایی دەروونی ئادەمیزادەوە وێنەی شەڕو شۆڕو دەردەکانی کۆمەڵایەتی یان دەگرت تا کۆمەڵ لە ئاکامی مەترسی داری ئەو کارانە ووریا کەنەوە •

ناتورالیزم لە ئەدەبدا چەمکی حەقیقەتی سایکۆلۆژی لەسەر بناغەی ـ هـۆداری ـ دانـا • وە وای دانا کە پەرە پێسـەندنی درووستی (گرێ)ی چیرۆك دەبێ ڕێکەوتو موعجیزە دووربخاتەوە وە وەسف کردنی دەوروبەری لەسـەر ئەو بنـاغەیە دانا کە هەر

دیاردەیەکی سروشتی شوێنی خۆی لەناو زنجیرەیەکی بێ ژومار لە هۆو پاڵنەرو مەرجدا هەیە • وە هەروەها ووردو ـ مەزنی یان زۆر بەکار دێنا بۆ ئەوەی تەنانەت بچووکترین شتێکیش لەواقیعدا فەرامۆش نەکەن • وە لەم ڕووەوە بۆ چوونی ـ تێ بینیاری زانستی کاری تێ کردبوون • (ئەمیل زۆلا) (Zola) سەرەتایەکی تری زیاد کرد بۆ ریالیزم دەبێ نووسەر لە چیرۆکەکانیدا بگاتە ئاکامێك کە تەبا بێت لەگەڵ ئەنجامەکانی زانستدا •• دوای ئەوەی نووسەر حەقیقەتەکان بە سەرنجێکی وردەوە ڕێك دەخات تا خشتەکانی بنیاتی هونەری دابمەزرێنێ و زەمینە بۆ کەسەکانی خۆش بکات ، «دەوری تاقی کردنەوە دێ کە کەسەکانی چیرۆك لە ناو بازنەی هەندێ ڕووداوی دیاری کراودا دێنێت و دەبات بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنێت کە بەدوایەکدا هاتنی حەقیقەتەکان هەر بەو چەشنەیە کە ڕووداوەکانی زانست پێیان دەکات» • زۆلا بە پێی ئەم هەڵوێستە لە سی و یەك چیرۆکی درێژدا مێژووی ژیانی خێزانێکی فەرانسەیی دەگێڕێتەوەو دەگاتە ئەو ئەنجامانەی زانستی (بۆ مانەوە ـ علم الوراثة) لەسەردەمەکەیدا پێمان گەیشتبوو •

ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی ڕیالیزم ، بە پێچەوانەی ناوەرۆکی ڕۆمانسیزمەوە بوو • واتە ڕەفزی هەڵاتنی لە دەست واقیع دەکردو بەرەو ناخۆیی و ناکەسێتی دەچوو • لە خرۆش دووردەکەوێتەوەو ڕێی ئیجابییەتی دەگرتە بەر • تەنها بەوە وازی نەدەهێنا کە واقیع بناسێت و وەسفی بکات بەڵکو دەیویست واقیع بگۆڕێت ، هەروەها ڕوخسارێکی سەردەمیشی هەبوو لەوەدا کە خۆی بە «ئێستا»وە دەبەستەوەو بە تاکە بابەتێکی گرنگی

هەواڵنامەی کتێب

دادەنا ••• لێرەوە ناتۆرالیزم جمهورێکی میللی فراوانی بۆ خۆی پەیدا کـرد ئەو جمهورەی کە لە دەس ژیان و گیروگرفتەکانی بە ئازار بوون • لێرەوە (چامفلیری Champfleury ) ۱۸۲۱ـ۱۸۸۹ دەڵێ «جمهـوری ئەو کتێبەی بـە دوو قرش دەفرۆشرێ ، ئەوە جمهورێکی ڕاستەقینەیە» •

بەم پێیە ڕیالیزم پەرەپێدانێکی گرنگی ڕۆمانسیزم بوو •• بێزاری و نارەحـەتی و ڕق بوونـەوەی ڕۆمانسێکان لـە کۆمەڵی سەرمایەداری گۆڕدرا بە ناوەرۆکێکی پێشکەوتووتر ، لە فۆرمێکی بابەتی و هێمن و ڕوانگەیەکی وردوو دووربیندا • بۆیە دەتوانین بڵێین ڕۆمانسیزم قۆناغێکی هەوەڵییـە لە قۆناغەکانی ڕیالیزمی ڕەخنەیی • گرنگترینی کارەکـانی (بایرۆن) کە ڕۆمانی تەواو نەکراوی (دوان جـوان)ە تێکەڵە لـە نارەزا پـوونی ڕۆمانسی و ڕەخنەی ڕیالیستی کۆمەڵایەتی ، واتە تەنها کارێکی ڕۆمانسیی پەتی نیە • کاری شاعیرێك نیە قسە لەگەڵ خۆیدا بکات ••• شان بەشانی پاڵەوانی چیرۆکەکە ـ دوژمنیکیشی ـ هەیە کە بەرامبەری دەوەستێت ، وە پاڵەوانەکە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیدا لە زۆران بازیدایە • ڕاستە (دۆن جوان) لە ئازایەتیدا ، لە تینـوێتیدا بۆ ژیان ، لـە دەرچوونی لە یاسـاکانی ڕەوشت ، هێشـتا پاڵەوانە ڕۆمانسیە کۆنەکەیـە ، بەڵام ئێستا ئەو دژی خوا ، یـان شەیتان ناجەنگێت ، بەڵکو هەموو موغامەراتەکانی بریتین لە ڕەخنەیەکی بەهێز لە جیهانی ساختـەیی و دووڕوویی و ڕەزالەت و ، نواندنی ئاواتێکی بەتەوژمن بۆ سۆزو هەستی ڕاستەقینەی بێخەوش و بێ گەرد •

ڕۆمانسیزم هونەرو ئەدەبی جیهانی بە زیاد کردنی «هەست کردن بە مێژوو (Sense of history) دەوڵەمەند کرد ••• شلیگل

(Schlegel) دەنووسێ (هیچ خۆناسینێکی تر لە خۆناسینی مێژوویی بەولاوە نیـە • کەس ناتوانێ بـزانێت ئەو چیە ئـەگەر برادەرە ئادەمیزادەکانی نەنـاسێتو ، لە سەرووی هەمووانـەوە برادەرە ئادەمیزادە هەرە بەرزەکەی ، ئەوەی سەروەری سەروەرانە واتە : عەبقەریەتی سەردەمەکە) •• بەر لە ڕۆمانسیزم هونەر «بگۆڕیی» مێژووی هەست پێ نەکردبوو • بەلام ئەم بایەخدانە گەورەیەش بە مێژوو کە لە بیری کۆمەلایەتی سەدەی نۆزدەهەمدا تێبینی دەکرێت، بەهۆی ئەفکاری عەقلییەوە نەهاتبووە گۆڕێ • بەلکو مێژوو خۆی بە توندی هەلـڕژایە نـاو ژیـانی خەلکەوە • شـۆڕشی فەرەنسا گۆڕانکارییە کۆمەلایەتییەکان ، وە هەروەها شەڕەکانی ناپلیۆن بەتەواوی سەردەمەکەیان هەژاند •• بەلام ڕۆمانسیزم نەیتوانی مێژوو بەتەواوەتی هەزمکاتو ، لە هونەرەکەیدا عەکسی بکاتەوە تەنانەت لە هونـەری (بایـرۆن)یشا کـە بـیروڕای ئەوروپاییە دیمـوکراتیـەکانی گرتبـووە خۆی ـ ئەوانـەی بـۆ چـوونی شۆڕشگێڕانەیان بۆ بەرهەلستی کردنی هەولی کۆنەپەرستەکان بۆ ڕاگرتنی ڕێـڕەوی خـەلك بەرەو ئـازاد بوون لە تـیری ڕژێمی دەرەبەگایەتی بـەکار دەهێنا ـ پالەوانەکە لەوە زیاتر نـاڕوا کە ناڕەزاییەکی خـۆیی دەربـڕێو ئـەو ناکۆکییـە کۆمـەلایەتییە سەرەکیانە دەرك پێ بـكات کە زۆرانبـازی بەرژەوەنـدی نێوان کۆمەلانی خەلكو لۆرتە دەرەبەگەکانو ئەو حکومەتانەی لەدەوری ـ پەیمانگەی پیرۆز (Holy Allian ce) کۆبووبوونەوە ـ عەکسی دەکردەوە، •• لەبەرچـاوی (بایـرۆن) ئایـندە لە تاریکیـیـەوە پێچراوە ، ئاسمانو زەوی سەیری ئازاری خەلك دەکەن ، خەباتی ئادەمیزاد بۆبەدەست هێنانی ئازادی بێ هودەیە • ئەم هەلوێستەی بایرۆنیش بناوانەکەی لـە بێهێزی بزووتنەوە شۆڕشگێڕیـەکانی سەرەتای

سەدەی نۆزدەهەم ـ لە ئیتالیاو فەرەنساو ڕوسیادا هەڵگیراوە ••• بەم جۆرە گەرچی ڕۆمانسیەکان ، هەر وەك ڕیالیستەکان ڕەفزی واقیعی سەرمایەدارییان دەکرد ، بەڵام ڕۆمانسییە پێشکەوتن خوازەکان لەوە بەولاوە نەچوون کە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە سەرمایەداری بگرن ، لەکاتێکا ڕیالیستەکان (بلزاك ، گۆگۆل ، دیکنز ، ستاندال ••• هتد) شیکردنەوەی کۆمەڵایەتیشیان (Social analysis) بۆ ئەم کارە زیادکرد • ئەمەش وەك ـ بلزاك ـ دەڵێ : بۆی لواندن «ئەنجامی بەردەست» دەربارەی ئاشکرا کردنی سروشتی کۆمەڵایەتی ناکۆکییەکان ، لە کۆمەڵێکدا کە بەردەوام بەرەو سەرمایەدارییەکی «ئازاد» دەڕۆیشت ، بەدەست بێنن ••• لە لایەکی کەشەوە ڕیالیزم ـ ڕوانینی یەك لایەنییانەی ڕۆمانسیزمی بۆ ژیان ـ وەلانا دواوە ، جیهانی ڕۆحی پاڵەوانی ڕۆمانسی لە جیهانی دەرەوەی دابڕدرابوو •• وەکو دیاردەیەکی سەربەخۆی کارتێنەکراو لەلایەن دەوروبەرەوە دەخرایە ڕوو • بەڵام پاڵەوانی ڕیالیست ـ پاڵەوانێکی مێژوویی ـ یە •• سروشتی خۆیی و جیهانە ڕۆحییەکەی بە شێوەیەکی ئۆرگانی لەگەڵ دەورو بەرەکەیدا گرێدراوەو خۆشی نوێنەری هێزێکی کۆمەڵایەتی تایبەتییە • ئەم خاسیەتە تازانەی پاڵەوانی واقیعی بە ئاشکرایی لە پاڵەوانەکانی والتەر سکۆتو (Walter Scott) پۆشکینـدا بەدیار دەکەوێ • لە (ئیفجینی ئۆنیجین) (Evgeni Onegin) دا پۆشکین سایکۆلۆژیەتی کەسەکانی و ئەو دەوروبەرەی دروستیانی کردووە لە یەکێتییەکی ئۆرگانیدا پیشان دەدات ، بەڵام (کردار) دابەزێندراوە بۆ (پلەی دووەم) بۆ ڕوون کردنەوەی خاسیەتو ڕوخسارە تایبەتی و تاکەکانی کەسەکان • ئەو هۆنراوەیە بێ چارەو بێ یەککەوتەیی پاڵەوانی تاکڕەوو خۆپەرست دەردەخاتو

پۆشکین (Pushkin) ــ خۆپەرستی (Egoism) ــ بە ڕوخسارێکی نموونەیی پەیوەندێکانی کۆمەڵایەتی‌و هۆشمەندی کۆمەڵایەتی دادەنێت ، خۆویستی پاڵەوانەکە بۆهۆی کۆمەڵایەتی دەگێڕێتەوە، ئازادیی پاڵەوانەکە لەسەر ئەساسی سەندنی ئازادی لەو کەسانەی ئەو ژیانە تەسەلەیان بۆ فەراهەم کردووە دامەزراوەو ، وە مادام جیهانە ڕۆحییەکەی ناڕەوشتییە ، ئەوا بەم پێیە دەبێ ئەو ڕژێمە کۆمەلایەتییەی ئەو کەسانەشی دروست کردووە ــ ناڕەوشتی‌و شاز بێت . لێرەوە ڕەخنە گرتنی پۆشکین لە پاڵەوانەکەی ڕەخنە گرتنە لە ڕژێمە کۆمەلایەتیەکەش . هەرچەندە پۆشکین نەیتوانیوە وەکو ئەو ڕیالیستانەی ، بەڕاستی لە ژێر ڕژێمی سەرمایەداریدا ژیاون، لە پێك‌هاتن‌و چەسپاندنی ڕژێمی تازەی دوای دەرەبەگایەتی بە قووڵی‌و فراوانی بکۆڵێتەوەو سەرنج بدات ، بەڵام توانی پایەکانی جۆرێکی تازە لە ڕیالیزم دابنێت ، ڕیالیزمێکی ڕەخنەیی لە ڕوخساردا ، ڕاستەقینە لە میتۆدی وێنەکێشانی پەیوەندی نێوان مرۆڤ‌و دەوروبەرەکەیدا لەلایەکەوەو مرۆڤ‌و کۆمەڵەکەی لە لایەکی‌ترەوە ... پۆشکین پاڵەوانەکانی بە چەشنێکی مێژوویی وێنە دەکردن ، واتە وەکو بەرهەمی دەوروبەرێکی کۆمەلایەتی تایبەتی‌و خاوەنی هۆشمەندییەکی چینایەتی تەواوی خۆیان ، هی خۆیان‌و بەس . ئەم مێتۆدە نموونەییەی پۆشکین لە ڕەسم کردنی واقیعدا بوو بە خاسیەتێکی سەرەکی ڕیالیزمی ڕەخنەیی لە قۆناغی کلاسیکی پەرەسەندنیان . هەر ئەو مێتۆدە بوو کە وای لە بلزاك‌و ستاندال‌و (Stendhal) دیکنز (Dickens) و دوو خوشکەکان (ئیمیلی برۆنتی‌و شارلۆت برۆنتی (Brontcesistess) و) گۆگۆل‌و نووسەرەکانی ڕووسیای سەر بە (قوتابخانەی سروشتی) کرد ، بتوانن ئەو ناکۆکیانەی لە ڕژێمی نوێی سەرمایەداری ، دامەزراو لەسەر

کەلاوەکـــانی دەرەبەگایـەتیدا سـەریان هەڵــدا ، شی بـکەنەوەو ئاشکرایان بکەن •• هەر وەکو ڕوویدا ، تەنها ڕیالیزمی ڕەخنەیی بوو کە سەلماندی لە توانستیدا هەیـە ژیانی نوێ هـەزم بکاتو دەری ببـڕێت ، چونـکە ڕیالیـــزمی بـۆرژوازی پێشـکەوتنی سەرمایەداری وەکو فۆرمێکی سروشـتی پەرەسەندنی کۆمەلایەتی داناو هیچ هەوڵێـکی نـەدا بـۆ لێکۆڵینـەوەی ژیانی مـرۆڤ لە بزووتنەوە مێژووییـە ڕاستەقینەکەیدا بەڵکو خووی دایـە وێنە کێشانی ژیانی ڕۆحی ئەو ئادەمیزادەی لە کۆمەڵ دابڕاوە لەجیاتی ئەوەی وێنـەی ناکۆکییـەکانی ناو کۆمـەڵ بکێشێت • ڕیالیزمی ڕەخنەیی توانی جەوهەری سیستمی نـوێی سەرمایەداری هەزم بکات •• خـۆی شۆڕکردەوە بۆ ناو ناخی زۆرانبازییـەکانی ناو کۆمەڵی بـۆرژوازیو بەڕوونییەکی بێ‌بەزەییـانەو شێوەیەکی هونەری بێ‌هـاوتاوە خستنیـەڕوو • ڕیالیستـەکان دووربینی تەماشاکانیان لە هەموو لایەنو کونو کەلینێکی ژیانی کمەڵو تاکە کەسدا دەگێڕا •• لێرەوە توانیـان بۆماریکی ئینسایکلۆپیدیایی دەربارەی تێکڕای ئەوماوە مێژووییە، بەجۆری ژیانو بایەخەکانو ئایدیاو نموونەی خەڵکەکانیـەوە ، بەجێ‌بهێڵێن • هەروەها ئەو ڕوخسـارە بەردەوامانەشیان کردنـــە گشـتی کـە سـیستمی سەرمایـەداریو عەقڵیـەتی بـۆرژوازی پێ‌دەناسـرێت ••• ڕیالیستەکان ، چەمـکی کۆمەڵیـان وەکو شتێکی بگـۆڕو بزێوو هەمیشە لە پەرەسەندندا بوو ، هێنایە کایەوە • بەم جۆرە لە بیرو ڕاو کارەکانیـاندا ـ ڕەوتێـکی مێـژوویی عەفـەوی خۆکرد ـ (Spontauneos historianism) خۆی دەنوێنێت،

کە بیری بورژوازی ئەمڕۆ ، بە خۆی ڕەوا نابینێت• ڕیالیستەکان پێك هەڵپژانی بەرژەوەندیـەکانی کـۆمەلایەتیو ئامانجـەکانی

خستنە ڕوو • لە سەردەمی (پێش بڕگەی بەربەرەکانی ئازاددا) ئەوان بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئاکامەکانی پەرەسەندنی سەرمایەداری‌یان کۆڵیبیەوە : ئەو پەرەسەندنەی تەنها دەبوو بە هۆی لێك دابڕین‌و غەریب‌کردنی (Alienation) ئینسان ••

لە هەموو ئەمانەڕا ـ ریالیزم ـ ڕێگای بۆ پەرەسەندنێکی زانستیانە ترو پێشکەوتن خوازانەتر: واتە دەرکەوتنی ڕیالیزمی سۆشیالیست خۆش کرد •• (زۆلا) لە یاداشتی ڕۆژانەی خۆی‌دا دەنووسێت : (بۆرژوازیەت خیانەت بە ڕابردووی شۆڕشگێڕانەی خۆی دەکات) بۆ ئەوەی ئیمتیازە سەرمایەداری‌یەکانی خۆی بپارێزێت ، وە حاڵەتی خۆی وەکوو جێنی دەسەڵات دار بهێڵێتەوە • ئەو دوای ئەوەی حوکمی گرتە دەست نایەوێ واز لەو حوکمە بێنێ بۆمیللەت لەبەر ئەوە چار نیە بۆرژوازیەت ، بەرە بەرە ، ڕەق هەڵدەگەڕێت ئەوەتا ، ئێستا دەبێ بە هاوپەیمانی کۆنەپەرستی‌و کەهنوتی‌و میلیتاریزم • پێویستە لە سەرو چار لەدوای چار ئەمە بە توندی بڵێمەوە کە بۆرژوازیەت خیانەتی کرد ، چووە ناو ڕیزی کۆنە پەرستی‌یەوە تا سامان‌و دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت ، ئێستا هەموو هیوایەك خراوەتە سەر ئەو هێزانەی ئاینده کە لە ڕیزی گەل دەوەستن ) لە مەیدانی ـ نیگارکێش ـ دا ، نیگارکێشی فەرەنسی ـ جوستاف کوربییە Courbet (١٨١٩ ـ ١٨٧٧) لە ڕێبازی پێشەوەی لایەنگرانی ڕێبازی ڕیالیزم بوو لە هونەردا • (کۆربیە) جەنگێکی سەختی دژی هونەری ئەکادیمی ڕەسمی بەرپا کرد ••• دەستی کرد بە وێنە کێشانی جووتیارو کرێکارو دیمەنی سروشتی و باخ‌و گوڵ بە شێوازێکی ـ سروشتی ـ ، لە شێوەیەکی هونەری بەهێزدا ••• وێنەکانی (کۆربییە) ناوەڕۆکێکی سیاسی‌و کۆمەڵی‌و هونەری گەورەیان گرتبووە خۆیان • وە هەمیشە

سەرچاوەی نارەحەتی‌و جێ پێ‌لەق‌بوونی دەسەڵاتدارەکان‌و کۆنەپەرستەکان بوون • هەتاوەکوو دەگوترێ کە جارێکیان (ناپلیۆنی سێیەم) بە دەستی خۆی تابلۆیەکی پیشان دراوی (کۆربییە) دەدڕێنێت ناتورالیستەکان بووبوون بە دوو بەشەوە : بۆهیمیەکان : وەکوو جانفلیری‌و دورانتی دووەم • وە خاوەن ملکەکان وەکوو (فلوبیر)و دوو برایانی (جنکور) دەستەی یەکەم دژی دەستوورو ڕێ‌و ڕەسمی باو بوون • وە دەستەی دووەم : دژی ڕازی کردنی جمهوور بوون • بەڵام بوهیمیەکانیش بە سەرکردایەتی کۆربییە ، دوای ئەوەی بورژوا ـ باوی بوون (1) ـ پەرت‌و بڵاوبوونەوەو خۆیان بە دامێنی بۆرژوای خاوەن مەیلی ڕۆمانسی‌یەوە هەڵواسی• وە پلەو پایەیەکی باشیان بەدەست‌هێنا بەڵام (کۆربییە) جارێکی تر کۆمەڵەیەکی بۆهیمی پێکەوە ناو جمهوریێکی باشی بۆ خۆی پەیدا کردو ناوبانگێکی گەورەی بە دەست هێنان •• تەنانەت کۆربییە ، لەگەڵ نوێنەرانی فەرەنسادا بۆ بەشداری کردن لە پیشانگایەکی جیهانی‌دا لە پاریس لە ساڵی ۱۸٦۷دا هەڵبژێردرا • وە هەندێ تابلۆی نیشان دان کە پایەی هونەری ئەویان دەردەخست • لەمەوە ناپلیونی سێیەم (ویسامی شەرەفی) پێ بەخشی ، بەڵام کۆربییە قبووڵی نەکرد •

ناتورالیزم لای کۆربییەو کۆمەڵەکەی بەر لە هەموو شتێکی تر پشتی بە عاتیفەیەکی سیاسی دەبەستن • ئەوان باوەڕیان بە خۆیان بوو کە حەقیقەت دەدۆزنەوەو پێشەنگی ئایندەن • (جانفلیری) ئەمە دەسەلمێنێت ، کاتێ دەڵێت:ناتورالیزم لەو ڕەوتە هونەری‌یە زیاتر نی‌یە کە هاوتای دیموکراسی‌یە) وە کۆربییەو (برودون)یش لەو باوەڕەدا بوون کە نەجرالیزم‌و ڕۆحی

(1) تبرجزوا

شۆڕشگێڕی یەك جۆرە هەڵوێست دەردەبڕن و هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان حەقیقەتی کۆمەڵایەتیو هونەریدا نیە ‥ لێرەوە چینە فەرمانڕەواکان بە حوکمی غەریزەی خۆپاراستن ، ناتورالیزمیان دەدایە دواوە ، چونکە بە پێی ئەو غەریزەیە ، دەیانزانی کە هەر هونەرێك واقیع بە بێ لایەنیو بێ دەسکاری دەرببڕێت هونەرێکی شۆڕشگێڕیە ٠ هەروەها ڕەخنەگرە بۆرژوازیەکان ناتورالیزمیان بە هونەرێکی دزێوو بازاڕیو نەخۆشو لاسایی کردنەوەیەکی ناشیرینی واقیع دەدایە قەڵەم ٠

گەرچی ئەم هێرشانە بەناوی ـ شێوازەوە دەکران ، ڕاستی یەکەی ئەوان لە ناوەڕۆكو بابەتەکان دەترسان ‥ چونکە دەیان زانی کە (کۆربیە)و هاوڕێکانی لەپێناو سیستمی نوێو ئادەمیزادی نوێدا خەبات دەکەن ٠

چلکنیو دزێوی جوتیارو پاڵەو کرێکارەکانو قەڵەویو تێك سمراوی ژنەکانی چینی ناوەند کە کوربییە ڕەسمی دەکردن ، وەکوو نارەزاییەك وابوو لە کۆمەڵی بۆرژوازی ئەوسا ٠ ناتورالیستەکان وێنەی جوتیاریان دەکێشاو دەیان کردە پاڵەوانی مەلحەمەی داهاتوو ٠ بەڵام بۆرژواکان ئەم بابەتانەیان دزێوو نا شاعیری دەژمارد ! لەگەڵ ئەمەشدا کۆربییە باوەڕێکی پتەوی بە ڕێبازەکەی خۆی هەبوو ٠ کۆربییە دەڵێ (باوەڕێکی پتەوم هەیە کە نیگارکێش بە پلەی یەکەم هونەرێکی کۆنکرێتی یە (Concrete).

وە ناتوانێ هیچ شتێ بنوێنێت ئەو شتانە نەبێت کە واقیعینو بە ڕاستی لە سروشتدا هەن ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە نیگارکێشێ زمانێکی فیزیکی ڕووتە ، بابەتی بینراو تێیدا جێگەی وشە دەگرێتەوە ‥ وە بابەتی ڕووت ، واتە ئەو بابەتەی نەبینراوەو نییە هیچ شوێنێکی لە بازنەی نیگارکێشیدا نیە ٠ ئەوی ڕاستی بێ

جوانی لەسروشتدا شاردراوەتەوەو ئێمە لەجیهاندا لەفۆرمی جۆراو جۆردا پێی دەگەین ) . بەڵام هونەرمەندی ناتورالیست هەر کە جوانی دۆزیەوە ، ئەوا دەبێتە موڵکی هونەر .. جوانی واقیع خۆیەتی ، وە کاتێ بینراو دەبێت ئەوا لە ناوخۆیدا دەربڕینی هونەری خۆی هەڵدەگرێت ، وە هونەرمەند هەقی نیە پێوە نانێك و زل کردنێك بخاتە سەر ئەو دەربڕینە .

هەڵبەتا ، هەر ئەم هەڵوێستەی ناتورالیستەکان ، هەروەکوو چۆن هۆیەك بوو بۆ تووڕەکردن و قەڵس کردنی بۆرژواکان ، هۆیەکیش بوو بۆ دیاری کردنی نوختەی کۆتایی ئەو ڕێبازە .. چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوان ناکۆکی یەکانی چینی بۆرژوایان دەردەبڕی و بەرگری چینی کارگەریان نیشان دەدا ، نەیان توانی بیری گۆڕینی واقیع بلاو بکەنەوەو نەخشەیەك بۆ هەڵگێڕانەوەی کۆمەڵی بۆرژوا بکێشن . لەمەوە بە ناچاری گەیشتنە بەردەم ئەم هەڵبژاردنە :

یان گەڕانەوە بۆ ڕەمزیەت و قەدەریەت هەموو ئەو مەزەبانەی شاراوەیی و تەم و مژیان تێدایە .

یان ڕۆیشتن بەرەو مەزەبەکانی کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕی .

بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەیان نەیان توانیبوو بیری شۆڕشگێڕی وەرگرن و دەربارەی گۆڕانەکانی ئایندە بەرچاوڕوون بن بەرەو ڕووخان ڕۆشتن و بۆ دواوە گەڕانەوە . (زۆلا) بەرەو سۆشیالیزم ڕۆیشت ، بەڵام زۆربەی هاوڕێکانی بەرەو ڕەمزیەت و ڕەوتی غەیبی و کۆنەپەرستانە ڕۆیشتن ، (هایپۆلیت تین) ــ نووسەرو ڕەخنەگری بەناوبانگی خاوەن مەزەبی سروشتی ــ شۆڕشی کۆمۆنەی باریس وەها تۆقاندی ، کە خەریك بوو عەقڵی لەدەست بداو لە ئەنجامدا خووی دایە هونەری ئایینی .

وە هەروەها ڕۆمان نووسی فەرەنسی (جوریس کارل هایسمانز ١٨٤٨ــ١٩٠٧) یەکەمجار هەوڵیدا پەناگەیەك لە دنیای نەخشیو (شزوز)دا بدۆزێتەوەو لە دوایشدا خۆی هاویشتە ناو باوەشی کەنیسەی کاسۆلیکییەوە • (ئیبسن)و (گیرهارد)و (هاوتمان)یش بەرەو ڕەمزیەتو تەموومژ ڕۆیشتن •

## ڕەمزیــــەت (Symbolism)

ڕەمزیەت لە ساڵی ١٨٨٠ی زاینیــدا ، لە ئەدەبی ئەوروپادا شوێنی خۆی بە تەواوەتی گرت • ڕەمزیەت لە ئەنجامی بەرەوڕوو بوونی ناتــۆرالیزم لەگەڵ هــەلو مەرجێکی کۆمــەڵایەتی نوێو سەرنەکەوتنی لە دۆزینەوەی ڕێگایەکی ڕۆشن بۆ سەردەرکردن لە گێژاوی ئاڵوگــۆڕییەکاندا ، لەدایــك بوو • گومــانی نیە کە شۆڕشی فەرەنسیو شــۆڕشی ١٨٤٨و کۆمیونەی پــاریس نوختەی وەرگەڕانێکی گــەورە بوون چ لــە سیاسەتداو چ لــە ئەدەبو هونەردا • چونکە هونەرمەندەکان ناچار بوون کە بەرانبەر هەر ڕووداوێك هەڵوێستی خۆیان دیاری بکەن : یا لەگــەڵ بەرەی پێشکەوتن بن ، یــان لەگەڵ بەرەی کۆنەپــەرستی •• کۆمیونەی پاریسیش کە یەکەم شۆڕش بوو کرێکاران سەرکردایەتیان کردو توانیان دەسەڵات بە شێوەیەکی کاتی بگرنە دەست ، شوێنەوارێکی وای بەجێ هێشت کە نەسڕدرێتەوە • ئەو ترسو لەرزەی جیهانی سەرمایەداری گرتەوە ، شوێن پەنجەی لەسەر دەروونی نووسەرو ڕووناکبیرەکانیشدا بەجێ هێشت ، هەر لە (هیپۆلیت‌تین)ەوە کە پێی لەسەر ڕۆشی مەرگ بوو ، هەتا (نیتشە (Nietzsche) ) کە لە هەڕەتی لاوێتیــدا بوو ••• بە نیسبەت هەموویانــەوە کۆمیونە کارەساتێکی نەشــیاوی لەبیر چوونەوە بــوو بۆ زیــاد بوونو پەرەسەندنی دەوری کرێکارانو خەبــاتی چینایەتیش ، زیاتر بە

سەر نووسـەرو هونەرمەندەکانیـدا دەسەپاند لـەم دوو ڕێگایە یەکیان بگرنە بەر یا هاوپەیمـان بن لەگەڵ کرێکاراندا • یان : بچنە بەرەی کۆنەپەرستەکانەوە •• بـەڵام ئەو ڕێبازە سێیەمەی «ناتۆرالیزم» بۆ خۆی هەڵبژاردبوو واتە وەسف کردنێکی بابەتی و بێلایەنیی ڕووداوەکان تەنها وامیسـەیەکی ڕووت بوو ، کارێك بوو دژی گۆڕان و هێزە ئایندە خـوازەکان •• چونکە ئەو هەل و مەرجـانە ڕەنگدانـەوەی ئیسـتاتیکی نەگـۆڕ نەبـوون بەڵـکو ڕەنگدانەوەی زۆرانبـازی هێزەکانی سەر بە ڕابـردوو ـ کۆنە پەرستەکان ـو هێـزە پێگەیشتووەکانی سەر بە ئاینـدە بوو •• ڕاستە ناتۆرالیـزم پەردەی لەسەر ئەو دزێوی و گـڵاوی و پەرت و بڵاوییە ڕامالی کە بالی بەسەر جیهـانی بۆرژوازیدا کێشابوو ، بەڵام نەیتـوانی هەنگاو بـەرەو دوورترو قووڵتر بهـاوێ و ئەو هێزانە دەست نیشـان بکات کە لەبارياندا هەبوو ئـەو کۆمەڵە بگۆڕن و سۆشـیالیزم دامەزرێنن • لە ئەنجامـدا ناتۆرالیستەکان ـ بە ناچاری ـ بـەرەو ڕەمزیەت و تەموش ڕۆیشـتن • پەناگای ئایدیۆلۆژی خۆیان لە فەلسەفەی ئایدیالیزمدا دۆزیەوە • ڕەوتی ڕەمزیەت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە تیئۆری ئایدیالی ئەفلاتونەوە بەندە •• لـە زۆر جەمسەریشەوە لکاوە بە فەلسـەفەی «کانت» و تیئۆری هونەری «هیگـل»ەوە ـ ئـەم هەڵوێسـتە ـ ئایدیالییەی ڕەمزیەت لـەوەدا خۆی دەنوێنێ کە ـ بە باوەڕی ئـەوان ـ ئەو جیهانە ـ بابەتییە ـی حەواسەکانمـان دەرکی پێدەکەن ، تەنها وێنەیەکی بگـۆڕو ناچەسپاوە ، وێنەیـەکی تەڵخی حەقیقەتێکی نەمرو نەگۆڕە •• وێنەیەکی شیاوی جیهانێکی ئایدیالیترە ، کە بە حـەواس دەرکی پێ ناکرێ و تەنهـا لە ڕێـگەی ئەبستراکت و هێزی خەیاڵەوە ڕێی پێدەبردرێت • جیهان ماتریال و جەوهەرە ،

شتەکان بەپێـی ڕواڵەتە ماتریالییـەکانیان دەگۆڕێن ، بـەڵام لە جەوهەردا لەیەك نزیك دەبنەوەو لەیەك دەچن ، چونکە جەوهەری شتەکان بەشێکە لەو جەوهەرە ئایدیالییەی لێیەوە پەیدا بوون ٠ لەبەر ئـەوە دەبێ ڕواڵەتی گەردوونی دەرەوەی شـتەکان بدەینە داوەو ، هیچ بایەخێـکی پێنـەدەین تا ئـەو ڕاددەیە نـەبێت کە جەوهەری ڕاسـتیی شـتەکان دەردەخـات ٠٠ بە واتایـەکی‌تر ، گەردوون تەنهـا ئەو ساتە بوونی هەیە کە خودەکانمان تێیـدا بە جەوهەر دەگەن ٠ ئێمە گەردوون لە خۆمـان ڕادەبینین ٠ بوونی ئەویش بە بوونی ئێمەوە بەندە ٠٠ هەموو ڕواڵەتە ماتریالییەکان لە گەردووندا (Cosmos) لە ـ ڕەمـز ـ بەولاوە هیچی‌تر نین ٠٠ هەموو شتێك کە تێیدا دەردەکەوێ ڕەمزی «حەقیقەتی موتڵەق»ە ، لێرەوە جەوهەری شتەکان دەگەڕێتەوە بۆ جەوهەرە تەواوەکە بۆ موتڵەق ، نهێنی ، بێکۆتـایی ٠ لە پێناوی گەیشتن بـەو نهێنیی‌و بێکۆتاییەدا ، دنیایەك لە پەژارەو ئازار لە دەروونی ڕەمزیەکاندا کۆدەبێتەوە ٠٠ بێپەروا چاو دەبڕنە ئـەو موتڵەقە بێسنوورە ، بەشکا لە گەردووندا پێی بگەن ٠٠٠ دڵیان دەکوڵێت بۆ گەیشتن بە «بێکۆتایی» ٠٠٠ لەم مشتومڕو بێنـەو بەرەی نێوان واقیع‌و موتڵەق ، ماتریالی مانەوەی ڕێژەیی‌و گەردوونیدا ، گەیشتنە ئەو ئاکامەی لە یەکەم هەڵبێن‌و لە دووەمدا بگیرسێنەوە ، هەتا وەکو بەرهەمەکانیان وایان‌لێ‌هات ببنەجۆرێك لەکەشفی سۆفیگەریانە٠ مالارمێ دەڵێ : فـراوانی بێسنووری گەردوون بـیرمی ئەوەندە ماندوو کردووە کە ئەرکەکەی خۆی لەبیرچۆتەوە ٠٠! ئەم مەیلە توندە بـۆ خۆدوورخستنەوە لە واقیـع تا ڕاددەیـەك ڕۆیشت کە «بۆدلێر» لـە دوای «ئەدگارپۆ» خـووی دایە تریاك خـواردن بۆ ئەوەی هەمیشە لە جیهانی بێئاگایی خەونـدا بژێت، بەڵام «ڕامبۆ»

بوو بە گەڕۆکێکی شەیدا لە عەودالّی ئەو ئاسۆ خەیاڵییانەی پێ گەیشتنیان مەحاڵە • مالارمێش بەسەر خۆیدا شکایەوە بۆ چوونەخوار بە ناخی پیری ئەبستراکتو موتلەقدا ! ئەمانە هەمووی ئەنجامی بێهومێد بوون لە کۆمەڵی بۆرژوازیو نەتوانینی بەرهەڵستی کردنی بوون • «ڕامبۆ» لە هۆنراوەیەکی پەخشانیدا بەناوی (دڵە ترسێ (Angoisse) ) دەڵێ :

«ئەرێ دشێ چاوپۆشین لە ئارەزووە لەتوپەتەکانم هێزی بەردەوام بوونم بداتێ ؟ یان کۆتاییەکی خۆش تۆڵەی کاتەکانی بەش بڕاویم بکاتەوە ، یان ڕۆژێك لە ڕۆژانی سەرکەوتن بۆم بلوێنێ لەسەر شەرمەزاری بێهومێد ـ بوونە ـ چارەنووسییەکەم بخەوم ؟ ئاە ئەی دارخورما ! ئەی ئەڵماس ! ئەی خۆشەویستی ! ئەی هێز ! ـ بەرزتر لە هەموو خۆشیو بەرزییەك ! ـ لە هەموو وێنەکاندا ، لە هەموو شوێنێکدا ، شەیتان ، خوا ، گەنجێتی ئەم مەخلووقە : من !» •

ئایا دەشێ گەزافی ئەفسانەکانی زانستو بزووتنەوەکانی بانگەواز ڕامێل بۆ برایەتی ئادەمیزادت خۆش بوێن ، هەروەکو هەوڵێکی بەرە بەرەبن بۆ گێڕانەوەی ئازادییە هەوەڵییەکە ؟[1] •

(بۆدلێر)یش لە هۆنراوەیەکیدا بە ناوی «خەوتێك» ، باسی خەونێك دەگێڕێتەوە کە چۆن خۆی لەناو کۆشکێکدا دەدۆزێتەوە ، هەموو شتێك تێیدا بە شێوەیەکی ئەفسانەیی جوانو ڕازاوەتەوە ، تەنانەت ڕەنگی ڕەشیش درەوشاوەو سافو بریقەدارە ، بەڵام کاتێك بەخەبەر دێتەوە :

**کاتێ چاوە پڕ لە خۆرەکانم کردنەوە**
**دزێوی ژوورە هەژارەکەمم بینی ،**

---

(١) ثورة الشعر الحديث • ل١١٩ـ١٢٠ •

لە هۆش بەخۆدا هاتنەوەمدا ،
هەستم بە دڕکی خەمە مەعنەتییەکان کرد •
کاتژمێر دەستی بە لێدانە غەمبارەکانی کرد
بە دڕندەییەوە هاتنی نیوەڕۆی ڕادەگەیاند
ئاسمانیش دەستی‌کرد بە ڕشتنی تاریکی
بەسەر ئەم جیهانە ساردە نەگبەتەدا»[۲] •

بۆدلێر هەوڵێکی زۆری‌دا کە لە ڕێگەی خەیاڵو خەونو خواردنەوەو ئەفیون‌دا ــ بەهەشتی دەسکرد ــ بۆ خۆی فەراهەم بکات ، بەڵام هەر وەکو چۆن لەم خەونەیدا ، لەگەڵ بەخەبەر بوونەوەیدا ، بەرەو ڕووی واقیعە تاڵەکەی بووەوە ، ئەوا ئاواش لێی حاڵی بوو کە بەهەشتە دەسکردەکانی بۆشو بێ‌واتان ، بە ناچاری پەنای بردە بەر ئاین بەڵکو سێبووری دڵ ئەهوەنی لە ئایندا بدۆزێتەوە •• دەڵێ «هێزم پێ‌ببەخشە تا ئەرکی ڕۆژانەی خۆم بە جێبێنمو ببمە پاڵەوان یان قەدیس»[۳] •

ئەم سەرلێشێواویو بێزاریو بەرچاو تاریکییەی ڕەمزییەکان لە فۆرمی شیعرەکانیاندا ڕەنگی دایەوە • خوویان دایە تەمومژو شاراوەیی لە دەربڕیندا • ڕەمز لای ئەوان «ئیحا» دەگەیەنێت ، (ئیحا)ش برێتییە لە دەربڕینی ناڕاستەوخۆ لەو لایەنە قووڵانەی دەروونەوە کە گوایە زمان بە واتا (وضعی)یەکانی ، ناتوانێ دەریان ببڕێ •• ڕەمز پەیوەندی نێوان خودو جەوهەری شتەکان دەردەبڕێ • مادام مرۆڤ بەشێکە لە گەردوون ، ئەو گەردوونەش لەخودی مرۆڤ خۆی‌دا نەبێ بوونی نی‌یە، ئەوا ڕەمزی‌یەکان بەسەر خۆیاندا گرمۆڵە بوون بۆ شۆڕ بوونەوە بەناخی (خود)دا ، وە

(۲) هەمان سەرچاوە ل۹٦ •
(۳) الرمزیة والادب العربی الحدیث • ل٤١ •

دۆزینـەوەی ڕازەکـانی قـووڵایی دەروون بەشـکا بتـوانن بە دۆزینەوەی جەوهەری پەتی خۆیان،حەقیقەتی جیهانی ماتریالیش بدۆزنەوەو بە موتڵـەق بگەن ! وە بۆ ئەم مەبەسـتە ڕەمزییەکان زۆر سـوودیان لە تیئـۆرەکانی سایکۆلۆژی بە تایبـەتی تیئۆری (فروید)دەربارەی کپبوونی عەقڵی هۆشمەندو بەرەڵابوونی هێزی خەیاڵ لە جیهانی خەوندا ، وەرگرت •

شیعری ڕەمزی خۆیی یە ، بەڵام بە مانا ڕۆمانسی یەکەی نا ، بەڵکو بەمانا فەلسەفی یەکەی ، واتە گەڕان بـە دووی ئەو کونو کەلێنە شاراوانەی دەروونەدا کە زمان ناتـوانێ دەریان ببڕێ • ڕەمزییەکان وەك پرناسی یەکان ، بایەخ بە زۆربەی خەڵکی نادەن بەڵکـو بۆ (دەسـتەیەکی هەڵبـژاردە) دەنووسـن • وە وەکـوو ڕۆمانسی یەکان خۆ نادەن بەدەست (سرۆش)ەوە ، بەڵکو باوەڕیان بە سنعەتو مەحکەمی هەیە ، وە بیرەکانیان دەخەنە ژێر دەسەڵاتی ئایدیای هونەرییەوە •

شیعری ڕەمـزی پەرچە کردارە بۆ پرناسـی یەت •• ئەوان دەیانەوێ بە شیعرەکانیان بەناو ناخی دەروونـدا بچنە خوارێو بە دوای وێنەی سروشت نەکەون • وە لە کاتێکدا پرناسی یەکان وێنە شیعرییەکانیان لە وێنەی جەستە داردا نەخشاندو شیعرو پەیکەر تاشـی و نیگـارکێشی یان بە یەکەوە گرێ دەدا ، ڕەمـزی یەکان گرنگی یان دا بە پتەو کردنی پەیوەندی نێوان شیعرو مۆسیقا کە بە هێزترین ئامـرازی ئیحان بە تایبەتی سـوودێکی زۆریـان لە مۆسیقای (فاکنەر) (Wagner) (مۆسیقاری ئەڵمانی) وەرگرت کە گوزارشتی لە قووڵترین نهێنییەکانی ئادەمیزاد دەکرد• بۆدلیر هەوڵێکی تەواوی دا کە خاسیەتە تاکەکانی مۆسـیقا (فاگنەر) لە شیعرەکانیدا بتوێنێت •هەر وەکوو چۆن مۆسیقای فاگنەر لەتاكو

لابەلای‌یەوە بۆ گشتی‌و ئەزەلی دەڕۆیشت‌و لە دەریای ڕۆشنایی‌دا نقووم دەکردو دەرگاکانی جیهانی ناوەوەی بۆ دەخستنە سەرپشت هەر ئاواش بۆدلیر هەوڵی دا کە شیعر بکاتە (ئامرازێك هەستی ئادەمیزاد بخرۆشێنێ‌و بتوانێ لە ڕێگای ئیحاو پەیوەندیەکانی بێ کۆتایی‌یەوە بە موتلەق بگات ) [1] ٠

ئیمپرێشینیزم : (Impressionism)

ناوی ـ ئیمپرێشینیزم ـ لە تابلۆیەکی (کلۆد مونییە)وە (Monet) (١٨٤٠ ـ ١٩٢٦) بە ناوی (خۆرهەڵات ـ ئیمپریشنێك) کە لە ساڵی ١٨٧٤ دا لە پێشانگەیەکدا نیشانی دا ، پەیدا بوو ٠٠ ڕەوتی ئیمپرێشینستەکان بە پێچەوانەی ڕۆمانسیزم‌و ناتورالیزمەوەیە ٠ ڕۆمانسی‌یەکان لە ناوەوەڕا بۆ دەرەوە دەرچوون ،واتە ناوەوەیان ئاوێنەیەك بوو کە جیهانی تێدا عەکس دەبۆوە ٠٠ وە لای ناتورالیستەکان سروشت یا واقیع خۆی ئاوێنەیەك بوو بیرو ئەفکارەکانی عەکس دەکردنەوەو ئەوانیش بە بێ دەستکاری نیشانیان دەدان ، بەڵام واقیع لەلای ئیمپرێشینیستەکان بوو بە (منشور)ێك کە ڕەنگەکانی سروشت لە سەر ڕوویا تیشکیان دەدایەوە ! هونەرمەندی ئیمپرێشینیست پێشوازی سروشت دەکات ـ بەچاو ـ نەك بە هەست‌و سۆز ، ئینجا دەیگێڕێتەوە بۆ ڕەنگە ئەسلی‌یەکانی ٠ سیزان (Cezanne) ـ ١٨٣٩ ـ ١٩٠٦ ـ لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا توانی ڕوخسارەکانی ئیمپرێشینیزم دیاری بکات ٠ ئیمپرێشینیزمی (سیزان): بە فەلسەفەیەکی میتافیزیکی تێکەڵ بوو ٠٠ ئەو باوەڕی وابوو کە لە دوای ڕواڵەتە جۆر بە جۆرەکانی سروشتەوە،

---

(١) الرمزية والادب العربي الحديث ل ٧٦ ٠

یەك حەقیقەت هەیە ، كە بەردەوام هەمیشەیی یە ، وە هونەرمەند دەبێ ئەو حەقیقەتە بدۆزێتــەوە ، كە لەودیوی ڕواڵەتە ســاكارە بگۆڕەكاندا حەشار دراوە • سیزان دەڵێ (هونەرمەند لەوە زیاتر نیە كە تۆمــاركەری زانراوە هەســتی یەكانە تیئــۆر بەلاوە بنێ •• كار شــەرتە تیئــۆر خەڵــك خــراپ دەكات ئاژاوەیە • من بەر لە بابەتەكەم هاتــوومو تێیــدا وون دەبم • ســروشت لەگەڵ هەمووماندا دەدوێت • مــرۆڤ دەبێ تــەواو لە وێنــەكەدا نقووم بێ ـ هەر وەكوو (نیرڤانای بۆذی) ئیمپرێشینیستەكان شتەكان لە ڕەنگێكی زۆرو جــۆراو جۆردا دەبینیــن •• ڕەنگەكــانی (پەلكە زێڕینە) شــەشن : ســوور ، پرتەقاڵی ، زەرد ، ســەوز ، شین ، بنەوشی •• ئەمانەش ئەنجامی عەكس بوونەوەی تیشكی خۆرن لە فــەزادا ••• وە لە بابەتدا وەكــوو یەك نین ، هەنــدێكیان سەرەكینو هەندێكیان لە تێكەڵی ئەو ســەرەكی یانەدا درووست دەبن • لەبەر ئەوە دوو كۆمەڵە ڕەنگ هەن :

**یەكەم : سەرەكی          دووەم : زیادكراو**

ڕەنگە سەرەكی یەكان شینو ســوورو زەردن • بەڵام ڕەنگی سەوز لە ئەنجامی تێكەڵ بوونی شینو زەرد ، وە ڕەنگی بنەوشی لە هی تێكەڵبوونی شینو سوور ، وە پرتەقــاڵی لە هی ســوورو زەرد درووست دەبن • ئەم (ڕەنگانە لەناو بازنەیەكدا ، كە (سێ گۆشەیەكی جووت لای (متساوی الساقین) تیا درووســت كرابێو گۆشەكانی ڕەنگە سەرەكی یەكان بنوێنن، بەرامبەر یەك دەوەستن) سەوز بەرامبەر سوور ، شین بەرامبەر پرتەقاڵیو زەرد بەرامبەر بنەوشی • ئەم ڕەنگە بەرامبەر،یەك وەستاوانە ڕەنگی زیادكراون یەكەم كارێكی هونەری ئیمپرێشینیستەكان كە درەوشــانەوەی ڕەنگەكانو بریقەیانی لە ئەنجامی بەكار هێنانی پەڵەی ڕەنگی ی

له یەکتر تـــواوەدا ، تیدا دەردەکەوێ : کــاری دوو هونەرمەندی ئینگلیزە،(کونستابل) (Constable) ١٧٧٦ ـ ١٨٣٧ وە (تیرنر) (Turner) ١٧٧٥ـ١٨٥١ ٠

کە لەنیگارکێشانی دیمەنەکانی سروشتن٠ نیگارکێشیفەرانسەییش (دیلاکروا) کەوتۆتە ژێرکـــارتێکردنی ئەو دووانەوە ٠ مونییە (Monet) ـ کە یەکێکـــە لە بەناوبانگترین هـــونەرمەندانی ئیمپرێشـــینیزم ـ وێنەیەکی خـــۆری بە ڕێگـــەی (منشـــوری) یا نوختەیی (Pointalism) دروست کرد ٠٠ لە وێنەدا ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینەی لە مەساحەی وێنەکەدا لەسەر شێوەی چەند نوختەیەك لە تەنیشت یەکتری دانابوو ٠ لەو کاتـــەوە ئیمپریشینیست بە هەر کەسێ دەگوترا کە لە هەڵسوکەوتیا شاز بوایە ٠ (وەکو جۆرێك لـــە گاڵتەپێکـــردن بـــەو ڕێبـــازە تازەیـــە) ئیمپریشینســـتەکان دەیانڕوانیە شـــتەکان لە گۆڕانی ناوەوەیاندا ٠ هـــەر تابلۆیەکی ئەوان تۆمارکردنی لەحزەیەکی بزووتنەوەی هەموو دەمی بوونە ٠٠ خســـتنە ڕووی هاوتایی جێ پێ لەق بووی یەکدیگـــری هێزە زۆراتبازەکانە ٠٠ هەموو شتێکی چەسپاو لە سروشتا دەگۆڕێ بۆ حاڵەتێکی بگۆڕو ڕوخسارێکی لەتوپەتو ناتەواو وەردەگرێت ٠ وێنەکێشانی تیشـــكو هـــەواو بۆشـــاییو شیکردنـــەوەی ڕووی هاوتەریب بـــۆ پەڵـــەو هێڵی ڕەنـــگیی هەڵوەشـــاندنەوەی ڕەنگی شوێندار ـ موضعی ـ بۆبایەخیەکانی ، دانانی نوختەی ڕاچڵەکیوو لەرزۆك ، لێدانی خێرایی سەرە فڵچە ، کتوپڕیو ناسینی لەنەکاوو بێموبالاتانەی بابەتـــەکە ، گوێ نەدانی ئاشکرا بـــە سازکردن ، هەموو هەست کردن بە واقیعێکی زیندوو دەردەبڕن ، هەستکردن بە خرۆشێك کە هەمیشە لە گۆڕانـــدایە ٠٠٠ ئیمپرێشینیستەکان گرنگییان بـــە «ڕوانگە ـ منظر» نەدەداو دیمەنـــە سروشتییەکانی

بابەتی تابلۆکانی ئەوان بە زمانی خۆیان قسە دەکەن ، لەرینەوەکانی (ذبذبات)ی تیشکی، دووری (بوعدی) سێیەم واتە : قووڵی بابەتەکە دەردەبڕن •• لە ڕێگەی شیکردنەوەی تیشکیی کۆمەڵە ڕەنگەکانەوە ــ کاتێ ئەو ڕەنگانە لەسەر (شەبەکیە)ی چاو چاپ دەبن ــ هەست بە بوونی جەستەیی شتەکە دەکەین • بەلای ئەوانەوە هونەر دەبێ زمانی تایبەتی خۆی هەبێو ، پێویستە هونەرمەند ئەو زمانە بزانێ •• ئەو زمانەش ناشێ تەرجەمە بکرێت •• هونەر تەنها ئەزموونو پراوەیەکی هەستییە•••دەبێ هونەرمەند هەموو ڕەگەزەکانی بیرکردنەوەو نواندنی زەینی لە تابلۆکەیدا دووربخاتەوەو تەنها گرنگی بە شتی هەستی بدات لە پێناوی بەدیهێنانی هارمۆنی بینین تێیدا • هونەرمەندی ئیمپرێشینیست گرنگی بە«ئێحا» نادات بەڵکو ڕەگەزەکانی بابەتەکە ــ کەرەسەکانی تاقیکردنەوەکە ــ خۆی پێشکەش دەکات •• لەبەرئەوە ئەو جۆرە تابلۆیانەیان لا زۆرە کە ناونیشانی «دیمەنی سروشتی» یا «سروشتی بێدەنگ» هەڵدەگرن • ئەوان وێنەکانیان یەکسەر لە واقیعی پێشچاویان وەردەگرنو تاقی کردنەوەی ڕۆژانەی خۆیانی لەگەڵدا تێکەڵ ناکەن • ئەو ڕەنگانە بەکار دێنن کە ئەو لەحزەیە عەکس دەکەنەوە ، لەبەر ئەوە لەنیگار کێشاندا پشت بە بیرەوەریو یاد نابەستن یان ئەو ڕەنگانە بەکار نابەن کە لە مێشکیاندا هەن ، بەڵکو دەردەچن بۆ سروشتو لەحزە بەلەحزە لەگەڵیا دەژین •• لەکاتێکدا ناتۆرالیستەکان شتەکانیان پیت بەپیت بە وردو مەزنەوە وێنە دەکێشا ، ئەمان تەنها وێنەی ئەو ڕەنگەیان دەکێشا کە لە لەحزەیەکی دیاریکراودا لە شتەکە عەکس دەبۆوە • ئنجا شتەکەیان دەدایە دواوەو تەنها ڕەنگەکەی وەك دیاردەیەکی ڕووت ، نە جەستەییو نە ماتریالی دەمایەوە ،

هەر وەکو ڕەنگێک بێت خۆی لەخۆیدا ‥ بۆ ئەوەی بینەر بتوانێ پەیوەندی نێوان ئەو ڕەنگە تێکەڵانە بزانێت کە ڕەنگی تازەیان لێ پێکدێت ، پێویستە ماوەیەک دوور لە تابلۆکەوە ڕابوەستێت ٠

ناوەرۆکی ئیمپرێشینیزم جۆرێکە لە نیشانەکانی لەتوپەتی جیهانی بۆرژوازیو نەمانی مرۆڤایەتییەکەی ‥ ئەم ڕێبازە هەوڵیدا جیهان هەڵوەشینیو لەتوپەتی بکاتو بیکا بە کۆمەڵێ تیشکو ڕەنگو وەکو کۆمەڵێک زانراوەی هەستی تۆماری بکات٠ لەمڕووەوە پەیوەندییەکی ئاشکرای لەگەڵ فەلسەفەی«بۆرژوازی» پەزیتیڤیزمدا هەیە ٠

ئەو ڕقو یاخی بوونەی ئیمپرێشینیستەکان هەڵیان گرتبوو ، لە واقیعو یاساو ڕێو ڕەسمی کۆن نەبوو ‥ پاڵنەرێکی ئیجابی نەبوو ، بەڵکو جۆرێک بوو لە گۆشەگیریو هەڵوێستی کەسیو بێ موبالاتی ٠ هونەرمەند هەڵوێستی(سەیرکار)(١) بەرامبەر ژیان وەردەگرێتو تەنها گرنگی بە ئەزموونو ئیمپرێشنی خۆی دەدا ٠ ئیمپرێشینیزم مرۆڤایەتی جیهانی لەسێدارەدا ـ ئەو مرۆڤایەتیەی سەدەی ریناسانس ویستی دروستی بکاتو بیسەلمێنێت ٠ لەگەڵ دروست بوونی ئەم ڕێبازە مرۆڤ وەکو تەوەری شتەکان نەمایەوە، بەڵکو تاکە کەسو هەستەکانی بوون بە هەموو شتێک ، بیرە ئینسانییەکان بەهۆی ڕەنگی ئەبستراکتەوە تەڕاییان لێ بڕدرا ٠

---

(١) سەیرکار = متفرج ٠

تەعبیریـیـەت ( ئێکسپرێشینیـزم (Expressionism) )

ماتیس ـ ١٨٦٩ ـ ١٩٥٤ ـ ، وفان کوخ (Van Gough) ١٨٥٣ ـ ١٨٩٠ ، وە جـۆرج رولـت (George Roult) لـە بەناوبانگترین هونەرمەندانی تەعبیرین .

ماتیـس دەڵێ : ئەوەی لە پێش هەموو شـتێکدا دەمـەوێ بە دەستی‌خەم : دەربڕینە (Expression) .. دەربڕین لای من ئەو شتەیە کە حوکم لە تێکڕایی وەزعی تابلۆکە دەکات... من ناتوانم سروشت کۆپی بکەم ، چونکە ناچارم لێکی بدەمەوەو بیخەمە ژێر تەئسیری ڕۆحی تابلۆکە ) . بەم چەشنە هونەر بوو بە ئامرازێك بۆ دەربڕین ، نەك کۆپی کردنی واقیع .

تەعبیـریەت لەسەردەستی نەوەیەکی تـوڕەو یاخی بـوو لە بایەخ‌و هەڵو مەرجـە کۆمەڵایەتی‌یە نائینسـانی‌یەکانی جیهانی ڕۆژاوا لەدایك بوو . ئەم نەوەیە لە ویشکەڕۆین‌و بەرچاوتاریکی ناتورالیستەکان‌و دوژمنایەتی ئەوان بۆ خەیاڵ‌و هەستی شاعیری‌و خـۆیەتی ، بێـزرابوو .. وە هەروەها ڕقیشـی لە هەسـتداری ڕەمزی‌یـەکان‌و زمـان پەروەری‌و دوورە پـەرێزی‌یان لە گیـرو گرفتەکانی سیاسەت‌و کۆمەڵ دەبۆوە .. لێرەوە شۆڕشێکیان بەرپا کرد نەك تەنها لە مەیدانی هونەرو ئەدەبدا ، بەڵکـو لە مەیدانی سیاسەت‌و کۆمەڵایەتیش‌دا .. گەنجەکانی ئەم نەوەیە (قوتابخانە) یەکی تایبەتی نەبـوون‌و هەوڵیان نەدا ـ مەزەبێك ـ درووسـت بکەن بەڵکو کۆمەڵێك قوتابی‌و ڕەخنەگـرو هونەرمەند بوون ڕق بوونەوەو یاخی بوون لەکۆمەڵی دووڕووی بۆرژوازی‌و داوەشانی ڕەوشت‌و ژیانی میکانیکیزم‌و پـراتیك‌و کەڵکداری بێ‌شەرم ، بە یەکەوەی کۆدەکردنەوە ...سرۆش پێدەری ئەو دەستەیە(نیتشە) بوو ... کە توانی بە بیروڕا تازەکانی سەدەی بیست بشڵەقێنێ

وە ڕەخنەیەکی توندو حەکیمانە لە کۆمەڵو ئایینو ڕەوشتو فەلسەفەی تەقلیدی بگرێت ... تەعبیریەکان گەلێ بیروڕای (نیتشە)یان وەرگرت بە تایبەتی ڕەخنەگرتنی لە ئایینو ، بە سووك سەیرکردنی مەیلی نەتەوەییو هەوڵدانی بۆ تێکدانی بایەخەکانی کۆنو هێرش بردنی بۆ سەر ڕەوشتی (بێ ڕەوشتانە) و ئەو فەلسەفە ڕیشکانەی هێزی ژیانو بزووتنو موغامەرەیان نەمابوو ... وە هەروەها ئەو ڕەش بینییەشیان وەرگرت کە ئەو دەربارەی شارستانێتیو کەلتوور هەی بوو .

بەم جۆرە تەعبیریەت غەریبایەتی مرۆڤ لە جیهانی سەرمایەداریدا دەردەبڕێت . ئەو مرۆڤەی لەناو هەزاراندا دەژیا بەڵام غەریبە لێیان ... زۆری خەڵكو جەنجاڵی شار ، پتر نامۆیی دەڕسکێنێ .. مرۆڤیش دەبێتە شتێك لە شتەکان ، تەنانەت بێ هێزترینی شتەکانیش . لێرەوە (مالرۆ) (Malraux) دەڵێ (هەرچی لەناو مرۆڤدا هەیە چاوی بڕیوەتە لەناوبردنی مرۆڤ ) هەڵبەتا ئەمە لێکدانەوەیەکی تەواوی مرۆڤی جیهانی ساتو سەودای سەرمایەدارییە ، ئەو مرۆڤەی چاوی بڕیوەتە قازانجو ، لەپێناو بەدی هێنانی ئەو پەڕی قازانجدا لەهیچ تاوانکارییەك سڵ ناکاتەوە ... نامۆبوون لە کۆمەڵ ترس دەخولقێنێ : ترس لە ئێستاو لە ئایندە ... ئەم ترسە تەنها ماڵ پەیداکردن دەی ڕەوێنێتەوە ، ئەویش لە ڕێگەی دامرکاندنەوەی هەستە ئینسانییەکان . خۆشەویستی ، هاوڕێیەتی بایەخە باڵاکان ..

هەموو شتێك لەپێناوی پارەدا . ئەمە وێنەی بێ ڕتووشی مرۆڤی ڕۆژاوایە ... وە بۆ دەربڕینی هەستو نەستە ئینسانییەکانی ، خنکێنراوی ناو زەلکاوی ئەم واقیعە ڕەشەدا ، تەعبیریەت هاتە کایەوە ... بۆ دروست کردنی مرۆڤی نوێ .. مرۆڤی ئازادو

چاکەخوزاو هاوئازارو هاوئاواتی کۆمەڵ • لێرەوە تەعبیریەت بوو بە بزووتنەوەی‌یەکی هونەری یاخی‌و ،دروشمی باوەڕهێنانی بە مرۆڤی تازە بەرزکردەوە •• وە دەیویست هەموو شێوەکانی ئەو واقیعە داوەشاوە بسڕێتەوە،کە شەڕی جیهانی هەڵی‌تەکاندبوو •• بە تەواوەتی بەسەر بایەخەکانی میراتو ژیانی بۆرژوازی‌و سیاسی‌و هونەری‌دا زاڵ ببێ ، ئەو بایەخانەی نەیان توانی بەرەو ڕووی ڕووداوی کارەساتی شەڕی جیهانی بوەستن : ـ

ـ هەمان‌بار ـ ئـەو ڕەخنەگرەی هاوسـەردەمی تەعبیریەت بووەو بانگەوازی بۆ کردووە دەربارەی ئەو کاتانە دەڵێت : هیچ سەدەیەك لەمەوبەر ترس‌و لەرزێکی ئاوەها نەی هەژاندووە ••• جیهان ئەم چەشتە بێ‌دەنگی‌یەی بە خۆیەوە نەبینیوە کە لەبێ‌دەنگی گۆڕسـتان دەچێت •• لەهیچ سـەدەیەکدا مـرۆڤ هێندەی ئەم سەردەمە بچووك نەبووەو هەستی بەم دڵە ترسێ‌یە نەکردووە •• نە ئاشتی هێندە دوورە دەست بووە •• نە ئازادی هێنـدە مردوو بووە •• ئەوەتا مەینەت هاواردەکات •• مرۆڤ هاواردەکات •• بە دووی خۆیدا وێڵە ، •• هەموو سەردەمەکە بۆتە یەك‌هاوارو : مەینەتیەکە دەردەبـڕێ ، •• هونەریش لەگەڵیا گـازدەکات •• بانگەوازەکەی بە قووڵایی تاریکی‌دا پەخش دەکات •• گازدەکات‌و هانا دەباتە بـەر ڕۆح : ئەمە تەعبیریەتە • (١) ••• هەمـوو ئەو مانیفێستوو بەرنامە تیۆری‌یانەی لە تەعبیـریەتەوە دەرچـوون هاوبەشن:لە ڕوانگە هەمەلایی‌یەکەیان بۆ ئادەمیزادی خاوەن ڕۆح و لەش‌و دەروون‌و هەست لە یەك کاتدا ••• لەبـەر ئەمە هەر لە سەرەتاوە بەرهەڵسـتی ئەو ڕەوتە فۆرمالیسـتو ئیسـتاتیکی‌یە

---

(١) د • عبدالغفار مکاوی • التعبرية في الشعر والقصة والمسرح الهيئة المعربة العامة للتاليف والنشر • ١٩٧١ • ل ٧ •

پەتی یانەیان کردن کە تەنها بۆ پەدی هێنانی فۆرمی تەواو هەوڵیان دەدا – وەك ڕەمزیەت – وە هەوڵیـان دا بچنـە ناو قوولایـی یە شاراوەکانی مرۆڤەوە .. بە هەموو ئەو هەستو ڕازو سۆزانەوە کە تێیدا پەنگیان خواردۆتەوە وە هەڵقوڵینی گەرمو گوڕیان لە ڕوونی پتەوو، تاسەو توندو تیژی یان، لەعەقلانیەتو نیزام زیاتر پەسند دەکرد .. (کورت بنتو) – یەکێ لە ڕەخنەگرانی تەعبیریەت وە حەماس تـرین لایەنگرانی ، ڕوخسـارە دیارەکانو ئامانجـە سەرەکی یەکانی تەعبیریەت بەم چەشنە دەخاتە ڕوو (ئازادکردنی واقیع لەچوارچێوەکانی، ئازادکردنی ئێمە لەواقیع وە تێپەڕکردنی نەك نەك بە پەنا بردنە بەر ئامرازە تایبەتی یەکانی .. وە نە بە هەلاتن لێی بەڵکو بە هاوەش پێ داکردنی بە بەهێزی بۆسەرکەوتن بە سەریاو ژێر فەرمان کردنی لە ڕێی هێزی عەقلی ووردەبینەوە . لە ڕێگەی نەرمیو بزووتنـەوەو .. لەڕێگـەی ئارەزوو بوون لە ڕوونیو قوولی عاتیفـەو ووزە تەقینـەرەکەی ... ئەمە ئـەو ئامانجانەن کە شـیعری تەعبیریەت بۆ دەیەوێ بـەدی بێنێ) ... لێرەوە شـیعری تەعبیـری هەوڵـی دا بە هۆی ئیقـاعی خێـراو دەرپەڕیوو ، وێنەی بەهێزو باڵدارو خرۆشی سازدارو ڕوانگەی سەیرو سۆزی تەقیوو هاواری تیژەوە ، . لە سنوورەکانی واقیع تێپەڕ بکاتو جەوهەری مرۆڤ بەدەرخاتو ئەو پەردە ساختەیەی لەسەر ڕابماڵێت کە شارستانێتی میکانیکی بەسەریدا ڕۆنابوو .. نیگاری تەعبیریش ، هەروەکوو شیعر ، بە ئازایەتی یەکی زۆرەوە تەقەلای دا شتەکانو بابەتەکانی دەرەوە ووردو خاش بکاتو بیان کات بە دیاردەیەکی ڕووتو بگات بە جەوهەرو چی یەتی ئەو شت و بابەتانە .. وە گرنگی یەکی زۆری دا بە هونەری سـەرەتایی و نیگارکێشانی منداڵان . تەعبیریەت تاقە دەنگێك بـوو لە نیوەی

یەکەمی سەدەی بیستدا کە کێشەیەکی بابەتی ئینسانیو کۆمەڵایەتی ئاشکرای ڕەچاوکرد ... ئەم ڕێبازە بە پێچەوانەی ڕۆمانسیەتەوە بوو .. چونکە لەواقیع هەڵتایەتو لە ترسی کارەساتەکانی ژیان ناچێتە ناوقاوغی خۆیەوە بەڵکو لە واقیع هەڵدەگەڕێتەوەو ڕەفزی دەکات . کۆن دەڕوخێنێو بەدوای بەرە بەیانی نوێدا دەگەڕێت .. بەڵام نەیان توانی شۆڕشێکی هەمەلایی بەرپا بکەن .. زیاتر بە تێکدانەوە ، خەریك بوون لەوەی بە درووستکردنەوە خەریك بن . وە زۆر لەوە دەترسان کە زانستییەکانی (وضعی)و تکنۆلۆژیا بۆ ناو هەموو لایەنەکانی ژیان تەشەنە بکات .. وە بە ڕوودانی شەڕی جیهانی یەکەم ــ کە تەعبیریەکان لە مەترسی ڕوودانی خەڵکیان ئاگادار دەکرد ــ تەعبیریەت بەرەو کزیو نەمان ڕۆیشت .

هونەرمەندی هۆڵەندی (ڤان کۆخ) بە ئیمامی تەعبیریەت دادەنرێت .لەساڵی ١٨٣٣لەدایك بووەو لەساڵی ١٨٩٠دامردووە.. ڤانکۆخ لە هونەرەکەیدا زەحمەتو ڕەنجو کوێرەوەری کرێکاران و جوتیاران دەردەبڕێت . ئەوانەی دڵە ترسێ شوێنی پێ لەق کردوون .. ژیانی خۆشی پڕبوو لە کوێرەوەریو کەساسی . بە درێژایی ژیانی لەخۆشیو کامەرانی بێ بەش بوو..لێرەوە هەستی بەئازاری هەموو هەژارانو ژانداران دەکرد .. وە هونەرەکەی بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی تەرخان کرد . هەموو دەمێ دەیووت (دەمەوێ وێنەی مرۆڤایەتی بکێشم ، هەمیشە وێنەی مرۆڤایەتی!) وە ئەو تابلۆیەی (بەندیخانە) حەپسەکانی تیا ڕەسم کردوونو ئەو دیوارە بەرزەی وەکوو ئەبەدییەت دەوری بەندیخانەکەی داوە باشترین نموونەی ئەو خواستە ئینسانییەیەتی .. ڤان کۆخ لە نامەیەکیا بۆ براکەی دەڵێ : من لەگەڵ خۆمدا ڕاستو پاکم ...

بەلام ئەوەی دلە ترسێم تووش دەکات، ئەوەیە چۆن دەبمە مرۆڤێکی چاك و بەکەڵك لەم جیهانەدا ، هەندێ کاری بەکەڵك ئەنجام بدەم ، یان هەر کارێکی چاك بەجێ بگەیەنم ، وە چۆن دەتوانم زیاتر فێر ببم و ئەو جۆرە بابەتانە پتر دەرس بکەم ٠) ٠٠ ڤانکۆخ هەمیشە بیری لە مرۆڤی ئازارچێژ دەکردەوە ٠٠ کەرەسەی هونەرەکەی لە ژیانی خۆی و خەڵکەوە هەڵ دەهێنجا ٠٠ بۆیە قەت خووی نەداوەتە هونەری (ئەبستراکت) و زەخرەفی ٠٠

## کوبیزم ــ تەکعیبەت ــ (Cubsim)

کوبیزم ئەو ڕێبازەیە کە وەزعەکانی شەش پالوویی ئەندازەیی ــ تەکعیبی هەندەسی ــ ، کە لە سەر بناغەی (تبلوری تعدینی) وەستاوە ،دەکات بە بناغەی درووست کردن و پێك هێنانی هونەری ٠ پیکاسو و (Picasso) و براك (Braque) پێشڕەوانی ئەم ڕێبازەن ٠٠٠ بەپێی تیئوری (تبلور) هەموو ئاسنەکان تەنانەت ئەو گەردانەش کە ڕەگەزی ئاسنیان تێدایە ، حوبەیبات و گەردیلەکانیان فۆرمی ئەندازەیی وەردەگرن لە پێك هاتندا ٠٠٠ وە خەتی شکاوە تەئسیری لەخەتی چەماوە زیاترە ٠

کۆبیزم هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی جەوهەر یان حەقیقەتی جەوهەری لەناو فۆرمدا ٠ کەواتە لەسەر ڕێبازی بزووتنەوەی ئیمپرێشینیزم دەڕوا ٠٠٠ وە دەشێ هونەرمەند(سیزان)بە یەکەم کەس دابنرێ کە ڕێگای بۆ ڕەوتی کوبیزم خۆش کرد، بەبێ ئەوەی خۆی مەبەستی بێت یان بگاتە ئەو ڕێبازە لە فۆرمە کامڵەکەیدا ٠

خۆ ئەگەر ئیمپرێشینیستەکان ڕەگەزی سێبەریان لە تابلۆکە دوور خستەوەو لە جیاتی ئەوە لەرەی ڕەنگی یان بەکاردەبرد تا ئیحای قووڵی و بەرجەستەیی بگەیەنێت ، ئەوا سیزان ،کە هەمیشە

لە جیهانی فۆرمدا خەریکی گەڕانو پشکنین بوو ــ ئەو ئیجا بەر جەستەیەی ، بەهۆی دابەشکردنی مەساحەی ئەو فۆرمەوە ، کە لە سەر تابلۆکە دەینەخشاند ، بۆ چوارگۆشە ، پەیداکرد ئەو چوارگۆشانەش بەخەتو هێڵی پانیو درێژی چڕ ڕەنگ پڕ دەکردەوە ئەمەش لای سەیرکار هەست کردنی بە (کتلە (بارستایی) دە ــ خولقاند •• کوبیزم پەرەپێئەستاندنی ئەم شێوازەیە لەسەر بناغەیەکی زانستی •• وە لایەکی دیکەشەوە ئاوڕدانەوەی هونەرمەندەکانی ئەوروپا لەهونەری ــ ڕووپۆشکاری ــ اقنعە ــ ئەفریقیو کەوتنە ژێر کارتێکردنی ئەو هونەرە ، دەوری هەبوو لە پەیدابوونی کوبیزم ، بەلام هەروەکوو ئیمپرێشینیزم فەلسەفەی تەواوی بە دەست نەهێنا بە تەئسیری ئەو پەرەسەندنە نەبێت کە لە مەیدانی زانستەکانی سروشتیدا ڕوویدا ، خۆ ئەگەر ئیمپرێشینیزم کەلکی لە ــ زانستی بینیاری ــ علم البصریات ــ وەرگرتبێت ، ئەوا کوبیزم کەلکی لە تیئۆری زاناکانی ماتماتیك وەك (بوانکاریە) و (برانسیە) وەرگرت •

کوبیزم بزاتنەوەیەکی پلاستیکی پەتی بوو •• واتە تەنها نیگارکێشو تا ڕادەیەکیش هونەری پەیکەرتاشی گرتەوە بەلام وەك تەعبیریەت لە ئەدەبو مۆسیقادا ڕەنگی نەدایەوە •

ــ لوت ــ نیگارکێشی کوبیست ــ دەڵێ : کوبیزم ئەو مەزەبەیە کە گرنگی دەدات بە درووست کردنی فۆرمەکان لەسەر بناغەی ئەندازەیی ، وە بە هۆیەوە هێزەکانی داهێنان لە ڕێگەی یاساکانی ماتماتیکەوە دەتەقنەوە) کۆبیستەکان گرنگی دەدەن بە خاسیەتی بنیاتی ــ بنائی ــ شتەکان ، وە گوێ نادەنە پاڵنەری هەستی بگۆڕ ، بەلکو شتەکان لە بابەتێتیو ڕیالیزمێکی دیاردا وێنە دەکەن • بەلام ئەو واقیعە دەگۆڕێت بە چەند شەش پالویەك کە

بنیاتێکی نوێ پێکەوەیـان کۆك دەکاتو بە هەمـوویان لە فۆرمە بنەڕەتی یەکە نزیك دەبنەوە • واتە کوبیستەکان : فۆرمەکە تێك دەدەن ، ئینجا سـەر لەنوێ دروستـتی دەکەنەوە •• بەم چەشـنە شـەش پاڵووەکان دەکـەن بە ڕوویەکی تەخت ، لەگەڵ یەکتـردا تێکەڵ دەبنو سێبەر دەور دەبینـێ لە بزووان دنیـان بە هەمـوو ئاقارێکدا •

ئـەم شـێوازەش ڕێ بەسـەیرکار دەدات کـە بچێتـە نـاو دیمەنەکەوەو لە هەموو گۆشەکانەوە بەدی بکات ئەمەش ئەوە بەدی دەهێنێ کە نیگارکێش لەمەوبەر بەدی نەهێنابوو : بینینی ناخی ناخی شتەکان • ئەمەشیان ناو نا : دووری چوارەم) : واتە زیاد کردنی قووڵی ـ بۆ دووری یەکانی دەرەوە : درێژیو پانیو بەرزی بەم چەشنە کوبیزم ڕواڵەتو جەوهەری بەیەکەوە کۆ کردنەوە ، وە واشی کرد بتوانرێ پارچـەکانی شتەکە لەچەند گۆشـەیەکی جیاوازەوە لەیەك کاتدا بەدی بکرێت •

بیکاسـۆ تابلۆکانی بە شێوەیەکی زەین ـ ڕوونی دەکێشا • ئەو وێناندنەی بۆ وێنـەکە دەگواستەوە کە ناسـینی غەریزەیی ناوەڕۆکی شتەکانی لە تابلۆ کوبیستەکەدا دەردەبڕی • ئەو هەوڵ دەدا لە ڕێگەی هەستی غەریزەیی یەوە ڕەنگـەکان تەرجەمە بکات بۆ کاری هونەری •

لە گرنگترین خاسیەتی تابلۆکانی : سادەکردنی دیمەنەکان ـ درەخت ، میوە ، خانوو ئامرازی مۆسیقا لە فۆرمی ئەندازەیی دا ، دوور خستنەوەوی ڕواڵەتە ڕێکەوتی یەکانو توێکڵەکان ،و دیاردە سروشتی یەکان،وە گرنگی دانان بۆ خاسیەتی جەوهەری وێنەکان، وە پێك هێنانیان لە بۆشایی یەکی بە سنووردا ، لە گەڵ گوێ نەدان بە وەزعی ڕوانگە ـ منظور ـ و تەئسیری تیشك •• بەڵام(براك)

گرنگی دەدا بە کەرت کەرت کردنی ئەندازەیی‌و پێك هەڵبرژانی مەساحاتی ئەندازەیی‌و کەرت کردنی تیشك‌و سێبەرەکان‌و موبالەغە کردن لە تێك‌دانی فۆرمەکان لەلایەکەوەو شەفافیەت لە لایەکی ترەوە • هونەری کوبیزم بەرەو ڕیالیزم دەچێت •• بەڵام ڕیالیزمێکە کە پشت بە وێنەی جەوهەری دەبەستێت • ڕیالیزمی کوبیست گرنگی بە ڕواڵەتەکان نادات ، بەڵکو دەیەوێت شتە شاراوەکان وێنە بکێشێت بەو گریمانەی کە ئەو وێنانە هەن هەرچەندە ئێمە نایان بینین • ئەم جۆرە هونەرە لە هونەری سەرەتایی‌یەکان‌و هونەری منداڵانەوە وەرگیراوە • منداڵان شتەکان ڕەسم دەکەن بە پێی هەست کردنیان بە بوونی ئەو شتانە لە واقیعدا هەرچەندە بە چاویش نایان بینن •• زۆر جار هونەرمەندی سەرەتایی کە کەسان‌و گیان لەبەرانی درووست دەکردن ، هەرچەندە لە نەخشەکانیا فۆرمە ڕواڵەتی‌یەکانی دیاری دەکردن بەڵام بەشێوە زەخرەفی‌یە شاراوەکەی گرنگی دەدا بە دەرخستنی ووردو مەزنی ناوەوەی بابەتەکان •• هەروەها منداڵیش کاتی ـ بۆ نمونە ـ شەمەندەفەرێك درووست دەکات ، هەوڵ دەدات ئەو ڕێبوارانەش بەدەربخات کە لەناو شەمەندەفەرەکەدان • هونەرمەندی کوبیستیش کەڵکی لەم دیاردە هونەری‌یانە وەرگرتووە ، بۆ تێك دان‌و هەڵوەشاندنی فۆرمەکان لە پێناوی گەیشتن بەو شتانەی لەقووڵایی‌یەکانیان‌دان‌و ڕوون کردنەوەی لایەنە شاراوەکانی وێنەکەو دارشتنی لە قاڵبی ئەندازەیی ، یان لە کەوانەی چەماوەو شێواودا ، کە لە ڕەمزیەت بەولاوە هیچ ئامانجێکی تری نیە •

## دادایزم : Dadism

ئەم (ڕێبازە) لەگەڵ دەنگی تۆپەکانی شەڕی جیهانی یەکەمدا لەساڵی ١٩١٤دا لە زۆریخ (سویسرا) لەدایك بوو ٠٠٠ شاعیری ڕۆمانی تریستان تزارا Tristan Tzara ئەم ڕێبازەی ناو نا دادایزم (بەکردنەوەی فەرهەنگ‌و هەڵبژاردنی یەکەم وشە (دادا) کە چاوی پێ‌کەوتوە وە ئەم وشەیە لە فەرەنسی‌دا ماناکەی جوانووە ئەسپە) ٠ لە گەرمەی شەڕی یەکەمی جیهانی‌دا ، لەکاتێکا هەموو فەلسەفەکان ، هەموو بایەخەکان ، هەموو ئایدیالە بەرزەکانی مرۆڤ بەرامبەر تاوانە زلەکانی شەڕو لافاوی خوێن‌و دەنگی زوڵالی لەناوبردن‌و ڕووخاندن،بوونە پووشی دەم ڕەشەبا، دادایزم لەدایك بوو ٠٠٠ لەو ڕۆژانەدا هەموو شتێ بوو بە هیچ‌و هیچ بوو بە هەموو شتێك ٠ کارەساتە هەرەگەورەکە ـ جەنگی جیهانی ـ ڕووی‌داو مرۆڤ لە ئاستیدا دەستەوستان وەستا ٠٠٠٠ هاوارەکانی ویژدان‌و مرۆڤایەتی لەناو دووکەڵی باڕووت‌و گوللەدا دەتوانەوە ٠٠ لەئاستی مردندا هەموو شتێ هیچ‌و پووچ‌و بێ بایەخ دەهاتە بەرچاو ٠٠ تاقە چارێکیش ئەوە بوو گاڵتە بە هەموو شتێك بکەیت : بە هەموو شتێك جا نەخوازە هونەرو شیعرو شتی وەها ! لێرەوە دادایزم : ئاهەنگێك بوو لەناوەڕاستی جەنگدا بۆ گاڵتە کردن بە هەموو شتێك ، سیاسەت ، ڕەوشت ، هونەر ، کۆمەڵ ، ئێستا ، مێژوو ، ئاینده ٠٠ هتد بۆیە دروشمی تێکدان‌و ڕووخاندنی بەرزکردەوە٠وە هەموو ئەو هونەرمەندو شاعیرانەی لەدەست کارەساتەکانی جەنگ هەڵاتبوون بۆ سوێسرا ـ لەدەوری دادایزم کۆبوونەوە ٠ ئینجا هەموویان لە کۆتایی ساڵی ١٩١٩دا لە زوریخەوە بەرەو پاریس ڕۆیشتن (تریستان تزاراو پول ئیلوارو ئەراگۆن‌و ئەندریە بریتۆن‌و ئەوانی تر) ٠

ڕۆژی ٢٣ی کانونی دووەمی ١٩٢٠ سەرەتای دەست پێکردنی گورج و گۆڵی دادایی یەکان بوو لەپاریس • لەو ئاهەنگەدا تزاراو بریتون و ئەراگۆن و سوبوو ئیلوار و رایمون و دیسانییەو دیرمیەو •• هی تر بەشدار بوون •

فەلسەفەی دادایزم فەلسەفەی هیچە •• یاساکەی بێ یاسایی یە •• هونەرەکەی تێکدان و شێواندنی هونەرە • لە یەکێ لە مانیفێستۆکانیاندا ئاوەها خۆیان دەناسێنن :

**دادا ، هیچە هیچ •**
**وەکوو هیواکانتان : هیچە**
**وەکوو بەهەشتەکەتان : هیچە**
**وەکوو بەپیرۆزگرتووەکانتان : هیچە**
**وەکوو سیاسی یەکانتان : هیچە**
**وەکوو پاڵەوانەکانتان : هیچە**
**وەکوو هونەرمەندەکانتان : هیچە**
**وەکو ئایینەکانتان : هیچە** (١)

ئەمە فەلسەفەکەیانە •• وە بۆ سەلماندنی ئەم فەلسەفە کام شێواز ـ لەهونەردا یان لە هەڵس و کەوتا ـ شازەو سەیرە و ناعەقڵانی و شێتانەیە بەکاریان دەهێنا ،وەکوو شێواندنی پاشماوە هونەری یەکانی ڕابردوو (تابلۆی مونالیزا) یان شێواندبوو بە زیاد کردنی سمێڵ بۆی) یان کردنەوەی هەندێ لە پیشانگەکانیان لە شوێنی نابەجێدا ، وەکوو (ئاودەستخانە) • وە وەرگرتنی هەڵوێستی عەبەسی بەرامبەر هەموو شتێك ، و لە پێشەوە هونەرەکەی خۆیان • یەکێ لە دادایی یەکان ـ ریچارد هۆلزنیك

---

(١) علی الشوك • الدادائية بين الامس واليوم ل ٤١ •

بە تاسـەوەیە کە بتوانێ : بە دەمانچە بنوسـێت‌و ئەدەب لەقـوڕ هەڵکێشێت !

بە لای دادایی‌یەکانەوە نابێ هونەر هیچ ئامانجێکی هەبێت ، یان بە واتایەکی تر هیچ بێت ، دەبێ هۆو ئامانجی بوونی چ بێت؟! هونەرمەندی دادی (هانزآرب) Art دەڵێ :دادا داوای هونەرێکی مانا بەتاڵ دەکات دادا ـ وەك سروشت ـ هیچ ئامانجێکی نیە) • وە بۆ دەربڕینی هیچێتی هونەر ، هەوڵیان دا هەموو یاساو ڕێو ڕەسمێك لە مەیدانی ئەدەب‌و هونەردا ووردوخاش بکەن • (فیلیپ سۆپر) یەکێ لە پشتگیری کارەکانی فەرەنسی ئەم ڕێبازە دەڵێت : (شەبقەیە بە دەستەوە بگرە •• چەند وشەیەك ، هەر یەکە لە سەر پارچە کاغەزێکی بچووك ، بنووسەو بیانخە ناو شەبقەکەوە• ئینجـا یەك لەدوای یەك دەریان بێنەو چـۆن کەوتنە دەسـتەوە تۆماریان بکە •• بەمە شیعری دادی دەنوسیت!) •

دوا پێشـانگەی دادایی‌یەکان لەسـاڵی ۱۹۲۲دا لـە پاریس کرایەوە وە لە مایسی سـاڵی ۱۹۲۲دا کۆمەڵێـك لە هونەرمەندە دادایی‌یەکان ، لەوانە دوزبرغ ، تزارا ، هانز آرب ، ، شفترز ،وە هانزریختەر ، کۆبوونەوە بۆ ناشـتنی تەرمی دادا •• بە کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی ، دنیا گۆڕاو دادایزم گیانی دا • تەنـانەت ڕابەرەکانیشـی لـێی پاشـگەز بـوونەوە •• وە دادایـی‌یـە فەرانسەیی‌یەکان ، ئیلوارو ئەراگۆن‌و فیلیپ سـوپرو ئەندریە بریتون ، پشتیان تێ‌کرد •• بەڵام سریالیزم ، کە لەناو مناڵدانی ئەم ڕێبازە درووست بوو ، دەسـتی کرد بە ژانی لە دایـك بوون هەتاوەکـوو هاتە دنیـاوەو بوو بە میرات گـری دادایزم •• وە بریتون بوو بە هەڵگری ئاڵای ئەو ڕێبازە نوێیە •

## سریالیزم : Surrialism

دراماى هەژاندنى بايەخەكان لەلايەن شەڕى يەكەمى جيهانى يەوە ، بە دامـركانەوەى ئـەو جەنگـە ، نەهاتە كـزبوون • ئەو نووسەرو هـونەرمەندانەى لە نزيكەوە كارەسـاتەكانى جەنگيان بينى ، نەهـاتن دواى نەمانى جەنگ ، سـەر لەنوێ بـاوەڕ بەو بايەخانە بێننـەوە كە بەهۆى جەنگەوە بە تەواوەتى هەرەسـيان هێنابوو •• تەنانەت گيروگرفتى (مـردن) كە جەنگ بە توندى هێنايە كايەوە هێشـتا بە توندو تيژترين شـێوە ئامادەيى خـۆى دەنواند •• ئەو ئـاژاوە فيكرىيەو هەڵوێسـتە عەبەسـىيانەى دادايىيەكانيش ــ لەهەلو مەرجى تازەدا ــ لە خۆكوشتن بەولاوە بەرەو هيچ كوێ نەدەچوو •• هەروەكوو چۆن ئەم كارە بە سەر ڤاچيه Vache وريگۆ Rigaut هات •• لێرەوە چارنەبوو دەبووايە لەو ديوى ئەو زەلكاوە بوركانە تەقيوانەڕا ، دەروازەى جيهانێكى تازە بدۆزێتەوە • جيهانێك كە زەمينى خەياڵو سيحرو خۆشى بێت •• لێرەوە بزوتنەوەى سرياليزم هەر لەساڵى (١٩٢٠) ەوە لەلايەن كۆمەڵى شاعيرو نيگاركێش بەسەركردايەتى ئەندريە بريتۆن دەستى پێكرد • ئەم شاعيرو نيگاركێشانە هەر ئەو هەستە ياخىيەى دادايىيەكانيان هەڵگرتبوو كە خۆشيان لە پێشەوە سەر بە ئەوان بوون بەڵام لە دواييـدا لە دادايزم هەڵگەڕانەوەو دژى ڕەوتى (نەبوون ــ خوازى) ــعدميەوــ عەبەسيەتو گومڕايى ئەو وەستان • چونكە ئەمان بە دواى ڕێگاى ڕزگار بووندا دەگەڕان • وە بە مەزندەى خۆيان ئەو ڕێگايەيان لەو سـاتانەدا دۆزيەوە كە مرۆڤ تێيدا بۆ سەرووى خۆىو بۆ سەرووى ژيانى ئاسايى بەرز دەبێتەوە ، واتە ساتەكانى سۆزو پرشـنگدانى (سـۆفى گەريانە) لێـرەوە بريتـۆن خـووىدايە دۆزينـەوەى ئەو پەيـوەنـدىيە

هەواڵنامەی کتێب

سروشتی‌یەی لەنێوان میکانیزمی خەون‌و هەڵقوڵانی شیعردا هەیە، وە سەلماندنی ئەوەی کە دووەمیان لە یەکەمیان هەڵدەقوڵێ • ئەم دۆزینەوەیەی بریتۆن وەکوو شەهادەی لەدایك بوونی سریالیزم وابوو •• وە بۆی لواند کە لەدەست دادایزم‌و کلاسیزم دەربازی بێت‌و بەتەواوەتی خەریکی دۆزینەوەی ڕێکوپێکی قووڵایی‌یەکانی دەروون‌و خود بێت ••• وە ئامانجی سەرەکی سریالیزم لەمەدا بەدی هێنانی هونەری ئۆتوماتیکی خۆکردە ، هونەرێك کە لە ئامانجی بەرەڵاکردنی مەودای بێ‌ئاگایی‌و خەون‌و خۆکردێتی لە دایك بێت •• لێرەوە سریالیزم هەوڵ دەدات کە هەموو سنوورێك لە نێوان واقیع‌و ناواقیعدا نەهێڵێت •• بریتون لەساڵی ١٩٣٢دا دەنوسێت : (هیوادارم کە سریالیزم هیچ هەوڵێکی لەوە باشتری نەنواندبێ کە تێکۆشاوە هەودایەك بدۆزێتەوە بە هۆیەوە پەرت‌و وبڵاوی جیهانی بێداری‌و خەون، واقیعی دەرەوەو ناوەوە ، عەقڵ شێتی ، هێمنی زانین‌و خۆشەویستی و ، ژیان بۆ ژیان‌و بۆ شۆڕش کۆبکاتەوە ) • [(١)] •• سریالیستەکان خوو دەدەنە پشکنینی قووڵایی‌یەکانی دەروون‌و جیهانی نهێنی‌یەکانی – بێ‌ئاگایی – ، جیهانی ئازارو ئاوات‌وهیواو هومێدوئارەزووە دامرکێندراوەکان بەباڵی خەون دەفڕن بۆ سەرووی واقیع ، یان بەباڵی سۆفی‌گەری دەفڕن بۆجیهانەکانی ڕۆح ، بۆبێ‌کۆتایی ! بۆئەودیوی سروشت • یان بە ناخی بێ‌ئاگاییدا شۆڕدەبنەوە خوارێ تێکەڵ‌و پێکەڵییەکی سەیرو پڕ لە دژایەتی دەبینن • (هەروەکو تیشۆرەکانی فرۆید ڕوونی دەکەنەوە • بۆیە ئەوان هەموو ڕوانگەیەکی

---

(١) میشل کاروج • اندرية بريتون والمعطيات الاساسية للحركة السريالية ترجمة الياس بديوى • دمشق • ل ٢٠ •

عەقڵی rational vision دەدەنە دواوەو دەیگۆڕنەوە بەڕوانگەیەکی بێ ئاگا ، بە مەبەستی بەدیهێنانی ناسینی هەوەڵیی شتەکان • هونەرمەند (ماکس ارنست) دەڵێ : هەرکارێك لەهەر چاودێرێکی زەینی هۆشداری عەقڵەوە یان لەزەوق‌و خواستەوە دەرچێت ، وا دادەنرێ لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو کارانەیە کە بە کاری سریالی موتڵەق ناودەبرێت •

سریالیستەکان هەوڵ دەدەن پەیوەندی نێوان شتەکان لە جیهانی بێ ئاگایی‌و خەون‌و شێتیدا ، یان لە حاڵەتی ڕێکەوت‌و ئۆتۆماتیکیەتی دوور لە بۆتەی ڕێکخستنی عەقڵییەوە ، بدۆزنەوە •• ئەوان گومان لە بابەتەکانی سروشت دەکەن‌و ڕازی نابن بە بینینیان وەکو هەن • بەڵکو دەیانگۆڕنەوە بە شتی‌تری سەرووی واقیع ، لە ڕێگای کاشەزی ڕەنگاوڕەنگ ، یان بابەتی پێك هێنەرانەی شتی سریالی ، بۆ ئەوەی لە مانا زاراوەییەکانیان ئازاد ببن • هەروەها شتەکان فۆرمێکی نوێ وەردەگرن‌و گەرچی لە بابەتە ئەسڵییەکان لەدایك دەبن بەلام لەوان ناچن‌و جیاوازن لێیان ••• گرنگترین بابەتەکانی سریالیزم برێتین لە : خەون‌و وڕێنەو هەڵوەسەو یادگاری خۆش‌و هەموو گردبووەکانی عەقڵی ناوەوە ، لە ئارەزوو ئاواتی دامرکاو کە ئاگامان لێیان بڕاوەو لە شێوەی ڕەمزی شاراوەدا لە جیهانی خەوندا خۆ دەگەیەنێتە بێ ئاگاییمان ••• ئەم ڕەمزانەش جیهانی هەوەڵی ئادەمیزاد دەردەخەن ، کاتێ دنیای بەرامبەری پڕبووە لەو مەتەڵ‌و ڕازو نهێنیانەی ئێستاش ناتوانێ لێکیان بداتەوە •• لەمەوە سریالیزم ڕەمزیەتی وەرگرت، •• بەڵام ڕەمزێکی شاراوەو بە تەم‌و مژ •• تەم‌و مژێکی غەمگین کە لە دامرکاندنی غەریزەو ـ کبت ـ ئاواتە بێژمارەکانی ناو دڵیان سەری هەڵداوە ••• سریالیزم پشت بە

کوت و پڕی دەبەستێ و فەرهەنگەکەی پڕیەتی لە وشەی شازو سەیرو سەمەرە تا ڕادەی ئەفسانەو خەرافات ، تا ڕادەی بزرکاندن و وڕێنە کردن •• گەورەترین تەمای سریالی لەوەدایە کە زمانێکی ـ ئیحا ـ یی بەدەست بێنێ هەر وەکو بریتۆن دەڵێ : بەهێزترین وێنەی سریالی ئەوەیە کە بگاتە بەرزترین ئاستی ئیحایی مانا دیاری نەکراو ، ئەو وێنەیەیە کە تەرجەمە کردنی بۆ زمانی پراتیکی زۆری پێ دادەوێ ، جا یان بەوەی کە زۆرترین ژمارەی لە ئەنتۆنیم (دژ) تێدایە ، یان یەکێ لە مەرجەکانی نەبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ واقیعدا نەگونجێت و واقیع بە شێوەیەکی سەیر لە وێنەکەدا نقووم بوو بێت •

(ئەندریە بریتۆن) لە پاریس بوو بە سەرکردەی ڕۆحی ئەو مەزهەبەو ، یەکەم مانیفیستۆی سریالی لە ساڵی ١٩٢٤دا بڵاو کردەوەو ، ناوی باوکی سریالیزمی Pope of Surrialism ی بەسەردا بڕدرا •• (کریکۆ)و (ارنست مر)و (سلفادۆر دالی) ، کە بوو بە ئیمامی ئەو مەزهەبە لە ڕووی پراتیکییەوە ، پەیوەندیان پێوە بەست • سلفادۆر دالی لە ساڵی ١٩٠٤ لە ئیسپانیا لەدایك بووە • ئەو لە تابلۆکانیدا کەڵك لە فەرهەنگی وڕێنەی نەخۆشەکانی دەروونی وەردەگرێ و دەیەوێ کارەکەی بەهۆی ڕەنجێکی زۆرەوە بگەیەنێتە سەرووی واقیع •• بەڵام هونەرمەندی سریالی ئەندریە ماسۆن Ander Masson خەباتی کۆتایی نەهاتووی مردن و ژیان لەناو دەروونی مرۆڤدا دەردەبڕێ •• بەڵام (پرۆست)و (جێمس جویس) ـ لە ئەدەبدا ـ بە شێوەیەکی هوشیارانەو داهێنەرانە ، خۆیان خستە ژێر دەستی تەیاری یادگارو بیرەوەرییەوە ••• (مارسیل برۆست M. Proust ) ڕۆمانێکی نووسی بە ناوی «گەڕان بە دوای کاتی بەسەرچوودا»و جێمس

جۆیس James Joyce ڕۆمانێکی نووسی بە ناوی (یولیسیس (Ulyssis) ) کە تەنها ٢٤ سەعات لە ژیانی پاڵەوانەکەی دەگێڕێتەوە •

هونەری سریالیزم گوزارشت لە تەنگ‌و چەڵەمەی کۆمەڵی سەرمایەداری دەکات ، ڕەگە فەلسەفییەکانی لە تیئۆرە ئایدیالییە خۆییەکانی فرۆیددا شاردراوەن •

**ئەبستراکشنیزم : تجریدی** Abstractionism

سەرەتای دروستی دەرکەوتنی هونەری ئەبستراکت لە سەر دەستی هونەرمەندی نیگارکێشی ڕووسیی گەورە (واسیلی کاندینسکی Wassily Kandinsky ) (١٨٦٦ـ١٩٤٤) بوو •• دەڵێن گوایە کاندینسکی سەرنجی جوانیی کراسێکی ئافرەتێك دەدات‌و ، جوانییەکەش دەگێڕێتەوە بۆ دابەش‌بوونی ڕەنگەکان بەسەر کراسەکەدا ، بە شێوەیەکی نادیارو نەناسراو •• ئەمەش وای لێکرد بیر لە بەکارهێنانی فۆرمی سروشتی لە تابلۆکانیدا بکاتەوە •• وە گرنگی بدات بە وێنەکردنی فۆرم‌و ڕەنگی ڕووتکراوە لە هەست‌و بیر ، لەو باوەڕەوە کە نیگارکێشی هونەرێکە لە مۆسیقا •• کە یەکەمجار تابلۆ ئەبستراکتەکانی خۆی لە ساڵی ١٩١٠دا لە (میونیخ) نیشاندران شێوازەکەی خۆی ناونا : نانواندن ـ Non - representational هونەری ئەبستراکت هەوڵ دەدات فۆرمەکانی سروشت لە وێنە ڕواڵەتی‌یەکانەوە بۆ فۆرمە جەوهەری‌یە ـ نەمرەکانیان ـ بگوێزێتەوە •• وە لە خاسیەتە کەرتی‌و پارچەیی‌یەکانەوە بگات بە هەموویی وە لە تاکی‌یەوە بە گشتی کردنی موتڵەق بگات • لێرەوە بۆ چوونێکی صۆفی‌گەریانە دەگرێتە بەرو پەنا دەباتە بەر ڕەمز لە پێناوی ڕووت‌کردنەوەی سروشت لە ڕواڵەت وە ڕەگەزە ووردو مەزنەکانی‌و گەیشتن بە

فۆرمە جەوهەریـــەکەی ، یان بە موتڵەق • بەم چەشـــنە ڕواڵەتی دەرەوەی بابەتەکە فەرامۆش دەکاتو تەنها وێنەی بابەتی ناوەوە یان بابەتـــە خەیاڵییەکـــە دەکێشێت • نیـــگارکێشی ئەبستراکت (ڕوی پـــازین) ئەم ڕووداوە دەگێـــڕێتەوە : (جارێك دیمـــەنێکی سروشتیم بینی دارو درەختو ئاوو کۆمەڵی مەلەوانی تیا بوو •• ئەم دیمەنە دوای دە ساڵ خرۆشـــاندمی ، تابلۆیەکم دروست کرد نە درەختی تیا بوو نە ئاوو نە مەلەوان ! ئەم شتانە لەئیمپرێشنێکی هەموو ییدا ــ لـــە مێشکی ناوەوەمدا ، وەکو یادێـــك تواببوونەوە عەقڵو زانینـــم پاڵاوتیـــوویان) • ئەمـــەش ئەوە دەگەیـــەنێ کە ئەبستراکتیستەکان تەنها ئەو وێنەیە دەکێشن کە لەسەر دەروونی هونەرمەندا چاپ بووەو ، بابەتەکە بـــە تەواوەتی دەبەنە دواوە •• ئـــەوان جارێکی‌تر ناگەڕێنەوە بۆ سەر بابەتـــە ئەسڵیەکە ، چونکە بابەتـــەکە تەنها وەکو بایەخێکی هەســـتی لای هونەرمەند دەمێنێتەوە ••• بـــۆ نموونە : ئەگەر سەرنج بدەینـــە وێنەیەکی سروشتی مرۆڤێـــك دەبینین ئەو وێنەیە خاســـیەتە بەدەرەوەکانی ئەو مرۆڤە لە ڕووی فۆرمو جلو بـــەرگو بیچمەوە دەردەخات ، واتە ئەو خاسیەتانەی بۆمان دەلوێنێ ئەو کەسە بناسینو بڵێین : ئەوە فلانکەسە •• بەڵام هونەرمـــەندی ئەبستراکت هەموو ئەو خاسیەتانە لەو مرۆڤە دەکاتەوە •• ئەوەی دەمێنێتەوە بریتییە لە وێنەیەکی ڕووت (ئەبستراکت) کـــە لای ئەوان ڕەمزی موتڵەقی ئینسانیـــەتە •• لەبەرئـــەوە ئەبســـتراکت دەیـــەوێ فۆرمێـــکی میتافیزیکی بەدەســـتەوە بـــداتو بەتەواوەتی پشت لـــە بابەتەکە بکات • لەم ڕووەوە زیاتر لە ئیمپریشینیزمەوە نزیکە لەوەی لە کۆبیزمەوە نزیـــك بێت • کۆبیزم بابەتەکە نەداتـــە دواوەو لای نابات بەڵکو بابەتـــەکە سەرەتاگەو کۆتایی پێـــك‌دێنێت • بەڵام

شێوەی ئەبستراکت ، وەك (مارسیل بریسیۆن) دەڵێ : بەتەواوەتی بابەتەکە دەداتە دواوە ، ئەبستراکتیزم زۆر جار لە فۆرمدا بە هونەرێکی هەستی ـ حسی ـ دادەنرێ ٠٠ بیکاسۆ دەڵێ : (هونەری ئەبستراکت نیە ٠٠٠ مرۆڤ چار نیە دەبێ لە شتێکەوە دەست پێ بکات ، ئەوسا دەتوانێت هەموو ڕواڵەتەکانی حەقیقەتو واقیعەکە دوورخاتەوە ٠٠ ئەمە مەترسی تیا نیە ٠٠ چونکە ئەوسا بیری بابەتەکە کارتێکردنی خۆی بە چەشنێ بەجێ دێڵێ کە ناسڕدرێتەوە ٠٠ مرۆڤ ئامرازێکە بە دەست سروشتەوەو سروشت ڕوخسارو ڕواڵەتی خۆی بەسەردا دەسەپێنێت) ٠

ئەبستراکت ، وەکو هەموو جۆرەکانی هونەری فۆرمالیست ، هونەر لە شوێنێکی دژ بە واقیعدا دادەنێتو جیاوازی لە نێوان ناوەرۆكو فۆرمی هونەریدا دەکوژێتو ، گرنگی دەدا بە فۆرمو ، تێگەیشتنێکی میتافیزیکیانەی حەقیقەتو ئامانجی هونەر دەخاتە ڕوو ٠٠

ئەبستراکتیزم بەهەوڵدانی بۆ ڕەتکردنەوەی بابەتو گەڕانی سۆفیگەریانە بە شوێن موتڵەقدا ، دژی پێشکەوتنی ماتریالی جیهانو ئادەمیزاد دەوەستێو چەکێکی کۆنەپەرستانەیە بە دەست چینە چەوسێنەرەوەکانو ڕۆشنبیرە بۆرژواکانەوە ٠ هونەری ئەبستراکت خۆی لە جمهور بە بەرزتر دادەنێتو نایەوێ هیچ بابەتێکی هەستی یا ماتریالی پێشکەش بکات ٠٠ بەم کارە هونەر لە دەوری ئایدیۆلۆژیو سیاسی خۆی لە بنیاتنانی کۆمەڵی نوێدا دوور دەخاتەوە ٠

هەوالنامەی کتێب

بەشی دووەم

# هونـــــەرو هونـــــەرمەند

## یـــــان

## سایکۆلۆژیـــــەتی هونـــــەر

«جوانی شتێکە کە ئادەمیزاد خۆی
لە قوولایی گیانیدا دروستی دەکات»

گۆرکی (دەربارەی ئەدەب)

Gorky, On Literature

هەواڵنامەی کتێب

## سایکۆلۆژیەتی هونەر : شیکردنەوەی سایکۆلۆژی

### ١ ـ تیئۆری فرۆید : Freud

هەڵوێستی فرۆیــد بەرامبــەر هونــەر لەسەر ئــەو بناغەیە وەستاوە ، کە هونەرمەند مرۆڤێکی بەسەرخۆداشکاوەیە ، بەهۆی پاڵنەرە غەریزییە بەهێزەکانییەوە ناتوانێت لەگەڵ واقیعەکەیدا کۆك بێتو بەناچـاری پەنا دەباتە بەر جیهانی خــەونو خەیاڵو واهیمە ، بۆ دۆزینەوەی برێتییەك بــۆ دابین کردنی ڕاستەوخۆی غەریزەکانی ٠

بۆ ڕوون کردنــەوەی ئــەم هەڵوێســتەی ، فــرۆید پشت بە سەرەتاگە بنەڕەتییــەکەی خــۆی لــە شیکردنــەوەی دەروونیدا دەبەستێت ٠ ئــەو سەرەتاگەیەی کەوا گریمان دەکــات یاساکانی دینامیکییەتی فیزیکیو کیمیاوی دەشێ بۆ لێکدانەوەی کەسایەتی مرۆڤیش بــەکار بهێنــرێن ، هــەروەکو چــۆن بــۆ لێکدانەوەی چالاکیەکانی لەشیی بەکار دێن ٠٠٠ بۆ لێکدانەوەی ئەم تیئۆرەش دەروونی مرۆڤ دەکا بە سێ بەشەوە ٠

#### ١ ـ نزمە من (الانا الدنیا) ٠ The ID

ئەرکی (نزمە من) یا (نزمە خود) ئەوەیە ، کە بەرگرییەکی خێرای ڕادەی شلەژانو پەشۆکاوی گیانلەبەر ، کە بەهۆی ووریا کەرەوەیەکی ناوەوەیی یا دەرەوەیی درووست دەبێت ، بکات ٠٠ وە ئەم ئەرکــەی دەبێتە هــۆی دابین کردنی ئەو پێداویســتی یە بنچینەیی یەی ئادەمیزاد ، کە فروید ناوی دەنێت ـ ســەرەتاگەی لەزەت Pleasure Principle ئامانجی لەزەت ڕزگارکردنی مرۆڤە

لە پەشۆکان یان کەم کـردنەوەی چەندێتی یەکەی بۆ ئاسـتێکی نزمتر لەپێناوی پاراسـتنی خۆڕاگرتنی ئەو مـرۆڤە • دەتوانین بڵێین ، ئامانجی سەرەتایی لەزەت دوورخستنەوەی ئازارو لەزەت چەشتنە • ئەمەش لەوێنە سەرەتایی یەکەیدا بریتییە لە کـارێکی پەرچە کرداری ـ ئینعکاسی کە دەس بەجێ خۆی بۆ بەرگری ئامادە دەکات • بۆ نموونە : کاتێ تیشکێکی زۆر بکەوێتە سەر شەبەکیەی چاو ، پێڵوەکـان دادەخـرێن و رێگای تیشـکەکە نادرێت بگـاتە شەبەکیە •• لە ئاکامدا ، ئەم شـڵەژانەی بەهۆی تیشـکەکەوە لە جیهازی عەسەبیدا پەیدا دەبێت ، ئەهوەن دەبێتەوەو گیانلەبەرەکە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی هێمنی • بەڵام هەموو حاڵەتێکی پەشۆکان کرداری (ئینعکاسی) نیە تا چارەسەری بکات • بۆ نموونە برسێتی دەبێتە هۆی ڕوودانی گـرژبوون لە (معدە)دا •• بەڵام کە منداڵەکە خواردنی نەدرێتێ پەشـۆکاوی یەکەی زیاد دەکاو لە ئاکامدا دەمرێت •• واتـە برسێتی یەکە بەهۆی هیچ کـردارێکی ئینعیکاسییەوە دابین نابێت •

نزمەمن جیهانی حەقیقی خودە کە هەوڵ دەدات بگاتە لەزەت لە ئـازار دوورکەوێتـەوە • نزمـە من لایەنی شـاراوەو دەرك پێ نەکراوی کەسێتی یە ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لە دەربارەیەوە زانراون لەڕێگای خەون و نیشانە عەسەبی یەکانەوە بەدی هاتووە بەڵام دەتوانین ئەم خـودە دیاری بکەین کـاتێ دەبینین کەسـێك کارێك وەکوو فڕێدانی بەرد لە پەنجەرەیەکەوە دەکـات ، یان لە خۆڕا بەگژ کەسێکدا دەچێت ، بێ گومان ئەو کەسە کەوتۆتە ژێر کارتێ کردنی نزمەمنەوە •• هەر بەم جۆرەش ئەو کەسەی زۆربەی کاتی خۆی بەزیندە خەوو کۆشك بنیات نان لە هەوادا بباتە سەر ، کەسێکە نزمەمن دەسەڵاتی خۆی بەسەردا سەپاندووە ، چونکە نزمە

من بیر ناکاتەوە ، بەڵکو ئاوات دەخوازێتو کاردەکات ٠

## ٢ ـ من ـ خود ـ الانا ـ The Ego

مرۆڤ تەنها بەخەیاڵو زیندە خەو ناتوانێ پێداویستی‌یەکانی وەکوو خواردنو سێکس دابین بکات ، بەڵکو دەبێ لە پێناوی بەدی هێنانیاندا تێبکۆشێت ٠ لەبەرئەوە دەبێ (واقیعی دەرەوەش)واتە دەورو بەر بگرێتە بەرچاو ٠ ئەمەش بەهۆی گونجان لەگەڵ خۆی ، یان پاراستنی ئەو دەسەڵاتەی ، بەدەستی هێنـاوە تەواو دەبێت ٠ ئەم پرۆسیسو یەکدی گیرییە ، لەنێوان مرۆڤو جیهاندا پێویستی بە خزمەتی چەشنێکی دەروونی نوێ هەیە کە ئەویش : خودە ـ من Ego بەپێی (سەرەتاگەی واقیع) Reality Principle حوکم دەکات نەك بەپێی (سەرەتاگەی لەزەت) ٠٠واقیع مانای ئەو شتەیە کەڕوودەدات، ئامانجی سەرەتایی واقیع وازهێنانە لەوزەبۆ ڕازی کـردنی بابەتە حەقیقییەکەی ئەو ئامانجـەی دۆزراوەتەوە یا بەدەست هێنـراوە ٠٠ منداڵ ناشێت فێـری ئەوە بێ کە برسـی دەبێت ، هەرشتێکی بەردەست کەوت بیخاتە دەمیەوە ، بەڵکو دەبێ فێری ئەوە ببێت خواردنەکان بناسێت ٠٠سەرەتاگەی واقیع مانای فەرامۆش کردنی سەرەتاگەی لەزەت نیە ٠ بەڵکو ئەوەی ڕاسـتی بێت سەرەتاگەی واقیع دەتوانێت مرۆڤ بگەیەنێت بە لەزەت ٠

## ٣ ـ بەرزە من ـ Superego

ئەمەش یاسای ڕەوشتی‌ی مـرۆڤە ، کە لە دەرەوەی (خود)دا نەشـو نما دەکات ، وەکوو ئەنجـامی چاوکردنی منداڵ لە هەڵسو کەوتەکانو بایەخەکـانی باوكو دایکی ، وە تێبینی کـردنی ئەو شتانەی پاكو باشـو ئەو شتانەی خراپو گـوناحن ٠ ئەمەش لە دوو بەش پێك دێت :

١ ـ خودی ئایدیالی ٢ ـ ویژدان

ئەگەر خود ئەنجامی یەکدیگیری پیاوبێت لەگەڵ واقیعی بابەتیو ، تایبەتی بێت بە پرۆسێسەکانی بەرزە عەقڵەوە ، ئەوا بەرزە خود (بەرزە من) دەتوانرێ بگوترێت بەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتیو ڕەوڕەوەی نەریتو ڕێو ڕەسمی شارستانێتی یە ..

ئەم سێ بەشانەی دەروون هەمیشە لە بەربەرەکانیدان ..وە تەنها بە تەبایی نێوان هەرسێکیان مرۆڤ دەتوانێت ژیانێکی ئەهوەنو هێمن دابین کات . نزمە (من) هەمیشە بە دوای لەزەتو خۆشیدا دەگەڕێتو دابین کردنی غەریزە هارەکانی گەرەکە ـ وە کاتێ بەرەو ڕووی (من) واتە دەورو بەری (واقیع) دەبێتەوەو ناتوانێت ئەو غەریزانە دابین کات پەنا دەباتە بەرخەونو خەیاڵو هۆی شازو نائاسایی بۆ بەدیهێنانی مەرامەکانی ڕەچاو دەکات ، بەڵام لێرەدا بەرزە من دێتە مەیدانو لەگەڵ (نزمە من)و (من) دا دەکەوێتە بەربەرەکانیو حاڵەتێکی مامناوەندی دروست دەکات کە بۆی هەیە ژیانێکی پڕ ئاسایش بۆ مرۆڤ فەراهەم کات ، بەڵام ئەم ژیانە بە ئاسایشە ، هەموو کاتێ بە ڕێگەیەکی ئاساییو بەهۆی گۆڕکێو (استبدال)و (بەرزکردنەوە) (تسامی) Displacement Sublimation دوو ڕێگەی سەرەکی ئەم دابین بوونەن .

دابین بوونی وەکو یەکی هەموو غەریزەکان پێك نایەت ، بەڵکو جێ غەریزە :

ئەو حاڵەتەیە کە مرۆڤ بە میرات وەری دەگرێتو چەشنە سایکۆلۆژییەکان بەڕێوە دەبات وەکو غەریزەی سێکس کە چەشنە سایکۆلۆژییەکانی ناسینو بیرهاتنەوەو بیرکردنەوە ، بە مەبەستی تەواو کردنی کاری سێکس ، بەڕێوە دەبات .. غەریزە ئەمانەی هەیە :

١ ــ چەشن •
٢ ــ ئامانج •
٣ ــ بابەت •
٤ ــ پاڵنەر ــ هێزی بزووتن و پاڵنان •

ئەو فاکترەی کە زۆر شیاوی گۆڕانە لە غەریزەدا ، بابەتەکە یان ئەو ئامرازەیە کە ئامانجەکەی پێ دەهێنرێتە دی •

سەرچاوەی غەریزەو ئامانجـەکانی نەگۆڕن • کاتێ کە وزە غەریزەییەکە جێ گۆڕکێی پێ دەکرێ ، ئەوەی کە دەگۆڕدرێ دەبێتە فاکتەری جێ بەجێ کردنی ئامانجەکە ••• بۆ نمسوونە : منداڵ کە دەهێشترا مەمـکی دایکی بمژێ ، لـە کاتێکا ئەو مژینە جـگە لە تێرکردنەکە خۆشییەکیشی دەداتێ ــ ئەوا پەنجەی خۆی یان هەر شتێ تر کـە دەستی بگاتێ دەیمژێ • بەڵام کە لەسەر ئەم کارەی سزای درا ، ئەوا شتی تر دەدۆزێتـەوە • کە گەورەش بوو لەگەڵ هۆی تازەدا ڕادێت وەکو : جگەرەکێشان ، ماچ کردن، لێولستنەوە، مەیخـۆری ، گـۆرانی ، بنێشت جوون •• ئەمانـە هەمـووی جێ گۆڕکێی یان لەبری دانانی حاڵەتی دابین کردنی خۆشی زارن •

هۆی ــ لەبری دانان ــ دوو شتن :

١ ــ کۆمەڵ و یاساو ڕێ و ڕەسمەکانی : کە دەبنە هۆی ڕێگە دانی هەندێ شت و قەدەغە کردنی هەندێ شتی تر •• لە منداڵیدا پەنجە مژین قەدەغەیە • بەڵام مـەمك مژین جێی خۆیەتی •• بۆ گەورە مەمك مژین جێی گاڵتە پێکردنە بەڵام خواردنەوەی مەی لە دەمی بوتڵێـکەوە کارێکی شیاوە •• واتە کۆمەڵ کـۆت و پێوەند لەسەر هەڵبـژاردنی بابەتـەکان دادەنێت •• لە کاتێـکا کۆمەڵ ناتوانێت جێگرێك (لە بری دانراوێك) بۆ بابەتەکان بدۆزێتەوە ، خەڵکی خوو دەدەنە ئەو شتانەی کە حەرام کراوون •

٢ ـ لێكچوونی بابەتە ئەسڵییەکەو ، ئەو بابەتەی لە بری دانراوە : مرۆڤ هەمیشە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکەی ، بە دوا شتێکدا دەگەڕێت لەوشتە بچێت کەنییەتی، لەم گەڕانەدا بەردەوام دەبێت تا دەگاتە لەبری گرتنێکی سەرکەوتوو •

من (Ego) ە کە دەسەڵاتی بەسەر دوا هەڵبژاردندا دەڕوات لەبەرئەوە دەبێت زوو چارەسەری نەرمونیان بۆ خواستە بەگژ یەکدا چووەکانی هەر یەکێ لە نزمە منو بەرزە منو دەوروبەر ئامادە بکات •• بۆ نموونە : دایك سەرچاوەی یەکەمین خۆشەویستی منالـە بە شێوەیەکی ئاسایی بەلای منالـەوە دایك ژنێکی ئایدیالییە ، مادام ناتوانێ بەتەواوەتی دەستی بەسەردا بگرێت بۆ خـۆی ، ئەوا کەموکوڕی تێدا دەدۆزێتەوە ، بە دوای (جێگرێکی) باشتردا دەگەڕێت وەکو مامۆستا ژنەکەی ، یان دراوسێکەی یان پووری ، یان لە دواییدا کچێکی گەورەتر لە خۆی خۆشدەوێت • ئەم هەڵبژاردنانە ئاڵوگۆڕ دەبنو دەشێ زۆر زیندە خەونو داڵغەو خەیاڵ دەربارەی ژنە ئایدیالییەکە دەست پێبکات •• ئینجا هەوڵ دەدات ئەم ئایدیالەی لـە کتێبو فلیمی سینەمادا بەدەست بێنێت • ئەگەر بەهرەو شارەزایی هەبێت ئەوا شیعری بۆ دەنووسێت ، یـان دیمەنی ئەو ژنـە ئایدیالییە دەکێشێت کـە لە مێشکیدایە •• ئەگـەر ئەو بابـەتەی لە بری بابەتـە ئەسڵییەکە دانرابوو ، ئامانجێکی شارستانی بەرز بنوێنێ ، ئەوا ئەو جۆرە لەبریگرتنە پێی دەگوترێ (بەرزکردنەوە ـ التسامی) (sublimation) کە ئارەزووی وزە بۆ ئەو شتانەی کە عەقلیو هونەریو ئینسانین دەنوێنێ • دەربڕینی ئاشکرای غەریزەی سێکسو بەگژداهاتن دەگۆڕێ بەڕەوشتی ناسێکسو نادوژمنانە •• دەبێ ئەوەش بزانین کە لە چالاکی بەرز کردنەوەدا ، چ سەرچاوە ، چ ئامانج ، وەکو

خۆیان دەمێننەوە ، ئەوەی دەگۆڕدرێ بابەتەکە یا ئامرازەکەیە ، کە دەبێتە هـۆی کەم کردنەوەی پەشۆکاوی • کەواتە مـرۆڤ بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ناواقیعییەکانی ، پەنا دەباتە بەر (توانستی بەرزبوونـەوە) کە یارمـەتی دەدات ، بەلای کەمەوە لـە لایەنی ڕۆحییەوە ، ئـەو ئامانجانە بەدەست بێنێت • ئەمـەش یەکێکە لە میکانیزمی خۆپاراستن و بەرگری لەخۆکردن ، مرۆڤ لە سزادانی کۆمەڵ ، یان نەخۆشی دەپارێزێت ، بەڵام لەلایەکی دیکەوە دەیکاتە دیلی جیهانێکی خەیاڵی و زۆری پێ ناچێت کە تووشی ــ تێکچوون ــ یا نەخۆشی عەسەبی دێت و پەیوەندی لەگەڵ واقیعدا دەپچڕێت •

بەڵام هونەرمەند بە پێچەوانەی نەخۆشی عەسابی و شێتەوە ، ڕێگەیەك بۆ گەڕانەوە بۆ واقیع دەدۆزێتـــەوە • ئەمەش لە ڕێگەی دروست کردنەوەی جیهانێك ، کە تەنها مەودایەك نیە لە سنووری مێشکی خۆیدا ، بەڵکو جیهانێکە خەڵکی دیکەش لەگەڵیا بەشداری تێدا دەکـەن و خۆشی لێ وەردەگـرن • ئەوەی لـەلای داڵغەچیان و خەون بینەران تەنهـا خۆهەڵخەڵەتاندنە لای هونەرمـەند دەبێ بە واقیعێکی بەردەست • بەهۆی هونەرەکەیەوە دەتوانێ ناوبانگ و سامان و حەزلێ کردنی ئافرەت بەدەست بێنێت • بە کورتی هونەر لەوە بەدەر نیە کە ــجێ گۆڕکێـــیەکی وزە غەریزەییەکان بێت بە تایبەتی غەریزەی سێکس (لیبیدۆ) •• داهێنانەکانی هونەرمەند پڕکردنەوەی ئەم کەموکوڕیەن کە لـە ئەنجامی دامرکاندنەوەی غەریزەی سێکس یـــان توانا نەبـوونی لە بەدیهێنـــانی پەیوەندی سێکسی ئاسایی پەیدا دەبن • فرۆید ، حاڵەتی (لیونارد دافنشی) بە نموونەی ئەمە دەهێنێتەوە ••• دافنشی هەر لە منداڵییەوە بەرەو ڕووی گیروگرفتێـکی گەورە بووە ئەویش گــیروگرفتی چۆنێتی پەیوەندی لەگەڵ دایکیایەتی • لیونارد دافنشی ــ زۆڵ ــ بوو ••



هەواڵنامەی کتێب

دایکیشی دوور لەو پیاوە دەژیا کە دافنشی لێ بوو بوو •• ئەمەش وای کرد تەنهــا خو بداتە دایکیو تــا ڕادەیەك هۆگــری ببێ کە نەتوانێت پەیوەنــدی ساغو دروست لەگەڵ سێکسی تــردا دروست بکات •• تەنانــەت هەنــدێ ڕەوتی شــازی ــ هۆمسیکچوالیتی ــ الجنسية المثلية ــ لێ دەربکەوێت وەکــو : پەیدا کردنی پەیوەندی لەگــەڵ شاگردەکانیــا ••• ئــەو پەیوەندییانەش لــە کــارە هونەرییەکانیدا لەســەر شێوەی : پێکەنینی ســیحراوی کچێنی لە تابلۆی (مۆنالیزا)داو تێکەڵ کــردنی نێرێتیو مێیەتی لە تابلۆی (یۆحەننا مەعمــدان)دا دەرکــەوتن •• هەروەها فرۆیــد تێبینی دەکات کە یەکەم مەیلی وێنەکێشانی (عەزراء) لەگەڵ مەسیحدا ، لەلای دافنشی ، درێژ بووەنەوەی دیمەنی دایکی بووە کە لە تەمەنی گەنجێتیدا مــردووە • کەواتە هونەر لای لیۆنــارد دافنشی تەنها بەرزکردنەوەی غەریزەی سێکسی بووە • ژیانی سێکس لەلای ئەو تا ئەو ڕادەیــە پەکی کەوتبوو کە هەموو ناســیاوەکانی تەنانەت ژنێکیشیان شك نەدەبرد ئەو نیگارکێشــە خۆشیویستبێت • واتە هونــەر بــوو بــە دەربــڕی ئــارەزووە سێکسییــەکەی ، کــارە هونەرییەکانی دەربڕی چەق پێ بەستنی وزەی (لیبیدۆ)ن لە ژیانی واهیمەو خەیاڵدا لە بری ژیانی واقیعیدا هەر بەم پێیە ، فرۆید باوەڕی وایــە کە هۆنراوەکانی شکسپیرو شــیعری والت وایتمان Walt whitman و مۆســـیقای چایــکۆ وســـکی Tschaikowsky ڕۆمانەکانی پرۆست (Proust) هەموویان لە هەندێ ڕووەوە ، دەربڕینی (بەرزکردنەوە)ن ، چونــکە هەموویان ئارەزوویان لە شزوزی سێکسی بووە ، لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە مەیلی سێکسییان لە ژیــانی واقیعییاندا دابین کەن ، خوویان داوەتە خەیــاڵ کردنی ناهێنەرانە ••تەنانەت، فرۆید، ئەم حاڵەتە بە ڕازی پەرەسەندنی

شارستانیەت دادەنێت ••• چونکە ئەو وزە ڕاگیراوانەی ئەوەیان لێ قەدەغە کراوە ئامانجەکەیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێننە دی، بەلای ئاقـاری کۆمەلایەتی سـوود بەخش و ڕێـگەی کەلتـووری داهێنەرانەدا دەشکێنەوە • بەلام لەبەر ئەوەی ( بەرزکردنەوە ) دابین کردنی تەواوی ئارەزۆکانی مـرۆڤ دروست ناکات ، ئەوا هەمیشە جـۆرە شلەژانێکی بەردەوام دەمێنێتەوە ، بەشـێك لەم شلەژانە بەرپرسیارە لەم حالەتـە عەسەبییەی مرۆڤی شارستانی هەیەتی ، هەروەهـا بەرپرسیارە لـە بەرزبوونـەوەی چەشنیی ئادەمیزاد • هەروەها فرۆید ئـەوەش دەردەبڕێت کە هەرچەندە مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە جێگرێك بۆ پێداویستییە ئەسلییەکان بدۆزێتەوە ، هێـزە پالنەرەکان لەو بابەتە ئەسلییانـە لانادەن ، هەمیشە چاودەبڕنە خۆشەویستی یەکەمی ئەو بابەتانە •

گەرچی فرۆید لەلێکۆلینەوەو شیکردنەوە دەروونییەکانیدا وا دەردەکەوێ کە ڕێبازێکی ئەزموونی ـ تجریبی ـ زانستی گرتۆتە بەر ، واتـە دەیەوێ (گریمان)ەکەی لە ڕێـگەی تاقی کردنەوەو ئەزموونەوە بسەلمێنێت • بەلام ، ئەوەی ڕاستی بێت ، ئەمە هەر لە ڕووی ڕوخسارەوەیەو ، تاقی کردنەوەو بەلگەکانی ئەو تەنها بۆ (تبریر) کردنو بەهانە دۆزینەوە ، بۆ ئەو گریمانە هەوەلیەیە ، کە پێشکەشی کردووە •• گەرچی دۆزینەوەو بۆچوونە گرنگەکانی فرۆید دەربارەی وەزیفەی عەقل دەگەڕێتەوە بۆسروشتی دینامیکی تیئۆرەکەی ، بـەلام زۆر لـە کەموکووڕیەکانیشی بـۆ نەبوونی دینامیکیەتی تـەواو لـە تیئـۆرەکەیدا دەگەڕێنـەوە •• بەلای فرۆیدەوە نەك تەنها پێکهاتنی بیۆلـۆژی ئادەمیزاد ، سروشتێکی نەگۆڕی هەیـە ، بەلـکو سەرچـاوەی پالنـەری غەریـزەکان ، ناوەرۆکی بێ ئاگاییو ، تاقی کردنەوەو ترسەکانی منالێتی ، کە

لە دەروونی مرۆڤدا کۆدەبێتەوە ، هەموویان نەگۆڕن‌و هەموو دەمێکیش کار دەکەنە سەر ئادەمیزاد ! بە واتایەکی‌تر فرۆید چەند فۆرمیولایەکی نەگۆڕ بۆ جۆرەکانی کەسێتی ئادەمیزاد دادەنێت کە ئەمە بە تەواوەتی پێچەوانەی سایکۆلۆژی دینامیکیەوەیە • چونکە ناشێ عەقڵ ناوەرۆکی نەگۆڕی هەبێت ، یان کەسێتی مرۆڤ لە بۆتەی سەختدا بمەیێت ، ئەوەی هەیە تەنها هەڵوێستی سایکۆلۆژی مرۆڤە کە دەشێ بەپێی کات بگۆڕێت‌و تەنانەت تاقە کەسێکیش دەشێ لە ماوەیەکی دیاری‌کراودا تەنها یەك جۆرە کەسێتی نیشان نەدات ، بەپێی هەل‌و مەرج ، لە حاڵەتی ئازایەتی‌و بەخۆدەبوون‌و سەخاوەتەوە ، بگۆڕێ بۆ حاڵەتی ترسنۆکی‌و خاوی •••دەشێ لە هەندێ هەل‌و مەرجی تردا خەیاڵی بێت •• لێرەوە لێکدانەوەی هونەر بە گێڕانەوەی سەرچاوەکەی بۆ ئەو تەئسیرانەی سەردەمی منالێتی ، کە لە « بێ‌ئاگایی »دا ماونەتەوە ، یان دۆزینەوەی پریتییەك ، بۆ وزە غەریزەییە کپ‌کراوەکان ، ناتوانرێ بە لێکدانەوەیەکی دروستی هۆی پەیدا بوونی هونەر دابنرێت ، ئەگەرچی یارمەتی ئەوە دەدات زۆر لایەنی شاراوە لە پرۆسێسی داهێنانی هونەری ڕوون بکاتەوە • جگە لەمەش هەموو ئەو کەسانەی تووشی دامرکاندنی سێکس دەبن‌و خەیاڵ‌و داڵغە بەسەریاندا زاڵ دەبێت نابن بە هونەرمەندو شاعیر •• شی‌کردنەوەی دەروونی لەباریدا نیە هیچ جۆرە لێکدانەوەیەکی فۆرمی هونەری بکات •

جگە لەمەش فرۆید کەوتۆتە هەڵەیەکی زانستیی گەورەوە ، کاتێ هەوەڵێتی دەدات بە سایکۆلۆژی لە دیاری کردنی ڕەوتی شارستانیەت‌و سیستەمی کۆمەلایەتی‌و پێوانەی ڕەوشتی‌و یاساو ڕێ‌و ڕەسمی باودا •• دیارە ئەمانە لە ئەنجامی ـ دامرکاندنی

غەریزەوە ـ کبت ـ نایەن ـ وەك شیکردنەوەی دەروونی دەڵێت • بەڵکو بەپێچەوانەوە یاساو سیستمو ڕێو ڕەسمی کۆمەڵایەتین کە دەبنە هۆی ـ دامرکاندن ـ چونکە یەکەمجار ئەو ژێرخانە دروست دەبێت کە بەرژەوەندی سیاسیو ئابووری چینە جیاوازەکان دەردەبڕێت ، ئینجا ئەو یاساو ڕێو ڕەسمانە دروست دەبن ، کە بەپێی بەرژەوەندی چینە دەسەڵاتدارەکان هەندێ شتو پراوەی کۆمەڵایەتی قەدەغە دەکەن •

هەوالنامەی کتێب

بەلای ( یـونگ )ەوە لێکۆڵینـەوەی کاری هونـەری وەکو دیاردەیەکی سایکۆلـۆژی ، ڕەنـگە زۆر هۆی کـەسی‌و ڕەگەزی بێ‌ئاگـایی ڕوون بکاتـەوە ، بـەڵام ئـەم لێکۆڵینـەوەیە هیـچ تێ‌گەیشتنەوەیەکی کاری هونەری خـۆی تێدا نیە • ڕاستە زانینی ئەو پەیوەندییە تایبەتییەی لـە نێوان ( گۆتە Goethe )و دایکیـا هەبووە •• هەنـدێ ڕووناکایی دەخـاتە سەر ئەو قسـانەی لە ( فاوسـتا Faust ) دەیان‌کات: «دایکان! دایکان! ئاه چ وشەیەکی سەیرە ، وەکـو لەرینەوەی جادوو لە گوێدا دەنگ دەداتـەوە !» بەڵام ئەم زانینە پێمان ناڵێت چۆن هۆگری (گۆتە) بۆ دایکی بۆتە هۆی داهێنانی درامای فاوست خۆی !

هاوکێشەی کەسێتی لـە هونەردا شتێکی جەوهەری نیـە •• بەلای یۆنگـەوە تا ئەم هاوکێشەیە زیاتر بێت ، گرنـگی دان بە هونەرەکە کەمتر دەبێتەوە •• چونکە کاری هونەری ڕەنگدانەوەی کەسێتی خاوەنەکەی نیە •• بەڵکو گرنگییەکەی لەوەدایە کە خۆی بۆ سەرووی ژیـانی کەسیی بەرز دەکاتەوە •• کاتێ هونـەر بە تەواوەتی کەسیی دەبێت ئەوە شـایانی ئەوەیە کە وەکو نەخۆشی عەسـەبی لێی بکۆڵرێتەوە •• قوتابخـانەی فرۆیـد ، هەمـوو هونەرمـەندان بـە (نـەرجسی) دادەنێت ، واتـە پێگەیشـتنی سایکۆلۆژیان تـەواو نەبووە ، بەڵکو هەندێ خاسـیەتی منداڵی‌و خۆ خۆشویستنیان auto - eratic traits لە لاماوە •• بەڵام ئەمە مرۆڤی هونەرمەند ناگرێتەوە ، بەڵکو هونەرمـەند وەك : کەس ، چونکە هونەرمەند لەزەت لەخۆی یان کەسی‌تر وەرناگرێت ، بەڵکو ئەو بوویـەکی بابەتی‌و ناکەسـییە ، Objective and impersonal

چونکە وەك‌هونەرمەند نابێ‌تەنها بە بوویەکی ئینسانی بژمێردرێت

بەڵکو دەبێ بەوشتەش دابشرێت کە بەرهەمی دەهێنێت : واتە وەکو خاوەنی کارەکەی هونەرمەند ، بەلای یۆنگەوە ، دەبێ دوو فاقییەك ـ دوالیزم ـی هەڵگرتبێ ، کە ناکۆکیی بەهەرەو توانستەکانی ناوەوەی دەردەبڕێت . لەلایەکەوە ئادەمیزادێکە ژیانی کەسیی خۆی هەیەو ، لەلایەکی کەشەوە پرۆسێسێکی داهێنەرانەی ناکەسییە . دەشێ وەکو مرۆڤ نەخۆش یان شاز بێت و بە قەڵس کردنی دەروونی تێی بگەین ، بەڵام وەك هونەرمەند تەنها لە ڕێی داهێنانە هونەرییەکەیەوە دەتوانین تێی بگەین .

هونەر لای یۆنگ پاڵنەرێکی زگماکییە ، بوونی ئادەمیزاد دەگرێتە خۆی و دەیکاتە ئامرازێك بەدەستییەوە . واتە هونەرمەند ئازاد نییە ، بەڵکو هونەر ئامانجەکانی خۆی لە ئەوەدا جێ بەجێ دەکات ! چونکە ئەگەر چی ئەو خواست و ویستی کەسیی خۆی هەیە بەڵام وەك هونەرمەند مرۆڤێکی دیکەی بەرزترە ، چونکە نوێنەری مرۆڤی بەکۆمەڵە Collective Man کە بێ ئاگایی ئادەمیزاد هەڵدەگرێت و ژیانی دەروونی مرۆڤایەتی دروست دەکات . زۆرجار هونەرمەند واز لە بەختیاری و لە هەموو ئەو شتانەی مرۆڤی ئاسایی بە پێویستیان دادەنێ بۆ ژیان دەهێنێت تا بتوانێ ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەنێ ، بۆیە ژیانی پڕە لە ژان و ئازارو دراما .. هەر وەکو ئەمە نرخی ئەو توانستە بێت کە هەیەتی : توانستی داهێنان ! مادام ئەم وزەی داهێنانە دەبێتە هۆی ئەوەی وزە زیندووەکانی لەیەك ئاقاردا کۆبکاتەوە ، ئەوا ـ لە ئەنجامی ئەمەدا ـ هەندێ بۆشایی لەلایەنەکانی دیکەی ژیانیدا ڕوودەدات . لەبەر ئەمە پاڵنەرە بەشەرییە عادییەکانی لاواز دەبن و (منی کەسیی) پەرە دەستێنێت و زۆر خاسیەتی وەکو خۆپەرستی و دڵ ڕەقی و لەخۆبایی بوونی لێ لەدایك دەبێت . ژیانی هونەرمەند

دەبێتە نموونەی خۆ ـ خۆشەویستی auto - erotism هەر بەم چەشنەی لای هەتیوو ، کوتە زۆلەکان دەیبینین .

بەلام یۆنگ ئەم لادانە ـ انحراف ـ بە ئەنجامی ، نەك هۆی، داهێنان دادەنێت ، لە کاتێکا فرۆید بەهۆی داهێنانی دادەنێت .. هونەرمەند بەهرەی هەیەو وزەکەی لە لایەنێکدا بە شێوەیەکی زیاد سەرف دەکاتو ناچار دەبێت وزەکانی لایەنەکانی دیکەی ژیانی بەکار بهێنێت ، هونەرمەند لای یۆنگ مرۆڤێکی ئاسایی نیە کارەکانی لەعەقڵو تێبینییەوە ئەنجام بدات ، بەلکو ئامرازێکە بەدەست هێزێکی بێ‌ئاگایی گەورەوە : کە ئەویش بێ‌ئاگایی بە کۆمەڵییە (یا بێ‌ئاگایی هەمووان) Colletive unconsciousness خۆ ئەگەر خەڵك ئەم بێ‌ئاگاییە لە خەوندا ببینن ، ئەوا هونەرمەند بەتایبەتی شاعیر ، لە زیندوە خەودا دەیبینێت . لێرەوە دەبێت کاری هونەری هونەرمەند ئاتاجی ڕۆحی ئەو کۆمەڵە دابین بکات کە لە ژێر باڵیدا حەواوەتەوە . واتە دەبێ هاوکێشەیەکی سایکۆلۆژی بۆ ئەو سەردەمە مێژووییەی تێیدا دەژی ببینێتەوە .. بۆ نموونە:
مادام(فاوست) تەنها ڕەمزێکە پێداویستی ڕۆحی ئاڵمانی لە سەدەیەکدا بۆ ڕابەری‌و ڕێ نوێنی گەل لەلایەن پیاوێکی دڵسۆزو داناو ڕزگارکەرەوە دەنوێنێت ، ئەوا سەیر نیە کە (بێ‌ئاگایی هەمووان) دەرکەوتنی شاعیرێکی وەك (گۆتە) بخوازێت . لێرەوە یۆنگ دەڵێ : «گۆتە فاوستی دروست نەکردووە ، فاوست گۆتەی دروست کردووە» کەواتە کارێکی هەڵەیە داوا لە هونەرمەند خۆی بکەین کارە هونەرییەکەیمان بۆلێك بداتەوە . ئەرکی هونەرمەند تەنها ئەوەیە ناوەرۆکی بێ‌ئاگایی هەمووان دابڕێژێت ، ئیدی دەبێ واز لە لێکدانەوە بێنێت بۆ خەڵکی دی ، یان بۆ ئایندە هونەر لە هەندێ ڕووەوە وەك خەون وایە ، ئەگەر چی ڕوونییەکی

بەرواڵەتی تێدا هەیە، لەبەر ئەوە هەر بە تەمومژاوی دەمێنێتەوە.
بەلام بۆ تێگەیشتنی تاقیکردنەوەی دەروونی هونەرمەند ، ئەوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو گیانە بە کۆمەڵییەی Collective Psyche لەو دیوی هەستو ئەستە تاکە کەسییەکانو هەڵە کەسییە بەژانەکانماندا شاردراوەتەوە ... تاقی کردنەوەی هونەرمەند هیچ نیە گەڕانەوە نەبێت بۆ منداڵدانی ژیان کە جێگەی هەموو کەس دەبێتەوە .. لەوێدا هونەرمەند هەست بەو ئیقاعە ڕەسەنە دەکات کە خۆی بەسەر هەموو بوونی ئادەمیزاددا سەپاندووە ، دەتوانێ هەستو سۆزو ژانو هیواکانی بۆ ئادەمیزاد نەقڵ بکات.
واتە جۆرێك لە هاوسۆزی سۆفیگەریانە Mystic Participation لەتاقیکردنەوەی هونەریدا هەیە وای لێدەکات هەموو مرۆڤی تیا بژیت نەك تاکە کەس . لەبەرەوە یۆنگ ، هونەرو بوونی ئادەمیزاد بەیەکەوە دەبەستێتەوە مادام خاسیەتی سەرەکی کاری هونەری مەزن ئەوەیە بابەتیو ناکەسی بێت .
بەهەرحاڵ ، یونگ ، دان بەوەدا دەنێت کە لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی ناتوانێت جەوهەری هونەر دەستنیشان بکات .. وە تەنها لە ڕێگەی میتودێکی هونەریو ئیستاتیکییەوە دەتوانین حەقیقەتی هونەر تێبگەین .. وە ئەو میتودەش کە ئەو باوەڕی پێیە میتودی زەینڕوونییە کە بۆمرۆڤ دەلوێنێ بەچاوتروکانێك بگاتە قووڵاییەکانی حەقیقەت ، هەروەك لای برجسۆن تێبینی دەکەین . یونگ ، لە تیئورەکەیدا ، بە تەواوەتی هونەرمەند لە واقیعە کۆمەڵایەتییەکەی دادەبڕێت واقیعی کۆمەڵایەتی بەلای ئەوەوە تەنها داهێنان ، لای هونەرمەند درووست دەکات ، ئەوەش کاتێ کە وا بۆشایی دەکەوێتە ژیانی کۆمەڵایەتییەوەو لەگەڵ ڕەمزە ئایدیالییەکانی ــ سەرووی واقیعدا ــ لاسەنگ دەبێت ئەو

کاتە هونەرمەند بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت ـ بێ ئاگایی بە کۆمەڵ ـ لەناو دەروونیدا پەنگ دەخواتەوەو دەبێتە کەرەسەی داهێنانەکەی • هەروەها یونگ بەشێوەیەکی هەڵەو کۆنەپەرستانە گۆڕانکاریەکانی مێژوویی لێکدەداتەوە بەلای ئەوەوە گۆڕانە مێژوویی یەکان هیچ پێشکەوتنێکی ئینسانی دروست ناکەن ، بەڵکو تەنها بێ ئاگایی بە کۆمەڵی ، هەڵگێڕو داگێڕ دەکەن بۆ دەرکەوتنی نموونەیەکی ئایدیالی کە لە فۆرمدا تازەیە ، بەڵام لە ناوەرۆکدا کۆنەو دووبارە کردنەوەو گێڕانەوەی ڕابردووە • لێرەوە بەلای ئەوەوە ، هونەرمەندی عەبقەری ، لە (ئێستا) دەکشێتە دوواوەو لەبێ ئاگایی بەکۆمەڵیدا لە وێنەکانی سەرەتایی دەگەڕێت ، ئەو وێنانەی دەتوانن ئەو نارێکی یە ڕاست بکەنەوە کە بەسەر ڕۆحی سەردەمدا هاتووە •

هەواڵنامەی کتێب

# سرۆش و ئیلهام

بیری گێڕانەوەی سەرچاوەی هونەر بۆ هێزێك لە سەرووی مرۆڤەوە ، یان دوور لە بە ئاگایی ئەوەوە وەك خوای شیعر ، سرۆش ، ئیلهام هەر لەسەردەمی ئەفلاتونەوە ، شوێنی خۆی لە لێکۆڵینەوەکانی فەلسەفەی هونەردا گرتووە . ئەفلاتوون لەوەسف کردنی شاعیردا دەڵێت : شاعیر شتێکی پیرۆزو باڵدارە .. وە ناتوانێت هیچ شتێ بنوسێت تا سرۆشی لە خواکانی شیعرەوە ( میوز Muses ) بۆ نەیەت .. ئەم باوەڕە لە سەردەمی کلاسیکیدا کزبوو .. بەڵام ڕۆمانسیەکان هێزو تینێکی تازەیان بەبەردا کرد .. زۆربەیان وایان دەدایە قەڵەم کە گوایە ئەوان بەرهەمەکانیان دادەهێنن بەبێ ئەوەی عەقڵیان خۆ لە پرۆسێسی داهێنانەکە بگەیەنن یان هیچ خواستێکی تایبەتیو بە ئاگایی خۆیان بەکار بێنن . لەم بارەوە ( شاتوبریان ) Chateaubriand دەڵێ : لەسەر جێگەکەم ڕادەکشێم ، چاوم تەواو دەنووقێنم ، هیچ کارێ ناکەم ، تەنها ڕێگەی ئەوە دەدەم کارتێکردنەکان بەسەر شاشەی عەقڵمدا بێن بەبێ ئەوەی خۆم لە ئاوەڕۆکەیان بگەیەنم ، بەم چەشنە سەیری خودی خۆم دەکەم ، شتەکان دەبینم لە ناوەوەمدا دروست دەبن ! ئەمە خەونە ! بلێ ! بێ ئاگاییە ... هەروەها دەڵێن (گۆتە) چیرۆکی (ئازارەکانی ڤارتەر )ی بەبێ بەخت کردنی هیچ ڕەنجێکی بەئاگایی نووسیوە ، مەگەر گوێ گرتن بۆ ڕازەکانی دەروونی ! دەڵێن ( کولرج ) هۆنراوەی ( کوبلەخان )ی Kubla Khan لە خەودا نووسیوەو لە ژێر ئەفسوونی جادوویەکدا بووە ! گۆتە Geothe دەڵێ : مرۆڤ یەخسیری شەیتانێکە کە خۆی بەسەردا سەپاندووە ، ئەگەر چی خۆی وا تێدەگات کە ئازادەو جڵەوی بەدەست خۆیەوەیە .

نیچە دەڵێ : کاتێ سرۆشـێکی کوتوپڕت بۆ دادەبەزێت وا دێتە زەینت کە تەنها بوویتە ئامرازێك یان زمانی حاڵی هێزێکی سوپەر ناتۆراڵ ! لێرەدا چار نیە دەبێ بیری سرۆش ، لەمێشکماندا ئامادەکەین ، بەو پێیەی کە شتێکی قووڵ ، شێتانە ، خرۆشێنەر ، پەشۆکێنەر ، لە پڕێکا دەبێتـە شـتێکی بیسراوو بینـراو ، بە وردەکارییەکی نائاسایی‌و دیاری‌کردنێکی لە سروشت بەدەرەوە • مرۆڤ دەبیسێت بێ ئـەوەی گوێ ڕابگرێت‌و ، وەردەگـرێت بێ ئەوەی بەدوادا بگەڕێت ، بەبێ ئەوەی بپرسێت کێ دەیداتێت •• بیرەکە لـە مێشکیدا وەکـو بروسـکەیەکی کوتوپڕ بـەبێ هیچ خۆخلافاندنێك ، یان بەبێ ئەوەی مەودای هەڵبژاردنی هەبێت ، هەڵدەقوڵێت •

لەلایەکی کەشـەوە زۆرلە لێکۆڵەرەوانی هونـەر ، هێزی داهێنانی هونەری دەگێڕنەوە بـۆ« بلیمەتی ـ عەبقەریەت » •• واتە ئـەو هێزە نائاساییـەی کە هونەرمـەند لە خەڵـکی دی جیا دەکاتەوە ••• هەنـدێ حاڵەتی نائاسایی دەرکەوتـنی توانستی هونەری لای هەندێ لە هونەرمەندان بۆتە هۆی باوبوونی باوەڕ بوون بە عەبقەریەت •• بۆ نموونە : (چۆپان) لە تەمەنی هەشت ساڵیدا هێزی داهێنانی تیا دەرکەوت • لە دوای یەکێ لە ئاهەنگە مۆسیقییەکانیدا لە (وارشۆ) ڕەخنەگرێکی مۆسیقی نووسیویەتی : ( فریـدریك چۆپـان Fredric Chopin )ی منـداڵ بلیمـەتێکی ڕاستەقینەیە لە جیهانی مۆسـیقادا •• ئەگەر لە فەرەنسا یان لە ئەڵمانیا لـە دایك بووایـە ، ئەمڕۆ لـە هەموو جیهانـدا دەنگی دەدایەوە) [1] • (شۆپان لە ساڵی ۱۸۱۰ لە پۆڵەندا لە دایك بووە) مامۆستاکەشی دەیگوت : لێی گەڕێن با عاشق بێت‌و چۆن دەخوازێت

---

(۱) یوسف فرنسیس • رحلات الحب والجنون • ل۱۰ ، ل۱۲ •



هەواڵنامەی کتێب

داهێنان بکات، ئەو لەیاساکانی هونەرو تەمەن دوور دەکەوێتەوە، ئەگەر هەر شتێکی ئاسایی تێك بقرمێنێ ئەوە لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤێکی نائاساییە •

بەم چەشنە بلیمەتی بە خاسیەتێکی شازو نائاسایی دادەنرێت تەنانەت زۆرجار بە جۆرێك لە شێتی یان نەخۆشی عەسەبی یان بە ئەنجامی نەخۆشی دەژمێردرێت •

ئەم تیئۆریو باوەڕانەی یاسمانکردن هەموو لەو ئەنجامەدا یەك دەگرنەوە کە هونەر دەگێڕێتەوە بۆ هێزو هۆی دابڕاو لە واقیعی کۆمەڵایەتیو ، هونەرمەند بە کەسێکی شازو نائاسایی دادەنێت کە تەنها پەیوەندییەکی کەمی بە سەردەمەکەیەوە هەیەو سەرچاوەی داهێنانەکەی دوورە لە ڕووداوەکانی سەردەمەکەیەوە جگە لەمەش تیئۆری ئیلهامو بلیمەتی وا گریمان دەکات کە هەرچی هونەرمەند دایدەهێنێت ، بابەتێکی تەواو ڕەسەنەو یەکسەر لە (هێزەکانی غەیبییەوە) وەریگرتووە نەك لەمیراتی کەلتووریو بەرهەمی نووسەرو هونەرمەندانیتر • ئێمە بەر لەوەی لە مەسەلەی سرۆشو ئیلهام بدوێین ئەم چەند خاڵە بەڵگە نەویستانە تۆمار دەکەین :

١ ــ هونەرمەند مرۆڤێکە وەك هەموو مرۆڤێکیترو لە ئاسمانەوە نەهاتۆتە خوار • وەکو هەرکەسێکیتر دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەیەوە •• زۆر هۆهەن کە هەر لە سەردەمی منداڵێتییەوە کار دەکەنە سەر هونەرمەندو کەسێتییەکەی پێك‌دەهێنن وەکو : هۆی میراتی پەروەردە ، پەیوەندی خێزانی ، تەئسیری دەروونیو شێوەکانی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگاکەی • ئەگەر هونەرمەند هەندێ جار شاز دیار بکەوێت ، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە سەرچاوەی ــ داهێنانەکەی

نازانین ، بەلام کاتێ ئەو سەرچاوانە دەدۆزینەوە ، بەرهەمەکانی ئەو سەیرییەیان نامێنێت کە هەیانە •

٢ ـ داهێنــانی هونەرمەند بەخشیشێکی ئاســمانیو شتێکی کوتوپڕ نیە • بەڵکو زۆر چاوگەی هەیە ، کە دەشێ هونەرمەند خۆی پێیان بزانێت یان نەزانێت • وەکــو سەرنجدانی سروشتو تێکەڵاوی لەگــەڵ واقیعو خەڵکیدا ، بیرکەوتنەوەی ئــەو وێنەو بابەتانەی لە بیرەوەریو یادیدا پەنگیان خواردۆتەوە ، یان کەوتنە ژێر کارتێکردنی هونەرمەندێکی پێش خۆی • ئەوەی ڕاستی بێت داهێنانی هونەرمــەند نیسبییەو تــەواو ڕەسەن نیە ئــەوەی بە داهێنانی دادەنێــین درێژە پێدانی کۆنــە لەگــەڵ دروست کردنی چەند گۆڕانێك تێیدا ، پەیدا کردنی جــۆرە تەباییەکە لە نێوانی چەند تیئۆرێــکی دژ بە یەکدا ، یان گێڕانەوەی چەنــد فۆرمێکی کۆنەو تازەکردنەوەیانە بە شێوەیەك لەگەڵ ئێستادا بگونجێت •

٣ ـ هەر سەردەمێکی مێژوویی کۆمەڵێك چەمکی ئیستاتیکیو مەزەبی هونەریو ڕوخساری فــۆرمی تایبەتی بەخۆیەوە دێنێتە کایەوە • زۆربەی هونەرمەندەکان لەو چەمكو مەزەبانە بەدەر نین •

٤ ـ هونەر جگە لە بەهرەو توانستی هونەری ، تا ڕادەیەکی دوور ، پێداویستی بە شارەزاییو دەست ڕەنگینی هەیە • هەموو هونەرمەندێك لــە سەرەتاوە بەرهەمەکانی ســادەو کاڵن ، تەنها لە ڕێگەی پراوەو تاقیکردنەوەی دەوڵەمەندو پەرەپێدانی بەهرەو عادەتە هونەرییــەکانیەوە دەتوانێ بەرهەمێکی باشو کامــڵ بە دەستەوە بدات •• خۆ ئەگەر ـ بۆنموونەـ شیعر تەنها لە سروشەوە دەرچێتو هیچ سنعەتو هونەرکارییەکی لەلایەن شاعیرەوە تێدا

بەکار نەیەت ، ئەوا تەنها زنجیرەیەك وڕێنەو قسە بزرکاندن دەبێت و پێگەیشتنی هونەری بەخۆیەوە نابینێت •

لەگەڵ ئەمەشدا هیچ گومان لەوەدا نیە کە بوونی ( ئیلهام ) پێویستییەکی سەرەتایی لەدایك بوونی هونەرە • بەلام ئیلهام چییە ؟ ئایا خوا یان شەیتانی شیعرە ؟ ئایا کیشوەری پڕ سەیرو سەمەرەی خەون و بێ ئاگاییە ؟ ئایا نەخۆشییە ؟

بەکورتی دەتوانین بڵێین : ئیلهام ئەو هێزەیە کە شاعیر پاڵ پێوەدەنێت هۆنراوەیەك بنووسێ ، یان نیگارکێش دەخاتە سەر ئەو خولیایەی تابلۆیەك دروست بکات • ئەو هێزە پاڵنەرەش هیچ سەرچاوەیەکی دەرەوەیی غەیبی نیەو لەناخی هونەرمەند خۆیەوە هەڵدەقوڵێت • هونەرمەند لە ناخی خۆیدا هەست بە تینوێتییەکی خەست دەکا بۆ داهێنان ، هەست دەکا شتێك لە دەروونیا دەیەوێ لەدایك بێت • بەلام ئەو شتە بابەتێك نیە کە بتوانی بیبینی یان لاسایی بکاتەوە ، بەڵکو بانگەوازێکە کە گیانی هونەرمەند دەخاتە هەڵپەو بێ ئارامییەوە ••• لە کاتێکا هونەرمەند خۆی بۆ ساز کردن و بەدیهێنان و دروست کردن ئامادە دەکات ، وەکو ئەوە وایە کە هاوار بۆ بەفریاهاتن و کۆمەکی پێکردن بکات • ئەوەتا (گۆران)ی نەمری کورد جوانترین و وردترین وەسفی حاڵەتی ئیلهام لەم هۆنراوەیەدا دەکات :

**ئەوا دیسان لە گۆشەی نادیاری**
**دڵم هەستا زڕەی زەنگی فیگاری**
**بە ئەسپایی ، بەبێ هێزی ، بە عاستەم**
**هەوای ڕۆحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم !**
**بە ئەسپایی ، بە لەرزۆکی هەژاری ،**
**ئەنالێنێ لە شوێنی نادیاری !**

زمانم دێتە گۆ هەرچەن زڕەی دێ
کە تێر نابم لە گوێ گرتن بە دوو گوێ
زمانێك ، بەستەیەك ، دەنگێك ، نەوٚیەك
سکالایەك ، هەناسەو ، ئاخو ئایەك
کە تێ ناگەم کە نازانم ئەڵێ چی !
بەلام خوڕ خوڕ لەگەڵیا ڕۆحم ئەگری !
چییە ، ئەی ڕۆحی بێ لێ ڕاو بێ پەی ؟
لە تۆ ناشارەزایی من هەتا کەی ؟
چییە ئەم دەنگە ، ئەم ئاوازە دوورە ؟
کە پێ هەڵهێنەری چاوی شعوورە ؟
کە دێ پەستم ! کە نایە ئارەزووی دڵ
بە دوویا وێڵ ئەبێ مەنزڵ بە مەنزڵ
چییە ئەم زەنگە زرنگەی دێ بە ماتی
کە ژێرتەم کەوتووە ، شوێنی ، ولاتی !؟(٢)

بەڵێ : ئەمەیە ئیلهام ، ونو نادیارو ئەفسووناوی‌و تەماوی‌و گیان وروژێنەر .. بانگەوازێکی گەرمو بەتین ... ئەم هەستە بەکوڵە هەروا بە ئاسانی لە دایك نابێتو خۆی لەناو بۆتەیەکی هونەریدا دانارێژێت .. بەڵکو پێویستی بە ئامادەگی‌و دەس ڕۆیشتنی هونەری هەیە .. پێویستی بە ئامادەگی‌و دەروونی‌و عەقڵی هەیە ، هونەرمەند دەبێت هەموو جیهازەکانی بە ئاگایی‌و بێ ئاگایی بخاتە کار ، تا بتوانێ ـ لەدایك بوونێکی ئاسایی بۆ خولیا هونەرییەکەی فەراهەم بکات . زۆر جار هەستەکە (ئیلهامەکە) ئەوەندە بەتینە کە هونەرمەند ناتوانێت موعادەلەیەکی بابەتی (هونەری) پڕ بە پێستی بۆ بدۆزێتەوە لەبەر ئەوە بە

(٢) گۆران ، سروشتو دەروون . ل٦٧ـ٦٨ .



هەواڵنامەی کتێب

ناچاری دان بەبێ توانایی خۆیدا دەنێت ، یان چاوەڕێ دەکات تا هەلو مەرجێکی دەروونی لەبارتری بۆ دەڵێت • لەم بارەوە گۆران دەڵێت :

هەرچەن دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم
لێکدانەوەی دەروون ، قسەی زمانم ،
بۆچی وەها دوورن لەیەك ، نازانم ؟!

بەڵام جاری وا هەیە هەر کە هونەرمەند دەست دەداتە کاری داهێنانەکە ، قەڵەم یا فڵچەی دەستی ، بێ پەروا دەکەوێتە نەخش کردنی هەستو سۆزە دەروونییەکەی تا کوڵوکۆی هونەرمەند بە تەواوەتی دادەمرکێت • لەو حاڵەتانەدایە کە هونەرمەند هەست دەکات تەنها بۆتە ئامرازێك بەدەست هونەرەکەیەوە •• هونەر لە ئەوڕا خۆی دەنوێنێتو بەدی دەهێنێت ••• لێرەوە هونەرمەند لە کارە هونەرییەکەی ناچێت ، یان وا هەست دەکات کە کارەکەی جیایە لە خۆی •• چونکە خۆی دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی ئەو هێزە داهێنانەی هەیەتی • نهێنی ـ ئیلهام ـ لەوەدایە کە هونەرمەند بانگەوازێك دەبیستێ بێ ئەوەی بزانێت لەکوێوە دێت •• گەرچی ئەو بانگەوازە لە قووڵایی دەروونی خۆشییەوە دەردەچێت ، ئەم ـ ئیلهام ـ ە ، ئەم بانگەوازە شتێکی کوتوپڕو لە ناکاو پەیدا بوو نیە •• بەڵکو خەست بوونەوەی هەموو تاقی کردنەوە بەپێزەکانی ژیانی هونەرمەندو هەموو هەستو نەستو هەڵوێستو ئاواتو هیوا ڕۆحییەکانێتی لە ژیاندا •• ئەو کاتە دەشڵەقێتو دەکەوێتە ژانی لەدایك بوون، کەهونەرمەند بابەتێکی

هەواڵنامەی کتێب

وەها دەبینێت کاری تێدەکاتو لە ناخڕا دەیبزوێنێت .. ئیلهام لە پەیوەندی چالاکانەی مرۆڤ لەگەڵ جیهاندا پەیدا دەبێت نەك لە گۆشە شاراوەکانی ڕۆحدا . لەبەر ئەوە ئەو هونەرمەندەی پەیوەندییەکی بەپێزی لەگەڵ واقیعو لەگەڵ ژیانی میللەتدا هەبێت ، ئیلهامی زیاتر وەردەگرێتو شتی تازەتر دادەهێنێت .. داهێنانی ڕەسەن خۆی لە نەرجسیەت دوورەپەرێز دەگرێتو باوەش بەژیاندا کردنو چوونە ناو کۆمەڵو ئازارو ئاواتەکانیەوە ، بە سەرچاوەی لەبن نەهاتووی ئیلهام دادەنێت .. بەڵام هەروەکو هیگل دەڵێت : ئەو ئیلهامەی کە خودی تیا زل دەبێتو بەتەنگ ئەوەوەیە کە لە جیاتی ئەوەی ببێتە ئامرازێکی زیندووی گورجوگۆڵی بابەتەکە خۆی ، تەنها وەك خودێکی پەتی بەدیار بکەوێت ـ ئەوا ئەو ئیلهامە ـ ئیلهامێکی سەخیفە . چونکە کاتێ هونەرمەند هەوڵ دەدات لە ڕێگەی هێزی هەڵقووڵاوی داهێنانەوە ، گوزارشت لە حەقیقەتو جوانی ژیان بکات ، ئەوا ـ هەر لەو کاتەدا ـ گوزارشت لەخودی ڕاستەقینەی خۆشی دەکاتو دەشتوانێت بچێتە ناو حەقیقەتی جیهانی واقیعییەوە ... لێرەوە دەتوانین ئەو پەندە گەورەیە تێبگەین کە لەو بیرەی (ستانسلافسکی)دا حەشار دراوە کاتێ دەڵێت : دەبێ هونەرمەند هونەری لە خۆیدا خۆش بووێت ، نەك خۆی لەناو هونەردا بەند بکات ، لە حاڵەتی دووەمدا ، هونەرمەند لە شتی شازو بێبایەخ بەولاوە ناتوانێت هیچ بەدەست بێنێت ، بەڵام کاتێ هونەری لە خۆیدا خۆشدەوێت ، ئەوا دەتوانێت دەسبەرداری خولیا گچکەکانی بێتو بەتەواوەتی لەناو بابەتەکەیدا نوقم بێت . ئەو

کاته هونەرەکەی بەڕاستی مەزن دەبێت‌و هونەرمەند بەرزترین جۆری ئیلهام بەدەست دێنێت • هەروەکو پۆشکین دەڵێت :

جیهانم لەبیر دەچێتەوە •• لە هێمنییەکی شیریندا
خەیاڵم لەناو خۆشیدا نوقمم دەکات •
شیعر لە ناخمدا هەڵدەستێت
گیانم پڕدەکا لە خولیای عاتیفی
ئەملاو ئەولا دەکات‌و دەجریـوێنێ‌و دەگەڕێ ، هەر وەك لە خەوندابێت ،
کۆمەڵێك میوان بەرەوڕووم دێن
هاوڕێ کۆنەکانمن ، بەرهەمی خەونەکانم •
بیرەکان لە مێشکما هەماسەتێکی ئازایانە دەیانگرێت ،
قافیەکان بەسووکی‌و بەگوڕج‌و گۆڵی بۆ پێشوازییان دەڕۆن ،
پەنجەکانم درێژ دەکەم بۆ قەڵەم ، قەڵەمیش بۆ کاغەز ،
دەقیقەیەك‌و هۆنراوەکان بە ڕەوانی هەڵدەڕژێن[1] •

(١) علم الجمال الماركسى اللينينى • الجزء الثانى ، ل٢٦٨ •

تیئۆری ـ خۆیەتی ـ هونەر لەسەر دەستی ڕۆمانسییەکان پەرەی سەند • بەپێی ئەم تیئۆرە هونەر کەسێتی هونەرمەند دەردەبڕێ • ئەو کەسێتییەش شتێکی تاكو بێوێنەو تایبەتییە بە هونەرمەند خۆیەوە •• واتە هونەر زمانی حاڵی هەستو سۆزو خولیاکانی مرۆڤە ، هەتا وەکو ئەم هەستو سۆزانە بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانەتر دەربببڕدرێن ، هونەرەکە باشترو سەرکەوتووتر دەبێت چونکە کاری هونەری ـ وەکو فۆرمێکی دەربڕینی ـ خۆ ـ ڕێگایەکە کە هونەرمەند بەهۆی ئەوەوە خۆی ـ دەرەوەیی دەکا externalizes و کەسێتیو تاکێتی خۆی بۆ کەسانیتر وەدەردەخات •• کرۆچێ دەڵێت : ( گرنگی کاری هونەری ئەوەیە کە گوزارشت لە چەشنێکی هونەر ، تکنیك ، یا هەستو خرۆشێکی لایی ـ جانبی ـ نەکات بەڵکو ئەرکی ئەوەیە گوزارشت لەو ئیلهامە بکا کە شیاوی دابەش کردن نیەو لە کەسێتییەکی تەواوەوە دەردەچێت) • لێرەوە بەرهەمی هونەری بێهاوتایی هونەرمەند دەردەبڕێتو ڕوانگەی لە سرۆش پەیدا بووی ئەو بۆ واقیع دەگەیەنێت ، یان عاتیفەو سۆزە خەستو خۆڵە بەهرەییەکانی بۆئەو کەسانە نەقڵدەکات کە ئەوجۆرە بەهرەیەیان نیە،جوانی بەرهەمەکەش لەتوانستی دەربڕینیژیانی ناوەوەی تاقی کردنەوەکەی هونەرمەندو خاسیەتی بەرزیو ڕەسەنی تاقی کردنەوەکەدایە• ئەم بۆچوونە ڕۆمانسییە لەلایەن گۆتەو شیللەرو Schiller شلایەر ماخەرو Schleirmacher شۆپنهاوەرو شاعیرو فەیلەسووفەکانی بزووتنەوەی ڕۆمانسی ئاڵمانییەوە ـ بەگشتی ـ پەرەی پێدراو ، لە دوایشدا گۆڕا بە فەلسەفەیەکی ئایدیالی ، کە

تاقی کردنەوەی هونەرمەند بە تاقی کردنەوەیەکی سۆفی گەرییانە

هەواڵنامەی کتێب

Mystical دادەنێت‌و سەرچاوەکانی ئیلهام دەگێڕێتەوە بۆ سرۆشی خودایی • هەر وەکو (ئیمیرسۆن Ralph Woldo Emerson دەڵێت : «بیرەکان هەڵدەرژێنە ناو مێشکی عەبقەرییەوە لە سەرچاوەیەکی جیا لەخۆیەوە ، لە ڕۆحێکی سەرووییەوە ، ڕۆحی هەموو •• هەروەها هونەرمەند مرۆڤێکە چاوێکی خۆری هەیە Solar eyes کە وەکو بروسکە تاریکایی شەقار دەکات ، هەستداریی هونەری ئەو بەهرەو لێهاتووییەیە کە ئیمپرێشنە هەستییەکان ، وەکو ڕەمز بۆ خەیاڵ ، لێك‌دەداتەوەو گرنگی ڕۆحی بابەتەکانی سروشتی دەخوێنێتەوە •• بەم کارەش هونەرمەند لەگەڵ واقیعی ئایدیالیدا ڕێك‌دەوەستێت ، لەدایك بوونی ناسینی هەستی Perception هونەرمەند دەگەیەنێتە جیهانی نەمری ، ئەمە خوێنی خوایەکانە کە بەناو دەمارماندا دەڕوات‌و ، ئێمە دەگۆڕێت بە هێزێکی مەزن • سروشت مەجازێکە trope بە یەك گرتن لەگەڵیدا ، هونەرمەند دەتوانێت لەوڕا بەرزبێتەوە بۆ ئەو ئایدیالەی لەودیویەوە هەیە •• ڕۆحی «حەقیقەتی هەموویی» لە فۆرمەکانی سروشتدا حەشار دراوەو بەیەك بوون لەگەڵ ئەو فۆرمانەدا هونەرمەند دەتوانێت لەگەڵ بێکۆتاییدا Infinite ببێتە یەك ) •[1]

ئەم لێکدانەوەیەی ئیمرسۆن ناوەرۆکی تیئۆری بالاکردن Transcedentalism دەردەبڕێت • واتە ئەو تیئۆرەی ئەرکی هونەر بەوە دەناسێنێ کە مرۆڤ بگەیەنێت بە جیهانێکی بالاتر لەم جیهانە ، جیهانێك لە سەرووی واقیعەوە ، جیهانی ڕۆح‌و ئایدیال • بێگومان هەڵەی ئەم تیئۆرە لەوەدایە کە ناسینی هەستی Perception بە هەموو شتێك دادەنێت ،وە خاسیەتێکی ئایدیالی

1. Aesthetics and Criticism. P. 208.

دەداتە پاڵ هونەرمەند جگە لەمەش دەوری ئایدیۆلۆژی لەبەدی هێنانی کاری هونەریدا فەرامۆش دەکات ناسینی هەستی لەوە بەولاوە نیە کە ئامرازێك بێت بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ جیهانی دەرەوەی خۆمان (ڕواڵەتی بێت یان جەوهەری) • وە بە هۆی بیرو لێکدانەوەی عەقلی یەوەیە کە ئێمە دەتوانین ئەو سەرنج و ئیمپرێشنانەی وەریان دەگرین بگۆڕین بە زانینی پراتیکی • هەست حاڵەتی تاقی کردنەوەی کەسی ی و تایبەتی مرۆڤەو هەرگیز ناتوانێت بگاتە دەرەوەی سنووری مێشکمان • بەڵام لەهەستەوە، خواست Will درووست دەبێت • کە هەنگاوێکی ترە بۆ گەیشتن بە جیهانی دەرەوە• خواست پەیوەندی یەکی پتەوی لەگەڵ بیروڕاو ئایدیۆلۆژی مرۆڤدا هەیە • تاقی کردنەوەی مێژوویی جیهانی هونەر بە تەواوەتی ئەو دەورە گرنگە دیاری دەکات کە بیروڕا کۆمەلایەتی و سیاسییە پێشکەوتنخوازەکان سەبارەت بە پێشکەوتن و بوژانەوەی عەبقوریەت هەیانە • هونەرمەندە گەورەکان هەموویان ڕۆڵەی سەردەمەکەیان بوون ، نەك تەنها بە هونەرەکەیان بەڵکو لەمەودای کۆمەلایەتیشدا ، ئەگەرچی هەل و مەرجی بەگرێ وگۆڵی سەردەمەکەیان جارجارە ناکۆکی لە بیروڕا سیاسی و کۆمەلایەتی یەکانیاندا درووست کردووە •• ڕادەی دەربڕینی هونەرمەند لەخودی خۆی ، یان لەژیان و خواستی کۆمەلانی خەلکی وولاتەکەی و ڕۆحی سەردەمەکەی ، بە توندی بەستراوەتەوە بەو هەل ومەرج و سەردەمە سیاسی و کۆمەلایەتی یەی بەهرەی هونەری هونەرمەندی تیادەگەشێتەوە• ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قۆناغەکانی مێژووی هونەر ، دەتوانین سێ قۆناغی سەرەکی گەوە لەژیانی ئادەمیزاددا،کە بەرهەمە ڕۆحی و ئایدیایی یەکانی

ئەکس کردۆتەوە ، دەرك پێ بکەین : (١)

**١ ـ قۆناغی یەکەم :**

قـۆناغی بە کـۆمەڵی ـ جمـاعی ـ لەم قۆناغـەدا مـرۆڤ پەیوەندیەکی پتـەوی لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا ، لەلایـەنی بـاوەڕە ڕۆحی یەکان و بایەخە کۆمەڵایەتی یەکانەوە ، هەبوو • وە هەموو چالاکی و کارێکی لەپێناوی بەرژەوەندی گرۆکەیدا بوو •• ئەرکی هونەر لەو قۆناغەدا بەپێی پێداویستی ژیانی بە کۆمەڵی ی بوو • لێرەوە هونەرمەند خـودی خۆی بەلاوە دەناو نکولی لێ دەکـرد ، چونکە مەبەستی لە کارەکانی هونەری ئەوە نەبوو ، کە بەرزێتی و شانازی یەك بۆ خۆی وەکوو تاکە کەسێك ، بەدەست خات ، بەڵکو دەیەویست خۆی وەك خزمەتکاری کۆمەڵ نیشان بدات • وە زۆر جار هونەرمـەند ـ لەم قۆناغـەدا ـ نـاوی خـۆی لەسـەر کارە هونەری یەکانی نەدەنووسی ، هەروەك لای هونەرمەندە کۆنەکانی میسر بە دەردەکەوێ ، چونکە هەستی دەکرد کە وەك هەر کەسێکی تر لە کۆمەڵەکەیدا ، ئەرکی خـۆی لە ژیاندا بەجێ دەگەیانـد • هەروەها زۆربەی بەرهەمەکانی فۆلکلۆری و زۆرپارچەی ئەدەبی بەرزیش خاوەنەکـانیان نەناسراون • تەنانەت بـاوەڕ وایە کە (هۆمیرۆسـ) دانەری ڕاستەقینەی (ئەلیـازە) نیە •• بەڵکو ئەو تەنها ئەو سـروودانەی کۆکردوونەتـەوە کە گـەل هەیبـوون و دەیگوتنەوە •• بەم چەشنە لە کۆندا هونەرمەند لەناو کۆمەڵـدا تواوبۆوە ، یـان بەمانایەکی تر کۆمەڵ هەمووی هونەرمـەند بوو

---

(١) د• عزالدين اسماعيل • الفن والانسان • ل ٨١ ـ ٨٢

## قۆناغی دووەم :

لەم قۆناغەدا بیری کۆمەڵ ، یان باوەڕی (بەکۆمەڵی) نامێنێت و باوەڕێکی تر جێگەی دەگرێتەوە کە باوەڕی مرۆڤە . مەبەست لێرەدا ــ باوەڕ هێنان بە ــ تاکە کەس ــ نیە ، بەڵکو بە (ئینسان) خۆی .. ئینسان وەك چەمکێکی گشتی ، چەمکی مرۆڤی موتڵەق ، یان موتڵەقی مرۆڤ . وە مەبەست لە مرۆڤ ــ نوێنەری توخم و نەژادی مرۆڤە ، نەك ــ تاکە مرۆڤێك . لە قۆناغی یەکەمدا مرۆڤ خواکانی دەپەرست لەبەر ئەوەی ئەوخاسیەت و هێزانەیان درابوونە پاڵ ، کە لە تاقەت و وزەی ئادەمیزاددا نەبوون . خواوەند لەو قۆناغەدا تەوەری گەردوون و خولگەی ژیان بوو .. لەسەر بناغەی ئەم لێکدانەوەیە باوەڕ (عاقیدە belief ) درووست بوو . بەڵام لە قۆناغی دووەمدا خەڵك ئەوەیان لێ حاڵی بوو کە هێز و توانستەکانی مرۆڤ بێسنوورن ، وە گەر بوواریان بدرێتێ زۆر داهێنانی مەزن ئەنجام دەدەن . لێرەوە ئادەمیزاد بیری خوایەتی لەسەر ئاسمانەوە هێنایە سەر زەوی . وە بیری مرۆڤیان لەشوێنی دانا . مرۆڤ بوو بە ناوەندی گەردوون و تەوەری ژیان . هەموو شتێك لە بووندا لە پێناوی مرۆڤدا ڕەخسێندراوە . جگە لەمەش مرۆڤ خۆی هێزێکی غەیبیی و خەیاڵی نیە ، بەڵکو ڕاستییەکی بەرچاوو بەر دەست و کاریگەرو بنیات نەرە . جا سەیر نیە کە لەمحاڵەتەدا مرۆڤ ، تا ئەو پەڕی ، بەپیرۆز ڕابگیرێت لەقۆناغی سەرەتاییدا ، مرۆڤ چاوی بڕیبووە دەرەوەی خۆی ، هەمو هەوڵی ئەوەبوو کەوا دەست بەسەر جیهاندا بگرێت ، ئەو هۆو ئامرازانە بەدەستخات کە بتوانێ دڵەترسێ و سامی پێ ببەزێنێ و ئارامی و دڵنیایی لەجێگەیان دابنێت .. بەڵام لەقۆناغی دواتردا ، ئادەمیزاد کاری خۆی تا ڕادەیەك لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا تەواو

کرد ، شتی وەهای تیا نەمان کە ئەو هەموو دڵە ترسێو بێ ئارامی یەی جارانی لا بەرپا بکات •• ئەوسا مرۆڤ ئاورِی دایەوە بۆ خۆی ، خۆی وەکوو مرۆڤ ـ بە مانا موتڵەقەکەی ـ وە سەیری کرد تا بڵێی جیهانێکی سەیرو سەمەرەیە ، هەر لەو کاتەیشدا تا بڵێی بەرینو هەراوو پڕ لەنهێنییە • لێرەوە ئادەمیزاد، خووی‌دایە ئەم جیهانە ، جیهانی بوونی خۆی‌و ، تەقەلای‌دا ڕازو نهێنییەکانی ئاشکرا بکات • لەچوارچێوەی ئەم تەقەلایەدا مرۆڤی (بلیمەت)بە دەرکەوتو باوەڕی (بلیمەتی مرۆڤ) هاتە کایەوە • سەدەی ڕێنایسانس لەئەوروپادا ئەو سەدەیەیە کە ئەم باوەڕەی دۆزیەوەو جاڕی بۆدا • لەسەدەی ڕێنایسانس‌دا هیومانیزم (مرۆڤایەتی)بوو بە بابەتێکی گشتی کە لە هەموو جۆرەکانی چالاکی ئادەمیزادا نواندرابوو • بۆ نموونە نیگارکێشی بەناوبانگ (رافائیل) وێنەی زۆربەی کەسێتی‌یە بلیمەتەکانی ـ کۆنو نوێی ـ کێشان، وەك ئەرستۆو سوکراتو فیثاگۆرسو دیۆجێنو ئەرخەمیدسو بطلیموس • وە لە تابلۆکەیدا (برناسوس) واتە بەهەشتی شیعر ـ ئەپۆلۆی ـ خوای شیعرو (هومیروسو دانتی‌و سافۆو فرجیلو هۆراسو اوفیدۆو پترارکو یکاچیۆ) کۆ دەکاتەوە • بەم چەشنە ڕافائیل لە کەسێتی مرۆڤە بلیمەتەکانیا مرۆڤو مرۆڤایەتی بە بەرزو پیرۆز ڕادەگرت • جگە لەمەش ڕوخسارێکی ئاینی شێوە ئینسانی بۆ وێنەکانی زیاد دەکرد • بەم چەشنە لە سەدەی ڕێنایسانس‌دا ئایدیالێکی جوانیی‌نوێ هاتەکایەوە: ئەوئایدیالەش گوزارشتی خۆی لە مرۆڤدا دۆزیەوە • مرۆڤی سەرزەمین، مرۆڤی کارو خواستن،ئەو مرۆڤەی تامو بۆنی ڕاستەقینەی ژیان دەزانێت و جیهان دەناسێتو دەیخاتە ژێر خۆیەوە • لێرەوە ڕۆحی هونەر بە خۆشەویستی زانینو پشکنینو فێربوون ئاودرا • هونەرمەند

هەوڵی دا جیهـان وەکوو شـانۆی ڕاسـتەقینەی کارو تەقـەلای ئادەمیزاد وێنە بکات • وە بۆ ئەم مەبەستەش دەبوو بەر لە هەموو شتێك دەوروبەرە واقیعییەکەی تێ بـگات • تابلۆکانی (میکائیل انجیلۆ)و (ڤان ئەلبیرتی)و (لیونارد دافینشی)و هونەرمەندەکانی دیکەی سـەردەمی رینایسـانس ، ئاسۆیەکی تازەیـان بەرامبەر ئادەمیزاد کـردەوەو یارمەتیـاندا شوێنی خۆی لە جیهـاندا پتەو بکاتو یاساو چەمکەکانی تێ بگات •

هیومانیزم نزیکەی پێنج سـەدەی ڕەبەق بەردەوام بووەو لە نزیکی کۆتـایی سەدەی نۆزدەهەمدا هاتە تەواو بـوون • لەوێوە قۆناغێکی تازە لە ژیانی ئادەمیـزادا دەست پێ دەکات • ئەمجارە باوەڕ بـوون بە ـ تاکە کەس ـ هاتـە گۆڕێ ••• لـە سەدەی ڕینایسانسدا هونەری بۆرژوازی لـە داهێنانی بازرگانو خاوەن مانیفاکتۆرەکانو سیاسییەکان نەبوو، بەڵکو لەداهێنانی کۆمەڵێك ڕۆشنبیری هونـەرمەند بوو • هەروەهـا فەرمان ڕەواکـانی ئەو سەدەیە هێنـدە لە میللەت دوورەپەرێز نەبـوونو لەسەرووییەوە نەدەوەستان ، هـەروەك لە فەرمـان ڕەواکانی ڕژێـمی حوکمی موتلەقدا دەیبینـین • هەروەهـا هونەرمـەندانیش بـۆ خزمەتی (مەعمیلەکانیان) کاریان نەدەکرد ، بەڵکو لەلایەن گەلەوە ڕێزیان دەگیراو دووربـوون لە کارتێکردنی بازاڕی سـەوداو ، دەسەڵات دارەکان هەروەکو چۆن لە ڕووداوەکانی ژیانی میکایل ئەنجیلۆو دافینشیدا بۆمـان دەردەکەوێت لەگەڵ ئەوەشدا کـە ـ فەرمان ڕەواکان ـ بە شێوەیەکی ناشـەرعی هاتبوونە سەر کار ، کۆمەڵ هەمووی ، بەهـەر شێوەیەك بێت ، لە ژیانی سـیاسیدا بەشداری دەکرد •• تـا ڕادەیـەك یەکێتییـەکی ئایدیـایی هەبـوو ، ئەم یەکێتییەش لەوەدا خۆی دەردەخست کەوا هەموولایەك، نەك تەنها

دەستەیەکی تایبەتی ، ڕێزی هونەریان دەگرتو شانازییان پێوە دەکرد ·

بەلام لەگەڵ کۆتایی هاتنی دوا قۆناغی دەرەبەگایەتیو گوازتنەوە بۆ سیستمی سەرمایەداری نوێ ، سەرخانەی سیاسیی نموونەیی ئەم قۆناغە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەرکەزی پاشایەتی خاوەن حوکمی موتڵەقدا ــ کە بتوانێ نەتەوە هەمووی یەك بخات ــ خۆی دەرخست ··· ئەم دەوڵەتەش پشتگیری بۆرژوازییەتی دەکرد بۆ پەرەپێدانی مانیفاکتۆرەو بازرگانی ، ئەم چینە لەگەڵ پەرەسەندنیا وای لێهات لەو ئایدیالە ئینسانیانە دوورکەوێتەوە کە پێشتر باوەڕی پێبوون ·· زیاتر خووی‌دایە کۆکردنەوەو زیادکردنی سەرمایەو قازانج ·

لە سەردەمی حوکمی موتڵەقدا چینە فەرمان ڕەواکان دوور بوون لەمیللەتەوە ·· ئەو بیروچەمکە ئیستاتیکیو هاوهەستیانەی پێشوو لەناوچوون · چینە خاوەن دەسەلاتەکان هەوڵیان‌دا چەمکی ــ عەقلانیەت rationalism بۆ پاراستنی دەسەلاتو بەرژەوەندی خۆیان بەکار بێنن · «ڕوخساری ڕەسمیەت»یش بەسەر هونەردا بسەپێنن · لێرەوە بەربەرەکانی لە نێوان هونەرو فۆرمەکانی کۆمەلایەتی باودا دەستی پێکرد · مرۆڤ باوەڕی بە عەقڵی ئینسانی نەما کە لەوەپێش بەپیرۆزو گرانبەهای دادەنا · لەژێر سایەی ڕژێمی سەرمایەداریدا هەموو شتێ بوو بە کەلوپەل · سامان بوو بە سەرچاوەی هەموو بایەخێك مرۆڤ ناچار بوو بیر لە ــ خۆی ــ بکاتەوە ، تا بتوانێ بوونی خۆی لەناو لێشاوی ئەو بایەخە نائینسانیانەدا بپارێزێت ·· لەلایەکی کەشەوە پەیدا بوونی هەندێ زانستی نوێ ، بەتایبەتی ــ سایکۆلۆژی ، یاریدەی ئەوەی‌دا مرۆڤ زیاتر هەوڵی دۆزینەوەی جیهانی ناوەوەی خۆی

بدات ، ئەو جیهانەی کە ناچار بوو لە هەڵاتنیدا لە دەست واقیعەکەی ، هانای بۆ بەرێت و بیکاتە پەناگەی ئاوات و خەونەکانی (وەك لە ڕۆمانسیزمدا نواندراوە) •

هونەرەکانی جیهانی ئەمڕۆی سەرمایەداریش ـ بەشێوەیەکی گشتی ـ سەر لێشێواوی مرۆڤی کۆمەڵی بۆرژوازی و نەمانی بایەخە ڕۆحییەکانی دەردەبڕن ، ئەو مرۆڤەی کە بۆتە برغۆیەك لە مەکینەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریداو ناتوانێت هیچ پەیوەندییەکی مرۆڤایەتی لەگەڵ جیهاندا بەدی بێنێت ، لە ڕێگەی پارەوە نەبێت ، واتە لە ڕێگەی ژێرپێدانی هەموو بایەخێکی ئینسانیدا (ئەوەی کە بتوانێت ئازایەتی بکڕێت ، ئەوا کەسێکی ئازاو بەغیرەتە هەرچەند ترسنۆکیش بێت ، پارە شتێکی بەنرخ و کاریگەرەو •• مانای تێکەڵکردن و گۆڕینەوەی هەموو شتەکان دەگەیەنێت •• واتە هەموو جیهان و هەموو جۆرەکانی سروشتی و مرۆڤایەتی) • ئەو مرۆڤەی دەتوانێت ئازایەتی و خۆشەویستی و جوانی بکڕێت پێویستی بەوە نیەکە خۆی کەسێکی ئازاو خۆشەویست و سەرنج ڕاکێش بێت بەم جۆرە سیستمی سەرمایەداری جیهانی ڕۆحی دەوڵەمەندەکان و هەژارەکانیش پەڕپووت دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵ لە هەموو بایەخێکی ڕۆحی و ئیستاتیکی خاڵی بێت •

existentialism                هونەری (وجودیەت) (ئێگزیستینشەلیزم)

لە دەست چوونی مرۆڤایەتی ، ئینسانی کۆمەڵی بۆرژوازی دەردەبڕێت و وای دادەنێت کە تاکە کەس هیچ ڕێگایەکی نیە تیا لەدەست ئەو ژیانە بێمانایە ڕزگار بێت ، کە باسەریا سەپێندراوە

لە بەندیخانەی یەك تەنی ناوەوەیدا بەسەری بەرێت • •••

نووسەرانی وجودیەت بە شێوەیەکی گشتی ئایدیای هیچێتی

(عەبەسی)و بێهوودەیی بوونی ئینسانی پەرەپێدەدەن •• مرۆڤ لای ئەوان (سارتەر Sarere ، کامۆ Camee ، بیکێت ، سیمۆن دی بوڤوار •••••هتد) مەخلوقێکی بێ باوەڕو بێ ئایدیالە •• عەسەبیو هەستدارە تا ڕادەی نەخۆشی •• بەسەریدا سەپێندراوە کە ژیانی تەنیایی لەنێوان مرۆڤانی تردا بەسەر بەرێتو بەوپەڕی پەشۆکاویەوە چاوەڕوانی ڕوودانی کارەساتەکە ــ مردن ــ بکات • ئینسان هەموو دەم (غەریب)ێکە لە ولاتی (تاعون)دا[(١)] ، هیچ شتێ لەدەوری خۆی نابینێ دوژمنەکانی نەبێت ، ئەوانەی کە بەبێ ئەوەی خۆشیان بیانەوێ بوونە دوژمنی ، هەروەکوو سارتەر دەڵێ (دۆزەخ : خەڵکی ترە) •• ئایدیالی ئەوان (سیزیف) ە[(٢)] • Sisyphus کە خوایەکـــان بە سەریاندا ســـەپاند تاوێـــرێکی گەورە سەربخاتە سەر گردێکی بەرز بەڵام هەموو جارێ کە لە سەر خستنی نزیك دەبۆوە ، تاوێرەکە خلۆر دەبۆوە خوارێو سیزیف ناچار دەبوو جارێکی تر ئەم هەوڵە دووپاتە کاتەوە بەم چەشـــنە هەموو تەمەنی خۆی لەم کارە بێ هوودەیەدا بەسەر برد•وجودیەت تەنها لایەنی لاوازیو بێهوودەیی ئەم کارەی سیزیف بەدی دەکات و لایەنەکەی تر فەرامۆش دەکا کە هیواو خواستی پۆلاینی مرۆڤو هورە بەرنەدانی بەرامبـــەر سەرنەکەوتنو ســـووربوونی لەسەر ســـەرکەوتن دەردەبـــڕێت بەم جۆرە بەلای وجـــودیەتەوە مـــرۆڤ ژیانێکی بێهوودەیی بەسەردا سەپێنراوەو ناتوانێت ئەمژیانە یان جیهان بگۆڕێت • بـــەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی بـــوونی خۆی بســـەلمێنێت دەبێت (کار) بکـــات ، وە کار کردنیش پێویســـتی بە (ئازادی هەڵبژاردن) هەیە بەمچەشنە بۆئەوەی مرۆڤ تاکێتی خۆی

(١) ئیشارەتە بەناونیشانی دوو ریوایەتی ئەلبێرت کامۆ •

(٢) ناونیشانی کتێبێکی کامۆیە •

ـدە لای ئەوان ئازادی دەگەیەنێتـ بەدەست بێنێت دەبێ لەژیانیدا
خاوەن (هەڵوێست) بێت ... وە تاوەکوو ئەم هەڵوێستەی زیاتر
لە کەسانی تری دوور بخاتەوە ، ئازادی خۆی پتر بەدەست دێنێت .
(سارتەر) لەسێ بەرگی کتێبەکەیدا ( Les chemisle la liberte
هەوڵ دەدات هەست بەخۆکردنی مرۆڤو ئیحتمالاتەکانی
(هەڵبژاردن) Choice لەبەر ڕۆشنایی ژیانی فەرەنسی
دەوروبەری جەنگی جیهانی دووەمدا بکۆڵێتەوە .. پاڵەوانەکەی
بەدوای ئازادی (ناوەوە)دا دەگەڕێت ، ئەمەش بەپێی واتا
وجودی‌یەکەی (پێویستی هەڵبژاردن) ، واتە دیاری کردنی
هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ڕووداوەکان دەگەیەنێت .

ماثیو (پاڵەوانەکە) هەوڵ دەدات بەرگری لەمافی (ئازادی
کەسی‌ی) خۆی بکات ، لەبەر ئەمە لەبەشداری کردن لە خەباتی
سیاسی سەردەمەکەی‌دا خۆدداری دەکات ، چونکە ئەمە بە کارێکی
هیچو بێ‌هوودە دادەنێت . (ئەمە بەشداری کردن لە خەباتی دژی
فاشیزمو جەنگیش دەگرێتەوە) . ئەو حەز ناکات کە بچێتە ناو
ڕیزی کۆمۆنیستەکانەوە ، چونکە باوەڕی وایە کە بەم کارە ناچار
دەبێت دەسبەرداری ئازادی کەسی خۆی بێت . وە هەر بە ناوی ئەم
(ئازادییەکەسییە)وە پەیوەندی خۆی لەگەڵ خانمەکەی دەپچڕێنێو
بە تەنیایی دەکەوێتە گۆڕی ... بەڵام مادام ئەو ئازادی‌یە
موتڵەقەی ماثیو بە شوێنیا عەودالە ـ بەپێی بۆ چوونی وجودی ـ
شتێکی مەحاڵە ، ئەوا ئەو حوکم دراوە Condemned کە (لەگەڵ
خەڵکی‌ترا بێت .. (واتە بوونی هەبێت) . یان بەواتایەکی‌تر ،
جەنگ : بوونی ئەویش ڕاکێشایە ناو جوغزی خۆیەوە . . .
پاڵەوانەکە دەبێتە سەرباز لە سوپاداو ، ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ
خەڵکی‌تردا پەیدایان دەکا ، وەك سارتەر باسیان دەکات ئەمانەن :

هاوڕێیـەتی ، ڕقوکینه ، تـرس ، هەست کردن بـە بێ بایەخی ، فرمان پێ کردن ۰۰۰ هتد ۰ خەڵـك و سەربازەکان وەکو کۆمەڵە ـ بوویەك ـ نیشاندراون کە ترسان لە داهاتوو هاریونی ، لەبەر ئەوەیە خۆیان داوەتە دەست غەریزەکانیانەوە ۰

بەلای کامۆشەوە تراژیدیای مرۆڤایەتی لە ناماقوڵی absurdity ژیاندایە ۰ ئەو ناماقوڵییە تەنها لەوەوە سەر هەڵنادات کە مرۆڤ بەرامبەر مردن وەستاوە ، بەڵکو لەبەر ئەوەشە کە لەنێو ئاژاوەدا Chaos لەنێو بێـدادیو ناعەقڵانیەتـدا دەژێت ۰ هەرچـەندە ئاگاداری ئـەم وەزعەیە ، توانستی ئەوەی نیـە ـ ڕوونییەکی ـ پێویست بۆ هـەڵاتن لەدەسـتی پەیـدا بکات ۰ ئادەمیـزاد هیچ هیوایەکی گۆڕینی باری ناماقوڵی ژیانی نیە ، ئەمەش مافی ئەوەی دەداتێ ئازاد بێت و مافی ئـەوەی دەداتێ لە باوەڕە ڕەوشتییەکان یـاخی بێت ۰ ئێمـە دەتـوانین سـەرچاوە کۆمەڵایەتییـەکانی ـ میتافیزیکی ناماقوڵی ـ لە ژیـانی کامۆدا بەدی بکەین ۰ کامۆ وەکو ڕادیکالێـك (گۆڕانخواز radical ) دژی کۆنەپـەرستی سیاسی و فاشیزم بوو ، بەڵام وەکـو نووسەرێك و ڕووناکبیرێك ، کارەساتە مێژووییەکانی ئەم سەدەیەمان ، شۆڕشەکانی ، تیرۆری فاشیست ، جەنگەکان ، سیاسەتی داپەڵۆسینی بەکاربراو لەلایەن چینە فەرمان ڕەواکانەوە هەموو ڕووناکییەکیان لەبەرچاوی گوم کردبوو ۰ ئـەو تەنها هەستی بە لایەنە دراماتیـکی و تاریکەکانی سەدەی ئێستا دەکرد ۰۰ نەیدەویست ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت کە هێزە خێرخـواو داهێنەرەکانی عەقڵ و پێشکەوتنی مێـژوویی لە بارانیاندا هەیـە ـ هەر وەکو دەیکەن ـ بناغـەکانی ئەم جیهانە بگۆڕن ۰ کامـۆ دانی بەوەدا نەدەنا کە هیچ ئاسـۆیەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەپێش بێت ۰۰ لەبـەر ئەوە بیری ڕەشبینی بەسەر کارەکانیدا زاڵبووە ۰۰ ژیان ناماقوڵە۰ هەرچی مرۆڤیش دەیکات

لە چوارچێوەی ئەو ناماقوڵییەدایە • لەبەرئەوە مرۆڤ سیزیفەو هیچی تر •

لە کارەکانی کامۆدا وەکو لە کارەکانی وجودییەکانی دیکەدا، ڕیالیزمی سەردەمی بۆرژوازێتیو بێ توانستی خۆی بەرامبەر بە لایەنە بەگرێو گۆڵەکانی ژیانی سەردەم دەردەخات • ڕیالیزمی بۆرژوازی ناتوانێت حەقیقەتو ئاسۆڕاستەقینەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دەرك پێ بکات، چونکە خۆی لەشی کردنەوەی کۆمەڵایەتی دوور دەخاتەوەو لە جیاتی ئەوە پشت بە میتافیزیکی ڕەمزی Symbolical metaphysical دەبەستێت •• لە جیاتی قووڵ کردنەوەو دەوڵەمەند کردنی ناوەرۆك، هەموو گرنگییەك دەدا بە فۆرمو تاقی کردنەوەی زیاتر لە فۆرمدا •

بەڵام بەپێچەوانەی ئەو ڕەوتە فۆرمالیستەی بەسەر زۆربەی هونەری جیهانی سەرمایەداریدا زاڵ بووە، هونەری ڕیالیزم، بەتایبەتی ڕیالیزمی سۆشیالیست تێدەکۆشێت جیهان بە هەموو دەوڵەمەندیو قووڵییەکییەوە، لە مانا ئینسانییە بەرزەکانیدا دەرببڕێت • هونەرمەندی ڕیالزمی وێنەی مرۆڤی سەرلێ شێواوو لە کۆمەڵ دابڕاو ناکێشێت بەڵکو وێنەی مرۆڤی سەرزەمین دەکێشێت • مرۆڤ لەچوارچێوە مێژووییە پڕ لە کارەساتو خەباتەکەیدا • لەو کەسێتییە نموونەییەدا بە شێوەیەکی ئۆرگانی شتی یاساییو ئینسانیو بابەتی خۆیی یەك دەگرن • هەموو کەسێتییەك ـ نموونەیە ـ کە ڕوخساری گشتی مێژوویيو کۆمەڵایەتی دەوروبەرو سەردەمەکەی تیا عەکس دەبێتەوە، هەر لەو کاتەشدا کەسێتییەکی تایبەتیو دیاریکراوە • مرۆڤ لە هونەری ڕیالیزمدا، مرۆڤێکی خەیاڵیو ئاوارەو دەستەپاچە نیە •• بەڵکو مرۆڤێکی خاوەن هوشیارییەکی چینایەتی باڵایەو شوێن

پێی خۆی دەبینێت‌و تێدەکۆشێت‌و باوەڕی بەکەڵك‌و سوودی تێکۆشانەکەی هەیەو دەزانێت لەپێناوی چیدا تێدەکۆشێت ، مرۆڤێکە دەیەوێ جیهان بناسێت‌و تێی بگات‌و ناکۆکییەکانی بدۆزێتەوە بۆئەوەی بتوانێت دەستی بەسەردا بگرێت‌و بیگۆڕێت ·

هونەر ، بە هەر شێوەیەك بێت ، کارێك نیە کە تەنها لە نوودی هونەرمەند خۆیەوە پەیدابێت‌و دوور بێت لە کۆمەڵ‌و مێژوو سەردەمەوە · «هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی وەك بلیخانۆف دەڵێت : سەردەمەکەی خۆی دەردەبڕێت · ناوەرۆك‌و فۆرمەکەی لەلایەن زەوقی ئەو سەردەمەوەو عادات‌و ئارەزووەکانییەوە دیاری دەکرێن ·· تا وەکو هونەرمەند بەرزترو دەسەڵاتدارتر بێت ، ڕوخساری بەرهەمەکەی پتر دەکەوێتە ژێرکارتێکردنی ڕوخساری سەردەمەکەیەوە ··· یان بە مانایەکی‌تر ئەو ـ خڵتە ـ یەی دەشێ پێی بڵێین ـ کەسێتی ـ لە هونەرەکەیدا کەمتر دەبێتەوە ، خاسیەتی سەرەکی ـ ڕەسەنێتی مەزن ـ لای هونەرمەندێکی باڵا دەست ، لەوەدایە کە زانیوێتی لەپێش کەسانی‌تردا ، بە شێوەیەکی چاکترو تەواوتر، خواست‌و ئاتاجە ڕۆحی‌و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمەکەی دەربڕێت · لە ئاقاری ئەم خاسیەتەدا کە (تاکێتی مێژوویی) ئەو پێك‌دەهێنێت ، هەموو خاسیەتەکانی دیکە گوم‌دەبن ، هەر وەکو چۆن ئەستێرەکان لەبەر تیشکی ڕۆژ گوم دەبن · دەشێ تاکێتییەکی لەم جۆرە ببێتە بابەتی شی‌کردنەوەیەکی زانستی ورد»(١) ·

---

(١) الجمالية الماركسية · ل١٩ ·

# بەندی چوارەم

## فۆرم و ناوەرۆك

« گوڵ جوانە ، بەڵام ئەو عەترە
بۆنخۆشەی تێیدا دەژیات ، زۆر جوانتری
دەكات » •

شكسپیر • سۆنێتی (٥٤)

هەواڵنامەی كتێب

## بەشی یەکەم :

# فـــۆرمو نـــاوەڕۆك

### جوانی ڕوالەت ـ یان ـ فۆرم :

زۆر لـە جوانی‌ناسان ، جوانی دەگێڕنەوە بۆ ئـەو لەزەتەی خاسیەتەکانی فـۆرم ـ ڕوالـەتی دەرەوەی شـتەکان ـ لای ئێمە بەرپای دەکـەن • لەوانە ـ جۆرج سانتیانا ـ لـە کتێبەکەیدا ـ هەستی جوانی The sense of Beauty کە جوانی فۆرم لەم خاسیەتانەدا کۆدەکاتەوە(1) :

1 ـ هاوڕێـژەیی ـ سیمیتـری Symmetry : واتـە بوونی پەیوەندییەکی هاوڕێژە لەنێوانی بەشەکانی بابەتێکدا ، کەدەبێتە هۆی دروست کردنی تەبایی‌و هاوگونجان لەنێوان ئەو بەشانەدا ، لەبەرئەوە لـە کاتی سەیرکردنی ئـەو فۆرمانەدا ، چـاو خۆشی‌و ئارامیـەکی تـەواو بـەدەست دەهێنێت بەهـۆی دروست بـوونی هاوتایی لەنێوان دەمارەکانیدا ••• لەگەڵ ئەوەشدا هاوڕێژەیی لەو شتانـەدا کە زۆر بچووکن ، یان زۆر گەورەن ، بـە چەشنێك چاو ناتوانێ شێوەو پێکهاتنەکەیان بگرێتە خۆی ، بایەخی نیە •• بەڵام لەبـەر ئەوەی پەرستگاکانی یۆنان زۆر گـەورە نەبوون ، هاوڕێژەیی لـە دیوی دەرەوەیاندا بەدەردەکەوت ••• هـەر بەم چەشنەش کەنیسەکانی قوطی (سەردەمی ڕێنایسانس) بەچەشنێك

---

(1) بڕوانە : جـورج سانتیانا ـ الاحســاس بالجمال • ترجمة الدكتور محمد مصطفى بدوی • مراجعة الدكتــور • زكی نجیب محمود • قاهرة لاپەڕە 107 ـ 132 •

نەخشەیان بۆ کێشرابوو کە سیمیتری لە (سینگ‌و باڵەکانیاندا) بەدی بێت ••• لە هونەری ئاینی میسری‌و بیزەنتیشدا وێنەکانی گیانلەبەر لەوەزعێکدا کێشراون کە بەوردی هاوڕێژەیی یان تێدا پەیدا ببێت ، ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی یەکایەتی‌و هێزی ئەو وێنانە زیاتر ببن •

۲ ـ یەکێتی لەجۆراوجۆریدا: سیمیتری جۆرێکە لەبەدیهاتنی یەکێتی لە جۆراو جۆریدا • هەمووەکە ،لێرەدا ، لەلایەن دووبارە بوونەوەی ئیقاعی بەشە وەکو یەکەکانەوە دیاری دەکرێت • بۆ نمونە لە شیعردا بابەتەکە یەکە ، بەلاّم (قافیەکان) جوداو‌و جۆراو جۆرن • وا دەردەکەوێ کە یەکایەتی خاسیەتی فۆرمەکان بێت • بەلاّم ئەم یەکایەتی‌یە ناشێت موتڵەق بێت • چونکە هەر فۆرمێك کۆبوونەوەی چەند ڕەگەزێکەو چار نیە دەبێ ئەو ڕەگەزانەی تێدا بن • وە ڕوخساری فۆرمەکە بریتی‌یە لە چۆنێتی بە یەکەوە گونجانی ئەو ڕەگەزانە •

**۳ ـ زۆری لە هارمۆنی‌دا :**

هارمۆنی موتڵەق لە درێژ بوونەوەدا بریتی‌یە لەسادەترین جۆری فۆرم ، وە نزیکترە لە ماتریالەوە •• وە تەنها ئەو فۆرمە بە ماددە ، دەدات کە دەتوانین بە هۆیەوە حەقیقەتەکەی بزانین •• دیمەنی ئەستێرەکان نموونەیەکی زۆری‌یە لە هارمۆنی‌دا • ڕاستە جوانی ئەستێرەکان لەبیری (بێ کۆتایی) دیمەنەکەوە کە دەبێتە مایەی سەرسامی ، پەیدا دەبێت ، بەلاّم ڕوخساری هەستی بابەتەکەیە کە دەبێتە سەرچاوەی مەزنێتی دیمەنەکە ، • هەر نوختەیەك لە (شەبەکیە)دا ـ بەهۆی بەرینی‌و قەوارەبوونی

هەواڵنامەی کتێب

گەردوونی دیمەنەکەوە ـ بە ڕادەیـــەکی وەکویەك دەهاروژێن ، ئەم هاروژانەش ئەو هەستە ئاڵۆزە دروست دەکات کە دەمانەوێ وەسفی بکـــەین • هەر بەم چەشنەش عەکـــس بوونەوەی گلۆپو ڕووناکاییەکانی شار لەسەر ڕووی ئاو ، هەر ئەو تەئـــسیرەی ئەستێرەکانی هەیە ئەگەر چی بەڕادەیەکی کەمتریش بێت • بەڵام هاوڕێژەییو زۆری لە هارمۆنیدا ، هەموو دەمێ نابێتە سەرچاوەی خۆشی، بەڵکو بە پێچەوانەوە،زۆر جار دەبێتە سەرچاوەی وەڕزیو بێمەیلیو ناڕەحەتی • دووبارە بوونەوەیەکی بێکۆتایی ـ زۆر جار دەبێتە سەرچاوەی وەڕزیو ئازار ، هەروەکو ـکارـ لەژێر سایەی ڕژێمی سەرمایەداریدا •• یان ئەو بەرهەمە هونەرییانەی هەمان ڕەگەزیان تێدا دووبارە دەبنەوە ، وەکوو : شیعری جووت قافیە Heroic couplet کە شیاوی پەرەسەندنو پێشکەوتن نیە•

٤ ـ ڕەنگاو ڕەنگی :

ڕەنگ ، لە سروشتدا ـ بۆی هەیە کە لەزەتێکی هەســـتیمان بداتێ ••• دیمەنی سروشتی بە ستوور نیە ، وە هەموو دەمێ ئەو ڕەنگاو ڕەنگییەی تێدا هەیە کە ئازادییەکی زۆر دەدات بەچـــاو، تا ڕەگەزەکانی هەڵبژێرێتو لە(پۆلی)دیاریکراودا لەگەڵ یەکتردا ڕیزیان بکا • هەروەهـــا سروشت دەوڵەمەنـــدە لە (ئیحایەکان)دا وە توانستێکی زۆری لەبەرپا کردنی خرۆشـــە نادیارەکاندا هەیە ـــ بەڵام بەلای سانتیاناوە دیمەنی سروشتی هیچ یەکایەتییەکی ڕاســـتەقینەی نیە ، وە دەبێت خەیاڵ فورمێکی خـــۆی بداتێ • وە خەیاڵ دەتوانێت بە ئاســـانی ئەمە بکات چونکە فۆرمە شـــیاوەکان تێیدا زۆرن•• نیگارکێشەکانی دیمەنی سروشتی،لە ڕابردوویەکی

رۆژ دووردا نا ، ڕاهاتبوون کە وێنەی ئادەمیزاد ، یا خانوو ، یا کەلاوە ، بۆ دیمەنەکانیان زیاد بکەن بۆ ئەوەی هەندێ پەیوەندی ئینسانی بە ئەو دیمەنانە ببەخشن • وە هەتاوەکوو ئەگەر وێنەی خاکێکی دێمیشـیان بکێشابایە ، ئەوا باوەڕیان وابـوو کە بەلای کەمەوە دەبێ وێنەی ڕێبوارێکی ماندووی تێدا ڕەسـم کەن • وە ئەو نیگارکێشـانە گومانیـان وابوو کە دیمـەنی سـروشتی بێ ئادەمیزاد هیچ مانایەکی نیـە ، وە هەستیان دەکـرد کە دیـاری نەکـردنی ـ ئیحـایەکانی ـ ئەو دیمەنە سـروشتییەی ڕەگەزی ئینسانی تێدا نیە بە ـ عەیب ـ دەژمێردرێت •

ئەم بۆچوونەی ـ سانتیانا ـ ش جارێکی تر ئەوە دەسەلمێنێتەوە کە جوانی ڕواڵەتەکان تەنها لە ـ پەیوەندییە ئینسانییەکاندا ، (پەیوەندی ئیستـاتیکی) مـرۆڤ بە جیهـانی دەوروبەریـەوە ، دەردەکەوێت (٢) •• بەڵام ئایا پەیوەندی نێوان ڕواڵەتو جەوهەر چیـە •؟

## ڕواڵەتو جەوهەر ـ یان ـ فۆرمو ناوەرۆک (٣)

ڕواڵەتو جەوهەر دووگوتەی فەلسەفین •لایەنە پەنهانەکانی شتەکانی واقیع عەکس دەکەنەوە • جەوهەر سەرجەمی سیفاتو

---

(٢) بڕوانە باسی (پەیوەندی ئیستاتیکی) لەبەشی دووەمی ئەم کتێبەدا •

(٣) کەڵك لە (الموسـوعة الفلسفية) وە (المادیـة الدیالکتیکیة) وەرگیراوە •

پەیوەندی‌یە هەرە قووڵو تێدا چەسپاوەکانی شتەکەیە ... کە بنەڕەتو ڕوخسارو ئاقارەکانی پەرەسەندنی دیاری دەکات. بەڵام ڕواڵەت سەرجەمی ئەو سیفاتو پەیوەندییە جۆراوجۆرو بزێوە دەرەوەییانەی شتەکەیە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ حەواس بەدەردەکەوێت .. ڕواڵەت ئەو حاڵەتەیە کە جەوهەری تێدا بەدیار دەکەوێت .. ڕواڵەتو جەوهەر یەکگرتوو یەکایەتییەکن ، هەر وەکو چۆن نـاشێ جەوهـەری پەتی نادیـار هەبێت ، هـەروەها ڕواڵەتی بێ‌جەوهەریش نابێت.

ناوەرۆک ، وەک جەوهەر ، لە دەرەوەی فۆرمدا ناشێ هەبێت .. فۆرم شێوەی بوونی ناوەرۆکە ، ڕێکخراوی ناوەوەیەتی ، ئەو بنیاتەیە کە بۆ ناوەرۆک دەلوێنێ بـوونی هەبێت. بەبێ بوونی بنیاتی «مۆرفۆلۆژی» ـ شێوەی دەرەوە ـ هیچ تەنێک ناشێ هەبێت ... باشترین ئایدیا ، بەتەنها ، خۆی لەخۆیدا ، ناتوانێت هیچ بەرهەمێکی هونەری بەدەستەوە بدات ئەگەر لە فۆرمێکی هونەری‌و وێنەیەکی هونەریدا دانەڕێژرێت . هێند بەرهەم‌هێنەرەکان بەبێ پەیوەندییەکانی بەرهەم‌هێنان کە فۆرمی پەرەسەندنی ئەوان پێك دەهێنێ ناتوانن هەبن. بەڵام نابێت فۆرمی ناوەوەی شتەکان لەگەڵ فۆرمی دەرەوەیـاندا تێکەڵ بکرێت .. سەبارەت بە چـیرۆک یان هۆنـراوە ، فـۆرمی پۆلیگـرافی (دیـوی دەرەوەی کتێبـەکەو بەرگەکەی‌و ناونیشانەکەی) فۆرمی دەرەوەیەتی، هیچ گرنگییەکی سەبارەت بـە ناوەرۆکی هونەری بەرهەمەکە نیە . بـەڵام وێنە هونەرییەکان‌و زمـان‌و بابەت‌و بنیاتـەکەی برێتییە لـە فۆرمی ناوەوەیی‌و ئەو بیرە دەردەبڕێ کە لە ناوەرۆکدا هەیە ، کە بەبێ ئەو ناوەرۆک ناشێ هەبێت . لەبەر ئەوە فۆرمی شتەکە ، فۆرمی بوونی ئەوە .

فۆرمو ناوەرۆك هەروەكو گوتەكانی دیالەكتیكیتر ، وشكو چەسپاو نین • سنووریكی موتلەق لە نێوانیاندا نییە • دەشێ یەكێكیان جێگەی ئەوی دیكەیان بگرێتەوە • ئەو شتەی لە هەندێ هەڵو مەرجو پەیوەندیدا وەكو ناوەرۆك بە دیاردەكەوێت ، لە هەندێ هەڵومەرجو پەیوەندیتردا دەبێت بە فۆرم • بۆ نموونە پەیوەندییەكانی بەرهەمهێنان بەنیسبەت هێزەكانی بەرهەم هێنەرەوە : فۆرمە ، بەڵام بەنیسبەت ئەو سەرخانە سیاسیو یاساییو فۆرمە ئایدیۆلۆژییانەی لێیانەوە پەیدادەبن ، دەبێ بە ناوەرۆك • وێنەی هونەریو زمانو قافیەی شیعری ، فۆرمی هەستو نەستەكانی هونەرمەندن ، بەڵام دەشێت ببنە بابەتی لێكۆڵینەوەی زانستی ، واتە ناوەرۆكی ئەو لێكۆڵینەوانە •

لە نێوانی فۆرمو ناوەرۆكدا پەیوەندی دیالەكتیكی بەگرێو گۆڵو گۆڕدراوە هەیە • هەروەكو لەپێشەوە گوتمان ، پەیوەندی نێوانیان لەوەدایە كە بەر لە هەموو شتێك لە یەكایەتییەكدا بوونیان هەیە • یەكێكیان بەبێ ئەویتر نابێت • هەموو شتێك ، هەموو پرۆسێسێك ناوەرۆكو فۆرمی هەیە • بەڵام لەم یەكایەتییەدا ناوەرۆك ئەو بەشە سەرەكییەیە كە شتەكە دیاری دەكات • ناوەرۆك فۆرمەكە دیاری دەكات ، فۆرمەكە پێكدەهێنێت ، فۆرمەكە بەندە بە ناوەرۆكەوە •• بۆ نموونە ناشێت بیرێكی خاوەن ناوەرۆكێكی تراژیدی بە شێوەیەكی كۆمیدی دەربڕین ، یان بەپێچەوانەوە ، بیرێكی كۆمیدی بە شێوەیەكی تراژیدی دەربڕین •• هەروەها سەیردەكەین سیستمی ئابووری سەرمایەداری پێویستی بە سەرخانێكی تایبەتی هەیە ، كە لە بنەڕەتدا ، جیایە لەسەرخانی سۆشیالیزمی ، كە فۆرمی ناوەرۆكێكی جیاواز ، واتە سیستمی ئابووری سۆشیالیست ، پێكدەهێنێت •

وەنەبێت ، فۆرمیش ، کـار نەکاتە سەر ناوەرۆك • بەڵکو کارێکی چالاکانـە دەکاتە سـەری • دەورێکی گەورەی هەیـە لە پەرەسەندندا • فـۆرم دەشێت دەورێـکی دوولایـەنی ببینێت ، دەشێت بۆ شتەکە بلوێنێت پـەرە بستێنێت ، یان بەپێچەوانەوە ، دەشێت ئـەم پەرەسەندنە بوەستێنێت • ڕەنگە لێرەدا ، ئـەم کارە سەیر بێتە پێش‌چاو • باشە ئەگەر فۆرم لەگەڵ ناوەرۆکدا لە یەك یەکایەتیدا هەبن ، تەنها بە بوونی ناوەرۆك بوونی تەواو ببێت : چۆن دەتوانێت ڕێگە لەو پەرەسەندنە بگرێت ؟!

ئەوەی ڕاسـتی بێت ئەمە بەندە بە جۆری یەکایـەتی نێوان فۆرم‌و نـاوەرۆکەوە ، ئـەم یەکایـەتییە مـردوو نیـە ، بەڵکو یەکایەتییەکی دیالەکتیکییە •• یەکایـەتی دژەکان • هەرچەندە پەیوەندی نێوان فۆرم‌و ناوەرۆك پتەو بێت ، هێشتا ، لە جەوهەردا لێك جیاوازن ، هەردووکیان دوو لایـەنی جیاوازی شتەکەن •• لەبەر ئەم جیاوازییەی لە نێوانیاندا هەیە ، خاسیەت‌و ڕەوتی ئەم دوو لایەنە لە ڕووی پەرەسەندنی شتەکەوە ، لێك‌جیاوازن •

گۆڕانی شتەکەو پەرەسەندنی هەمیشە بە گۆڕانی ناوەرۆك دەست پێ‌دەکات • چونکە ناوەرۆك بنەڕەتە • لە چاو فۆرم ، پتر لە بزووتن‌و گۆڕان‌دایە • بەڵام فۆرم چەسپاوترەو بزووتنەوەی کەمترە • فۆرمی بەناوەرۆکەوە بەندبوو ، لەسەر بنەڕەتی گۆڕانی ناوەرۆکەکە دەگۆڕێت • بەڵام سەقامگیری ئەو دەبێتە هۆی دروست بوونی ناکۆکی • لەکاتێکدا ناوەرۆك بەردەوام دەگۆڕێت ، هەندێ جار ، فۆرم بۆماوەیەك بەبێ گۆڕانی بنەڕەتی دەمێنێتەوە • کارلەیەك کردنی فۆرم‌و ناوەرۆك بەچەند قۆناغێکی جیاوازدا تێ‌دەپەڕێت • شتێکی هەڵـەیە وا بیربکەینەوە کە سەقامگیربـوونی نیسبی فۆرم هەمیشە فاکتەرێکی سەلبییە •• لە قۆناغی سەرەتادا فۆرم تەباو

هاوگونجاو دەبێت لەگەڵ ناوەرۆکدا ، پەرەسەندنی ناوەرۆک ئاسان دەکات . لەکاتی پێکەوە گونجانی فۆرمو ناوەرۆکدا سنووردارىو چەسپاوی فۆرم دەبێتە هێزێکی بزوێنەری پەرەسەندن .. بەلام لەگەڵ پەرەسەندنی ناوەرۆکدا ناکۆکی پەیدا دەبێت . بەسەریەکدا کەوتنی ئەو ناکۆکییە دەبێتە هۆی ناتەبایی نێوان فۆرمو ناوەرۆک . ئەو کاتە لە فاکتەرێکی پەرە پێ‌ستێنەوە دەبێتە فاکتەرێکی پێشکەوتن وەستێن . لێرەدا : سەقامگیرىو چەسپاوی فۆرم دەبێتە فاکتەرێکی کۆنەویستانە ... بۆ نموونە : شێوەی کلاسیکی شیعر .. تا ماوەیەکی زۆر جێی خۆی گرتبوو . تاڕادەیەك لەگەڵ ناوەرۆکەکانی شیعری کلاسیکی دەگونجا .. بەلام بە گۆڕانی کۆمەڵو پەیدا بوونی بیرو ئایدیاو ـ لێرەوە ـ ناوەرۆکی تازە، فۆرمی کلاسیکی توانستی بەخۆ گرتنی ئەو بیرە نوێیانەی نەما . تەنانەت زیانیشی پێ‌دەگەیاندن، لەبەر ئەمە پەیدا بوونی فۆرمی نوێی دەربڕین بوو بە شتێکی ئیستەرەمی .. ئەم ڕاستییە ئەدەبی هەموو گەلان دەگرێتەوە .

**ناوەرۆكو تازەبوونەوەو کات :**

تازەبوونەوەی ناوەرۆك بەندە بە کاتەوە ... کات : شتێکی میتافیزیکی نیە کە تەنها لە «هوشیاری» خۆماندا هەبێتو هیچیتر ، بەڵکو فۆرمی حەقیقیو بابەتی ماددەی بزێوە . ئەم فۆرمەی بوونی ماددە : بەدوایەکداهاتنی پەرەسەندنی پرۆسیسەکانی ماتریالىو گۆڕینی هەندێکیان بە هەندێکیتر و دوورکەوتنەوەی قۆناغە جیاوازەکانی ئەوپرۆسێسانە لەیەکترىو درێژبوونەوە کاتدارییەکەو پەرەسەندنیان دەردەبڕێت . لینین دەڵێت : لە گەردووندا لە ماددەی بزێو بەولاوە هیچیتر نیە ... ئەم ماددەیەش ناتوانێت لە چوارچێوەی کاتو شوێندا نەبێت

بزێوی بکات • ئینگلز دەڵێت : « بوون لە شوێندا مانای بوونە لە ژێر فۆرمی جێگیربوونی شتەکان لە تەنیشت یەکدییەوە ، بەڵام بوون لەکاتدا مانای بوونە لەژێر فۆرمی بەدوایەکدا هاتنی شتەکاندا» • واتە کات : پەرەسەندن‌و بۆ پێشەوە چوونە •• تەنها یەك (دووری) هەیە • ڕووداوەکان ، هەموویان ، بەیەك ئاقاردا دەڕۆن • لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا ، لەئێستاوە بۆئایندە • کەواتە هەموو ئەو فۆرمانەی شان‌بەشانی ئەو پەرەسەندنانەی کات دروستیان دەکات ، ناڕۆن ، لە ڕێڕاوی کات بەجێ دەمێنن چونکە هەموو لەحزەیەك ، هەموو لێدانی کاتژمێرێك ، کێشەیەکە لە نێوان شتێکدا کە خەریکی بەسەرچوونەو ، شتێکیش کە خەریکی لەدایك بوونە ••• چنراوەی ـ نسیج ـ کات لە هەموو لەحزەیەکدا ڕوو لە داوەشانە •• چنراوەی تازە دەهۆنرێتەوەو جێی کۆن دەگرێتەوە • بەڵام تێنەگەیشتنی دیالەکتیکی ناوەرۆك‌و فۆرم دەبێتە هۆی پەیدابوونی مەترسی دانانی فۆرمی کۆن بە فۆرمێکی موتڵەق •• پەیدابوونی ترسیان لە دوور کەوتنەوە لە فۆرمە کۆنەکان ئەگەرچی دژی پێشکەوتنیش دەوەستن ـ لەبەر ئەوە دەرس‌کردنی یاسای یەکێتی‌و زۆران‌بازی دژایەتییەکان بۆی هەیە ڕێ نوێنییەکی تەواومان لەم بارەوە بکات • بوونی دژایەتییەکان‌و چارەسەرکردنیان ، هێزی پاڵنەری پەرەسەندنە ، ئەم هێزەش لەگوازرانەوەی (نەقڵ بوون)ی گۆڕانەکانی چەندێتی بۆ گۆڕانەکانی چۆنێتی ، لە بازدان لە وەزعی کۆنەوە بۆ نوێ ، لە ئەساسی بزووتنەوەی ئەبەدی بووندا ، حەشار دراوە •

ئێمە دەزانین کە هۆشمەندی ئادەمیزاد بەرهەمی گورج‌وگۆڵی مێشکە بەڵام ئەو هۆشمەندییە تەنها بەهۆی پەیوەندی مێشکەوە بە جیهانی دەرەوە دروست دەبێت • ئەو پەیوەندییەش لە ڕێگەی

حەواسەكانـەوە پێكدێت • كەواتـە سەرچاوەی هـەست جیهانی دەرەوەیە •• دەوروبەری ماتریالیو ئەو دیاردەو شتانەی پێكیان هێناوە • هەست ، یان ناسین ، وەكو شێوەیەكی عەكس بوونەوەی جیهان دوو خاسیەتی گرنگی هەیە ، یەكەم : هەست كردن برێتییە لە عەكس بوونەوەیەكی ڕاستەوخۆی جیهانی ماتریالی (لە نێوان هەست كردنو جیهانی دەرەوەدا هیچ ئەڵقەیەكی نێوانچی نیە) •

دووەم : هەست كردن برێتییە لە عەكس بوونەوەی خاسیەتە تایبەتییەكانی تەنە ماتریالییە هەستییەكان ، برێتییە لە عەكس بوونەوەی ڕەنگێ ، نەك بـە شێوەیـەكی گشـتی ، بەڵكو ڕەنگی تەنێكی دیاری كراو ، لە كاتێكی دیـاری كراوو هەڵو مەرجێكی دیاری كـراودا ، برێتی نیـە لـە عەكس بوونـەوەی (كێش) بە شێوەیەكی گشـتی بەڵكو كێشی تەنێكی دیاریكراو ، لـە كاتێكی دیاری كراوو هەڵو مەرجێكی دیاریكراودا •

بەڵام مرۆڤ تەنها بوویەكی بایۆلۆژی نیە • بەڵكو بوویەكی كۆمەڵایەتیشە • لەبـەر ئەوە هۆشـمەندی مرۆڤ ، بەهـۆی تاقی كردنەوە پراتیكییە زۆرەكانییەوە تەنها ڕواڵەتی شتەكان عەكس ناكاتەوە ، بەڵكو خاسیەتو پەیوەندییەكانی ناوەوەشیان عەكس دەكاتەوە •• بۆیـە هۆشمەندی ئادەمیزاد فاكتەرێكی گرنـگە لە مەیدانی تەئسـیر كردن لەسەر واقیعو هەوڵدان بـۆ گۆڕینی •• چالاكییەكانی زینـدەوەران لە هەوڵدانیـان بۆ گونجـان لەگەڵ واقیعدا تێپەڕ ناكات •• بەڵام هۆشمەندی ئادەمیزاد ، كە بەرهەمی هەڵومەرجی بـوونی كۆمەڵایـەتیو مێژوویییـەتی ، بەرهەمی چالاكی كۆمـەڵایەتی ـ پراتیكییـەتی ، خۆی لە خۆیـدا ، دەبێتە فاكتەرێكی گرنگێ لـە مەیدانی چـالاكی پراتیكیـدا •• دیارە هۆشمەندی خۆی بەرهەمی واقیعەو مەرجداری ئەوە • لەبەر ئەوە

ناتوانرێ بە شتێکی تەواو سەربەخۆ لە واقیعی بابەتی دابنرێت ٠ بەڵام هۆشمەندی تەنها عەکس کردنەوەی ئەو واقیعە نیە کە ئێستا لەم لەحزەیەدا ، تەنها لەم هەل‌و مەرجەدا هەیە ٠ ئەو چالاکییە داهێنەرانەی مێشك هەیەتی ، فۆرمی ئێستا بەپێی یاساکانی بیرکردنەوە ، دەگۆڕێت بە فۆرمێکی نوێ ، کە لەگەڵ تەماو خواست‌و خەونەکانی مرۆڤی داهێنەرو ، هەل‌و مەرجێکی‌تر کە لە داهاتووی دوور یا نزیکدا دێتە گۆڕێ ، تەبا دەوەستێت ٠٠ لێرەوە سەربەخۆیی نیسبی هۆشمەندیمان بۆڕوون دەبێتەوە٠ هۆشمەندی دەتوانێت پێشبینی لە ڕووداوەکان‌و ئەنجامی ڕووداوەکان بکات ٠٠ هەڵبەتا هونەرمەندان بەهۆی خڕبوونەوەی تاقی‌کردنەوە پراتیکییەکانیان‌و ، چالاکی داهێنەرانەی مێشکیانەوە ، زووتر لە خەڵکی‌تر ، پێشبینی ڕووداو‌و بیرە تازەکان دەکەن‌و ، لە کارو بەرهەمەکانیاندا دەریان‌دەبڕن٠ لێرەوە هونەرمەندەکان زۆر جار پێش کات دەکەون ٠ واتە ئەگەرچی کات ــ بە ڕاستی ــ نیشانەو بەڵگەو ئیمکانیاتی ئەو گۆڕانانەی پێشکەش کردووە کە ئەوان دەریان‌بڕیوە ، هێشتا لەلایەن کۆمەڵەوە ، ئەو گۆڕانانە وەکو شتێکی شازو ناشەرعی دێنە بەرچاو ٠ ئەمەش لەبەر ئەوەیە ، کە زۆربەی خەڵك ، زۆربەی کات ، بەپێی بیروڕاو یاساو نەریتی بەجێ‌ماوو کۆبۆوە لە ڕابردووەوە ، دەژین ٠ لەگەڵ ئەوەشدا کە کات هەمیشە پرۆسێسی گۆڕانکاری دێنێتە پێش ٠٠٠ لەمەوە دەتوانین ئەم سەرنجانەی خوارەوە تۆمار بکەین :

١ ــ فۆرمە کۆنەکان ، یان فۆرمە باوەکان ، بەندن بە ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتی کۆن یا بەسەرچووەوە ٠ لە کاتێکدا ناوەرۆك دەگۆڕێت ، فۆرم لەبەر ئەوەی توانستی گۆڕان‌و بزووتنەوەی کەمترە لەسەرەتادا بەرهەڵستی گۆڕانەکە دەکات ٠٠

ئینجا هەوڵ دەدات کە خۆی لەگەڵ ناوەرۆکەکەدا رابهێنێت و جۆرە گونجانێك لەگەڵیـدا بەدی بهێنێت ، بەبێ ئەوەی بـە شێوەیەکی بنەڕەتی بگـۆڕێت ... بۆ نموونە لە شیعری کـوردیدا ، فۆرمی کلاسیکی شیعر تا ڕادەیەك هەوڵی دا کە خۆی لەگەڵ ئەو ناوەرۆکە سیاسیو کۆمەلایەتییە نوێیانـەدا بگونجێنێت ، کە لە نێوانی دوو شەڕی جیهانی یەکەمو دووەمدا لە کۆمەڵی کورددا سەریان هەڵدا .. واتە شێوەی کلاسیکی جۆرە ـ نەرمو خاوییەك ـ مرونە ـی تێدا بەدی هات کەوای لێ کرد ئاسان ترو ڕەوانترو لەبارتر بێت بۆ ئەو مەبەستە تازانەی شاعیرەکان دەیانەویست دەریان ببڕن . ئەم شێوە مەیلەو نوێیەش ـ ناوی کلاسیزمی نوێی ـ بەسـەردا بڕدراوە . بەڵام ئەو ـ نەرمو خاوییەی ( نیوکلاسیزم ) نەیتوانی تا ئـەو ڕادەیە بڕکات کە بیـرو ناوەرۆکی تـەواو تازەو نوێو شۆڕشگێڕانە بگرێتە خۆی، بۆیە بە ناچاری خۆی بەدەست فۆرمێکی تازەترو گونجاو ترەوە دا کە شیعری ئازادە .

٢ ـ فۆرمە کۆنەکان یاباوەکان بەندن بەو ناوەرۆکە سیاسیو کۆمەلایەتی یە باوانـەوە کە پەیوەندی یەکانی بەرهـەم هێنان ، هێناونیە کایەوە . بە واتـایەکی تر ئەو فۆرمانە بەر جەسـتەی بەرژەوەنـدەی چینەکـانی کۆمەڵ ، وە بە زۆری چینە دەسـەلات دارەکان،دەکەن .. مادام ڕێڕەوی مێژووش هەمیشە بۆ پێشەوەیە ئەوا ناوەرۆکە تازەکانیش ، بە پێداویستی ، ئاواتی ئەو چینو دەستانە دەردەبڕن کە بەرژەوەندیان لە گۆڕاندایە .. لەبەر ئەوە چینە دەسەلاتدارەکان هەمیشە بەرهەڵستی هەر گۆڕانێکی تازە لە فۆرمو ناوەڕۆکدا دەکەن لەبەر ئەوە هونەرمەندە(عەبقەری)یەکان و ڕەسەنەکان ، زۆرجار لەکاتی خۆیاندا ڕێزیان ناگیرێو نرخیان نازانرێ . تەنانـەت بەربەرەکانیشـی دەکرێن .. (فرانسـیس

کوردان) لەژێر ناوی (بیست ساڵ لە هونەری مەزن •• یان چەند وانەیەك لە گەوجێتیدا) کۆمەڵە تابلۆیەکی بڵاوکردۆتەوە کە لە دوا چارەکی سەدەی نۆزدەهەمدا پاداشتی ڕەسمی یان لە فەرەنسادا وەرگرتووە •• وە لەگەڵ ئەو تابلۆیانەشدا لیستەیەك ناوی ئەو هونەرمەندە فەرەنسی یە مەزنانەی بڵاو کردۆتەوە کە هەر لەو سەردەمەدا ژیاون ، بەڵام نە پاداشیان وەرگرتووە نە دەسەڵاتداریێتی ڕەسمی باوەڕی پێ هێناون ، ئەو لیستەیە ناوی هونەرمەندانی وەکوو دیجاوسلیو بهارزۆو ماتیسو سیزانو مۆنییەو ڕێنوارو ڕۆسۆو گۆگانو تنولوز لوتریكو بۆناری تێدایە ئەمانەش ئەوانەن کە هونەرەکانیان دوایخۆیانژیاوەو زیندووە• بەڵام کۆمەڵە تابلۆکانی نیگارکێشە ئەکادیمییەکان ـ کە هێندە بایەخیان پێدراوە ـ تەنها کۆمەڵێ شتی هیچو پوچو توڕەهاتو بێبایەخن • هەروەها (ڤان کۆخ)ی هونەرمەند ، کە ناوبانگی لە هەموو دنیادا دەنگی داوەتەوەو هەموو مۆزەخانەکانیدنیاعەوداڵی تابلۆکانی ئەون ، ئەو ڤان کۆخە لەژیانیدا تەنها یەك تابلۆی فرۆشتووە کە ژنێك بەناوی (انی بوشی) لێی کڕیوە چونکە پێویستی بەتابلۆیەکی هەرزان بووە تا لەسەر زۆپاکەیانی دابنێت! کەچی هەر ئەو نامانەی کە بۆ براکەی نووسیبون ، دوای مردنی خۆی بە (٤٠ر٠٠٠) فرنك فرۆشراون ، وە هەموو میراتگرەکانی بە فرۆشتنی فڵچەو بۆیەکانی دەوڵەمەند بوون • وەختێ لە ژیانیشدا بووە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ هیچی نەخواردووە تەنها ٢٣ پیاڵە قاوە نەبێت ، چونکە بەو پارەی کە دەبوو بیدا بە خواردن ، بۆیەی پێ کڕیووە !

٣ ـ هۆیەکی تری کۆنەویستیو بەرهەڵستی کردنی تازەوەیە کە فۆرمە کۆنەکان ـ واتە فۆرمی ئایدیاو بیرو هەستە

بەسەرچووەکان ـ ماوەیەکی درێژە ڕەگی خۆیان داکوتاوەو هەروا بە ئاسانی جێگە بۆ تازە چۆڵ ناکەن •

خەڵك فێردەبن خوو بەو فۆرمانەوە بگرن‌و هۆگریان ببن • وە هەڵس‌و کەوت کردن لە گەڵیاندا دەبێتە جۆرە عادەتێکی چەسپاو • ئەمەش لە ڕووی سایکۆلۆژی‌یەوە تەئسیرێکی زۆری هەیە • چونکە عادەتەکان بەشێکی گرنگ لە کەسایەتی خاوەنەکانیان پێك دێنن ، بۆیە ئەوان ـ بە تایبەتی نەوە کۆنەکان ئامادە نین هەروا بە ئاسانی واز لەو عادەتانە بهێنن‌و جێگە بۆ بیری تازە چۆڵ کەن ••• لە کاتێکدا نەوەی نوێ ئامادەگی زۆری بۆ وەرگرتنی تازەو توور هەڵدانی کۆن هەیە •••

داهێنان‌و تازەکردنەوە بەلای کۆنەویستان‌و بەرچاوتاریکانەوە بریتی‌یە لە موغامەرەکردن لە جیهانی شاراوەو نادیاری کاتدا ، وە بە کارێکی پڕ لە هەڕەشەیی‌و بەد ئاکام دادەنرێت • ئەوان لەوە دەترسن کە تازەکردنەوە فۆرمی دەق گرتووی شتەکان تێك‌دات‌و هەڕەشە لە ڕیزی یاساو سیستەمە باوەکان بکات •• لەبەر ئەوە ڕەوتی گشتی کۆمەڵانی گۆڕان ـ ئەویست ئەوەیە کە ڕێزی ئەو کەسانە بگرن کە گوێڕایەڵ‌و ژێر فەرمانی دەستوورو ڕێ‌و ڕەسمەکانی کۆمەڵن‌و تەنها هانی دووبارەکردنەوەی ئەو شتانە بدەن کە هەیە نەك داهێنانی تازەو تازەتر ••• وە بە شێوەیەکی گشتیش ئارەزووی ئادەمیزاد بەزۆری بۆدووپات کردنەوەو کۆپی کردنی شتەکان خۆی دەکوتێت نەك بۆ ئازادبوون لەفۆرمە دەق گرتووەکان‌و تازەکردنەوەیان •• بۆیە بەلای کۆمەڵەوە لاسایی کردنەوەی ـ بناغە باوەکان ـ بە ـ نیزام ـ دادەنرێت ، بەڵام هەوڵدان بۆ تازەکردنەوەیان بە ئاژاوە لە قەڵەم دەدرێت ••• وە هەر لەبەر ئەمەشە ئەو کەسانەی هەوڵی گۆڕینی فۆرمە باوە پەك

بەوتووەکان دەدەن ـ وەکو سـیاسی یەکانو شـۆڕشـگێڕەکان ، هونەرمەندانو ئەدیبانو ڕوناکبیران ـ لەسـەرەتاوە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێنو ، لەلایەن کۆمەڵیشـەوە زۆرجار بە چـاوی نائاشناو ناحەزانەوە سەیر دەکرێن • بەڵام وورده وورده کۆمەڵ دەچێتـە بەرەی ئەوانـەوە بە تایبەتی کاتێ گـۆڕانەکان ـ هەلو مەرجی بابەتی درووست شك دەبەنو لە بەرژەوەنـدی کۆمەڵانی خەڵکەوە دێنە کایەوە •

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی دووەم
## فۆرمو ناوەرۆك لەكاری هونەرییدا
### كاری هونەری
### پێكهێنەرەكانی كاری هونەری :

كاری هونەری دروست كردنەوەی ژیانە .. جیهانێكی سەربەخۆیەو توانستی بەدەستهێنانی نەمری هەیە .. ئەم كارە لەڕووی فۆرمەوە بابەتێكی ئیستاتیكی‌یە كە لە ڕێگەی هەستەوە دەركی پێ‌دەكەین‌و دەیناسین .

هەر كارێكی هونەری :

١ ــ یەكێتی‌یەكی ماتریالی هەیە كە پتەوی‌و تەبایی پێ دەبەخشێت .

٢ ــ واتایەكی ناوەوەیی هەیە كە بابەتێكی تایبەتی دەستنیشان دەكات‌و ناوەڕۆكێكی ئینسانی دەردەبڕێت .

٣ ــ هەر كارێكی هونەری دەبێ بنیاتێكی شوێنی ــ مكانی ــ هەبێت كە ڕواڵەتی هەستی ئەو كارە بێت‌و بابەتە ئیستاتیكییەكەی تێدا دەركەوێت .

٤ ــ دەبێ بنیاتێكی كاتداری ــ زمانی ــ هەبێت كە بزوتنەوە ناوەوەییەكەو ، واتا دەروونییەكەی دەربڕێت ، بەو پێیەی كە كارێكی ئینسانیی زیندووە .

٥ ــ سێ توخم لە دروست كردنی كاری هونەریدا بەشداری دەكەن : كەرەسە ، بابەت ، دەربڕین .

**یەكەم : كەرەسە** Material

هەر جۆرێكی هونەری كەرەسەی تایبەتی خۆی هەیە وەكو :

وتەو وشە بە نیسبەت ئەدەبەوە ، دەنگ بە نیسبەت مۆسیقاوە ، ڕەنگو هێڵ بە نیسبەت نیگارکێشانەوە ، بەرد بە نیسبەت پەیکەر تاشییەوە • هیچ ئایدیایەکی ئینسانی ناشێ بەبێ بوونی ئامرازی دەربڕینەکەی هەبێت • مرۆڤ لە ڕێگەی قسەوە بیرەکانی دەردەبڕێت • ئەم بیرانە بەبێ بوونی وشەکان بوونیان نیە ، هەر وەکو چۆن ئەو تابلۆیەی هونەرمەند دروستی دەکات بەبێ بوونی ڕەنگەکان لەسەر قوماشەکە ، بوونی نابێت ••• زمان کەرەسەی سروشتی ئایدیایە •• ئەگەر چی زۆر جار دەوترێ (وشەی وا نادۆزمەوە بیرەکانی پێدەربڕم) • ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە بیر بەرگێکی زمانی نیە • ئێمە لە هەوڵدانماندا بۆ دۆزینەوەی وشەی دروست بۆ دەربڕینی ئایدیاکانمان ئەوەی ڕاستی بێت ، هەوڵی ئەوە دەدەین بیرەکە خۆی دابڕێژین • لەکاتێکدا دەربڕینێکی وتەیی دروست دەدۆزینەوە ، بیرەکەمان ڕوونترو هاوگونجاوتر دەبێت •

کەرەسە لەکاری هونەریدا خۆی لەخۆیدا گرنگ نیە • بەڵکو هەڵسوکەوت کردنی هونەرمەندە لەگەڵیدا کە گرنگی دەداتێ ، بە واتایەکی تر دەیگوێزێتەوە بۆ (کارێکی هونەری) •• لەهونەری ئەرکیتیکچەرو پەیکەرتاشیدا کەرەسەکە بەرگرییەکی زۆری هەیە ، واتە بە ئاسانی خۆی بەدەست هونەرمەندەوە نادات • دەڵێن (میکائیل ئینجلۆ) پەیکەرەکانی لە حاڵەتی ڕقو توورەییو جۆشاندا دەتاشین ، بۆ لێکدانەوەی نهێنی ئەم حاڵەتە دەیگوت : (من ڕقم لەو بەردە دەبێتەوە کە لە پەیکەرەکەمم دادەبڕێ !) •• ئەو کەرەسەیەی کە لەپەیکەرتاشیدا بەکاردەبرێت حاڵەتی هەستی تایبەتی خۆی دەنوێنێت ، هەر ئەو حاڵەتەیە کە بابەتە ئیستاتیکییەکە پێکدەهێنێت • ئەو بەردەی پەیکەری لێ دروست

دەکرێ ، تەنها وەکو بەردێکی ڕووت نامێنێتەوە ، بەڵکو وەکو قەوارەیەکی تایبەتی هاوڕێژەو خاوەن تەئسیراتی تیشکی (کە لەسەر ڕوویدا بەدەردەکەون) خۆی دەنوێنێت ، واتە کەرەسەکە لەسەر دەستی هونەرمەندا بە پرۆسیسێکی موعاناتی ئیستاتیکیدا تێدەپەڕێت ، ئینجا دەبێت بە کارێکی هونەری •• بەڵام ئەو کەرەسەیەی لە نیگارکێشیو مۆسیقادا بەکار دێت ، حاڵەتی تایبەتی خۆیان نانوێنن •• پەیکەرتاشی نیگار کێشانە لە شوێندا• لەبەر ئەوە حاڵەتەکانی لەناو ناخی کەرەسەکە خۆیدا حەشارداوە، بەڵام لە مۆسیقاو نیگارکێشاندا کەرەسەکە خۆی لەناو ناخی کارە هونەرییەکەیدا دەرناکەوێت • لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو جۆرەکانی هونەردا دەبێت واتا هەستییەکان بە جۆرێك پێك بهێنرێن و ڕێك بخرێن کە بتوانرێ بەئاسانی بناسرێن و دەرکیان پێ بکرێت • لە هەموو هونەرەکەدا جۆرێك لە (بەدوایەکداهاتنی هونەری) یان ڕێکخستنی جوانیگەریانە هەیە جا ئەمە چ لەسەر شێوەی پەیژەی سازەکان یان ڕەنگ‌وتێزووتنەو وشەو دەرکەوتنی پاڵەوانەکان لەسەر شانۆ بێت •

کەرەسەی ئەدەب وشەیە •• وشەش ئەو ئیشارەتە ئایدیاییانەن کە مرۆڤ ڕاهاتووە بەهۆیانەوە شتە بەرجەستەکان یان چەمکە ئایدیاییەکان دەستنیشان بکات • وشە وا لکاوە بەژیانی هۆشمەندانەمانەوە کە ناتوانین وێنەیەك یا بیرێك نەقڵ بکەین ، یان هیچ ڕواڵەتێك لەڕواڵەتەکانی ژیانی زەینیمان بناسین ، بەبێ ئەوەی وشە بەکار بهێنین • وشە جگە لەو مانا ڕاستەوخۆیانەی دەیانگەیەنێت ، هێزێکی ئیحایی گەورەشی هەیە ، کە لەلایەن شاعیرەکانەوە بۆ دەربڕینی لایەنە شاراوەکانی – بێ ئاگایی – بەکار هێنراوە •



هەواڵنامەی کتێب

هەروەها وشە شیاوی خەزنبوونە لە مێشکی ئادەمیزادا .. بەمە ئەو سامانە فیکرییە گەورەیە دەپارێزێت کە مرۆڤ لە ژیاندا بەدەستی دەهێنێت . وشە دەورێکی گەورە دەبینێ لە وەسف کردنو ڕوون کردنەوەی خاسیەتو ڕوخساری شتەکانی واقیعدا وە ڕواڵەتو بیرە عەکس بوەکانی واقیعلەمێشکی مرۆڤدا لەسەر شێوەی وێنە ، دادەڕێژێت .

وشە یا ڕستەی نووسراو جۆرێکە لە وێنە . وە دەتوانێت فۆرمەکان بە شێوەیەکی ڕوونترو ووردتر لە ـ ڕەنگ ـ وەسف بکات . بەڵام وشە ناتوانێت خاسیەتی ڕەنگەکان دەربڕێت . ڕەنگ خاسیەتێکی تایبەتی سەربەخۆیەو پێناسەکردنی زەحمەتە .. ئێمە کە فۆرمەکان دەبینین دەتوانین ڕوخسارەکەی لە یادماندا چاپ بکەین بەڵام ڕواڵەتە ڕەنگییەکەی زوو لە یادمان دەردەچێت ، ئەمەش دەبێتە هۆی هەژاری ئەو وێنەیەی لە واقیعی بەدەست دەهێنین ـ. هەندێ فۆرم هەن کە حەقیقەتە ماتریالییەکان لە پشت ڕەنگەکەیانەوە شاردراوەتەوە ، ـ وەکوو زێڕ ، زبرجد ، گوڵ قەزوان ... هتد کاتێ ئێمە ڕەنگەکانیان فەرامۆش دەکەین ، ئەوا گەلێك لەنرخی ئەو فۆرمانە کەم دەکەینەوە .

بەڵام هەرچۆنێك بێت ناتوانین ـ خاسیەتی درووستو تەواوی ڕەنگەکان بەهۆی وشەوە دەربڕین .. شارەزاترینو لێ هاتوترین هونەرمەند زۆر زەحمەتە بتوانێ چۆنیەتی ڕەنگی سور لێك بداتەوە .

لەبەر ئەوە لە گواستنەوەی ڕەنگدا بۆ ئەدەب سەرناکەوێت . بۆیە لەزۆر باسو وەسفی شوێنی جوگرافیو ڕواڵەتی سروشتیدا ئەم کەمو کوڕیە بە بڵاوکردنەوەی وێنەو دیمەنی فۆتۆگرافی ، لەگەڵ باسەکاندا پڕ دەکرێتەوە بەڵام توانستی وشە لە گەیاندنی

دەنگ‌دا زیاترە • چونکە لێرەدا جیاوازی‌یەکی بنەڕەتی لەنێوان شتە دەربڕدراوەکەو ئامرازی دەربڕینەکەدا نیە : ووتە ، بەر لە هەموو شتێك ، دەنگێکە ئادەمیزاد قسەی پێ‌دەکات ••• ووشەی نوسراویش هیچ نیە ئیشـارەتێك نەبێت چـاو بەکاری دێنێت‌و ڕەمزێکە بۆ ئەو ووشەیەی بۆ گوێ دەوترێ • لەبەر ئەوە شتێکی سروشـتییە کە قسـەکردنی ئادەمیزاد لاسـایی دەنگێکی حەقیقی بکاتەوە بۆ ئـەوەی دەری ببـڕێ • لێـرەوە ئەدەب ئـەم هونەرە وتەییە ، هەر لە کۆنەوە پەیوەندییـەکی پتەوی لەگەڵ مۆسیقادا پەیدا کردووە • شیعر هەموو دەمێ شوێنێکی مام‌ناوەندی لەنێوانی مۆسـیقاو قسـەدا گرتووە ، وە هەموو دەمـێ : گۆرانی ئەم دوو ڕێیەی بەیەکەوە بەستوونەوە • هەروەها شیعر هەمیشە ئیقاعێکی تێدایە کە بە نیسبەت گۆرانی‌یەوە وەکوو وێنە وایە بەنیسـبەت نیگارکێشی‌یەوە • هەروەها ووتە : دەتوانێت بە ئاسانی لاسایی دەنگەکانی سـروشت بکاتەوە •وە بەمە تەڕوبڕی ئیمپرێشـنە مۆسیقی‌یەکانمان دەپارێزێت‌و ژیانی دەروونیمان دەبوژێنێتەوە• گوێ ، هەر لە کۆنەوە ئەو توانستی ڕاکێشانەی دەرك کردووە کە دەنگە بە یەکەوە گونجاوەکان هەیانە • وە لێرەوە پەیژەی مۆسیقی دامەزراندوو ڕستەی مۆسیقی پێك هێناو ، زانستی ئاوازەکانی لە سەر بناغەیەکی پتەو تر لەهی ڕێزمان داڕشت •• حاسـەی گوێ هەمیشـە لە هەمـوو جۆرە ناڕێکی‌و ناسـازی‌یەك لەدەنگەکـان‌دا ئاگادارمان ئەکـات • بەلام سـەبارەت بە دەنگ ، نەزانسـتێکی وردەکار ، نـە ئامادەگییەکی هەسـتی خێرامان هەیە کـە پێمان بلێ دەشێ کام ڕەنگە بەکار بهێنین‌و کام ڕەنگە بەکار نەهێنین •• لەبەر ئەمە شتێکی سروشتی بوو کە ڕەخنەی هونەری نیگارکێشی واتەکانی لە فەرهەنگی مۆسیقا وەربگرێت وەکو ووشەی :گونجان هارمۆنی ، ناساز ، بەتین ، گواستنەوە ••• هتـد •

بەڵام ڕەخنەی مۆسیقیش ، لەگەڵ ئەو نزیکی یەشدا کە لە نێوانی دەنگەکانو ووشەکاندا هەیە ، ناتوانێ ئەو هەڵچوونە ناوەوەیی یەی مۆسیقا لێك بداتەوە ••• ئەو دەتوانێت ئامرازە تەکنیکی یەکانی دیاری کات ، تێ بینی جۆرەکانی ئیقاع بکاتو کەرەسەی سیمفۆنی یەکەی شی بکاتەوە ، بەڵام ناتوانێت ئەو عاتیفە هەڵقوڵاوە لێك بداتەوە کە لێیان بەرپا دەبێت •• گەرچی زۆرجار پەنا دەباتە بەر شێوازەکانی شیعری لیریکی یا چیرۆك بۆ باس کردنی ئەو هەستانەی ، ڕۆحی پارچە مۆسیقیی یە کە پێك دێنێت •

دووەم :

## بابەت Subject

بابەت مەبەست ئەوشتەیا ئەو ڕواڵەتە ، یا ئەو ڕووداوەیە کە لەلایەن هونەرمەندەوە وەکوو نیشانەیەك sign ڕێك دەخرێتو دەستنیشانی ئەو حەقیقەتە یا ئایدیایە ، یان بابەتێکی تر ، دەکات کە هونەرمەند دەیەوێت دەری ببڕێت •

لەهەموو هونەرەکاندا بابەتی نواندراو representative نیە • لە هەندێ جۆری هونەردا وەکوو ئارکیتێکچەرو مۆسیقا بابەتەکە ئاشکرا نیەو دەرکی پێ ناکرێت •• هونەرمەندانی ئەبستڕەکتیش هەوڵ دەدەن بابەت لە هونەرەکەیاندا بشێوێنن یان هەر نەیهێڵن •

نموونەی بەرزی نیگارکێشانی ئەبستراکتو شیعری ئەبستراکت ئەوەیە کە بگۆڕدرێ بە جۆرە مۆسیقایەك بۆ ڕزگار بوون لە دەسەڵاتی بابەتەکە • لە هونەردا تەنها دۆزینەوەو هەڵبژاردنی بابەتەکە مەرج نیە • هەڵبژاردنی بابەتی زلو قەبە

بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵك ، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی هونەری شان بەشانی بڕوات ـ ئیشی هونەرمەندە ناشییەکانە • هونەرمەندانی مەزن کەمتر خوو دەدەنە زۆر ڕاکێشان و پێوەنان لە هەڵبژاردنی بابەتەکانیاندا • هونەر تەنها بابەت یا ناوەرۆك نیە • فەرامۆش کردنی فۆرمی هونەری لە هونەردا دەبێتە هۆی ئەوەی تەئسیر و دەورە کۆمەڵایەتییەکەی کەم بێتەوە •

هونەرمەند بابەتەکەی وەك خۆی کۆپی ناکات • بەڵکو لەو بابەتەڕا هاوکێشەیەکی هەستی ، بۆ ئەو مانا ویژدانی و عەقڵییەی ئەو بابەتە بە نیسبەت ئەوەوە دەیگەیەنێت ، پێشکەش دەکات • واتە هونەرمەند بابەتەکە دەردەبڕێ وەك بۆ ئەو دەردەکەوێت • هەتاوەکو لە هونەری ڕەمزی و نیمچە ڕەمزیشدا ، ئێمە تێدەگەین کە ئەو ڕەمزە زمانێکی چەشنییە ••• هونەرمەند بەهۆیەوە بابەتێك لە بابەتەکان دەردەبڕێت • ئەوی هەیە هەر ئەوەیە کە هونەرمەند کۆپییەکی کوتومتی جیهانی سروشتیمان پێشکەش ناکات • بەڵکو هەندێ بابەتی داهێنراومان پێشکەش دەکات کە بەو چەشنە پێشکەش کراوە ، لە سروشتدا ئامادە نین ••• چونکە هونەرمەند تەنها گوێزەرەوەی بابەتەکە نیە ، بەڵکو تەرجومەکەرییەتی ••• بابەتەکە دەخاتە سەر زمانی فەرهەنگە دروونی و عەقلییەکەی خۆی ••• وای لێ دەکات ئەو شتە بگەیەنێت کە هونەرمەند خۆی حەز لە دەربڕینی دەکات • بابەتەکان ئەو «ئیمکانیاتانەن» کە واقیع پێشکەشیان دەکات • ئیمکانیەت : بریتییە لە توانستی ماتریال «مادده» بۆ وەرگرتنی فۆرمی جیاواز لە پرۆسێسی بزووتنەوەدا • هونەرمەند ئەو ئیمکانیاتانە لەبابەتەکاندا دەدۆزێتەوەو دەیانگۆڕێت بەواقیعێکی هونەری • لەبەر ئەوە بابەت خۆی لەخۆیدا بێ لایەنە ••• هەر

بابەتێك دەشێ بگۆڕدرێ بە کارێـکی هونەری ، ئەو کاتە نرخی بابەتەکە جۆری ئەوهەڵس وکەوتە هونەرییەی هونەرمەند لەگەڵیدا کردووە ، دیاری دەکات • دەشێ بابەتێـکی سادە گەلێ بەرزترو سەرکەوتووتر بێ لە بابەتێکی قەبەو زل •

بەڵام دیارە هونەرمەندی ڕەسـەن هەتا بابەتەکانی زیاتر لە ناوجەرگەی ژیـانی کۆمـەڵانی خەڵك‌و جیهـانی ڕەنگاوڕەنگی ژیانەوە هەڵبـژێرێت ، دەتوانێت کارێکی هونـەری ئینسانی ترو بەرزتر بەدەستەوە بدات • بەهەرحاڵ بابەت لە هونەردا ، نابێت سەرنجی خوێنەر ، یا بینەر وەك ـ بابـەت ـ ڕابکێشێت • واتە نابێت کارە هونەرییەکە ، بۆ سەلماندنی خۆی لای جمهور ، پشت بە زەقی‌و قەبەیی بابەتەکە ببەستێت ، بەڵـکو دەبێت لەناو ناخی کارە هونەرییەکەیدا نقوم‌بێت • ئەوسا تەنها کارەکە خۆی ، وەکو هەموویەکی تەبا ــ سەرنجمـان ڕادەکێشێت • واتە لە ئەنجامدا بابەتەکە کارە هونەرییەکە خۆیەتی •

سێیەم : دەربڕین Expression

خاسیەتی کاری هونەری ئەوەیە کە مانایەکی وردو قووڵ ، یان زیاتــر لەیەك مانامان پێشکەش دەکات • ئەو مانـا جۆر بە جۆرانەش قووڵیی کارە هونەرییەکە بەدەردەخەن •

ئەو بابەتانەی کاری هونەری هەڵس وکەوتیان لەگەڵدا دەکات دەگۆڕێن بـە نیشانەو مارکێك signals کە قـووڵی بە کارەکە دەبەخشن ، لەوەدا کە تەنها دەست‌نیشانی کارەکە خۆی دەکەن •

واتە : بابەتە هەوەڵییەکان ، کاتێ لـە خزمەتی ئەو دەربڕینەدا دەبن کە هونەرمەند دەیەوێ ، ئـەوا بە خێرایی لەناو ناخی ئەو مانایەدا دەتوێنەوە ، کە بابەتەکان بەجێ‌دێڵێ‌و دەکەوێتە سەروی باسەکەوە • هونەرمەند بابەتـەکە خۆی دەرنابڕێت ، بەڵکو ئەو

ڕێنەیە دەردەبڕێت کە لە مێشکیدا هەکس دەبێتەوە ، ئەو وێنەیەش ئاکامی «پەیوەندی ئیستاتیکی» هونەرمەندە لەگەڵ بابەتەکەیدا • نیگارکێشێك کە وێنەی ئافرەتێك دەکێشێت نایەت تەنها وێنەیەك ، وەکو کۆمەڵە ڕوخسارو جووڵەو سەکەناتێك کۆپی بکات • بەڵکو بەر لە هەموو شتێك ، گوزارشتێکی تاکی، عاتیفی، سێکسی لەو دەموچاوە دەکات • ئێمە بەو ڕوخسارو سیمایانە ، واتە بەو نیشانە سایکۆلۆژیانەی بۆ وێنە کە زیاد کراون ، دەیناسینەوە •

پەیوەندی هونەری هونەرمەند بەو بابەتەوە کە وێنەی دەکات ، ئەو ساتە دەست پێدەکات کە لەژێر ئەفسوونی بابەتەکە دەردەچێ‌و بەتەواوەتی هەزمی دەکات‌و دەسەڵاتی خۆی بەسەردا دەڕوێنێ‌و دەیخاتە ژێر ڕکێفی داهێنانی هونەرییەوە ئەو ساتە دەتوانێت هێزو پێزێکی ئەوتۆ بەکارەکەی بدات کە هەتا هەتایە بە ئەمری بیهێڵێتەوە • لە کاتێکدا پیکاسۆ لە ساڵی ١٩٣٧دا تابلۆ بەناوبانگەکەی (جیرنیکا)ی بە ڕەش‌و سپی لەسەر ڕوویەکی ٧/٨٢م×٣/٣٥ مەتری کێشا ، هەموو هەست‌و سۆزێکی لەگەڵ ئەو شارە بچووکەی ئەسپانیادا بوو کە بۆمبای فڕۆکەکانی ئاڵمان وێرانیان کردبوو ، مناڵەکانی ئاوارە بووبوون‌و زەوی بەخوێنی ئەوان ئاودرابوو • سەیرنیە ببینین کە ڕەخنەگرێکی سینەمایی ناسراو (رودلف ارنهیم) کتێبێکی لەسەر ئەو تابلۆیە نووسیوە •• تابلۆکە بۆ بینەر وادەرئەکەوێ کە هێشتا ئەو ترس‌و لەرزەی بەرنەداوە • پیکاسۆ زانیویێتی چۆن خاسیەتی ئەمری بدا بە تابلۆکەی‌و جیرنیکا بکا بە چیرۆکی پاڵەوانێتی هەر سەردەمێك‌و

هەواڵنامەی کتێب

هەر شــارێکی قارەمانو خۆڕاگــر(١) بەڵام بیــکاسۆ موعاناتێکی ئیستاتیکی گەورەی بینیوە ، تا بابەتــەکەی جیرنیکا بەو تابلۆیە ئەمرە گۆڕیــوە ئەو ماوەی یەك مانگ خۆی لەنــاو وێنەگەیەکدا بەند کردووە (٥٩) دیراسەی تەواو کردووە ، تا لە دواییدا تابلۆ بەناوبانگەکەی هێناوەتە بەرهەم ٠

شیکردنەوەی چییــەتی دەربڕین لە تابلۆو وێنــەو مۆسیقادا کارێکی قورسە ٠

تابلۆیەك دەبینین هیچ ناونیشــانێکی نیە ٠ بەڵام ڕوخساری تراژیدییانەی بوون دەردەبڕێت ٠ یان پارچە مۆسیقایەك ، هیچ بابەتێکی نیــە ٠ بەڵام نەرمو نیــانیو ناسکی ژیــانی ئادەمیزاد دەردەبڕێت ٠

هەر کارێك کە تەئسیری زیاتــر بێ ، مانای ئەوە نیە هێزی دەربڕینی زیاتــرە ٠ چونکە پلەی دەربڕین بــە ڕاددەی شەحنە ویژدانییەکەو ســۆزەکەی ناپێورێت ٠٠ زۆر کــاری هونەریو ئەدەبی هێمنو ناسك پلەی دەربڕینیــان لە هەندێ کاری دیکەی توندوتیژترو بەهــەراوهوریا زیاتــرە ٠ تەنانەت زۆرجــار زاڵ بوونی خــرۆش بەسەر دەروونماندا ، دەبێتە هۆی ئــەوەی لەو دەربڕینە حــاڵی نەبین کە لە کــاری هونەریدا هەیە ، واتــە کار تێکردنی ویــژدانی ڕێــگە لــە تێــگەیشتنی ڕاســتەقینەی کارە هونەرییەکە دەگرێت ٠

دەربڕین ئــەو پەیوەندییە زیندووەیە کە کــاری هونەریو خاوەنەکەی کۆدەکاتەوە ٠ چونکە دەربڕین ڕەگەزێکی ئینسانیی ڕاستەقینەیە لــە نــاوکی کارەکــەدا حەشــار دراوە ٠ ڕەگەزی ئینســانیش لــە کــاری هونــەریدا نزیکتــرین ڕەگەزێــکە لــە

---

(١) یوسف فرنسیس ٠ رحلات الحب والجنون ٠ ل٧٢ ٠

دەروونمانەوە ، چونکە بە زمانێکی زەینڕوونی ڕاستەوخۆ دەماندوێنێت • بەم پێیە تێگەیشتنی کاری هونەری دەبێتە جۆرێك لە ئاخاوتن لەنێوان ئێمەو خاوەنەکەیدا •

دەربڕین ئەو ئامرازە کاریگەرەیە کە یەکێتی ، یا وێنە ، یا سیمای تایبەتی بەکاری هونەری دەدا • دەربڕین بەرگێك نیە کە بکرێتە بەر کاری هونەری ، بەڵکو نوێنەری چۆنێتیو کەسێتی تایبەتی کارە هونەرییەکەیە • دەربڕین بەرهەمی چەند تەئسیرێکی یەك لەدوای یەك نیە ، بەڵکو یەکێتییەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەستی پێ ئەکرێ •• بۆیەکا تەرجەمە کردنی شیعر بە کارێکی ئەستەم یان ـ تاوان ـ دادەنرێت ، چونکە ئەو یەکێتییە دەشێوێنێتو تێکی دەدات • شیکردنەوەی توخمە پارچەییەکان گەرچی پێویستە بۆ قووڵبوونەوە لە کارە هونەرییەکەدا ـ نابێتە هۆی ئەوەی مانای تەواو بەدەستەوە بدا مەگەر بە تێکەڵبوونیان لەناو ناخی یەکێتی هونەری هەموو کارەکەدا نەبێت •

لێرەوە ئەرکی دەربڕین ئەوەیە کە زمانێکی تایبەتی بە بابەتە هەستییەکە بدات واتە : شێواز (ستایل style )ی پێ ببەخشێت •

دەربڕین لەڕێگەی وێنەی هونەرییەوە بەدیدێت • وێنە ڕۆحی هونەرە • جەوهەرو خاسیەتە سەرەکییەکانی پێك دەهێنێت • هونەر ئەو کاتە پەکی دەکەوێت کە دەسبەرداری هەزم کردنی جیهان لە ڕێگەی وێنەی هونەرییەوە دەبێت • وێنە فۆرمی ناسینی ژیانە لە هونەردا • ئێمە دەتوانین بۆ وێنەی هونەری وەکو یەکێتی هونەرو جەوهەری تەواوی ناوەرۆكو فۆرم ، لە دوولاوە بچین • دەتوانین لەلایەنی ناوەرۆکەکەوە بۆی بچین ئەوسا وەکو ڕوانگەیەکی ئایدیۆلۆژی بۆ ژیان ، لە لامان خۆی دەنوێنێتو دەتوانین لە لایەنی فۆرمە تایبەتییەکەشەوە بۆی بچین ئەوسا خاسیەتی تاكڕەوی ـ فردی ـ کارەکەمان بۆ دەردەکەوێت واتە

له وێنەی هونەریدا یەکێتی دیالەکتیکی گشتیو تایبەتیو خۆیی پێك دێت ٠

هونەرمەند واقیع بە شێوەیەکی ئەبستراکتو بێ ژیان عەکس ناکاتەوە ٠ بەڵکو واقیع لە پرۆسێسی بزووتنەوە نەمرەکەیداو ، لە پرۆسێسی دەرکەوتنی ناکۆکییەکانو چارەسەرکردنیاندا ، عەکس دەکاتەوە ٠٠٠ واقیع بەو جۆرە عەکس دەکاتەوە کە خۆی دەیبینێت ٠ لەبەر ئەوە مەرج نیە ئەو حەقیقەتانەی هونەرمەند دەیانگێڕێتەوە دەقاودەق لە واقیعەکەی وەرگیرابن ٠ مەرج نیە پاڵەوانەکانی «دۆستۆفسکی» ، وەك خۆیان ، لە واقیعدا هەبن ٠ بەڵکو ئەو پاڵەوانانە لەو واقیعە هونەرییەدان کە دۆستۆفسکی خۆی دروستی کردووە ٠ کە ئێمە ئەڵێین : ئەمە پاڵەوانێکی دۆستۆفسکییانەیە ، مانای ئەوەیە کە خوێندنەوەی کارەکانی دۆستۆفسکی چاومانی بۆ جۆرە واقیعێکی تایبەتی ، یا جۆرە (نموونەیەکی) تایبەتی کەسەکانی، کردۆتەوە کە دەتوانین لە ژیانی واقیعی خۆماندا یان لە ڕۆمانو چیرۆکی نووسەرانی تردا ئەم جۆرە پاڵەوانانە بەدی بکەین ٠ ئەو واقیعەی کاری هونەری دەیدۆزێتەوە لە ناووکدا ، ئەو (دووری)یە مرۆڤایەتییەیە کە جەوهەری ویژدانی واقیعیمان دەخاتە پێش چاو ٠

هونەرمەند ئەو مرۆڤەیە کە دەیەوێت جیهان بناسێتو دەستی بەسەردا بگرێت لە ڕێگەی دروست کردنەوەی سەر لەنوێی واقیعەکەی بە ئامرازی ئیستاتیکی تایبەتی خۆی ، لە پێش هەموو شتێکەوە بەهۆی دەربڕینەوە ٠٠٠ بلیمەتی هونەرمەند لەوەدا نیە کە واقیع وەکو خۆی دەربڕێت ، بەڵکو لەوەدایە کە واقیع بە قووڵیو بەرینی دەربڕێت ، واقیع بەو شێوەی کە هەیەو بەو شێوە ئینسانییە ڕەچاوکراوەی ، دەبێ ببێت ٠

| ئینگلیزی | عەرەبی | کوردی |
|---|---|---|
| Idea | فكرة | ئایدیا |
| Ideological | فكري | ئایدیایی |
| Ideal | المثل العليا – المثال | ئایدیال نموونە |
| Idealism | الفلسفة المثالية | ئایدیالیزم |
| Need | حاجة | ئاتاج |
| Direction | اتجاه | ئاقار |
| Result | نتيجة | ئاکام – ئەنجام |
| Purposiveness | الغائية | ئامانجداری – مەبەستداری |
| Architecture | فن العمارة | ئەرکیتێکچەر |
| Experiment | تجربة | ئەزموون |
| Empiricism | تجريبي | ئەزموونی |
| Organism | كائن – تركيب عضوي | ئۆرگانیزم |
| Impression | إنطباع | ئیمپرێشن |
| Subject | موضوع | بابەت |
| Object | موضوع – شيء | بابەت – شت |
| Objective | موضوعي | بابەتی |
| Embodiment | تجسيد – تجسيم | بەرجەستە کردن |
| Visible | مرئي | بەرچاو ، بینراو |
| Tangible | محسوس | بەرھەست |
| Collective | جماعي | بەکۆمەڵی – ھەرەوەزی |
| Talent, Faculty | ملكة | بەھرە (مەلەکە) |
| reasonable | معقول – مناسب | بەجێ |
| Conclusive | قطعي – حاسم | بنەبڕ |
| Origin | أصل | بنەڕەت |
| Fundamental | أساسي | بنەڕەتی – بنەمایی |
| Construction | بنية – بناء | بنیات |
| Displacement | إستبدال – تعويض | لەبری گرتن – جێگە گرتنەوە |
| Existence | الوجود | بوون |
| Unconsciousness | اللاوعي – اللاشعور | بێ ئاگایی |

هەواڵنامەی کتێب

| ئینگلیزی | عەرەبی | کوردی |
| --- | --- | --- |
| Moving, Moveable | متحرك | بزێو |
| Changeable, Changing | متغير | بگۆڕ |
| Approach | نهج | بۆچوون |
| Sculpture | فن النحت | پەیکەرتاشی – کۆڵین |
| Cathersis, purgation | تطهير | پاکژبوون |
| Practice | ممارسة | پراوە |
| Process | عملية | پرۆسیس – کردار |
| Development | التطور | پەرەسەندن |
| Plastic art | الفن التشكيلي | (هونەری) پلاستیکی |
| Motive | دافع – حافز | پاڵنەر |
| Pure | محض – خالص | پەتی |
| Reaction | رد الفعل | پەرچە کردار |
| Structure | تركيب | پێسك هاتوو |
| Letter | حرف | پیت |
| Literally | حرفي | پیت بە پیت |
| Background | خلفية | پیشینە |
| Class | صنف | پۆل |
| Classification | تصنيف | پۆلاندن – ریزکردن |
| Craft | مهنة – صنعة | پیشە |
| Craftsman | صانع – حرفي | پیشەزان |
| Harmony | انسجام – توافق – تآلف | تەبایی – هاو گونجان – کۆک |
| Individual | فرد | تاك |
| Individuality, Uinqeness | تفرد | تاکیتی – تاکانەیی |
| Perfection | الكمال | تەواوی |
| Centre, axis | محور – مركز | تەوەر – خولگە |
| Element | عنصر | تۆخم –(رەگەز) |
| Essence | جوهر | جەوهەر |
| Beautiful, beauty | الجميل – الجمال | جوان – جوانی |
| Species, sort | نوع | جۆر (چەشن) |
| Variety | تنوع | جۆراوجۆری |
| Displacement | استبدال | جێگە گرتنەوە |
| Concentration | تركيز | چەقپێ بەستن |

هەوالنامەی کتێب

| ئینگلیزی | عەرەبی | کوردی |
|---|---|---|
| Concept | مفهوم – عقلي | چەمك |
| Quantity | كمية | چەندێتی |
| Quality | نوعية | چۆنێتی |
| Identity | ماهية | چی یەتی |
| Attribute | خاصية – ميزة – صفة | خاسیەت – سیفەت |
| Imagination | الخيال – المخيلة | خەیاڵ – (هێزی خەیاڵ) |
| Emotion | إنفعال | خرۆش |
| ID.self | الذات | خود |
| Subjective | ذاتي | خۆیی |
| Self-knit | نسيج ذاته | خۆ چن |
| Sidingwith | إنحياز إلى | داشکاندن بەلای |
| Creation | أبداع | داهێنان |
| Judgement | الحكم الاقرار | داوەری کردن |
| Phenomenon | ظاهرة | دیاردە – فینۆمینا |
| Definite | معين | دیاری کراو |
| Precisely,in the very words | نصاو روحا – حرفيا | دەقاو دەق |
| Anxiety | قلق | دڵەڕاوکێ |
| Decipline | الضبط العسكري أو الحزبي البخ | دیسیپلین |
| Ugly | قبيح | دزێو |
| Dimension | بعد | دووری |
| Externalization | إظهار – جعل الشيء ظاهراً | دەرەوەیی کردن (بەردەست خستن) |
| Rationalism | النزعة العقلية | رەشنالیزم |
| Adoption | ١- تبني – أسلوب مذهب | رەچاوکردن |
| Expectation | ٢- التطلع إلى | |
| Tendency Direction | نزعة – اتجاه | ڕەوت |
| Ethics, morals | علم الاخلاق – أخلاق | رەوشت |
| Feature | ملامح – طابع | ڕوخسار |
| Surface | سطح | ڕۆخ |
| Proportion | نسبة | ڕێژە |
| Abstract | مجرد | ڕووت – ئەبستراکت |
| Abstractation | تجريد | ڕووتکاری . ئەبستراکت کردن |

| ئینگلیزی | عەرەبی | کوردی |
|---|---|---|
| Appearance | مظهر | ڕوالەت |
| Event | حدث | ڕووداو |
| Criticism | نقد | ڕەخنەکاری |
| Reflection | إنعكاس | ڕەنگدانەوە |
| Enlightment | تنوير | ڕوشنکاری |
| Customs, rules | تقاليد – دساتير | ڕێ‌وڕەسم |
| Regime | نظام الحكم | ڕژێم |
| Perspective | منظور | ڕوانگە (لە نیگار کێشی‌دا) |
| Vision | رؤيه | ڕوانگە |
| Intuition | حدس | زەین ڕوونی |
| Knowledge | معرفة | زانین |
| Science | علم | زانست |
| Information | معلومات | زانیاری |
| Ground | أرضية | زەمینە |
| Stabilization | إستقرار ثبات | سەقام‌گیری |
| Source | مصدر | سەرچاوە |
| Technics | الصنعة | صنعەت – تکنیك |
| Revealation | الوحي | سروش |
| Principle | مبدأ – منطلق | سەرەتاگە |
| System | نظام (سياسي ، اجتماعي ، اقتصادي) | سیستم |
| System | نسق | سیستم |
| Supernatural | فوق‌الطبيعة – فوق‌الفطرة | سوپەرناتورال |
| Environment | بيئة – موقع | شوێنگە – دەوروبەر |
| Effect | أثر – تأثير | شوێنەوار |
| Remains | آثار قديمة | شوێنەوار |
| Probable | محتمل | شیاو |
| Style | أسلوب | شێواز |
| Tension | توتر (في علم النفس) | شلەژان (پەشوکان) |
| Formula | صيغة | فۆرمیولا |
| Form | شكل | فۆرم |
| Stage | مرحلة | قۆناغ |
| Time | الزمن | کات |

هەولنامەی کتێب

| ئینگلیزی | عەرەبی | کوردی |
|---|---|---|
| Temporary | مؤقت – | کاتی |
| Temporal | زمني | کاتدار |
| Personality | شخصية | کەسێتی |
| Personification | تشخيص | کەساندن کەسێتی پێ دان |
| Utilitarianism | نفعية | کەڵکداری |
| Copying | نقل حرفي – استنساخ | کۆپی کردن |
| Concrete | عياني | کۆنکریتی بیناری |
| Universal | كوني – شامل | گەردوونی |
| Communication | توصيل | گەیاندن |
| Expression | تعبير | گوزارشت – دەربڕین |
| Category | مقولة | گۆتە |
| Improvement | تحسين – ملائمة | لەبارکردن |
| Evanescence | فناء (صوتي) | لەناوچوون |
| Imitation | محاكاة – تقليد | لاسایی کردنەوە |
| Logic | (علم) المنطق | لۆژیك |
| Meditation | التأمل | لێ خوورد بوونەوە |
| Similarity | تشابه | لێکچوون |
| Method | منهج – أسلوب | مێتۆد |
| Mental, abstract | معنوي | مانەوی |
| Material | مادة | ماتریال |
| Materialism | الفلسفة المادية | ماتریالیزم |
| Absolute | مطلق | موتڵەق |
| Representation | تمثيل | نواندن |
| Contradiction | تناقض – تضاد | ناکۆکی |
| Alienation | غربة – اغتراب | نامۆیی |
| Perception | ادراك | ناسین (ی هەستی) |
| Reality | الواقع | واقیع |
| Utterance | لفظ | ووتە |
| Word | كلمة | ووشە |
| Image | صورة | وێنە – دیمەن |
| Figuration | تصور | وێناندن |
| Psyche | وجدان – نفس – باطن | ویژدان (سۆز) دەروون |

هەزارنامەی کتێب

| ئینگلیزی | عەرەبی | کوردی |
|---|---|---|
| Details | تفاصيل | وورد و مە زن |
| Sensation, sense | احساس – حس | هەست (کردن) |
| Appreciation | تقييم | هەڵسەنگاندن |
| Casuality | السببية – العلية | هۆداری |
| Cause and effect | السبب والنتيجه – العلة والمعلول | هۆ وهۆدار – ئەنجام |
| Consciousness | وعي – شعور | هۆشمەندی، هۆشیاری |
| All inclusive | شامل | هەمەلایی، گشت گر |
| Peer | شبيه نظير | هاووێنە – هاوتا |
| Humanism | النزعة الانسانية | هیومانیزم |
| Collapse | انهيار | هەرەس‌هێنان، داتەپین |
| Conformity | تطابق | داو جووت بوون |
| Interaction | تفاعل | یەکدیگیری تێکەڵکاری |
| Unity | وحدة | یەکێتی |
| Uniqueness, Individuality | تفرد | یەکایەتی بێ وێنەیی |
| Pantheism | وحدة الوجود | یەکێتی بوون |

هەولنامەی کتێب

١ ـ أتيان سوريو ، الجمالية عبر العصور ، ترجمة الدكتور ميشال عاصي ، منشورات عويدات ، بيروت ، الطبعة الاولى ١٩٧٤ .

٢ ـ أرسطو طاليس ، فن الشعر ، ترجمه عن اليونانية وشرحه الدكتور عبد الرحمن البدوي ، دار الثقافة ، بيروت ، بلا .

٣ ـ آرنولد هوسر ، فلسفة تاريخ الفن ، ترجمة رمزي عبده جرجس ، مراجعة ، زكي نجيب محمود ، مطبعة جامعة القاهرة ١٩٦٨ .

٤ ـ اروين ادمان ، الفنون والانسان ، ترجمة حمزة محمد الشيخ ، الناشر دار النهضة العربية ، قاهرة ١٩٦٥ .

٥ ـ أرنست فيشر ، ضرورة الفن ، ترجمة اسعد حليم ، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر ١٩٧١ .

٦ ـ أفلاطون الجمهورية ، ترجمة حنا الخباز ، الطبعة الثانية ، قاهرة ، بلا .

٧ ـ أميرة حلمي مطر ، الدكتور ، فلسفة الجمال من أفلاطون إلى سارتر ، القاهرة ١٩٧٤ .

٨ ـ أندرية ريشار ، النقد الجمالي ، ترجمة هنري زغيب ، منشورات عويدات ، بيروت ، الطبعة الاولى ١٩٧٤ .

٩ ـ انطوان غطاس كرم ، الرمزية والأدب العربي الحديث ـ الناشر ، دار الكشاف ـ بيروت ١٩٤٩ .

١٠ ـ اى ، فينوغرادوف ، مشكلات المضمون والشكل في العمل الادبي ، ترجمة هشام الدجاني ، بلا .

١١ ـ بارساداتوف ، حول الطابع التقدمي في تطور الفن ، دار الفن الحديث العالمي ، دمشق ، بلا .

١٢ ـ بوريس بورسوف ، الواقعية اليوم وأبداً ، ترجمة كامران قره داغي ، منشورات وزارة الاعلام العراقية ١٩٧٤ .

١٣ ـ جان برتليمي ، بحث في علم الجمال ، ترجمة الدكتور أنور عبد العزيز ، مطبعة نهضة مصر ، قاهرة ١٩٧٠ .

١٤ ـ جورج سانتيانا ، الاحساس بالجمال ، ترجمة الدكتور محمد مصطفى بدوي ، قاهرة ، بلا .

١٥ ـ جان ماري جويو ، مسائل فلسفة الفن المعاصر ، ترجمة وتقديم الدكتور سامي الدروبي ، دار اليقظة العربية ، بيروت ـ الطبعة الثالثة ، دمشق ١٩٦٥ .

١٦ ـ جورج كوبلر ، نشأة الفنون الانسانية ، دراسة في شكل الاشياء ، ترجمة عبد الملك الناشف ، المؤسسة الوطنية للطباعة والنشر ، بيروت ١٩٦٥ .

١٧ ـ جورج طومسون وفلاديمير ديتيبروف ، دراسات ماركسية في الشعر والرواية ، ترجمة الدكتور ميشال سليمان ، دار القلم ، بيروت ـ لبنان ، الطبعة الاولى ١٩٧٤ .

١٨ ـ جماعة من الاساتذة السوفيت ، المادية الديالكتيكية ، نقله عن الروسية ، فؤاد مرعي ، بدر الدين السباعي ، عدنان جاموس ، أصدار دار الجماهير ، دمشق ، بلا .

١٩ ـ حسن محمد حسن ، مذاهب الفن المعاصر ، دار الفكر العربي ، قاهرة ، بلا .

٢٠ ـ حسن محمد حسن ، الاصول الجمالية للفن الحديث ، دار الفكر العربي ، قاهرة ، بلا .

٢١ ـ سليمان دنيا ، الدكتور ، مفهوم التصوف ، المكتب الفني للنشر ، قاهرة ١٩٦٠ .

٢٢ ـ سيدني فنكلشتين ، الواقعية في الفن ، ترجمة مجاهد عبد المنعم مجاهد ، مراجعة الدكتور يحيى هويدى ، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر ١٩٧١ .

٢٣ ـ شارل لالو ، مبادئ علم الجمال ، الاستطيقا ، ترجمة مصطفى ماهر ، مراجعة وتقديم الدكتور يوسف مراد ، قاهرة ١٩٥٩ .

٢٤ ـ شارل لالو ، الفن والحياة الاجتماعية ، تعريب الدكتور عادل العوا ، دار الانوار ، بيروت ١٩٦٦ .

٢٥ ـ شيخ الاسلام ، ابن تيمية ، الصوفية والفقراء ، تحقيق البحث والتعليق عليه محمد عبد الله السمان ، المكتب الفني ، قاهرة ١٩٦٠ .

٢٦ ـ دني هويسمان ، علم الجمال ، ترجمة ظافر الحسن ، منشورات عويدات ، بيروت ، الطبعة الاولى ١٩٧٤ .

٢٨ ـ زكريا ابراهيم ، الدكتور ، مشكلة الفن ، مكتبة مصر ، القاهرة ، بلا .

٢٨ ـ زكريا ابراهيم ، فلسفة الفن في الفكر المعاصر ، مكتبة مصر ، قاهرة ١٩٦٦ .

٢٩ ـ زكريا ابراهيم ، كانت أو الفلسفة النقدية ، مكتبة مصر ، قاهرة ١٩٦٣ .

٣٠ ـ عبد الرحمن الوكيل ، هذه هي الصوفية ، الطبعة الثالثة ، قاهرة ١٩٥٥ .

٣١ ـ عبد الكريم الخطيب ، نشأة التصوف ، المكتب الفني للنشر ، قاهرة ١٩٦٠ .

٣٢ ـ عبد العزيز حمودة ، علم الجمال والنقد الحديث ، مكتبة الانجلو مصرية ، قاهرة ، بلا .

٣٣ ـ عبد الغفار مكاوي ، الدكتور ، التعبيرية في الشعر والقصة والمسرح ، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر ١٩٧١ .

٣٤ ـ عدد من الفلاسفة السوفيت ، الجمال في تفسيره الماركسي ، ترجمة يوسف الحلاق ، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي ، دمشق ١٩٦٨ .

٣٥ ـ علي الشوك ، الدادائية بين الامس واليوم ، المؤسسة التجارية للطباعة والنشر ، بيروت ، بلا .

٣٦ ـ عزالدين اسماعيل ، الدكتور ، الفن والانسان ، مكتبة مصر ، (بلا) .

٣٧ ـ علم الجمال الماركسي اللينيني ، الجزء الثاني ، اساتذة بمعهد كوركي ت فؤاد ، مرعى . دار الفن الحديث دمشق ١٩٦٥ .

٣٨ ـ هنري أرفون ، الجمالية الماركسية ، ترجمة جهاد نعمان ، منشورات عويدات ، بيروت ١٩٧٥ .

٣٩ ـ كالفن ، س ، هول ، مبادئ علم النفس الفرويدي ، كلية الآداب بجامعة بغداد ، الطبعة الثانية ١٩٧٣ .

٤٠ ـ لويس هورنيك ، الفن والادب ، تعريب الدكتور بدر الدين قاسم الرفاعي ، وزارة الثقافة والارشاد القومي ، دمشق ١٩٦٥ .

٤١ ـ لجنة من العلماء السوفيت بأشراف ، م ، روزنتال ، الموسوعة الفلسفية ، ترجمة سمير كرم ، دار الطليعة ، بيروت ، بلا .

٤٢ ـ محمد غنيمي هلال ، الدكتور ، الادب المقارن ، الطبعة الثانية ، قاهرة ١٩٦٨ .

٤٣ ـ محمد غنيمي هلال . الدكتور . الرومانتيكية . دار نهضة مصر . للطبع والنشر ١٩٧١ .
٤٤ ـ محمد مصطفى حلمي . الدكتور . ابن فارض والحب الالـهي . دار المعارف بمصر ١٩٧١ .
٤٥ ـ مصطفى سويف . الدكتور . الأسس النفسية للابداع الفني . منشورات جماعة علم النفس التكاملي . مطابع دار المعارف بمصر ١٩٧٠ .
٤٦ ـ كوفالزوف و ف . كسيللي . المادية التأريخية . عربه الروسية أحمد داؤد . مراجعة الدكتور بدر الدين السباعي . دار الجماهير . دمشق ١٩٧٠ .
٤٧ ـ م . أوفسيا فيكوف . و . ز . سمير نوفا . موجز تأريخ النظريات الجمالية . تعريب باسم السقا . دار الفارابي . بيروت . آذار ١٩٧٥ .
٤٨ ـ ميشيل كاروج . اندرية بريتون والمعطيات الاساسية للحركة السريالية . ترجمة الياس بديوي . منشورات وزارة الثقافة الدمشقية ١٩٧٢ .
٤٩ ـ محمد علي أبوريان . الدكتور . فلسفة الجمال ونشأة الفنون الجميلة . الدار القومية للطباعة والنشر . قاهرة ١٩٦٤ .
٥٠ ـ نيكلسون الصوفية في الاسلام . ترجمة وتعليق . نورالدين شطريب . الناشر مكتبة الخانجي بمصر . بلا .
51. Boris Sucov, A history of Realism, Progress Publishers Moscow 1973.
52. Encyclopedia Britannica, 15th Edition, Volume I. "Aesthetics".
53. Encyclopedia of Philosophy, Volume I. Macmillan Publishing Co. Inc. and the Free Press, New York, "Aesthetics".
54. R.G. Coningwood, The Principles of Art, Oxford 1967.
55. A team of Soviet Specialists: Problems of Modern Aesthetics, Collection of Articles, Progress Publishers, Moscow, First Printing 1969.
56. Vernon Hall, J.A. A Short History of Literary Criticism, New York University Press, Third Printing 1963.
57. Will Durant, The Story of Philosophy, U.S.A. 1943.
58. Harold Odsborue. Aesthetics and Criticism

«جگە لەو کتێبو سەرچاوانەی لە شوێنی خۆیاندا ناوبراونو لەم لیستەیەدا نەنووسراون» .

هەواڵنامەی کتێب

پێرست


سەرەتا • لاپەڕە ١ ـ ١٠
بابەتی ئیستاتیکا ـ دەروازەیەك ـ ئیستاتیك ـ جوان
ـ هونەر ١١ ـ ١٨


**بەندی یەکەم ـ تیئۆری هونەر لە ڕوانگەی فەلسەفەوە**


ئەفلاتون ٢٠ ـ ٣٠
ئەرستۆ ٣١ ـ ٤٠
ئەفلاتونیزمی نوێ ـ ئەفلۆتین ٤١ ـ ٤٣
جوانیو سۆفیگەری ٤٤ ـ ٤٦


**سۆفیزم لە ئیسلامدا**


وشەی صۆفی ـ سۆفیزمی ئیسلامی ـ خۆشەویستی ٤٦ ـ ٦٠
سۆفیگەرانە ـ لەناوچوون ـ جۆرەکانی لەناوچوون
ئاکام •
کانتیزم ، ٦٠ ، دیکارت ، ٦١ ، لیبنز ٦٢ ، جۆن لۆك، ٦٣ ـ ٦٤


**کانت ، ٦٥ :**


شیکردنەوەی جوان ٦٦ ، ماوەکانی شیکردنەوەی جوان ٦٦ ،
ماوەکانی شیکردنەوەی جوان ٦٨ ـ ٧٤
کانتو سروشتی هونەر ٧٤ ـ ٧٦
یاساکانی هونەر ٧٦ ـ ٧٧
جوانو مەزن ٧٧ ـ ٨١
جوانیو کەلکداریو ڕەوشت ٨١ ـ ٨٤
دابەشکردنی هونەرە جوانەکان ٨٤ ـ ٨٧
دوا ووشە ٨٧ ـ ٨٨


**هیگل ٩٨**


سەرەتاگەی بۆ چوونی ـ جوان ٩٠ ـ ٩٢

بابەتی ئیستاتیکا ٠ ٩٢ـ٩٣
هونەرو ئایدیال ٩٣
هونەری ڕەمزی ، هونەری کلاسیکی ٩٤ـ٩٥
هونەری ڕۆمانتیکی ٩٥ـ٩٨
مردنی هونەر ٩٨ـ١٠٣
**تۆلستۆی** ١٠٤ـ١١١
**برجسۆن** ١١١
هونەرو زەین ڕوونی ١١٣ـ١١٧
پاشەڕۆژی هونەر ١١٧ـ١١٨
هونەرمەندو کات ١١٨ـ١١٩
هونەرمەندی مەزن ١١٩ـ١٢٠
هێزی خەیاڵو داهێنانی هونەری ١٢٠ـ١٢٣
هەڵسەنگاندن ١٢٣ـ١٢٥
**کرۆچی** ١٢٧ـ١٣٠
زەینڕوونیو هونەر ١٢٧ـ١٣٠
جوانیو دزێوی ١٣٠ـ١٣٣
هونەرو سۆز ١٣٣ـ١٣٤
هونەرمەندو خەڵك ١٣٦ـ١٣٨
پێشکەوتنی هونەری ١٣٩ـ١٤٢
بەندی دووەم ـ جوانیو هونەر ١٤٣
جوانی خوازی یا هەستی ئیستاتیکی ١٤٥
ئایدیای جوانی ١٤٦
جوانی لە سروشتدا ١٤٧ـ١٥٣
پەیوەندی ئیستاتیکی ١٥٣ـ١٥٩
هەستی ئیستاتیکیو کار ١٥٩ـ١٦٣

هەواڵنامەی کتێب

خۆشی ئیستاتیکیو کار ١٦٣_١٦٦
بەشی دووەم :
هونەرو کار ١٦٧_١٧٥
ڕای هربرت ڕید ١٧٥_١٧٧
تیئۆری یاریو گاڵتە ١٧٧_١٨٠
تیئۆری داروین ١٨٠_١٨١
تیئۆری سیحر ١٨١_١٨٧
کاری هەرەوەزیو هونەر ١٨٧_١٩٥
هونەرو ئاین ١٩٦_١٩٨
هونەرو نەمری ١٩٨_٢٠١
**بەشی سێیەم : خاسیەتە تایبەتییەکانی هونەر . ٢٠٢**
هونەرو سنعەت ٢٠٢_٢٠٦
هونەرو زانین ٢٠٦_٢١٢
هونەرو فەلسەفە ٢١٣_٢١٩
**بەندی سێیەم : هونەرو واقیع یان هونەرو ژیان ٢٢١**
بەشی یەکەم ـ پەیوەندی نێوان هونەرو واقیع
میتۆدی سروشتی هایپولایتتین ٢٢٣_٢٢٦
بیروڕای (جیو) ٢٢٦_٢٣٢
ڕای ئنگلزو مارکس ٢٣٣_٢٣٩
ئاکـام ٢٤٠_٢٤٥
**ڕووەکانی پەیوەندی هونەر بەواقیعەوە ٢٤٦**
هونەر بۆ هونەر ٢٤٦_٢٤٨
هونەرمەندو کەرەسەی هونەریی ٢٤٨_٢٥٤
حەقیقەت لە هونەردا ـ ڕێبازە هونەرییەکان ٢٥٥

هەوالنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| کلاسیزم | ٢٥٩_٢٥٥ |
| ڕۆمانسیزم | ٢٧٠_٢٥٩ |
| پەرناسییەکان | ٢٧٥_٢٧٠ |
| ناتۆرالیزم‌و ڕیالیزم | ٢٨٦_٢٧٥ |
| ڕەمزییەت | ٢٩٢_٢٨٦ |
| ئیمپرێشینیزم | ٢٩٦_٢٩٢ |
| تەعبیرییەت | ٣٠٢_٢٩٧ |
| کوبیزم | ٣٠٥_٣٠٢ |
| دادایزم | ٣٠٨_٣٠٦ |
| سریالیزم | ٣١٣_٣٠٩ |
| تەجریدییەت | ٣١٥_٣٣١ |
| **بەشی دووەم ـ سایکۆلۆژییەتی هونەر** | **٣١٧** |
| **تیئۆری فرۆید** | **٣١٨** |
| نزمە من | ٣٢٠_٣١٨ |
| من | ٣٢٠ |
| بەرزە من | ٣٢١_٣٢٠ |
| لە بری دانان | ٣٢٤_٣٢٢ |
| بەرزکردنەوە | ٣٢٨_٣٢٤ |
| **تیئۆری سایکۆلۆژی‌یونگ** | **٣٣٣_٣٢٩** |
| **سرۆش‌و ئیلهام** | **٣٤٢_٣٣٤** |
| هونەرو خودی هونەرمەندو کۆمەڵ | ٣٤٦_٣٤٣ |
| قۆناغەکانی مێژووی کۆمەلایەتی هونەر | ٣٤٩_٣٤٦ |
| سەدەی ڕینایسانس | ٣٤٩ |
| وجودیەت | ٣٥١ |
| کامۆو سارتەر | ٣٥٥_٣٥٢ |

هەولێرنامەی کتێب

ڕیالیزمی سۆشیالیست ٣٥٥_٣٥٦
**بەندی چوارەم ـ فۆرمو ناوەرۆك** **٣٥٧**
جوانی ڕواڵەت یان فۆرم ٣٥٨_٣٦١
ڕواڵەتو جەوهەر ٣٦١_٣٦٥
ناوەرۆكو تازەبوونەوەو كات ٣٦٥_٣٧٢
**بەشی دووەم ـ فۆرمو ناوەرۆك لە كاری هونەرییدا** **٣٧٣**
پێكهێنەرەكانی كاری هونەری :
كەرەسە ٣٧٣_٣٧٨
بابەت ٣٧٨_٣٨٠
دەربڕین ٣٨٠_٣٨٤
فەرهەنگی ئەم كتێبە ٣٨٤
سەرچاوەكان
لیستەی هەڵەو ڕاست

هەواڵنامەی كتێب

# لیستەی هەڵەو ڕاست

| لاپەڕە ـ دێڕ | هەڵــــە | ڕاست |
|---|---|---|
| ١٦ ـ پەراوێز | The Idea of Art | The Principles of Art PP. 3 — 6 |
| ٣٦ ـ | دێڕی سێیەم دەبێتە یەکەم دێڕی لاپەڕەکە | |
| ٦٥ ـ ٣ | گەیشتنە | گەیشتە |
| ٦٥ ـ ٩ | چییەتیو | چییەتی |
| ٧٤ ـ ١١ | ڕابکێشین | ڕابکێشن |
| ٢١٩ـ٧ | بزانین | بزانن |
| ٢١٩ـ٨ | بۆمان دەرکەوت | زیادەیە |
| ٢٢٦ـ٩ | (ئەوانەهەموویان)دەخرێتە کۆتایی ڕستەکەوە | |
| ٢٤٩ـ١ | دێڕی یەکەمی لاپەڕە (٢٤٩) زیادەو دەبێتە دێڕی یەکەمی لاپەڕە ـ ٢٥١ | |
| ٢٦٥ـ٢٦٦ | دێـڕی یەکـەمی لاپـەڕە (٢٦٦) بـە هەڵە دانراوەو دەبێتە دێڕی یەکەمی لاپەڕە (٢٦٥) | |
| ٢٧٤ـ١ | دانراوە | زانراوە |
| ٢٧٥ـ١٨ | وەردەگرێت | وەردەگرت |
| ٢٧٦ـ١٣ | دەکات | دەگات |
| ٢٧٦ـ٢١ | دووردەکەوێتەوە | دووردەکەوتەوە |
| ٢٧٩ـ٢٥ | بێچارەو بێ پەككەوتەیی | بێچارەیی و پەك کەوتەیی |
| ٢٨١ـ١٤ | کمەڵو | کۆمەڵو |
| ٢٨٢ـ٧ | پاداشتی | یاداشتی |
| ٢٨٣ـ٩ | بۆرژوا ـ باوی | بۆرژوا ـ یاوی |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠_٢٨٣ | دەبەستن | دەبەست |
| ١٨_٢٨٨ | مانەوەی | مانەوی ( معنوی ) |
| ٧_٢٨٩ | دشێ | دەشێ |
| ٢_٢٩٠ | مەعنەتییەکان | لەعنەتییەکان |
| ١٥_٢٩١ | بەرجەکرداره | پەرچەکرداره |
| ٣_٢٩٢ | بگاته | بکاته |
| ٨_٢٩٤ | لەوێنەدا | لەو وێنەدا |
| _٣٢١ | دێڕی نۆزده دێته پێش دێڕی حەڤده | |
| ٢_٣٤٠ | دەلێت | دەلوێت |
| ٢٠_٢٩٤ | بایەخیەکانی | بایەخەکانی |
| ١٤_٢٩٧ | بێزرابوو | بێزار بوو |
| ١٦_٣٠٣ | بزاتنەوەیەکی | بزووتنەوەیەکی |

ھەواڵنامەی کتێب

**له ئەچاپدانی ئەم کتێبەدا ئەم کەسانە بەشداربوون**

سەرپەرشتیکەری چاپخانە : عبدالمجید وهاب

پیتدارێژەرانی لاینۆتایپ

پشکۆ توفیق نعمان

عثمان مصطفی محمد

ڕێکخستنی لاپەڕەکانی کتێبەکە

مەهاباد محي‌الدین مصطفی

لەچاپدەرانی کتێبەکە

صلاح‌الدین حمید محمد غریب

نەوزاد حەمە صالح احمد

ابراهیم صدیق

سەرپەرشتیکەری چاپو ڕاستکردنەوەی هەڵەی چاپ

کەمال مەمەند میرئودەلی

نەخشەی بەرگ

محمد عثمان زادە

**چاوەڕوان بن**

**له بەرهەمەکانی نووسەر**

١ ـ گۆران شاعیری جوانیو پێشکەوتن ٠

٢ ـ سەرەتایەکی ئیستاتیکای سۆشیالیست ٠

٣ ـ ئەدەبو ڕەخنەی ئەدەبی ـ بەرگی یەکەم ـ تیئۆری ٠

٤ ـ ئەدەبو ڕەخنەی ئەدەبی ـ بەرگی دووەم ـ پراتیکی ٠

٥ ـ هاملێت ـ ی شکسپیر ٠

٦ ـ باڵەفڕێی وشەکان ـ کۆمەڵە پەخشانێکە ٠

# Aesthetics

## The Philosophy of Beauty and Art

Kamal M. Mirawdeli

Sulaimaniyah University Press

1979

چاپخانەی زانکۆی سلێمانی
١٩٧٩
٢٠٠٠ هەزار دانەی لێ چاپکراوە

هەولێر - ماڵپەڕی کتێب

بە بڕیارو لەسەر ئەرکی زانکۆی سلێمانی لەچاپدراوە

طبع بمطبعة مديرية دار الكتب للطباعة والنشر

له کتێبخانەی نیشتمانیدا ژماره (٨٢)ی
ساڵی ١٩٧٩ی دراوەتێ

« هونەر چالاكییەكە لە ناوەوەڕا بەفریای ئادەمیزاد دەكەوێت ••
بۆیە لە كاتێكدا ڕووخـان لە دەرەوەڕا دەست پێدەكات ، بنیاتنان لە
ناوەوەدا ، لە قولاییەكانی دەروونــدا دادەمەزرێت •

خۆری ناوەوە ئاوا نابێت •• ژیان نابەزێت •• ئەمە بانگەوازی
هونەرە •• لێــرەوە دەتوانین بزانین بۆچی هەتاوەكــوو تینو تــاوی
دەرەوەو قفڵەكانی زمان پتر بن ، دەنگی ناوەوە ، دەنگی خۆڕاگرتنو
داهێنان بەهێــزتر دەبێت چونكە جوانی خوازی •• چونكــە هونەر ،
هیچ شتێك نیە تینوێتی نەبێت :

تینوێتی مرۆڤ بۆ خۆشەویستی ، بۆ ئازادی •• بۆ ژیــان ••
بۆ نەمری •• بۆ دەست بەسەراگرتنی ئەوەی كە هەیــەو بەدیهێنانی
ئەوەی كە نیــە •

لە (پێشەكی) نووسەرەوە •

نرخی

لە چاپخانەی زانكۆی سلێمانی لەچاپ دراوە